# چەند دەردێکی سەر ڕێگا

## سەید محەمەد نوح

خاوبوونەوە
زیادەڕەوی کردن
پەلەکردن
لەخۆبایی بوون
گۆشەگیـری
بەخۆسەرسامبوون
خۆبەزلزانین
ڕووپامایی (ڕیابازی)
شوێنکەوتنی ئارەزوو
هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پێشەوایەتی
کورتبینی
پابەندنەبوون
پشتڕاست نەکردنەوە
کەمتەرخەمر بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ

بەکوردی کردنی
زێبار عەزیزخان مهاجیر

# چەند دەردێکی سەر ڕێگا

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

# چەند دەردێکی سەرڕێگا

بەشی یەکەم:

خاوبوونەوە*زیادەڕەوی کردن* پەلەکردن

لەخۆبایی بوون*گۆشەگیری*بەخۆسەرسام بوون*خۆبەزلزانین

بەشی دووەم:

ڕووپامایی * شوێنکەوتنی ئارەزوو * هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پێشەوایەتی

کورتبینی*پابەندنەبوون * پشتڕاست نەکردنەوە

کەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەوو ڕۆژ


نووسینی: سەید محەممەد نووح

بەکوردی کردنی: زێبار عەزیزخان مهاجیر

پێناسی کتێب:


ناوی کتێب : چەند دەردێکی سەر ڕێگا

نووسینی : سەید محەممەد نووح

وەرگێڕانی : زێبار عەزیزخان مهاجیر

نەخشەسازیی : مهاجر محمد طاهر

بەرگ : بەرەکات قورتاس

نۆرە و ساڵی چاپ : یەکەم ١٤٣٩ك – ٢٠١٨ز

تیراژ : ١٠٠٠ دانە



- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٨٩) ساڵی (٢٠١٨) پێدراوە



- هەموو مافێکی ئەم کتێبە بۆ نووسینگەی کاروان پارێزراوە.



کاروان KARWAN

بۆ وەرگێڕان و چاپ و بڵاوکردنەوە

زێبار عەزیزخان مهاجیر

دایمەزراندووە لەساڵی 2018 ز



ناونیشان سۆران-هەولێر

بۆ پەیوەندی کردن: 07824616361 — 07502282995

karwancenter18@gmail.com

## پێشەکی وەرگێر

### بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

**سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری پاک و میهرەبان، درود و سڵاو بڕژێ بەسەر گیانی پاکی سەروەری بەدیهێنراوان محەممەد، و بەسەر یاران و شوێنکەوتووانی تا ڕۆژی دوایی.**

**خوای گەورە فەرموویەتی:** ﴿ وَقُلِ ٱعۡمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمۡ وَرَسُولُهُۥ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴾ التوبة: ١٠٥، **واتە:** (ئەی پەیامبەر "درود و سڵاوی خوای لێبێ" بڵێ: ئێوە هەرچی کار و کردەوەیەك لە تواناتاندایە بیکەن، بێگومان خوای گەورە و پەیامبەرەکەی و باوەڕداران دەیبینن). **ئەمە ئەوە دەگەیەنێ بەندە دەبێ چاك ئاگاداری ئەوە بێ، کە هەمیشە خوای گەورە ئاگادار و چاودێریەتی، بۆیە پێویستە لە هەوڵدانی بەردەوام دابێ لە پێناو پێشکەشکردنی چاکترین ئاکار و کردار، بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای پایەدار، بوونی دەرد و کەموکورتی لەسەر ڕێگای بەرەوخواچوون، بە مانای ئەوە نایەت کە بەندە واز لە کاری پاکسازی دەر و دەروون بهێنێ، بەڵکو بە واتای ئەوە دێت هەوڵ و تێکۆشان لە پێناو گەیشتن بە پلەی بەرزتر لە دینداری بەردەوامە.**

**بێگومان ژیانی دونیا پڕاو پڕە لە بەرزی و نزمی و هەڵبەزین و دابەزین و خۆشی و ناخۆشی، لە چەندین قۆناغ پێکهاتووە، هەر قۆناغێك کێشە و کۆسپی خۆی هەیە. خۆشبەختانە خوای مەزن بە پێدانی عەقڵ و ناردنی نیگا و سروش چارەسەری ئەم کێشە و دەردانەی ئاسان کردووە.**

**بەندە لە ڕێگای ڕۆیشتن بەرەو مردن و پێنانە ناو قۆناغی ژیانی دوای دونیا، ئەوا تووشی چەندین دەرد و نەخۆشی دێت، کە ئەگەر چارەسەریان نەکات دەبێتە مایەی بەدبەختی و چارەڕەشی بۆی لە دونیا و دواڕۆژدا.**

جا ئەم دەردانە پاڵنەر و نیشانە و شوێنەواریان دیارو بەرچاوە، بۆیە چارەسەرکردنیشی ئاسانە، بەڵام کار و هەوڵ و تەقەڵای دەوێت.

هەموو کەسێك دەتوانێت سوود لەم چارەسەرانە وەربگرێت، بەتایبەت ئەو کەسانەی ڕەزامەندی خوای گەورەیان مەبەستە دەکرێ لێی سوودمەند ببن. ئەم کتێبە دوو بەشە و هەر بەشێکیان بە جیا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام من لێرەدا هەر دوو بەشەکەم لە یەك بەرگدا کۆکردووەتەوە، لە بەشی دووەمدا ناو و ژمارەی سوڕەکانم نووسیوە و ئاماژەم بەسەرچاوەی فەرموودەکانیش کردووە، کە دانەر بە هەر هۆکارێك بێ ئاماژەی بۆ نەکردووە[1].

سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی ڕێزدار: (م. مهاجر محمد طاهر) دەکەم، بەهۆی هەڵسانی بە ئەرکی پێداچوونەوە و هەڵەچنین و نەخشەسازی ئەم بەرهەمە، ئومێدەوارم خوای بەخشندە بیخاتە سەر تای تەرازووی چاکەکانی.

زێبار عەزیزخان مهاجیر

سۆران

---

([1]) شایەنی باسە؛ بۆ ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سوودم بینیوە لە: تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، نووسینی بورهان محمد أمین.

# پێشەکی نووسەر

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

درود و سڵاو لەسەر نێردراوی خوا محەممەد و لەسەر خانەوادە و یاران و شوێنکەوتووانی، ئەوانەش بانگخوازی ڕێبازی خوان تا ڕۆژی دوایی، پاشان...

بەڕاستی ڕوون کردنەوەی مەشخەڵەکانی ڕێگاکە لەبەردەم ئەو تێکۆشەرانەی کە بەئاینی خۆیانەوە پەنایان بۆ لای پەروەردگاریان بردووە، تاکو بۆ هەر کارێك کەرەستەی تەواو ئامادە بکەن، ئامادەکاری بۆ هەر پێشهاتێك بکەن، تاکو دانەبڕێن و سست نەبن، دوانەکەون لە کاروانی رزگاری، کارێکی پێویستیە کە لەبەر هەڵاتن و خۆ لێ دزینەوەی بۆ نییە. بانگەوازی کردن بۆ لای خوا و تێکۆشان لەپێناوی خوا، ئەم ڕوونکردنەوەیە بەپێویست دادەنێ لە پێناو بەرپاکردنی ئاینی پەروەردگار لەسەر زەوی.

لەوانەیە یەکێك لەگرنگترین ئەو مەشخەڵانە ئەوە بێ: کە هەندێك دەرد هەن لەوانەیە هەندێك بانگخواز توشی ببن، بەڵکو بە دڵنیاییەوە لەوانەیە تووشی ببن، ئەمەش وایان لێدەکات دەست بەچۆکدا بێنن لە بەرامبەر گێڕانی ڕۆڵی خۆیان، و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان.

بە باشی دەزانین لێرەدا: هەندێك لەو دەردانە بەکەمێك شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە بخەینەڕوو، تاکو بانگخوازەکان خۆیان لەو دەردانە دوور بگرن.

بێگومان ڕوونکردنەوەی ڕێبازی ڕاست لەسەر خوایە.

سەید محەممەد نوح

# بەشی یەكەم:

## خاوبوونەوە*زیادەڕەوی كردن* پەلەكردن

## لەخۆبایی بوون*گۆشەگیری*بەخۆسەرسام بوون*خۆبەزلزانین

### دەردی یەكەم

### خـــاوبـــوونـــەوە (الـفـــتـــور)

**یەكەم: واتای خاوبوونەوە (الفتور):**

**لە زمانەوانیدا (لغة):** وشەی (خاوبوونەوە_ الفتور): لە زمانەوانیدا بە دوو واتا دێت:

أ_ پچڕان پاش بەردەوام بوون یان وەستان دوای جوڵان.

ب_ تەمبەڵی یان لەسەر خۆیی و سست بوون، یاخود خاوبوونەوە پاش چالاك بوون و تێكۆشان.

لە فەرهەنگی (لسان العرب) دا هاتووە: (وفتر الشىء، والحر، وفلان يفتر، ويفتر فتورا، وفتارا)[1]. واتە: ئەو شتە ساردبووەوە، گەرمایەكە ساردبووەوە، فلانە خاوبووەوە، خاوی و ساردبوونەوەی تووش بوو دوای تیژڕەوی، و نەرم بووەوە پاش توووندی.

**لە زاراوەدا (اصطلاحا):** لە زاراوەدا بریتییە لەو نەخۆشییەی كە دەكرێ تووشی هەندێك لە بانگخوازان ببێتەوە، بەلایەنی كەمەوە: تەمبەڵی یان سستی یاخود خاوبوونەوەیە. بەلایەنی زۆرەوە: پچڕان و دابڕان وەستانە پاش چالاكی و تێكۆشان و جوڵەیەكی بەردەوام.

خوای گەورە لە بارەی فریشتەكانەوە فەرموویەتی: ﴿ وَلَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَمَنۡ عِندَهُۥ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِهِۦ وَلَا يَسۡتَحۡسِرُونَ ١٩ يُسَبِّحُونَ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ لَا يَفۡتُرُونَ ٢٠ ﴾ الأنبياء: ١٩ - ٢٠. واتە: (هەرچی لە ئاسمان و زەوی دایە هەر خوا خاوەنیانە و لە خزمەتی ئەودان، بێگومان ئەو فریشتانەی كە لەخزمەتی دان، خۆیان بەگەورە نازانن لە پەرستنیدا و هەرگیز ماندوو و بێتاقەت نابن لە ستایشی ئەو زاتە. و _بەردەوام _ بەشەو بە ڕۆژ تەسبیحات و ستایشی دەكەن و لەكاتێكدا ساردبوونەوەش ڕوویان تێناكات).

---

[1] فەرهەنگی (لسان العرب لابن منظور ٥/٤٣ مادة:_فتر_).

**کەواتە:** فریشتەکان لە پەرستشکردندا بە بەردەوامی خوای گەورە بەپاك ڕادەگرن لەو شتانەی کە شیاوی ئەو نین، نوێژ دەکەن و یادی خوا دەکەن بەشەو بەرۆژ و لاواز و ساردنابنەوە[١].

## دووەم: هۆکارەکانی خاوبوونەوە (الفتور):

### لەوانەیە خاوبوونەوە توشی دەروون ببێت بە یەکێك لەو هۆکارانە:

١_ **زیادەڕەوی و توندڕەوی لە ئاییندا:** زیادەڕەوانە سەرقاڵ بوون بە پەرستشەکانەوە، لاشە بێ بەش کردن لە ماف و خۆشییەکان، ئەمە وای لێدەکات تووشی پەشۆکاوی و دڵەڕاوکێ ببێت، پاشان تووشی دابڕان و وازهێنانی دەکات، بەڵکو لەوانەیە وای لێبکات کە ڕێگایەکی پێچەوانەی ئەو ڕێگایە بگرێتەبەر کە پێشتر لە سەری بووە، ئەو بانگخوازە بەو هۆیەوە هەڵوێستی لە زێدەڕەوی و توندڕەوی دەگۆڕێ بۆ کەم ڕەوی و بەزایەدان، لە توندڕەوییەوە بەرەو شلگیری و ئەمەش کارێکی سروشتییە، چونکە مرۆڤ خاوەن توانایەکی سنوورداره، هەر کە سنووری خۆی تێپەڕاند، ئەوا خاوبوونەوە دووچاری دێت، ئینجا تەمبەڵ دەبێ و دادەبڕێ، ئەمەش نهێنی ئەو هۆشداریەیە، کە ئیسلام داویەتی بەرامبەر بەتوندڕەوی، بەڕاشکاوی ڕێگری لە توندی و زێدەڕەوی کردووە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموویێت: ((إياكم والغلو في الدين، فإنما هلك من قبلكم بالغلو في الدين))[٢] **واتە:** خۆتان دووربگرن لە زیادەڕەوی کردن لە ئاییندا، بەڕاستی ئەوانەی پێش ئێوە بەزیادەڕەو کردن لە ئاییندا تیاچوون، هەروەها فەرموویەتی: ((هلك المتنطعون))[٣] **واتە:** تیاچوون بەشی زیادەڕەوەکانە. سێ جار ئەمەی دووپات کردەوە، مەبەستی ئەوانەیە کە زۆر سنوور دەشکێنن بەهۆی گوفتارو ڕەفتاریان.

---

(١) صفوة التفاسير للصابوونی: ٢/٢٥٧_٢٥٨.

(٢) ئەحمەد هێناویەتی.

(٣) موسلیم هێناویەتی.

((لا تشددوا على أنفسكم، فيشدد عليكم، فإن قوما شددوا على أنفسهم فشدد عليهم، فتلك بقاياهم في الصوامع، والديارات _ رهبانية ابتدعوها ما كتبناها عليهم))[1] **واتە:** ئایین لەسەر خۆتان توونـد مەكەن، چونكە لەسەرتان توونـد دەبێت، هەر گەلێك ئاینی لەسەر خۆ توند كرد، ئەوا لەسەری توونـدتركراوە، ئا ئەمە شوێنەواریانە لە پەرستگەكاندا، "هەروەك خوای مەزن فەرموویەتی[2]": ڕەهبانیەتیان داهێنا، كە لەسەر ئەوانمان پێویست نەكردبوو. ((إن الدين يسر، ولن يشاد الدين أحد إلا غلبه...))[3] **واتە:** بەڕاستی ئایین ئاسانە، هەر كەسێ لە ئاییندا توونـدی بنوێنێت، ئەوا ئایین بەسەریدا زاڵ دەبێت... .

ئەنەس _ خوا لێی ڕازی بێت _ دەڵێ: سێ كەس ڕۆیشتنە ماڵی خێزانەكانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، لەبارەی پەرستشكردنی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) پرسیاریان لە هاوسەرەكانی دەكرد، كاتێك وەڵامی پرسیارەكانیان درایەوە، وتیان: پەرستشی ئێمە لە كوێ و هی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە كوێ؟!.

لە كاتێكدا خوای گەورە لە گوناهی ڕابردوو و داهاتووی خۆش بووە؟! یەكێكیان وتی: من هەموو شەوێك شەونوێژ دەكەم، ئەوەی تریان وتی: من هەموو ڕۆژێك بەڕۆژوو دەبم، سێیەمیان وتی: من خۆم لە ژنان بەدوور دەگرم و ژن ناهێنم، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هاتە لایان و فەرمووی: ((أنتم قلتم كذا، وكذا؟ أما والله إني لأخشاكم لله، وأتقاكم له، لكني أصوم وأفطر، وأصلي وأرقد، وأتزوج النساء، فمن رغب عن سنتي فليس مني))[4] **واتە:** ئێوە بوون ئاواو ئاواتان وتووە؟ دەجا سوێند بە خوا من زۆر زیاتر لە ئێوە لە خوا دەترسم و پارێزگاری لێدەكەم، بەڵام من بە ڕۆژوو دەبم و دەشی شكێنم، نوێژ دەكەم و پشووش دەدەم و دەشخەوم، و ژنیش

---

(١) ئەبو داود گێڕاویەتیەوە.

(٢) خۆم زیادم كردووە بۆ زیاتر بەرچاوڕۆشنی. (وەرگێڕ).

(٣) بوخاری هێناویەتی.

(٤) بوخاری و موسلیم هاوبەش لە گێڕانەوەیەدا.

دێنم، هەر کەسێ بە ڕێبازی من ڕازی نەبێت لە من نییە. عائشه (خوا لێی ڕازی بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوای (صلی الله علیه وسلم) هاتۆتەماڵی ئەو، ئافرەتێکی لەوێ بینیوە، بە عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) وتووە ئەمە کێیە؟ عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) وتویەتی: ئەوە ئەو ئافرەتەیە کە لەبارەیەوە دەڵێن گوایە زۆر نوێژ دەکات. پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: ((مَهْ علیکم بما تطیقون، فوالله لایمل الله حتی تملوا)) واتە: چەند دەتوانن ئەوەندە خواپەرستی بکەن، سوێند بەخوا، خوا ماندوو نابێت هەر چەندە ئێوە بێزار و ماندوو بن. چاکترین پەرستش ئەوەیە کە بەردەوام بێت[1]. ((اکفلوا من الأعمال ما تطیقون، فان الله لا یمل حتی تملوا، وان أحب العمل الی الله أدومه وان قل))[2] **واتە**: هەر ئەوەندە ئەرك و کارە لە ئەستۆ بگرن کە لە تواناتاندایە، بەڕاستی خوا بێتاقەتی تووش نابێت هەر چەندە ئێوە ماندوو بن، خۆشەویسترین پەرستش لەلای خوا ئەوەیە کە بەردەوام بێت، ئەگەر کەمیش بێت.

ئیبن عەبباس (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە، دەڵێ: خزمەت کارێکی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبوو، شەویشی بەشەونوێژ بێداردەکردەوە، ئەمە بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وترا، جا ئەویش فەرمووی: ((إن لکل أمر شرة، ولکل شرة فترة، فمن کان فترتة إلی سنتی[3] فقد اهتدی، ومن کانت

---

([1]) بوخاری و موسلیم هاوبەش لە گێڕانەوەیەدا.

([2]) بوخاری و موسلیم هاوبەش لە گێڕانەوەیەدا.

([3]) پێناسەی سوننەت لە شەریعەتی ئیسلامدا: جگە لە مانا زمانەوانیەکەی دوو واتای هەن، یەکێکیان زاراوەیی فقهییە کە لەلایەن شەرعزانانەوە ناسراوە، دووەمیان بەپێی زاراوەیی زانستی بنەماکانی فقه (أصول الفقه)ـە.

جا واتاکەی لەلایەن شەرعزانانەوە، بریتییە لە هەموو حوکمێکی شەرعی کە بەکردنی پاداشت بەدەست دێت، بەبێ ئەوەی بەنەکردنی سزا و ئازار پێویست بێت، یەکێکە لە پێنج حوکمە داواکراو (تەکلیفی)یەکان. بەڵام واتاکەی لەلایەن زانایانی زانستی بنەماکانی فیقهەوە بریتییە لە: هەموو ئەو شتانەی کە لە پێغەمبەری خواوە (صلی الله علیه وسلم) ماونەتەوە، لە گوفتار و ڕەفتار و دانپێدانان ( القول والفعل والتقریر ). جا لەسەر ئەمە؛ سوننەت لە زاراوەی شارەزایانی زانستی بنەماکانی فیقهدا: هەموو حوکمەکان لەخۆدەگرێ، بەو بەڵگەیەی

فترته إلى غير ذلك فقد ضل))[1] واتە: بەڕاستی هەموو کارێك لە سەرەتادا هەڵکشان و گەرمی بەخۆوە دەبینێ، هەر هەڵکشان و گەرمییەکیش داکشان و ساردبوونەوەی لە دواوە، جا هەر کەسێك ساردبوونەوەی سنووری ڕێباز و سوننەتی[2] مندا بێت، ئەوا ڕێنوێنی و هیدایەتی دەستکەوتووە، هەر کەسێکیش ساردبوونەوەی بۆ شتێکی نر جگەلەمە بێت، ئەوا سەرگەردان بووە.

**٢_ زیادەڕەوی و سنوور شکاندن لە شتە ڕێپێڕاوەکاندا:** ئەمە جەستە بەرەو گەورە بوون دەبات، هەواو هەوەس زاڵدەکات، بەمەش لاشە تووشی گرانی و تەمبەڵی و خاوبوونەوە دەکات، ئەگەر چی بەیەك جاری تووشی دابڕان و لەکارکەوتنی نەکات، لەوانەیە ئەمە نهێنی ئەو ڕێگریە بێت کە خوا و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کردوویانە لە زیادەڕەوی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ۞ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ٣١ ﴾ الاعراف: ٣١. واتە: (ئەی نەوەی ئادەم، خۆتان بڕازێننەوە بە پۆشاك لەبەرکردن، لەکاتی هەموو نوێژ و چوونە ناو مزگەوتێکدا، بخۆن و بخۆنەوە "لە ناز و نیعمەتەکان" بەڵام زیادەڕەوی مەکەن، چونکە بەڕاستی خوا لە سنوور دەرچووان و زیادەڕەوانی خۆش ناوێت).

---

گوفتار بێت یان ڕەفتار یان دانپێدانان و پاڵ درابێتە لای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وســـلم)، لەکاتێکدا لە زاراوەی شەرعزانانداندا تەنها حوکمێك لە حوکمە داواکراوەکان لەخۆی دەگرێ.

هەندێ لەزانایان پێیان وایە سوننەت: بۆ ئەو ڕێباز و ڕێگایەدا بەکاردەبرێ کە لە پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم) یاخود لە جێنیشینە پێشەنگەکانەوە بۆمان ماوەتەوە، لە سەرجەم لایەنەکانی ژیاندا.. هتد. سەیری ئەم سەرچاوانە بکە: (قضايا الساخنة، محمد سعيد رمضان البوطي _ لاپەڕە: ١٩. الوجيز في أصول الفقه _ د. عبدالكريم زيدان _ ١٦١. أصول الفقه الاسلامی _ د. وهبه الزحيلی _ ٨٢، کە بەتێروتەسەلی باسکراوە). (وەرگێڕ).

(١) بەزار هێناویەتی.

(٢) لێی دەرنەچێت و سنووری نەشکێنێت بەکەمڕەوی و شلگیری. (وەرگێڕ).

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ((ما ملأ ابن آدم وعاء شرا من بطنه....))[1] **واتە:** نەوەی ئادەم هیچ شتێکی پڕ نەکردووە خراپتر لە سکی .... .

بەڕاستی پێشینە چاکەکانمان درکیان بەوە کردووە، کە زیادەڕەوی چی بە مرۆڤ دەکات، بۆیە خۆیان لێی پاراستووە، دایکی باوەڕداران (عائیشە) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرمووێت: ((یەکەم فیتنە و ئاشووب کە ڕوویدا، لە دوای پێغەمبەر "درود و سڵاوی خوای لێبێ" لە ناو ئوممەتی ئیسلام بریتی بوو لە سك پڕکردن، کاتێك ئەم ئوممەتە سکیان تێرکرد، ئەوا لاشەیان گەورە و گران بوو چەوری دایگرت، جا دڵیان لاواز بوو، هەست و ئارەزوویان پەرەیسەند))[2]. عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرمووێت: ((خۆتان بپارێزن لە سك پرکردن، بە خواردن و خواردنەوە، چونکە جەستە تێك دەدات و تووشی نەخۆشیشی دەکات و تەمبەڵی دەکات لە بەجێهێنانی نوێژەکاندا، مام ناوەند بن لە خواردن و خواردنەوەدا، چونکە چاکترە بۆ لەش و لە زیادەڕەوی دەیپارێزێت، خوای گەورە ڕقی لە کەسی قەڵە و دەبێتەوە_ بەهۆی ئەو زیادەڕەوییەی کە دەیکات _ کەسیش زەرەرمەند نابێت تا هەست و ئارەزووی بەسەر باوەڕ و موسڵمانەتیەکەیدا زاڵ نەبێت))[3].

باوکی سولەیمانی دارانی دەڵێ: ((هەر کەسێ سکی پڕ کرد؛ شەش دەردی تووش دێت، هەست نەکردن بەتامی پاڕانەوە و موناجات، نەمانی حیکمەت و دانایی، نەمانی ڕەحم و میهرەبانی بەرامبەر بەدیهێنراوانی تر، چونکە ئەگەر خۆی تێر بوو وا دەزانێت گشت بەدیهێنراوانی تر تێرن، ئەنجامدانی پەرستشەکانی لەسەر گران دەبێت، شەهوەت و ئارەزووی زیاد دەبێت، موسڵمانان بەدەوری مزگەوت دەسوڕێنەوە، بەڵام ئەو بە دەوری پێخەڤەکەیدا دەسوڕێتەوە))[4].

---

(1) ترمزی هێناویەتی.

(2) مونزری لە (الترغیب والترهیب) دا هێناویەتی.

(3) عەلائەددین لە (کنز العمال) هێناویەتی.

(4) پێشەوا غەزالی لە (احیاء علوم الدین) هێناویەتی.

**٣_ جیابوونەوە لە كۆمەڵی بڕواداران (الجماعة):** هەڵبژاردنی ژیانی تەنیایی و گۆشەگیری، ئەم ڕێگایە چەندین ڕەهەندی هەیە، چەندان قۆناغ و كۆسپیشی هەیە، بۆیە پێویستی بەخۆ نوێكردنەوەیە، ئینجا ئەگەر هاتوو مرۆڤ ئەم ڕێگایەی لەگەڵ كۆمەڵی بڕواداران بڕی، زۆر كات خۆی دەبینێتەوە، كە خاوەن چالاكی نوێ ویستێكی بەهێز و ورەیەكی ڕاستە، بەڵام لەگەڵ دووركەوتنەوەی لە كۆمەڵی بڕواداران، ئەوا ئەو هۆكارە لە دەست دەدات كە چالاكیەكانی نوێ دەكاتەوە، ویست و هیمەتی بەهێز دەكات، ورەی بەگەڕ دەخات، خوای گەورەی بەبیر دەخاتەوە، ئەوا لە ئەنجامدا سارد و خاو دەبێتەوەو دڵەڕاوكێ دەیگرێ، ئەگەر دانەبڕێت و دەست بەچۆك دانەنیشێت!.

لەوانەیە ئەمە نهێنی ئەو هۆشداریە و پێداگیریەی ئیسلام بێت لە سەر بوون بە تاكێك لە ناو كۆمەڵی بڕواداران و جیانەبوونەوە لێیان، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ ﴾ آل عمران: ١٠٣. **واتە:** (هەوڵ بدەن هەر هەمووتان بەتووندی دەست بگرن بەئایینی خواوە پەرت و بڵاو مەبن).

﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ ﴾ المائدة: ٢. **واتە:** (یارمەتی و كۆمەكی یەكتر بكەن لەسەر چاكە و خواناسی، نەكەن یارمەتی و كۆمەكی یەكتری بكەن لەسەر گوناه و دەستدرێژی). ﴿ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ ﴾ الأنفال: ٤٦. **واتە:** (گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەكەشی بكەن لە هەموو كردار و گوفتارێكدا، ئاشووب و ئاژاوە مەگێڕن و مەچن بەگژ یەكدا و یەكتر بشكێنن، ئەوا شكست و لاوازی ڕووتان تێدەكات و هەیبەت و شكۆداری و دەسەڵاتتان تیادەچێت). ﴿ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَٱخۡتَلَفُواْ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴾ آل عمران: ١٠٥. واتە: (نەكەن وەكو ئەو كەسانە بن كە ناكۆكی و دووبەرەكییان لەناودا بەرپابوو، لە یەكتر دابڕان دوای ئەوەی ئەو هەموو بەڵگە و نیشانە

ڕوونەیان بۆ هاتبوو _ کە سەرکەوتن لە یەك ڕیزی دایە _، ئا ئەوانە سزایەکی گەورە و سەخت چاوەڕێیانە).

**پێغەمبەر** (صلى الله عليه وسلم) **دەفەرموویت**: ((عليكم بالجماعة، وإياكم والفرقة، فإن الشيطان مع الواحد، وهو من الإثنين أبعد، من أراد بحبوحة الجنة فليلزم الجماعة))[١].

**واتە: (پابەندبن بەکۆمەڵی باوەڕدارانەوە، وخۆپارێزبن لەپەرتەوازەیی، چونکە شەیتان لەگەڵ یەکە و لە دووان دوورترە، هەر کەسێك خۆشگوزەرانی بەهەشتی دەوێ با پابەندی کۆمەڵی بڕواداران بێت).** ((من فارق الجماعة شبرا، فقد خلع ربقة الإسلام من عنقه))[٢] **واتە: هەر کەسێ بستێك لە کۆمەڵی بڕوادران دووربکەوێتەوە، ئەوا ئیسلامی لەملی خۆ داماڵیوە.** ((وآمركم بالسمع والطاعة، والهجرة، والجهاد، والجماعة، فان من فارق الجماعة شبرا فمات، الا كانت ميتته ميتة جاهلية))[٣] **واتە: فەرمانتان پێدەکەم بە فەرمانبەرداری و گوێڕایەڵی کردن، بەکۆچکردن و تێکۆشان، و پابەند بوون بەکۆمەڵی بڕوادارانەوە، جا ئەوەی بستێك لە کۆمەڵی بڕواداران دووربکەوێتەوە و بشمرێت، ئەوا بە نەفامیانە مردووە.** ((الذى يخالط الناس، ويصبر على أذاهم، أعظم أجرا من الذي لا يخالط الناس ولا يصبر على آذاهم))[٤] **واتە: ئەو کەسەی کە تێکەڵاوی خەڵکە، ئارامیش دەگرێت لەسەر ئەو ناخۆشیانەی کە تووشی دێت بەهۆی خەڵکەوە، پاداشتی زیاتر و چاکترە، لەوەی کە تێکەلاوی خەڵك نابێت، ئارامیش ناگرێت لەسەر ئەو ئازارانەی بەو هۆیەوە کە تووشی دێت.**

**پێشینە چاکەکانی ئەم ئوممەتە درکیان بەگرنگی ئەمە کردبوو، بۆیە پابەند بوون بە کۆمەڵی بڕوادارانەوە، خۆشیان ویستووە و پێداگیریشان لەسەر کردووە، پێشەوا عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ:** ((كدر الجماعة، خير من صفو الفرد)) **واتە:**

---

(١) ترمزی هێناویەتی.

(٢) بوخاری هێناویەتی.

(٣) ئەحمەد هێناویەتی.

(٤) موسلیم هێناویەتی.

شێلوێتی و بەخەوشی کۆمەڵی بڕواداران، چاکتر لە بێگەردی و پاکێتی تاك. و عەبدوڵای کوری مبارك دەڵێ:

گەر کۆمەڵی بڕواداران نەبا هیچ ڕێگایەکمان نەدەبوو
و لاوازتـــرینـــمان دەبووە نێـچیـری بەهێزترینمان

٤ _ **کەم بیرکردنەوە لە مردن و دواڕۆژ:** ئەمە دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی ویست و لاوازی ورە، کەمبوونەوەی خێرایی لە جێبەجێکردنی ئەرك و چالاکییەکان، بەڵکو لەوانەیە ببێتە هۆی ڕاوەستان و دابڕان، هەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەدا تێدەگەین، لە نهێنی ئەو فەرمانەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەوەی کە سەردانی گۆڕستان بکەین، پاش ئەوەی کە پێشتر ڕێگری کردبوو لەسەردانکردنی، دەفەرموێت: ((إني نهيتكم عن زيارة القبور، فزوروها، فان فيها عبرة))[1] **واتە:** سەرەتا ڕێگریم لێکردن لە سەرەدانکردنی گۆڕستان، جا ئێستا سەرەدانی بکەن، چونکە پەندی تێدایە. لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: ((كنت نهيتكم عن زيارة القبور، فزوروا القبور، فإنها تزهد في الدنيا، وتذكر لآخرة))[2] **واتە:** ڕێگریم لێکردن لەوەی کە سەرەدانی گۆڕستان بکەن، دەسا سەرەدانی بکەن، چونکە بەڕاستی دونیا بەکەم زانین پیشانی مرۆڤ دەدات و دواڕۆژی بیر دەخاتەوە. ئا لێرەدا لە حیکمەتی هاندانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆ بیرکردنەوە لە مردن تێدەگەین، کۆتا هاتنی ماوەی دیاری کراوی ژیانی مرۆڤ، هەروەك دەفەرمووێت: ((أيها الناس إستحيوا من الله حق الاستحياء، فقال رجل: يارسول الله: إنا لنستحي من الله تعالى؟ فقال: من كان منكم مستحييا فلا يبيتن ليلة إلا وأجله بين عينيه، وليحفظ البطن وما حوى، والرأس وما وعى، وليذكر الموت وما بلى، وليترك زينة الدنيا))[3] **واتە:** ئەی

---

(١) ترمزی هێناویەتی.

(٢) ئەحمەد هێناویەتی.

(٣) ئیبن ماجە هێناویەتی.

خەڵكینە شەرم لە خوا بكەن بەو ئەندازەیەی كە شایەنیەتی، پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا: خۆ ئێمە شەرم لە خوای گەورە دەكەین؟ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: هەر كەسێ لە ئێوە ئەگەر شەرم لە خوا دەكات، با هەموو شەوێ مەرگی لەبەر چاوی بێت، سك و داوێنی بپارێزێ و كەللە و هۆشی بپارێزێ، با بیری مردن و ناخۆشیەكانی بكاتەوە، و خۆشیەكانی دونیاش فەرامۆش بكات.

**٥_ كەمتەرخەمی كردن لە جێبەجێ كردنی ئەركەكانی شەو و ڕۆژدا:** وەك خەوتن و ئەنجام نەدانی نوێژە فەڕزەكان، بەسەربردنی شەو بە قسەی بێ كەڵك لە پاش نوێژی عیشا، یاخود فەرامۆشكردنی هەندێك نوێژی سوننەت، كە پەیوەستن بە نوێژە فەڕزەكانەوە، نەكردنی شەونوێژ یاخود نوێژی چێشتەنگاو یان خوێندنەوەی قورئان، یاخود خوێندنی زیكر و نزا و داوای لێبووردن كردن لە خوا، یان دواكەوتن لە چوون بۆ مزگەوت، ئامادەنەبوون لە نوێژی بە كۆمەڵ بەبێ پاساو، نمونەی ئەم كەرمتەرخەمیانە سزای خۆیان هەیە، یەكێك لە نزمترینی ئەو سزایانە: خاوبوونەوەیە، ئەویش بەهۆی تەمبەڵی و جەستەگران بوون و دابڕان و وەستانە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئاماژەی بە شتێكی لەو جۆرە داوە، هەروەك دەفەرموویێت: ((يعقد الشيطان على قافية رأس أحدكم إذا هو نام ثلاث عقد: يضرب كل عقدة، عليك ليل طويل فارقد، فإن إستيقظ فذكر الله إنحلت عقدة، وإن توضأ إنحلت عقدة، فإن صلى إنحلت عقدة، فأصبح نشيطا طيب النفس، وإلا أصبح خبيث النفس كسلان))[١] واتە: كاتێك یەكێكتان نووست، شەیتان سێ گرێ دەدات لەپشتی سەری، لە هەر گرێیەكدا دەڵێ: لە شەوێكی درێژدا بخەوە، بەڵام ئەگەر هەستا لە خەو و ناوی خوای باڵادەست و خاوەن شكۆی هێنا گرێیەكیان دەكرێتەوە، ئەگەر دەستنوێژی گرت دووەمیشیان دەبێتەوە، ئینجا ئەگەر نوێژی كرد هەر سێكیان دەكرێنەوە، ئینجا چاڵاك و دەروون ئاسودە دەبێت، ئەگەر وانەكات دڵ پیس و تەمبەڵ دەبێت.

---

(١) بوخاری و موسلیم هاوبەشن لە گێڕانەوەیەدا.

**٦_ ورگ پڕکردن لە شتی حەڕام و گوماندار:** ئەمەش یان لەوەوەیە کە خۆی کەم تەرخەمە لەکارەکانی، یاخود کاری ڕۆژانەی بە جوانی نابات بەڕێوە، یان بەهۆی ئەو هەڵسوکەوتانەیە کە ناوی دەبەین بەگوماندار، یاخود بەهەر هۆیەکی تر بێت، ئەوا سارد دەبێتەوە و دەست بەچۆکدا بدات و پەرستشەکان ئەنجام نەدات، یان بەلایەنی کەمەوە تەمبەڵی و گرانی دایگرێت و هەڵسان بەو پەرستشانە تام و خۆشی پێنەبەخشێت، چێژیش لەپاڕانەوە و موناجاتەکان وەرنەگرێت.

لەوانەیە ئەمە بێت نهێنی ئەو بانگەوازەی ئیسلام بۆ خواردنی حەڵاڵ و گەڕان بەدوایدا، دوورکەوتنەوە لە حەڕام و ئەوەی کە کەمترین گومان هەڵدەگرێت، خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ دەفەرمووێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ كُلُواْ مِمَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ حَلَٰلٗا طَيِّبٗا وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٌ ١٦٨ ﴾ البقرة: ١٦٨. واتە: (ئەی خەڵکینە! لە ڕزق و ڕۆزی حەلاڵ و پاکی زەوی بخۆن و شوێن هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، چونکە بێگومان ئەو دوژمنێکی ئاشکراتانە). ﴿ فَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَٰلٗا طَيِّبٗا وَٱشۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ إِيَّاهُ تَعۡبُدُونَ ﴾ النحل: ١١٤. واتە: (جا ئێوە ئیمانداران بخۆن لەو ڕزق و ڕۆزییە حەلاڵ و پاکەی، کە خوا پێی بەخشیوون، هەمیشە شوکر و سوپاسی ناز و نیعمەتی خوا بکەن، ئەگەر ئێوە تەنها ئەو زاتە دەپەرستن. ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرُّسُلُ كُلُواْ مِنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَٱعۡمَلُواْ صَٰلِحًاۖ إِنِّي بِمَا تَعۡمَلُونَ عَلِيمٞ ٥١ ﴾ المؤمنون: ٥١. واتە: (ئەی گرۆی پێغەمبەران، بخۆن لە ڕزق و ڕۆزیە چاك و پاکەکان، کار وکردەوەی چاکیش ئەنجام بدەن، بەڕاستی من زانام بە هەموو ئەو کار و کردەوانەی کە دەیکەن).

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمووێت: ((کل جسد نبت من سحت _ أي من حرام _ فالنار أولی به))[١] واتە: هەر جەستەیەك بە حەڕام پەروەردە و گەورە

(١) ترمزی هێناویەتی.

کرابێت، ئەوا تەنها ئاگر شایەنیەتی. ((الحلال بين، والحرام و بين، وبينهما أمور مشتبهة، فمن ترك ما يشتبه عليه كان لما إستبان أترك، ومن إجترأ على ما يشك فيه من الإثم، أوشك أن يوقع  ما إستبان، والمعاصي حمى الله، من يرتع حول الحمى يوشك أن يواقعه [١])) واتە: حەڵاڵ ڕوون و ئاشکرایە، حەڕام ڕوون و ئاشکرایە، لە نێوانیاندا چەند شتێکی وێکچوو و گوماندار هەیە، ئینجا هەر کەسێ واز لەو شتە گوماندرانە بێنێ، کە زیاتر بەلای خراپە و گوناهدا شکاونەتەوە، ئەوا ڕێڕوونی دەستکەوتووە، هەر کەسێ کارێکی کرد گومانی وابوو کە  گوناهە، ئەوا دوور نییە ڕێڕوونیەکەی لە دەست بدات، بەڕاستی ئەو شتانەی کە حەڕامن، بریتین لە پاوانکراوی خوا، ئەوەی لە سنووری خوا نزیك بکەوێتەوە، ئەوا مەترسی کەوتنە ناوەوەی لێ دەکرێ. ((دع ما يريبك إلا مالا يريبك))[٢] واتە: واز لەو شتە بێنە، کە دوو دڵی لە ئاستیدا و گومانت لێی هەیە، ئەو کارە بکە کە لێی دوودڵ نیت. کاتێك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەسەر ڕێگادا خورمایەکی بینی، ویستی لەو کاتەدا بەکرداری موسڵمانان پەروەردە بکات، بەوەی کە نەیخوارد، فەرمووی: ((لولا أني أخاف أن تكون من الصدقة لأكلتها))[٣] واتە: ئەگەر نەترسابام لەوەی لە بەشی بەخشین بێت، ئەوا لێم دەخوارد.

پێشینە چاکەکان ئا لەسەر ئەم بەرنامەیە ڕۆیشتوون، شتەکانیان دەپشکنی و لێیاندەکۆڵیەوە جا هەر لە خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ و هتد...، کاتێك هەستیان بەکەمترین گومان کردبووایە لە شتێکدا، ئەوا خۆیان لێی بەدوور دەگرت، لەترسی ئەوەی نەوەك ڕایان بکێشێ بۆ ناو بازنەی حەڕامەوە، جا بەو هۆیەوە دڵیان گەندەڵ و پیس بێت و کارەکەشیان حەڕام بێت و لە هەمان کاتدا قبوڵ نەبێت.

---

(١) ترمزی هێناویەتی.

(٢) بوخاری و موسلیم هاوبەشن لە گێڕانەوەیدا.

(٣) بوخاری و موسلیم هاوبەشن لە گێڕانەوەیدا.

عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوەو دەفەرمووێت: ((ئەبو بەکر "خوا لێی ڕازی بێت" خزمەتکارێکی هەبوو کە سەرانەی _ئەبو بەبکر_ی لێك دەردەکرد، ڕۆژێکیان شتێکی خواردنی هێنا، ئەبوبکریش لێی خوارد، گەنجەکە وتی: دەزانی ئەوە چییە؟ ئەبوبکر وتی: ئەمە چییە؟ وتی من فالّم بۆ یەکێك گرتەوە لە سەردەمی نەفامیدا، کەچی بەباشی نەشم دەزانی فالّ بگرمەوە، بەلاّم بەهەر شێوەیەك هەلّم خەلّەتاند، جا کە پێم گەیشت ئەوەی پێدام کە تۆ لێی دەخۆیت، ئەبوبکر دەستی خۆی بردە دەمیەوە تاکو هەموو شتێکی نێو گەدەی لەو خواردنەی کە خواردبووی هێنایەدەرەوە و ڕشایەوە))[١].

٧_ **گرنگیدانی بانگخواز بەلایەنێك لەلایەنەکانی ئایین:** وەك ئەوەی هەموو خەفەت و مەبەستی تەنها لایەنی بیروباوەڕ بێت، هەموو لایەنەکانی تر ڕەت بکاتەوە یاخود هەموو مەبەستی دروشمەکانی پەرستن بێت، هەموو شتەکانی تر فەرامۆش بکات، یان خەفەتی تەنها کردنی کاری چاکە و ڕەوشتە کۆمەلاّیەتیەکان بێت، قولّبوونەوە لەلایەنێك جگەلە لایەنەکانی تر، هەموو ئەو کەسانە و هاووێنەی ئەوانە کات و ساتێکی وایان بەسەردێت، کە تووشی خاوبوونەوە و ساردبوونەوە دێن، ئەمەش شتێکی سروشتییە، ئاینی خوا بۆ ئەوە هاتووە تاکو لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا پەیڕەو بکرێت، ئینجا گەر هاتوو یەکێك ویستی تەنها لایەنێك جێبەجێ بکات، وەك ئەوەیە کە بیەوێت تەنها بەشێك لە ژیانی بگوزەرێنێت نەوەك هەمووی، ئینجا کە گەیشتە چلّەپۆپە لەو لایەنەدا دەپرسێ: جا لە دوای ئەمە چی؟ هیچ وەلاّمێکی دەست ناکەوێت جگەلە خاوبوونەوە نەبێ، ئەویش یان بەبێ هێزی و لاوازی یان بەتەمبەلّی.

لەوانەیە ئەمە بێت نهێنی ئەو بانگەوازەی خوای گەورە، کە داوا دەکات بۆ دەستگرتن بەگشت لایەنەکانی بەرنامەی خوا، تاکڕەوی و یەك لایەنگرتن ڕەت دەکاتەوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةٗ وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ

---

(١) بوخاری هێناویەتی.

ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوٌّ مُّبِينٞ ﴾ البقرة: ١٠٨. واته: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە خۆتان بخەنە ژێر سێبەری ئیسلامەوە بەتەواوی پەیڕەوی بکەن، و شوێن هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، چونکە بەڕاستی ئەو دوژمنی ئاشکراتانە. کەواتە: کار بکەن بە هەموو بەشەکانی باوەڕ و هەموو یاساکانی ئیسلام، شوێن پێی شەیتان هەڵنەگرن چونکە ئەو هەردەم شەڕ و ئاژاوەی هەڵگرتووە و لە خۆی گرتووە و دەیەوێ لاتاندا لەسەر بەرنامەی خوا بەگشتی، یان لەسەر بەشێکی، جا بەو هۆیەوە سارد ببنەوە و خۆتان لەدەست بدەن).

**٨_ بێ ئاگابوون لە یاسا و ڕێساکانی خوا لە گەردوون و ژیاندا:** دەبینین بەشێك لە بانگخوازان دەیانەوێت هەموو کۆمەڵگا بگۆڕن لە شەو و ڕۆژێکدا_ بەبیر و هەست و سۆز و نەریت و ڕەوشت و پێکهاتە: کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابورییەکان.. _ بە کۆمەڵە هۆکارێك کە تەنها لە خەیاڵەوە نزیکن، نەوەك لەواقیع، لەگەڵ هەبوونی زیرەکی و بوێری و خۆبەخشی، کە زیاتر نییە لە خۆ بەختکردن، ئامادەکاری نەکردووە بۆ ئەو شتەی کە هەوڵی بۆ داوە و دەیدات، گرنگی نادات بە دەرەنجامەکان مادام کۆتاییەکەی بۆ خوایە و ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاینی خوایە، بەبێ ئەوەی لە لێکدانەوەی خۆیان بیریش لەو یاسا و ڕێسایانەی خوا بکەنەوە لە گەردوون و ژیاندا، وەك: پێویستی کارکردن بە قۆناغ و پلەبەندی، سەرکەوتن و زاڵ بوون بۆ ئەو کەسەیە کە پارێزکاترە، جا ئەگەر پارێزکاریان تێدا نەبوو، ئەوا زاڵ بوون پشکی بەهێزترینیانە، هەموو شتێکیش ماوەیەکی دیاری کراوی هەیە، نەپێش دەکوێت و نە پاش دەکەوێت... هتد. جا کە بەکردار دابەزینە سەر زەمینەی واقیع، ئەوا شتەکە پێچەوانە دەردەچێت لەگەڵ ئەوەی ئەوان ئومێد و ویستیان لەسەرە، کاریان بۆ کردووە، لێرەدا دەبینین سارد دەبنەوە لەکارەکانیان یان ئەوەتا بەتەمبەڵی یاخود خاوبوونەوە و شل داهاتن، یان بەدانیشتن و خۆدامالین لەوکارە یان تەرك کردنی دەوەستن.

**٩_ کەم تەرخەمی کردن لە پێدانی مافی جەستە:** ئەویش بەهۆی زۆری ئەرکەکان و کەمی بانگخوازان: ئێمە دەبینین هەندێك لە بانگخوازان گشت ئەو هێز و کاتەی، کە بەدەستیانەوەیە لە پێناو خزمەت کردن بە ئایین خەرجی دەکەن، کەم پشوو دەدەن، جا ئەمانە هەر چەندە بەهانەیان هەیە، بەهۆی ئەرکە زۆرەکانیانەوە، بەڵام بێگومان کاتێکیان بەسەردا دێت سارد دەبنەوە لەکارەکانیان.

جا لەوانەیە ئەمە بێت نهێنی ئەو پێداگیریەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کردوویەتی، سەبارەت بە ماف پێدانی جەستە، هەر چەندە بەهانە و پاساو زۆر بێت، دەفەرموێت: ((إن لربك عليك حقا، وإن لنفسك عليك حقا، ولأهلك عليك حقا، فأعط كل ذي حق حقه))[١] واتە: بەڕاستی خوا مافی بەسەر تۆدا هەیە، بەهەمان شێوە جەستەکەشت مافی بەسەرتدا هەیە، خاوخێزانیشت مافی بەسەرتدا هەیە، دەجا مافی هەموو خاوەن مافێك بدە. لەگێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: ((فإن لجسدك عليك حقا، وإن لعينك عليك حقا، وإن لزوجك عليك حقا))[٢] واتە: بەڕاستی جەستەی تۆ مافی بەسەرتدا هەیە، چاویشت مافی بەسەرتدا هەیە، هاوسەرەکەت مافی بەسەرتدا هەیە.

**١٠_ خۆ ئامادەنەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆسپەکانی سەر ڕێگا:** دەبینین هەندێ لە بانگخوازان دەست دەکەن بەڕۆیشتن بەبێ ئەوەی بوەستن و هەڵوەستە بکەن لەسەر ئەو کۆسپانە، هەر لە ژن و منداڵ و ڕووکردنە دونیا، یاخود تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن یان ئاشوب یان نمونەی لەو شێوانە، دواجار هۆشیاری تەواو دەستناخەن سەبارەت بەو کۆسپانە، چونکە لەوانەیە لەکاتی بڕینی ڕێگاکە بەبەر ئەو کۆسپانە بکەون، یان بەبەر هەندێکیان بکەون، ئینجا لەو کاتەدا بێ توانان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کۆسپانە، جا لەکارەکانیان خاو و سارد دەبنەوە، چ بە تەمبەڵ بوون بێت یان دابڕان و ڕاوەستان.

---

(١) بوخاری هێناویەتی.

(٢) بوخاری هێناویەتی.

ئا ئەمە نهێنی ئەو هۆشداریەی قورئانی بەڕێزە، كە چەندین جا هۆشداری داوە سەبارەت بەو كۆسپانەی سەر ڕێگاكە، خوای پاك و بێگەرد دەفەرموویت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنْ أَزْوَٰجِكُمْ وَأَوْلَـٰدِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَٱحْذَرُوهُمْ ۚ وَإِن تَعْفُواْ وَتَصْفَحُواْ وَتَغْفِرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤﴾ إِنَّمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَأَوْلَـٰدُكُمْ فِتْنَةٌ ۚ وَٱللَّهُ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿١٥﴾ ﴾ التغابن: ١٤_١٥. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، هەندێك لە هاوسەرانتان یان هەندێك لە ڕۆڵە و نەوەكانتان دوژمنتانن، جا ئێوەش وریابن و خۆتان بپارێزن لێیانەوە، جا ئەگەر چاوپۆشی لە هەڵەیان بكەن و واز لەئازاردانیان بهێنن و لێیان ببورن، ئەوە چاك بزانن كە خوا لێخۆشبووە و میهرەبانە، دڵنیابن كە ماڵ و سامان و ڕۆڵە و نەوەكانتان بۆ تاقی كردنەوەتانن، خوای میهرەبان پاداشتی گەورەو زۆری لەلایە بۆ خۆگر و لێبوردەكان). ﴿ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَأَوْلَـٰدُكُمْ فِتْنَةٌ ﴾ الأنفال: ٢٨. واتە: (جا بزانن بەڕاستی ماڵ و سامان ومنداڵتان بۆ تاقیكردنەوەیە). ﴿ مَّا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَىٰ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ ﴾ آل عمران: ١٧٩. واتە: (خوا ئیمانداران واز لێناهێنێت هەروەكو ئەوەی ئێستا ئێوەی لەسەرن _ دڵسۆز و نادڵسۆز، خەم خۆرو بێ باك تێكەڵن _هەتا پیس و پاك لە یەك جیانەكاتەوە). ﴿ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتْرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ﴿٢﴾ وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَـٰذِبِينَ ﴿٣﴾ ﴾ العنكبوت: ٢ - ٣. واتە: (ئایا خەڵكی وایان زانیوە" وازیان لێدەهێنرێت و پشتگوێ دەخرێن، كە بڵێن: ئیمان و باوەڕمان هێناوە، لەكاتێكدا ئەوان تاقی نەكرێنەوە و توشی سزا و ئازار نەكرێن؟. سوێند بەخوا بێگومان ئێمە ئەوانەی پێش ئەوانمان تاقیكردۆتەوە بە جۆرەها شێوە، تا خوای گەورە _ لە جیهانی واقیعدا _ ئەوانەی ڕاستیان كردووە بیانناسێنێت و دەركەون، هەروەها درۆزنەكانیش دەبێت بناسێنێت و دەركەون). ﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّىٰ نَعْلَمَ ٱلْمُجَـٰهِدِينَ مِنكُمْ وَٱلصَّـٰبِرِينَ وَنَبْلُوَاْ

أَخۡبَارَكُمۡ ﴾ محمد: ٣١. واتە: (سوێند بەخوا ئێمە دەتانخەینە بەر تاقیکردنەوە، تا لەجیهانی واقیعدا تێکۆشەر و خۆگرانتان دەربکەوێت و ئاشکرا ببێت بۆمان، بۆ ئەوەش هەواڵی چالاکی ئێوەمان بێتە دەست).

**١١_ هاوڕێیەتی کردنی کەسی ورە لاواز و بێ هیمەت:** ئەم موسڵمانە هاوڕێیەتی کەسێکی خاوەن شۆڕەت و ناوبانگ دەکات، کاتێك زۆر لەگەڵی تێکەڵ دەبێت و گوزەریان لەگەڵ دەکات، دەیان بینێت کە خاوو ساردبوونەتەوە لەکارکانیاندا، وەك دەهۆڵی وشك هەڵهاتوو وان، گەر لەگەڵیان گوزەرا ئەوا دەچێتە ڕیزی ئەوان ئەویش نەخۆشی ئەوانی تووش دێت، کە تەمبەڵی و ساردبوونەوەیە.

ئا ئەمە نهێنی ئەو پێداگیرییەی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم)، کە پێویستی کردووە هاوەڵی خاوێن هەڵبژێرین، دەفەرموێت: ((المرء على دين خليله، فلينظر أحدكم من يخالل))[1]، واتە: هاوڕێ لەسەر ئایینی هاوڕێیەکەیتی، با هەر یەکێکتان ئاگاداربێت کە کامە هاوڕێ هەڵدەبژێرێت. ((إنما مثل الجليس الصالح، وجليس السوء، كحامل المسك، ونافخ الكير، فحمال المسك: إما يحذيك، وإما أن تبتاع منه، وما أن تجد منه ريحا طيبة، ونافخ الكير: إما أن يحرق ثيابك، وإما أن تجد منه ريحا خبيثة))[2] واتە: نمونەی هاوڕێی چاك و هاوڕێی خراپ وەك هەڵگری بۆنی خۆش و کورەچی وایە، ئەوەی بۆنی خۆشی پێیە، یان بۆنی لێدەکڕی یان بۆنی خۆشی لێدەکەی، بەڵام کورەچی ئەوەی فوو لە ئاگر دەکات و ئاگر هەڵدەکات، یان ئەوەتا جل و بەرگت دەسوتێنێت یان بۆنی نەخۆشی لێدەکەی.

**١٢_ بێ سەروبەری لەکارەکاندا ئینجا چ لە ئاستی تاکدا بێت یان کۆمەڵدا:** زۆرێك لە بانگخوازان چ تاك بن یان کۆمەڵ کار دەکەن بەشێوەیەك لە شێوەکان لە پێناو ئاینی خوا بەبێ بەرنامە و یاسا، کاری بچوك پێش کاری گرنگ و گەورە دەخەن، کە بۆ بەرپاکردنی ئاینی خوا پێویستە بکرێت، بەڵێ پێشخستنی

---

(١) ئەبو داود هێناویەتی.

(٢) بوخاری و موسلیم هاوبەشن لە گێڕانەوەیدا.

کاری بچوك لەحیاتی کاری گەورە و گرنگ وادەکات ڕێگای گەیشتن بە ئامانج دوورتر ببێتەوە، ئەرکەکانی زیادببن و وزەی زیاتر خەرج بکرێت، بۆیە لەو کاتەدا ساردبوونەوە پەرە دەسەنێت، ئەگەر خوای گەورە بەدەستی توانستی خۆی پشت ئەستور و جێگریان نەکات و سەرپەرشتیان نەکات.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەمە لەو نهێنیەی ئامۆژگاری پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەگەین کاتێك موعازی دەنارده یەمەن، پێی فەرموو: تۆ دەچیتە لای گەلێك کە خاوەن پەرتوکن، بانگیان بکە بۆ یەکتاناسی، کە هیچ خوایەك نییە بەحەق جگە لە خوای مەزن، منیش پێغەمبەری خوام، جا گەر گوێڕایەڵیان نواند، ئەوا پێیان ڕابگەیەنە کە خوای گەورە سەدەقەی لەسەر پێویست کردوون، کە لە دەوڵەمەندەکان وەردەگیرێت دەدرێتە هەژارەکان، جا کە گوێڕایەڵ بوون، جا خۆت لە پاداشت و لە نزای ستەملێکراو بپارێزە، چونکە هیچ پەردەیەك لە نێوان ئەو پەروەردگاردا نییە.

ئەم فەرموودەیە بنچینەیەکی سەرەکییە، لەسەر بەرنامەداری و ڕێکخستن وردبینی لەکاردا.

**١٣_ گیرۆدەبوون بەگوناه، بەتایبەتی گوناهی بچوك، بەکەم سەیرکردنی:**

ئەمە خاوی و ساردبوونەوە بەسەر بانگخوازدا دێنێت بەبێ گومان، خوای گەورە ڕاستی فەرمووە: ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ ﴾ الشوری: ٣٠. واتە: (هەر بەڵا و نەهامەتیەکتان بەسەر هاتبێت، ئەوە دەرەنجامی ئەو کار و کردەوانەیە، کە بەئارەزووی خۆتان دەتان کرد،_ بەڵام ئەوەندە خوایەکی میهرەبانە _ لە زۆربەی زۆری گوناه و هەڵەکانتان خۆش دەبێت). پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ڕاستی کردووە کە دەفەرمووێت: ((إیاکم ومحقرات الذنوب، فإنهن يجتمعن على الرجل حتى يهلكنه، وإن رسول الله _ صلى الله عليه وسلم _ ضرب لهن مثلا، كمثل قوم نزلوا إلى أرض فلاة، فحضر صنيع القوم، فجعل الرجل ينطلق فيجيىء بالعود، والرجل يجيىء بالعود، حتى جمعوا سوادا، وأججوا نارا، وأنضجوا ماقاذفوا

فيها))[1] واتە: خۆتان بپارێزن لەگوناهە بچوکەکان، چونکە ئەو گوناهە بچوکانە کەڵکە دەبن تاکو خاوەنەکەی تووشی لەناوچوون دەکات، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نمونەیەکی لەم بارەوە هێناوەتەوە، بەوەی هەندێك خەڵك دابەزینە خاکێکی دەشتایی، چێشتلێنەرەکەیان هات و هەر یەکەیان چیلکەدارێکیان هێنا و ئاگرێکی گەورەیان پێ هەڵکردەوە، بەو چیلکەدارانەی کە بەهۆی کەڵەکە بوونیانەوە زۆربوون. ((إن المؤمن إذا أذنب ذنبا، نكت في قلبه نكتة سوداء، فإذا تاب، ونزع واسغفر، صقل قلبه، وإن زاد زادت حتى تعلو قلبه، فذلك الران الذي ذكره_عز و جل_: ﴿ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴾))[2] واتە: (ئیماندار کاتێك گوناهێکی دەکات، ئەوا خاڵێکی ڕەشی لەسەر دڵی دروست دەبێت، جا کە تۆبەی کرد، خۆی داماڵی لە گوناه و داوای لێبوردنی لە خوا کرد، ئەوا پاك دەبێتەوە، بەڵام گەر گوناهی زیاتری کرد، تاکو هەموو دڵی داگرت، ئەمەیە ئەو ژەنگەی خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ باسی کردووە: بەڵکو دڵیان ژەنگی هێناوە وچڵکی گوناه دای پۆشیوە لەسەرەنجامی ئەو کاروکردەوانەی دەیان کرد.

**ئا ئەم هۆکارانە زۆرترین کات خاوی و ساردبوونەوە بەرهەم دێنن.**

## سێیەم: شوێنەوارەکانی:

**خاوبوونـــەوە چـــەند شـــوێنەوارێکی زیانبـــەخش و لەناوبـــەری هەیـــە، جـــا چ لەسەر خودی کەسەکە یاخود لەسەر کاری ئیسلامی:**

* **لەسەر خودی بانگخواز:** یەکێك لە شوێنەوارەکانی لەسەر خودی بانگخوازەکە، کەمی بەجێهێنانی پەرستشەکان، لەوانەیە یەکێك گیان لەدەست بدات، کەچی لە بارودۆخی خاوی و تەمبەڵی دایە، جا بە خوای مەزن دەگاتەوە لە کاتێکدا

---

(1) ئەحمەد هێناویەتی.

(2) ئەحمەد و خاوەن سونەنەکان هێناویانە.

كەمتەرخەمی و كەم و كورتی زۆری هەبووە، بۆیە یەكێك لە نزاكانی پێغەمبەری مەزن (صلى الله عليه وسلم) بریتی بوو لە: ((اللّهم إني أعوذ بك من الهم والحزن، وأعوذ بك من العجز والكسل، وأعوذ بك من الجبن والبخل، وأعوذ بك من غلبة الدين وقهر الرجال))(١) واتە: خوایە پەنات پێدەگرم لە دڵتەنگی و خەفەت، لە بێ دەسەڵاتی و تەمبەڵی، لە ترسنۆكی و چروكی، لە زاڵبوونی قەرز و دۆڕانی موسڵمانان. ((اللّهم اجعل خير عمري آخره، اللّهم اجعل خواتيم عملي رضوانك، اللّهم اجعل خير أيامي يوم ألقاك...))(٢) واتە: خوایەگیان؛ كۆتا تەمەنم بەچاكە كۆتا بێنە، خوایەگیان كۆتایی كردەوەكانم بە ڕەزامەندی خۆت كۆتا بێنە، خوایەگیان چاكترین ڕۆژم بكە بەو ڕۆژەی كە پێت دەگەم، ((إجعل خير عمري آخره، وخير عملي خواتيمه، وخير أيامي يوم ألقاك فيه))(٣) واتە: كۆتایی تەمەنم خێر بكە، كۆتایی كردەوەكانم بە چاكە كۆتایی بێنە، چاكترین ڕۆژم بكە بەو ڕۆژەی كە تێیدا پێت دەگەم.

یەكێك لە مژدەكانی بۆ ئومەتەكەی بریتی بوو لەوەی: ((إذا أراد الله بعبد خيرا إستعمله، قيل كيف يستعمله؟ قال: يوفقه لعمل صالح ثم يقبضه))(٤). واتە: گەر خوای گەورە ویستی چاكەیەك بە بەندەیەك ببەخشێت، ئەوا بەكاری دێنێت "لە چاكە و خێردا"، وترا: چۆن بەكاری دێنێت؟ فەرمووی: بەرەو كردەوە چاكەكان سەری دەخات، لەسەر ئەو بارودۆخە گیانی دەكێشێ.

---

(١) ئەبو داود هێناویەتی.

(٢) تەبەڕانی لە ئەوسەتدا گێڕاویەتیەوە، لە زنجیرە _سەنەد _ەكەیدا "ئەبو مالیكی نەخەعی" هەیە، بۆیە لاوازە.

(٣) هەیسەمی لە (مجمع الزوائد: ١٥٧/١٠) هێناویەتی، لە فەرموودەی ئەنەس، ئەم سەرنجەی لەسەر داوە: تەبەڕانی لە ئەوسەتدا گێڕاویەتیەوە، پیاوانی سەنەدەكەی هەموویان سەڕراستن جگەلە "عەبدوڵای كوڕی محەممەدی باوكی عەبدولڕەحمانی ئەزرەمی" نەبێ، ئەویش متمانە پێكراوە.

(٤) ترمزی هێناویەتی.

لە ئامۆژگاریەکانیشی بۆ ئوممەتەکەی: ((إن العبد ليعمل عمل النار، وإنه من أهله الجنة، ويعمل عمل الجنة، وإنه من أهل النار، وإنما الأعمال بالخواتم))[١] واتە: بەندە هەیە کردەوەی دۆزەخیەکان دەکات، کەچی لە بەهەشتیەکانە، هەشیانە کردەوەی بەهەشتیەکان دەکات، کەچی لە دۆزەخیەکانە، بەڕاستی کردەوەکان بە سەرەنجامەکانیانەوە پەیوەستن. ((لا تعجبوا لعمل عامل حتى تنظروا بم يختم له))[٢] واتە: بەکردەوەکانی کەس سەرسام مەبن، تاکو نەزانن و تەماشای نەکەن بەچی کۆتایی دێنێت.

ئا ئەمە یەکێك لەو کاریگەریانە بوو لەسەر هاوەڵی بەڕێز عەبدوڵای کوری مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت)، کاتێك نەخۆش کەوت و مردن بەرەو ڕووی هات، گریان دایگرت و وتی: ((من بۆیە دەگرییم، چونکە لە حاڵەتی تێکۆشان تووشم مردن ناهێم، بەڵکو لە حاڵەتی خاوی سارد و سوری بەرۆکم دەگرێ))[٣]. مەبەستی ئەوەیە کە نەخۆشی تووشی بووە، لە حاڵێکدا کە وەستاوە و پەرستش و تێکۆشانی کەم بووە.

* **لەسەر کاری بانگەواز:** لەو شوێنەوارانەی کە دەردەکەون لەسەر کار و چاڵاکی بانگەواز، درێژبوونەوەی ڕێگاکەیە، لەگەڵ زۆر بوونی ئەرك و پێویستبوونی قوربانیدانی زۆرتر، هەروەك یاسا و ڕێسای خوای پاك و بەرز وایە: کە سەرکەوتن و پایەداری نادات بە کەسی تەمبەڵی بێئاگای دابڕاو، بەڵکو دەبەخشێت بەو کەسانەی کارەکان و تێکۆشان بەچاکی ئەنجام دەدەن: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ مَنْ أَحْسَنَ عَمَلًا ﴾ الكهف:٣٠. واتە: (بۆ ئەوانەی کە بەڕاستی ئیمان و باوەڕیان هێناوە کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە، با دڵنیابن ئێمە پاداشتی ئەو

---

([١]) بوخاری هێناویەتی.

([٢]) ئەحمەد هێناویەتی.

([٣]) ئیبن ئەسیر لە (النهاية فى غريب الحديث) هێناویەتی.

کەسە بەزایە نادەین کە کردار و ڕەفتاری جوان و پەسەندە). ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ﴾ النحل: ١٢٨. واتە: (بەڕاستی خوا لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە خۆیان پاراستووە لە گوناه، هەروەرها ئەوانەش کە چاکەکار و چاکەخوازن). ﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾ العنكبوت: ٦٩. واتە: (ئەوانەش لە پێناوی ئێمەدا بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئێمە، هەوڵ و کۆششیان کردووە و خۆیان ماندووکردووە، سوێند بەخوا بەڕاستی ئەوانە ڕێنوێنی دەکەین بۆ هەر ڕێگەیەکی چاك و دروستی خۆمان، بێگومان خوای پەروەردگار هەمیشە لەگەڵ چاکەکارانە).

## چوارەم: چارەسەرەکەی:

**لەبەر ئەوەی خاوبوونەوە دەرەنجامەکەی ئەو شوێنەوارە خراپانەی لێدەپشکوێتەوە کە باسمانکردن، ئەوا پێویستە خۆپارێزی لێبکرێت، جا بانگخواز بەو شێوەیەی خوارەوە دەتوانن خۆیان بپارێزن:**

١_ **دوورکەوتنەوە لە گوناه بە گەورە و بچوکیەوە:** چونکە بەڕاستی گوناه ئاگرێکە دڵ دەسوتێنێ، تووڕەیی پەروەردگار هەڵدەگیرسێنێ، هەر کەسێ تووڕەیی پەروەردگاری بەرکەوێ، ئەوا زیانێکی ڕوون و ئاشکرابووە: ﴿ وَمَن يَحۡلِلۡ عَلَيۡهِ غَضَبِي فَقَدۡ هَوَىٰ ﴾ طه: ٨١. واتە: (بێگومان ئەوەی خەشم و قینی من دایبگرێت، ئەوە ئیتر کەوتووە و تیاچووە).

٢_ **بەردەوام بوون لەسەر پەرستشەکانی ڕۆژ و شەو:** هەر لە زیکرکردن و نزا و داوای لێبووردن کردن لە خوا، یان خوێندنەوەی قورئان، نوێژی چێشتەنگاو، یاخود شەونوێژ و پاڕانەوە و موناجات بەتایبەتی لەکاتی بەرەبەیاندا، ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی نوێبوونەوەی ئیمان، چاڵاکبوونی دەروون و بزواندن و بەرزکردنەوەی وره و هیمەت، توانا بەهێزکردن، خوای پاك و بەرز دەفەرموێت:

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ خِلۡفَةً لِّمَنۡ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوۡ أَرَادَ شُكُورًا ﴾ **الفرقان: ٦٢. واتە:** (خوا" ئەو زاتەیە کە شەوو ڕۆژی بەشوێن یەکدا ڕێکخستووە، کە هەڵ و فرسەتێکە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت یادەوەری وەربگرێت، دەیەوێت سوپاسگوزاری ئەنجام بدات). ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُزَّمِّلُ ۝١ قُمِ ٱلَّيۡلَ إِلَّا قَلِيلًا ۝٢ .... إِنَّا سَنُلۡقِي عَلَيۡكَ قَوۡلًا ثَقِيلًا ۝٥ ﴾ **المزمل: ١ ،٢، ٥. واتە:** (ئەی ئەو کەسەی خۆت داپۆشیووە، ئەی **محەمەد** (صلى الله عليه وسلم)، شەو هەستە نوێژ بکە مەگەر کەمێکی نەبێت.... چونکە بەڕاستی ئێمەن فەرمووده و گوفتارێکی سەنگین دادەبەزێنینە سەرت).

**پێغەمبەری خواش** (صلى الله عليه وسلم) **فەرموویەتی:** ((من نام على حزبه من الليل، أو على شيء منه، فقرأه ما بين صلاة الفجر وصلاة الظهر، كتب له كأنما قرأه من الليل))[1] **واتە: هەر کەسێك خەوی لێبکەوت لەسەر خوێندنەوەی بەشە قورئانەکەی، یان بەشێکی لێی، جا لە نێوان نوێژی بەیانی و نوێژی نیوەڕۆ قەرەبوی بکاتەوە، ئەوا وەك ئەوەی بۆ دەنوسرێ کە بەشەو خوێندبێتی.**

**٣_ قۆستنەوەی کاتی چاك و زیندووکردنەوەی بە پەرستشەکان:** ئەمە **هۆکاری چالاکبوونی دەروون و بەهێزبوونی ورەیە، پێغەمبەر** (صلى الله عليه وسلم) **دەفەرموێت:** ((فسددوا، وقاربوا، وأبشروا، واستعينوا بالغدوة، والروحة، وشيء من الدولجة))[2] **واتە: ڕاست بپێکن، لە ڕێگەی ڕاست نزیك ببنەوە و مژدە بدەن، پشت بە بەرەبەیان و ئێوارە ببەستن، و بەکەمێك لە شەو.**

**٤_ خۆپاراستن لە زیادەڕەوی و توندی لە ئاییندا:** ئەمە **هۆکاری چالاك بوون و بەردوامییە، عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: ((پێغەمبەر ڕایەخێکی حەسیری هەبوو، بە شەو دەیکردە بەرماڵ و نوێژی لەسەر دەکرد، خەڵکیش وەك ئەویان دەکرد، بەڵام ئەو بەرماڵە حەسیرەی بەڕۆژ ڕایدەخست، شەوێکیان**

---

(١) موسلیم هێناویەتی.

(٢) بوخاری هێناویەتی.

كۆبوونەوە بۆ نوێژ، جا فەرمووی: ((يأيها الناس عليكم من الأعمال ما تطيقون، فإن الله لا يمل حتى تملوا، وإن أحب الأعمال إلى الله مادوم عليه، وإن قل)) واتە: ئەی خەڵكینە ئەوەندە بكەن كە پێتان دەكرێت، بەڕاستی تا خوا ماندوو نابێ، هەر چەندە ئێوە ماندوو بن، خۆشەویسترین كردەوە لای خوا بریتییە لەوەی بەردەوام بێت، هەر چەندە كەم بێت. جا خانەوادەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەگەر كردەوەیەكیان بكردایە ئەو ئامۆژگارییەیان تێدا پەیڕەو دەكرد(١).

لێرەدا پێویست ناكات ئاماژە بەوە بكەین، كە خۆپاراستن لە توندڕەوی و زیادەڕەوی، مانایی وانیە كە ئایین فەرامۆش بكەین، بەڵكو مانای مامناوەندی و میانڕەوی دەگەیەنێت، لەگەڵ بەردەوام بوون لەسەر لەدەستنەدانی ئەو كردەوانەی كە بەندە خوی پێوەگرتووە و شوێنكەوتنی سوننەتەكانیش، عەبدوڵای كوڕی عەمری كوڕی عاص (خوا لەخۆی و بابی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێی ڕاگەیاندم: ((يا عبدالله لا تكن مثل فلان، كان يقوم الليل، فترك قيام الليل))(٢) واتە: ئەی عەبدوڵا وەك فڵانە كەسە مەبە، كە شەونوێژی دەكرد و پاشان وازی لێهێنا.

ئەبو هوریرە (خوا لێی ڕازی بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ((فإذا نهيتكم عن شيء فاجتنبوه، وإذا أمرتكم بأمر، فأتوا منه ما استطعتم))(٣) واتە: گەر ڕێگریم لێكردن لە كارێك، ئەوا خۆپارێزی لێ بكەن، كە فەرمانیشم پێكردن بە كارێك، ئەوا بەپێی توانا بەجێی بگەیەنن.

**٥_ وابەستەكردنی دەروون بە باوەشی كۆمەڵی بڕواداران:** دوورنەكەوتنەوە لێی بە هەر حاڵێك لێیان، ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەسە

---

(١) موسلیم هێناویەتی.

(٢) بوخاری و موسلیم هاوبەشن لە گێڕانەوەیدا.

(٣) بوخاری و موسلیم هاوبەشن لە گێڕانەوەیدا.

بۆمان: ((الجماعة رحمة، والفرقة عذاب))[١] واتە: کۆمەڵی بڕواداران میهرەبانی و ڕەحمەتە، پەرتەوازەیی سزا و ئازارە. ((يد الله مع الجماعة))[٢] واتە: دەستی توانستی پەروەردگار لەگەڵ کۆمەڵی بڕوادارانە. هەروەها ئەو وتەیەی پێشەوا عەلی کە کەمێك لەمەوبەر هێنامان: ((شێلوێتی و بەخەوشی کۆمەڵی بڕواداران، چاکتر لە بێگەردی و پاکێتی تاك)).

**٦_ ئاگاداربوون لە ڕێسا و یاساکانی خوای گەورە لە مرۆڤ و گەردووندا:**

﴿ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَبۡدِيلٗاۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَحۡوِيلًا ﴾ فاطر: ٤٣. واتە: (ئیتر تۆ نابینیت هەرگیز لە یاسا و بەرنامەکانی خوادا گۆڕانکاری پێش بێت، هەرگیز نابینیت یاسا و بەرنامەکانی خوا لە نەخشەی خۆیان لابدەن).

سەرەتا لە خەرجکردنی توانا مرۆییەکان: ﴿ ذَٰلِكَ وَلَوۡ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَٱنتَصَرَ مِنۡهُمۡ وَلَٰكِن لِّيَبۡلُوَاْ بَعۡضَكُم بِبَعۡضٖ ﴾ محمد: ٤. واتە: (ئەگەر خوا بیویستایە خۆی تۆڵەی لێدەسەندن، بەڵام دەیەوێ بەیەکتری تاقیتان بکاتەوە).

لەبارەی کارکردن بە پلەبەندی، دایکی ئیمانداران عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) وتویەتی: ((سەرەتا قورئان کە دابەزی چەند سورەتێك بوون، باسی بەهەشت و دۆزەخیان تێدا بوو، پاشان کە خەڵك هات و موسڵمان بوون، ئینجا حەڵاڵ و حەڕام دابەزی، ئەگەر یەکەم شت کە دەهاتە خوارەوە بریتی بووبا لە: مەی مەخۆنەوە و زینا مەکەن، ئەوا دەیان وت، هەرگیز دەست هەڵناگرین لەمەی خواردنەوە و زیناکردن))[٣].

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (خوا لێی ڕازی بێ)، کە بە پێنجەمین جێنشینی سەرڕاست دادەنرێ، کاتێك ویستی ژیان وەك سەردەمی چوار جێنشینە سەرڕاستەکان لێبکاتەوە، ئەمەش پاش ئەوەی حوکمی بەدەستەوەگرت، کوڕێکی

---

(١) ئەحمەد هێناویەتی.

(٢) ترمزی هێناویەتی.

(٣) بوخاری هێناویەتی.

هەبوو ناوی عەبدولەلیك بوو، كە گەنجێكی چاڵاك و ورە بەرز و پارێزكار و بە جۆش و خرۆش بوو، بە باوكی وت پێویستە لەسەرخۆ نەبێت و دەبێ گورج و گۆڵ و خێرا بێت لەلادان و لابردنی ستەم و نەهێشتنی هەموو سەرپێچی و تاوانكارییەك، بۆ ئەوەی ژیان بەو شێوەیەی سەردەمی چوار جێنشینەكەی لێبێتەوە، ڕۆژێكیان بە باوكی وت: ((ئەی باوكە بۆچی فەرمانەكان زوو جێبەجێ ناكەی، سوێند بە خوا ئەگەر مەنجەڵەكان بە من و تۆ گەرم بكرێن لەسەر حەق باكم نییە)).

بەلاَم وەڵامی باوكی تێگەیشتوو بریتی بوو لەوەی: ((كوڕی شیرینم پەلە مەكە، خوای گەورە لە قورئاندا دوو جار بە خراپە باسی مەی كردووە، لە جاری سێیەمدا حەڕامی كرد، من دەترسم لەوەی كە بەیەك جار حەق بەسەر خەڵكیدا جێبەجێ بكەم، ئەوانیش بەیەك جار لێی بتۆرێن، ئاشوب لەوەوە سەرهەڵبدەن...تاد))[1].

**٧_ هەڵوەستەكردن لەسەر كۆسپەكانی ڕێگا لە یەكەم ڕۆژی كاركردندا:** تاكو ئامادەیی و هۆشیاری هەبێت سەبارەت بەو كۆسپانە، ڕێوشوێنەكانی زاڵ بوون بەسەریاندا بەدەست بخرێ، ئینجا بەم شێوەیە ماوە نامێنێت بۆ خاوبوونەوە و دابڕان.

**٨_ وردبینی و بەرنامەڕێژی لەكاركردندا:** بە واتای ڕەچاوكردنی شتە سەرەكییەكان، دانانی كاری گرنگتر لە پێش گرنگ، نەخزانە ناو گۆڕەپانەكانی لا بەلا و بابەتە بچوك و لاوەكییەكان.

**٩_ هاوڕێیەتیكردنی بەندە تێكۆشەر و چاكەكانی خوا"** چونكە ئەوانە دەروونیان پاكە و دڵیان ڕووناكە و ڕۆحیان تیشكدارە، بەشێوەیەك هێزی كێشندەی بەهێزن، ئەم هاوڕێتییە ورە و ویست و تواناكان بەگەر دەخات و بەهێزیان دەكات، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) سەرنجی بۆ ئەمە ڕاكێشاوە و فەرمویەتی: ((ألا

---

([1]) كتێبی موافەقاتی شاتبی.

أخبركم بخير الناس؟ قالوا: بلى يا رسول الله، قال من تذكركم بالله عز وجل))[١] واتە: ئایا پێتان ڕانەگەیەنم چاكترین كەس كێیە؟ وتیان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: ئەوەی كە هەر بینیتان بەهۆیەوە خوای باڵادەست و خاوەن شكۆتان بیربێتەوە.

**١٠_ پێدانی مافی جەستە لە پشودان و خواردن و خواردنەوە بە شێوەیەكی مام ناوەند:** ئەمە چالاكییەكانی جەستە نوێ دەكاتەوە، هێز و توانا و زیندوێتی بۆ دەگەڕێنێتەوە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بانگخوازانی بۆ ئەمە ڕێنوێنی كردووە، جارێكیان چووە مزگەوت، گوریسێك لە نێوان دوو كۆڵەكەدا بەسترابووەوە، فەرمووی: ((ئەم پەتە چییە؟)) وتیان: هی زەینەبە كە نوێژ دەكات، و ماندوو دەبێت یان بێ هێز دەبێت، ئەوا دەستی پێوە دەگرێ، ئەویش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ((حلوه، ليصل أحدكم نشاطه، فاذا فتر فليرقد))[٢] واتە: بیكەنەوە، هەر یەكێكتان چەند توانای بوو با ئەوەندە نوێژ بكات، ئەگەر نەیتوانی یان شەكەت بوو، با بادانیشێت و پاڵكەوێ. هەروەها فەرموویەتی: ((إذا نعس أحدكم _ وهو يصلي _ فليرقد، حتى يذهب عنه النوم، فإن أحدكم إذا صلى وهو ناعس، لايدري لعله يذهب يستغفر، فيسب نفسه))[٣] واتە: ئەگەر یەكێكتان لە نویژدا خەوەنوچكە بردیەوە با پاڵكەوێت، تا خەوەكەی دەڕوات، چونكە ئەگەر بە خەواڵویی نوێژ بكات، لەوانەیە لە جیاتی ئەوەی داوای لێخۆش بوون بكات قسە بەخۆی بڵێت.

**١١_ ئاسوودەكرنی دەروون بەهۆی شتە ڕێپێدراوەكان:** گاڵتە و گەپكردن لەگەڵ خێزان و یاریكردن لەگەڵ منداڵەكان، یاخود سەیرانكرد بۆ كەناری ڕووبارەكان بە مەبەستی سەوڵ لێدان و وەرزش و بیركردنەوە و تێڕامان، یاخود

---

(١) ئیبن ماجە هێناویەتی.

(٢) بوخاری و موسلیم هاوبەشن لە گێڕانەوەیدا.

(٣) بوخاری و موسلیم هاوبەشن لە گێڕانەوەیدا.

چوونە شوێنە شاخاویەکان بە مەبەستی سەرکەوتن و پێهەڵچوون، یان شوێنی بیابان بەمەبەستی خۆ ڕاهێنان لەسەر ڕووبەڕوو بوونەوەی تەنگوچەڵەمەکانی ژیان یان ڕۆیشتنە ناو کێڵگەکان و جگەلەمانەش، ئەمانە بێزاری دەڕەوێننەوە، خاوبوونەوە ناهێڵن، بەشێوەیەك وا لە موسڵمان دەکات کە سەر لە نوێ دەست بەچالاکیەکان بکاتەوە، وەك ئەوەی سەر لەنوێ لە دایکبووەنەوە یاخود بووبیتە کەسێکی تر.

باوکی روبعی کە حەنزەڵەی کوڕی ڕەبیعی ئەسیدی نووسەرە، یەکێکە لە نووسەرەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەڵێ: ئەبوبکرم پێگەیشت (خوا لێی ڕازی بێت) وتی: تۆ چۆنی ئەی حەنزەڵە؟، وتم: من بوومەتە دووڕوو، وتی: پاك و بێگەردی بۆ خوا، ئەوە چی دەڵێی؟ وتم: کە لەلای پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەبین بە هەشت و دۆزەخمان بەبیردێنێتەوە، هەروەك ئەوە وایە بەخۆمان ببینین، جا کە لەلای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) چووینە دەرەوە، خێزان و منداڵەکان بێ ئاگامان دەکەن، زۆر شت لەبیر دەکەین، ئەبوبکر (خوا لێی ڕازی بێت) وتی: سوێند بەخوا هەمان شت بەسەر ئێمەش دێت، ئینجا هەر دووکامان چوینە لای پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)، وتم ئەی پێغەمبەری خوا من بوومەتە دووڕوو، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: ئەمە چییە؟ وتم: کە لەلای تۆین باسی بەهەشت و دۆزەخمان بۆ دەکەی، وەك ئەوەی بەخۆمان ببینین، جا کە لەلای تۆ چووین خێزان و منالەکانمان بێ ئاگامان دەکەن، زۆر شتمان لەبیر چووەتەوە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: ((والذي نفسي بيده، لو تدومون على ما تكونون عندي و في الذكر لصافحتكم الملائكة على فرشكم، وفي طرقكم، ولكن يا حنظلة ساعة فساعة))[1] واتە: سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، ئەگەر بەردەوام بن لەسەر ئەو دۆخەی کە لەلای منن، بەردەوام یادی خواتان لە بیر

---

([1]) موسلیم هێناویەتی.

بێت، ئەوا فریشتەكان لە جێگا و لەسەر ڕێگاتان تۆقەتان لەگەڵ دەكەن، بەڵام ئەی حەنزەڵە كاتژمێر دوای كاتژمێر. سێ جار ئەمەی دووبارە كردەوە.

**١٢ـ بەردەوام سەیر كردنی پەرتووكەكانی ژیاننامەی پێغەمبەر و مێژوو و بەسەرهاتەكان"** چونكە پڕیەتی لە هەواڵی تێكۆشەری خاوەن توانا و بەهێز و ورەی ڕاست، ئەوانەی كە لەگەڵ خوێندنەوەی ژیاننامەیان دەروون ئاسودە دەبێت و خۆشەویستی و شوێنكەوتن و پێ كاریگەربوون دەڕوێنن، خوای پاك و بێگەرد و پایەبەرز ڕاستی فەرموووە: ﴿ لَقَدۡ كَانَ فِي قَصَصِهِمۡ عِبۡرَةٞ لِّأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴾ یوسف: ١١١. واتە: (سوێند بێت بە خوا بەڕاستی لە سەرگوزەشتە و بەسەرهاتی پێغەمبەراندا پەند و ئامۆژگاری هەیە بۆ كەسانی ژیر و هۆشمەند).

**بۆ نمونە:** كاتێك موسڵمانێك ژیاننامە عومەری كوڕی عەبدولعەزیز دەخوێنێتەوە، دەزانێت كاتێك كە لە ماوەی نێوان نوێژی بەیانی تا دەركەوتنی ڕۆژ كە خاودەبویەوە، ئەوا لە ناو حەوشەی خۆیدا دەسوڕایەوە ئەو وشانەی دووبارە دەكردەوە:

جـــا چـــۆن خـــەو دەچـــێتە چـــاو لـــەكـاتێـكدا چـــاوەڕوانە
نازانێ كام لەم دوو جێگەیە (بەهەشت یان دۆزەخ) دەبێتە هەوارگـــەی

كاتێك موسڵمان ئەمە دەخوێنێتەوە، هەست و سۆزی دەجوڵێ، چالاك دەبێ و تێدەكۆشێ، تا ببێتە یاوەری كاروانی بانگخوازە تێكۆشەرەكان.

**١٣ـ بیركردنەوە لە مردن و پرسیار و تاریكستانی و تەنهایی ناو گۆڕ:** بیركردنەوە لە زیندوبوونەوە لە دواڕۆژدا....تاد، ئا ئەمە دەروون لە نووستن بە ئاگا دێنێتەوە، هەڵیدەستێنێتەوە لە پاڵكەوتنیدا، لە بێ ئاگاییەكەی بێداری دەكاتەوە، بەمەش چالاك و بەردەوام دەبێت لە ڕۆیشتن، چاكترین هۆكار بۆ بیركردنەوە لە مردن سەردانكردنی گۆڕستانە، گەر ڕۆژێكیش بێت لە هەفتەدا، بۆ ئەوەی مردووان بهێنرێنە پێشچاو: ((كنت نهيتكم عن زيارة القبور، فزوروها فإن فيها عبرة))[1] واتە:

---

(1) پێشتر ئاماژە بە سەرچاوەی ئەم فەرموودەیە كراوە.

سەرەتا ڕێگریم لێدەكردن لە سەردانكردنی گۆڕستان، جا ئێستا سەردانی بكەن چونكە پەندی تێدایە.

لە ئیبن سەمماكی ئامۆژگاریكارەوە هاتووە: كە چاڵێكی لە ماڵەوە هەڵكەند بوو لەسەر شێوەی گۆڕ، جا هەر كە سارد دەبووەوە، دەچووە ناو ئەو چاڵە و پاڵی دەدایەوە، هەروەك ئەوەی كە مردبێ، وا بە خەیاڵی خۆیدا دەهێنا كە پرسیاری لێكراوە، كەم و كورتی لە كردەوەكانیدا هەن، جا دەستی دەكرد بەپاڕانەوە هاواركردن و داوای گەڕانەوە، دەی وت:

﴿...رَبِّ ٱرۡجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّيٓ أَعۡمَلُ صَٰلِحٗا فِيمَا تَرَكۡتُۚ﴾ (المؤمنون: ٩٩ – ١٠٠ واتە: پەروەردگارا؛ بمگێڕەوە بۆ دونیا، بەڵكو چاكە ئەنجام بدەم و كاری باشە بكەم و ئەو هەڵانەی لە دەستم چووە لە دەستی نەدەم.

پاش داوا و هاوارێكی زۆر وەڵامی خۆی دەدایەوە و دەیوت: ئیبن سەمماك فرسەت و هەلێكی ترت دەستكەوت، پاشان لە ناو گۆڕەكە دەهاتە دەرەوە، وەك ئەوەی كە لە كۆت و بەند ڕزگاری بووبێ.

١٤_ **بیركردنەوە لە بەهەشت و دۆزەخ:** لە خۆشی و ناخۆشیەكانی، ئەمە خەو لە چاوان دەڕەوێنێتەوە و ورە وەستانەكان دەشلەقێنێت، هێزە ساردبووەكان بەگەڕ دەخات، لە كوڕی هیرەمی كوڕی حەیانەوە هاتووە: كە هەندێك شەو دەچووە دەرەوە، بەدەنگێكی بەرز هاواری دەكرد: ((سەیرم دێ چۆن ئەو كەسەی داوای بەهەشت دەكات خەو دەچێتە چاوانی، پێم سەیرە ئەو كەسەی كە لەبەر ئاگر ڕادەكات چۆن خەوی لێدەكەوێ، پاشان ئەم ئایەتەی دەخوێند: ﴿□ □ □ □ یم يي □ □ □﴾ الأعراف: ٩٧. واتە: "جا خەڵكی شارەكان لەوە دڵنیان و ناترسن كە تۆڵەی ئێمە بێت بۆیان لەشەودا لەكاتێكدا كە ئەوان نوستوون؟!"))[1].

---

(1) التخويف بالنار لإبن رجب.

١٥_ **ئامادەبوون لە مەجلیسی زانست و زانیاری:** زانست ژیانە بۆ دڵ، لەوانەیە بانگخواز گوێبیستی وشەیەك ببێت لە زانایەکی ڕاستگۆی دڵسۆز، بەمەش بۆ ساڵێك بەڵکو بە درێژایی هەموو تەمەنی چالاك ببێتەوە.

خوای گەورەی ڕاستی فەرمووە: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُاْ﴾ فاطر: ٢٨. واتە: (بەڕاستی لە ناو بەندەکانی خوادا هەر زانایان لەخواترسن). ﴿وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا﴾ طه: ١١٤. واتە: (پەروەردگارا" بەردەوام زانست و زانیاری زۆرترم پێ ببەخشە).

١٦_ **وەرگرتنی ئەم ئاینە بە هەموو بەشەکانی:** بێ فەرامۆشکردنی هیچ بەشێکی، ئەمە بەردەوام بوون مسۆگەر دەکات تا ژیان کۆتایی دێت و دەگاتە لای خوای خوای مەزن.

١٧_ **لێپێچینەوەکردن لەگەڵ دەروون و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بەردەوام:** ئەمە وادەکات کە لە سەرەتاوە مرۆڤ کەم و کورتیەکانی بزانێت، چارەسەیشی بکات بە ئاسانی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ ۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ الحشر: ١٨. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، خواناس و پارێزکاربن و لە سنوورەکان مەترازێن، با هەموو کەسێك سەرنج بدات چی بۆ سبەی دەست پێشخەریکردووە، هەوڵبدەن هەمیشە و بەردەوام پارێزکارو دیندار و خواناس بن، چونکە بەڕاستی خوا زۆر ئاگایە بە هەموو ئەو کار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن).

# دەردی دووەم

## زیادەڕەوی کردن (الإسراف)

دەردی دووەم کــە تووشــی هەنــدێ لــە بانگخوازەکــان دەبێــت، کــە خــۆ لــێ پاراســتن و دوورگرتنــی پێویســتە، ئــەویش بریتییــە لــە زیــادەڕەویکردن، بــۆ ئــەوەی قســەی ئێمــە لەســەر زیــادەڕەوی بــانگخوازان بەشــێوەیەکی ڕوون و ئاشــکرا بــێ، نیشــانە و مەشــخەڵەکانی دیــاری کــراو بــن، بابەتەکــەمان لــەم خاڵانەی خوارەوەدا خستۆتەڕوو:

## یەکەم: واتایی زیادەڕەوی کردن:

**له زمانەوانیدا:** بۆ ئەم شتانە بەکاردەبرێ:

أ_ ئەوەی بەبێ گوێدان و بە هەڕەمەکی خەرجکراوە.

ب_ بەفیڕۆدان و سنوور شکاندن[1].

**له زاراوەدا:** لە زاراوەی بانگخوازاندا، بریتییە لە شکاندنی سنووری میانڕەوی و مام ناوەندی لە خواردن و خواردنەوەو جل و بەرگ و شوێنی نیشتەجێ بوون، هاووێنەی ئەو شتە خوارسکانەی کە لە ناخی مرۆڤدا شاراوەن.

## دووەم: هۆکارەکانی زیادەڕەوی کردن:

چەند هۆکارێك هەن مرۆڤ هاندەدەن تا دووچاری زیادەڕەوی ببێ، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

١_ **تازە پێگەیشتنی تەمەن:** لەوانەیە پێگەیشتنی تازەی تەمەن هۆکاری زیادەڕەوی کردن بێت، واتە: ژیانی سەرەتا، لەوانەیە موسڵمان لەناو خێزانێکدا پێبگات کە حاڵ و باڵیان زیادەڕەوی و سنوور شکاندن بێت، ئەویش تەنها شوێن پێیان هەڵدەگرێ و پێیان کاریگەر دەبێت، مەگەر ئەوەی خوا ڕەحمی پێبکات، بەگوێرەی وتەی ئەم وتەبێژە:

---

(١) بڕوانە فەرهەنگی (المحیط: ١٥٦/٣، المعجم الوسیط: ٤٢٧/١، الصصحاح فی اللغە والعلوم: ٤٧٤ مادة: سرف).

گــەنجی ئێـــــــمە پێـدەگات و گـەشـە دەكات

لەسەر ئەو شێوەیەی كە باوكی لەسەر ڕاهاتووە

لەوانەیە بەمە لە نهێنی بانگەوازی ئیسلام بگەین، كە پێداگیری دەكات لەسەر پێویست بوونی پاكێتی ژن و مێرد، پابەندبوونیان بە بەرنامەی خواوە: ﴿ وَأَنكِحُوا۟ ٱلۡأَيَـٰمَىٰ مِنكُمۡ وَٱلصَّـٰلِحِينَ مِنۡ عِبَادِكُمۡ وَإِمَآئِكُمۡ ﴾ النور: ٣٢. واتە: (ئافرەتانی بێوەژن بدەن بەشوو، هەروەها ژن بدەن بە بەندە چاكەكانتان، كەنیزەكەكانیشتان بدەن بەشوو). ﴿ وَلَا تَنكِحُوا۟ ٱلۡمُشۡرِكَـٰتِ حَتَّىٰ يُؤۡمِنَّۚ وَلَأَمَةٌ مُّؤۡمِنَةٌ خَيۡرٌ مِّن مُّشۡرِكَةٍ وَلَوۡ أَعۡجَبَتۡكُمۡۗ وَلَا تُنكِحُوا۟ ٱلۡمُشۡرِكِينَ حَتَّىٰ يُؤۡمِنُوا۟ۚ وَلَعَبۡدٌ مُّؤۡمِنٌ خَيۡرٌ مِّن مُّشۡرِكٍ وَلَوۡ أَعۡجَبَكُمۡۗ أُو۟لَـٰٓئِكَ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلنَّارِۖ وَٱللَّهُ يَدۡعُوٓا۟ إِلَى ٱلۡجَنَّةِ وَٱلۡمَغۡفِرَةِ بِإِذۡنِهِۦ ﴾ البقرە: ٢٢١. واتە: (ئافرەتانی خوانەناس مارە مەكەن هەتا ئیمان و باوەڕدەهێنن، بێگومان كەنیزەكێكی ئیماندار چاكترە لە ئافرەتێكی خوانەناس، هەر چەندە _ جوانیەكەی یان سامانەكەی یان پلەو پایەكەی _ سەرسامی كردبن، ژن مارە مەبڕن لە پیاوانی خوانەناس هەتا ئیمان و باوەڕ دەهێنن، بەڕاستی بەندەیەكی ئیماندار چاكترە لە خوانەناسێك، هەر چەندە _ قەد و قیافە و پلەوپایە و سامانەكەی _ سەرسامی كردبن، ئا ئەو خوانەناسانە بانگەوازی مەردووم دەكەن بەرەو دۆزەخ، خوایش بانگهێشتی مەردووم دەكات بەرەو بەهەشت و لێخۆشبوون بە فەرمان و مۆڵەتی خۆی).

((تنكح المرأ لأربع: لملها، ولحسبها، وجمالها، ولدينها، فاظفر بذات الدين تربت يداك))(١) واتە: لەبەر چوار شت ئافرەت دەخوازرێت: یان بۆ ماڵ و سامانەكەی یان لەبەر بنەماڵەكەی، یان لەبەر جوانیەكەی، یاخود لەبەر دینداریەكەی، جا تۆ ئافرەتی دیندار بێنە دەستت پڕ بەرەكەت دەبێت.

---

(١) بوخاری لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی ژن مارەكردن.

**٢_ خۆشگوزەرانی لە دوای تەنگوچەڵەمە و نەبوونی:** لەوانەیە هۆكاری زیادەڕەوی كردن دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانی بێت، پاش ئەوەی بەندە هەژار بووە یاخود بەهۆی خۆشیەوە لە دوای ناخۆشی و گرانیەوە بێ، زۆرێك لە موسڵمانان ژیان بەسەر دەبەن لە ناو ناخۆشی و نەبووی و گرانی بە خۆڕاگری و بێباكیەوە، بەردەوامن و ملی ڕێیان بەرنەداوە بەرەو لای خوای خۆیان، جاری وا هەیە هاوكێشە و بارودۆخەكان دەگۆڕێن، جا دەوڵەمەند دەبێ پاش ئەوەی هەژاربووە، خۆشی بۆ دێ دوای گرانی و ناخۆشی، لەو كاتەدا سەختە لەسەر كۆمەڵی بانگخواز كە میانڕەوی و مامناوەندبوون بپارێزن، بەڵام شتەكە پێچەوانەی خۆی دەردەچێ و دەبێتە دەستبڵاوی و زیادەڕەوی.

**لێرەدا**؛ نهێنی ئەو هۆشداریدانەی خوای یاسادانەر و دانامان بۆ ڕوون دەبێتەوە، كە سەبارەت بە ژیانی دونیا داویەتی، ئامۆژگاری ئێمەی كردووە بەوەی، كە بە ئەندازەیەكی دیاریكراو دونیا دەستبخەین.

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموویت: ((فأبشروا، وأملوا ما يسركم ما الفقر أخشى عليكم، ولكن أخشى عليكم أن تبسط الدنيا عليكم كما بسطت على من كان قبلكم، فتتنافسوها كما تنافسوها، وتهلككم كما أهلكتهم))[١] واتە: دە مژدە بدەن و بە ئومێدی ئەوەبن دڵتان خۆش بێ، سا بە خوا من لە هەژاریتان ناترسم، بەڵكو لەوە دەترسم كە دونیا ڕووتان تێبكات، وەك چۆن ڕووی كردە ئەوانەی پێش ئێوە، ئێوەش كێبڕكێی لەسەر بكەن، وەك چۆن ئەوان كردیان، ئینجا لەناوتان بەرێت، وەك چۆن ئەوانی لەناوبرد.

---

(١) بوخاری لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی كۆیلە: بابەتی هۆشداریدان لەبارەی ڕازاوەیی دونیا و كێبڕكێ كردن لەسەری ٨/ ١١٢، ومسلیم لە سەحیحەكەیدا: بەشی دونیا بەكەمزانی و كۆیلایەتی ٤/٢٢٧٣_٢٢٧٤ بە ژمارە ٢٩٦١، هی هەر دووكیان لە فەرموودەی عەمری كوڕی عوفە، كە لە پێغەمبەری گێڕاوەتەوە، و بێژەكە بۆ موسلیمە.

((إن الدنيا حلوة خضرة، وإن الله مستخلفكم فيها، فينظر كيف تعملون، فاتقوا الدنيا، واتقوا النساء فان أول فتنة بني اسرائيل كانت في النساء))[١] واتە: لە ڕاستیدا دونیا شیرین و سەوزە، خواش ئێوەی کردۆتە جێنیشین تێدا، تەماشا دەکات کە چی دەکەن، خۆتان لە دونیا و ژنان بپارێزن، چونکە لە ڕاستیدا یەکەم فیتنەی نەوەی ئیسرائیل بەهۆی ئافرەتانەوە بوو.

### ٣_ هاوڕێیەتی کردنی کەسی زیادەڕەو:

دەکرێ هۆکاری زیادەڕەوی کردن بریتی بێت لە هاوڕێیەتی و تێکەڵبوون لەگەڵ کەسی زیادەڕەو، چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکان هاوڕێ ڕەوشتی هاوڕێ دەگرێ، ئینجا ئەگەر ئەو هاوڕێیەتییە زۆری خایەند و لەگەڵ ئەوەشدا هاوڕێیەکە کاریگەر و کەسێکی بەهێز بێت.

لەوانەیە ئەمە نهێنی ئەو پێداگیریەی ئیسلام بێت، لەسەر هەڵبژاردنی هاوڕێی پاك و بێگەرد، کە لە بابەتی خاوبوونەوە (الفتور)دا چەند دەقێکمان لەوبارەوە هێنا.

### ٤_ بێ ئاگابوون لە ئامادەکردنی تێشوو و زەخیرەی ڕێگا:

دەکرێ هۆکاری زیادەڕەوی کردن بریتی بێت لە بێ ئاگابوون لە ئامادەکردنی تێشووی ڕێگا، ئەو ڕێگایەی کە بە ڕەزامەندی خوا و بەهەشت دەگات، کە نەڕازێنراوەتەوە بە ئاوریشم و گوڵ و ڕەیحان، بەڵکو پڕیەتی لە دڕك و داڵ و فرمێسکی گریان، ئارەقە و خوێن و ناخۆشی، جا بڕینی ئەم ڕێگایە بەخۆشی و ئاسوودەیی و حەسانەوە نابێت، بەڵکو بە جوامێری و خۆڕاگری دەبێ، ئەمە

---

([١]) موسلیم لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی زیکر و نزاو تۆبە و داوای لێخۆشبوون کردن، باسی: زۆرترین دانیشتوانی بەهەشت هەژارەکانن ٢٠٩٨/٤ ژمارە ٢٧٤٢، لە فەرموودەی ئەبو سەعیدی خودری، ئەویش لە پێغەمبەرەوە هێناویەتی.

تێشووی ڕێگاکەیە، بێ ئاگابوون لە تێشووی ئەم ڕێگایە ئەوا بانگخواز تووشی زیادەڕەوی دەکات.

جا لێرەدا هەست بەو نهێنیە دەکەین، کە قورئان چۆن لەبارەی جۆراو جۆرێتی سروشتی ئەم ڕێگایەوە دواوە: ﴿ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُواْ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوْاْ مِن قَبْلِكُمۖ مَّسَّتْهُمُ ٱلْبَأْسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ وَزُلْزِلُواْ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصْرُ ٱللَّهِۗ أَلَآ إِنَّ نَصْرَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ ﴾ البقرة: ٢١٤. واتە: (ئایا لاتان وایە هەروا بە ئاسانی دەچنە بەهەشتەوە، مەگەر نمونەی ئیماندارانی پێشووتان بۆ باسنەکراوە، کە تووشی شەڕ و ناخۆشی و تەنگانە و گرانی و نەداری بوون و تەکانیان خواردووە و زۆریان بۆ هاتووە بەرادەیەك، هەتا پێغەمبەرەکەیان و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لەگەڵیدا، دەیانوت: کەی پەروەردگار سەرکەوتن دەبەخشێت؟! ئاگاداربن و دڵنیابن بەڕاستی یارمەتی خوایی زۆر نزیکە). ﴿ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُواْ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ مِنكُمْ وَيَعْلَمَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴾ آل عمران: ١٤٢. واتە: (یان واگومانتان دەبرد _ هەروا بە ئاسانی _ دەچنە بەهەشتەوە؟! کە هێشتا خوا _ لە جیهانی واقیعدا _ دەریشی نەخستووە کامتان هەوڵ و کۆشش و جیهادی کردووە و کامتان خۆ ڕاگر و ئارامگربووە). چەندین ئایەتی تر لەوبارەوە.

### ٥_ ژن و منداڵ:

دەکرێ هۆکاری زیادەڕەوی کردن ژن و منداڵ بێت.

لەوانەیە بانگخواز بە ژن و منداڵی تاقی بکرێتەوە، کە ئاڵودەبووبن بە زیادەڕەویەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی لەگەڵ ژن و منداڵ نەرمی دەنوێنێ لەو بارەوە و کارتێکەر نابێ، بەپێچەوانەوە ئەوان کاری تێدەکەن، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار و بە درێژایی ماوەی هاودەمی لەگەڵیان دەچێتە سەر خووڕەوشتی ئەوان.

لێرەدا لەو نهێنیە دەگەین، کە بۆچی ئیسلام پێداگیری کردووە لەسەر هەڵبژاردنی ئافرەت، چەند دەقێکمان لەمەوبەر لەوبارەوە هێنا، لە کاتی قسەکردن لەسەر هۆکاری یەکەم، هەروەها کاتێك ئیسلام پێداگیری کردووە لەسەر پێویستی گرنگیدان بە پەروەردەی منداڵ و خێزان. ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ﴾ التحريم: ٦. واتە: (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، خۆتان و کەس و کارتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سوتەمەنیەکەی خەڵکی و بەردە، سەرپەرشتیاری ئەو دۆزەخ و ئاگرە، فریشتەیەکن کە زۆر دڵ ڕەق و توتندو تیژن، نا فەرمانی خوا ناکەن لە هیچ شتێکدا، کە فەرمانیان پێ بدات و پێ بدرێت ئەنجامی دەدەن).

((ألا كلكم راع، وكلكم مسئول عن رعيته، فالإمام الذي على الناس راع، وهو مسئول عن رعيته، والرجل راع على أهل بيته، وهو مسئول عن رعيته، والمرأة راعية على أهل بيت زوجها، وهي مسئولة عنهم....))[١] واتە: ئاگاداربن هەمووتان چاودێر و شوانن، هەموشتان بەرپرسیارن لە ژێردەستەکانتان، کاربەدەستی خەڵکی شوانە و بەرپرسیارە لە ژێر دەستەکانی، پیاویش شوانی ماڵ و خێزانەکەیەتی و بەرپرسە لێیان، ئافرەتیش شوانی ماڵی مێرد و منداڵەکانیەتی و بەرپرسیشە لێیان... .

### ٦_ بێ ئاگابوون لە سروشتی ژیانی دونیا و لەوەی بەسەریدا دێت:

دەکرێ بێ ئاگایی لە سروشتی ژیانی دونیا و ئەوەی بەسەریدا دێ هۆکارێك بێ لە هۆکارەکانی زیادەڕەوی، چونکە ژیانی دونیا لەسەر دۆخێك جێگیر و ئۆقرە ناگرێت، بەردەوام لە گۆڕان دایە، ئەمڕۆ بۆ تۆیە و بەیانیش لە دژی تۆیە، خوای

(١) ئەم فەرموودەیە بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی حوکمڕانان، باسی: فەرمایشتی خوا: گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر و کاربەدەستەکانتان بن ٩/ ٧٧، و موسلیم لە سەحیحەکەیدا: بەشی کاربەدەستی، باسی پلەوپایەی پێشەوای دادگەر ٣/ ١٤٥٩ ژمارە ١٨٢٩، هەر دووکیان لە عەبدوڵای کوڕی عەمر ئەویش لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) گێراویەتیەوە، و بێژەکە هی بوخاریە.

گەورە ڕاستی فەرمووە: ﴿ وَتِلْكَ ٱلْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ ٱلنَّاسِ ﴾ آل عمران: ١٤٠. واتە: (ئێمە ئەو ڕۆژگارانە دەستاودەستی پێدەکەین لەناو خەڵکیدا).

ئەمە ئەرکە لە سەرمان، پێویستە هۆشیار و بەرچاو ڕوون بین: تاکو نیعمەت و ڕزق و ڕۆزیەکە لە شوێنی خۆیدا دابنێین و بەکاری بهێنین، ئەوەی کە زیادە و ئەمڕۆ پێویستیمان پێ نییە لە سامان و تەندروستی باش و کات، یاخود بە دەربڕینێکی تر لەو ڕۆژەی کە بەرهەمدارە پاشەکەوت دەکەین، بۆ ئەو ڕۆژەی کە پێشت هەڵدەکات و نامێنێ.

ئەمە سروشتی ژیانی دونیایە، هەر ئەمەش پێویستە ببێت، بێ ئاگابوون لەوە دەبێتە هۆی ئاڵوودەبوون بە زیادەڕەوی کردن.

### ٧_ نەرمی نواندن لەگەڵ ناخ و دەرووندا:

دەکرێ هۆکاری زیادەڕەوی کردن نەرمی نواندن بێت لەگەڵ ناخ و دەروونندا، بەوەی کە ناخی مرۆڤ ملکەچ و ڕام دەبێت بەسووربوون لەسەر جڵەوگیرکردنی، هەوساری ناخ لە دەست دەردەچێت و سەرکەش دەبێت، بە ناو ڕابواردن و ئارەزووەکان قوڵدەبێتەوە و نوقم دەبێت، بەهۆی نەرمی و شلی نواندن لەگەڵیدا، بەڕاستی مرۆڤ کاتێك شلی و نەرمی دەنوێنێ لەگەڵ دروونی خۆیدا و وەڵامی گشت داواکاری و حەزەکانی دەداتەوە، ئەو کاتە بێگومان تووشی زیادەڕەوی کردن دەبێ.

لێرەدا لە نهێنی پێداگیری ئیسلام دەگەین، لەسەر تێکۆشان لەگەڵ دەروون بەر لە هەموو شتێك: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِّعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَىٰ قَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ ﴾ الرعد: ١١. واتە: (بێگومان خوا بارودۆخی هیچ قەومێك ناگۆڕێت، تا ئەوەی ئەوان بەخۆیان دەکرێت نەیگۆڕن نەیکەن).

﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ﴿٩﴾ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ﴿١٠﴾ ﴾ الشمس: ٩_١٠. واتە: (بە ڕاستی ئەو کەسە سەرفرازە کە دەروونی پاك و پوختە کردووە و ئیمان و ترسی خوای

تێدا ڕواندووە. بێگومان نائومێد بووە ئەو كەسەی دەروون ناپوخت كردووە و ئاڵوودەی تاوان گوناه و خراپەی كردووە). ﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾ العنكبوت: ٦٩. واتە: (ئەوانەش لە پێناوی ئێمەدا و بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئێمە، هەوڵ و كۆششیان كردووە، سوێند بە خوا بەڕاستی ئەوانە ڕێنمووی دەكەین بۆ هەموو ڕێگەیەكی چاكی خۆمان، بێگومان پەروەردگار هەمیشە لەگەڵ چاكەكاران دایە).

## ٨_ بێ ئاگابوون لە ناخۆشی و تەنگوچەڵەمەكانی دواڕۆژ:

دەكرێ بێ ئاگابوون لە ناخۆشی و تەنگوچەڵەمەكانی دواڕۆژ هۆكاری زیادەڕەوی كردن بێ، چونكە ڕۆژی دوایی چەندین ناخۆشی و دەردەسەری تێدایە، بەو ئەندازەیەی كە زمان لاڵە و وشەكان ناتوانن وەسف و وێنەی بەكەن، ئەوەی كە لە پەرتووكی خوای باڵادەست و خاوەن شكۆ و سوننەتی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) لەبارەی دواڕۆژدا هاتووە، هەر كەسێ بیر لە دواڕۆژ بكاتەوە و لێی ڕامێنێت، بێ ڕابواردن لەو ژیانەی دونیادا ژیان بەسەر دەبات، بەڵام ئەوەی بێ ئاگا بێت ئەوا ئاڵوودەی زیادەڕەوی و دەستبڵاوی دەبێت، بەڵكو تووشی زۆر لەمە زیاتر دەبێت.

دەكرێ لە نهێنی بەردەوامی لەخواترسانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بگەین، كە بۆچی كەم گرنگی داوە بەدونیا و خۆشگوزەرانیەكەی.

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمووێ: ((لو تعلمون ما أعلم، لضحكتم قليلا، ولبكيتم كثيرا))[1] واتە: ئەگەر ئەوەی من دەیزانم ئێوەش بتانزانیایە، ئەوا كەم پێدەكەنین و زۆریش دەگریان.

---

([1]) بوخاری لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی دونیا بەكەمزانی: باسی: ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر: ئەگەر ئەوەتان بزانیایە كە من دەیزانم ١٢٨/٨ لە فەرموودەی ئەبو هورەیرە و ئەنەسە، كە لە پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم) گێراویانەتەوە، و تورمزی لە سونەنەكەیدا: بەشی دونیا بەكەمزانی: باسی: ئەوەی لەبارەی ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەرەوە هاتووە: ئەگەر ئەوەتان زانیبا كە من دەمزانی ٦٠٣/٦ ژمارە ٢٤١٥، لە پەڕاوێزی

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: ((وما تلذذتم بالنساء على الفراش))(١) واتە: ئەوا خۆشیتان نەدەکرد لەو سەرجێییەی کە لەگەڵ خێزانەکانتان دەکرد.

## ٩_ لەبیرکردنی ئەو بارودۆخەی مرۆڤایەتی بەگشتی موسڵمانان بەتایبەتی تیایدا دەژین:

دەکرێ هۆکای زیادەڕەوی کردن بریتی بێت لەبیرکردنی ئەو بارودۆخەی مرۆڤایەتی بەگشتی و موسڵمانان بەتایبەتی تیایدا دەژین، ئەمڕۆ مرۆڤایەتی لەسەر کەناری ڕووخان وەستاوە، دوور نییە زەوی ژێر پێیان زەمینلەرزە بیگرێت و دابڕوخێت، ئا لەمەوە لەناوچوون و داڕوخان دروست دەبێت، موسڵمانان بەشێوەیەك ژێر دەست و سەرشۆڕن، کە مایەی خەفەتە، جا هەر کەسێ بەو شێوەیە بمێنێتەوە هەستەکانی لە کارکەوتبن و سۆزی مردبێ، ئەوا دوور نییە تووشی دەستبڵاوی و زیادەڕەوی بێتەوە و پاڵ بەخۆشیەکانی دونیا بداتەوە.

لەوانەیە نهێنی ئەو خەم و گرنگیدانەی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) بە مرۆڤایەتی بۆ دەربکەوێت، پاش هاتن و دوای هاتنی سروش، تاکو گەیشتە ئەو ئاستەی خوای گەورە ڕەخنە و سەرکۆنەی کرد و ڕێگری لێکرد: ﴿ فَلَعَلَّكَ بَٰخِعٌ نَّفۡسَكَ عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِمۡ إِن لَّمۡ يُؤۡمِنُواْ بِهَٰذَا ٱلۡحَدِيثِ أَسَفًا ﴾ الكهف: ٦. واتە: (جا تۆ لەوانەیە لە خەم و پەژارەدا لە سەرنجامی ڕەشی ئەوانەی کە باوەڕ بەم قورئان و فەرموودەیە ناهێنن خۆت لەناو بەریت و لە داخ و خەفەتدا بمریت). ﴿ لَعَلَّكَ بَٰخِعٞ نَّفۡسَكَ أَلَّا يَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ ٣ ﴾ الشعراء: ٣. واتە: (ئەی پێغەمبەر خەریکیت لە داخ و خەفەتدا

---

کتێبی (تحفة الأحوذة) لە فەرموودەی ئەبو هریرە کە لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) گێڕاویەتیەوە، ئەم سەرنجەشی لەسەرداوە: ئەمە فەرموودەیەکی دروستە.

(١) ترمزی لە سونەنەکەیدا هێناویەتی: بەشی دونیا بەکەمزانی، باسی: ئەوەی لەبارەی ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەرەوە هاتووە: ئەگەر ئەوەتان زانیبا کە من دەمزانی ٦/ ٦٠١ _ ٦٠٣، لە فەرموودەی ئەبو زەڕی غەففارییە، دواتر سەرنجی لەسەرداوەو وتویەتی: باش و نامۆیە.

خۆت دەفەوتێنیت کاتێك دەبینیت خوانەناسان باوەڕ ناهێنن). ﴿ فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَٰتٍ ﴾ فاطر: ٨. واتە: (تۆ بەخەفەتیانەوە خۆت مەفەوتێنە).

## ١٠_ بێ ئاگابوون لەو شوێنەوارانەی کە بەهۆی زیادەڕەوی کردنەوە کەڵەکە دەبن:

دەکرێ هۆکاری زیادەڕەوی کردن بریتی بێت لە بێ ئاگابوون لەو شوێنەوارانەی کە بەهۆی زیادەڕەوی کردنەوە کەڵەکە دەبن، زیادەڕەوی کردن شوێنەواری خراپی لێدەکەوێتەوە و سەرەنجامی لەناوبەری هەیە، بەو شێوەیەی کە دواتر دەیخەینەڕوو.

لە سروشتی مرۆڤەوە زانراوە: بە زۆری ئەگەر هاتوو سەرەنجامی شوێنەواری کردەوەکەی زانی، ئەوا یان دەیکات یان نایکات، بەڵام ئەگەر بێ ئاگابوو لە شوێنەوارەکانی ئەوا ڕەفتارەکانی کەم و کورتیان تێدەکەوێ، بەمەش یان کارێکی نارێك دەکات یاخود کارێك فەراموٚش دەکات کە پێویستە.

جا بەم شێوەیە ئەگەر هاتوو موسڵمان زانا بێ ئاگابوو لەو شوێنەوارانەی کە بەهۆی زیادەڕەوی پەیدا دەبن، ئەوا هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێ زیادەڕەوی بکات.

ئا بەو شێوەیە لە نهێنی گرنگی دانی ئیسلام دەگەین بە باسکردنی حوکم و مەبەستەکانی ئەم ڕیسایانە.

## سێیەم: شوێنەوارەکانی زیادەڕەوی کردن:

**زیـــادەڕەوی كـــردن چـــەندین ســـەرەنجامی لەناوبـــەری هەیـــە، چ لەســـەر كەســی موســڵمان و بــانگخواز یــاخود لەســەر كــاری ئیسلامی، ئەمــەش لایــەنێكی ئەو شوێنەوارانە:**

**شوێنەوارەكانی لەسەر موسڵمانی بانگخواز:_**

١_**نەخۆشكەوتنی جەستە:** یەكەم شوێنەوار كە زیادەڕەوی بەجێی دێڵێ، لەسەر جەستە دەبێ، چونكە ئەو جەستەیە بە چەند ڕێسا و یاسایەكی خواییەوە بەندە، بەشێوەیەك ئەگەر مرۆڤ سنووری شكاند چ بە زیادەڕەوی یاخود كەمتەرخەمی، ئەوا نەخۆشی تووش دەبێ، ئینجا كە نەخۆش كەوت، ئەوا موسڵمان پەكدەخات لە هەڵسان بە ئەنجامدانی ئەركەكانی.

٢_ **دڵ ڕەقبوون:** دووەم شوێنەوار كە بەهۆی زیادەڕەوی كردنەوە دروست دەبێت، بریتییە لە دڵ ڕەق بوون، چونكە دڵ نەرم دەبێ بە برسێتی و كەم پێدانی خۆراك، ڕەق و تەق دەبێ بەتێربوون یان بە زۆر پێدانی خۆراك، ئەوە ڕێسا و یاسای خوایە: ﴿ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَحۡوِيلًا ﴾ فاطر: ٤٣. واتە: (هەرگیز نابینیت یاسا و بەرنامەكانی خوا لـە نەخشەی خۆیان لا بدەن). جا كاتێك دڵ ڕەق دەبێت و دەبێتە بەستەڵەك، خاوەنەكەی دادەبڕێت لە چاكە و خواپەرستی، ئاهو ناڵە بۆ ئەو كەسەی ئەو بارودۆخەی هەبێت: ﴿ فَوَيۡلٞ لِّلۡقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكۡرِ ٱللَّهِ ﴾ الزمر: ٢٢. واتە: (هاوار بۆ ئەو كەسانەی كە دڵیان ڕەقە لە ئاست قورئان و یادی خوادا). ئەگەر موسڵمان لەگەڵ نەفسی خۆی كۆششی كرد و هەستا بە ئەنجامدانی كاری خێر و چاكە، ئەوا هیچ چێژ و تامێكی لێ نابینێت، هیچی بەدەست ناكەوێت جگەلە بێزاری

و ماندووبوون، چونکە دڵی ڕەق بووە: ((و رب قائم حظه من قيامه السهر))[١] واتە: ... لەوانەیە کەسێك شەونوێژ بکات کەچی تەنها شەونوخونیەکەی بۆ بمێنێتەوە.

٣_ **سستی و لاوازبوونی بیر:** سێیەم لێکەوت کە بە هۆی زیادەڕەوی دروست دەبێت، بریتیە لەسستی بیر، چونکە چاڵاکی بیر و سست بوونەوەی پەیوەستە بە چەند کارتێکەرێکەوە، سك پڕکردن یەکێکیانە، جا کە سك خاڵی بوو ئەوا بیر چاڵاکی دەبێت، بەڵام کە سك پڕ و تێر بوو، ئەوا سستی دایدەگرێت، لە کۆندا وتراوە: ((گەر سك تێر و پڕ بێ، زیرەکی و بلیمەتی دەخەوێ)).

ڕۆژێك بیر و هزر تووشی سستی دەبێت، ڕۆژێك موسڵمان خۆی فەرامۆش دەکات لە تێگەیشتن و دانایی، ئا لەو کات و ساتەدا گرنگترین خاسیەتەکانی لە دەست دەدات، کە بەهۆیەوە لە گشت بوونەوەرەکانی تر جیا دەکرێتەوە.

٤_ **وروژاندنی هۆکارەکانی گوناه و خراپە:** شوێنەواری چوارەم کە زیادەڕەوی بەجێی دەهێڵێ، بریتییە لە جوڵاندن و وروژاندنی هۆکارەکانی تاوان و خراپە، زیادەڕەوی هەر لەو هێزەو وزە گەورەیەوە پەیدا دەبێت، بوونی ئەم وزە و هێزە توانای جوڵاندنی حەزە خوارسکە شاراوەکانی دەروونی هەیە، ئا لەو کاتەدا دوور نییە موسڵمانی تێکۆشەر تووشی گوناه و تاوان بێت، مەگەر کەسێك خوا ڕەحم و بەزەیی پێدابێتەوە.

دەکرێ ئەوەبێت نهێنی ئەو پێداگیریەی ئیسلام، سەبارەت بە ڕۆژووگرتن کردوویەتی، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە توانایی ژن هێنانیان نییە، بۆیە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێت: ((يا معشر الشباب: من استطاع منكم الباءة فليتزوج، فإنه أغض للبصر، وأحصن للفرج، ومن لم يستطع فعليه بالصوم فانه له

---

(١) ئەمە پاچەیەکە لەو فەرموودەیەی کە هەیسەمی لە (مجمع الزوائد) هێناویەتی: بەشی ڕۆژوو، باسی: لەوانە کەسانێك بەڕۆژوو بن، کەچی تەنها برسێتیەکەیان بۆ بمێنێتەوە ٢٠٢/٣، پاشان سەرنجی لەسەرداوەو وتویەتی: تەبەڕانی لە (الكبير)دا گێڕاویەتیەوە، کەسەکانی متمانەپێکراون.

وجاء))[١] واتە: ئەی کۆمەڵی گەنجان؛ هەر کەسێك لە ئێوە توانای هەیە باژن بهێنێ، چونکە ژن هێنان باشترین هۆکارە بۆ چاوپارێزی و داوێن پاك ڕاگرتن، هەر کەسێکیش ناتوانێت با ڕۆژوو بگرێ، چونکە بۆی دەبێتە قەڵغان.

**٥_ داڕوخان لەکاتی ناخۆشی و تەنگانەدا:** شوێنەواری پێنجەم کە زیادەڕەوی جێی دەهێڵێت، بریتییە لە داڕوخان لەکاتی ناخۆشی و تەنگانەدا، چونکە کەسی زیادەڕەو هەمیشە بە هەبوونی ژیانی بەسەر بردووە، هیچ کاتێك تووشی تەنگوچەڵەمە و ناخۆشی نەبووەتەوە، ئەم جۆرە کەسانە ئەگەر تووشی ناخۆشی و دەردەسەری هاتن، ئەوا هیچ پشتگیری و یارمەتیەکیان بۆ نایەت لەلایەن خواوە، جا لەو کاتەدا دادەڕوخێت، چونکە پشتگیری خوای بۆ نایەت، مەگەر ئەو خۆی لەگەڵ دەروونیدا کۆشش بکات و خۆی چاك بکات، لەو کۆشش کردنەشدا دڵساغ و دڵسۆز بێت: ﴿ لَّقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ ﴾ الفتح: ١٨. واتە: (سوێند بەخوا بەڕاستی خوا ڕازی بووە لەو باوەڕدارانەی کاتێك پەیمانیان لەگەڵدا بەستیت لەژێر درەختەکەدا، خوا خۆشی ئاگاداربووە بەوەی لە دڵەکانیاندا هەیە _ لە نیاز پاکی و دڵسۆزی _ بۆیە ئارامی و ئاسودەی دابەزاندە سەریان).

**٦_ گرنگی نەدان بەکەسانی تر:** شوێنەواری شەشەم کە زیادەڕەوی بەجێی دەهێڵێت، بریتییە لە گرنگی نەدان بە کەسانی تر، چونکە مرۆڤ زۆربەی کات ئەوانی تر لەبیر دەکات و بایەخیان پێنادات، مەگەر پێشتر ناخۆشی تووش بوو بێت، هەروەك کاریگەری کردووەتە سەر پێغەمبەر یوسف (سڵاوی خوای لێبێت) کاتێك جڵەوی خەزێنەکانی زەوی لەدەست گرت، ئەوا هیچ کات سکی تێر نەدەکرد، کە پرسیاری لێکرا لەو بارەوە، فەرمووی: دەترسم ئەگەر تێربم کەسانی برسی لەبیرکەم.

---

(١) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی: مارەبڕین، ٣/٣، و موسلیم لە سەحیحەکەیدا: بەشی مارەبڕین، ٢/ ١٠١٨ _ ١٠١٩. بێژەکەی هی موسلیمە، هەر دووکیان لە ئیبن مەسعودیان گێڕاوەتەوە.

کەسی زیادەڕەو دەور دراوە بەناز و نیعمەتەکان، جا چۆن دەتوانێت بیر لە کەسانی تر بکاتەوە و گرنگیان پێبدات؟!

**٧_ لێپرسینەوە لە ئایندەدا، لە بەردەم بارەگای خوا:** شوێنەواری حەوتەم کە بەهۆی زیادەڕەوییەوە گەڵاڵە دەبێت، بریتییە لەو لێپرسینەوەیەی کە لە ئایندەدا لەبەردەم بارەگای خوادا ئەنجام دەدرێت، هەروەك خوای پاك و بێگەرد فەرموویەتی:﴿ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ﴾ التكاثر: ٨. واتە: (پاشان سوێند بەخوا پرسیارتان لێدەکرێت دەربارەی هەموو ناو نیعمەتەکانی دونیا).

تەنها ڕاوەستان و لێپرسینەوە لەبەردەم بارەگای خوا سزا و ئازارە، هەروەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ((من نوقشة الحساب يوم القيامة عذب))[١] واتە: هەر کەسێك لێ پرسینەوەی لەگەڵدا بکرێ لە ڕۆژی دوایدا ئەوا سزا دەدرێ.

**٨_ کەوتنە ژێر کاریگەری بەدەستهێنانی شتی حەرام:** هەشتەم شوێنەوار کە بەهۆی زیادەڕەوی کردنەوە چەکەرە دەکات، بریتییە لە کەوتنە ژێر کاریگەری بەدەستهێنانی شتی حەرام، چونکە کەسی زیادەڕەو وا دەزانێت کە دەستهات و داهاتی کۆتایی هات و کەم بووەتەوە، بۆیە ناچار دەبێت بۆ درێژەدان بەو ماڵ و سامانەی کە پێکی هێناوە _ پەنا بەخوا _ تووشی بەدەستهێنانی شتی حەڕام بێت، لە فەرموودەشدا هاتووە: ((کل جسد نبت من سحت_ أي من حرام _ فالنار أولى به))[٢] واتە: هەر جەستەیەك بەحەرام جۆش درابێت و گەورە کرابێت، ئەوا تەنها ئاگر شایەنیەتی.

**٩_ برایەتی کردنی شەیتانەکان:** شوێنەواری نۆیەم کە بەهۆی زیادەڕەوییەوە گەڵاڵە دەبێت، بریتییە لە برایەتی کردنی شەیتانەکان، هەروەك خوای پاك و بەرز

---

(١) ئەمە پارچەیەکە بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی: زانست، ١/٣٧، و بەشی ڕاڤەی قورئان ٦/ ٢٠٨، و موسلیم لە سەحیحەکەیدا: بەشی بەهەشت. لە عائیشەیان گێڕاوەتەوە. بێژەکەی هی موسلیمە.

(٢) پێشتر ئاماژە بە سەرچاوەی ئەم فەرموودەیە کراوە.

دەفەرموویت: ﴿ إِنَّ ٱلۡمُبَذِّرِينَ كَانُوٓاْ إِخۡوَٰنَ ٱلشَّيَٰطِينِۖ وَكَانَ ٱلشَّيۡطَٰنُ لِرَبِّهِۦ كَفُورٗا ﴾ الاسراء: ٢٧. واتە: (بەڕاستی ئەوانەی ماڵ و سامانیان بەفیڕۆدەدەن _ لە ڕێگەی خراپەدا خەرجی دەکەن _ ئەوانە هەمیشە وەك برای شەیتانەکان وان، شەیتانیش لەبەرامبەر _ ناز و نیعمەتەکانی _ پەروەردگاریەوە زۆر ناشوکر و بەدنمەکە).

برایەتی کردنی شەیتانەکان واتە، ڕۆیشتنە ناو دەستە و تاقمی ئەوانەوە، ئەمەش زیانێکی ئاشکرا و سەرگەردانیەکی مەزنە: ﴿ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱلشَّيۡطَٰنِ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴾ المجادلة: ١٩. واتە: (ئاگادار بن" بێگومان دەستە و تاقمی شەیتان خەسارەتمەند و زەرەرمەندە).

**١٠ _ بێ بەش بوون لە خۆشەویستی خوا:** شوێنەواری دەیەم کە زیادەڕەوی بەجێی دەهێڵێت، بریتییە لە بێ بەش بوون لە خۆشەویستی خوا، هەروەك خوای پاك و بێگەرد دەفەرموویت: ﴿ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ﴾ الانعام: ١٤١، الأعراف: ٣١. واتە: (خوا لە سنوور دەرچووان و زیادەڕەوانی خۆش ناوێت).

## شوێنەوارەکانی لەسەر کاری ئیسلامی:

**شوێنەوارەکانی لەسەر کاری ئیسلامی، لەمانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:**

ئاسانی زاڵبوونی بەرامبەر بەسەر کاری ئیسلامیدا یان بەلایەنی کەمەوە دواخستنی بۆ دەیان ساڵی دواتر، چونکە تاکە چەکی موسڵمانان کە بەهۆیەوە لە ڕووبەڕووی دوژمنانی خواوە دەوەستن ئیمانە، زیاتر کاریگەر دەبێ بە زیادەڕەوی و دەستبڵاوی و خۆشگوزەرانی و پاڵدانەوە.

ئەمە شوێنەوارەکانی زیادەڕەوی کردنە لەسەر بانگخوازان و کاری ئیسلامی، پێشتریش لە بابەتی هۆکارەکانی خاوبوونەوە چەندین دەقمان بینی لە پەرتووکی خوای پایەبەرز و خاوەن شکۆ و ژیاننامەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و بەسەرهاتی پێشینان، کە گشت ئەو شوێنەوارانە بە پوختی لەخۆدەگرێ.

**چوارەم: ڕێگای چارەسەرکردنی زیادەڕەوی کردن:**

**لەبـــەر ئـــەوەی هۆکـــار و شـــوێنەوار و چارەنووســـی زیادەڕەویمـــان زانی، بەم پێیە ڕێگای چارەسەریش بریتییە لە:**

**١_ بیرکردنەوە لەو شوێنەوار و سەرەنجامانەی کە بەهۆی زیادەڕەوییەوە گەڵاڵە دەبن:** ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی هۆشیاربوونەوە و خۆپاراستن لە زیادەڕەوی پێش تێپەڕینی کات.

**٢_ ورەبەرزبوون لەگەڵ دەروون:** ئەویش بەگوێنەدانە داواکاری و حەز و ئارەزووەکانی، پێ لە دەروونان و کاری گران پێکردن، هەر لە شەونوێژ و ڕۆژووی سوننەت و ماڵ بەخشین و هاتووچۆ پێکردن و پێ هەڵگرتنی شتی گران... هاوشێوەی ئەمانە.

**٣_ بەردەوام بوون لەسەر تێڕامان و سەیرکردنی ژیاننامە و سوننەتی پێغەمبەر"** چونکە پڕیەتی لە هۆشداریدان بەرامبەر زیادەڕەوی، کۆشش کردن لەگەڵ دەروون و خانەوادە و ژیان بەسەربردنی بە سەختی و گرانی، دەفەرمووێ:

((المؤمن يأكل في معي واحد، والكافر يأكل في سبعة أمعاء))(١) واتە: باوەڕدار لە یەك گەدەدا دەخوات، بەڵام بێ باوەڕ لە حەوت گەدەدا دەخوات. لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: کە پێغەمبەرخوا (صلى الله عليه وسلم) میوانی بێ باوەڕی بۆ هاتووە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی کردووە بەدۆشینی شیری مەڕ، کە شیرەکەیان هێنا، میوانەکە شیرەکەی خواردەوە، پاشان یەکێکی تری خواردەوە، پاشان یەکێکی تری خواردەوە، تاکو شیری حەوت مەڕی خواردەوە، پاشان بەیانی بەسەرداهات، موسڵمان بوو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی کرد کە مەڕێك بێنن، تازە موسڵمانبووەکە شیری مەڕەکەی خوارد، پاشان فەرمانی دا بەهێنانی

---

(١) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی: خواردەمەنیەکان، ٧/ ٩٢ _ ٩٣، و موسلیم لە سەحیحەکەیدا: بەشی: خواردنەوە، ٢/ ١٦٣١ _ ١٦٣٢، بێژەکەی هی موسلیمە، هەر دووکیان لە ئیبن عومەر و جابر و ئەبو موسا گێڕاویانەتەوە.

هەندێك شیری تر، تەواوی نەكرد، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: باوەڕدار لە یەك گەدەدا دەخوات، بەڵام بێ باوەڕ لە حەوت گەدەدا دەخوات.

((ما ملأ آدمي وعاء شرا من بطنه، بحسب ابن آدم أكلات يقمن صلبه، فإن كان لا محالة، فثلث لطعامه، وثلث لشرابه، وثلث لنفسه))[١] واتە: ئادەمیزاد هیچ شتێکی پڕنەکردووە لە سکی خراپتر، بەسیەتی چەند پارویەك کە پشتی پێ ڕاگیر بکات، ئەگەر هەر نەکرا با سێیەکی بۆ خواردن، سێیەکی بۆ خواردنەوە، سێیەکی بۆ هەناسەدان بێت.

__عائیشە دایکی ئیماندارن (خوا لێی ڕازی بێت) بە عوروەی کوڕی زوبێری کە خوشکەزایەتی وت: (إن كنا لننظر إلى الهلال، ثلاثة أهلة في شهرين، وما أوقدت في أبيات رسول الله ﷺ نار، فيقول لها عروة، ما كان يعيشكم؟ قالت: الأسودان: التمر و الماء، إلا أنه كان لرسول الله ﷺ جيران من الأنصار، كان لهم منائح، وكانوا يمنحون رسول الله ﷺ من ألبانهم فيسقيناه)[٢]، واتە: ئێمە جاری وا بوو سێ جار مانگی یەك شەوەمان بینیوە، کەچی لە ماڵەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئاگر نەکراوەتەوە، عوروە پێی وت: جا باشە پورێ بەچی دەژیان، وتی: بە دوو ڕەشەکە: خورما و ئاو، بەڵام ئەوە هەیە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دراوسێیەکی لە پشتیوانان "ئەنساریەکان" هەبوو، هەمیشە بەخشینیان هەبوو، شیریان بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەنارد، بەشی خواردنەوەی ئێمەی لێدەدا.

هەروەها وتویەتی: (كان فراش رسول الله ﷺ من أدم وحشوه من ليف)[٣]، واتە: ڕایەخی لە پێست بوو، ناواخنەکەشی لە ڕیشاڵی دار خورمای پێك هاتبوو.

---

(١) ترمزی لە سونەنەکەیدا هێناویەتی: ٤/ ٥٩٠، بە ژمارە ١٣٨٠.

(٢) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی: دونیا بەکەمزانی، ٨/ ١٢١ _ ١٢٢، و موسلیم لە سەحیحەکەیدا: بەشی دونیا بەکەمزانی ٤/ ٢٢٣٤، بە ژمارە ٢٩٧٢، بێژەکەی هی بوخارییە، هەر دووکیان لە عائیشەیان گێڕاوەتەوە.

(٣) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی: مارەبڕین، ٣/٣، و موسلیم لە سەحیحەکەیدا: بەشی مارەبڕین، ٢/ ١٠١٨ _ ١٠١٩. بێژەکەی هی موسلیمە، هەر دووکیان لە ئیبن مەسعودیان گێڕاوەتەوە.

عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) وتویەتی: (ما شبع آل محمد ﷺ منذ قدم المدينة من طعام بر ثلاث ليال تباعاً حتى قبض)[١]، واتە: خانەوادەی پێغەمبەر محەمەد (صلى الله عليه وسلم) سێ شەو لە سەریەك لە نانی گەنم تێریان نەخواردووە، تا ئەو کاتەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کۆچی دوایی کرد.

یەکێك لە نزاکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بریتی بوو لەوەی کە دەیفەرموو: ((اللهم ارزق آل محمد قوتا))[٢] واتە: خوایەگیان ڕزق و ڕۆزی بنەماڵە و نەوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەر ئەوەندە بێت پێی بژین.

لە ڕاستیدا کاتێك موسڵمانی بانگخواز لەسەر ئەم فەرموودە و جگەلەوەش هەڵوەستە دەکات، ئەوا هەست و سۆزی دەجولێت و پەرەدەسەنێت، ئینجا بەو شێوەیە ڕێباز و شوێن پێی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەڵدەگرێت و لەسەری دەڕوات، ئەمەش وەك شوێنکەوتن و پێ کاریگەربوون، دەربڕینی هیوا و خواستنی هاوەڵایەتی کردنی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم) لە بەهەشتدا: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقٗا ﴿٦٩﴾ ذَٰلِكَ ٱلۡفَضۡلُ مِنَ ٱللَّهِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ عَلِيمٗا ﴿٧٠﴾﴾ النساء: ٦٩_٧٠. واتە: (ئەوەی فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەری بکات، جا ئەوانە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبن _ لە بەهەشتی بەریندا _ کە خوا نازو نیعمەتی ڕژاندووە بەسەریاندا لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و پیاوچاکان، ئای کە ئەوانە هاوەڵ و هاوڕێ و هاودەمێکی چاك و بێ وێنەن، ئەو ڕێزو بەهرە گەورەیە هەر لەلای خواوەیە، خوا خۆی بەسە کە زانایە بەهەموو شتێك).

---

(١) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی: دونیا بەکەمزانی ٨/ ١٢١، لە فەرموودەی عائیشەیە.

(٢) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی: دونیا بەکەمزانی ٨/ ١٢٢، و موسلیم لە سەحیحەکەیدا: بەشی دونیا بەکەمزانی، ٤/ ٢٢٨١، بە ژمارە ١٠٥٥. فەرموودەکە هی عائیشەیە.

**٤_ بەردەوام چاو خشاندنەوە بە بەسەرهات و ژیاننامەی پێشینە چاکەکان لە هاوەڵە تێکۆشەرەکان و زانا کۆڵنەدەرەکان"** چونکە ئەوانە شوێن پێی پێغەمبەریان (صلی الله علیه وسلم) هەڵگرتووە، ژیانیان سنووردار بووە، خەفەتیان بۆ دونیا نەخواردووە، تەنها بە ڕێگایەکیان داناوە کە کۆتاییەکەی بە دوارِۆژ دەگات.

**عومەری کوڕی خەتاب چووە ژوورەوە لای عەبدوڵای کوڕی (خوا لە هەر دووکیان ڕازی بێت) گۆشتی لەلا بینی، پێی فەرموو: ئەم گۆشتە چییە؟ ئەویش وتی: حەزم لێبوو، فەرمووی حەزت لە هەر شتێك بوو ئەوا دەیخۆی؟ چاك بزانە هەرچی مرۆڤ حەزی لێکرد و خواردی، ئەوا ئەمە بەسە تا ببیتە زیادەڕەوی))**[1].

**سەلمانی فارسی هاتە لای ئەبوبەکری سدیق (خوا لە هەر دووکیان ڕازی بێت) کاتێك ئەبوبەکر نەخۆش بوو، لەو نەخۆشیەی کە تێیدا کۆچی دوایی کرد، سەلمان پێی وت ئەی جێنیشینی پێغەمبەر** (صلی الله علیه وسلم) **ئامۆژگاریم بکە، ئەبو بەکر فەرمووی: (خوای گەورە دەرگای دونیای بەسەر ئێوەدا واڵاکردووە، هیچی لێمەبەن مەگەر ئەوەی یارمەتیتان دەدات بۆ گەیشتن بە ئامانج)**[2].

**سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس نامەیەکی نووسی بۆ عومەری کوڕی خەتاب (خوا لە هەر دووکیان ڕازی بێت)، لەبارەی بنیاتنانی خانوویێك بۆ خۆی، ئیمامی عومەر واژووی لەسەر کرد و پەسەندی کرد، بەڵام تیایدا نووسیبووی: (خانوێك بنیات بنێ کە لە تیشکی ڕۆژ و باران بتپارێزێ، چونکە دونیا تەنیا شوێنی ڕۆیشتن و گوزەر پێداکردنە بەرەو مەبەست و ئامانج)**[3].

---

(١) ئەم شوێنەوارە کاندهلوی هێناویەتی لە (الحیاة الصحابة: ژیاننامەی هاوەڵان) ٢/٢٨٤_٢٨٥ و وتویەتی: (عبدالرزاق هێناویەتی، و ئەحمەد لە دونیا نەویستیدا، عەسکەری لە ئامۆژگاریەکاندا، و ئیبن عەساکر لە حەسەنەوە، وتویەتی: عومەری کور خەتاب چووە ژوورەوەی لای کوڕەکەی.. هەموو بەسەرهاتەکەی هێناوە)).

(٢) ئەم شوێنەوارە کاندهلوی هێناویەتی لە (الحیاة الصحابة) ٢/٢٨٧، و هەموو بەسەرهاتەکەی هێناوە.

(٣) ئەم شوێنەوارە کاندهلوی هێناویەتی لە (الحیاة الصحابة) ٢/٢٨٦ و وتویەتی: (ئیبن ئەبی الدنیا و دەینوری لە سوفیانی کوڕی عەیینەوە هێناویانە کە وتویەتی: سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس، نامەیەکی نووسی

مەیمونە دەگێڕێتەوە کە کەسێك لە نەوەی عەبدوڵای کوڕی عومەر (خوا لە هەر دووکیان ڕازی بێت) داوای جلێکی بۆ لەبەرکردنی لێکردووە، وتویەتی: لەوانەیە جلی من کن ببێ، عەبدوڵا پێی وت: (جلت ببڕەو پاشان لەبەری ك)) گەنجەکە ئەمەی پێناخۆش بوو، بۆیە عەبدوڵا پێی وت: (لەخوا بترسێ، لەو کەسانە مەبە کە هەرچی ڕزق و نیعمەتی خوا هەیە لە سك و پشتیاندا دادەنێن))[1].

چەندین هەواڵی تریش، لێرەو لەوێ لە پەرتووکەکاندا هاتووە.

٥_ **هاوەڵێتی نەکردنی زیادەڕەوکاران:** پەیوەست بوون بەهاوەڵێتی کردنی ورە بەرزەکان و خاوەن دەروونە گەورەکان، ئەوانەی کە دونیا بەکەم دەزانن، کۆشش دەکەن لە پێناو دووبارە دەستپێکردنەوەی ژیانی موسڵمانانەی ڕێك و پێك، کە لە ناویدا خوێن و سەروەت و سامان و شەرەفیان پارێزراو بێ، بەهۆیەوە حوکمی خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ لە زەویدا بەرپا بکەن، گوێ نادەن بەوەی کە تووشیان دێت لەپێناوی خوا، ئەمەش هەموو جۆرەکانی زیادەڕەوی لەناودەبات، دەمانپارێزێت لە دووبارە تووش بوون بەم دەردە، دەبا لە نێو کاروانی ئەو کەسانەبین کە بەرەو خوا دەچن.

٦_ **گرنگیدان بە بنیاتنانی کەسایەتی ژن و مێرد:** ئەمە لە توانایدایە کە دەست بەسەر گشت لایەنەکانی دەستبلاویدا بگرێت، دووبارە ژیان بگوزەرێنرێت بەبێ تووش بوون بە زێدەڕەوی، پارمەتیدەر دەبێ لەسەر گرتنەبەری ڕێگای بەرەو خواچوون، کاتێك کە ئەو ژیانە کۆتا دێت بەگشت ناخۆشی و درك و داڵ و تەنگ و چەڵەمەکانیەوە و دەگەڕێینەوە بۆ لای خوا، ئا لەوێ بەشی خۆمان لە خۆشی بەهەشتی هەتا هەتایی دەست دەخەین.

---

بۆ عومەری کوری خەتاب (خوا لە هەر دووکیان ڕازی بێت) کتاێك کاربەدەستی کوفە بوو لە بارەی بنیاتنانی خانووێك بۆ خۆی) و هەموو بەسەرهاتەکەی هێناوە.

(١) ئەم شوێنەوارە کاندهلوی هێناویەتی لە (الحياة الصحابة) ٢٨٦/٢ و وتویەتی: (ئیبن ئەبی نەعیم لە (الحلية ٣٠١/١) هێناویەتی، لە مەیمونەوە دەگێڕێتەوە کە کەسێك لە نەوەی عەبدوڵای کوڕی عومەر (خوا لە هەر دووکیان ڕازی بێت) داوای جلێکی بۆ لەبەرکردنی لێکردووە........)) و هەموو بەسەرهاتەکەی هێناوە.

**٧_ بەردەوام بیرکردنەوە لەو باردۆخەی کە مرۆڤایەتی بەگشتی و موسڵمانان بەتایبەت تێیدا دەژین"** چونکە ئەمە دەبێتە هۆی زاڵ بوون بەسەر گشت لایەنەکانی دەستبڵاوی و زیادەڕەوی، تاکو ئاڵای ئیسلام سەر لەنوێ نەشەکێتەوە و بەرنامەی خوا بەرپانەبێ تام لە ژیانی دونیا ناکات.

**٨_ بیرکردنەوەی بەردەوام لە مردن و ناخۆشیەکانی دوای مردن:** ئەمەش وا دەکات کە دیاردەکانی دەستبڵاوی و زیادەڕەوی فەراموش بکرێن، بگەڕێنەوە لای خوا، بەبێ دووبارە تووش بوون بەو پەتایە، ئامادەکاری بکەن بۆ کاتی بارگە تێکنان و گەیشتنە دیداری پەروەردگار.

**٩_ بیرکردنەوە لە سروشتی ڕێگا، ئەو ئازار و ناخۆشیانەی تیایدان:** ئەگەرچی زیادەڕەوکار تێشووی ڕێگای نابێ، بەهۆی دەستبڵاوی و پاڵدانەوە، بەڵکو بە خۆڕاگری و ئارامگرتن لەسەر ناخۆشیەکان، بیرکردنەوە لە سروشتی ئەو ڕێگەیە ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەر دەبینێ لە چارەسەرکردنی زیادەڕەوی، کۆششکردن لەگەڵ ناخ و دەروون و بڕینی کۆسپەکانی سەر ڕێگای بانگەواز.

# دەردی سێـــیەم

## پـــەلـــەکـــردن (الإســـتـــعجال)

دەردی سێیەم كە تووشی هەندێ لە بانگخوازان دەبێتەوە، خۆ لێ پارستنیشی پێویستە، ئەویش دەردی پەلەكردنە، بۆ ئەوەی تێڕوانینێكی وردمان لەبارەی ئەم دەردە هەبێ، ئەوا بەو شێوەیەی خوارەوە شەنوكەوی دەكەین:

**یەكەم: واتای پەلەكردن (الإستعجال):**

**لە زمانەوانیدا:** (الإستعجال والإعجال والتعجل): هەر سێكیان یەك واتا دەگەیەنن، ئەویش: هاندان و هەڵنانە، داوای پەلەكردنە و گورج بوونەوەیە، كەسێك داوای پەلەكردنی لە كەسێكی تر كرد، هانی دا و پاڵی پێوەنا، فەرمانی پێكردووە پەلە بكات لە كارەكەیدا[1]، لەوەوە خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿ وَلَوْ يُعَجِّلُ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ ٱلشَّرَّ ٱسْتِعْجَالَهُم بِٱلْخَيْرِ لَقُضِيَ إِلَيْهِمْ أَجَلُهُمْ ﴾ یونس: ١١. واتە: (ئەگەر خوا خەڵكی تووشی شەڕ و ناخۆشی بكردایە بە زووی _ لەسەر داخوازی خۆیان كاتێك تەنگەتاو دەبن _ هەر وەكو چۆن بۆ داخوازی خێر پەلەیانە، ئەوە هەر هەموویان كۆتاییان بە ژیانیان دەهێنرا).

كەواتە مەبەستی ئەوەیە: ئەگەر خوای مەزن بە زووی خەڵكی تووشی شەڕ و ناخۆشی بكردایە، بەهۆی ئەو نزاو دوعایانەی كە لەكاتی تووڕەبوون و هەڵچووندا لە خۆیان و منداڵ و خاوخێزانیان دەكەن، پەلەی لێدەكەن، هەروەك پەلە دەكەن لە داواكردنی خێر و بەزەیی، ئەوا ژیانیان كۆتایی پێدەهێنرا و دەمردن.

**لە زاراوەدا:** واتای پەلەكردن لە زاراوەی بانگخوازاندا: بریتییە لەو هێزەی كە دەیەوێ بارودۆخی ئێستای ژیانی موسڵمانان، لە ماوەیەكی كەمدا یاخود كەمتر لە چاوتروكانێكدا بگۆڕن، بەبێ ڕەچاوكردنی سەرەنجامەكان، بێ تێگەیشتن لە بارودۆخ

---

(١) بڕوانە فەرهەنگی (لسان العرب)ی (ابن منظور) ٤٢٥/١١ مادة (عجل).

و ئەو شتانەی دەوری بارودۆخەکەیان تەنیوە، هەروەها بێ ئامادەکاریەکی چاك و ڕێکوپێك بۆ پێشەکییەکان و شێواز و هۆکار و ڕێوشوێنەکان.

بەشێوەیەك کە خەڵکی چاویان بنوقێنن پاشان بیکەنەوە، یاخود شەوێك بخەون و پاشان هەڵسنەوە، لەو کاتەدا ببینن کە هەموو شتێك گەڕاوەتەوە سەر سروشتی ئاسایی خۆی: نەفامی لە ڕێگایاندا لادراوە، ئاڵای ئیسلام سەر لەنوێ بەرز کراوەتەوە و دەشەکێتەوە، هەموو مرۆڤێك مرۆڤایەتیەکەی سەر لەنوێ دەستکەوتۆتەوە، و سروشتی پاك ڕزگاری بووە لە چنگ و چەپۆکی تێکڕای لادەرەکان و شێوێنەرەکان، کە پاکێتیەکەی شێلو دەکات.

## دووەم: تێڕوانینی ئیسلام بۆ پەلەکردن:

پەلەکردن لە سروشتی مرۆڤدا هەر هەبووە، بەگەواهی خوای بەدیهێنەر، ئەو خوایەی کە مشوری کاروبارەکانی مرۆڤ و بەدیهێنراوان دەخوات: ﴿ وَيَدْعُ ٱلْإِنسَٰنُ بِٱلشَّرِّ دُعَآءَهُۥ بِٱلْخَيْرِ ۖ وَكَانَ ٱلْإِنسَٰنُ عَجُولًا ﴿١١﴾ ﴾ الاسراء: ١١. واتە: (ئینسان _ کاتێك تەنگەتاو دەبێت _ نزای شەڕ دەکات، هەر وەك چۆن لەکاتی ئاسایدا نزای خێر دەکات، مرۆڤ هەمیشە و بەردەوام بە پەلە و هەڵەشەیە). ﴿ خُلِقَ ٱلْإِنسَٰنُ مِنْ عَجَلٍ ﴾ الانبياء: ٣٧. واتە: (ئەوەندە بەپەلە و تالۆکەیە، _ هەر دەڵێیت _ لە پەلە و تالۆکەیی دروستکراوە). ئیسلام بە دادپەروەری و دڵپاکیەوە دەڕوانێتە پەلەکردن، بەیەکجاری ستایشی ناکات، بەیەکجاری سەرزەنتیشی ناکات، بەڵکو بەشێکی ستایش دەکات، بەشەکی تریشی سەرزەنشت دەکات.

ئەوەی ستایشکراوە: ئەوەیە کە گەڵاڵە بووە لە هەڵسەنگاندنێکی ورد بۆ شوێنەوار و سەرەنجامەکان، درك پێکردن و تێگەیشتنێکی تەواو بۆ بارودۆخەکە هەیە، ئامادەسازییەکی چاك و پلەبەندییەکی ڕێك و ڕەوان کراوە.

لەوانەیە ئەو جۆرە پەلەکردنە، ئەو پەلەکردنە بێ کە لەو فەرموودەیەی خوای گەورە مەبەست بێ، کە لە سەرگوزەشتەی موسادا (سڵاوی خوای لێبێ) هاتووە، خوای گەورە لەوبارەوە فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَعۡجَلَكَ عَن قَوۡمِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿٨٣﴾ قَالَ هُمۡ أُوْلَآءِ عَلَىٰٓ أَثَرِي وَعَجِلۡتُ إِلَيۡكَ رَبِّ لِتَرۡضَىٰ ﴿٨٤﴾﴾ طه: ٨٣، ٨٤. واتە: (ئەی موسا بۆ چی پەلەت کرد و قەومەکەت بەجێهێشت، موسا وتی: ئەوان لەسەر ڕێبازی من دەڕۆن _ بەڵام من ئارەزوومەندی گفتوگۆ بووم _ بۆیە بەپەلە هاتم تا تۆ ئەی پەروەردگارم لێم ڕازی بیت_ فەرمانە پیرۆزەکانت وەربگرم _). بارودۆخەکە لەبارە و هەل و فرسەتەکەش ڕەخساوە، سەرەنجامەکەشی ستایشکراوە، دەروونیشی پاك و درەوشاوەیە، جا چی وا لە موسا بکات لەسەر خۆ بێت و دوابکەوێت؟.

ئەوەی سەرزەنشتکراوە: ئەوەیە کە پەلەکردن تەنها پاڵنەرێکی دەروونی بێ، خاڵی بێ لە هەموو هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیەك بۆ سەرنجام و ئاکامەکان، بەتاڵ بێ لە تێگەیشتن لە بارودۆخ و ئامادەسازی کردن.

ئەم جۆرەی دوایی بریتییە لەوەی کە پێغەمبەری ڕێزدارمان محەممەد (صلى الله عليه وسلم) مەبەستیەتی، کاتێك بە خەبابی کوڕی ئەرتی _ خوا لێی ڕازی بێت _ فەرمووی: لەکاتێکدا کە هات بۆ لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) سکاڵای حاڵ و بارودۆخی خۆی و هاوەڵانی لەلا کرد، بەوەی کە ڕووبەڕووی ناخۆشی و نا هەمواری دەبنەوە، داوای لێکرد کە سەرکەوتن لە خوای مەزنەوە بخوازێت و لێی بپاڕێتەوە، ئەویش پێی فەرمووی: ((كان الرجل فيمن قبلكم يحفر له في الأرض، فيجعل فيها، فيجاء بالمنشار، فيوضع على رأسه، فيشق اثنتين، وما يصده ذلك عن دينه، ويمشط أمشاط حديد، ما دون لحمه من عظم أو عصب، وما يصده ذلك عن دينه، والله ليتمن هذه الأمر، حتى يسير الراكب من صنعاء إلى حظر موت، لا يخاف إلا الله والذئب على غنمه،

ولكنكم تستعجلون))[١]. واتە: پیاو هەبووە لە پێش ئێوەدا چاڵی بۆ هەڵدەكەنرا، دەخرایە ناویەوە، پاشان مشارێكیان دەهێنا، لەسەر سەریان دادەنا و دەیانكردە دوو لەت، ئەمە هۆكارێك نەبوو بۆ ئەوەی ڕێگری لە دینداری ئەو بگرێت، بە شانەی ئاسنین لە ئێسك و گۆشتیان دادەماڕا، كەچی ئەمە نەبووە ڕێگری لەدینداریان، سوێند بە خوا ئەم پەیامە بە ئامانج دەگات، تاكو وای لێدێ سوار لە سەنعاوە بۆ حەزرەموت دەچێت، جگەلە خوا لە هیچ شتێكی تر ناترسێ، گورگ شوانێتی ڕانە مەڕ دەكات، بەڵام ئێوە پەلە دەكەن.

ئەمە ئەو جۆرەی پەلەكردنەیە، كە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە و دەمانەوێ لەسەری بوەستین.

## سێیەم: سیماكانی پەلەكردن:

١ـ هێنانی هەندێ كەس بۆ ناو كاراونی بانگخوازان پێش پەیمان لێوەرگرتن، بەر لە دڵنیابوون لە ئامادەیی و شایستەیی توانایان، ئامادەسازیان بۆ ئەم كارە.

٢ـ بەرزكردنەوەی هەندێ لە بانگخوازان لە ئاستێكەوە بۆ ئاستێكی بەرزتر، بەر لەوەی ئەو كەسانە بە تەواوی تێبگەن و پێبگەن و كەسایەتیان دابمەزرێ.

٣ـ هەڵسان بە چەند هەڵسوكەوتێكی سەرەڕۆ و بچوكی لا بەلا، كە بە زیان بۆ بانگەواز دەشكێتەوە، نەوەك لە سود و قازانجیەوە بێ.

## چوارەم: شوێنەوارەكانی پەلەكردن:

**هـەموو ئـەو دیاردانـەی كـە تۆزێـك لەمەوبـەر باسـكران، جگەلەمانـەش چەند شوێنەوار و سەرەنجامێكیان هەیە:**

---

(١) بوخاری لە سەحیحەكەیدا هێناویەت: بەشی پێغەمبەران ٤/ ٢٤٤. و بەشی: پلەوپایەی پشتیوانان: ٥/ ٥٦ ـ ٥٧. و بەشی: باچركردن ٩/ ٢٥ ـ ٢٦.

**١_ لەوانەیە ببێتە هۆی خاوبوونەوە:** بەو شێوەیەی کە لە دەردی یەکەم شیمانکردەوە، مارێکی کەمی بەردەوام، زۆر چاکترە لە کارێکی زۆری پچڕاو: ((وإن أحب العمل إلى الله أدومه، وإن قل))(١) واتە: بەڕاستی چاکترین کار لای خوا بەردەوامترینیانە، ئەگەرچی کارەکە کەمیش بێت.

**٢_ دەکرێ ببێتە هۆی مردنێکی خراپ:** ئەمەش لەکاتێکدا کە هیچ بەرهەمێکی نەبێت، لەوێش بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن و سەرزەنشت دەکرێن لەلای خوای پایەبەرز، ئەو ڕۆژەی کەس فریای کەس ناکەوێت، هیچ کەسێك هیچ شتێکی لەدەست نایەت بۆ ئەوەیتر، ئەو ڕۆژە هەموو شتێك بە دەست خوایە، فەرمان تەنها فەرمانی پەروەردگاری دادپەروەرە. ئەم بەسەرهاتەی دەخرێتەڕوو بەڵگەیەکی کرداریە لەسەر ئەوەی دەیڵێین: ((بزوتنەوەی ئیسلامی لە میسر لە کۆتایی سییەکان تەمەنیدا بوو، کە بە خۆشترین ڕۆژەکانی تێدەپەڕی: لە نێو هەموو ژینگەدا دەبرِێ، وەك ئەو کەشتیەی دەریا ئارام و هێورە، ئەو بزوتنەوەیە دەنگی بیستراوە بوو چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی یاخود لەسەر ئاستی جیهانی، لەم کاتەدا یەکێك لە ئەندامەکانی وەستا، کە ناوی ئەحمەد ڕەفعەت بوو، دەنگی ناڕەزایی لێبەرز بووەوە لە بەرامبەر هەموو ئەو شێوازانەی کە ئەو بزوتنەوەیە گرتبوویەبەر، بانگەشە بۆ شێوازی تری کارکردن کرد.

لە سەرەتا ئەمە جێگای سەرنج نەبوو، هەموو تاکێکی نێو بزوتنەوەکە بۆی هەبوو ڕەخنە لەو شتە بگرێت کە شایەنی ڕەخنە لێگرتنە، پاشان لە نێو لایەنەکان گفتوگۆی لەسەر دەکرێ و کۆتای دێت، بەوەی کە دەگەن بە ڕای ڕاستتر و ڕێگای چاکتر، بەڵام ئەوەی سەرنجەکانی ڕاکێشابوو، ئەوە بوو کە بەپەلە لەلایەن زۆرێك لە گەنجانی بزوتنەوەکە وەڵامی ئەم بانگەوازە درایەوە، نامانەوێ بچینە نێو باس و خستنەڕووی هۆکارەکانی، بەڵکو ئەوەی مەبەستمانە گرێدانی دیدارە بۆ ئاشنابوون بە ڕەخنەکان، جا داواکاریەکانی ئەحمەد ڕەفعەت لە سێ شتدا کورت ببووەوە:

---

(١) لەکاتی گفتوگۆکردن لەبارەی هۆکارەکانی خاوبوونەوە، ئاماژە بە سەرچاوەی ئەم فەرموودەیە کرا.

**یەکەم:** ئەو وادەبینێ بزوتنەوەکە خۆش ڕەفتارە لەگەڵ دەوڵەت، لەگەڵێدا سیاسەتی پێچ و پەنا و ماستاوچیایەتی پەیڕەو دەکات، کەچی ئەوەی پێویستە پێچەوانە ئەمە بجولێتەوە، کە بریتیە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دەوڵەت بەو ڕاستیەی کە قورئانی پیرۆز بڕیاری لەسەر داوە: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾ المائدة: ٤٤. واتە: (ئەوەی حوکم و داوەری بەو بەرنامەیە نەکات کە خوا دایبەزاندووە، ئا ئەوانە بێباوەڕن).

**دووەم:** بۆچوونیشی وابوو کە بزوتنەوەکە هیچ لێ پێچینەوەیەکی نەکردووە، سەبارەت بە پرسی ڕووت و قوتی و خۆ دەرخستنی ئافرەتان، تەنیا بە ئامۆژگاری و وتە ڕووبەڕووی ئەم پرسە بووەتەوە، کەچی پێویستە تاکەکانی بزوتنەوە دابەزنە نێو شەقامەکانی قاهیرە، هەر یەکێك لە تاکەکانی بزوتنەوە شوشەیەکی مەرەکەبی پێ بێ، جا هەر کە ئافرەتێکی ڕووتی بەلادا چوو ئەوا مەرەکەبەکەی پێدا بکات، تاکو جلەکانی دەبێ بە شەڵتەی مەرەکەب، ئەمە دەبێتە هۆی ڕێگری لەم خۆدەرخستنە و قوتی و ڕووتییە.

**سێیەم:** ئەو وابۆی دەچێ کە پشتگیری بزوتنەوە لە تێکۆشەرانی فەڵەستین تەنها بریتییە لە پڕپاگەندە و بانگەشە و کۆکردنەوەی پارە و سامان، ئەمەش کەمتەرخەمی نواندنە لە ئاست ئەو پرسەدا، دەستهەڵگرتنە لە تێکۆشان، دواکەوتنە لە مەیدانی جەنگ و جیهاد، پێویستە لەسەر گشت تاکێکی بزوتنەوەکە: کارەکانیان بەجێ بێڵن و خۆیان ببەخشن و لە ڕیزەکانیدا ڕیزببەستن، ئەگەر ئەوەیان نەکرد بەڕاستی لە سەرپێچیکارانن و خۆیان لە تێکۆشان دەدزنەوە.

**هەنـــدێ لـــە ئامـــادەبووان وەڵـــامی ئەحمـــەد ڕەفعـــەتیان دایـــەوە، سەبارەت بە دوو داواکاریەکەی سەرەتا، وتیان:**

**_ ڕووبەڕوو بوونەوەی دەوڵەت، تەنها پاش فەراهەم بوونی دوو هۆکار دەبێ:**

أ_ هۆشیارکردنەوەی گەل و خەڵك سەبارەت بە ڕاستییەکانی ئیسلام، ئەو ڕاستیانەی تاکو ئێستاش بیری تاك بە تاڵە لێیان، بەتایبەتی پەیوەندی ئیسلام بە حوکمڕانی و یاسادانانەوە.

ب_ پێویستە لەسەر بزوتنەوەکە، کە هێزێکی جەماوەری بەدەست بێنێ، تاکو یارمەتی لەو هێزە وەربگیرێ، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر بارودۆخێك کە پێشدێت، تاکو ئێستاش بزوتنەوەکە هەر ساوایە، پێویستی بەجێگیرکردنی پایە و ستوونەکانی و فراوانترکردنی باڵەکانیەتی هەیە.

_ وەڵامیان بۆ بابەتی ئافرەت، بریتی بوو لەوەی ئەگەر پێشنیارەکەی (ئەحمەد ڕەفعەت) پەسەند بکرێ، ئەوا دەرەنجامەکەی هەر لە ڕۆژی یەکەمدا بریتی دەبێ لە دەستگیرکردنی گشت تاکەکانی بزوتنەوەکە، تووشبوون بە لێپرسینەوە، ئەو کاتە لە بەندیخانە دەهێڵرانەوە، تا لە بەرامبەر دادوەردا دادگایی دەکران کە چارەنووسیان بە بەندکردن، یان پێبژاردن (غەرامەکردن) کۆتایی دەهات، جا ئەگەر سزاکەیان چەشت و گەڕانەوە بۆ سەر هەمان ڕێوشوێن، ئەوا سزاکەیان زیاتر دەبێت، لەبەر ئەوەی جلی ئافرەتەکان کە پیس دەکرێن، ئەوا دەبێ نرخی ئەو جلانە بداتەوە بە چەند قات، بە زیاتر لەسەر گیرفانی ئەندامانی بزوتنەوە دەکەوێ، پاشان ئەوەی جلی ئافرەتەکانی بە مەرەکەب کردووە لە بەندینخانە دەمێنێتەوە، ئەوسا چ شتێك ڕێگری دەکات لەو ئافرەتانە، کە ئەو جل و بەرگە تەنك و تەسکانە لەبەری نەکات، بۆیە ئەم ڕێوشوێنە هیچ سودێکی نییە بۆ ڕێگرتن لە ئافرەتە ڕووت و قووتەکان و نەهێشتنی ئەم دیاردەیە.

_ هەرچی پرسی فەڵەستینە، ئەوا کتێبی بەڕێز موفتی فەڵەستین (سەید ئەمین حوسەینی) وەڵامی داوەتەوە، لە جیاتی بزوتنەوە ئیسلامی لە میسر، ناوەڕۆکەکەشی ئەمەیە: (بە ڕاستی ئەو تێکۆشان و لێبڕانەی کە بزوتنەوە خەرجی دەکات لە تاوتوێکردن و بانگەوازکردن بۆ پرسی فەڵەستین، ئەوا هەر ئەو ئەندازەیە

بەسە و پێویستیشمان هەر بەوەندە هەیە، جگە لەوەش شتێکی تر ناتوانرێت بکرێت، پێویستیمان بە خۆبەخش نییە).

سەرەڕای ڕوونی وەڵامەکە ئەوا (ئەحمەد ڕەفعەت) لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوام بوو، ژمارەی پشتگیرانی زیادبوو، ئەمە گەیشتە پلەیەك کە بەبێ شەرم توانجیان لە بزوتنەوەی ئیسلامی و تێکۆشەرانی دەدا، کاتێك بزوتنەوە پەیوەندی لەگەڵ پچڕاند، ئەوانەی لە دەوری بوون بڵاوەیان کرد، خۆی لە گۆشەگیریەکی تەواودا بینی: لەبەر ئەمە بڕیاری دا بچێتە فەلەستین بۆ ئەوەی شان بەشانی تێکۆشەران لە دژی ئینگلیز و فەرەنسیەکان تێبکۆشێت.

ئا لێرەدا بزوتنەوە سۆزی بۆ جوڵا، ناردی بەدوایدا و داوای لێکرد ئامادە بێت بە ماڵ و چەك و تفاق، پاشان ڕابسپێرێ بە کۆمەڵێك لە تێکۆشەرە فەلەستینەکان، ئەوانەی کە پەیوەندیان بەبزوتنەوە هەبوو تاکو ڕێگاکەی بۆ دابین بکەن، چونکە تێکۆشەران گومانیان لە هەموو کەس هەبوو کە لەسەر ڕێگایاندا دەیبینن _ مادەم نایناسن _ ئەوا بەسیخوری دادەنێن لە دژی خۆیان و دەیکوژن، جا ئەم یارمەتیەی وەرنەگرت، پێداگیری کرد لەسەر ڕۆیشتن بە تەنیا، بەڕاستی چوو بەشوێنی مردنی خۆیدا _ هەروەك بزوتنەوە پێشبینی دەکرد_ لەسەر دەستی تێکۆشەرەکان کوژرا).

لەم بەسەرهاتەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە سەرەنجامی بە جۆش و خرۆش بوون، لەگەڵ تێگەیشتنی ڕووکاری و سادە، لە کتێبی خوا و و مێژووی بانگەوازی ئیسلامی و واقیعی ژیان چییە، ئەم سەرەنجامە خراپە لە پەلەکردنەوە گەڵالە بووە، لە شوێنەوارەکانی دەکرێ ببێتە هۆکاری مردنێکی نا شکۆمەند، هەروەك بەسەر ئەحمەد ڕەفعەتدا هات.

بەر لە پابەندبوونی بەڕیزەکانی بزوتنەوەکە، ناوبراو هیچ زانیاریەکی لانەبوو سەبارەت بە ئیسلام و قورئان و ژیاننامەی پێغەمبەر و مێژووی موسڵمانان، کاتێك هۆگری هزری ئیسلامی بوو بە سۆزدارییەکی لە ڕادەبەدەر، پێش ئەوەی بەرچاوڕۆشنی دەربارەی ڕێگای بانگەواز هەبێ، شارەزایی تەواو پەیدا بکات لە بارەی

مەشخەڵ و كۆسپەكانی سەر ڕێگاكە، بەبێ بەرچاوڕۆشنی پاڵنرا و هەنگاوی نا، جا لە ئاكامدا تێكشكا و خەریك بوو بزوتنەوەش لەگەڵ خۆیدا تێكبشكێنێت، ئەگەر چاودێری خوایی و دانایی و دڵسۆزی پێشڕەوانی بزوتنەوەكە نەبووایە.

٣_ پەكخستنی چالاكییەكان، یان بەلایەنی كەمەوە بە دەیان ساڵ گەڕانەوە بۆ دواوە، لەگەڵ بەردەوامی ئەو هەموو شتەی كە تێیدایە لە دزێوكردنی ژیان و دەستدرێژی كردنە سەر خوێن و سەروەت و سامان و ناموس و زیادكردنی كۆسپەكان لەسەر ڕێگاكە.

## پێنجەم: هۆكارەكانی پەلەكردن:

ئینجا ئەگەر ئەمانە شوێنەواری دیاردەی پەلەكردن بن: پێویستە ئەو هۆكارانە بناسین كە دەبنە هۆی دروستبوونی ئەم دیاردەیە، تاكو ئەمەش هەنگاوێك بێت بۆ چارەسەركردنی، كەواتە دەبێ چ شتێك هۆكاری ڕوودانی دیاردەی پەلەكردن بێت؟! لە ڕاستیدا لێرەدا چەندین هۆكار هەن، كە تاك ئالودەی دیاردەی پەلەكردن دەكەن، ئەم هۆكارانەش بەتایبەتی بریتین لەمانەی خوارەوە:

### ١_ پاڵنەری دەروونی:

دەكرێ پاڵنەری دەروونی هۆكار بێت بۆ دیاردەی پەلەكردن، چونكە پەلەكردن حەزێكی بنەڕەتی و بنچینەییە لە ناخی مرۆڤدا، هەروەك خوای پاك و بەرز فەرموویەتی: ﴿خُلِقَ الْإِنسَانُ مِنْ عَجَلٍ..﴾ الأنبياء: ٣٧. واتە: (ئەوەندە ئینسان بەپەلە و تالوكەیە، _ هەر دەڵێیت _ لە پەلە و تالوكە دروستكراوە). ﴿وَيَدْعُ الإِنسَانُ بِالشَّرِّ دُعَاءهُ بِالْخَيْرِ وَكَانَ الإِنسَانُ عَجُولاً﴾ الإسراء: ١١. واتە: (_ ئینسان كاتێك تەنگەتاو دەبێت_ دوعا و نزای شەڕ دەكات، هەروەك چۆن لەكاتی ئاسایدا دوعای خێر دەكات، ئینسان هەمیشە و بەردەوام بە پەلە و هەڵەشەیە). ﴿وَلَوْ يُعَجِّلُ اللّهُ لِلنَّاسِ الشَّرَّ اسْتِعْجَالَهُم بِالْخَيْرِ لَقُضِيَ إِلَيْهِمْ أَجَلُهُمْ..﴾ يونس: ١١. واتە: (ئەگەر خوا خەڵكی تووشی

شەڕ و ناخۆشی بە زووی بکردایە_ لەسەر داخوازی خۆیان کاتێك تەنگەتاو دەبن _ هەروەك چۆن بۆ داخوازی خێر پەلەیانە، ئەوە هەر هەموویان کۆتاییان بەژیانیان دەهێنرا).

جا ئەگەر بانگخواز کار نەکات بۆ ڕێك و پێك و ڕێکخستنی دەروونی خۆی و لغاوی نەکات بە ئەوساری عەقڵ و کەمکردنەوەی زیادەڕەوییەکانی، ئەوا بێگومان دەروون پاڵنەری دەبێ بۆ دیاردەی پەلەکردن.

## ٢_ جۆش و خرۆشی و گەرم و گوڕی ئیمانی:

دەکرێ جۆش و خرۆش و گەرم و گوڕی ئیمانی هۆکای پەلەکردن بێت، کاتێك ئیمان بەهێز دەبێت، لە دەرووندا ڕەگ دادەکوتێت، ئەوا هێزێکی گەورە و زەبەلاحی لێ پەیدا دەبێت، _ ئینجا ئەگەر هاتوو جڵەوگیر و ئاڕاستەی نەکرێ _ ئەوا دەروون پاڵ دەدات بۆ هەندێك جۆرە کار، کە زیان و ئازاری زیاتری لێ دەپشکوێتەوە لە سود و قازانج.

دەکرێ ئەمە نهێنی ئەو ئاڕاستەکردنەی خوای پاك و بەرز بێت، کە ئاڕاستەی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و باوەڕدارانی دەکرد لە قۆناغی مەککەدا، ڕای دەهێنان لەسەر ئارامگری و خۆڕاگری، جا بۆیە فەرموویەتی: ﴿ وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱهۡجُرۡهُمۡ هَجۡرٗا جَمِيلٗا ١٠ ﴾ المزمل: ١٠. واتە: (لە بەرامبەر گوفتاری نارەوای خوانەناسانەوە هەردەم خۆڕاگربە و بەشێوازێکی جوان بەجێیان بهێڵە). ﴿ فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ وَلَا يَسۡتَخِفَّنَّكَ ٱلَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ ﴾ الروم: ٦٠. واتە: (جادان بەخودابگرە و ئارامبگرە، چونکە بێگومان بەڵێنی خوا حەق و ڕاستە و هەردێتە دی، ئەوانەش کە باوەڕیان نییە بێ ئارامت نەکەن و ساردت نەکەنەوە). ﴿ وَجَعَلۡنَا بَعۡضَكُمۡ لِبَعۡضٖ فِتۡنَةً أَتَصۡبِرُونَۗ وَكَانَ رَبُّكَ بَصِيرٗا ﴾ الفرقان: ٢٠. واتە: (ئێمە هەندێك

لە ئێوەمان کردۆتە هۆی تاقیکردنەوەی هەندێکی ترتان، ئایا خۆدەگرن و خۆڕاگر دەبن؟، بێگومان پەروەردگاری تۆ هەمیشە و بەردەوام بینایە). **جگە لەم ئایەتانەش.**

## ٣_ سروشتی ڕۆژگار:

**دەکرێ سروشتی ڕۆژگار خۆی هۆکاری پەلەکردن بێت، چونکە ئێمە لە ڕۆژگارێکدا دەژین کە بەخێرای تێدەپەڕێت، هەموو شتێك بەخێرایی دەجولێت، جاری وا هەیە مرۆڤ لێرەیە پاش چەند کاتژمێرێك لە دوورترین شوێنی سەر زەوییە، بەهۆی پێشکەوتنی هۆکارەکانی گەیاندن، ئەمڕۆ مرۆڤ کەرستەی خانوو دادەنێت و بەیانی تێیدا نیشتەجێ دەبێ (واتە: بە ماوەیەکی کورت[1])، بەهۆی ئەو هۆکارە سەردەمییانەی بیناسازی، جا بەو شێوەیە زۆرێك لە شتەکانی ژیانی مرۆڤ پێوانە بکە، دەکرێ ئەمە کار لە هەندێ بانگخواز بکات تا پەلە بکەن، بۆ ئەوەی لەگەڵ بارودۆخی ڕۆژگار هەڵکەن و لەگەڵی بڕۆن.**

## ٤ _ دۆخی دوژمنان:

**دەکرێ بارودۆخ و واقیعی دوژمنان هۆکاری پەلەکردن بێت، بەوەی کە ئێستا ڕۆژێك ناڕوات بێ ئەوەی دوژمنانی خوا زاڵبوونیان تۆکمەتر نەکەن، ئەوساری جیهانی موسڵمان بەهێزتر نەگرنەدەست، هەردەم لە ڕاونانی کاری موسڵمانان دان لە گشت شوێنێك بۆ بێدەنگ کردنی هەموو دەنگێکی ئازاد و پاك، ئیسرائیل بەسە بە نمونە بهێنینەوە، کە دوێنێ تەنها بیر و هزرێك بوو لە خەیاڵەکاندا، کەچی ئێستا لە واقیعدا، چنگی بە توندی گرتووە بەسەر بەشێکی زۆر خۆشەویستی لە خاکی موسڵمانان، کە فەڵەستینە، لەوێشەوە بۆ لوبنان هەنگاو دەنێ، پاشان بۆ گشت دەوڵەتانی جیهانی عەرەبی تاکو خەونی جولەکە بەجێ بێنن: (ئیسرائیل: لە ڕووباری نیلەوە بۆ ڕووباری فوڕات) دەکرێ ئەوە بێ کە وادەکات هەندێ لە**

---

[1] ئەوەی ناو دوو کەوانەکە خۆم زیادم کردووە (وەرگێڕ).

بانگخوازان ئالۆدەی پەلەکردن بن، لە ترسی ئەوەی دۆخەکە پەرەبستێنێ و ڕزگاربوون بەزەحمەت بێ.

### ٥ _ شارەزا نەبوون لە ڕێوشوێن و شێوازەکانی کاری دوژمن:

لەوانەیە شارەزا نەبوون لە ڕێوشوێن و شێوازەکانی دوژمن هۆکاری دیاردەی پەلەکردن بێت، چونکە دوژمنانی خوا چەندین هۆکاری پیس و جۆراوجۆریان بەدەستەوەیە، بۆ ئەوەی بگەن بە دڵی جیهانی ئیسلامی و تووندکردنی چەپۆك و دەسەڵات بەسەریدا، ترسناکترین و ناپاکترین و فێڵبازترین شێوازیان، بریتییە لەوەی کە ڕووبەڕووی موسڵمانان دەبنەوە، لە ڕێی هەندێك لە موسڵمانان هەر لە ناو خودی موسڵماناندا، لەسەرەوە  بە ناو موسڵمانن و لە ناخیشدا بێ باوەڕی و ڕق و کینە و سەرگەردانی هەڵگرتووە، نمونەی ئەو جۆرە شێوازە لە فێڵکردن لەلاشەی ئوممەتدا دەسوڕێتەوە بێ ئەوەی تاکەکانی لێی ئاگاداربن، ئەی ئەو جۆرە دوژمنە ناوخۆییانە چەندە زۆرن، کە کار بۆ لادانی ئاشوب دەکەن لەسەر ڕێگای بەرەوخواچوون، ئەمە وادەکات کە خەڵکی ڕەش و ڕووت و سادە بچنە ڕیزەکانیانەوە، هەروەك دوژمنانی خوا پێشتر پەنایان بۆ ئەم جۆرە شێوازە بردووە، دوای بەکارهێنانی شێوازی ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاشکاو و ئاشکرا بۆ ماوەیەکی زۆر، بینیان کە هیچ سوودێکیان پێناگەیەنێت مەگەر خوای مەزن ویستی لەسەر بێ، هەر دوژمنایەتی ڕاشکاوە وا لەموسڵمانان دەکات هەتا کەمتەرخەمەکانیش کە بەرەنگاری دوژمن ببنەوە، بە گیان و سامانیان، تا ئاشوب پەرەنەستێنێت و سەربەرزی و بەرنامەدانان تەنها بۆ ئایینی خوای پایەدار بێت.

### ٦_ بڵاوبوونەوەی خراپەکاری و شارەزانەبوون لە گۆڕینیان:

دەکرێ ئەمە هۆکاری دیاردەی پەلەکردن بێت، ئەمەش بەشێوەیەك کە مرۆڤ ئێستا هەر جوڵەیەك دەکات، دەبینێ شتە خراپەکان دەوریان داوە لە گشت

لایەكەوە، گومانی تێدا نییە ئەوە ئەركی موسڵمانە، كاتێك ئەمە دەبینێت دەبێ هەوڵی گۆڕین و لابردنی بدات، تاكو زەوی نەبێتە سەرچاوە و بنكەی ئاشوب و خراپەكاری، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ ٱلْأَرْضُ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ البقرة: ٢٥١.

واتە: (خۆ ئەگەر خوا هەندێك خەڵكی بە هەندێكی تر لەناو نەبات، هەر هەموو زەوی پڕ دەبێت لە تاوان و خراپە، بەڵام خوا فەزڵ و ڕێزی زۆرە بۆ هەموو گرۆی ئادەمیزاد.

﴿وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَٰتٌ وَمَسَٰجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا ٱسْمُ ٱللَّهِ كَثِيرًا ۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ﴾ الحج: ٤٠.

واتە: (خۆ ئەگەر خوا خەڵكی نەدا بەیەكدا، حەق دژی بەتاڵ نەوەستێت، هەرچی شوێنی خواپەرستی جولەكە و گاور هەیە لە خەڵوەتگە و كلێسا، هەروەها مزگەوتەكانیش كە ناوی خوای زۆر تێدا دەبرێت، هەمووی كاوڵ دەكرێ، سوێند بێت بێگومان خوا ئەو كەسە سەردەخات كە پشتگیری ئایین و بەرنامەكەی دەكات و هەوڵی سەرخستنی دەدات، بەڕاستی خوا زۆر بەرز و باڵادەستە).

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (من رأى منكم منكرا، فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، فإن لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف الايمان[١]) واتە: **هەر كەسێ لە ئێوە خراپەیەكی بەرچاوكەوت، با بەدەستی هەوڵبدات بگۆڕێت، جا كە نەیتوانی با بەزمانی هەوڵی گۆڕینی بدات، ئینجا ئەگەر هەر نەیتوانی با بەدڵی پێی ناخۆش بێت، بەڕاستی ئەمەش لاوازترین پلەی ئیمانە.**

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە فەرموودەیەكی تردا فەرموویەتی: ((مثل القائم على حدود الله، والواقع فيها، كمثل قوم استهموا على سفينة، فأصاب بعضهم أسفلها، فكان الذين في أسفلها إذا استقوا من الماء مروا على من فوقهم فقالوا: لو أنا

---

(١) موسلیم لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی باوەڕ ١/ ٦٩، بە ژمارە ٧٨، ئەبو داود لە سونەنەكەیدا: بەشی نوێژ ١/ ٢٩٦_ ٢٩٧، بە ژمارە ١١٤٠، هەر دووكیان لە ئەبو سەعیدی خودریەوە گێڕاویانەتەوە.

خرقنا في نصيبنا خرقا، ولم نؤذ من فوقنا، فإن يتركهم وما أرادوا هلكوا جميعا، وإن أخذوا على أيديهم نجوا ونجوا جميعا[١])) واتە: نمونەی ئەو كەسەی كە لەسەر سنووری خوایە و ئەوەش كە تێیدایە، وەك ئەو گەل و هۆزەیە وایە كە لەسەر كەشتیەك بن، جا هەندێكیان نهۆمی سەرەوەیان بە بەركەوتبێ، هەندێكی تریشیان نهۆمی خوارەوەیان بە بەركەوتبێ، جا ئەوانەی كە لە خوارەوە بوون كە دەچوون ئاو بێنن بەسەر ئەوانەی سەرەوەدا دەچوون، جا وتیان: ئەگەر ئێمە لە بەشی خوارەوەی كەشتیەكە كە تایبەتە بەخۆمان كونێكمان هەڵكەندایە و ئازاری ئەوانەی سەرەوەمان نەدابایە باشتر دەبوو، جا ئەگەر ئەوانەی سەرەوە لێیان گەڕان ئەوەی كە مەبەستیانە بهێننەجێ، ئەوا هەموویان لەناودەچن، جا ئەگەر بەپێچەوانەوە دەستی ئەوانیان گرت و لێیان نەگەڕا ئەوەی دەیانەوێ بیكەن، ئەوا سەرجەمیان ڕزگار دەبن.

بەڵێ هەموو خراپەیەك مەرج نییە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ بگۆڕدرێت، بەڵكو ئەمە مەرجداركراوە بەوەی، كە نابێ سەربكێشێ بۆ خراپەیەكی لەو گەورەتر، جا ئەگەر سەركێشی كرد بۆ خراپەیەكی لەو گەورەتر، ئەوا پێویستە وازی لێبهێنرێ، لە هەمان كاتدا بە دڵ دەبێ پێی ناخۆش بێت، پەیوەندی لەگەڵیدا بپچڕێنرێت، پێویستە لێكۆڵینەوە بكرێ، لەبارەی دۆزینەوەی چاكترین هۆكار بۆ لابردنی خراپە، خۆڕاگریەكی ڕاستگۆیانە لە ڕیزی یەكەمدا لە ڕەخسانی گۆڕانكاری پیادە بكرێ.

لە سوننەت و ژیاننامەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەم بارەوە چەندین گەواهی هەن: ئا ئەمە پێغەمبەری خوایە (صلى الله عليه وسلم) لەلایەن خواوە ڕەوانە دەكرێت، لەحاڵێكدا بتەكانیش كەعبەیان پڕ كردووە، تەنانەت دەورەیان داوە و بەسەریشیدا بەرزبوونەتەوە، پاشان بەكردار پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هەڵنەسا بەگۆڕین و لابردنیان، تا ڕۆژی ڕزگاركردنی شاری مەككەی پیرۆز، ئەمەش لەساڵی هەشتەمی كۆچی ڕوویدا، واتە ئەم بارودۆخە بەم شێوەیە مایەوە،

---

(١) بوخاری لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی هاوبەشی ٣/ ١٨٢. لە نوعمانی كوڕی بەشیرەوە هێناویەتی.

تا ڕۆژی تێکشکاندنیان ئەمەش دوای بیست و یەك ساڵ لە هاتنی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم).

جا ئەگەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە یەکەم ڕۆژەوە بەو کارە هەڵسابا، بەر لە تێکشکاندنیان لە ناخ و دەروونی خەڵکەکەیاندا، ئەوا خەڵکەکە هەڵدەستا بە زیاتر توندو تۆڵکردن و ڕازاندنەوە بە خراپترو بەربڵاوتر، جا ئەو کاتە گوناهەکە گەورەتر دەبوو، زیانەکە زیاد دەبوو، بۆیە دەستی لێهەڵگرت، ڕووی خۆی لە ئامادەکرنی پیاوان و پاکردنەوەی دەروون کرد، دڵەکانی پاککردەوە تاکو تەواو بوو پاشان ڕووی لەتێکشکاندنی بتەکان کرد لە ڕۆژی ڕزگارکردنی مەککەدا، بتەکانی ڕاماڵی، لەکاتێکدا ئەم ئەم ئایەتەی دووبارە دەکردەوە: ﴿وَقُلْ جَاء الْحَقُّ وَزَهَقَ الْبَاطِلُ إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقاً﴾ الإسراء: ٨١. واتە: بڵێ: (تازە ئیتر حەق و ڕاستی هاتووە و بەرپابووە و بەتاڵ و ناحەقی پوچ و تەفرو تونا بووە، بەڕاستی ناحەق و بەتاڵ هەرتیاچووە و جێگیرنەبووە و بەزیووە).

جارێکیان پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، لەگەڵ عائیشەی دایکی ئیمانداراندا (خوا لێی ڕازی بێ) وتوویژدەکات و دەفەرمووێ: (ألم ترى أن قومك لما بنوا الكعبة اقتصروا عن قواعد إبراهيم ؟ فقلت يا رسول الله ألا تردها على قواعد إبراهيم ؟ قال: لولا حدثان قومك بالكفر لفعلت)[١]، واتە: ئایا نەتبینیوە هۆزەکەت کە بینای کەعبەیان دروستکردەوە لەو ئەندازەیەی کە پێغەمبەر ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێت) لەسەری دروستکردبوو لایانداوە؟ عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) لەوەڵامدا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئایا نایگێڕیتەوە بۆ سەر ئەو بناغەیەی کە ئیبراهیم دیاری کردبوو، ئەویش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ئەگەر هۆزەکەت تازە موسڵمان نەبووبان، ئەوا وامدەکرد.

---

(١) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی حەج ٢/ ١٧٩، موسلیم لە سەحیحەکەیدا: بەشی حەج ٢/ ٩٦٩ ژمارە ٣٩٩، لە عائیشەوە گێڕاویانەتەوە.

لێرەدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەستا لە ئاست كاری نوێكردنەوەی كەعبەی پیرۆز و گەڕاندنەوەی بۆ سەر بنچینەكانی ئیبراهیم، چونكە ترسا لەوەی كە ئەمە سەربكێشێ بۆ خراپەیەكی گەورەتر، ئەویش پەرتەوازەیی و لەتبوونی ڕیزی موسڵمانانە، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، كە لەگێڕانەوەیەكی تردا هاتووە: ((ولولا أن قومك حديث عهدهم بالجاهلية، فأخاف أن تنكر قلوبهم))(١) واتە: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە كە هۆزەكەت تازە لە نەفامێتی دەرچوون و تازە هاتوونەتە نێو ئیسلام و موسڵمان بوونە، ئەوا ئەم كارەم دەكرد، بەڵام دەترسم بە دڵ پێیان ناخۆش بێت.

بەڵكو كاتێك موسڵمان بێدەنگی دەنوێنێ لە ئاست خراپەیەك لەترسی ئەوەی سەربكێشێ بۆ خراپەیەكی تر، لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵ پێی ناخۆشە و ڕەتی دەكاتەوە، بەدوای چاكترین ڕێوشوێن دەگەڕێ بۆ گۆڕینی، لەگەڵ خۆڕاگریەكی ڕاست بەوەی كاتێك هەلی بۆ ڕەخسا بۆ گۆڕینی، ئەوا سست و خاو نابێ لە گۆڕینی دا، بەم جۆرە گوناهبار نابێت، خوای گەورەش ڕاستی فەرمووە: ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴾ البقرة: ٢٨٦. واتە: (خوای گەورە ئەرك ناخاتە سەر هیچ كەسێك مەگەر بە ئەندازەی توانای خۆی نەبێت). ﴿ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ مَا ٱسْتَطَعْتُمْ وَٱسْمَعُوا۟ وَأَطِيعُوا۟ ﴾ التغابن: ١٦. واتە: (كەوابوو هەتا دەتوانن لەخواترس و خواناس بن، گوێڕایەڵ و فەرمانبەردار بن و خێر و چاكەش بكەن).

جا كە بانگخواز چۆنیەتی و شێوازی گۆڕین و لادانی خراپەی لەبیر چووەوە، ئەوا _ بێگومان _ تووشی دیاردەی پەلەكردن دەبێ، بە هۆی ئەو گومان یاخود بیركردنەوەیەی، كە پێی وایە دەبێ دەستبەجێ شەرعی خوا جێبەجێبكرێ و گوناهبار و تاوانبارە ئەگەر پێی هەڵنەسێ.

---

(١) بوخاری لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی حەج ٢/ ١٧٩ _ ١٨٠، لە ئەسوەدی كوڕی یەزید و ئەویش لە عائیشەوە هێناویەتی.

### ٧_ بەرگەنەگرتنی ناخۆشییەكانی سەر ڕێگا:

دەكرێ ئەمەش هۆكاری لێكەوتنەوەی دیاردەی پەلەكردن بێت، بەوەی كە هەندێ لە بانگخوازان بوێری و ئازایەتی و جۆش و خرۆشییەكی كاتیان بۆ كاركردن هەیە، جا ئەگەر بشبێتە هۆكاری مردنی، بەڵام ئەو هێزەی نییە بەهۆیەوە بتوانێ بەرگەی ناخۆشی و دەردەسەریەكانی سەر ڕێگای پێبگرێ بۆ ماوەیەكی درێژ، كەچی لە ڕاستیدا جوامێری ڕاست ئەوەیە كە ئارامی و خۆڕاگری و كۆڵنەدان و پشوودرێژی و كۆشش و تەقەڵای لەگەڵ دابێ، تا ژیانی كۆتایی دێت.

جا بۆیە دەبینی بەردەوام بەپەلەیە، تا خۆی لەو ناخۆشی و دەردەسەریانە لابدات، ئەگەر بەڕێگایەكی تریش بێ جگەلەمە.

بەڕاستی بزوتنەوەی ئیسلامی لە ڕۆژگاری ئێستادا دەستەیەكی لەو جۆرە كەسانە بەرهەمهێنا، خۆڕاگر نەبوون و پەلەییان كرد، بەمەش كۆتاییان پێهات، دەستەیەكی تریش لە پێناو خوادا دەیان ساڵ ئازار و ئەشكەنجەیان چەشت، بەرگەیان گرت، چونكە بارودۆخەكە لەبار نەبوو، فرسەتەكان پێش نەهاتبوون، سەرەنجامەكان سوپاسكراو نەبوون، هەنگاوەكان پڕبوون لە كەم و كورتی، بەڵام لە سەرەنجامدا خوای گەورە سەری خستن و پشتگیری كردن، جێ پێی ئەوانی جێگیر لەسەر ڕێگای بەرەوخواچوون هەتا ئێستاكەشی لەگەڵدابێ.

### ٨ _ بەدەستهێنان و دەستكەوتنی هەندێك پێشەكی و هۆكار، هەڵنەسەنگانی دەرەنجامەكان:

دەكرێ بەدەستهێنانی هەندێك پێشەكی یاخود هۆكار، وەك ژمارەیەك ئەندام و كەلوپەل و ئامراز، لەگەڵ هەڵنەسەنگاندنی سەرەنجامەكان، زیادبوونی دەسەڵاتی دوژمنانی خوا و ڕوودانی ئاشوب و پەرچەكردار، ئەمانە لەلایەن سەرجەم خەڵكیەوە دەكرێ هۆكاری دیاردەی پەلەكردن بن.

دەكرێ ئەمە نهێنی ئەو هاندانەی ئیسلام بێت بۆ ئارامگرتن لەسەر ستەمی كاربەدەستان، ئەگەر نەگات بە بێ باوەڕی ڕاشكاو و دەرچوونی ئاشكرا لە ئیسلام.

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێ:

(من رأى من أميره شيئا يكرهه فليصبر، فإنه من فارق الجماعة شبرا، فمات إلا مات ميتة جاهلية))[1] واتە: هەر كەسێك ڕەفتار و گوفتار و هەڵسوكەوتێكی لە كاربەدەستی خۆی بەدی كرد و پێی ناخۆش بوو با ئارام بگرێت، چونكە ئەوەی یەك بست لە كۆمەڵی بڕواداران جیا بێتەوە و بشمرێت، ئەوا بە نەفامێتی سەری ناوەتەوە و مردووە.

عوبادەی كوڕی سامت (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بانگی ئێمەی كرد بۆ ئیسلام، ئێمەش پەیمان و بەڵێنمان پێدا، جا لەبارەی ئەو پەیمانە كە لەسەر چ بنەمایەك بووە، وتویەتی: ((أن بايعنا على السمع والطاعة في منشطنا و مكرهنا، عسرنا ويسرنا وأثرة علينا، وألا ننازع الأمر أهله إلا أن تروا كفرا بواحا عندكم من الله فيه برهان))[2] واتە: بەڕاستی پەیمانماندا لەسەر گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری لەكاتی خۆشی و ناخۆشی و تەنگانەدا، سەرخستنی لە ئەستۆماندا بێت، لە كاری سەخت و ئاساندا، ناكۆكی لەگەڵ كاربەدەستاندا نەكەین، مەگەر كوفرێكی ئاشكرای لێببینین كە بەڵگەی خواتان لەسەر پێ بێت.

ئەگەر كوفرێكی ئاشكراش بكرێت، ئەوا ناكرێت لە فەرمانی پێشەوا بچنە دەرەوە تاكو ئاشوبەكان دادەمركێن، توانا و هێز فەراهەم دەبێ، ئەمەش ڕێگری لەوەناكات، كە موسڵمان دەبێت بە زمان و دڵ دژی بوەستێت.

---

(1) بوخاری لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی ئاشوب ٩/٥٩، موسلیم لە سەحیحەكەیدا بەشی پابەندبوون بە كۆمەڵی باوەڕدارانەوە لە كاتی ئاشوبدا ٣/ ١٤٧٧ بە ژمارە ٥٥. لە ئیبن عەبباسەوە هێناویانە.

(2) بوخاری لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی ئاشوب ٢/٥٩ _ ٦٠، موسلیم لە سەحیحەكەیدا بەشی پێویستی گوێڕایەڵی كردنی كاربەدەستان تەنها لە خراپەدا نەبێ. لە عوبادەی كوڕی سامتەوە.

پێشەوا نەوەوی (ڕەحمەتی خوا لێ بێت) لەبارەی شیکردنەوەی فەرموودەی عوبادەوە دەڵێ: (واتای فەرموودەکە بریتییە لەوەی: ناکۆکی لەگەڵ کاربەدەستان مەکەن، لەسەر ئەو کارەی کە پێیان سپێردراوە، دژیان مەوەستنەوە مەگەر لەو کاتەی کوفرێکی ڕاست و ڕاشکاوتان لێ بەدی کرد، کە لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام تێکبگیرێت، جا ئەگەر شتی واتان لێ بەدی کرد سەرزەنشتیان بکەن و ڕێگریان لێبکەن، زمانتان با لە ڕاستیدا بگەڕێ و بدوێ لە هەر کوێیەك بن، دەرچوون لە دژیان و جەنگ لەگەڵ کردنیان دروست نییە و حەڕامە بەیەکدەنگی موسڵمانان، ئەگەر لاسارو ستەمکاریش بن))[١].

ئیبن تیین لە داودیەوە هێناویەتی کە وتویەتی: (ئەوەی کۆڕای زانایانی لەسەرە دەربارەی کاربەدەستە ستەمکارەکان، ئەوەیە کە ئەگەر توانیان لەسەر کار لای ببەن بەبێ نانەوەی فیتنە و ستەم، ئەوا لەو کاتەدا پێویست و واجبە، ئەگینا پێویستە ئارام بگرن))[٢].

## ٩_ نەبوونی بەرنامەیەک کە وزەکان کۆبکاتەوە و لەخۆبگرێ و ڕێگەیان لێ بگرێ لە زیادەڕەوی و توندڕەوی:

دەکرێ نەبوونی بەرنامەیەك، کە وزەکان کۆبکاتەوە و لەخۆیان بگرێ و ڕێگەیان لێ بگرێ لە زیادەڕەوی و توندڕەوی، هۆکاری لێکەوتنەوەی دیاردەی پەلەکردن بێت، چونکە دەروونی مرۆڤ کە لەنێوان دوو لاتەنیشتی دایە، ئەگەر بە ڕاستی و حەق سەرقاڵ نەکرێ، ئەوا بە سەرگەردانی و شتی پڕوپوچەوە سەرقاڵ دەبێ.

دەکرێ ئەمە بێ ئەو نهێنیەی ئیسلام، کە موسڵمانی نقومی بەرنامەی کرداری کردووە، لە ڕۆژ و شەو و هەفتە و مانگ و ساڵ و بەدرێژای تەمەن، بەشێوەیەك کە

---

(١) بڕوانە: المنهاج شرح صحيح مسلم ابن حجاج، دانراوی پێشەوا نەوەوی ١٢/ ٢٢٩.

(٢) بڕوانە: فتح الباری، دانراوی ئیبن حەجەڕ ١٣/ ٨.

ئەگەر هاتوو پارێزگار لێبکات، ئەوا هەموو هەنگاوێکی بە وردبینی و کۆششەکانی بەرهەمدار دەبێت.

لەوانەش ئەمە بێ نهێنی جەختکردنەوەی ئیسلام، لەسەر پێشەوایان تا خۆیان یەکلابکەنەوە و بە هەموو هێز و توانی خۆیان، کار بکەین بۆ هەڵهێنجانی یاساکانی ژیان بەو ئەندزەیەی کە ژیانی موسڵمانان پڕ بکات لە کرداری چاك و بەرهەم بەخش، دوور لە زیان و ئاشوب، ئەگینا بێ بەش دەبن لە بەدەستهێنانی بەهەشت.

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێ: (ما من أمير يلي أمر المسلمين، ثم لا يجهد لهم، و ينصح إلا لم يدخل معهم الجنة)[1] واتە: هەر کاربەدەستێك کاری موسڵمانان بەدەستەوە بگرێ، پاشان کۆششیان بۆ نەکات و ئامۆژگاریان نەکات، ئەوا لەگەڵیاندا ناچێتە بەهەشتەوە.

### ١٠ _ کارکردن دوور لە کەسانی پسپۆر و ئەزموودار:

دەکرێ ئەمەش هۆکاری لێکەوتنەوەی دیاردەی پەلەکردن بێت، بەشێوەیەك کە مرۆڤ لە دایك دەبێت و دێتە نێو ئەم ژیانەدا هیچ زانیاریەکی لەلا نییە، خوای تاك و پاك فەرموویەتی: ﴿ وَٱللَّهُ أَخْرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْـًٔا ﴾ النحل: ٧٨. واتە: (خوا ئێوەی لە سکی دایکتان دەرهێناوە بێ ئەوەی هیچ شتێك بزانن).

پاشان ئەو مرۆڤە دەست پێدەکات لە ڕێگای ئەو ئەندامانەی کە خوا پێی بەخشیوە _ گوێ و چاو و دڵ _ بەفێربوون، فێربوونیش تەنها لە ڕێی کتێبەکانەوە نابێ، بەڵکو لە ڕێگای مەشق و ڕاهێنان و شارەزایی و پسپۆریەوە بێ، بانگخوازی هۆشیار و ژیر ئەوەیە، کە سوود لە پسپۆری و ئەزموونداری ئەوانە وەربگرێت، کە پێشتر ڕێگای کاری بانگەوازیان بڕیووە، تاکو کۆشش و کات بۆ ئەرکەکانی بسازێنێ، بەڵام ئەگەر لوتبەرزی نواند و ملکەچی دەروونی بوو، کاری کرد دوور لەو کەسانەی

---

[1] بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی حوکمەکان ٩/ ٨٠، موسلیم لە سەحیحەکەیدا بەشی حوکمڕانی ٣/ ١٤٦٠، لە میعقەلی کوڕی یەسارەوە هاتووە.

خاوەن شارەزایی و ئەزموونن، ئەو کاتە چەندین هەڵە دەکات، دەکرێ پەلەکردن یەکێك بێ لەو هەڵانە.

دەکرێ ئەمە بێت نهێنی ئامۆژگاری ئیسلام بۆ ڕێزگرتن لە زاناکان و بەساڵاچووە چاکەکان، ئەوانەش کە خاوەن ڕێزو چاکەن، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێ: ((يَؤُمُّ الْقَوْمَ أَقْرَؤُهُمْ لِكِتَابِ اللَّهِ، فَإِنْ كَانُوا فِي الْقِرَاءَةِ سَوَاءً فَأَعْلَمُهُمْ بِالسُّنَّةِ، فَإِنْ كَانُوا فِي السُّنَّةِ سَوَاءً فَأَقْدَمُهُمْ هِجْرَةً، فَإِنْ كَانُوا فِي الْهِجْرَةِ سَوَاءً فَأَقْدَمُهُمْ سِلْمًا، وَلَا يَؤُمَّنَّ الرَّجُلُ الرَّجُلَ فِي سُلْطَانِهِ، وَلَا يَقْعُدْ فِي بَيْتِهِ عَلَى تَكْرِمَتِهِ إِلَّا بِإِذْنِهِ))[١] واتە: ئەوەی شارەزاترینە لە قورئاندا، ئەو دەبێ پێشنوێژ بۆ موسڵمانان بکات، جا ئەگەر لە شارەزایی لە قورئاندا یەکسان بوون، ئینجا شارەزاترینیان لە سوننەتدا پێش دەکەوێ، ئەگەر لە شارەزایی لە سوننەتی پێغەمبەریشدا یەکسان بوون، ئنیجا کامەیان لە کۆچکردندا لەپێشتر بێ، ئەو بۆ پێشنوێژ بە پێش دەکەوێ، ئەگەر لەوەشدا یەکسان بوون، ئینجا کامیان لە موسڵمان بووندا لەپێشتر بێ، ئەو بۆ پێشنوێژ پێشدەکەوێ، خاوەن ماڵ و دەسەڵات لە شوێنی خۆیدا لەپێشترە بۆ پێشنوێکردن، ناشبێ میوان لە شوێنی تایبەتی خاوەن ماڵ دابنیشێ مەگەر بە ڕەزامەندی ئەو.

## ١١ _ بێ ئاگابوون لە ڕێسا خواییەکان، لە گەردوون و دەروون و یاسادانادا:

دەکرێ بێ ئاگابوون لە یاسا خواییەکان لە گەردوون و دەروون و بەرنامەدانانادا هۆکاری پەلەکردن بێت، بەوەی یەکێك لە یاساکانی خوا لە گەردووندا بریتییە لە: بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژ، خوڵقاندنی و مرۆڤ و ژیانداران و ڕووەك بە چەند قۆناغێك، لەگەڵ ئەوەی کە خوای مەزن بەهێزە و توانای ڕەهای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، ئەمەش تەنها بە وشەی (ببە) دەکات: ﴿إِنَّمَآ أَمۡرُهُۥٓ إِذَآ

---

[١] موسلیم لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی مزگەوت ١/ ٤٦٥ ژمارە ٢٩٠ لە ئەبو مەسعودی ئەنساڕیەوە.

أَرَادَ شَيْـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴾ يس: ٨٢. واتە: (بێگومان هەر کاتێ فەرمانی خوا دەرچوو، ویستی شتێك جێبەجێ بکات و بیهێنێتەدی، پێی دەفەرمووێت ببە، ئەویش دەستبەجێ و بێ دواکەوتن پێش دێت و ئەنجام دەدرێت و دروست دەبێت).

له یاسا و ڕێساکانی خوا له دەروونندا: ئەو خۆی جەخت ناکات و کۆشش ناکات و قوربانی نادات، مەگەر له ناخی خۆیەوە دەست بە چارەسەری بکات، هەموو ناتەواویەکی لێ بنبڕ بکات، پەیی ببات بە نرخ و بەهای قوربانیدان و بەخشین: ﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ﴿٩﴾ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ﴿١٠﴾ ﴾ الشمس: ٩_١٠. واتە: (بەڕاستی ئەو کەسە سەرفرازە، کە دەروونی پاك و پوختە کردووە و ئیمان و ترسی خوای تێیدا ڕواندووە. بێگومان نائومێد بووە ئەو کەسەی دەروونی خۆی ناپوخت کرد و ئالّودەی تاوان و خراپەی کرد).

ئەمەش بەئاسانی نایەتەجێ، بەڵکو پێویستی بە کۆششێکی زۆر و کات و ئەرك و ماندووبوون هەیە.

له یاساکانی خوا له یاسادانانندا: مەیی و ڕیبا بە چەند قۆناغیك حەڕام کراوە، ئینجا کە بانگخواز ئەوەی لەبیر کرد، ئەوا تووشی پەلە و هەڵپە و هەڵەشەیی دەبێت، کە ئەوەی هێنا بەرچاوی خۆی و لەبیر و عەقڵی خۆیدا جێگای بۆ کردەوە، بەوەوە ناخ و دەروونی دادەمرکێ و جوڵەکانی ڕێکدەخرێ و شوێن پێیەکانی بەڕوونی دەبینێ.

## ١٢ _ لەبیرچوونی ئەو ئامانجەی موسڵمان هەوڵی بۆ دەدات:

دەکرێ ئەمە ببێتە هۆی پەلەکردن، لەبەر ئەوەی موسڵمان له بنچینەدا هەوڵدەدات بۆ دەستخستنی ڕەزامەندی پەروەردگار، ئەمەش بە پابەندبوون بە بەرنامەی خوا و کەمتەرخەمی تێدانەکردنی دەبێ، هەروەها بە جێگیربوون دەبێ لەسەری بەرنامەی خوا، بەپێی توانا و بەدڵسۆزانە تا ڕۆژی دوایی: ﴿ فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ

رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا ﴾ الكهف: ١١٠. واته: (جا ئەوەی دەیەوێت بە دیداری پەروەردگاری شادبێت، بەخۆشنودییەوە با كار و كردەوەی چاك ئەنجام بدات و بە هیچ شێوەك لـە پەرستنیدا هیچ كەسێك نەكاتە هاوەڵ و هاوبەشی).

﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ ﴾ التغابن: ١٦. واته: (كەوابوو هەتا دەتوانن لـەخواترس و خواناس بن).

موسڵمان لێپرسینەوەی لەگەڵ دەكرێ لە دوارۆژدا، لەلایەن خوای گەورە، لەبارەی ئەم پێشەكیانەوە، ڕزگاربوون و كەوتن لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام پرسیار لەبارەی بەرپاكردن و نەكردن و پایەداربوون ناكرێ، چونكە بەدەستی خوایە دەیدات بەهەر كەسێ كە ویستی لەسەر بێت.

جا ئەگەر ئەمە ڕوویدا و بانگخواز ئەمەی لەبیركرد، بێگومان دەخزێتە نێو دیاردەی پەلەكردنەوە.

## ١٣_ بێ ئاگابوون لە یاسای خوا بۆ تاوانكار و بەدرۆخەرەوانی ئیسلام:

بێ ئاگابوون لە یاسای خوا بۆ تاوانكار و بەدرۆخەرەوانی ئیسلام، دەكرێ ئەمەش هۆكاری دیاردەی پەلەكردن بێت.

لەبەر ئەوەی یەكێك لە یاساكانی خوا لەگەڵ تاوانكاران و بەدرۆخەرەوانی ئیسلام بریتییە لە: ماوەپێدان و پەلەنەكردنە لە سزادانیان:

﴿ وَأُمۡلِي لَهُمۡۚ إِنَّ كَيۡدِي مَتِينٌ ﴾ الأعراف: ١٨٣، القلم: ٤٥. واته: (من مۆڵەتیان دەدەم، بەڵام هەرگیز لـە سزای ئێمە ڕزگاریان نابێت، چونكە بێگومان دەسەڵاتمان تۆكمەیە).

﴿ وَرَبُّكَ ٱلۡغَفُورُ ذُو ٱلرَّحۡمَةِۖ لَوۡ يُؤَاخِذُهُم بِمَا كَسَبُواْ لَعَجَّلَ لَهُمُ ٱلۡعَذَابَۚ بَل لَّهُم مَّوۡعِدٞ لَّن يَجِدُواْ مِن دُونِهِۦ مَوۡئِلٗا ﴾ الكهف: ٥٨. واته: (پەروەردگاری تۆ لـێخۆش بووە و خاوەنی ڕەحمەت و میهرەبانیە، ئەگەر بەكردەوەی ئەو خەڵكە بكات هەموویان

بەخێرای دەپێچێتەوە بەسزای سەخت دایاد دەگرێت، بەڵكو كاتی دیاری كراویان هەیە _ هەر كاتێك یەخەی پێگرتن _ هەرگیز پەنایەكیان دەستناكەوێت بێجگە لە پەنای خوا).

**یەكێكی تر لە ڕێساكانی خوای گەورە ئەوەیە، ئەگەر تاوانكارانی گرت لەدەستی دەرناچن و هیچ پەناگەیەكیان نییە تا بۆی بچن:** ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَآ أَخَذَ ٱلْقُرَىٰ وَهِىَ ظَٰلِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُۥٓ أَلِيمٌ شَدِيدٌ ﴿١٠٢﴾ ﴾ **هود: ١٠٢. واتە:** (ئا بەو شێوەیە تۆڵەسەندنەوەی پەروەردگاری تۆ كاتێك تۆڵەدەسەنێت لە خەڵكی شار و دێهاتەكان لە حاڵێكدا كە یاخی و ستەم پیشە بوون، بەڕاستی تۆڵەسەندنەوەكەی بە ئێش و بەهێزو توندە). ﴿ وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ سَبَقُوٓا۟ إِنَّهُمْ لَا يُعْجِزُونَ ﴾ **الأنفال: ٥٩. واتە:** (با ئەوانەی كە بێ باوەڕبوون وا نەزانن كە لە دەستمان دەرچوون، بەڕاستی ئەوانە ناتوانن دەستەوەسانمان بكەن و لە دەستمان دەرچن).

**یەكێكی تر لە ڕێساكانی پەروەدگار، ئەوەیەكە ڕۆژەكانی وەك ئێمە نییە:** ﴿ وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِٱلْعَذَابِ وَلَن يُخْلِفَ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥ ۚ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴾ **الحج: ٤٧. واتە:** (خوانەناسان پەلەت لێدەكەن كە ئەو سزایە زوو یەخەیان بگرێت، بێگومان هەرگیز خوا لە بەڵێنی خۆی لانادات، بەڕاستی ڕۆژێك لەلای پەروەردگارت وەكو هەزار ساڵ وایە كە دەیژمێرن).

**ئەگەر بانگخواز لەو یاسا و ڕێسایانە بێئاگابوو، ئەوا بەدڵنیایەوە پەلە دەكات، و دەڵێت: تێكیان دەشكێنین بەر لە پەرەسەندنیان، پێش ئەوەی جڵەوی كارەكانیان بگرنەدەست، چونكە ئەگەر وا نەكەین، ئەوا قەڵاچۆپێكردنیان ئەستەم دەبێت لەسەر ڕێگەی خەڵكیەوە.**

## ١٤ _ هاوەڵێتی كردنی كەسی بەپەلە:

دەکرێ هاوەڵێتی کردنی کەسی بێئارام و بەردەوام بەپەلە و هەڵپەکار، هۆکاری دروست بوونی دیاردەی پەلەکردن بێت، چونکە ئەم سروشتە دەگوازرێتەوە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، برادەر لەسەر ئایینی برادەرەکەیەتی، ئەگەر موسڵمان هاوەڵی چاك دەستنیشان نەکات، ئەوا شوێن پێی برادەرەکەی هەڵدەگرێ و ئەو شتە دەکات کە هاوەڵەکەی دەیکات، لە هەموو شتێکدا _ بەتایبەت ئەگەر هاتوو کەسایەتیەکی بەهێز بوو _ ئا لە نێوان ئەم بارۆدۆخەدا دیاردەی پەلەکردن دێتەدی، جا لەوانەیە ئەمە بێت نهێنی ئەو پێداگیریەی ئیسلام لەسەر ئەوەی، کە دەبێ بە وردی و ئەمینداریەوە هاوەڵ دەستنیشان بکرێت، چەندین فەرموودەمان لەو بارەوە هێنا لەکاتی وتوێژکردن لەسەر دەردی: (خاوبوونەوە).

ئەمانە بریتین لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی، کە دەبنە هۆی کەوتنەوەی دیاردەی پەلەکردن.

## شەشەم: ڕێگاچارەی پەلەکردن:

**لەبەر ئەوەی هەڵوەستەمان لەسەر گرنگترین هۆکارەکانی دیاردەی پەلەکردن کرد، بۆیە دۆزینەوەی ڕێگاچارەکەی ئاسان دەبێ، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوخت دەکرێنەوە:**

**١_ سەرنجدان و وردبوونەوە لەو شوێنەوارانەی، کە بەهۆی دیاردەی پەلەکردنەوە کەڵەکە دەبن"** چونکە دەبێتە هۆی ئارامی بۆ ناخ و دەروون، وادەکات کە لەسەرخۆ و هێمن بێت.

**٢_ بەردەوام سەرنجدان لە پەرتووکی خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ"** چونکە وا دەکات کە بەرچاوڕۆشنیمان پێببەخشێت، سەبارەت بە یاسا و ڕێساکانی خوا لە گەردوون و دەرووندا و یاسادانانددا، هەروەها بەرنامەی خوا لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ تاوانکار و بەدرۆخەرەوانی ئیسلام، بەرچاوڕۆشن بوون سەبارەت بەو ڕێوشوێنانەی ناخ و دەروون هێوردەکەنەوە، یارمەتی دەردەبن بۆ لەسەرخۆبوون و

هێمنی، خوای پاك و بەرز فەرموویەتی: ﴿سَأُرِيكُمْ آيَاتِي فَلَا تَسْتَعْجِلُونِ﴾ الأنبياء: ٣٧. واتە: (لە ئایندەدا نیشانە و بەڵگەکانی خۆمتان نیشان دەدەم، جا پەلە مەکەن). ﴿ ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ ﴾ البقرة: ٢. واتە: (ئەو قورئانە کتێبێکە هیچ گومانێکی تێدا نییە _ کە لەلایەن پەروەردگارەوە ڕەوانەکراوە بەجبرەئیلدا بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) _ کە مایەی ڕێنمویی و سەرچاوەی هیدایەتە بۆ خواناسان و پارێزکاران).

﴿ إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ ﴾ الاسراء: ٩. واتە: (بەڕاستی ئەم قورئانە هیدایەت بەخشە بۆ چاکترین ڕێگە و ڕێباز و بەرنامە).

**٣_ بەردەوامی تێڕامان لە سوننەت و ژیاننامەی پێغەمبەر** (صلى الله عليه وسلم): ئەمە بەرچاو ڕۆشنیمان پێدەبەخشێت، چونکە شارەزامان دەکات لە ئەندازەی ئەو ناخۆشیانەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بینیویەتی، کە چۆن بەرگەی گرتووە، ئارامی نواندووە و پەلەی نەکردووە، تاکو سەرەنجام سەرکەوت بۆ خۆی و ئەو بەرنامەیە بوو کە لەلایەن خواوە هێنابووی، هەروەها دیارە کە هەڵوەستەکردن لەسەر ئەمە جوڵە و چالاکی موسڵمانان ڕێکدەخات، بەهۆی شوێن پێ هەلگرتنی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم): ﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْءَاخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا ﴾ الأحزاب: ٢١. واتە: (سوێند بە خوا بەڕاستی لە پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم) چاکترین نمونەی تەوا و ڕێك و پێك هەیە، تا چاوی لێبکەن و شوێنی بکەون، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە ڕەزامەندی خوایان مەبەستە، سەرفرازی دواڕۆژ ئاواتیانە، هەمیشە و بەردەوام یادی خوا دەکەنەوە و زمانیان پاراوە بەیادی ئەو).

**٤_ بەردەوام خوێندنەوەی کتێبەکانی مێژوو و بەسەرهات و ژیاننامەکان:**

ئەمە ڕێگایەکە بۆ زانینی پەیڕەوی بانگخوازان و پێشینە چاکەکان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی نا حەقی و پوچەڵ، شارەزابوون لەوەی چۆن ئەوان ئارامیان گرت و لەسەر خۆ بوون، تا هەل و فرسەتیان بۆ هەڵکەوت، جا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی

شوێن پێیان هەڵبگیرێ و پێیان کاریگەر بێ، بەلایەنی کەمەوە خۆی بەوان بچوێنێ ئەوەش لەسەر ئەو دێڕە شیعرەی کە دەڵێ:

خۆتان بەوان بچوێنن ئەگەر وەکو ئەوانیش نەبن
چونکە بەڕاستی خۆچواندن بەپیاوان سەرکەوتنە

پێشتر بەسەرهاتی عومەری کوری عەبدولعەزیز لەگەڵ کوڕەکەی خستمانەڕوو لەو بارەوە، لە کاتی باسکردنی چۆنیەتی چارەسەرکردنی (دەردی خاوبوونەوە).

٥_ **کارکردن لە ژێر سایەی کەسی شارەزا و خاوەن ئەزموون:** لەوانەی کە پێشتر ڕێگاکەیان بڕیوە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە وابکات هەنگاوەکانی بانگخوازان بە لێکدانەوەی وردیان بۆ بکرێت، تێکۆشان و کات و سەرجەم ئەرکەکانی تریان چاك بۆ فەراهەم بێ.

بەڕاستی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) سەرنجی بۆ ئەم مەسەلەیە ڕاکێشاوە کە فەرموویەتی: ((لا یلدغ المؤمن من جحر واحد مرتین))[١] واتە: ئیماندار نابێ لە کونێکەوە دووجار پێیەوە بدرێت.

٦_ **کارکردن لە میانەی بەرنامە و پەیڕەوێك:** کە بنەماکانی ڕوون و ئاشکرا بن، مەشخەڵکانی دیار بن، بە جۆرێك کە گشت ژیان لەخۆ بگرێ، دەستی بانگخواز بگرێ لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر و لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر بیگوازێتەوە، جا خولیای مەزنتر ببێ، وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە و ئاستی بەرز بکاتەوە.

٧_ **تێگەیشتنێکی ورد لە پیلانی دوژمنان"** چونکە ئەمە وادەکات کە بانگخواز لە چارەنووس و سەرەنجامی شتەکان ڕامێنێ، وێڕای ئەوەی لەسەرخۆبوون و ئارامی پێ دەدات، وای لێدەکات هەڵسوکەوتەکانی بە دانایی و لەسەر بەڵگەی ڕوون بنیات بنێ.

---

(١) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی هەڵسوکەوت ٨/ ٣٨، موسلیم لە سەحیحەکەیدا بەشی دونیا بەکەمزانی ٤/ ٢٢٩٥، لە ئەبو هورەیرەوە هێناویانە.

**٨_ نەترسان لە زاڵبوونی دوژمنان بەسەر جیهانی موسڵماناندا و تووندکردنی چنگ و چەپۆکیان بەسەریدا"** چونکە دەکرێ ئەمە لە چەند ساتێکدا لابچێ و تەفروتونا بکرێ، ئەمە لەلای خوا باڵادەست گران نییە و زۆریش ئاسانە: ﴿لَا يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِى ٱلْبِلَـٰدِ ﴿١٩٦﴾ مَتَـٰعٌ قَلِيلٌ ثُمَّ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۚ وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿١٩٧﴾﴾ آل عمران: ١٩٦_ ١٩٧. واتە: (_ ئەی ئیماندار _ هەرگیز هێز و دەسەڵاتی ئەوانەی بێباوەڕن لە وڵاتاندا تۆ لە خشتە نەبات. _ ئەوە هەمووی _ ڕابواردنێکی کەمە _ چونکە _ لەوەو دوا شوێن و جێگەیان دۆزەخە، کە ناخۆشترین جێگە و ڕێگەیە). ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ أَضَلَّ أَعْمَـٰلَهُمْ﴾ محمد: ١. واتە: (ئەوانەی بێ باوەڕبوون و بەرهەڵستی بەرنامەی خوایان کرد، ئەوانە خوا کردەوەکانیانی وون و پوچ کردۆتەوە _ تەنانەت چاکەکانیشیان بێ پاداشتە چونکە مەبەستیان خوا نەبووە _). ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ لِيَصُدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ ۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِلَىٰ جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ﴾ الأنفال: ٣٦. واتە: (بێگومان ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون، ماڵ و سامانی خۆیان بەخت دەکەن بۆ ئەوەی بە شێنەیی بەربەست دانێن و ڕێگری بکەن لەبەردەم ئایین و ڕێبازی خوادا، جا ماڵ و سامانیان لە ئاییندەدا بۆ ئەو مەبەستە خەرج دەکەن! پاشان دەبێتە پەشیمانی و داخ و حەسرەت لەسەریان، لە دوایدا شکست دەهێنن، بێگومان ئەوانەش کە بێ باوەڕبوون بۆ دۆزەخ کۆ دەکرێنەوەو ڕاپێچ دەکرێن).

**سەرەڕای ئەوەی ئەمانە مەرجدارن بەوەی کە موسڵمانێتی لە خۆمان و دەورووبەرمان بێنینەدی، بە گشت ئەو هۆکارانەی لە تواناماندان:** ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِن تَنصُرُوا۟ ٱللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ﴾ محمد: ٧. واتە: (ئەگەر ئێوە پشتیوانی لە ئایینی خوا بکەن و هەوڵی سەرکەوتنی بدەن، ئەوا خوایش پشتیوانی لە ئێوە دەکات سەرتان دەخات و پایەدارو جێگیرتان دەکات). ﴿وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ ۗ إِنَّ

ﭐللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ﴾ الحج: ٤٠. واتە: (سوێند بێت بێگومان خوا ئەو کەسە سەردەخات کە پشتگیری ئایین و بەرنامەکەی دەکات و هەوڵی سەرخستنی دەدات، بەڕاستی خوا زۆر بەهێزو باڵادەستە. ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ لَهُمۡ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗاۚ يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗا ﴾ النور: ٥٥. واتە: (خوا بەڵێنی دڵنیا بەخش و تەواوی داوە بەوانەی باوەڕیان هێناوە لە ئێوە، کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە بەڕاستی لە ئاییندەیەکی نزیکدا جێنیشین و پایەداریان دەکات لە وڵاتدا هەروەك چۆن ئیماندارانی پێش ئەوانی جێنیشین کردووە، ئەو دین و ئایینەیان بۆ دەچەسپێنێت کە خوا خۆی پێی ڕازییە، هەروەها ترس و بیمیان بۆ دەگۆڕێت بە ئارامی و هێمنی، ئەو کاتە ئیتر بە تەواوی من دەپەرستن و هەرگیز هیچ جۆرە هاوەڵ و هاوبەشێکم بۆ بڕیار نادەن).

**٩_ کۆشش کردن لەگەڵ نەفس و دەروونداः** ڕاهێنانی لەسەر پێویستی لەسەرخۆیی و ئارامی و تێڕامان، چونکە بەڕاستی نەرمی بە نرمی نواند دەبێت، هەر کەسێ هەوڵی ئارامگری بدات خواش یارمەتی دەدات لەسەر ئارامگرتن، جوامێری ڕاست و دروست بەبێ ئەمە نایەتەدی.

**١٠_ ئاگادار بوون لەو ئامانج و مەبەستەی کە موسڵمان لە پێناویدا دەژی:** ئەمە وا دەکات پەلە نەکات، لە دەستپێکەوە بە جوانی و وردی دەستبەکار بێت و هەڵوەستەیان لەسەر بکات، بێ بازدان بەرەو دەرەنجامەکان.

**١١_ ئاگاداربوون لە هەڵوێستی موسڵمان بەرامبەر بەخراپەکاران و شێوازی گۆڕینیان:** چونکە ئەمە وای لێدەکات کە بەرچاوڕۆشن بێت بە مەشخەڵەکانی ڕێگاکە، دووری بخاتەوە لە دیاردەی پەلەکردن.

بوونی ئەم هەنگاوانە پێویستن بۆ چاسەرکردنی ئەم دەردە.

## حەوتەم: دیاردەی پەلەكردن و پەیڕەو و بەرنامەی بزوتنەوەی ئیسلامی هاوچەرخ:

شایەنی باسكردنە كە دیاردەی پەلەكردن یەكجار بەو شێوەیەی كە باسمان كرد لە پەیڕەو بەرنامەی بزوتنەوەی ئیسلامیدا نییە، بەڵكو بەڕاشكاوانە ڕەتكراوەتەوە.

ئەم دەقەی دێت_ كە بەشێكە لە پەیڕەوی بزوتنەوەكە _ ڕاستی ئەمە دەسەلمێنێ و پشتی دەگرێت: (ئەی موسڵمانان، بەتایبەتی ئەوانەی لە ئێوە بەجۆش و خرۆش و بەپەلەن: گوێ بۆ وشەیەكی بەرز بگرن لە منەوە، كە لەسەر ئەو مینبەرەوە ئاراستەتان دەكەم، لەم كۆنگرەیە _ كۆكەرەوەیە _ بەڕاستی ئەو ڕێگەیەتان وێنەكراو و نەخشە بۆ كێشراوە، بەشێوەیەك كە سنوورەكانی دانراون، من بەش بە حاڵی خۆم ئەو سنوورانە نابەزێنم كە قەناعەت و بڕوایەكی پتەوم پێیەتی، بەوەی كە سەلامەترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ئامانج.

بەڵێ دەكرێ ڕێگاكە درێژ بێت، بەڵام لێرەدا ڕێگایەكی تر جگەلەمە نییە _ كە بێگومان جوامێری و ئارامگری و دامەزراوی و كاری بەردەوام دەردەخات _. جا هەر یەكێك لە ئێوە دەیەوێت پەلە لە بەدەستهێنانی بەروبومێك بكات بەر لە پێگەیشتنی، یان گوڵێك بچنێت پێش هاتنی كاتی چنینی، ئەوە بەڕاستی من لەو حاڵەتەدا بەهیچ شێوەیەك لەگەڵیدا نیم، چاكترە بۆی كە واز لە ڕێبازەی بانگەوازە بێنێت، بڕواتە ناو ڕێبازێكی تری بانگەوازەوە، هەر كەسێكیش لەگەڵم ئارام بگرێ، تاكو تۆوەكە چەكەرە و گەشە دەكات، درەختەكە دەڕوێت و بەردەگرێت، بەرووبوومەكەی چاك پێدەگات و كاتی چنینی دێت، لەو كاتەدا پاداشتی لەسەر خوایە، لە دەست ئێمە و ئەو كەسەش ناچێت پاداشتی چاكەكاران: ئینجا یان سەركەوتن و سەركردایەتی كردن دەبێتە بەشمان یان شەهیدبوون و خۆشبەختی بەدەستدەهێنین.

ئەی موسڵمانان:

بەرچاوڕۆشنی عەقڵ بکەنە ئەوساری هەڵچون و جۆش و خرۆش و سۆزتان، گەشانەوە و درەوشانەوەی عەقڵەکانتان زیاتر بکەن، بەهۆی گڵپەی جۆش و خرۆشی سۆزتان، پابەندی بیری ڕاست و واقیعیانە بن، درك بە ڕاستییەکان بکەن لە ژێر ڕۆشنایی خەیاڵی جوان و گەشاوە، جا کەوا بوو نەکەن هەر ڕوو لە یەکێکیان بکەن بە تەواوی ئەوانی تر واز لێبهێنن وەك هەڵواسراوێکی لێبکەن، ڕەچاوی ڕێسا گەردوونیەکان بکەن و لەگەڵی تێکنەگیرێن، چونکە بەسەرتاندا زاڵ دەبن، ئەمەش بۆ ئەوەی تا بەسەریدا زاڵبن و بەکاریان بێنن و ئاڕاستەیان بکەن، پشت بە هەندێکیان ببەستن و بەکاری بێنن، بەسەر هەندێکی تریان و لە کاتی سەرکەوتن ورد ببنەوە، چونکە بێگومان سەرکەوتن لێتان دوور نییە.

**ئەی موسڵمانان:**

ئێوە مەبەستان تەنها خوای گەورە و بەدەستهێنانی پاداشت و ڕەزامەندی ئەوە، ئەمەش بۆتان دەستەبەر دەبێت مادام ئێوە دڵسۆزن و ئەنجامی کارەکان ناخاتە ئەستۆتانەوە، بەڵکو خوای پایەدار ئێوەی ڕاسپاردووە بە ڕووکردنە خوا بە ڕاست و دروستی، ئامادەسازکردنی چاك و ڕێکوپێك، ئێمەش پاش ئەمە: یان ئەوەتا هەڵەکارین، ئەوا لەو کاتەدا پاداشتی بانگخوازە کۆششکارەکانمان دەستدەکەوێت یان ڕاستمان پێکاوە، لەو کاتەشدا ئێمە دوو ئەوەندە پاداشتمان دەستدەکەوێت، لەوانەی سەردەکەون و ڕاست دەپێکن، ئەمەش لەسەر ئەوەی کە ئەزموونی ڕابردوو و ئێستا سەلماندوویەتی، کە خێر و چاکە تەنها لەو ڕێگایەدایە کە ئێوەی لەسەری دەڕۆن، بەرهەم تەنها لەگەڵ ڕێبازی ئێوەدایە، ڕاستی تەنها ئەوەیە کە دەیزانن، جا تێکوشان و ماندووبوونتان مەکەنە تۆزی بەربا، سەرکێشی و قومار بە دروشمی سەرکەوتنتان مەکەن، کار بکەن خوا لەگەڵتانە، کارەکانتان بەفیڕۆنادات، سەرکەوتن بۆ بانگخوازانە: ﴿ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَـٰنَكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾ (البقرة: ١٤٣) واتە: بێگومان خوا ئیمان و باوەڕداریتان بەفیڕۆ نادات، چونکە خوا بەڕاستی بۆ خەڵکی، زۆر بەسۆز و بەزەییە.

## هەشتەم: بانگخواز لە نێوان دیاردەی خاوبوونەوە و پەلەکردن:

لەکاتی دوانمان لەبارەی دیاردەی خاوبوونەوە و پەلەکردن: شوێنی بانگخوازمان بۆ دەرکەوت: بێگومان شوێنی دەبێت لە نێوان خاوبوونەوە و پەلەکردن بێت، بەو واتایەی کە ئەو لەگەڵ دەستپێکدا دەبێ هاوشێوەی هەنگ بێ، بە بەردەوامی چالاکی و جوڵە بکات، بەبێ دواکەوتن و خاوبوونەوە بۆ یەك چرکەش لە شەو و ڕۆژدا، فرسەت و هەلێك لە دەست نەدات کە بۆی فەراهەم ببێ، بەڵام سەبارەت بە دەرەنجامەکان لەسەرخۆ و ئارامە، پەلە ناکات لە شتێك بەر لە پێگەیشتنی، ئەگەر ئاوا هێمن نەبوو، ئەوا سزا دەدرێت بە بێ بەش بوون لە بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەکەی.

بەم شێوەیە، بزوتنەوەی ئیسلامی دیاریکردنی شوێنی بانگخوازی لەبیر نەکردووە، ئەو وشانەی بەشێکن لە ڕوووناکی و مەشخەڵی سەر ڕێگای بانگەواز: (گۆڕەپانی وتە جیایە لە مەیدانی خەیاڵ، مەیدانی کار جیایە لە مەیدانی گوفتار، گۆڕەپانی تێکۆشانی ڕاست و دروست، جیایە لە گۆڕەپانی تێکۆشانی بێ سەروبەر و هەڵە.

ئاسانە زۆر کەس خەیاڵ بکەن، بەڵام هەموو خەیاڵێك کە بە مێشکدادێ ناکرێت وێنە بکرێ بە وتەی سەر زمان. ئەوانەی دەتوانن قسە بکەن زۆرن، بەڵام کەمێك لەو قسە زۆرانە لە کاتی کرداردا دەسەلمێنرێن. زۆرێك لەو خەڵکە کەمانە دەتوانن کار بکەن، بەڵام کەمێك لەوان تواناى هەڵگرتنی ئەرکی گران و کاری تێکۆشانیان هەیە، ئەم تێکۆشەرانە کە دەستەبژێرێکی کەمن، لە پشتیوانانی ئاینی خوا، دەکرێ لە ڕێگای بانگەوازدا هەڵە بکەن، ئامانجەکە نەپێکن، ئەگەر چاودێری خوا بە هانایانەوە نەیەت. سەرگوزەشتەکەی "تالوت" ئەم وتەیەی ئێستا کردم زۆر بە جوانی ڕوون دەکاتەوە، بۆیە خۆتان ئامادە بکەن، بە پەروەردەی ڕاست و دروست، تاقیکردنەوەی ورد، بە کارکردن مەشق و ڕاهێنانی پێ بکەن، خۆتان ڕابهێنن لەسەر

كاری بەهێز و قورس كە لەلای دەروون حەز لێكراو نییە، دەروونتان بگرنەوە لە ئارەزوبازی و ئەو نەریت و شتانەی خوی پێوەگرتووە... چركەیەك بەبێ كار بەسەر نەبەن، جا لەو كاتەدا پشتگیری و پشتیوانی خوایی بەهاناتانەوە دێت).

# دەردی چـــوارەم

# گـــۆشـــەگـــیری (الـــــعزلة)

دەردی چوارەم: کە هەندێ لە بانگخوازان گیرۆدەی دەبن، لەسەریشیانە چاڵاکانە کار بکەن تا خۆیان لێی پاك بکەنەوە، ئەویش دەردی گۆشەگیریە یان کەنارگیری و تەنیاخوازیە، بۆ ئەوەی ئاشنایەتیەکی وردمان لەلابێت، سەبارەت بە ڕەهەند و نیشانەکانی ئەو دەردە، ئەوا بەو شێوەیەی خوارەوە دەیخەینەڕوو:

## یەکەم: واتای گۆشەگیری:

**لە زمانەوانیدا:** بریتییە لە گرتنەبەری لایەك و تەنیشتێك، خاوەنی فەرهەنگی (لسان العرب) وتویەتی: (عزل الشئ یعزله عزلا، و عزله فاعتزل و إنعزل و تعزل: شتەکەی دایە لایەك و گۆشەیەکەوە، ئەویش گۆشەگیر بوو، ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەش: ﴿ إِنَّهُمۡ عَنِ ٱلسَّمۡعِ لَمَعۡزُولُونَ ﴾ الشعراء: ٢١٢. واتای ئەوەیە: کاتێك بە نەیزەك تیرباران کران گۆشەگیرکران، هەروەك لەم فەرمایشتەی خوای پایەداردا هاتووە: ﴿ وَأَنَّا لَمَسۡنَا ٱلسَّمَآءَ فَوَجَدۡنَٰهَا مُلِئَتۡ حَرَسٗا شَدِيدٗا وَشُهُبٗا ۝٨ وَأَنَّا كُنَّا نَقۡعُدُ مِنۡهَا مَقَٰعِدَ لِلسَّمۡعِۖ فَمَن يَسۡتَمِعِ ٱلۡأٓنَ يَجِدۡ لَهُۥ شِهَابٗا رَّصَدٗا ۝٩ ﴾ الجن: ٨ ، ٩. واتە: (ئێمە _ی جنۆکە _ جاران لە هەندێك شوێنی ئاسمان خۆمان حەشار دەدا بۆ گوێگرتن و دەنگوباس بیستن، بەڵام ئێستا ئەوەی بیەوێت گوێ بگرێت یەکسەر نەیزەکێکی بۆ ئامادەیە و بۆی دەهاوێشترێ و لەناوی دەبات). ڕێگریان لێکرا لەوەی دەنگوباسی ئاسمانیان ببیستن)[١].

**لە زاراوەدا:** هەرچی لە زاراوەی بانگخوازانە بەم مەبەستە بەکاردێ: هەڵبژاردنی ژیانی گۆشەگیری و تەنیاخوازی بەسەر ژیانی بەکۆمەڵدا، بەوەی کە بانگخواز ئیسلام تەنها لەسەر خودی خۆی پەیڕەو دەکات، گوێ بەوانی تر و دەوروبەری نادات، کە لە لێواری تیاچوون و سەرگەردانی دان. یان ئیسلام لەسەر خۆی پیادە بکات و تێبکۆشێ تاکو لە ناو خەڵکیشدا جێبەجێی بکات، بەڵام بە هەوڵدانێکی

---

(١) بڕوانە لسان العرب، ابن منظو ١١/ ٤٤٠، مادة: عزل.

تاكەكەسی دوور لە هاریكاری و یارمەتی وەرگرتن لە بانگخوازانی تری نێو گۆڕەپانی كاری ئیسلامی.

## دووەم: هۆكارەكانی گۆشەگیری:

**لێرەدا چەند هۆكارێك هەن كە وا لە مرۆڤ دەكەن تووشی دیاردەی گۆشەگیری ببێ، هەندێكیان دەخەینەڕوو:**

**١_ هەڵوەستەكردن لەسەر چەند دەقێكی شەرعی كە مرۆڤ هاندەدەن بۆ ژیانی گۆشەگیری:** لەگەڵ بێ ئاگابوون لە شوێنی گۆشەگیری لە نێو دەقەكانی تردا، ئەو دەقانەی كە مرۆڤ بانگ دەكەن و هاندەدەن بۆ ژیان بەسەربردن لە باوەشی كۆمەڵدا: هەندێ دەقی شەرعی هاتوون كە ستایشی گۆشەگیری دەكەن، مرۆڤ بۆ تەنیاخوازی هاندەدەن، وەك ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم): (یوشك أن یكون خیر مال المسلم غنم یتبع بها شغف الجبال، ومواقع القطر یفر بدینه من الفتن)[١]، واتە: دوور نییە كاتێك بەسەر موسڵماناندا بێت كە چاكترین سەر وماڵی بریتیی بێت لەوەی كە ڕانە مەڕێكی هەبێت لە چیا و كێوەكاندا ژیان بەسەر بەرێت، لەو شوێنەی كە بارانی لێدەبارێت بەخۆی و دینەكەی لە ئاشوب و فیتنە ڕابكات.

یان هەروەك وەڵامەكەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بۆ ئەو كەسەی پرسیاری كرد: (أي الناس أفضل؟ قائلاً: (رجل یجاهد في سبیل الله بماله ونفسه، قال: ثم من؟ قال: مؤمن في شعب من الشعاب یعبد الله ربه ویدع الناس من شره)[٢]، واتە: چاكترینی خەڵكی كامانەن؟ ئەویش فەرمووی: كەسێ لە پێناوی خوادا تێبكۆشێ

---

(١) بوخاری لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی باوەڕ ١/ ١١، بەشی ئاشوب ٩/ ٦٦، لە ئەبو سەعیدی خودریەوە.

(٢) موسلیم لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی پێشەوایەتی، باسی پلەوپایەی تێكۆشان ٣/ ١٥٠٣ لە ئەبو سەعیدی خودریەوە.

بەخۆی سەروەت و سامانی، وتی: پاشان کێی تر؟ فەرمووی: ئیمانداریێك لە دۆڵێك لە دۆڵەکاندا تەنها خوا بپەرستێ، خەڵکی بەجێ بهێڵێت لەبەر خراپە و شەڕیان.

هەروەها ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کە لە فەرموودەی حوزەیفەی کوڕی یەماندا هاتووە: (فاعتزل تلك الفرق كلها ، ولو أن تعض بأصل شجرة ، حتى يدركك الموت ، وأنت على ذلك)[1]، واتە: خۆت لەو دەستە و تاقمانە دابماڵە و دووربگرە، ئەگەر چی خۆت بەبنی درەختێکەوە بگریت، تاکو مردنت پێ دەگات بەو شێوەیە بیت.

هەروەها ئەم فەرمایشتە: (من خير معاش الناس لهم: رجل ممسك عنان فرسه في سبيل الله يطير على متنه، كلما سمع هيعة أو فزعة طار عليه، يبتغى القتل و الموت مظانة أو رجل في غنيمة في رأس شعفة من هذه الشعف، أو بطن واد من هذه الأودية، يقيم الصلاة، ويؤتى الزكاة، ويعبد ربه، حتى يأتيه اليقين، ليس من الناس إلا في خير)[2]، واتە: باشترین ژیان بۆ خەڵك ئەوەیە، پیاوێك لغاوی ئەسپەکەی گرتبێت و لەسەریشی ڕابکات لە پێناوی خوادا، هەر کاتێك گوێبیستی ترس و بیمێك دەبێت بۆی دەربچێ، مەبەستی کوژران بێ و مردنیشی چاوەڕوان کراوبێ، یاخود پیاوێك لە نێو ڕانە مەڕێك لەسەر سەری یەکێك لە چیا بەرزەکان بێت یاخود لە نێو یەکێك لەو شیوانە دابێت نوێژەکانی بەجوانی بەرپا بکات و زەکاتیش لە ماڵەکەی خۆی دەربکات، و پەروەردگاری بپەرستێ، تاکو مردن یەخەی دەگرێ، ئەمە لە کەسە باشەکانە.

بەهەمان شێوە هەندێك دەقی شەرعی تر هاتوون کە مرۆڤ هاندەدەن بۆ چوونە ژێر ئاڵای کۆمەڵی باوەڕداران و ژیانی گوزەراندن لەژێر سایەیدا، هەروەك خوای پاك و بەرز دەفەرموویت: ﴿ وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ

---

([1]) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی ئاشوب ٩/ ٦٥، موسلیم لە سەحیحەکەیدا بەشی پێشەوایەتی ٣/ ١٤٧٥ _ ١٤٧٦ لە حوزەیفەوە.

([2]) موسلیم لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی پێشەوایەتی ٣/ ١٥٠٣ _ ١٥٠٤ بە ژمارە ١٨٨٩ لە ئەبو هورەیرەوە.

وَٱلۡعُدۡوَٰنِ ﴾ المائدة: ٢. واته: (یارمەتی و کۆمەکی یەکتری بکەن لەسەر چاکە و خواناسی، نەکەن یارمەتی و کۆمەکی یەکتر بکەن لە سەر گوناھ و دەستدرێژی).

﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْ ﴾ آل عمران: ١٠٣. واته: (_ هەوڵبدەن _ هەر هەمووتان بەتووندی دەست بگرن بە ئایینی خواوەو پەرت و بڵاو مەبن).

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِهِۦ صَفّٗا كَأَنَّهُم بُنۡيَٰنٞ مَّرۡصُوصٞ ﴾ الصف: ٤. واته: (بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە دەجەنگن لە پێناو ڕێبازی خوادا بەیەك ڕیزو یەك پارچەو یەك دڵ چونکە هەروەك کۆشکێکی بەرزی قایمی داڕێژراون بە قوڕقوشم).

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێت: (إياكم و الفرقة، وعليكم بالجماعة، فإن الشيطان مع الواحد، وهو من الإثنين أبعد، من أراد بحبوحة الجنة فليلزم الجماعة)[١]، واته: خۆتان بپارێزن لە پەرتەوازەیی، پابەندی کۆمەڵی بڕواداران بن، چونکە شەیتان لەگەڵ کەسی تەنیایە و لە دوو کەس دوورترە، هەر کەسێ خۆشگوزەرانی بەهەشتی دەوێ با پابەندی کۆمەڵی بڕواداران بێت.

(وأنا آمركم بخمس: الله أمرني بهن: بالجماعة و السمع و الطاعة و الهجرة و الجهاد في سبيل الله، فإن من خرج من الجماعة قيد شبر فقد خلع ربقة الإسلام من عنقه إلى أن يرجع، قالوا: يا رسول الله وإن صلى وصام؟ قال: وإن صام و صلى وزعم أنه مسلم)[٢]، واته: من بە پێنج شت فەرمانتان پێدەکەم، کە خوای گەورە فەرمانی بەوانە پێکردووم، پابەندبوون بە کۆمەڵی بڕواداران، گوێڕایەڵی کردن و فەرمانبەردار بوون، کۆچکردن، تێکۆشان لە پێناوی خوادا، ئەوەی بە ئەندازەی بستێك لە کۆمەڵ بڕواداران دەرچێت، ئەوا خۆی لە ئیسلام داماڵیوە تاکو دەگەڕێتەوە ناوی، وتیان

---

(١) ترمزی لە سونەنەکەیدا هێناویەتی: ٩/ ١٠، لە پەڕاوێزی (عارضة الأحوذي) لە ئیبن عومەرەوە، سەرنجی لەسەر داوە بەوەی فەرموودەکە سەحیحە لەم ڕووەوە نامۆیە.

(٢) ئەحمەد لە موسنەددا ٤/ ٢٠٢ هێناویەتی.

ئەی پێغەمبەری خوا: جا ئەگەر ئەو كەسە نوێژ بكات و ڕۆژوو بگرێت؟ فەرمووی: ئەگەر نوێژ بكات و ڕۆژوش بگرێت، وا گومانیش ببات كە موسڵمانە.

(يد الله مع الجماعة)[١]، واتە: دەستی توانستی خوا لەگەڵ كۆمەڵی بڕواداران دایە.

بانگخواز كاتێك هەڵوەستە دەكات لەسەر كۆمەڵە دەقی یەكەم، حەز بە گۆشەگیری و تەنیاخوازی دەكات، لە هەمان كاتدا ئەم دەقانە لەبیر دەكات كە فەرمان دەكات بە تێكەڵ بوون لەگەڵ كۆمەڵی بڕواداران، ژیان بەسەربردن لە ئامێزیدا، جا كە ئەو ڕاستیەی لە بیر كرد ئەوا تووشی دەردی گۆشەگیری دەبێت.

**٢_ هەڵوەستەكردن لەسەر دیاردەی گۆشەگیری كە لەلایەن هەندێ لە پێشینانەوە هاتووە، بێئاگا لەو بارودۆخانەی كە بوونەتە هۆكاری ئەو تەنیاخوازیەی ئەوان:** دەكرێ هەندێ كەس بەوە تووشی گۆشەگیری ببێت كە لە هەندێ پێشینانەوە هاتووە، ئەوان ژیانی گۆشەگیریان هەڵبژاردووە بەسەر ژیانی ناو كۆمەڵدا، جا ئەوەتا پێغەمبەر ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێ)، هەروەك چۆن قورئانی پیرۆز بۆمان دەگێڕێتەوە بەهۆزەكەی دەفەرمووێ:

﴿ وَأَعۡتَزِلُكُمۡ وَمَا تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾ مریم: ٤٨. واتە: (وا من دوور دەكەومەوەو كەنار دەگرم لە ئێوەو ئەو شتانەی كە لە جیاتی خوا دەیپەرستن).

ئەو پاڵنەرەی وای لە پێغەمبەر ئیبڕاهیم (سڵاوی خوای لێبێ) كرد گۆشەگیری هەڵبژێرێت، بێ كەڵك دەرچوونی هەموو هۆكارەكانی گۆڕان و چاكسازی بوو، پاشان سوربوونی هۆزەكەی لە سەر بێ باوەڕبوون، بەهۆی ئەمە ترسی لێ نیشت سەبارەت بە دینداریەكەی خۆی، بۆیە لەبەریان هەڵات و لێیان دووركەوتەوە.

ئا ئەوە ئەبو زەڕ و ئیبن عومەر و دەستەیەك لە هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) كەنارگیری دەكەن لە كۆمەڵی موسڵمانان، بەتەنیایی ژیانیان بەسەر دەبرد، كاتێك ئاگری شەڕ و ئاشوب داگیرسا، ئەو شتەی كە وای لەوان كرد بریتی بوو لەوەی

---

([١]) پێشتر ئاماژە بە سەرچاوەكەی كراوە.

نەبادا دەستیان بچێتە خوێنە پاکەکان، _ کە خوای گەورە بە پاکی داناوە _، لە ترسی ئەوەی نەوەك نەزانرێت: کە کامە ڕاست و کامەیان هەڵەکارە.

پێشەوا مالیکی کوری ئەنەس (ڕەحمەتی خوای لێبێ)، کە پێشەوای خانەی کۆچ (دار الهجرة)ـە، دواڕۆژەکانی ژیانی بە گۆشەگیر و دوور لە خەڵك بەسەر دەبات، و بیانووەکەشی بریتی بوو لەوەی، کە خۆی لە تێکگیرانی لەگەڵ دەسەڵاتدارەکان بەدوور بگرێ، تا خوێنی موسڵمانان پارێزراو بێت.

بەڕاستی کاتێك بانگخواز لەبارەی گۆشەگیری ئەمانە دەخوێنێتەوە، ئەو کات و باردۆخەکە لە بیر دەکات کە باڵی کێشابوو بەسەریاندا، ئەوا لە ناخیدا حەزی بۆ دروست دەبێ لەوەی شوێنیان هەڵگرێ و پێیان کاریگەر ببێ، یاخود بەلایەنی کەمەوە خۆ بەوان بچوێنێ، جا مل دەنێ بەرەو کەنارگیری و گۆشەگیری، دوور لە کەش و هەوای کۆمەڵی بڕواداران، ئەگەر هیچ بیانۆشی بەدەستەوە نەبێت.

**٣_ گومان بردن بەوەی کە ژیانی بە کۆمەڵ، خودی مرۆڤ ڕەتدەکاتەوە، کە پێی ناسراوە:** کاریگەری لەسەر کەسایەتیەکەی دروست دەکات، لەهەمان کاتدا بێئاگایە لە پەیڕەو و بەرنامەی ئیسلام، سەبارەت بە هەماهەنگی تاك و کۆمەڵ و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوانیان.

دەکرێ پاڵنەری گۆشەگیری گومانی هەندێ بانگخواز بێ، کە ئەگەر هاتوو ژیان لە ناو کۆمەڵدا ببەنەسەر و ببنە بەشێك لێی، ئەوا کەسایەتیەکەیان لە دەستدەدەن و لەنێو چوارچێوەیدا دەتوێتەوە، جلەوی خۆی بەدەست خۆی نابێت، ئەگەر خەڵك کاری چاکی کرد، ئەویش چاکە دەکات، ئەگەر خراپەیان کرد، ئەویش خراپە دەکات، بێئاگا لە پەیڕەوی ئیسلام، لە هەماهەنگی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان تاکایەتی و کاری بە کۆمەڵدا، کە ئەم پەیڕەوە بانگهێشتی تاك دەکات، تا لە سایە و باوەشی کۆمەڵدا بژیت، لەژێر سێبەری ئەودا بحەسێتەوە، بەو شێوەیەی خستمانەڕوو، لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو بەپرسیارێتی تەواوی لە ئەستۆدایە، سەبارەت بە هەر هەڵسوکەوتێك کە دەیکات، جا پەیڕەوەکە پێی دەڵێ:

﴿ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ﴾ فاطر: ١٨. واتە: (هیچ گوناهبارێكیش گوناهی كەسانی تر هەڵناگرێت). ﴿ كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ ﴾ المدثر: ٣٨. واتە: (كەس بارمتەی دەستپێشخەری خۆیەتی "كردەوەكانی دێنەوە ڕێی"). ﴿ لَّا تَجْزِي نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْئًا ﴾ البقرة: ١٢٣. واتە: (كەس لە جیاتی كەس تۆڵە و پاداشت ناداتەوە). ﴿ بَلِ الْإِنسَانُ عَلَىٰ نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ ﴿١٤﴾ وَلَوْ أَلْقَىٰ مَعَاذِيرَهُ ﴿١٥﴾ ﴾ القیامة: ١٤، ١٥. واتە: (بەڵكو ئینسان خۆی شایەتە بەسەر خۆیەوە "ئەندامەكان شایەتن بەسەریەوە" هەرچەندە چەندەها پاكانە بكات و بیانوو بهێنێتەوە "بێ سوود و كەڵكە"). ﴿ وَإِن تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَىٰ حِمْلِهَا لَا يُحْمَلْ مِنْهُ شَيْءٌ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ ﴾ فاطر: ١٨. واتە: ("لە قیامەتیشدا" ئەگەر بارگرانێك "گوناهبارێك" هاوار لە كەسێك بكات تا باری سەرشانی سوك بكات هیچ باری سووك ناكات هەتا ئەگەر خزمیشی بێت).

**لەسەری پێویستە بەپێی مەرج و شێوازەكانی و بە گوێرەی توانا ئامۆژگاری هەر تاكێكی نێو كۆمەڵ، بكات هەرچەندی پلەو پایەشی گەورە بێت، چونكە:** (الدين النصيحة قلنا لمن ؟ قال لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم)[1]، **واتە: ئایین دڵسۆزی و ئامۆژگارییە، "هاوەڵان دەڵێن[2]" وتمان ئەی پێغەمبەری خوا بۆ كێ؟ فەرمووی لە پێناوی خوا، بۆ كتێب و پەیامبەری خوا و كاربەدەست و پێشەوایانی موسڵمانان و تێكڕای خەڵك)).**

(المؤمن مرآة أخيه و المؤمن أخو المؤمن يكف عن ضيعته ويحوطه من ورائه)[3]، **واتە: ئیماندار ئاوێنەی ئیمانداره، ئیماندار برای ئیمانداره، ڕێگە لە تێكچوونی كاری**

---

([1]) ئەبو داود لە سونەنەكەیدا هێناویەتی: بەشی ڕەوشت ٤/ ٢٨٦ ژمارە ٤٩٤٤ لە فەرموودەی تەمیمی داری.

([2]) ئەوەی لە نێو ئەم دوو كۆت و بەندەدایە خۆم زیادم كردووە بۆ زیاتر بەرچاوڕۆشنی. (وەرگێڕ).

([3]) ئەبو داود لە سونەنەكەیدا بە ژمارە: ٤٩١٨، بوخاری لە ئەدەب ئەلموفرەد بە ژمارە: ٢٣٩، بەزار ٣٨٥/ ١٤ گێڕاویانەتەوە، ئەلبانی بە حەسەن داناوە لە سەحیحی جامع بە ژمارە: ٦٦٥٦. (وەرگێڕ).

دەگرێ، دەیپارێزێت و پشتیوانی لێ دەکات، لە گێرانەوەیەکی تردا هاتووە: (المؤمن مرآة أخيه إن رأي فيه عيباً قومه)[1]، واتە: ئیماندار ئاوێنەی ئیمانداره برایەکەی ئەگەر کەم و کورتی و نەنگیەکی لێبەدی کرد بۆی چاك دەکات.

هاوەڵان لەگەڵ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ژیانیان بەسەر دەبرد، موسڵمانانیش ژیانیان لەگەڵ یەکتر گوزەراند، هەرگیز نەمانبینی کەسێك کەسایەتیەکەی توابێتەوە، یاخود پەرش و وون بووبێت لە ناو کۆمەڵی بڕواداراندا، بەڵکو ئامۆژگاری و ڕاوێژکاری و فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپەمان بەدیکردووە لە نێوانیاندا، ئەوەی هەندێك لە هاوەڵان بە عومەریان دەوت (خوا لێی ڕازی بێت) لە ئێمە دوور نییە: (ئەگەر خوار و خێچی و کرچ و کاڵیەکت تێدا بەدی بکەین، ئەوا بەهێزی شمشێرەکانمان ڕاستی دەکەینەوە).

بەم بانگەوازە، لە ناخی موسڵماندا قەوارەیەکی ناوخۆیی ڕێك و پێك بنیات دەنرێت، بەشێوەیەك کە دروشم و خەسڵەت و سنورەکانی دیار دەبن، هەستەکان وەك خۆیان دەمێننەوە، بە هۆشیاریەکی تەواو، کە هەست بەهەموو شتێك دەکات کە بەبەریان دەکەوێت، ئەگەر لە دوورەوەش بێت.

بەڕاستی ئەم گومان و بێ ئاگابوونە، وا لە بانگخواز دەکەن، کە سەرەنجام ملی ڕێ بگرێ بەرەو گۆشەگیری، ئینجا بەمە تووشی یەکێك لە ترسناکترین نەخۆشیەکان دەبێت.

**٤ـ بێ ئاگا بوون لە سروشتی ئەرکەکانی تێکەڵبوون بە کۆمەڵ و ژیان بەسەر بردن لە نێو خەڵکدا:** دەکرێ ئەوەی مرۆڤ تووشی گۆشەگیری بکات، بریتی بێ لە بێ ئاگابوون بەرامبەر بە سروشتی ئەرکەکانی تێکەڵ بوون بە کۆمەڵ و کارکردن تیایدا، و ژیان بەسەر بردن لە نێو خەڵکدا، چونکە سروشتی ئەم ئەرکانە وایە کە: زۆر و گەورەن، هەموو ژیانی مرۆڤ لە خۆدەگرن، لە یەکەم ڕۆژ تا دوایین ڕۆژ، لەوانەیە کۆتایش نەیەت، زۆربەی کات پێچەوانەی ئەوەیە، کە دەروون ویستی

---

([1]) تەبەڕانی گێڕاویەتیەوە و تورمزی هێناویەتی. (وەرگێڕ).

لەسەرە، جا ئەگەر هاتوو بانگخواز ئاگاداری ئەمە نەبوو، ئەوا دەروونی خۆی لە پاکسازی و پەروەردە و کۆشش لەگەڵ کردن فەرامۆش دەکات، بەو هۆیەوە هەست و ئارەزووەکانی بەسەریدا زاڵ دەبن، بەپێ بەسەرچوونی ڕۆژەکان لاواز و دەستەوەسان دەبێ، لە ئاست هەڵسان بە ئەرکەکانی سەرشانی، جا لەو ساتەدا دەگەڕێ بە دوای دەرگا و پەناگەیەك کە پەنای بۆ ببات، جگەلە گۆشەگیری هیچی تری دەست ناکەوێت.

**٥_ بەهانە هێنانەوە بەوەی کە تێکەڵاو بوون لەگەڵ خەڵکدا، مرۆڤ سەرقاڵ دەکات، لە ئاست خۆیەکلاکردنەوە بۆ خواپەرستی، کەچی بێ ئاگایە لە چەمکی ڕاست و دروستی خواپەرستی:** دەکرێ پاڵنەری گۆشەگیری بەهانە هێنانەوە بێ، بەوەی کە تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵکدا، مرۆڤ سەرقاڵ دەکات لە خۆیەکلاکردنەوە بۆ خواپەرستی، لە نوێژ و ڕۆژوو، خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز تا زیکرکردن، نزا و پاڕانەوە و داوای لێخۆشبوون کردن و بیرکردنەوە.. تاد. کەچی بێ ئاگایە لە چەمکی ڕاست و دروستی خواپەرستی، چونکە چەمکی دروستی خواپەرستی وەك شێخی ئیسلام "ئیبن تەیمییە" ڕەحمەتی خوای لێبێ دەڵێ بریتییە لەوەی: ((ناوێکی گشتگیرە بۆ گشت ئەو شتانەی، کە خوای گەورە خۆشی دەوێت و پێشی ڕازییە، لە گوفتار و ڕەفتاری دەر و دەروون، و نوێژ و زەکات و ڕۆژوو حەج و نزا و پاڕانەوە، داوای لێخۆشبوون کردن و زیکر و خوێندنەوەی قورئانیش خواپەرستییە، قسەی ڕاست، بەجێگەیاندنی سپاردە، چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك، گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ خزمان پەرستشە، بەوەفابوون بەرامبەر بە پەیمانەکان خواپەرستییە، بانگەوازکردن بۆ خێر، فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە، و تێکۆشان دژی بێ باوەڕ و دووڕووەکان خواپەرستییە، چاکەکردن لەگەڵ دراوسێ و هەتیوان و هەژار و ڕێبوار و خزمەتکار و بەزەیی هاتنەوە بە لاواز و گیانداراندا خواپەرستییە، بەهەمان شێوە خۆشەویستی بۆ خوا و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، ترسان و گەڕانەوە بۆ لای

خوا و دینداری کردن بە دڵسۆزانە بۆ خوا، ئارامگرتن لە سەر جێبەجێکردنی فەرمانەکانی، ڕازی بوون بە قەزا و قەدەر، پشت بە خوابەستن، ئومێد هەبوون بە ڕەحم و بەزیی ترسان لە سزای خوا، وێنەی ئەمانە خواپەرستین)).

قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕاستی ئەم وتەیەی شێخی ئیسلام دەسەلمێنن.

بەوەی تێکەڵ بوون لەگەڵ خەڵك، ڕێ لە کەسی موسڵمان ناگرێت، کە چەند کاتێکی تایبەت بۆ خواپەرستیەکی پێویست تەرخان بکات، تا بە تەنها ئەنجامی بدات، یان بە هۆی نوێژێکی سوننەتەوە لە خوای گەورە نزیك بکەوێتەوە، یاخود زانستێك لەبەر بکات، یان لە مەسەلەیەك بکۆڵێتەوە، یاخود قورئانی پیرۆز بخوێنێتەوە، یاخود یادی خوای مەزن بکاتەوە، بیر لە دروستکراوەکانی بکاتەوە، یان لێپێچینەوە لەگەڵ خۆی بکات، جا ئەمە واتای وتەکەی عومەری کوری خەتتابە (خوا لێی ڕازی بێت) کە دەڵێت: ((بەشی خۆتان لە گۆشەگیری وەربگرن)).

دەکرێ بڵێین ئامادەنەبوونی حەقیقەتی چەمکی خواپەرستی لە ئۆباڵی موسڵمانی تێکۆشەرە، و کورتهێنانی خواپەرستی لە بازنەی دروشمەکانی خواپەرستی، گومان بردن بەوەی کە ژیانی بە کۆمەڵ پەیوەندی تەواوی ئەو لەگەڵ دروشمەکانی خواپەرستی دەپچڕێنێت، بێ گومان ئەمانە کەسەکە دەخەنە نێو نەخۆشی و دەردی گۆشەگیری و تەنیاخوازییەوە.

**٦_ بیانوگرتن بە بڵاوبوونەوەی ئاشوب و گەندەڵی، بێ ئاگا لە ئەرکی موسڵمان لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئاشوب و گەندەڵیدا:** دەکرێ پاڵنەری گۆشەگیربوون، بیانوگرتن بێ بە بڵاوبوونەوەی ئاشوب و گەندەڵی و خراپە، بێئاگا لە ئەرکی موسڵمان لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئاشوب و خراپە، ئەرکی موسڵمانە لەم دۆخەدا چالاکانە تێبکۆشێ بۆ بەرگریکردن، بە هەموو شێوازە فەراهەم بووەکان، هۆکارەکان بگرێتەدەست و پەنا بۆ گۆشەگیری نەبات، تەنها لەو کاتەدا نەبێ کە ئاشوب و خراپە تەواو جێ پێی خۆی تۆکمە بکات و لە ترسی هەڵگیرسانی فیتنە.

جا ئەگەر موسڵمانی بانگخواز بێ ئاگابوو لە ئەرك و ڕۆڵی ڕەسەنی خۆی، ئەوا هەر لە یەکەم ساتەوە ڕادەکات بەرەو گۆشەگیری، زەویش دەگۆڕێ بۆ کانگای ئاژاوە و ئاشوب، خوای گەورە ڕاستی فەرمووە: ﴿وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّفَسَدَتِ ٱلۡأَرۡضُ﴾ البقرة: ٢٥١. واتە: (خۆ ئەگەر خوا هەندێك لە خەڵکی بەهەندێکی تر لەناو نەبات، هەر هەموو سەر زەوی پڕ دەبێت لە تاوان و خراپە). ﴿وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّهُدِّمَتۡ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ يُذۡكَرُ فِيهَا ٱسۡمُ ٱللَّهِ كَثِيرٗا﴾ الحج: ٤٠. واتە: (خۆ ئەگەر خوا خەڵکی نەدا بەیەکدا و حەق دژی بەتاڵ نەوەستێت، هەرچی شوێنی خواپەرستی جولەکە و گاور هەیە لە خەڵوەتگە و کلێسا، هەروەها مزگەوتانیش کە ناوی خوای زۆر تێدا دەبرێت، هەمووی کاوڵ دەبێت).

پێغەمبەری ئامۆژگاریکار (صلى الله عليه وسلم) ڕاستی فەرمووە: (مثل القائم على حدود الله و الواقع فيها، كمثل قوم استهموا على سفينة فأصاب بعضهم أعلاها، وبعضهم أسفلها، فكان الذين في أسفلها إذا استقوا من الماء مروا على من فوقهم فقالوا: لو أنا خرقنا في نصيبنا خرقاً، ولم نؤذ من فوقنا، فإن يتركوهم وما أرادوا هلكوا جميعاً، وإن أخذوا على أيديهم نجوا ونجوا جميعاً)[1]، واتە: نمونەی ئەو کەسەی لەسەر سنووری خوایە ئەوەشی کە لە نێوی دایە، وەك خەڵكانێك وان کە لەسەر کەشتییەك بن، هەندێکیان نهۆمی سەرەوەی کەشتیەکەیان بە بەرکەوت و هەندێکی تریان نهۆمی خوارەوەی کەشتیەکە، جا ئەوانەی کە لە نهۆمی خوارەوەی کەشتیەکە بوون هەر کاتێ پێویستیان بە ئاو بووایە ئەوا بەسەر ئەوانی تر دەچوون ئاویان دەهێنا، بۆیە وتیان ئەگەر کونێکمان لە کەشتیەکە کردبوایە باشتر بوو نەوەك ئەوەندە بەسەر ئەوانەی نهۆمی سەرەوە هاتووچۆ بکەین و تاکو ئازاریان نەدەین، جا ئەگەر لێیان بگەڕێین تاکو ئەوەی دەیانەوێت جێبەجێی بکەین ئەوا هەر هەموویان لەناو دەچن،

---

(١) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی، بەشی هاوبەشداری ٣/ ١٨٢، ٢٣٧ لە شوعبی کوڕی نوعمانەوە.

ئەگەر دەستیان بگرن و لێیان بگەڕێن بەم کارەیان هەڵسن، ئەوا هەموویان ڕزگاریان دەبێت.

**٧_ سەرنجدانە وێنەی ئەو ناخۆشی دەردەسەریانەی، کە بانگخوازان لە پێناوی سەربەرزی ئاینی خوادا تووشی دەبن بە درێژایی مێژوو، بێ ئاگا لە هەڵوێستی ئەم بانگخوازانە بەرامبەر بەم ناخۆشیانە:** دەکرێ ئەوەی مرۆڤ تووشی گۆشەگیری دەکات، سەرنجدانە وێنەی ئەو ناخۆشی دەردەسەریانە بێ، کە بانگخوازان لە پێناوی سەربەرزی ئاینی خوادا تووشی بوونە و دەبن بە درێژایی مێژوو، بێ ئاگا لە هەڵوێستی ئەم بانگخوازانە بەرامبەر بەم تەنگوچەڵەمانە، چونکە بەڕاستی هەڵوێستیان بریتی بووە لەوەی، کە تاقیکردنەوە و بینینی ناخۆشی، یاسایەکە لە یاساکانی خوا کە لەسەر ڕێی هەر بانگەوازێکدا هەیە، پاشان دانشان بە کرچ و کاڵی و کەم و کورتی، پەنابردن بۆ خوا کە جێ پێیان لەسەر ڕێگاکە دامەزراو و جێگیر بکات و سەریان بخات، بێگومان خوا لێی قبوڵ کردن، بۆیە دامەزراوی کردن و سەریشی خستن: ﴿ وَكَأَيِّن مِّن نَّبِيٍّ قَـٰتَلَ مَعَهُۥ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ فَمَا وَهَنُوا۟ لِمَآ أَصَابَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَمَا ضَعُفُوا۟ وَمَا ٱسْتَكَانُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلصَّـٰبِرِينَ ﴿١٤٦﴾ وَمَا كَانَ قَوْلَهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِىٓ أَمْرِنَا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿١٤٧﴾ فَـَٔاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا وَحُسْنَ ثَوَابِ ٱلْـَٔاخِرَةِ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٤٨﴾ ﴾ آل عمران: ١٤٦ ـ ١٤٨. واتە: (چەندەها پێغەمبەر هەبوون خواناس و پیاوچاکانی زۆر لەگەڵدابوون و دژ بە دوژمنان جەنگاون، جا ئەوە هیچ کات سستی و بێزاری و بێتاقەتی ڕووی تێنەکردوون بەهۆی ئەوەی کە توشیان هاتووە لە پێناوی ڕێبازی خوادا، لاوازو بێ هێزو سەر شۆڕیش نەبوون بۆ دوژمنان، خوای گەورەش ئەو ئارامگرو خۆڕاگرانەی خۆشدەوێت، ئەو کاتە گوفتاریان تەنها ئەمە بوو کە وتویانە: پەروەردگارا لە گوناه و هەڵەکانمان ببورەو لە زیادەڕەوی کاروباریشمان خۆش ببە، دامەزراومان بکە، سەرمان بخە بەسەر ئەم گەلە بێ باوەڕەدا، ئەوسا ئیتر خوا پاداشتی دنیایی پێبەخشین

_ بەسەرکەوتن و پایەداری _ پاداشتی چاکی قیامەتیشی بۆ مسۆگەر کردن و خوا ئەو چاکەکارانەی خۆش دەوێت).

بەڵێ ئەگەر بانگخواز سەرنجی ئەم وێنانەیدا، لەهەمان کاتدا بێ ئاگابوو لە هەڵوێستی ئەو کەسە تاقیکراوانە، لەو ساتەدا ترس و دڵەڕاوکێ دایدەگرێت، بۆیە هەوڵی دۆزینەوەی دەرگایەك دەدات بۆ دەربازبوون، دەروونی خۆی لەلای خۆشەویست دەبێت، شەیتانیش ئەوەی بۆ دەڕازێنێتەوە، کە تاکە چارەسەر تەنها لە گۆشەگیریدایە، بۆیە ئەویش پەنای بۆ دەبات.

**٨_ هاوەڵێتی کردنی هەندێ لە موسڵمانان کە گۆشەگیری پەیڕەویانە:**

دەکرێ ئەوەی وا لە مرۆڤ دەکات کە ژیانی گۆشەگیری هەڵبژێرێت، هاوەڵێتی کردنی هەندێ لە موسڵمانان بێ، کە گۆشەگیری پەیڕەویانە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە مرۆڤ زۆر کاریگەرە بە هاوەڵەکەی، بەتایبەتی ئەگەر ئەو هاوەڵە خاوەن کەسایەتیەکی کاریگەر بێت، یەکێك بێ لەو کەسانەی کە خەڵکی شوێن پێی هەڵدەگرن.

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێ: ((المرء على دين خليله، فلينظر أحدكم من يخالل))[١]، واتە: هاوەڵ لەسەر ئایینی هاوەڵەکەیەتی جا دەبا هەر یەکێکتان ئاگادارو بەرچاو ڕۆشن بێت کە هاوەڵێتی کێ دەکات.

**٩_ زۆری ژمارەی ئەو دەستە و کۆمەڵانەی کار بۆ ئاینی خوا دەکەن:**

دەکرێ زۆری ژمارەی ئەو کۆمەڵە و دەستانەی کار بۆ ئاینی خوا دەکەن، ببێتە هۆی ئەوەی کە موسڵمانی بانگخواز سەرگەردان بێ لە کارەکەیدا، بۆی ناڕوون بێ کە کار لەگەڵ کام لەم دەستەیە یان کۆمەڵانە بکات؟ لەکامەیان خۆی بەدوور بگرێت؟ ئەم سەرگەردانیە وای لێدەکات گۆشەگیری هەڵبژێرێت، بەتایبەت ئەگەر هاتوو ڕووی ڕاستەقینەی ئەو دەستە و کۆمەڵانە نەناسێت و نەزانێ هەڵوێستی چی بێ لەبارەیانەوە. وا دابنێ ڕووی ڕاستەقینەی ئەم دەستە و تاقم و کۆمەڵانە ئەوەیە، کە

---

(١) ئەبو داود هێناویەتی.

**هەموویان لەسەر چاكەن، ئەو چاكەیەش پلە پلەیە، هەیانە لەسەر بەشێكی كەمی چاكەن، هەشیانە لەسەر بەشێكی گەورەی چاكەن، هەشیانە هەر هەمووی خێری لە خۆی گرتووە و لەسەر چاكەیە، جا هەڵوێستەكەی وا لەسەری پێویست دەكات كە هەموویان بناسێ: (ئامەنج و ئامرازەكانیان، پاشان لەگەڵ ئەوەدا ڕێگە ببرێت كە هەموو هەنگاوەكانی، لەسەر چاكەیە و تەنها خێریان لەخۆگرتووە).**

- **بەوەی كە ئامانجەكەی پڕ بەپێستی شەرع و پەیڕەوی خوا بێت لەسەر زەوی:** ﴿ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ﴾ الأنعام: ٥٧. واتە: (حوكم و فەرمانڕەوایی _ هەموو شت _ هەر بەدەست خوایە). ﴿ وَأَنِ ٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ﴾ المائدة: ٤٩. واتە: (داوەری بكە بەو بەرنامەیە "قورئانە"ی كە لەلایەن خواوە بۆت دابەزیوە).
- **لە هەموو گوفتار و ڕەفتارێكدا تەنها مەبەستت ڕەزامەندی خوا بێت:** ﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِى وَنُسُكِى وَمَحْيَاىَ وَمَمَاتِى لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُۥ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٦٣﴾ ﴾ الأنعام: ١٦٢ ، ١٦٣. **واتە:** ("ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەی ئیماندار" بڵێ: بەڕاستی نوێژو حەج و دروشمەكانی و سەرجەم چاكە و بەندایەتیم هەروەها ژیان و مردنم تایبەت بۆ خوای پەروەرگاری جیهانیانە. ئەو زاتە هاوەڵ و هاوبەشێكی نییە و من بەوە فەرمان پێدراوە كە یەكەم كەسی موسڵمانم).
- **هەموو خۆشەویستیەك لەخۆت دابماڵێت، خۆشەویستنی تەنها بۆ خوا و پێغەمبەری خوا** (صلى الله عليه وسلم) **بێ، و بۆ ئەو باوەڕدارانە بێ كە دەستیان بە ڕێنوێنی پەروەردگارەوە گرتووە:** ﴿ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمْ رَٰكِعُونَ ﴿٥٥﴾ وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فَإِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ ﴿٥٦﴾ ﴾ المائدة ٥٥ _ ٥٦ . **واتە:**

(بەڕاستی تەنها خۆشەویست و پشتیوانی ئێوە، هەر خواو پێغەمبەرەکەی و ئەوانەن باوەڕیان هێناوە، کە نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجام دەدەن و زەکات لە ماڵ و سامانیان دەردەکەن و هەمیشە دیاردەی کڕنوش و ملکەچییان بۆ پەروەردگار پێوە دیارە. جا ئەوەی خواو پێغەمبەرو ئەوانەی بڕوایان هێناوە بەپشتیوان و خۆشەویستی خۆی قەبوڵ بکات، ئەوە با دڵنیا بێت کە هەر کۆمەڵ و دەستەو تاقمی خوا، زاڵ و سەرکەوتوون).

- **لە ئیسلام تێبگەیت بەشێوەیەکی میانڕەو، بێ زیادەڕەوی و کەمڕەوی، دواتر هەر لە سیواکەوە تا تێکۆشان کاری پێ بکەیت:** ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةٗ ﴾ البقرة: ٢٠٨. **واتە:** (ئەی ئەوانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە هەر هەمووتان خۆتان بخەنە ژێرسایەی ئیسلامەوە و بە تەواوی پەیڕەوی بکەن).
- **سەرەتا کار بکەیت لەسەر دروستکردنی کەسایەتیەکی موسڵمان، کە هەموو خەسڵەتە چاکەکان لەخۆبگرێت، هەموو خاسیەتە خراپەکان ڕەتبکاتەوە، بەمەش شایستەی پشتیوانی خوای مەزن بێ:** ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ ﴾ الرعد: ١١. **واتە:** (بێگومان خوا بارودۆخی هیچ قەوم و گەلێك ناگۆڕێت "لە خۆشیەوە بۆ ناخۆشی، یان لە زەلیلیەوە بۆ سەربەرزی، یان لە گرانیەوە بۆ هەرزانی" هەتا ئەوان ئەوەی بە خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن).

﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ٩ وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ١٠ ﴾ الشمس: ٩_١٠. **واتە:** (بە ڕاستی ئەو کەسە سەرفرازە کە نەفسی پاك و پوختە کردووە و ئیمان و ترسی خوای تێدا ڕواندووە. بێگومان نائومێد بووە ئەو کەسەی نەفسی ناپوخت کردووەو ئالوودەی تاوان گوناه و خراپەی کردووە).

- **كار بكات لەسەر بەرپاكردنی ئەم كەسایەتییە موسڵمانە، تا بڵاوببێتەوە و كۆمەڵگە بتەنێت، بەڵگو هەموو جیهان ڕووماڵ بكات:** ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَـٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَـٰلَمِينَ ﴾ الأنبياء: ١٠٧. **واتە:** ("ئەی محەممەد (صلى الله عليه وسلم)" ئێمە تۆمان ڕەوانە نەكردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت كە ببیتە ڕەحمەت و بەرەكەت بۆ هەموو جیهانەكان "جیهانی ئادەمیزاد و گیاندار و ڕووەك و پەری... هتد").
- **تێبكۆشێت لە پێناو بەیەكەوە بەستنەوەی ئەم كەسایەتییە موسڵمانانە، بەوەی لە یەك بیر و بۆچوون و دڵ و هەست و ڕۆحەوە سەرچاوە بگرێ، ئەگەر جەستەكانیش جیاواز بن:** ﴿ وَٱعْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا۟ ﴾ آل عمران: ١٠٣. **واتە:** (هەوڵ بدەن هەر هەمووتان بەتووندی دەستبگرن بەئایینی خواوە پەرت و بڵاو مەبن).
- **لە ڕێكخستنێكی هۆشیار و وردەوە هەنگاو بنێ، كە لەسەر لێكۆڵینەوە و تێگەیشتنی بەردەوام لە واقیع دامەزرابێ، دواتر لەسەر بنەڕەتی ئەم لێكۆڵینەوە و تێگەیشتنە هەڵسوكەوت بكات لەگەڵ واقیعدا:** ﴿ وَقُلِ ٱعْمَلُوا۟ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ﴾ التوبة: ١٠٥. **واتە:** (بەو خەڵكە بڵێ: ئێوە هەرچی دەتوانن لە كارو كردەوە ئەنجامی بدەن، چونكە خوا كارو كردەوەتان دەبینێت و "ئاگادارە بە نهێنی و ئاشكرای"، هەروەها پێغەمبەرەكەشی "ئاگادار دەكات كاتێك لە ژیاندایە، دوای وەفاتیشی بۆ خوای گەورە ئاسانە كە نیشانی بدات)، هەروەها ئیماندارانیش "شوێنەوارو دەرئەنجامی دەبینن"). ﴿ وَقُل لِّلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنَّا عَـٰمِلُونَ ﴾ هود: ١٣١. **واتە:** (بڵێ بەوانەش ئیمان ناهێنن و نیازیان وایە

فەرمانبەرداری تۆ نەبن، ئێوە لە شوێنی خۆتاندا كاری خۆتان بكەن و بەڕاستی ئێمەش هەمیشە خەریك دەبین و كاری خۆمان دەكەین).

- **ڕەچاوی شتە سەرەكی و بەراییەكان بكات،** بەشێوەیەك كە ئەگەر تووشی دەستكورتی هات و توانا و ئامرازەكانی كەم بوون، ئەوا هەندێك شتی بنەڕەتی پێش ئەوانی دیكە بخات، شتە سەرەكییەكان پێش لاوەكیەكان، واجبەكان پێش سوننەتەكان، ئەو شتانەی یەكدەنگیان لەسەرە پێش ئەوانە بخات كە ڕاجیاییان لەسەرە، هەروەك چۆن پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەمەی كردووە لەو كاتەی تێكۆشا بۆ تێكشكاندنی بتەكانی ناو ناخی مرۆڤایەتی، پێش ئەوەی ئەو بتانەی لە نێو كەعبە و دەوروبەریدا هەبوون تێكبشكێنێت.
- **كەمتەرخەمی نەكات لە هەمبەر ئەو شتە بنەڕەتیانەی یەكدەنگیان لەسەرە،** لەگەڵ پاساو هێنانەوە لە بابەتە لاوەكی و ڕاجیاكاندا، بەمەش دەرگا دەبێتەوە بۆ یارمەتی و هاریكاری لەگەڵ هەمووان.
- **خاوەنی بەرنامەیەك بێ، بنچینەكانی ڕوون بن،** نیشانە و مەشخەڵەكانی ئاشكرابن، قۆناغ بە قۆناغ و لە قۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی تر دەستی تاك بگرێت، خولیایەكانی تێر بكات، وەڵامی پرسیارەكانی بداتەوەو ئاستی بەرز بكاتەوە.
- **دامەزراوی و ئارامگری هەبێ لە هەمبەر سەختی و ناخۆشییەكانی ڕێگاكە،** خۆڕاگر بێ لە بەرامبەر ترس و تۆقاندن و بەسەر سەختییەكاندا سەربكەوێ، بەمەش شایستە دەبێ ببێتە پێشەوا و ڕابەری ئەوانی تر: ﴿ وَلَنَبۡلُوَنَّكُمۡ حَتَّىٰ نَعۡلَمَ ٱلۡمُجَٰهِدِينَ مِنكُمۡ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَنَبۡلُوَاْ أَخۡبَارَكُمۡ ﴾ محمد: ٣١. واتە: (سوێند بە خوا ئێمە دەتانخەینە بەر تاقیكردنەوە، تا لە جیهانی واقعدا تێكۆشەر و خۆگرانتان دەربكەوێت و ئاشكرا ببێت بۆمان، بۆ ئەوەش هەواڵی چالاكی ئێوەمان بێتە دەست).

- **قۆناغێکی باشی لە کارکردندا بڕیبێ**، بەوەی شارەزابوو بێ لە ڕێگای بانگەواز، ئەوەی دەیەوێ لەسەری بڕوا، ئەوا دەبێ کات و هەوڵ و سامان وەك تێشوو ئامادە بکات.
- **دەبێ نەریتی لەسەرخۆبوون و پەلە نەکردن و ئارامی بێ:** ﴿ فَٱصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلْعَزْمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ ﴾الأحقاف: ٣٥. **واته:** (کەوابوو ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دان بەخۆدا بگرو خۆڕاگربە، هەروەکو پێغەمبەرانی خاوەن ویستی بەهێز خۆڕاگر بوون، پەلەشیان لێ مەکە).
- **یەکێکی لەگەڵدابێ کە ئاڕاستەی بکات، ڕێنیشاندەری بێ**، بەوەی کارەکان ڕێکبخات و شتەکان لە سنووری خۆیدا ڕایی بکات.
- **هەموو تاکەکانی ملکەچی ڕاو بۆچوونی ئەو کەسە بکات کە ئامۆژگاریان بە چاکە دەکات.**
- **ئامۆژگارکردنی یەکتر هەبێ، بەپێی مەرج و شێوازەکانی، ئەم ئامۆژگارییە قبوڵکراو و ڕازەمەندی لەسەر هەبێ.**
- **وردی و دەستپاکی هەبێ لە هەڵبژاردنی بانگخوازان تا ڕێگە لەوانە بپڕن کە لە بۆسەدان:** ﴿ وَدَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْ تَغْفُلُونَ عَنْ أَسْلِحَتِكُمْ وَأَمْتِعَتِكُمْ فَيَمِيلُونَ عَلَيْكُم مَّيْلَةً وَٰحِدَةً ﴾ النساء: ١٠٢. **واته:** (بێ باوەڕان ئاواتەخوازن کە ئێوە غافڵ بن لە چەکەکانتان و لە کەل و پەلتان، تایەك هێرش بکەنە سەرتان وتەفرو توناتان بکەن).
- **شوێن پێی بەرنامەی خوا هەڵبگیرێ نەوەك شتی داهێنراو لە ئایندا:** ﴿ فَمَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا ﴾ الكهف: ١١٠. **واته:** (ئەوەی دەیەوێت بەدیداری پەروەردگاری شادبێت، بەخۆشنودیەوە با کارو کردەوەی چاك و دروست ئەنجام بدات).

**١٠_ بێ ئاگابوون لەو شوێنەوارانەی لە گۆشەگیریەوە پەیدا دەبن، جا چ پەیوەندیان بە بانگخوازان یان بە کاری ئیسلامیەوە بێ:** لە کۆتاییدا لەوانەیە پاڵنەری گۆشەگیری بێ ئاگابوون بێ، لەو شوێنەوارانەی لە گۆشەگیریەوە پەیدا دەبن، جا چ پەیوەندیان بە بانگخوازان یان بە کاری ئیسلامیەوە بێ، بەو شێوەیەی دواتر دەیخەینەڕوو، چونکە بەدڵنیایەوە ئەوەی بێ ئاگا بێ لە شوێنەواری خراپی شتێك، ئەوا بێگومان دەکەوێتە ناویەوە.

## سێیەم: شوێنەوارەکانی گۆشەگیری:

**گۆشەگیری چەندین شوێنەوار و سەرەنجامی خراپی هەیە، چ لەسەر بانگخوازان یان کاری ئیسلامی، ئەمانەی خوارەوەش شوێنەوارەکانن:**

### لەسەر بانگخوازان:

**١_ شارەزانەبوون لە ڕەهەند و نیشانە و سیمای کەسایەتیەکەیان:** مرۆڤ هەر چەندە زیرەك و ژیر و بلیمەت بێ، ئەوا ناتوانێ بە شێوەیەکی ورد بە تەنها خۆی شارەزا ببێ لە ڕەهەند و مەشخەڵ و نیشانەکانی کەسایەتی خۆی، بەڵکو دەبێ کەسانی تر هەبن یارمەتی ئەو بدەن لەمەدا، بۆ نموونە نەوەك بۆ سنووردارکرن، مرۆڤ ناتوانێ خۆویستی و خۆپەسەندی و لەخۆبوردەیی و هاریکاری لە کەسایەتی خۆیدا بناسێت، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە لە ناو خەڵك و خاوەن پێویستیەکاندا نەژیت و لە خۆی ورد نەبێتەوە، ئایا کە مرۆڤ ڕەق و وشك و دەست نوقاو دەبێ، چرنوك و ڕەزیل دەبێ؟ بەمەش خۆویست دەردەچێ یاخود نەرم و نیان دەبێ، بەمەش دەستکراوە و بەخشەر دەردەچێت؟ یان ئەو کاتە لەخۆبوردە دەبێ و یارمەتی خەڵك دەدات، بەهەمان شێوە ناتوانێت بزانێت نەرم و نیانی و لەسەرخۆیی یان هەڵەشەیی و گێلایەتی لە کەسایەتیەکەیدا هەیە یان نا، مەگەر تێکەڵاوی خەڵك ببێت و چاوی بە کەسانی زیرەك بکەوێت، ئینجا بڕوانێ: بە نەرمی ڕووبەڕووی زمانی زبر، بە سۆزەوە ڕووبەڕووی توونلوتیژی دەبێتەوە، ئا

لێرەوە نەرم و نیانی دەردەکەوێت، یاخود بە توندی ڕووبەڕووی ئەوانە دەبێتەوە کە باسمان کرد؟ بەمەش دەزانێ گێل و هەڵەشەیە.

مرۆڤ نازانێ چەندە بوێری ڕەوشتی یان ترسنۆکی هەیە، تا ئەو کاتەی پابەندی کۆمەڵی موسڵمانان نەبێ، کە پابەند بوو دەبینێ یەکێك هەڵە دەکات و سەیری ناخی خۆی دەکات و دەزانێ: لەسەر ئەستۆی ئاسانە بە هەڵەکار بڵێت: ئەوەی وتت هەڵەیە و ڕاستی شتێکی ترە، ئەوە نییە تۆ بۆی چوویت، خێر لەوەدا نییە کە هێناوتە و لە شتێکی تردایە؟ ئا لێرەوە بوێری ڕەوشتی دەردەکەوێت، یاخود دەترسێ لە وتنی ئەم جۆرە قسانە و بێ دەنگ دەبێت؟ ئا لێرەوە ترسنۆکی دەردەکەوێت.

بەهەمان شێوە مرۆڤ ناتوانێت بزانێ کەسایەتیەکی ڕاستگۆیی یان درۆزن و دەستپاك یان ناپاك، بەرنامەدار یان بێ بەرنامەی هەیە، تا لە ناو کۆمەڵ و ڕووداوی تاکەکانیدا نەژیت، یاخود تا نەیکەنە ئەمیندار لەسەر خوێن و ماڵ و شەڕەفیان یاخود تا ژوانێکی بۆ دانەنێن، یان تا بەڵێنێکیان پێ نەدات، ئینجا بڕوانێت:

ئایا قسەیان بۆ دەکات بە گوێرەی بارودۆخ و ڕاستییەکە؟ بەمەش کەسایەتیەکەی ڕاستگۆیە، یان بە پێچەوانەوە قسەیان بۆ دەکات، کە بەهۆیەوە درۆزن دەردەچێت.

خوێن و سامان و شەڕەفیان دەپارێزێ، بەمەش دەبێتە ئەمیندار، یان بەفیڕۆی دەدات و دەستدرێژی دەکاتەسەر، بەمەش ناپاك دەردەچێت.

بەڵێنەکەی دێنێتەجێ، ئامادەی ژوانەکەی دەبێت؟ بەمەش وردکار و ڕێك و پێك دەبێ، یان بەڵێن و ژوانەکەی فەرامۆش دەکات؟ بەمەش نا ڕێك و پێك دەردەچێت.

ئەگەر موسڵمان لە گۆشەگیریدا ژیا، ئەوا شارەزای کەسایەتی خۆی نابێت، ئەمەش خودی شکست و دۆڕانە، لەوانە خراپە بکات و گومانی وابێ کاری باش

دەكات، لەوانەشە چاكە بكات، پێی وابێت خراپەیە: ﴿ قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُم بِٱلْأَخْسَرِينَ أَعْمَٰلًا ﴿١٠٣﴾ ٱلَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا ﴿١٠٤﴾ ﴾ الكهف: ١٠٣ ـ ١٠٤. واتە: (ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) پێیان بڵێ: ئایا هەواڵی ئەو كەسانەتان بدەمێ كە لە كارو كردەوەیاندا زۆر زەرەرمەند و خەسارەتمەندن؟!. "ئەوانە" ئەو كەسانەن كە هەوڵ و كۆششیان لەژیانی دنیادا، بەزایە و بەهەدەر چووە بەمەرجێك وایان دەزانی كە بەڕاستی كاری چاك دەكەن و كردەوەی ڕەوا ئەنجام دەدەن).

لەوانەیە ئەم شوێنەوارە مەبەستی ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بێت: (المؤمن مرآة المؤمن)[١]، واتە: بڕوادار ئاوێنەی بڕوادارە.

هەروەها ئەم وتەیەی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت): (ڕەحمەتی خوا لەو كەسە بێ، كە كەم و كورتیەكانمان بۆ بكاتە دیاری)[٢].

واتە ئەو ڕێگەیەی موسڵمان بەهۆیەوە دەزانێت ڕەهەند و نیشانەكانی كەسایەتی خۆی كامانەن، لەوەی: كامڵە یان كەم و كورتە، بەهێزە یاخود لاوازە، ئەوەی لایەنە كامڵ و بەهێزەكە گەشە پێدەدات، لایەنە كەم و كورت و لاوازەكانیشی كامڵ دەكات، بریتییە لە كۆمەڵ، بەبێ كۆمەڵ موسڵمان لە گومڕایی و بێ بەرچاوڕۆشنی دەژیت.

## ٢ـ بێ بەشبوونیان لەو یارمەتیدەرەی كە لەوانەیە دەستیان بگرێ:

یارمەتیان بدات لەسەر چاككردنی كەم و كورتیەكانیان، دەكرێ مرۆڤ بزانێ كەم و كورتییەكانی چین، بەڵام ورەی لاوازە و سووربوونی كەمە و بەمەش بە تەنیا ناتوانێت كەم و كورتیەكانی چاك بكات، دەبێ یارمەتیدەرێك هەبێ هاریكاری پێشكەش بكات، كاتێك گۆشەگیری هەڵدەبژێرێت ئەوا بێ بەش دەبێت لەم یارمەتیدەرە و بەدرێژایی ژیانی نقومی تاوان و خراپە دەبێت.

---

(١) پێشتر ئاماژە بەسەرچاوەی كراوە.

(٢) ئیبن قودامە ئەم شوێنەوارەی هێناوە لە (مختصر منهاج القاصدين) بەشی سێیەم: نیشانەكانی نەخۆشی دڵ ١٧١.

لەوانەیە ئەم شوێنەوارە مەبەستی ئەو فەرموودەیە بێت: ((المؤمن مرآة أخيه، إذا رأى فيه عيبا أصلحه))[١] واتە: باوەڕدار ئاوێنەی براكەیەتی، ئەگەر كەم و كورتیەكی تێدا بەدیكرد چاكی دەكات.

((من أراد الله به خيرا رزقه الله خليلا، إن نسي ذكره، وإن ذكر أعانه))[٢] واتە: خوا خێری هەر كەسێكی بوێت برادەرێكی پێ دەبەخشێت، ئەگەر لەبیری چووەوە، بیری دەهێنێتەوە، ئەگەر لەبیریشی هاتەوە یارمەتی دەدات.

**٣_ پەككستنی هەندێك لە وزە و توانایان:** ئەمە وادەكات موسڵمان ببێتە نێچیری گومڕاكردن و وەسوەسەی شەیتان، سەرباری ئەو كەم و كورتی و پەرتبوونەی تووشی كەسایەتیەكەی دەبێت، هەروەك زانراوە مرۆڤ لە جەستە و عەقڵ و ڕۆح پێكهاتووە، یان بە گوزارشتێكی تر بە مادده و ڕۆح، ڕۆحی مرۆڤ كۆمەڵێك ئارەزووی تێدا دانراوە كە لە هێڵی ورد و بەرامبەر یەك دەچن، هەر دوو ئارەزوویێك لە ناو ناخدا دراوسێن، لە هەمان كاتدا ئاڕاستەیان جیاوازە، كە ئەمانەن: ئومێد و ترس، خۆشویستن و ڕق لێبوونەوە، ڕووكردنە واقیع و ڕووكردنە خەیاڵ، وزەی هەستەوەری و وزەی مەعنەوی، باوەڕبوون بەوەی هەستەكان پەیی پێ دەبەن و باوەڕبوون بەوەی هەستەكان پەیی پێ نابەن، خۆشویستنی پابەندی و حەز كردن بە خۆبەخشی، تاكگەرایی و كۆمەڵگەرایی، ئەرێنی بوون و نەرێنی بوون... تاد، هەموو ئارەزووە هاوتەریبەكان، سەرباری بەرامبەر یەكبوونیان ئەوا ئەركی خۆی بەڕێ دەكات لە بەستنەوەی مرۆڤ بە ژیانەوە، وەك ئەوەی پەت و گوریسی بەربڵاو و بەرامبەر یەك بن، قەوارەی مرۆڤ بەیەكەوە تۆكمە بكەن، لە هەموو لایەنێكەوە بەیەكەوە ببەستێتەوە كە دەستبدات بۆ بەسترانەوە، لە هەمان كاتدا ئاسۆیەكانی

---

(١) بوخاری لە (أدب المفرد)دا گێڕاویەتیەوە، لا ١٠٧، بە ژمارە ٢٣٨ لە ئەبو هورەیرەوە، ئەبو داودیش لە سونەنەكەیدا، بەشی ئامۆژگاری ٤/ ٢٨٠، بەڵام لە جیاتی (باوەڕدار ئاوێنەی براكەیەتی) ئەوا (باوەڕدار ئاوێنەی باوەڕدارە) هاتووە.

(٢) فەرموودەكە دروستە، بڕوانە سەرچاوەكەی لە زنجیرەی فەرمووده سەحیحەكانی ئەلبانی بەرگی یەكەم ٤٣١.

مرۆڤ فراوان دەكات و بواری ژیانی بۆ والا دەكات، لە یەك بازنەدا كورت نابێتەوە، لە یەك ئاستدا جێگیر نابێت، لە كاتێكدا دەستەبەركردنی هاوسەنگی و كامڵ بوون لە ژیانی مرۆڤدا بەستراوەتەوە بە پێدانی مافی هەر ئارەزوویێك لە ئارەزووەكان بێ زیاد و كەمی.

كۆمەڵ تاكە بوارە كە هەموو وزەكانی موسڵمان بەگەڕ دەخات، ئارەزووەكان بە پلەی هاوسەنگ بەكاردێنێ، بەمەش كەسایەتی هاوسەنگ و كامڵ دروست دەكات، كە دووربێ لە هەر دابەشبوون یان خوار و خێچیەك، پارێزراو و سەلامەت بێ لە فێڵ و تەڵەكەكانی شەیتان.

ئەگەر وا ڕوویدا موسڵمان لە ژیانی بە كۆمەڵ دووركەوتنەوە و ژیانی گۆشەگیری هەڵبژارد، ئەوا بێگومان هەندێك توانا و وزەی پەكدەكەوێ، ئەو كاتە پەرتبوون یان كەم و كورتی لە كەسایەتی ئەودا ڕوودەدەن، سەرباری بوونی بۆشایی كە دەكرێ شەیتانەكانی مرۆڤ و جنۆكە، بەكاری بهێنن بۆ گومڕاكردنی، لەوانەیە ئەم شوێنەوارە بێ كە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) بەم فەرمایشتەی سەرنجی هەمووانی بۆ ڕاكێشاوە: (فمن أراد بحبوحة الجنة فليلزم الجماعة، فإن الشيطان مع الواحد، وهو من الأثنين أبعد)[1] واتە: هەر كەسێك خۆشگوزەرانی بەهەشتی دەوێ با پابەندی كۆمەڵی بڕواداران بێت، شەیتان لەگەڵ یەكە و لە دووان دوورترە.

**٤_ كەمی ڕێژەی خێرو ئەزموون كە یارمەتیدەریان بێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی كۆسپ و تەگەرەكانی سەر ڕێ:** لەبەر ئەوەی كاركردن بۆ ئاینی خوا ڕێگایەكە پڕە لە دڕك و مەترسی، موسڵمانی زیرەك و ژیر ئەوەیە كە ئەزموونێكی هەبێ كە یارمەتیبدا لە زاڵبوون بەسەر ئەو مەترسی و دڕك و داڵانەدا.

هیچ بوارێكی فراوانترو گەورەتر نییە بۆ دەستخستنی ئەزموون جگەلە ژیان و تێكەڵ بوون لەگەڵ خەڵك.

---

(١) پێشتر ئاماژە بە سەرچاوەكەی دراوە.

كاتێك موسڵمانی بانگخواز پشت لە كۆمەڵ دەكات، ژیانی گۆشەگیری هەڵدەبژێرێت، ئەوا لەم ئەزموونانە بێ بەش دەبێت، بە درێژایی ژیانی بە ئاسۆ تەسكی و كورتبینی دەمێنێتەوە، نازانێ چۆن ڕووبەڕووی سادەترین كێشە ببێتەوە، چ جای كێشەی گەورە و سەرچاوەكانی.

لەوانەیە ئەم شوێنەوارە مەبەستی ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بێ:

((إنما مثل الجليس الصالح، وجليس السوء، كحامل المسك، ونافخ الكير، فحمال المسك: إما يحذيك، وإما أن تبتاع منه، وما أن تجد منه ريحا طيبة، ونافخ الكير: إما أن يحرق ثيابك، وإما أن تجد منه ريحا خبيثة))[١] واتە: نمونەی هاوڕێی چاك و هاوڕێی خراپ وەك هەڵگری بۆنی خۆش و كورەچی وایە، ئەوەی بۆنی خۆشی پێیە، یان بۆنی لێدەكری یان بۆنی خۆشی لێدەكەی، بەڵام كورەچی ئەوەی فوو لە ئاگر دەكات و ئاگر هەڵدەكات، یان ئەوەتا جل و بەرگت دەسوتێنێت یان بۆنی نەخۆشی لێدەكەی.

**٥_ زاڵبوونی بێ ئومێدی بەسەر ناخدا، لەوانەیە ئەمە وای لە بانگخواز بكات خاوببێتەوە، ئەو موسڵمانەی كار بۆ ئاینی خوا دەكات _ بەتایبەت لەم سەردەمەدا _ جار دوای جار شەیتان دێتە لای و ئەو پرسیارانەی لێ دەكات:**
دەربازبوون لە كوێیە؟ لە كاتێكدا دوژمنانی خوا _ لە ناوە و دەرەوەی ئوممەتی ئیسلامیدا _ گەلێك زۆرن؟ ئێستا دەستیان ناوەتە قوڕگی جیهانی ئیسلامی، خاوەنی پیلانی زۆر پیس و شێوازی زۆر دزێون؟

موسڵمان كە تێكەڵی خەڵكە، كار لە ناو كۆمەڵدا دەكات، دەتوانێت ئەم پرسیارانە وەلا بنێت، بەوەی بە تەنها نییە لە گۆڕەپانەكەدا، بەڵكو كەسانی دیكەش هەن بەهەمان ڕێگەدا دەڕۆن، خاوەنی شێواز و توانان، بەشێوەیەك كە یارمەتیان دەدات لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەكانیان و پوچەڵكردنەوەی فێڵ و تەڵەكە و

---

(١) پێشتر ئاماژە بە سەرچاوەكەی دراوە.

پیلانەكانیان، بەڵام ئەگەر بە تەنها كاری كرد و گۆشەگیر بوو، ئەوا ئەم پرسیارانە هەر لە مێشكیدا دێن و دەچن و هۆكارێكیش نییە وەلایان بنێت، ئەو كاتە بێ ئومێدی دێتە ناو دڵیەوە، بەمەش خاودەبێتەوە، لەوانەشە واز لە كاركردن بۆ ئاینی خوا بهێنێت.

**٦_ كەمی خێر و پاداشتیان:** ئەو كەسەی لە ناو خەڵكدا كار دەكات و تێكەڵیان دەبێت، ئەوا بواری فراوان لەبەردەمی خۆیدا دەبینێتەوە، گۆڕەپانی مەزن بۆ دەستخستنی چاكە و پاداشت بەدی دەكات، جا لێرەدا كۆڕ و مەجلیسی زانست بۆ سوود گەیاندن و وەرگرتن هەن، سەردانی نەخۆش و یان بۆ پیرۆزبایی كردن یان دڵدانەوە بەهۆی كارەساتێك هەیە وەك دووپاتكردنەوەی خۆشەویستی و برایەتی، ڕێنوێنی كردنی خەڵك بۆ چاكە و خێر، درێژكردنی دەستی یارمەتی یان پاڵپشتی كردن هەیە... ئا بەم شێوەیە.

**٧_ بێ توانابوون لە ئاست بەرپاكردنی ئاینی خوا لە ناخی خۆیاندا، چ ئەمڕۆ یان سبەی:** پوچەڵگەڕایی هیچ ساتێك سارد نابێتەوە لە كاركردن بە ئامانجی گۆڕینی زەوی بۆ مەیدانی خراپە و ئاشوب، موسڵمانی بانگخواز ناتوانێت ڕۆڵێك بگرێ یان بە ئەركێك هەڵسێت، فرسەتێك بۆ ناحەق و پوچەڵ هەڵناكەوێ باشتر لەوەی، كە موسڵمانە ڕاست و ڕێكوپێكەكان لە گۆڕەپان هەڵبێن یان بە پەرتەوازەیی كار بكەن، كەسی گۆشەگیریش كەسێكە لە مەیدان هەڵاتووە یان پێی باشتربووە بە تەنها كار بكات، ئەوەی ئاوا بێ ئەوا ئەمڕۆ یان سبەی ئاسۆكانی بەردەمی تەسك دەبنەوە.

لەوانەیە ئەمە ئەوە بێ كە ئاماژەی پێكراوە، لەو دەقانەی كەمێك پێشتر لە باسی هۆكارەكانی گۆشەگیریدا خستمانەڕوو:

﴿ وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ ٱلْأَرْضُ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٥١﴾ ﴾ البقرة: ٢٥١. واتە: (خۆ ئەگەر خوا هەندێك

خەڵكی بە هەندێكی تر لەناو نەبات، هەر هەموو زەوی پڕ دەبێت لە تاوان و خراپە، بەڵام خوا فەزڵ و ڕێزی زۆرە بۆ هەموو گرۆی ئادەمیزاد.

﴿ وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَٰتٌ وَمَسَٰجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا ٱسْمُ ٱللَّهِ كَثِيرًا ۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴾ الحج: ٤٠. واتە: (خۆ ئەگەر خوا خەڵكی نەدا بەیەكدا، حەق دژی بەتاڵ نەوەستێت، هەرچی شوێنی خواپەرستی جولەكە و گاور هەیە لە خەڵوەتگە و كلێسا، هەروەها مزگەوتەكانیش كە ناوی خوای زۆر تێدا دەبرێت، هەمووی كاوڵ دەكرێ، سوێند بێت بێگومان خوا ئەو كەسە سەردەخات كە پشتگیری ئایین و بەرنامەكەی دەكات و هەوڵی سەرخستنی دەدات، بەڕاستی خوا زۆر بەرزو باڵادەستە).

((مثل القائم على حدود الله، والواقع فيها، كمثل قوم استهموا على سفينة، فأصاب بعضهم أسفلها، فكان الذين في أسفلها إذا استقوا من الماء مروا على من فوقهم فقالوا: لو أنا خرقنا في نصيبنا خرقا، ولم نؤذ من فوقنا، فإن يتركهم وما أرادوا هلكوا جميعا، و إن أخذوا على أيديهم نجوا ونجوا جميعا))[١]. واتە: نموونەی ئەو كەسەی لەسەر سنووری خوایە ئەوەشی كە لە نێوی دایە، وەك خەڵكانێك وان كە لەسەر كەشتییەك بن، هەندێكیان نهۆمی سەرەوەی كەشتیەكەیان بە بەركەوت و هەندێكی تریان نهۆمی خوارەوەی كەشتیەكە، جا ئەوانەی كە لە نهۆمی خوارەوەی كەشتیەكە بوون هەر كاتێ پێویستیان بە ئاو بووایە ئەوا بەسەر ئەوانی تر دەچوون ئاویان دەهێنا، بۆیە وتیان ئەگەر كونێكمان لە كەشتیەكە كردبوایە باشتر بوو نەوەك ئەوەندە بەسەر ئەوانەی نهۆمی سەرەوە هاتووچۆ بكەین و تاكو ئازاریان نەدەین، جا ئەگەر لێیان بگەڕێین تاكو ئەوەی دەیانەوێت جێبەجێی بكەین ئەوا هەر هەموویان لەناو دەچن، ئەگەر دەستیان بگرن و لێیان بگەڕێن بەم كارەیان هەڵسن، ئەوا هەموویان ڕزگاریان دەبێت.

---

(١) پێشتر ئاماژە بە سەرچاوەكەی كراوە.

**٨_ خۆیان تووشی تاوان و خەشم و توڕەیی خوا دەکەن:** بەهۆی جیابوونەوە لە خەڵك و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵ، لەکوێ موسڵمان بەرگەی ئەمە دەگرێ؟ لەوانەیە ئەم شوێنەوارە ئەوەبێ، کە لەم فەرمایشتەی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) هاتووە: (من خرج من الطاعة، وفارق الجماعة، فمات إلا مات میتة جاهلیة))[١] واتە: ئەوەی لە گوێڕایەڵی پێشەوا دەربچێ، لە کۆمەڵی بڕواداران جیا بێتەوە و بشمرێت، ئەوا بە نەفامێتی سەری ناوەتەوە و مردووە.

ئەوانەی خرانەڕوو گرنگترین شوێنەوارەکانی گۆشەگیری بوون لەسەر بانگخوازان، کە بە پوختی لەم فەرمایشتەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وەرگیراون: (من فارق الجماعة شبراً ، فقد خلع ربقة الإسلام من عنقه)[٢]، واتە: ئەوەی بستێك لە کۆمەڵی باوەڕداران جیا ببێتەوە، ئەوا ئیسلامی لە ملی خۆی داماڵیوە.

وەك ئەوەی مەبەستی ئەوە بێ، هەر کەسێك لە کۆمەڵی باوەڕداران جیابووەوە، لەو شتەی یەکدەنگی لەسەرە لەگەڵیاندا نەبوو، ئەوا خۆی دووچاری لەناوچوون کردۆتەوە، چونکە ئەو کاتە دڵنیایی دەستەبەر نابێ لە نەکەوتنە ناو هەموو ئەو شوێنەوارانەی تۆزێك پێشتر باسکران، بەلایەنی کەمەوە نەکەوتنە ناو هەندێکیانەوە، تەواو وەك ئاژەڵ ئەگەر بازنە و گوریسی گەردەنی لە ملی داکەندرا، ئەوا لەوانەیە خۆی تووشی لەناوچوون بکات، ئەم گوریس و بازنەیش بۆ پاراستنیەتی لە تیاچوون خراوەتە ملی.

---

(١) بڕوانە: سەحیحی موسلیم، بەشی پێشەوایەتی، بە ژمارە ژ٨٤٨ لە ئەبو هورەیرەوە (خوای لێ ڕازیبێ) هێناویەتی). (وەرگێڕ).

(٢) بوخاری هێناویەتی.

**لەسەر کاری موسڵمانان:**

**شوێنەوارەکانی لەسەر ئیسلامی، بە دەوری ئەمانەی خوارەوەدا دەخولێنەوە:**

**١_ ئاسانی لێدان لە کاری ئیسلامی و زاڵبوون بەسەریدا، یاخود بەلایەنی کەمی لەباربردنی:** بەمەش بەرهەمەکەی نایەتە بوون تەنها لە دوای تێچوێکی زۆر و کاتێکی دوور و درێژ نەبێ، بە لەبەرچاوگرتنی لاوازیەکەی، بەهۆی پەرتبوونی بانگخوازەکانی و یەکنەگرتنیان، لەوانەیە ئەمە بێ نهێنی سوربوونی دوژمنانی خوا لەسەر پەرتبوونی موسڵمانان لە ژێر دروشمی: (پەرتکە و زاڵبە).

هەروەها لەوانەیە بریتی بێ لە نهێنی، ئەو فەرمانەی خوای گەورە، سەبارەت بە یەکگرتن و وەلانانی ناکۆکی و پەرتەوازەیی: ﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْ ﴾ آل عمران: ١٠٣. واتە: (هەوڵ بدەن هەر هەمووتان بەتووندی دەست بگرن بەئایینی خواوە پەرت و بلاو مەبن). ﴿ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡ ﴾ الأنفال: ٤٦. واتە: (گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەشی بکەن لە هەموو کردارو گوفتارێکدا و ئاشووب و ئاژاوە مەگێڕن و مەچن بەگژ یەکدا و یەکتر بشکێنن، ئەوا شکست و لاوازی ڕووتان تێدەکات و هەیبەت و شکۆداری و دەسەڵاتتان تیادەچێت).

﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ ﴾ المائدة: ٢. واتە: (یارمەتی و کۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر چاکە و خواناسی، نەکەن یارمەتی و کۆمەکی یەکتری بکەن لەسەر گوناە و دەستدرێژی).

**٢_ بێ بەشبوون لە یارمەتی خوایی:** لەبەر ئەوەی ئیسلامی هەرچەندە وزە و تواناداربێت، ئەوا پێویستی بە یارمەتی و هاریکاری خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ هەیە، پەروەردگار بەڵێنی داوە ئەم یارمەتی و پشتگیرییە نەبەخشێت، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە ئەوانەی کار دەکەن لە ناو ئەو بازنەیەدا دەکەن یەکگر و هاوشان بن.

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێت: ((يد الله مع الجماعة))[١]، واتە: دەستی "توانستی[٢]" خوا لەگەڵ كۆمەڵایە.

ئەگەر لەسەر ئەم بێ بەشبوونە تاقیكردنەوە ڕوویدا، ئەوا دەبێتە ڕەحمەت و فەڕ و بەرەكەت بۆ بانگخوازە یەكگرتووەكان، سزا و ئێش بۆ ئەوانەی پاڵیانداوەتەوە و ئەو بانگخوازانەش كە پەرتەوازەن:

﴿ وَٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعۡمَٰلَهُمۡ ۝٤ سَيَهۡدِيهِمۡ وَيُصۡلِحُ بَالَهُمۡ ۝٥ ﴾ محمد: ٤، ٥. واتە: (ئەوانەش لەپێناوی خوادا شەهید بوون، هەرگیز پاداشتی هەوڵ و كۆششیان بەزایە نادات. ئەوانە ڕێنموویی دەكات بۆ جێگە و ڕێگەی خۆش و دڵ و دەروون و بیرو هۆشیان ئاسوودە دەكات. هەروەها دەیانخاتە ئەو بەهەشتەوە كە بە جۆرەها شێواز بۆی باس كردوون).

((إذا أنزل الله بقوم عذابا، أصاب العذاب من كان فيهم، ثم بعثوا على أعمالهم))[٣]

واتە: ئەگەر خوای مەزن، سزای بەسەر گەلێكدا باراند، ئەوا هەمووان دەگرێتەوە، دواتر لەسەر كردەوەكانیان زیندوو دەكرێنەوە.

## چوارەم: ڕێگەی خۆپاراستن و ڕزگاربوون لە گۆشەگیری:

**مادەم هەڵوەستەمان كرد لەسەر هۆكارەكانی گۆشەگیری و شوێنەوارەكانی، ئەوا ئێستا ئاسانە پەنجە بخەینەسەر ڕێگەی خۆپاراستن و ڕزگاربوون لێی:**

**١_ تەواو تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان ئەو دەقە شەرعیانەی، كە هانی گۆشەگیربوون دەدەن، لەگەڵ ئەو دەقانەی هانی تێكەڵبوون دەدەن لەگەڵ خەڵك و پابەند بوون بە كۆمەڵەوە:** ئەگەر موسڵمان ڕاست بێت ئەوا ئەم تێگەیشتنە

---

(١) پێشتر ئاماژە بە سەرچاوەكەی كراوە.

(٢) ئەوە خۆم زیادم كردووە، بۆ زیاتر بەرچاوڕۆشنی. (وەرگێڕ).

(٣) بوخاری لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی ئاشوب ٩/ ٧١ لە عەبدوڵای كوڕی عومەرەوە.

داماڵینی موسڵمان لە گۆشەگیری دەستەبەر دەکات، دەیخاتە باوەشی کۆمەڵەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵك بنەڕەتە و گۆشەگیری باری لەناکاوە، تەنها لەو دۆخەدا دەبێ کە دین و ژین لەگەڵ کۆمەڵدا بەڕێ نەکرێ.

**٢_ تەواو تێگەیشتن لەو بارودۆخ و هۆکارانەی وایکردووە هەندێك لە پێشینان گۆشەگیری هەڵبژێرن:** ئەم تێگەیشتنە لەوانەیە ببێتە ڕێگر لەوەی شوێنیان بکەوێن لەمەدا، بەتایبەت ئەگەر زانیمان گۆشەگیری ئەوان زیانی بەدواوە نەبووە، ئەو کات دەوڵەتی ئیسلامی هەبوو و ئاڵاکەی شەکاوە بوو، بەرنامە تەنها بۆ خوا و مافی خوا بوو، بەڵام گۆشەگیری ئێمە ئێستا زۆر زیانی بەدواوەیە بەلەبەرچاوگرتنی نەبوونی دەوڵەتی ئیسلامی و دەستگرتنی دوژمنان بەسەر قورگی موسڵمانان، ڕێگری لێکردنیان لەڕێی بەرەوخواچووندا، زۆر پێویستیمان بە کەسانی زۆرو هەوڵی مەزنی یارمەتیدەرو یەکترگرە بۆ دووبارە گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ ئاینی خوای پایەبەرز.

**٣_ ورد تێگەیشتن لە پەیڕەوی ئیسلام لە گونجاندنی تاکایەتی و کاری بە کۆمەڵ لەگەڵ یەکتر:** ئەمە دەستەبەری ئەوە دەکات موسڵمان لە باوەشی کۆمەڵدا بژیت، لە هەمان کاتدا خود و تاکایەتی خۆی بپارێزێت.

**٤_ هەڵوەستەکردن لەسەر چەمکی ڕاست و دروستی خواپەرستی:** ئەمە بەسە بۆ زاڵبوون بەسەر گۆشەگیری و هاندان بۆ ڕۆیشتنە ناو ڕیزی کۆمەڵ و تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵك، بێ ئەوەی کەمترین سەغڵەتی هەبێ لە خەرجکردنی هەندێك کات لە جگەلە خواپەرستیدا.

**٥_ تێکۆشان لەگەڵ دەروون و لغاوکردنی بە بەردەوامی:** تا هەواو ئارەزووەکانی دەستی بەسەردا نەگرن، پاڵی پێوەبنێن بۆ گۆشەگیری، هەڵاتن لە ئەرکەکانی تێکەڵ بوون لەگەڵ کۆمەڵ و ژیان لە ناو خەڵکدا.

**٦_ تێگەیشتن لەو ڕۆڵەی پێویستە لەسەر موسڵمان هەیبێ، لەکاتی بڵاوبوونەوەی ئاشوب و تەشەنەکردنی گەندەڵی و خراپە:** ئەمە بەسە بۆ

دەرهێنانی هەر بانگخوازێك لە گۆشەگیریەکەیدا، هاندانی لەسەر تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵك، ڕۆیشتنە ناو ڕووداوەکان، لە پێناو زاڵبوون بەسەر ئاشوب و پێشگرتن لە خراپە و گەندەڵی یان بەلایەنی کەمەوە سنوردارکردنی.

**٧_ پەنابردن بۆ لای خوا بە تەواوی، پشت پێبەستنی بەشێوەیەکی ڕاستەقینە، چونکە ئەوەی پشت بە خوا ببەستێت، ئەوا خوای پایەدار یارمەتی دەدات:** ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴿١٨٦﴾ ﴾ البقرة: ١٨٦. **واتە:** ("ئەی محەممەد (صلی الله علیه وسلم)" ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لێبکەن دەربارەم، ئەوە من نزیکم لێیانەوە، بە هاناو هاواری دوعا گۆیانەوە دەچم هەر کاتێك لێم بپاڕێنەوەو نزا بکەن، دەبا ئەوانیش بەدەم بانگەوازی منەوە بێن و باوەڕی دامەزراو بە من بهێنن، بۆ ئەوەی ڕێگای هوشیاری و ئاگایی بگرنەبەر "بۆ بەدەستهێنانی سەربەرزی و سەرفرازی هەردوو جیهان").

**٨_ وازهێنان لە برادەرایەتی کردنی ئەوانەی بەرنامەی گۆشەگیریان پەیڕەو کردووە، پابەندبوون بە ڕیزی بانگخوازانەوە:** ئەمە ڕۆڵێکی مەزنی هەیە لە زاڵبوون بەسەر گۆشەگیریدا.

**٩_ تەواو شارەزابوون لە ڕووی ڕاستەقینەی ئەو دەستە و کۆمەڵانەی کار بۆ ئاینی خوا دەکەن:** بێگومان ئەمە وای لێدەکات واز لە ژیانی گۆشەگیری بهێنێت، لەگەڵ کاروانی ئەو کۆمەڵە بڕوات، کە هەموو شتێکی چاکە و خێرە و بە ئەرکی خۆی لە نێو کۆمەڵدا هەڵدەستێت.

**١٠_ هەڵوەستەکردن لەسەر ڕووی ڕاستەقینەی ئەو پەیڕەوەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) گرتبوویەبەر لە پتەوکردنی قەڵا و دەوڵەتی یەکەمی ئیسلام:** ئەمە یارمەتی دەدات لە ڕزگاربوون لە گۆشەگیری و پابەندبوون بە کۆمەڵی باوەڕدارانەوە، وەك شوێن پێ هەڵگرتنی پێغەمبەر (صلی الله علیه

وسلم): ﴿ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا ﴾ الأحزاب: ٢١. واتە: (سوێند بە خوا بەڕاستی لە پێغەمبەری خوادا چاکترین نمونەی تەواو ڕێك و پێك هەیە تا چاوی لێبکەن و شوێنی بکەون، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە ڕەزامەندی خوایان مەبەستە، سەرفرازی قیامەت ئاواتیانە، هەمیشە و بەردەوام یادی خوا زۆر ئەنجام دەدەن و زمانیان پاراوە بەیادی ئەو).

**١١_ پەیی بردن بەوەی دوژمنانی خوا لە بێ باوەڕان و دووڕووان، لە ناوخۆیاندا هاریکاری یەکتر دەکەن، تا بە یەکدەستی نەك بە پەرتەوازەیی لە ئیسلام بدەن، لە شێوەی هاوپەیمانێتی سەربازی:** (هاوپەیمانی وارسۆ _ هاوپەیمانی ئەتڵەنتی)، هەروەها لە شێوەی بازاری بازرگانی (بازاری هاوبەشی ئەوروپی)، لە شێوەی پەرلەمان و دەستەی سیاسیدا: (پەرلەمانی ئەوروپی)، لە وێنەی یەکێتییە کۆمارییەکان و ویلایەتەکانی: (یەکێتی سۆڤیەت، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا). جا ئەگەر ئەمە دۆخی دوژمنانی خوا بێت، لە کاتێکدا لەسەر ڕێگای نا ڕاستن و ناکۆکی بنەڕەتیشیان لە نێواندا هەیە، ئەوا لەپێشترە کە ئێمە یەکگربین بەتایبەت کە لەسەر ڕێی ڕاستین و ڕاجیایی بنەڕەتیمان لە نێواندا نییە و دەبێ بەهەمان شێوە بە یەکگرتوویی نەك پەرتەوازەیی ڕووبەڕوویان ببینەوە: ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ﴾ الأنفال: ٧٣. واتە: (ئەوانەش کە بێباوەڕ بوون، هەندێکیان پشتیوانی هەندێکی تریانن و پشتیوانی لە یەکتر دەکەن، خۆ ئەگەر ئێوەی ئیماندار کۆمەك بەیەکتر نەکەن و پشتی یەکتر نەگرن ئەوە لەسەر زەویدا ناخۆشی و ناکۆکی و گوناهو تاوانی گەورە پێش دێت "ئازار و ناخۆشی بۆ ئێوەی ئیماندار پێش دێت").

**١٢_ وردبوونەوە لە ژیانی ئەو بەدیهێنراوانەی لە دەوری ئێمەدان، ئەو وردبوونەوە و ڕامانە دەمانبات بەرەو ئەو ڕاستیەی، کە ئەم بەدیهێنراوانە لە گۆشەگیریدا ناژین، بەڵکو بە کۆمەڵ و هاریکاری یەکترکردن ژیان دەگوزەرێنن،**

**هەر یەکێك ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن:** کۆمەڵەی خۆر یارمەتی یەکتر دەدەن بۆ دابینکردنی گەرمی بۆ هەموو بوونەوەرە زیندووەکان، ئا ئەمەش پۆلە هەنگە یارمەتی یەکتر دەدەن بۆ دروستکردنی خانووەکانیان و خاوێن کردنەوەیان و دابینکردنی پاسەوان و ئاسایشەکەی، دواتر گەشت دەکات بۆ مژینی شیلەی گوڵ تا لە کۆتایدا بیکاتە هەنگوینێکی پاك، کە چارەسەرە بۆ خەڵك، مێروولە و هەموو بوونەوەرەکانی دیکەش بەهەمان شێوە، ئەمەش وایکردووە کە شاعیر بڵێت:

مێروولە بە یەکگرتووی خۆیان شارەکەیان دروست دەکەن

هــەنگیش بە هـــاریکاری یەکتری شـــــیلەی گوڵ دەمژن

ئەگەر ئەمە دۆخی ئەو بوونەوەرانە بێ، کە ژیری و عەقڵیان نییە، ئەی دەبێ دۆخی ئێمەی ئادەمیزاد چۆن بێ، لە کاتێکدا خوا ئێمەی تایبەتمەندکردووە بە پێدانی عەقڵ و ئازادی و ویست، هەروەها ئێمەی کردووەتە سەروەری ئەم گەردوونە، ئا بەم شێوەیە دەکرێ ئەم وردبوونەوەیە سەربکێشێت بۆ فڕێدانی ژیانی گۆشەگیری و ژیان لەگەڵ کۆمەڵ و گوزەران لە ناو خەڵکدا.

**١٣_ هەڵوەستەکردن لەسەر ڕووی ڕاستەقینەی ئەو شوێنەوارانەی پەیدا دەبن بەهۆی گۆشەگیرییەوە:** کەمێك پێشتر باسمان لێوەکرد، ئەم هەڵوەستەکردنە، مرۆڤ _ ئەگەر دڵی هەبێ و گوێ بگرێ و بڕوانێ _ دەبات بەرەو ژیان لە ناو خەڵکدا و تێکەڵ بوون لەگەڵیان، لەترسی کەوتنە ناو ئەم شوێنەوار یان ئەم سەرەنجامانەی تووش ببێ.

# دەردی پـــێنــجـــــەم

## بەخۆ سەرسام بوون (الإعجاب بالنفس)

دەردی پێنجەم کە هەندێ بانگخواز تووشی دەبن، لەسەریشیان پێویستە بەردەوام کۆشش بکەن، لەسەر چارەسەرکردنی دەروونیان و ڕزگارکردنی لە دەست ئەم نەخۆشییە، بەڵکو خۆپارێزی و خۆ دوورگرتن لێی ئەویش دەردی: بەخۆ سەرسام بوونە.

**بۆ ئـەوەی گفتۆگـۆی ئێمـە لـەبارەی ئـەم دەردەوە، ڕەهەنـدەکانی ڕوون و ئاشکرا و مەشخەڵەکانی دیار بن، ئەوا بەم شێوەیەی خوارەوە دەیخەینەڕوو:**

**یەکەم: واتای بەخۆ سەرسامبوون:**

**لە زمانەوانیدا:** بەخۆ سەرسامبوون لە زمانەوانیدا بۆ ئەم شتانە بەکار دەهێنرێ:

**أ_ دڵخۆشی و پێ سەرسام بوون،** دەڵێی: (أعجبه الأمر: سره، و أعجب به: سر به) واتە: دەڵێی: کارەکەی بەدڵ بوو: خۆشحاڵی کرد، و پێی سەرسام بوو: پێی دڵ خۆش بوو، لەو بارەوە خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَلَأَمَةٌ مُّؤۡمِنَةٌ خَيۡرٌ مِّن مُّشۡرِكَةٍ وَلَوۡ أَعۡجَبَتۡكُمۡ ﴾ البقرة: ١٢١. واتە: (بێگومان کەنیزەکێکی ئیماندار چاکترە لە ئافرەتێکی هاوبەشدانەرو خوانەناس، هەرچەندە _ جوانیەکەی، یان سامانەکەی، یان پلەوپایەکەی _ سەرسامی کردبن). ﴿ قُل لَّا يَسۡتَوِي ٱلۡخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ وَلَوۡ أَعۡجَبَكَ كَثۡرَةُ ٱلۡخَبِيثِ ﴾ المائدة: ١٠٠. واتە: ("ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)" پێیان بڵێ: پیس و پاك یەکسان نین هەرچەندە زۆریەتی ئەو پیسە سەرنجی ڕاکێشا بیت). ﴿كَمَثَلِ غَيۡثٍ أَعۡجَبَ ٱلۡكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ﴾ الحدید: ٢٠. واتە: (جا ئەوانە هەر هەمووی وەك بارانێکی بەپیت وایە کە ببێتە هۆی بەرهەمێکی زۆر، جوتیارەکان سەرسام بکات).

**ب_ لووتبەرزی و فیزلێدان و خۆ بەگەورەزانین،** دەوترێ: (أعجبه الأمر: فیزی پێ لێدا و بەگەورەی زانی. رجل معجب: لووتبەرزە و خۆ بەزلگرە جا كاتێك چاكە یان خراپەی لێ ببینرێ). ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەش لەوەوە هاتووە: ﴿ وَيَوۡمَ حُنَيۡنٍ إِذۡ أَعۡجَبَتۡكُمۡ كَثۡرَتُكُمۡ ﴾ التوبة: ٢٥. واتە: (لە ڕۆژی حونەینیدا كاتێك كە زۆری ژمارەی خۆتان سەرسامی كردبوون).

**لە زاراوەدا:** لە زاراوەی بانگخوازاندا، بەخۆ سەرسامبوون بریتییە لە: خۆشی و شادی و كامەرانبوونی دەروون، بەو شتانەی كە ئەنجامی دەدات، لە گوفتار یان ڕەفتار بەبێ سنوور شكاندن و دەستدرێژی كردنە سەر مافی خەڵك، جا ئەو گوفتار و ڕەفتارانە چاك بن یان خراپ، سوپاسكراو بن یان سەرزەنشتكراو. جا ئەگەر لێرەدا سنوور شكاندنێك بۆ خەڵكی هەبێت لە بە كەم سەیركردن و بێ بەهاكردن، ئەوا ئەمە لەخۆبایی بوونە یاخود ئەو پەڕی بەخۆ سەرسامبوونە. ئەگەر سنوور شكاندن و دەستدرێژیەك بۆ سەر هەندێكی تر لە خەڵك هەبێ، لە بە كەم دانانی كەسایەتیان و لە خودی كەسەكاندا، خۆ بە بەگەورەتردانان لێیان، ئەوا ئەمە خۆبەزلزانینە، یان ئەو پەڕی بەخۆ سەرسامبوونە[1].

## دووەم: هۆكارەكانی بەخۆ سەرسام بوون:

**بەخۆ سەرسامبوون چەند هۆكارێكی هەیە، كە سەر دەكێشێ بۆ ئەو دەردە، چەند پاڵنەرێكی هەیە، مرۆڤ دەخەنە ناو ئەم چاڵە ترسناكەوە، لێرەدا باسی هەندێكیان دەكەین، لەوانە:**

### ١_ سەرەتای پێگەیشتنی تەمەن:

دەكرێ هۆكاری بەخۆ سەرسامبوون بریتی بێت لە سەرەتای پێگەیشتنی تەمەن.

(١) بڕوانە: مختصر منهاج القاصدين ٢٤٧ – ٢٤٨ بە تۆزێك دەستكارییەوە.

لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە نێوان دایك و باوكدا پێدەگات، دەكرێ لێیانەوە یان لە یەكێكیانەوە فێری: حەزكردن لە ستایشكردن و بەردەوام پاكانەكردنی بۆ خود ببێ، جا بە ڕاست یان بە هەڵە، گوێ بۆ ئامۆژگاری ڕێنوێنی ڕانەگرێ و هاوشێوەی ئەمانە لە دیاردەكانی بەخۆ سەرسامبوون، جا بەم شێوەیە لەگەڵیان ڕادێت، بەدرێژایی ڕۆژگاریش پێیان كاریگەر دەبێت، بەخۆ سەرسامبوون دەبێتە بەشێك لە كەسایەتییەكەی، مەگەر یەكێك خوا ڕەحمی پێبكات.

دەكرێ ئەمە نهێنی ئەو جەختكردنەوەی ئیسلام بێت، لەسەر پابەند بوونی باوان (دایك و باوك) بە بەرنامەی خواوە، وەك چۆن لە دەردی دووەمدا (دەردی زیادەڕەوی) باسمان كرد.

لەبەر ئەوەی هەر بەرنامەی خوایە باوان دەپارێزێ لە هەر لادانێك لە ڕێگای ڕاست، بەمەش دەست دەدەن ببنە پێشەنگی منداڵەكان.

## ٢_ پیاهەڵدان و مەدحكردنی ڕووبەڕوو بەبێ ڕەچاوكردنی ڕەوشت و ڕێوشوێنی شەرعی پەیوەست بەمەوە:

دەكرێ ئەمە هۆكاری بەخۆ سەرسامبوون بێ، چونكە لێرەدا هەندێ لە خەڵك هەن، كاتێك ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو ستایشی كرا و پێیداهەڵدرا، بەبێ پابەندبوون بە ڕەوشت و ڕێوشوێنە شەرعییەكان، كابرا تووشی بەخۆ سەرسامبوون دەبێت، بەهۆی نەزانی و شارەزانەبوونی لە فێڵەكانی شەیتان، وا بە خەیاڵیدا دێت: كە لەبەر ئەوە ستایشیكراوە و پێیدا هەڵدراوە، چونكە ئەو بەهرە و زیرەكیەی هەیەتی كەسانی تر نیانە، بەردەوام ئەم خەیاڵەی لە مێشكیدا دەبێ و لەسەری دەكوتێ، تا_ پەنا بە خوا _ تووشی بەخۆ سەرسامبوون دەبێ.

دەکرێ ئەمە نهێنی سەرزەنشت کردنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بێت بۆ ستایش و پێداهەڵدانی ڕووبەڕوو، بەڵکو جەختی کردۆتەوە لەسەر پێویستی ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنە شەرعییەکان[١].

موجاهید لە ئەبو مەعمەرەوە گێڕاویەتیەوە، کە وتویەتی: پیاوێك هەڵسا ستایشی یەکێك لە سەرکردەکانی کرد، جا ئەمە وای کرد کە میقدادی کوری ئەسوەد گڵ بەدەم و چاویدا بکات و بڵێت: (أمرنا رسول الله ﷺ أن نحثي في وجوه المداحين التراب)[٢]، واتە: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی کردووین کە گڵ بەدەم و چاوی مەدحکاراندا بکەین.

عەبدولڕەحمانی کوری ئەبو بەکرە لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە، کە وتویەتی: پیاوێك مەدحی پیاوێکی تری کرد لەلای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەویش فەرمووی: (ويحك قطعت عنق صاحبك قطعت عنق صاحبك، إذا كان أحدكم مادحا لا محالة فليقل : أحسب فلانا والله حسيبه ولايزكى على الله أحدا أحسبه إن كان يعلم ذلك كذا وكذا)[٣]، واتە: بوەستە ملی هاوەڵەکەت قەد کرد، ملی هاوەڵەکەت قەد کرد، چەند جارێك ئەمەی دوبارەی کردەوە و فەرمووی: ئەگەر یەکێکتان هەر سووربوو

---

(١) ڕەوشت و ڕێ و شوێنە شەرعییەکان کە پەیوەستە بە پێداهەڵدان و ستایشکردنەوە، سێ شتن، کە زانایان لە قورئان و سوننەتەوە دەریان هێناوە، یەکەمیان: لە ستایشکردندا سنوور نەبەزێنرێ. دووەمیان: ستایشکردنەکە بە ڕاست بێ نەوەك بە درۆ و شتی پوچەڵ، سێیەم: کەسەکە کە ستایشی دەکرێ، دەبێ مەترسی ئەوەی لێ بەدی نەکرێ، کە تووشی ئاشوب و دەردی بەخۆ سەرسامبوون و هەر دەردێکی دیکە بێ، ئەگەر ئەم سێ مەرجە ڕەچاوکران، ئەوا ستایشکردنەکە دروستە، تەنانەت لەوانەیە ببێتە کارێکی باش و سوننەت ئەگەر بەرژەوەندیەك یان سوودێکی لە پاڵدا هەبوو، وەك: چالاك کردنی کاری خێرخوازی یان زیادکردنی یاخود بۆ بەردەوام بوون لەسەری، یان بۆ شوێن پێ هەلگرتن، بروانە: المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج، دانراوی نەوەوی، بەشی: دونیا بەکەمزانی ١٨/ ١٢٦ بە تۆزێك دەستکاریەوە.

(٢) موسلیم لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی دونیا بەکەمزانی ٤/ ٢٢٧٩ بە ژمارە ٣٠٠٢ لە میقدادی کوڕی ئەسوەدەوە.

(٣) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی هەڵسوکەوت ٨/ ٢٢، موسلیم لە سەحیحەکەیدا، بەشی دونیا بەکەمزانی ٤/ ٢٢٩٦ بە ژمارە ٣٠٠٠ لە لە عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبو بەکرەوە.

لەسەر پێدا هەڵدانی هاوەڵەکەی، با بڵێ: وا بزانم فڵانە کەس ئاوایە، لێپێچینەوەشی لای خوای گەورەیە، لە جیاتی خوای گەورە پاکانە بۆ هیچ کەسێ ناکەم، من بۆچوونم ئاویە، ئەگەر ئەویش بۆچوونی وابێت.

## ٣ _ هاوەڵێتی کردنی کەسی بەخۆ سەرسامبوو:

دەکرێ هۆکاری بەخۆ سەرسامبوون بریتی بێ لە: هاوەڵێتی کردنی کەسی بەخۆ سەرسامبوو، چونکە مرۆڤ لاسایی کردنەوە و کاریگەربوونی بە هاوەڵەکەی زۆر بەهێزە، جا ئەگەر ئەو هاوەڵەی خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز و سەرنجڕاکێش بێت، پسپۆر و شارەزابێ لە ژیان، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشراوە بێ ئاگا لە خووڕەوشتی خۆی کاریگەر دەبێ بە هەموو ئەو شتانەی برادەرەکەی دەیکات، بەم پێیە ئەگەر هاوەڵەکە تووشی نەخۆشی بەخۆ سەرسامبوون بووبێ، ئەوا ئەو خراپ بوونەی ئەو دەگوازرێتەوە بۆ ئەوەی تریش.

دەکرێ نهێنی ئەو جەختکردنەوەی ئیسلام، لەسەر پێویستی هەڵبژاردنی هاوەڵی باش و پاك ئەوە بێ، تا ببێتە بەرهەمێکی چاك و پاك و سەرەنجامێکی باشی هەبێ، بەشێك لەو دەقە شەرعیانەمان خستەڕوو، کە پەیوەستن بەم بابەتەوە لە کاتی قسەکردن، لەسەر دەردی (خاوبوونەوە).

## ٤ _ هەڵوەستەکردن لە ئاست ناز و نیعمەت، لە بیرکردنی ئەوەی بەخشیویەتی:

دەکرێ ئەمە ببێتە هۆی بەخۆ سەرسامبوون، چونکە دەستە و تاقمێك لە تێکۆشەران هەن، کاتێك خوا نیعمەتی پێ بەخشی لە ماڵ و سەروەت و سامان، یان زانست یاخود هێز و پلەوپایە و هاوشێوەی ئەمانە، هەڵوەستە دەکات لەسەر

نیعمەت و بەخشش، بەخشەر و ڕۆزیدەر لەبیر دەکات، لە ژێر کاریگەری و درەوشانەوەی بەهرە و نیعمەتەکان و پێگە بەهێزەکەیان، قسە لەگەڵ خۆی دەکات و دەڵێت: ئەو ناز و نیعمەتەی کە بەدەستم هێناوە، تەنیا لە ڕێی زیرەکی و هێز و تواناکانی خۆم بووە، ئەم وتەی وەك قارووون گوتەنی هێشتا دەروونە پیسەکان هەر دووبارەی دەکەنەوە: ﴿ قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓ ﴾ القصص: ٧٨. واتە: (بێگومان ئەم سامان و دارایيەم بەهۆی زانست و زانیاری و نەخشەوەی خۆمەوە پێم دراوە).

بەردەوام ئەم قسەیە لە مێشکیدا دێت و دەچێت، تا وا دەبینێ ئەو گەیشتۆتە ئامانج و یان لوتکە یاخود ئەوپەڕی دڵخۆشی، کەیفێکی بە خۆی و بەگوفتار و ڕەفتارەکانی دێت، ئەگەرچی بێ بنەما و پڕپوچش بن، ئا ئەمە بەخۆ سەرسامبوونە.

دەکرێ ئەمە نهێنی پێداگری ئیسلام بێت، لەسەر ئەوەی سەرچاوەی هەر بەخشش و نیعمەتێك خوای باڵادەست و خاوەن شکۆیە: ﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعۡمَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ ﴾ النحل: ٥٣. واتە: (هەرچی نازو نیعەتێکتان هەیە هەر هەمووی بەهرەو بەخششی خوایە). ﴿ وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـًٔا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ﴾ النحل: ٧٨. واتە: (خوا ئێوەی لە سکی دایکتان دەرهێناوە بێ ئەوەی هیچ شتێك بزانن، ئینجا دەزگای بیستن و بینین و تێگەیشتنی بۆ دابین کردوون، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری بکەن). ﴿ أَلَمۡ تَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةً وَبَاطِنَةً ﴾ لقمان: ٢٠. واتە: (ئایا سەرنجتان نەداوە کە بەڕاستی هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە هەموو خوا بۆ خزمەتی ئێوەی دروست کردووەو ملکەچی کردووە، هەروەها بەفراوانی نازو نیعمەتی ئاشکراو پەنهانی بەسەردا ڕژاندوون). ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡۚ هَلۡ مِنۡ خَٰلِقٍ غَيۡرُ ٱللَّهِ يَرۡزُقُكُم ﴾ فاطر: ٣. واتە: (ئەی خەڵکینە بیر بکەنەوە لە چاکەی خوا

بەسەرتانەوە، ئایا دروستکارو بەدیهێنەرێکی تر هەیە جگە لە خوا ڕزق و ڕۆزیتان پێ ببەخشێت...). بەڵکو لەسەر موسڵمان پێویستە هەموو بەیانی و ئێوارەیەك بپاڕێتەوە بەدەم وتنی ئەم وشانەوە: ((اللهم ما أصبح بي من نعمة أو بأحد من خلقك فمنك وحدك لا شريك لك فلك الحمد ولك الشكر))[١]، واتە: پەروەردگارا؛ هەموو ئەو نیعمەتانەی کە لەو بەیانیەدا پێت بەخشیم، یان بەهۆی یەکێك لە دروستکراوەکانت ئەوا هەر لە تۆوەیە و هیچ هاوبەش و هاوەڵێکت نییە، دەسا سوپاس و ستایش تەنها بۆ تۆیە و شایەنی تۆیە.

## ٥_ لە پێشەوەبوون بۆ کارکردن بەر لە پێگەیشتن و کامڵبوون لە ڕووی پەروەردەییەوە:

دەکرێ هۆکاری بەخۆ سەرسامبوون لە پێشەوەبوون بێ بۆ کارکردن، بەر لە پێگەیشتن و کامڵ بوون لە ڕووی پەروەردەییەوە، چونکە بارودۆخی کاری ئیسلامی لەوانەیە پێویست بکات هەندێ لە بانگخوازان بێنە پێشەوە، بۆ کارکردن بەر لە پێگەیشتن و کامڵبوونی کەسایەتیەکەیان، جا لەو کاتەدا شەیتان دێت ئاوا بە ناخیدا دەچرپێنێ کە لەکارکردندا دەرنەکەوتوون، لەبەر ئەوە لەو پێگەیەدا دانراون، چونکە خاوەن توانا و بلیمەتی و زیرەکی و بەهرەن، لەوانەیە ئەمە فریویان بدات بەهۆی نەشارەزاییان لە فر و فێڵەکانی شەیتان، وەك ئەم جۆرە بیرۆکە شەیتانیە، وا گومان دەبەن ئەمە ڕاستییە، دەروونیان بەرزتر دەکەنەوە زیاتر لەوەی کە شایەنیەتی، تا دەگاتە ئاستی پێ سەرسامبوون، پەنا بە خوا.

دەکرێ ئەمە بێ نهێنی جەختکردنەوەی ئیسلام لەسەر خۆ شارەزاکردن لە زانست و تێگەیشتن لە ئایندا، پێش گرتنەدەستی پێشەوایەتی و سەرکردایەتی، خوای پایەبەرز دەفەرموویێت: ﴿ فَلَوۡلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرۡقَةٖ مِّنۡهُمۡ طَآئِفَةٞ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي

---

(١) ئەبو داود هێناویەتی لە سونەنەکەیدا: ٤/ ٣١٨ بە ژمارە ٥٠٧٣ لە عەبدوڵای کوڕی غەنامی بیازیەوە.

ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوۡمَهُمۡ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَحۡذَرُونَ ﴾ التوبة: ١٢٢. واتە: (دەی بۆچی لە هەر هۆزێك دەستەیەك، كەسانێك نەچوون بۆ خوێندن تا شارەزابن و لە ئایین تێبگەن و فێربن و هۆزەكەشیان تێبگەیەنن و فێریان بكەن كاتێك كە گەڕانەوە بۆ لایان، بۆ ئەوەی ئەوان هۆشیار ببنەوە خۆیان بپارێزن لە گوناه و خوا لەخۆ نەڕەنجێنن). ﴿يُؤۡتِي ٱلۡحِكۡمَةَ مَن يَشَآءُۚ وَمَن يُؤۡتَ ٱلۡحِكۡمَةَ فَقَدۡ أُوتِيَ خَيۡرٗا كَثِيرٗا ﴾ البقرة: ٢٦٩. واتە: (ئەو زاتەی بەهەر كەس بیەوێت _ شایستە بێت _ حیكمەت و دانایی پێ دەبەخشێت و هەر كەسێ حیكمەتی پێ ببەخشرێت، ئەوە بێگومان خێرێكی زۆری پێدراوە).

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمووێت: ((من یرد الله به خیرا یفقهه في الدین))[1]، واتە: هەر كەسێ خوای گەورە خێری ئەوی بووێت شارەزای دەكات لە ئایندا.

پێشەوا عومەر (خوا لێی ڕازی بێ) دەفەرمووێت: ((شارەزایی پەیدا بكەن بەر لەوەی ببنە پێشەوا))، واتە: زانست فێر ببن بەر لە بوون بە سەرۆك یاخود خاوەن بەرپرسیارێتی، تاكو بزانن چ ئاشوب و دەرد لە سەرۆكایەتی و بەرپرسیارێتی دا هەیە و خۆتانی لێبپارێزن.

## ٦_ بێ ئاگابوون یاخود نە شارەزابوون لە حەقیقەتی دەروون (نەفس):

دەكرێ بێ ئاگایی یاخود نە شارەزابوون لە حەقیقەتی دەروون (نەفس)، ببێتە هۆی بەخۆ سەرسامبوون، چونكە گەر مرۆڤ كاتێك بێ ئاگا یان نەشارەزا بوو لە حەقیقەتی دەروون، كە لە ئاوێكی بێ نرخ لە میزەڕۆوە هاتۆتەدەر، بەردەوام كەم

---

(1) بوخاری لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی زانست ١/ ٢٧ _ ٢٨، بەشی: پێویستی دەركردنی پێنج یەك ٤/ ١٠٣، بەشی دەستگرتن بە قورئان و سوننەتەوە ٩/ ١٢٥. و موسلیم لە سەحیحەكەیدا، بەشی پێشەوایەتی ٣/ ١٥٢٤ بە ژمارە ١٧٥، بەشی زەكات ٢/ ٧١٨ بە ژمارە ١٠٣٧ لە موعاویەی كوڕی ئەبو سوفیانەوە.

کورتی و کرچ و کاڵی سروشتی سیمایەتی، سەرەنجام فرێدەدرێتە نێو گڵ، ئینجا دەبێتە لاشە و جەستەیەکی بۆگەن، هەموو بونەوەر لەبەر بۆنی ڕادەکات، ئەگەر مرۆڤ هەموو ئەوەی لەبیرکرد، ئەوا لەوانەیە بەمێشکی دابێ کە ئەو شتێکە، شەیتان ئەم بیرۆکانەی بەهێز دەکات، تاکو بەخۆی سەرسام دەبێت.

دەکرێ ئەمە بێ نهێنی زۆر دوانی قورئان و سوننەت، لەسەر حەقیقەتی دەروون و لەسەرەتا و کۆتادا.

هەروەك خوای پاك و تاك دەفەرمووێت: ﴿ ٱلَّذِىٓ أَحۡسَنَ كُلَّ شَىۡءٍ خَلَقَهُۥۖ وَبَدَأَ خَلۡقَ ٱلۡإِنسَٰنِ مِن طِينٖ ٧ ثُمَّ جَعَلَ نَسۡلَهُۥ مِن سُلَٰلَةٖ مِّن مَّآءٖ مَّهِينٖ ٨ ﴾ السجدة: ٧، ٨. واتە: (ئەو خوایە زاتێکە هەموو شتێکی بەچاکی و ڕێك و پێکی بەدیهێناوە، لەسەرەتاوە ئادەمیزادی لە قوڕئان دروست کرد. پاشان زنجیرەی نەوەکانی لە ئاوێکی سادەو بێ نرخ بەدیهێنان). ﴿ أَلَمۡ نَخۡلُقكُّم مِّن مَّآءٖ مَّهِينٖ ٢٠ ﴾ المرسلات: ٢٠. واتە: (ئەی ئەوە بۆ سەرنج نادەن، ئایا ئێوەمان لە ئاوێکی بێ نرخ دروست نەکردووە؟!). ﴿ ثُمَّ أَمَاتَهُۥ فَأَقۡبَرَهُۥ ٢١ ﴾ عبس: ٢١. واتە: (لەوەودوا دەیمرێنێت و دەیخاتە ناو گۆڕەوە).

### ٧_ ڕەچەڵەکی ڕەسەن و نەژادزادەیی:

دەکرێ ڕەچەڵەکی ڕەسەن و نەژادزادەیی ببێتە هۆی بەخۆ سەرسامبوون، لەبەر ئەوەی هەندێ لە بانگخوازان نەوەی خانەوادەیەکی نەژادزادە و ڕەچەڵەکێکی ڕەسەن بن، لەوانەیە بەمە دڵی خۆی خۆش بکات و خۆی پەسەند بکات. لەبیری چووبێتەوە یان لەبیری برابێتەوە، کە نەژادزادەیی و ڕەچەڵکی ڕەسەن نە بە پێشی دەخات و نە دوای دەخات، بەڵکو ئەوەی پشت ئەستوری دەکات و پشتی دەگرێ، ئەو کردەوانەن کە پەیوەستن بە کۆشش و تەقەڵاوە، بەم نەژادزادەیی و ڕەچەڵەك ڕەسەنیە وای لێدەکات بەرەو بەخۆ سەرسامبوون بچێت.

دەکرێ ئەمە نهێنی ئەو جەختکردنەوەی ئیسلام بێ، کە لەسەری کار و کردەوەکان دەکاتەوە، تەنها کردار نەوەك هیچی تر:

خوای پاك و تاك دەفەرموویێت: ﴿ فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ١٠١ ﴾ المؤمنون: ١٠١. واتە: (جا کاتێك فو دەکرێت بە صوردا ئەوە هیچ پەیوەندیەکی خزمایەتی لەو ڕۆژەدا نییە، کەس لە کەس ناپرسێتەوە). ﴿ لَّيۡسَ بِأَمَانِيِّكُمۡ وَلَآ أَمَانِيِّ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِۗ مَن يَعۡمَلۡ سُوٓءٗا يُجۡزَ بِهِۦ وَلَا يَجِدۡ لَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيّٗا وَلَا نَصِيرٗا ١٢٣ وَمَن يَعۡمَلۡ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ وَلَا يُظۡلَمُونَ نَقِيرٗا ١٢٤ ﴾ النساء: ١٢٣، ١٢٤. واتە: ("پاداشت و ڕێزو نرخ" نە بە ئارەزووی ئێوەیە، نە بە ئارەزووی خاوەنانی کتێبە، ئەوەی خراپە و گوناهێك بکات، ئەوە بەهۆیەوە سزا دەدرێت و هیچ کەس و هیچ هێزێکی تری دەست ناکەوێت جگە لە خوا پشتگیری بکات و یارمەتی بدات، ئەوەش کردەوەی چاکەکان ئەنجام بدات نێر بێت یان مێ لەکاتێکدا ئیماندار بێت، جا ئەوانە دەچنە بەهەشتەوە بەقەدەر پەردەی ناوکی خورما ستەمیان لێناکرێت).

کاتێك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەو ئایەتەی بەسەردا دادەبەزێت: ﴿ وَأَنذِرۡ عَشِيرَتَكَ ٱلۡأَقۡرَبِينَ ٢١٤ ﴾ الشعراء: ٢١٤. واتە: ("تۆ ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم)" سەرەتا عەشیرەت و تایفەو کەس و کارو نزیکت بێدار بکەرەوەو بترسێنە). پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموویێت: ((یا معشر قریش: اشتروا أنفسکم من الله لا أغني عنکم من الله شیئاً، یا بنی عبد المطلب: لا أغني عنکم من الله شیئاً، یا عباس بن عبد المطلب لا أغني عنك من الله شیئاً، یا فاطمة بنت رسول الله: سلیني ما شئت لا أغني عنك من الله شیئاً))[1]، واتە: ئەی هۆزی قوڕەیش: نەفس و گیانتان بە خوا

---

([1]) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی ڕاڤەی قورئان ٦/ ١٤٠، موسلیم لە سەحیحەکەیدا، بەشی باوەڕ ١/ ١٩٢ – ١٩٣، لە ئەبو هورەیرەوە.

بفرۆشن، چونکە من لەلای خوا هیچم بۆ ئێوە پێناکرێ، ئەی نەوەی عەبدولمتەڵیب، ئەی عەباسی کوری عەبدولمتەڵیب: من لەلای خوا هیچم بۆت دەستناکەوێت و هیچیشم پێ ناکرێ، ئەی فاتیمەی کچی پێغەمبەری خوا: ئەوەی دەتوێ پرسیارم لەبارەیەوەی لێبکە، من هیچم بۆ تۆ لە دەستنایەت و پێمناکرێت لەلای خوای مەزن.

## ٨_ زیادەڕەوی کردن و تێپەڕاندن لە ڕێزگرتندا:

دەکرێ زیادەڕەوی کردن و تێپەڕاندن لە ڕێزگرتن ببێتە هۆی بەخۆ سەرسامبوون، چونکە هەندێ لە بانگخوازان ڕێز و حورمەتێکی زۆرتریان لێ دەگیرێ، لەلایەن کەسانی تر بەشێوەیەکی زیادەڕەوانە، کە پێچەوانەی ڕێنمایی ئیسلامە، بەرنامەی خوای گەورە ئەمە ڕەت دەکاتەوە، هەروەك بەردەوام وەستان بەپێوە بەدرێژایی ماوەی مانەوە یان دانیشتنی کەسە ڕێز لێگیراوەکە، یاخود دەست ماچکردنی و خۆ بۆ چەماندنەوە، لە دوای ئەو ڕۆیشتن... تاد دەبێتە هۆکاری تووشبوون بەم نەخۆشییە.

لە میانەی ئەو ڕێز و حورمەتەی کە لێی دەگیرێ، وا هەست دەکات کە ئەمە بەهۆی ئەمەوەیە کە خۆی خاوەن بەهرە و زیرەکی و هەندێك تایبەتمەندیە کە کەسانی تر نیانە، تاکو دەگاتە پلەی بەخۆ سەرسامبوون، پەنا بەخوا.

دەکرێ ئەمە نهێنی ئەو ڕێگریەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بێت، کە لە هاوەڵانی کردووە: بۆی هەڵسنەوە و بەگەورەی نەزانن، هەروەك خەڵکانی تر کە پادشاکانیان بەگەورە دەگرت، دەفەرمووێت: (من أحب أن يتمثل له الناس فليتبوأ مقعده من النار)[1]، واتە: هەر کەسێ پێی خۆش بێ خەڵکی لەبەری هەڵسێتەوە با جێگای خۆی لە ئاگردا خۆش بکات.

---

(١) ئەبو داود لە سونەنەکەیدا هێناویەتی: بەشی هەڵسوکەوت ٤/ ٣٥٨ بە ژمارە ٥٢٢٩ لە معاویەوە.

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ڕۆژێك بۆ لای هاوەڵانی دەچێ، پاڵی بە گۆپاڵەكەیدا دابوو، ئەوانیش لەبەری هەڵسان، فەرمووی: (لا تقوموا كما تقوم الأعاجم یعظم بعضها بعضاً)[١]، واتە: هەڵنەسنەوە هەروەك خەڵكی تر جگە لە عەرەب لەبەریەكتر هەڵدەستنەوە و یەكتری بە گەورە دەگرن.

## ٩_ زیادەڕەویكردن لە ملكەچبوون و گوێڕایەڵی كردندا:

دەكرێ زیادەڕەویكردن لە ملكەچبوون و گوێڕایەڵی كردندا، ببێتە هۆی بەخۆ سەرسامبوون، چونكە هەندێ لە بانگخوازان لەلایەن كەسانی ترەوە ملكەچی و گوێڕایەڵی لە ڕادەبەدەریان بۆ دەنوێنرێ، كە ناگونجێ لە گەڵ بەرنامەی خوادا، وەك ئەوەی ئەم ملكەچی و گوێڕایەڵییە یەكسان بێ لە هەموو شتێكدا چاكە یا خراپە، خێر بێت یان شەڕ.

جا بەم جۆرە لەوانەیە دەروونی بۆی بڕازێنێتەوە، كە ئەم ملكەچی و گوێڕایەڵیە تەنها لەبەر ئەوە بووە كە ئەو خاوەنی چەندین خاسیەت و تایبەتمەندی و خەسڵەتە كە كەسانی تر نیانە، جا لەوانەیە ئەمە بەڕاستی دابنێ و تووشی بەخۆ سەرسامبوون بێت.

دەكرێ ئەمە بەشێك بێت لە نهێنی جەخت كردنەوەی ئیسلام، لە سەر ئەوەی كە گوێڕایەڵی تەنها لەسەر چاكەیەدا و بەس، نەوەك لە خراپە و سەرپێچیدا.

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمووێت: (علی المرء المسلم السمع و الطاعة فیما أحب وكره، إلا أن یؤمر بمعصیة، فإن أمر بمعصیة فلا سمع ولا طاعة)[٢]، واتە: كەسی موسڵمان گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری لەسەر پێویستە لە خۆشی و ناخۆشیدا،

(١) ئەبو داود لە سونەنەكەیدا هێناویەتی: بەشی هەڵسوكەوت ٤/ ٣٥٨ بە ژمارە ٥٢٣٠ لە ئەبو ئومامەوە.
(٢) موسلیم لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی پێشەوایەتی ٣/ ١٤٦٩ بە ژمارە ١٨٣٩ لە ئیبن عومەرەوە.

مەگەر فەرمانی پێبکردنی بە خراپە، لەوەدا نە گوێڕایەڵی و نە فەرمانبەرداری بۆ نییە.

**١٠_ بێ ئاگابوون لەو شوێنەوارانەی کە بەهۆی بەخۆ سەرسامبوونەوە پەیدا دەبن:**

لەکۆتایدا دەکرێ هۆکاری بەخۆ سەرسامبوون بریتی بێ لە: بێ ئاگابوون لەو شوێنەوارانەی کە بەهۆی بەخۆ سەرسامبوونەوە پەیدا دەبن، چونکە هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە ژیانی دا، زۆر کات هەڵقوڵاوی پەیی پێبردن و پەیی پێنەبردنە بە سەرەنجامەکان و شوێنەوارەکانی ئەو ڕەفتارەیە.

بەم پێیە ئەگەر بانگخواز زانیاری نەبوو سەبارەت بەو سەرەنجامانە، ئەوا تووشی بەخۆ سەرسامبوون دەبێت، بەچاوی سوك و کەمەوە سەیری دەکات، بەپێویستی نازانێ هەڵوەستەی لەسەر بکات، کاتی لێ خەرج بکات.

دەکرێ ئەمەبێ نهێنی پێداگیری ئیسلام، لەسەر خستنەڕووی بنەما و مەبەستەکانی، هاوکات لەگەڵ ئامانج و شوێنەوارەکانی.

## سێیەم: شوێنەوارەکانی بەخۆ سەرسامبوون:

**بەم شێوەیە بەخۆ سەرسامبوون چەندین شوێنەواری خراپی لێ دەکەوێتەوە، جا چ لەسەر کەسی بانگخوازان یان لەسەر کاری ئیسلامی بێ، ئەمەی خوارەوە لایەنێکە لەو شوێنەوار و سەرەنجامانە:**

## لەسەر بانگخوازان:

**١_ کەوتنە نێو داوی لەخۆبایی بوون و خۆبەزلزانین:** واتە یەکەم شوێنەواری بەخۆ سەرسامبوون، بریتییە لە کەوتنە نێو داوی بەخۆ سەرسامبوون و لەخۆ بایی بوون، تەنانەت خۆبەزلگرتن، چونکە کەسی بەخۆ سەرسامبوو زۆر کات

سەرسامییەکەی وای لێدەکات، کە دەروونی خۆی فەرامۆش بکات، پشکنین و لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکات، بەپێی تێپەڕبوونی کات نەخۆشییەکە پەرەدەسەنێ، دەبێتە هۆی کەم و بچوك سەیرکردنی شت و هەڵسوکەوتەکانی ئەوانی تر، ئەمەش لەخۆ باییبوونە. یان دەگۆڕێ بۆ خۆ بە گەورەتر دانان لەوانی تر، بە کەم سەیرکردنی خود و کەسایەتیەکەیان، ئەمەش خۆ بەزلگرتنە.

لەخۆ بایی بوون و خۆبەگەورەدانان، شوێنەواری ترسناکیان هەیە، سەرەنجامیان لەناوبەرە، بەتێروتەسەلی هەڵوەستەی لەسەر دەکەین، لەکاتی قسەکردن لەسەر ئەم دوو دەردە بە ویستی خوای پاك و پایەبەرز.

**٢_ بێ بەش بوون لە پشتیوانی خوایی:** دووەم شوێنەواری بەخۆ سەرسامبوون، بریتییە لە بێ بەش بوون لە یارمەتی و پشتیوانی و سەرخستنی خوایی، چونکە کەسی بەخۆ سەرسامبوو زۆر کات ئەو سەرسامییەی وای لێدەکات کە لە ئاست خودی خۆی بوەستێت، لە هەموو شتێك هەر پشت بەو ببەستێت، جا بەدیهێنەر و مشورگێڕ و ڕۆزیدەری خۆی، کە هەموو جۆری ڕۆزیەکی ئاشکراو نهێنی پێداوە لەبیر دەچێ یان لەبیری براوەتەوە.

نمونەی ئەو کەسە ئاکامەکەی سەرشۆڕییە، سەرنەکەوتنە لەو شتانەی کە پێشدێن، چونکە سوننەتی خوای پاك و تاك بەو شێوەیە لە بەدیهێنراوانیدا: کە سەرکەوتن و پشتگیری تەنها بەوانە دەبەخشێت، کە خۆیان داماڵیوە لە خودی خۆیان، بەشی شەیتانیان لێ دەرهێناوە، بەڵکو بە تەواوی پەنایان بۆ خوا بردووە، پاکی و بەرزی بۆ خوا، ناز و نیعمەتەکانی چەندە گەورەن، ژیانیان لە گوێڕایەڵی و خزمەتی ئاینی ئەودا بەسەر بردووە، هەروەك لە کتێبە پیرۆزەکەی خۆیدا فەرموویەتی: ﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَا ﴾ العنكبوت: ٦٩. واتە: (ئەوانەش لە پێناوی ئێمەدا و بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی ئێمە" هەوڵ و کۆششیان کردووەو خۆیان ماندوو کردووە، سوێند بەخوا بەڕاستی ئەوانە ڕێنمویی دەکەین بۆ هەموو ڕێگەیەکی چاك و دروستی خۆمان).

هەروەك لە فەرموودەی قودسیشدا فەرموویەتی: (وما يزال عبدي يتقرب إلى بالنوافل حتى أحبه، فإذا أحببته كنت سمعه الذي يسمع به وبصره الذي يبصر به ويده التي يبطش بها، ورجله التي يمشي بها، وإن سألني لأعطينه، ولئن استعاذ بي لأعيذنه)[١]، واتە: بەردەوام بەندەی من بە بەرپاکردنی نوێژی سوننەت لێم نزیك دەبێتەوە، تاكو خۆشم دەوێت، كە خۆشم ویست دەبم بەو گوێیەی كە پێی دەبیستێ، ئەو چاوەی كە پێی دەبینێ، ئەو دەستەی كە بەرگری پێی دەكات، ئەو پێیەی كە پێی دەڕوات[٢]، كە داوا دەكات پێی دەبەخشم، ئەگەر پەنای پێگرتم پەنای دەدەم.

**٣_ داڕوخان لەكاتی ناخۆشی و چەرمەسەریدا:** سێیەم شوێنەواری بەخۆ سەرسامبوون، بریتییە لە داروخان لەكاتی ناخۆشی و چەرمەسەریدا، چونكە زۆربەی جاران كەسی بەخۆ سەرسامبوو دەروونی فەرامۆش دەكات، تێشووی ڕێگا ئامادە ناكات، جا ئەو جۆرە كەسانە لە ساتەوەختی یەكەمی ناخۆشی و چەرمەسەریدا دادەڕوخێت، چونكە ئەو خوای گەورەی لە خۆشیدا نە ناسیوە، تاكو خوای مەزن لە ناخۆشیدا بەهانایەوە ئەوەوە بێ، خوای گەورە ڕاستی فەرمووە: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ١٢٨ ﴾ النحل: ١٢٨. **واتە:** (خوا لەگەڵ ئەو كەسانەدایە كە خۆیان پاراستووە لە گوناه و هەروەها ئەوانەش كە چاكەكارو چاكەخوازن). ﴿ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾ العنكبوت: ٦٩. **واتە:** (بێگومان خوای پەروەردگار هەمیشە لەگەڵ چاكەكارانە).

---

(١) پێشەوا بوخاری گێڕاویەتیەوە. (وەرگێڕ).

(٢) لەبەر ئەوەی خوای زانا و خاوەن توانا تاكە و پاكە لە ماددە و جوڵە و كات و شوێن، ئەوا ناگونجێ كە ئەم فەرمایشتە بەپێز و بەهێزە بە ڕواڵەتییەكەی ڕاڤە بكەین، چونكە بڕیاردانی جەستە بۆ خوای گەورە یان وێچواندنی بە بەدیهێنراوانی شتێكی نا دروستە و دژو پێچەوانەی پاك و بەرزی خوای گەورەیە، بۆیە زانایانی ئیسلام ڕاڤە و شیكردنەوە و لێكدانەوەی زۆر جوانیان بۆ ئەو فەرمایشە كردووە، یەكێك لە لێكدانەوەكان بریتییە لەوەی: كە ئەو كەسە ئەندامەكانی جەستەی تەنها و تەنها لە پێناو ڕەزامەندی خوا دەخاتەكار، خوای گەورەش خۆی پارێزگاری و چاودێری گشت گوفتار و ڕەفتارەكانی دەكات. بێگومان خوا زاناترە. (وەرگێڕ).

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕاستی فەرمووە کاتێك ئامۆژگاری عەبدوڵای کوڕی عەباسی کرد و پێی فەرمووی: (احفظ الله تجده أمامك، تعرف إلى الله في الرخاء يعرفك في الشدة)[1]، واتە: سنوورەکانی خوا بپارێزە ئەوا خوا ڕێنمویت دەکات، خوای گەورە بناسە لەخۆشیدا، ئەویش بەهاناتەوە دێ و دەتناسێ لەکاتی ناخۆشیدا.

٤ _ **ڕقبوونەوە لە کەسانی تر:** واتە شوێنەواری چوارەمی بەخۆ سەرسامبوون، ڕقبوونەوەیە لە کەسانی تر، چونکە کەسی بەخۆ سەرسامبوو بەهۆی ئەو کردارەی _ کە بەخۆ سەرسامبوونە _ خۆی تووشی خەشمی خوایی کردووە، هەر کەسێك خوای گەورە خەشمی لێبگرێ، ئەوا دانیشتوانی ئاسمانەکانیش ڕقیان لێدەبێتەوە، دواتر لە زەویشدا بڵاودەکرێتەوە کە ئەمە کەسێکی ڕق لێگیراوە، جا خەڵکی دەبینی لەبەری هەڵدێن و ڕقیان لێیەتی و توانای تەماشا کردن و گوێ بۆ گرتنیان نییە، لە فەرموودەدا هاتووە: (إن الله إذا أحب عبداً، دعا جبريل فقال: إني أحب فلاناً فأحبَّه، قال: فيحبه جبريل، ثم ينادى في السماء فيقول: إن الله يحب فلاناً فأحبوه فيحبه أهل السماء، قال: ثم يوضع له القبول في الأرض، وإذا أبغض عبداً دعا جبريل فيقول: إني أبغض فلاناً فأبغضْه، قال فيبغضه جبريل، ثم ينادى في أهل السماء، إن الله يبغض فلاناً فأبغضوه، قال: فيبغضونه ثم توضع له البغضاء في الأرض)[2]، واتە: خوای گەورە کاتێك بەندەیەکی خۆش ویست، بانگی جبریل دەکات و پێ دەفەرمووێ: من فڵانە کەسەم خۆش دەوێ، تۆش خۆشت بوێ، فەرمووی جبریلیش خۆشی دەوێ، پاشان بانگەواز دەکات لە نێو دانیشتوانی ئاسمانەکاندا دەڵێ: خوای گەورە فڵانە کەسەی خۆش دەوێ دە ئێوەش خۆشتان بوێ، ئینجا دانیشتوانی ئاسمانەکانیش خۆشیان دەوێت، دەفەرمووێ: پاشان ڕەزامەندی ئەو لە زەویدا بڵاودەکرێتەوە. ئەگەر خوای مەزن

---

(١) پێشەوا ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا هێناویەتی.

(٢) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی سەرەتای دروستکردنی بەدیهێنراوان ٤/ ١٣٥، بەشی هەڵسوکەوت ٨/ ١٧، بەشی یەکتاناسی ٩/ ١٧٣ – ١٧٤ لە ئەبو هوڕەیڕەوە، موسلیم لە سەحیحەکەیدا بەشی هەڵسوکەوت ٤/ ٢٠٣٠ بە ژمارە ٢٦٣٧ بە ئەبو هوڕەیڕەوە، بێژەکە هی موسلیمە.

ڕقیشی له بەندەیەك بووەوە جبریل بانگ دەكات و پێی دەفەرمووێ: من ڕقم له فڵانەیە، دەتۆش ڕقت لێبێ، جا دەفەرمووێ: جبریلیش ڕقی لێدەبێتەوە، پاشان له ناو دانیشتوانی ئاسمانەكاندا بانگەوازی دەكرێ: خوای گەورە ڕقی له فڵانە ئێوەش ڕقتان لێبێ، دەفەرمووێ: ئەوانیش ڕقیان لێدەبێتەوە، پاشان ڕق لێبوونەوەی ئەو له زەویدا بڵاو دەكرێتەوە.

**٥_ سزا و تۆڵەسەندنەوەی خوایی چ دەستبەجێ یان له ئایندەدا بێ:**

شوێنەواری پێنجەمی بەخۆ سەرسام بوون، سزا و تۆڵەسەندنەوەی خواییە چ دەست بەجێ یان له ئایندەدا بێ، چونكە كەسی بەخۆ سەرسام بوو خۆی تووشی سزاو تۆڵەی خوایی دەكات، چ دەستبەجێ بە نغرۆكردن وەك: ئەوەی كە بەسەر گەلانی پێشوودا هات، یان بەلایەنی كەمەوە تووشی دڵەڕاوكێ و پەرتەوازەیی و شڵەژانی دەروونی ببن، هەروەك ئیستای ئوممەتی موسڵمان (كە لەسەر زەمینەی واقیعدا بەچاوی سەر دەیبینین)، یاخود له داهاتوودا سزا بدرێت لەگەڵ سزادراوان له ئاگری دۆزەخدا، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕاستی فەرمووە: (بينما رجل يمشي في حلة تعجبه نفسه، مرجِّل جُمَّته إذ خسف الله به فهو يتجلجل إلى يوم القيامة)[١]، واتە: لەكاتێكدا پیاو بەجلی ڕازاوەوە دەچێتە ڕێ كە پێی سەرسامە، پرچی سەرشانەكانی شانەكراوە، لەناكاو خوا زەوی ژێر پێی داتەپاند، ئەویش لەناخی زەویدا دەچێتە خوارێ، تا ڕۆژی دوای.

## لەسەر كاری ئیسلامی:

**شوێنەوارەكانی لەسەر كاری ئیسلامی بەدەوری ئەمانەی خوارەوەدا دەخولێتەوە:**

---

(١) بوخاری له سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی پۆشاك ٧/ ١٨٣، موسلیم له سەحیحەكەیدا، بەشی پۆشاك و ڕازاندنەوە ٣/ ١٦٥٣ _ ١٦٥٤ له ئەبو هورەیرەوە، بێژەكەش هی بوخاریە.

**١_ ئاسانی دزەكردن و لێدان یان بەلایەنی كەمەوە لەباربردنی كاری ئیسلامی، بەشێوەیەك كە بەرهەمەكانی بەدەستەوە نادات، مەگەر بە تێچوونێكی زۆر و كاتێكی درێژ نەبێ:** وەك نمونەی ئەو تێكۆشەرە بەخۆ سەرسام بووانەی، كە لەكاتی ناخۆشی و چەرمەسەریدا داڕوخان، و بێ بەش بوون لە بیرتیژی و دوور بینی، ئەوەی كە یارمەتی ناسینی بانگخواز دەدات بۆ جیاكردنەوەی تازە هاتووان لەگەڵ كەسانی تر.

**٢_ وەستان یان بەلایەنی كەمەوە سستی لە بەدەست هێنانی پشتیوان و هاوڕێی:** لەبەر ئەوەی خەڵك لەبەر بانگخوازە بەخۆ سەرسامەكان هەڵدێت و خۆشیان ناوێت، لەگەڵ ئەوەی ڕێگایەكی درێژ و ئەركێكی زۆری لەسەر شانە، ئا ئەمە شوێنەوارەكانی بەخۆ سەرسام بوونن لەسەر بانگخواز و كاری ئیسلامی.

## چوارەم: ڕوخسار و سیماكانی بەخۆ سەرسام بوون:

**دەتوانرێ ئەم دەردە لە ڕێگەی ئەم دیاردە و سیمایانەی خوارەوە دەستنیشان بكرێ:**

**١_ پاكانە بۆ خۆكردن:**

یەكەم دەركەوتە و دیاردەی بەخۆ سەرسامبوون، بریتییە لە پاكانە بۆ خۆكردن، پیاهەڵگۆتن و ستایشكردنی ئاستەكەی و نرخ و بەهادانان بۆی، لەگەڵ لەبیرچوونەوە یان لەبیر خۆبردنەوەی ئەم فەرمایشتەی خوای باڵادەست و خاوەن شكۆ: ﴿ فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡۖ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ﴾ النجم: ٣٢. واتە: (خۆتان بەچاك مەزانن و خۆتان بەپاڵفتە دامەنێن، هەر خوا خۆی دەزانێت كێ لەخواترسانی هەیە و پارێزكارە).

**٢_ گوێ نەگرتن لە ئامۆژگاری:**

دەركەوتە و دیاردەی دووەمی بەخۆ سەرسامبوون، بریتییە لە وەرنەگرتن و ڕەتكردنەوەی ئامۆژگاری، بەڵكو هەڵاتن و خۆدزینەوە لێی، لەگەڵ ئەوەی چاكە لەوەدا نییە، كە ئامۆژگاری یەكتری نەكەن و ئامۆژگاری یەكتری قبوڵ نەكەن.

**٣_ دڵخۆشبوون بەبیستنی كەم و كورییەكانی كەسانی تر، بەتایبەت هاودەمەكانی:**

دیاردە و دەركەوتەی سێیەمی بەخۆ سەرسامبوون، بریتییە لە دڵخۆش بوون بەبیستنی كەم و كوری كرچ و كاڵییەكانی كەسانی تر بەتایبەت هاودەمەكانی، فوزەیلی كوڕی عیاز "ڕەحمەتی خوای لێبێ" دەفەرمووێ: ((یەكێك لە نیشانەكانی كەسی دووڕوو بریتییە لە: دڵخۆشبوون بەبیستنی كەم و كورییەكانی یەكێك لە هاودەمەكانی))[1].

**پێنجەم: ڕێگا چارەی بەخۆ سەرسامبوون:**

**جا مادام هەڵوەستەمان كرد لەسەر هۆكار و پاڵنەرەكانی بەخۆ سەرسامبوون، ئەوا زانینی ڕێگا چارە و ڕیشەكێش كردنی ئەم دەردە، تەنانە خۆپاراستن لێی ئاسان دەبێ، ئەویش لەم خاڵانەی خوارەوەدا كورت دەبنەوە:**

**١_ بیرهێنانەوەی بەردەوامی حەقیقەتی ناخ و دەروونی مرۆڤ:** بەوەی كە كەسی بەخۆ سەرسامبوو، وا تێبگەیەنرێ كە ئەو دەروونەی لە نێوان دوولا تەنیشتیدایە ئەگەر تایبەتمەندی و پێدانێكی خوایی نەبوایە، ئەوا هیچ نرخێكی نەدەبوو، مرۆڤ لە گڵ و خۆڵی بەرپێیان دروست بووە، پاشان لە ئاوێكی بێ نرخ كە تەماشاكار ئامادە نییە سەیری بكات، لە سەرەنجامدا دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو خاكەی

---

(١) كۆسپەكان، دانراوی: مامۆستا محەمەد ئەحمەد ڕاشد ٥٣.

لێی پەیدابووە، جا دەبێتە لاشە و جەستەیەكی بۆگەن، هەموو بەدیهێنراوان لەبەر بۆنی ڕادەكەن، لە نێوان دەستپێك و گەڕاندنەوەدا بەرگەی ئەو پیساییەی ناو سكی ناگرێت، واتە: ئەو پاشماوەی كە بۆنێكی زۆر پیسی لێدێت، و ئۆقرە ناگرێ و ئارام نابێ، مەگەر پاش فڕێدانی ئەم پیساییە نەبێت.

ئەو جۆرە بەبیر هێنانەوەیە، یارمەتییەكی زۆر دەدات بۆ وەستاندنی سەركەشی دەروون و بنبڕكردنی نەخۆشی بەخۆ سەرسامبوون، بەڵكو پاراستنیشی لە دووبارە تووش بوونەوە پێی.

یەكێك لە پێشینەكان سەرنجی بۆ ئەم ئامرازە ڕاكێشاوە، كاتێك گوێبیستی بەخۆ سەرسام بوویێك بوو دەیوت: (دەزانی من كێم؟ وەڵامی دایەوە بەوەی كە: بەڵێ دەزانم تۆ كێیت، تۆ ئاوێكی بێ نرخ بوویت، دەبیتە لاشەیەكی بۆگەن و قێزەون، تۆ لە نێوان ئەم دوو قۆناغەدا هەڵگری پیسایت).

٢_ **خستنەوەیادی بەردەوامی حەقیقەتی دونیا و دواڕۆژ، بەوەی كە بەخۆ سەرسام بوو بزانێت دونیا كێڵگەی دواڕۆژە**، هەرچەند تەمەن درێژ بێت، ئەوا خۆری تەمەنی هەر ئاوا دەبێ، هەر دواڕۆژ شوێنی مانەوەی هەتا هەتاییە، چونكە نمونەی ئەو خستنەوەیادە وا لە مرۆڤ دەكات، كە ڕەفتاری ڕێك و پێك بكاتەوە، خوار و خوێچییەكانی ڕاست بكاتەوە، بەر لە كۆتای هاتنی ژیان، پێش لە دەستچوونی فرسەت و تێپەڕبوونی كات.

٣_ **بیركردنەوە لە ڕزق و ڕۆزی و نیعمەتەكانی خوای گەورە**، كە سەرتاپای مرۆڤی داپۆشیوە، لە خوارەوە تا سەرەوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآ﴾ إبراهیم: ٣٤. واتە: (خۆ ئەگەر نازو نیعمەت و بەخششەكانی خوا ژمار بكەن، ناتوانن بژمێرن). ﴿وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةً وَبَاطِنَةً﴾ لقمان: ٢٠. واتە: (بە فراوانی نازو نیعمەتی ئاشكرا و ڕوونی بەسەردا ڕژاندوون).

دەكرێ ئەمە وا لە مرۆڤ بكات، هەست بە لاوازی و هەژاری خۆی بكات، هەست بەوە بكات بەردەوام پێویستی بە خوای گەورە هەیە، دواتر خۆی پاك بكاتەوە لە دەردی بەخۆ سەرسامبوون، بەڵكو دەروونی بپارێزی لەوەی جارێكی تر تووشی ببێ.

٤_ **بیركردنەوە لە مردن:** ئەو قۆناغ و ناخۆشی و سەختیانەی كە لە ئایندەدا پێش دێن، جا ئەمە دەستەبەری بنبڕكردنی بەخۆ سەرسامبوون دەكات، بەڵكو ناخی مرۆڤ بەهێز دەكات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دەردە.

٥_ **بەردەوام گوێگرتن و وردبوونەوە لە كتێبی خوای باڵادەست و پایەبەرز و سوننەتی پێغەمبەر** (صلی الله علیه وسلم)، چونكە لەمانەدا ڕوونكردنەوەی شیفابەخش هەیە، شیكردنەوەی ورد هەیە بۆ هەموو ئەو شتانەی كە پەیوەندیان هەیە، بەو چوار لایەنەی تۆزێك بەر لە ئێستا باسكراون، بەمانەش مرۆڤ لە هەموو دەردەكان ڕزگاری دەبێ، ئەگەر بابەتیانە و ڕاستگۆ بێ لەگەڵ خۆیدا.

٦_ **بەردەوام ئامادەبوون لە مەجلیسی زانست و زانیاریدا، بەتایبەت ئەوانەی لەبارەی نەخۆشییەكانی دەروون و ڕێگا چارەیان دەخولێنەوە،** چونكە بەڕاستی نمونەی ئەو كۆڕ و مەجلیسانە زۆر جار یارمەتی پاك كردنەوەی دەروون دەدات، تەنانەت پاراستنیشی لە نەخۆشی بەخۆ سەرسامبوون.

٧_ **ئاگاداربوون لە دۆخی نەخۆش و دەردەدارەكان، تەنانەت مردووەكانیش،** بەتایبەت لەكاتی شۆردن و كفن كردن و بەخاك سپاردن، پاشان ناوە ناوە سەرەدان كردنی گۆڕستان و بیركردنەوە لە حاڵ و چارەنوسیان، ئەمە مرۆڤ لە ناخیدا دەجوڵێنێ و وای لێدەكات كە بەخۆ سەرسامبوون و هاوشێوەكانی لە نەخۆشەكانی دەروون و دڵ هەڵبتەكێنێ.

٨_ **ئامۆژگاری كردنی دایكان و باوكان كە خۆپارێزی بكەن لە نەخۆشی بەخۆ سەرسامبوون و هاوێنەكانی،** ببنە پێشەنگێكی چاك بۆ منداڵەكان، تێبگەیەنرێن كە ئەوەی ئەوان كردوویانە _ بەخۆیان سەرسامبوونە _ كارێكی

هەڵبووە، ئەو هەڵەیەیان ڕیشەکێش کردووە، پێویستە لەسەر منداڵەکەش ئەم دەردە ڕیشەکێش بکات، تۆبە بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە.

**٩_ پەیوەندی بڕین لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بەخۆیان سەرسامن،** لەگەڵ پەیوەست بوون بەباوەشی خۆ بەکەمزان و کەسانی خاکی و ئەوانەی ئەندازەی کەسایەتی خۆیان دەزانن، چونکە ئەمە یارمەتیدەرە بۆ ڕزگاربوون و خۆپاراستن لە بەخۆ سەرسامبوون.

**١٠_ ڕاسپاردن و جەختکردنەوە لەسەر پێویستی پەیوەست بوون بە داب و ڕەوشتی شەرعیەوە لە پێداهەڵگوتن و ستایشکردن و ڕێزگرتندا،** هەروەها لە ملکەچی و گوێڕایەڵ بووندا، لەگەڵ پشت هەڵکردن و سەرکۆنەکردنی توندی ئەو کەسانەی سنووری ئەو داب و نەریتانە دەشکێنن، چونکە ئەمە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دەرمانکردنی دەردەکانی دەروون و ڕزگارکردنی تاك لە تەڵەی ئەم نەخۆشیانە.

**١١_ هەندێ کات خۆدانەپاش لە پێگە و پۆستەکانی پێشەوە چارەسەرە،** تا دەروون ئۆقرە دەگرێ، تەواو چەسپاو و جێگیر دەبێ، سەرپێچی شەیتان بکات، ئەمە ڕێگای چارەسەری ئاسان دەکات.

**١٢_ بەردەوام سەیرکردنی ژیاننامەی پێشینان،** کە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ خۆیان دەکرد، کاتێك خوڕەوشتێکی لەو جۆرەیان لە خۆیاندا بەدی دەکرد، چونکە ئەمە وا دەکات کە شوێن پێیان هەڵبگرین و کاریگەر بین پێیان، یان بەلایەنی کەمەوە خۆمان بەوان بچوێنین، هاوشێوەی ئەوان بین لە ڕیشەکێش کردنی ئەم نەخۆشیە، ڕێگە لێگرتنی تا جارێکی تر بگەڕێتەوە باری ئاسایی.

**١٣_ تووشکردنی دەروون ناوە ناوە بە هەندێ هەڵوێست، کە خۆبەزلزانینەکەی لەناوبەرێت،** دایبنێتە شوێنی ڕاست و دروستی خۆی، وەك ئەوەی کەسەکە هەڵبستێ بەخزمەت کردنی برایەکانی، کە لە پلەدا لەو نزمترن،

یاخود هەڵبستێ بە کڕینی خواردەمەنی خۆی لە بازار و شتەکانی بەخۆی هەڵبگرێ، بەو شێوەیەی کە لە زۆرێك لە پێشینانەوە هاتووە.

لە عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێردراوەتەوە کە کاتێك چووەتە شام گۆمێکی ئاویان پیشاندا، لە وشترەکەی دابەزی و خوفەکانی لەپێ کرد، چووە ناو ئاو وشترەکەشی لەگەڵ خۆی بردە ناویەوە، ئەبو عوبەیدەی عامری کوری جەراح "خوا لێی ڕازی بێت" فەرمووی: ئەمڕۆ شتێکی گەورەت کردووە[1] لەلایەن خەڵکی سەر زەوی، عومەر بە تووندی کێشای بە سینەیدا و فەرمووی: (بوەستە، خۆزگە یەکێکی تر ئەو قسەیەی دەکرد! ئەی ئەبا عوبەیدە، ئێوە سەر شۆڕترین خەڵك بوون، خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) سەربەرزی پێبەخشین، جا هەر چەندە سەربەرزی داوا بکەن لە جگەلە ئیسلام، ئەوا خوا سەرشۆڕتان دەکات).

لەگێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: (کاتێك عومەر "خوای لێ ڕازیبێ" چووە شام، خەڵکی پێشوازیان لێکرد، ئەویش لەسەر پشتی وشترەکەی بوو، جا پێی وترا: ئەگەر لەسەر بارگرێك سوار ببایت باشتربوو، تاکو بەگەورەیی لەبەرچاوی خەڵکی دا دیار بیت؟ پێشەوا عومەر "خوا لێی ڕازی بێت" فەرمووی: لێرەوە ناتانبینم، فەرمان لێرەوەیە _ بەدەستی ئاماژەی بۆ ئاسمان کرد _ جا پێش وشترەکەم چۆڵکەن)).

١٤_ **چاودێری و بەدواداچوونی کەسانی تر بۆ ئەو، یارمەتی دانی تاکو بتوانێ لەو دەردە ڕزگاری بێ.**

١٥_ **لێپرسینەوەی دەروون خاڵ بە خاڵ**، تاکو بتوانرێ هەڵوەستە لەسەر ئەو کەم و کورتیانە بکرێ، کە هێشتا سەرەتایین و چارەو خۆپاراستنیشیان ئاسانە بێت.

١٦_ **پەیی بردن بەو سەرەنجام و شوێنەوارانەی کە بەهۆی بەخۆ سەرسامبوونەوە پەیدادەبن**، چونکە ئەمە کاریگەریەکی کارای هەیە لە چارەسەرکردنی ئەو دەردە و خۆپەنادان لە دژی.

---

[1] مەبەستی ئەوەبوو کە ئەو ڕێ و ڕەسمەی لەئاست گەورەیی خۆی نەبووە. (وەرگێڕ).

**١٧_ داوای یارمەتی کردن و پشتبەستن بە خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ**، ئەمەش بەهۆی پاڕانەوەو هانا بۆ بردن و پەنا پێگرتنی، تاکو خوای مەزن دەیخاتە سەر ڕاستەڕێ و یارمەتی دەدا، پاکیشی دەکاتەوە لەو دەردە، دەیپارێزی لە کەوتنە ناوەوەی، ئەوەی داوای پشتیوانی لە خوا دەکات خوا یارمەتی دەدا، و ڕێنوێنی دەکات بۆ سەر ڕێگای ڕاست.

**١٨_ پێداگرتن لەسەر بەرپرسیارێتی تاکەکەسی**، بەبێ سەیرکردنی نەژاد و ڕەچەڵەك، چونکە ئەمە دەورێکی گەورەی هەیە، لە چارەسەرکردنی دەروون، بەڵکو پاراستنی لەوەی جارێکی تر بکەوێتە نێو دەردی بەخۆ سەرسامبوونەوە.

# دەردی شەشەم

## لەخۆبایی بوون (الغرور)

دەردی شەشەم کە هەندێ لە بانگخوازان ئالۆدەی دەبن، پێویستە لەسەریان کە تێبکۆشن بۆ خۆ ڕزگارکردنی خود لێی، نەکەوتنە ناو ئەم تەڵەیەوە، ئەویش بریتییە لە: دەردی خۆبایی بوون، تاکو لێدوانی ئێمە لەبارەی ئەم دەردە و ڕەهەندەکانی ڕوون و ئاشکرابێ، و نیشانە و سیماکانی دیاربێ، ئەوا لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

## یەکەم: واتای لەخۆ بایی بوون:

**له زمانەوانیدا:** لەخۆبایی بوون بۆ چەند مەبەستێك بەکاردەهێنرێ، گرنگترینیان ئەمانەن:

**أ_ فێڵ و هەڵخەڵەتاندن**، جا چ لەگەڵ خۆی یان لەگەڵ کەسانی تر بێ، یاخود لەگەڵ خۆی و کەسانی تر بێ بەیەکەوە، (تقول: غره، یغره، غرورا) واتە: فێڵی لێکرد و لەخۆی بایی بوو، (یغرها ، غرورا) واتە: فێڵی لێکرد و خەڵەتاندی. ئەم فەرمایشتەی خوای پاك و بەرز لەوەوە هاتووە: ﴿وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا﴾ النساء: ١٢٠. واتە: (دیارە کە شەیتانیش هیچ بەڵێنێکیان پێنادات جگەلە فریودان و خەڵەتاندن نەبێت).

**ب_ ئەوەی سەردەکێشێ بۆ لەخۆبایی بوون، ئەوەی دەبێتە هۆی توشبوون بەم دەردە،** جەوهەری دەڵێ: وشەی (غُرور) بە بۆرەدارکردنی پیتی یەکەم، ئەو خۆشیانەی دونیا دەگرێتەوە، کە مرۆڤ لەخۆبایی دەکات.

لەمەوە خوای پاك و تاك دەفەرمووێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ ٥﴾ فاطر: ٥. واتە: (ئەی خەڵکینە: دڵنیابن بەڵێنی خوا ڕاست و دروستە، _ قیامەت بەرپا دەکات و لە هەموو کەس دەپرسێتەوە _

كەوابوو ژیانی ئەم دونیایە سەرتان نەشێوێنێت و شەیتان نەتانخەڵەتێنێ بەناو بەزەیی خواوە _ كە گوایە هەرچی بكەن خوا هەر بە بەزەییە و لێتان خۆش دەبێ _).

**لە زاراوەدا:** لە زاراوەی بانگخوازاندا لەخۆبایی بوون بریتییە لە: بەخۆ سەرسام بوونی بانگخواز تا ئەندازەیەك كە گوفتار و كردارەكانی كەسانی تر لە چاو هی خۆی بەكەم و بچوك دابنێت، بەبێ ئەوەی بە كەم سەیر خودی كەسی بەرامبەر یان خۆی بەگەورەتر دابنێ لەوانی تر.

گومان لەوەدا نییە ئەو كەسەی بەم شێوەیە بێت ئەوا فێڵی لێكراوە، بەم پێیە دەتوانین تێبگەین لەوەی كە چەند بەیەك گەیشتن هەیە لە نێوان واتای زمانەوانی و زاراوەییدا.

## دووەم: هۆكارەكانی لەخۆبایی بوون:

جا لەبەر ئەوەی لەخۆبایی بوون ئەوپەڕی بەخۆسەرسام بوونە، ئەوا ئەو هۆكار و پاڵنەرانەی كە مرۆڤ تووشی ئەم دەردە دەكات، بە پوختی هەمان ئەو هۆكارانەن كە دەبنە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی بەخۆسەرسام بوون، ئەمانەش چەند هۆكارێكی دیكەن زیاد لەوان:

### ١_ فەرامۆشكردنی دەروون و نەپشكنین و لێ نەپرسینەوەی:

دەكرێ هۆكاری لەخۆبایی بوون بریتی بێ لە فەرامۆشكردنی دەروون و نەپشكنین و لێپرسینەوە نەكردن لەگەڵی، لەبەر ئەوەی دەكرێ هەندێ لە بانگخوازان تووشی بەخۆ سەرسام بوون ببن، بەهۆی فەرامۆش كردنی دەروونی خۆی و نەپشكنین و لێ نەپرسینەوەی، ئەمەش دەبێتە هۆی بەكەمزانین و بچوك سەیركردنی گوفتار و كرداری كەسانی تر لەبەراورد بە هی خۆی، بەم شێوەیە كەسەكە لە خۆبایی دەبێ.

دەکرێ ئەمەبێ نهێنی ئامۆژگاری ئیسلام بۆ پشکنین و لێپرسینەوەی دەروون هەنگاو بە هەنگاو: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴾ الحشر: ١٨. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، خواناس و پارێزکاربن و لە سنوورەکان مەترازێن، با هەموو کەسێك سەرنج بدات و بزانێت چی بۆ سبەی دەسپێشخەری کردووە، هەوڵبدەن هەمیشە و بەردەوام پارێزکارو دیندارو خواناس بن، چونکە بەڕاستی خوا زۆر ئاگایە بەهەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن).

## ٢_ فەرامۆشکردن یان بەدوادانەچوون و ڕێنوێنی نەکران لەلایەن کەسانی ترەوە:

دەکرێ هۆکاری لەخۆبایی بوون بریتی بێ، لە فەرامۆش کردن یان بەدوادانەچوون ڕێنمایی نەکران لەلایەن کەسانی دیکەوە، چونکە دەکرێ هەندێ لە بانگخوازان تووشی بەخۆ سەرسامبوون بووبن، وەرە لاواز و خۆڕاگرنەبێ، خەم سارد بێ بە ئەندازەیەك کە بەخۆی ناتوانێ خۆی پاك کاتەوە لەو دەردە، بەڵکو پێویستی بە دواداچوون و لەپاڵ ڕاوەستان و ڕێنیشاندان هەیە لەلایەن کەسانی ترەوە، دەکرێ کەسانی تر سەرنجی ئەمە نەدەن، لە بەجێگەیاندنی ئەرك و ڕۆڵیان دەوەستن، ئا لەو کاتەدا ئەو نەخۆشییە جێ پێی مەحکەم دەکات لە ناخ و دەروونداا، بە تێپەڕینی کات دەگۆڕێ بۆ کەسێکی لەخۆبایی "پەنا بەخوا".

دەکرێ ئەمەبێ نهێنی پێداگیری ئیسلام لەسەر ئامۆژگاری، تەنانەت ئایینی تێدا کورت هەڵهێناوە، بۆی گەڕاندۆتەوە، هەروەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێ: (الدين النصيحة، قلنا: لمن؟ قال: الله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسمين

وعامتهم)[1]، واتە: ئیسلام ئامۆژگارییە، هاوەڵان دەڵێن: وتمان بۆ کێ؟ فەرمووی: ئامۆژگاری لە پێناوی خوا، بۆ بۆ کتێبی خوا و بۆ پێغەمبەرەکەی، بۆ سەرکردەی موسڵمانان و سەرجەمی خەڵکی.

لەوانەیە بەهەمان شێوە ئەمەبێ نهێنی بانگەوازەکەی خوای مەزن، بۆ دەستەبەری و یارمەتی و هاریکاری یەکتری موسڵمانان: هەروەك خوای پایەبەرز دەفەرمووێ: ﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ ﴾ المائدة: ٢. واتە: (یارمەتی و کۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر چاکە و خواناسی، نەکەن یارمەتی و کۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر گوناه و دەستدرێژی).

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمووێ: (المؤمن مرآة أخيه و المؤمن أخو المؤمن يكف عن ضيعته ويحوطه من ورائه)[2]، واتە: ئیماندار ئاوێنەی ئیمانداره، ئیماندار برای ئیمانداره، ڕێگە لە تێکچوونی کاری دەگرێ، دەیپارێزێت و پشتیوانی لێ دەکات.

### ٣_ زیادەڕۆچوون و توندڕەوی لە ئایندا:

دەکرێ هۆکاری لەخۆبایی بوون بریتی بێ لە: زیادەڕۆچوون و توندڕەوی لە ئایندا، چونکە هەندێ لە بانگخوازان ڕوو لە بەرنامەی خوا دەکەن بەڵام بە توندی، پاش بەسەرچوونی کاتێکی کەم دەڕوانێتە دەوروبەری خۆی، دەبینێ جگەلەو هەندێ لە بانگخوازان شێوازی میانڕەوی دەگرنەبەر، واگومان دەبات _ بەهۆی بێ ئاگایی خۆی یان بەهۆی پەیی پێ نەبردنی بەسروشتی ئەم ئایینە _ کە ئەوەی ئەوانی دیکە دەیکەن ئەوا بەزایەدان و کەمتەرخەمیە، ئەو گومانە وای

---

(١) موسلیم لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی، بەشی باوەڕ ١/ ٧٤ _ ٧٥ بە ژمارە ٥٥، ئەبو داود لە سونەنەکەیدا، بەشی هەڵسوکەوت، ٤/ ٢٨٦، بە ژمارە ٤٩٤٤ لە تەمیمی داریەوە.

(٢) ئەبو داود لە سونەنەکەیدا بە ژمارە: ٤٩١٨، بوخاری لە ئەدەب ئەلموفرەد بە ژمارە: ٢٣٩، بەزار ٣٨٥/ ١٤ گێڕاویانەتەوە، ئەلبانی بە حەسەن داناوە لە سەحیحی جامع بە ژمارە: ٦٦٥٦. (وەرگێڕ).

لێدەکات بە سوك و بچوك سەیرکردنی هەموو ئەو کار و گوفتارانەی ئەوان بکات لە چاو کارەکانی خۆی، ئەمەش لەخۆبایی بوونە.

دەکرێ ئەمەبێ نهێنی ئەو بانگەوازەی ئیسلام بۆ میانڕەوی، بەڵکو هۆشیاریدان لە ئاست لەخۆبایی بوون و توندڕەوی لە ئایندا:

هەروەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەو کۆمەڵەیەی فەرموو: کە سوربوون لەسەر گۆشەگیری: (أنتم قلتم كذا وكذا: أما والله إني لأخشاكم لله وأتقاكم له لكنى أصوم وأفطر وأصلى وأرقد وأتزوج النساء فمن رغب عن سنتي فليس منى)[١]، واتە: ئێوە بوون ئاواو ئاواتان وتووە: دەجا سوێند بەخوا من زۆر لە ئێوە لەخواترس و پارێزگارترم لێی، بەڵام من بەڕۆژوو دەبم دەشی شکێنم، نوێژیش دەکەم و پشووش دەدەم و دەشخەوم، ژنانیش دێنم، هەر کەسێ بەسوننەت و ڕێبازی من ڕازی نییە ئەوا لەمن نییە.

هەروەها دەفەرمووێت: (هلك المتنطعون)[٢]، واتە: زیادەڕەوان تیاچوون. سێ جار ئەمەی دووبارە کردەوە، واتە ئەوانەی زیادەڕەو سنور شکێنی دەکەن بەهۆی گوفتارو ڕەفتاریان.

(إياكم والغلو في الدين فإنما هلك من قبلكم بالغلو في الدين)[٣]، واتە: خۆتان بپارێزن لە زیادەڕەوی کردن لە ئایندا، بەڕاستی ئەوانەی پێش ئێوە بە زیادەڕەویکردن لە ئاییندا لەناوچوون، (إن الدين يسر ولن يشاد الدين أحد إلا غلبه فسددوا وقاربوا وأبشروا)[٤]، واتە: بەڕاستی ئایین ئاسانە، هەر کەسێ لە ئایین توند

---

(١) بوخاری هێناویەتی لە سەحیحەکەیدا: بەشی ژن هێنان ٧/ ٢، موسلیم لە سەحیحەکەیدا بەشی مارەیی ١/ ٥٨٤، نەسائی لە سونەنەکەیدا بەشی مارەیی ٦/ ٤٩ – ٥٠، ئەحمەد لە موسنەدەکەیددا ٣/ ٢٤١، ٢٨٥ لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە.

(٢) موسلیم لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی زانست ٤/ ٢٠٥٥ بە ژمارە ٢٦٧٠ لە عەبدوڵای کوڕی مەسعودەوە.

(٣) ئەحمەد هێناویەتی.

(٤) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی باوەڕ ١/ ١٦ لە ئەبو هورەیرەوە.

بکات، ئەوا ئایین بەسەریدا زاڵ دەبێت، جا هەوڵی ڕاستپێکان بدەن، نزیك ببنەوە لە ڕاستڕەوی، مژدە بدەن.

### ٤_ قوڵبوونەوە لە زانست و زانیاریدا، بەتایبەت بابەتە ناوازەو نامۆکان لەگەڵ فەرامۆشکردنی لایەنی کردار:

دەکرێ ئەمە بریتی بێت لە هۆکاری لەخۆبایی بوون، چونکە هەندێ لە بانگخوازان لەوانەیە هەموو خەم و حەزی بریتی بێ لە قوڵبوونەوە لە زانست و زانیاریدا بەتایبەت لە مەسەلە نامۆ و ڕیزپەڕەکان، لەگەڵ فەرامۆش کردنی لایەنی کرداری، لەکاتی خستنەڕووی ئەو بابەتانە تێبینی ئەوە دەکرا، کە هەندێك لە بانگخوازان بێئاگان لەم بابەتانە، ناشزانێت کە ئەمانە شتی لاوەکین و شارەزانەبوون تێیدا مایەی زیان نییە یاخود لەبەر ئەوەیە هیچ حوکمێکیان لەسەر کەڵەکە نابن، بەمەش وا بەئەندێشە و خەیاڵیدا دێت کە ئەو کەسانە هیچ لەبارەی بابەت و مەسەلەکانی زانست نازانن، جا ئەگەر شارەزاش بن ئەوا هەر کەمە لە ئاست ئەو زانستە نامۆو ڕیزپەڕ و دەگمەنەی کە ئەو دەیزانێ، بەردەوام ئەمەی بەخەیاڵدا دێت، تا دەگاتە ئاست بەکەم و بچوکدانانی بەرهەمی کەسانی تر لە چاو هی خۆی، ئەمە بریتییە لە دەردی لەخۆبایی بوون.

دەکرێ ئەمەبێ نهێنی بانگەوازی ئیسلام بۆ داواکردن و بەدەست هێنانی زانستی کە بەسود و بەکەڵك، چونکە یەکێك لە نزاکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بریتی بوو: (اللهم إني أعوذ بك من علم لا ينفع ومن قلب لا يخشع ومن نفس لا تشبع ومن دعوة لا يستجاب لها)[1]، واتە: خوایە پەنات پێدەگرم لە زانستێکی بێ سوود و کەڵك، لە دڵێك کە ترسی تۆی لەخۆنەگرێ، لە دەروونێك کە تێرنەبێ، لە پاڕانەوەیەك کە گیرانەبێ. تەنانەت جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە دەبێ ئەو

(١) موسلیم لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی یادی خواو پاڕانەوەو تۆبە و داوای لێخۆشبوون کردن ٤/ ٢٠٨٨ لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە.

زانستە پەیوەست بێ بەکردارەوە، ئەگەر وانەبوو ئەوا تیاچوون و ماڵوێرانی سەرەنجام و ئاکامی دەبێت، هەروەك خوای پاك و بەرز دەفەرموویت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ﴿٢﴾ كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ﴿٣﴾ ﴾ الصف: ٢، ٣. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بۆچی شتێك دەڵێن و ئەنجامی نادەن؟ بۆچی گوفتارتان دژی کردارتانە؟. خەشم و ڕقێکی گەورەیە لای خوا کە دەیلێن و نایکەن). ﴿ ۞ أَتَأۡمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلۡبِرِّ وَتَنسَوۡنَ أَنفُسَكُمۡ وَأَنتُمۡ تَتۡلُونَ ٱلۡكِتَٰبَۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾ البقرة: ٤٤. واتە: ("کەی ئەوە ڕاستە" فەرمانی چاکە بەخەڵکی دەکەن و خۆتان فەرامۆش دەکەن؟! لە کاتێکدا خۆ ئێوە کتێبی خوا "تەوارات" دەخوێننەوە، "دەزانن سزای گوفتاری بێ ڕەفتار چۆنە" جا ئایا ژیریتان ڕێتان لێناگرێت لەو هەڵوێستە ناشرینە؟!).

پێغەمبەری ڕێزدار (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموویت: (يجئ بالرجل يوم القيامة فيلقى في النار فتندلق أقتابه في النار فيدور كما يدور الحمار برحاه فيجتمع أهل النار عليه فيقولون: أي فلان ما شأنك أليس كنت تأمرنا بالمعروف وتنهانا عن المنكر؟ قال كنت آمركم بالمعروف ولا آتيه وأنهاكم عن المنكر وآتيه)[1]. واتە: پیاوێك دێنن لە ڕۆژی دواییدا فڕێیدەدەنە ناو ئاگری دۆزەخ، جا بەدەوری ڕیخۆڵەکانیدا دەسوڕێتەوە وەك چۆن گوێدرێژ بەدەوری پەتەکەی دەسوڕێتەوە، خەڵکی ناو ئاگری دۆزەخ لەلای کۆدەبنەوە، دەڵێن: کابرا ئەوە چیتە، ئەوە تۆ نەبووی کە فەرمانت پێدەکردین بەچاکە و ڕێگریت لێدەکردین لە خراپە؟ وتی: من فەرمانم پێدەکرن بەچاکە و بەخۆشم نەم دەکرد، ڕێگریم لێدەکردن لە خراپە و بەخۆشم دەکرد.

## ٥_ وەستان لە ئاست پەرستشەکان و لەبیرکردنی گوناهەکان:

---

(١) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی سەرەتای بەدیهێنانی دروستکراوان ٤/ ١٤٧، موسلیم لە سەحیحەکەیدا بەشی دونیا بەکەمزانی ٤/ ٢٢٩٠ – ٢٢٨٩ لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە.

دەكرێ هۆكاری لەخۆبایی بوون بریتی بێ لە: وەستان لە ئاست پەرستشەكان و لەبیركردنی گوناهەكان، چونكە ئێمە هەمووومان مرۆڤین، سروشتی مرۆڤ جگەلە پێغەمبەران وایە ڕاست و هەڵە دەكات، جا ئەگەر بانگخواز لەمە بێ ئاگابوو زۆرجار هەڵوەستە لە ئاست گوێڕپەڵی و شتی ڕاست دەكات، لە هەمان كاتدا خراپە و تاوانیش لەبیر دەكات، سەرەنجام بەخۆی سەرسام دەبێت، هاودەم لەگەڵ بەكەم سەیركردنی كار و گوفتاری كەسانی تر، بە بەراورد لەگەڵ كارەكانی خۆی، ئەمەش لەخۆبایی بوونە.

خوای پاك و بەرز سەرنجی بۆ ئەم هۆكار و پاڵنەرە ڕاكێشاوە، لەو كاتەی كە ستایشی دوو جۆر لە باوەڕداران دەكات، بەوەی كە پەرستشەكان ئەنجامدەدەن، ترسیان لە گیرابوونی هەیە، جا دەفەرموویێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ هُم مِّنۡ خَشۡيَةِ رَبِّهِم مُّشۡفِقُونَ ﴿٥٧﴾ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ يُؤۡمِنُونَ ﴿٥٨﴾ وَٱلَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمۡ لَا يُشۡرِكُونَ ﴿٥٩﴾ وَٱلَّذِينَ يُؤۡتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمۡ وَجِلَةٌ أَنَّهُمۡ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ رَٰجِعُونَ ﴿٦٠﴾ أُوْلَٰٓئِكَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَهُمۡ لَهَا سَٰبِقُونَ ﴿٦١﴾ ﴾ المؤمنون: ٥٧، ٦١. واتە: (بەڕاستی ئەوانەی كە ترسی پەروەردگاریان لە دڵدایە و دەترسن لێیان بڕەنجێت. ئەوانەش بڕوا بە ئایەت و فەرمانەكانی پەروەردگاریان دەهێنن، ئەوانەش كە هاوەڵ و هاوبەش بۆ پەروەردگاریان بڕیار نادەن. ئەوانەش دەبەخشن لە زەكات و خێر، دڵیان دەترسێت نەوەك لێیان وەرنەگیرێت، چونكە ئەمانە بێگومان بۆ لای پەروەردگاریان دەگەڕێنەوە، ئا ئەوانە بەپەلەن بۆ ئەنجامدانی هەموو چاكەیەك، پێشبڕكێش دەكەن لە چاكەدا).

عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: بە پێغەمبەری خوام وت: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤۡتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمۡ وَجِلَةٌ ﴾ ئەوە ئەو كەسەیە كە دزی و زینا دەكات و مەیی دەخواتەوە، لە خوای باڵادەست و خاوەن شكۆ دەترسێ؟ فەرمووی: (لا یا بنت الصدیق ولكنه الذي

يصلي ويصوم ويتصدق وهو يخاف الله عز وجل)[١]، واتە: نا، ئەی كچی سدیق، بەڵكو ئەوە ئەو كەسەیە كە نوێژو ڕۆژوو دەكات و ماڵدەبەخشێت، لە خوای پایەبەرزیش دەترسێ.

هەروەك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) سەرنجی بۆ ئەمە ڕاكێشاوە كاتێك داوای كرد دوای كارو ڕاپەڕاندنی ئەرك پشت بە بەخشش و ڕەحمەتی خوا ببەسترێت، نەك بە خودی كارەكە، چونكە دەبێتە مایەی لەخۆبایی بوون و تیاچوون دەبێت، بۆیە فەرمووی: (لن ينجي أحدا منكم عمله، قالوا: ولا أنت يا رسول الله؟ قال: ولا أنا إلا أن يتغمدني الله برحمته سددوا وقاربوا واغدوا وروحوا وشئ من الدلجة والقصد تبلغوا)[٢]، واتە: كەس لەئێوە بەكردەوەو ڕەفتاری خۆی ڕزگاری نابێ، وتیان: تەنانەت تۆش ئەی پێغەمبەر خوا؟ فەرمووی: منیش، مەگەر خوای گەورە بەڕەحمەت و بەزەیی خۆی دامگرێت، جا ڕاست هەوڵی ڕاست پێكان بدەن و زیادەڕەوی مەكەن، لە بەیانیان و ئێواران و بەشێك لە شەودا یادی خوا بكەنەوە، پابەندی ڕێگەی ڕاست بن بە مەبەست دەگەن.

سەروەرمان عەبدوڵڵای كوڕی مەسعود (خوا لێی ڕازیبێ) زۆر بەڕوونی ئەمەی دەربڕیوە، كاتێك كاریگەری بیرهاتنەوە و لەبیرچوونی گوناهی بۆ ئاشكرا بوو لەسەر ڕەوشتی مرۆڤ، وتویەتی: ((بەڕاستی باوەڕدار كەسێكە، كە گوناهەكانی ببینێت وەك ئەوەی لە ژێر چیایەكدا دانیشتبێ و بترسێت بەسەری دا بكەوێت، كەسی

---

([١]) ترمزی لە سونەنەكەیدا هێناویەتی: بەشی بەشی ڕاڤەی قورئان ٥/ ٣٢٧ – ٣٢٨ بە ژمارە ٣١٧٥ لە عائیشەوە.

([٢]) بوخاری لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی دونیا بەكەمزانی ٨/ ١٢٢ – ١٢٣، موسلیم لە سەحیحەكەیدا بەشی خەسڵەتەكانی كەسی دووڕوو و حوكمەكانیان ٤/ ٢١٦٩ بە ژمارە ٧١ – ٧٨ لە ئەبو هورەیرە و عائیشەوە.

گوناهكاریش گوناهەكانی وەك مێشووله دەبینێت، كه بە بەردەم لووتیدا تێپەڕبێ، دەستێكی لێبوەشێنێت))[1].

## ٦_ پاڵدانەوە بە دونیا:

دەكرێ هۆكاری لەخۆبایی بوون بریتی بێ له پاڵدانەوە بە دونیا، چونكه لەوانەیە هەندێ له بانگخوازان پەیی بەوە ببەن، كه تووشی دەردی بەخۆ سەرسام بوون بوونە، جا بە هۆی پاڵدانەوەی بە دونیا و ڕۆچوونی له ڕابواردنەكانیدا، ئەوا تەمبەڵی دایبگرێ و توانای كۆكردنەوەی هیمەت و ویستی بەیەكەوە نەبێ، بۆ چارەسەركردنی دەردی خۆی، بەڵكو لەوانەیە تووشی ئەوە ببێ بڵێ له ئایندە دەردەكەم چارە دەكەن، تۆبەكردن دوابخات، بەتێپەڕبوونی ڕۆژگاریش بەخۆ سەرسامیەكەی دەگۆڕێ بۆ دەردێكی گەورەتر و قوڵتر، بێگومان ئەویش لەخۆبایی بوونە.

قورئانی پیرۆز سەرنجی بۆ ئەم هۆكار و پاڵنەرە ڕاوكێشاوە، ئەمەش له میانەی سەرزەنشت كردنی دونیا و هۆشیاری دان لەوەی كه خەڵك دونیا بكەنە ئامانج و مەبەستیان. جا بۆیە فەرموویەتی: ﴿ ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا لَعِبٞ وَلَهۡوٞ وَزِينَةٞ وَتَفَاخُرُۢ بَيۡنَكُمۡ وَتَكَاثُرٞ فِي ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَوۡلَٰدِۖ كَمَثَلِ غَيۡثٍ أَعۡجَبَ ٱلۡكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصۡفَرّٗا ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمٗاۖ ﴾ الحديد: ٢٠. واته: (چاك بزانن ژیانی دونیا تەنیا بریتییە لەیاری و گەمە و ڕازاندنەوە و خۆهەڵكێشان لە نێوان یەكتریدا، هەروەها زۆركردنی سامان و ماڵ و منداڵ، جا ئەوانە هەر هەمووی وەك بارانێكی بەپیت وایە كه ببێتە هۆی بەرهەمێكی زۆر، جوتیارەكان سەرسام بكات، لەوەو دوا وشك ببێت و زەرد هەڵبگەڕێت، پاشان

---

[1] بوخاری له سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی پاڕانەوە ٨/ ٨٣ – ٨٤ له عەبدوڵای كوڕی مەسعودەوە. لەسەر ناوبراو وەستاوە، هەندێك بانگەشەی ئەوەیان كردووە فەرموودەكە بۆ پێغەمبەر بەرزكراوەتەوە بەڵام ئەمە خەیاڵە، بڕوانە فتح الباری ١١/ ١٠٥.

ورد و خاش ببێت و بكەوێت). ﴿ وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ فَأَصۡبَحَ هَشِيمٗا تَذۡرُوهُ ٱلرِّيَٰحُۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ مُّقۡتَدِرًا ﴿٤٥﴾ ﴾ الكهف: ٤٥. **واتە:** ("ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)" نمونەیان بۆ بهێنەرەوە كە ژیانی دونیا وەك ئەو ئاوە وایە كە لە ئاسمانەوە دەیبارێنێت و ڕووەكی زەوی بەهۆیەوە بەیەكدا دێنین، لە دوای ماوەیەكی كەم "هەموو ئەو گژوگیایە" دەبێتە پووش و پەڵاشێكی ورد و خاش، ڕەشەبا بەم لاو لادا بڵاوی دەكاتەوە، خوای گەورەش هەمیشە و بەردەوام دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیە). ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا وَرَضُواْ بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَٱطۡمَأَنُّواْ بِهَا وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنۡ ءَايَٰتِنَا غَٰفِلُونَ ﴿٧﴾ أُوْلَٰٓئِكَ مَأۡوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿٨﴾ ﴾ **یونس:** ٧، ٨. **واتە:** (بەڕاستی ئەوانەی بەتەمای ئامادەبوونی بەردەرگای ئێمە نین و "باوەڕیان پێنیە" ڕازی بوون بەژیانی دونیا و دڵنیابوون پێی و دڵیان پێی خۆش بوو و ئەوانەش خۆیان بێ ئاگان لە ئایەت و نهێنی دروستكراوان، "سەرنجی نادەن و بیرناكەنەوە". ئا ئەوانە شوێن و جێگەیان ئاگرە بەهۆی ئەو كار و كردەوانەی دەیانكرد).

**پێغەمبەر** (صلی الله علیه وسلم) **دەفەرمووێت:** (تعس عبد الدينار وعبد الدرهم وعبد الخميصة: إن أعطى رضى وإن لم يعط سخط تعس وانتكس وإذا شيك فلا انتقش طوبى لعبد أخذ بعنان فرسه في سبيل الله وأشعت رأسه مغبرة قدماه إن كان في الحراسة كان في الحراسة وإن كان في الساقة كان في الساقة إن استأذن لم يؤذن له وإن شفع لم يشفع)[1]، **واتە:** دەك داڕزێ بەندەی دینار و بەندەی درهەم و بەندەی بەرووبووم: كاتێك پێی دەدرێ ڕازیە، كاتێكیش لێی دەگیرێتەوە پێی نادرێ تورەیە، دەك داڕزی و دواكەوێ و گەر قەشەنگ و قۆز بوو دابكەوێ، خۆشبەختی بۆ بەندەیەك دەستی

---

(١) بوخاری لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی تێكۆشان ٤/ ٤١ – ٤٢، بەشی دونیا بەكەمزانی ٨/ ١١٤ – ١١٥، ئیبن ماجە لە سونەنەكەیدا، بەشی دونیا بەكەمزانی ٢/ ١٣٨٥ – ١٣٨٦ بە ژمارە ٤١٣٥ – ٤١٣٦.

بەبەرزایی _ ملی _ ئەسپەکەی بگرێ لە پێناو خوادا، سەرقژنە، پێیەکانی قەڵشاون، کە چاودێر بوو چاودێری دەکات بە جوانی، ئەگەر ئاوگێڕبێ ئەوا بە جوانی دەیگێڕێ، جا ئەگەر مۆڵەتی فەرموو ڕێیان پێ نەدەدا و گەر تکاو شەفاعەتی بکردایە لێی وەرنەدەگیرا.

کەم وابوو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە کۆڕو مەجلیسێك هەڵسابایە تاکو ئەو نزایانەی نەکردبا بۆ هاوەڵانی: (اللهم اقسم لنا من خشيتك ما يحول بيننا وبين معاصيك ومن طاعتك ما تبلغنا به جنتك، ومن اليقين ما تهون به علينا مصائب الدنيا ومتعنا بأسماعنا وأبصارنا وقوتنا ما أحييتنا واجعله الوارث منها واجعل ثأرنا على من ظلمنا وانصرنا على من عادانا ولا تجعل مصيبتنا في ديننا ولا تجعل الدنيا أكبر همنا ولا مبلغ علمنا ولا تسلط علينا من لا يرحمنا)[1]، واتە: خوایەگیان ترسی خۆتمان پێ ببەخشە بەو ئەندازەیەی کە دوورمان بکات لەگوناهەکان، ئەوەندە گوێڕایەڵی کردنمان پێ ببەخشە تاکو بەبەهەشتی تۆ دەمانگەیەنێت، ئەوەندە دڵنیایی و یەقین کە لە ئاشوب و ناخۆشیەکانی دونیامان لەسەر سوك بکات، بەهۆی بیستن و بینین و هێزمان ئاسودەمان بکە تا لە ژیاندا دەمانهێڵیتەوە، تۆڵەمان لەوانە بکەیەوە کە ستەمیان لێکردووین، سەرمان بخە بەسەر ئەوەی دوژمنایەتمان دەکات، خوایەگیان وا مەکە ئاشوب و بەڵا لە دینماندا بێ، دونیا مەکە بەخەمی هەرە گەورەو ئامانجی زانستمان، کەسێکمان بەسەردا زاڵ مەکە، کە بەزەیی پێماندا نەیەتەوە.

بەڕاستی پێشینەکانی ئەم ئوممەتە چاك تێگەیشتبوون، لەوەی پاڵدانەوەی مرۆڤ بە دونیا و ئاسودەبوون پێی، چ شەڕ و ئاشوب بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیە ڕوویان لێوەرچەرخاند تەنها بەو ئەندازەیە نەبێ، کە تێشوو و زەخیرە ئامادە بکەن بۆ دواڕۆژ، ئەمە بەسەر زمانی زۆریاندا هاتووە، هەروەك عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: ((گەشتم بە دونیادا کرد بەپشت هەڵکردن لێی، بارگەم تێکناوە

---

(1) ترمزی لە سونەنەکەیدا هێناویەتی: بەشی پاڕانەوە ٥/ ٥٢٨ بە ژمارە ٣٥٠٢ لە ئیبن عومەرەوە. ئەم سەرنجەشی لەسەر ئەم گێڕانەوە داوە: (ئەمە فەرموودەیەکی باش و نامۆیە).

بەرەو دوواڕۆژ و ڕووم تێکردووە، هەر یەکێکیان کەسی خۆی هەیە، بۆیە ببنە کەسی دواڕۆژ، نەك کەسی دونیا، چونکە ئەمڕۆ ڕۆژی کارکردنە نەك لێپێچینەوە، بەیانیش لێپێچینەوە لە گۆڕێیە و کارکردنی تێدایە))[١].

حەسەن (ڕەحمەتی خوای لێبێ) دەڵێ: ((هەر کەسێ لە ئاینەکەتدا پێشبڕکێ لەگەڵ کردی، ئەوا پێشبڕکێی لەگەڵ بکە، هەر کەسێ لەسەر دونیا پێشبڕکێی لەگەڵ کردی، ئەوا بیخەرە ملیەوە و بۆ ئەو وازی لێبێنە))[٢].

هەندێکیان بەم شێوەیە وێنەیان بۆ ئەم هۆشیاری و هەستەیان کێشاوە، جا دەڵێن:

إن لله عبـــــــــاد فطنا    طلقوا الدنيا وخافوا الفتنا
نظروا فيها فلما علموا    أنها ليست لحي وطـــــــنا
جعلـــــوه لجة واتخذوا    صالح الأعمال منها سفنا[٣]

واتە: بەڕاستی هەندێ بەندەی بلیمەتی خوا، دەستیان لەدونیا هەڵگرت و ترسیان هەبوو لە فیتنە. سەیریان کردووە جا کە زانیان، نیشتمانی زیندووان نییە، دونیایان بە ڕووبارێکیان دانا، کردەوەی چاکیان کردە کەشتی ڕزگاربوون.

## ٧_ بینینی هەندێ پێشەنگ و پێشەوا لەسەر دۆخێک بەدەر لەو دۆخەی کە پێویست بوو لەسەری ببن:

دەکرێ هۆکاری لەخۆبایی بوون بریتی بێ لە بینینی هەندێ پێشەنگ و پێشەوا لەسەر دۆخێك بەدەر لەو دۆخەی کە پێویست بوو لەسەری ببن.

---

(١) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی دونیا بەکەمزانی ٨/ ١١٠ لە فەرموودەی عەلی.

(٢) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی پاڕانەوە ٨/ ٨٣ – ٨٤ لە عەبدوڵای کوڕی مەسعودەوە. لەسەر ناوبراو وەستاوە، هەندێك بانگەشەی ئەوەیان کردووە فەرموودەکە بۆ پێغەمبەر بەرزکراوەتەوە بەڵام ئەمە خەیاڵە، بڕوانە فتح الباری ١١/ ١٠٥.

(٣) پێشەوا نەوەوی ئەم دێڕە شیعرانەی لە پێشەکیەکەیدا بۆ کتێبی (رياض الصالحين)دا هێناویەتی، بێ ئەوەی بیداتە پاڵ هیچ کەسێك.

لەبەرئەوەی لەوانەیە هەندێ کەسی پێشەنگ و پیشەوا، دابەزن لە حاڵ و دۆخێك بە هەر هۆیەك بێ بۆ دۆخێکی تر کە پێویست بوو لەسەری بن، زۆربەی کات کارە سەختەکان ئەنجام دەدەن بێ وچان، لە هەندێك کاتدا مۆڵەت پەیڕەو دەکەن.

لەوانەیە ئەو کەسەی کە هەوڵی شوێنکەوتنیان دەدا ئەمە ببینێ، جا بەهۆی کەم شارەزایی لە فیقهدا یان بەهۆی کامڵ نەبوونی لایەنە پەروەردەییەکەی، وا گومان دەبات کە ئەوان بەم هەڵوێستەیان بەچەند قۆناغێك لە پاش ئەون، ئەم خەیاڵەش بەردەوام لەگەڵیەتی و لە مێشکیدا دەخولێتەوە، تا پەنا بەخوا سەردەکێشێ بۆ بەخۆسەرسام بوون، پاشان لەخۆبایی بوون.

دەکرێ ئەمە هەندێ بێ لەو نهێنیەی بانگەوازی ئیسلام، بۆ خۆدوورگرتن لەو شوێنانەی گومانی تۆمەتیان لێدەکرێ، ئەمەش لە میانەی ڕوون کردنەوەی حەقیقەتی کردەوە ڕێپێدراوەکان، کە دەکرێ سەربکێشێ بۆ گومانی خراپ:

لە سەفیەی کچی حویی خێزانی پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم) هاتووە، کە هاتۆتە لای پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەکاتی ئیعتکاف و مانەوەی لە مزگەوتدا، بەمەبەستی سەرلێدانی، لە دە ڕۆژەکانی کۆتای ڕەمەزان، جا یەك کاتژمێر لەگەڵی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) گفتوگۆی کردووە، پاشان هەڵسا بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەڵسا تا بەڕێی بکات، تا گەیشتە لای دەرگای مزگەوت، لەوێ دوو پیاوی ئەنساڕی تێپەڕین، سڵاویان لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کرد، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بەوانی فەرموو: لەسەرخۆبن، ئەوە سەفیەی کچی حوییە. وتیان: پاك و بێگەردی بۆ خوا ئەی پێغەمبەری خوا، ئەمەیان زۆر پێ مەزن بوو، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: (إن الشيطان يبلغ من الإنسان مبلغ الدم وإني خشيت أن يقذف في قلوبكما

شيئا)[1]، واتە: شەيتان لە مرۆڤدا دەگاتە ئەو شوێنەی كە خوێنی پێدەگات، جا من ترسی ئەوەم هەبوو كە شتێك بخاتە دڵتانەوە.

یەزیدی كوری ئەسوەد نوێژی كرد لەگەڵ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە كاتێكدا گەنجێكی تازە هەڵكەوتوو بوو، جا لەو كاتەدا دوو پیاو لەلایەكی مزگەوت بوون نوێژیان نەكرد، بانگی ئەوانی كرد، هەر دووكیانی هێنا و لە ترسان دەلەرزینەوە، فەرمووی: (قد صلينا في رحالنا فقال: لا تفعلوا إذا صلى أحدكم في رحله ثم أدرك الإمام ولم يصلى فليصل معه فإنها له نافلة)[2]. واتە: چی وای لێكردن نوێژمان لەگەڵدا نەكەن؟ وتیان: ئێمە نوێژمان لە شوێن بارگەكانماندا كرد، فەرمووی: وا مەكەن، گەر یەكێكتان نوێژی لە شوێنی بارگەكەی كرد و پاشان گەیشتە پێشنوێژخوێن كە هێشتا نوێژی نەكردبوو، ئەوا با نوێژ بكاتەوە، چونكە ئەوە بە سوننەت بۆتان دەنوسرێ.

لەبەر ئەمە ئیبن دەقیقی عید وتویەتی: (خۆدوورگرتن لە هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ دەخەنە ناو خاڵی گوماناویەوە، لەسەر زانایان و شوێنكەوتووانیان، دروست نییە كارێك بكەن گومانی خراپ دروست بكات لەسەریان، ئەگەر كەسێكی دڵسۆزیشیان لەناوبێت، چونكە ئەمە دەبێتە هۆكاری سوودمەند نەبوون لە زانست و زانیاریان، وتویانە: پێویستە لەسەر دادوەرە ڕاستی ڕوون بكاتەوە، بۆ كەسی حوكم لەسەر دراو، ئەگەر لێی شاراوەبوو، ئەمە دەبێتە هۆی نەهێشتنی تۆمەتی ستەمكردن لە حوكم و بڕیارەكەدا).

## ٨_ زیادەڕەوی كردنی هەندێ لە بانگخوازان لە شاردنەوەی ڕەفتارەكانیان:

---

(١) بوخاری لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی مانەوە لە مزگەوت ٣/ ٦٤ – ٦٥، موسلیم لە سەحیحەكەیدا، بەشی سڵاوكردن ٤/ ١٧١٢ – ١٧١٣ بە ژمارە ٢٣، ٢٤، ٢٥، لە سەفیەوە.

(٢) ئەبو داود لە سونەنەكەیدا هێناویەتی: بەشی نوێژ ١/ ١٣٦، ترمزی لە سونەنەكەیدا بەشی نوێژ ١/ ٤٢٤ – ٤٢٦، عقبە وتویەتی سەحیحە، نەسائی لە سونەنەكەیدا بەشی پێشەوایەتی ٢/ ٨٧ لە یەزیدی كوڕی ئەسوەدەوە.

دەكرێ هۆكاری لەخۆبایی بوون بریتی بێ لە: زیادەڕەوی كردنی هەندێ لە بانگخوازان لە شاردنەوەی ڕەفتارەكانیان، لەوانەیە سوربوونی هەندێ لە بانگخوازان لەسەر جێبەجێكردنی واتای دڵسۆزی سەربكێشێ بۆ ئاستی شاردنەوەی كردەوەكان، تەنها كەمێك نەبێ هیچی لێ بەدیار ناكەوێ، لەوانەیە هەندێك كەسی تازە پێگەیشتوو كە پەروەردەیان تەواو تێروپڕ نەبووە، تەنها سەرنجی ئەو كردەوانە بدات یان هەر ئەم كردارە كەمانە ببینێ، بەمەش واگومان دەبات كە كردەوەی ئەو كەسانە لە ئاست كردەوەكانی ئەو كەمن، ئەم گومانە بەردەوام بەخەیاڵیدا دێت و دەچێت تا دەكەوێتە ناو داوی بەخۆسەرسام بوون، پاشان لەخۆبایی بوون دەیگرێ.

دەكرێ ئەمەبێ نهێنی بانگەوازی ئیسلام، بۆ خستەڕووی كردەوە چاكەكان و پیشاندانیان بە خەڵكی، سەرباری ئەوەی هۆكار و پاڵنەرە بۆ شوێن پێهەڵگرتن لە كاری چاكە، ئاماژەشی بۆ ئەم دەردە تێدایە، لەگەڵ ڕوون كردنەوەی ڕێگاكانی ڕزگاربوون لێی، هەروەك خوای پاك و بەرز دەفەرموێت: ﴿ إِن تُبْدُواْ ٱلصَّدَقَٰتِ فَنِعِمَّا هِىَ ۖ وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا ٱلْفُقَرَآءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۚ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّـَٔاتِكُمْ ﴾ البقرة: ٢٧١. واتە: (ئەگەر خێر و چاكە و بەخشینەكانتان بە ئاشكرا ئەنجامی بدەن ئەوە شتێكی چاكە، خۆ ئەگەر بیشارنەوەو بیدەن بە هەژاران بەنهێنی ئەوە چاكتر بۆتان، جا "بەو بەخشینە" خوا هەندێك لە گوناهەكانتان دەسڕێتەوە).

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێ: (صلاة الجماعة تفضل صلاة الفرد بسبع وعشرين درجة)[1]، واتە: نوێژی بەكۆمەڵ بە بیست و حەوت پلە لە نوێژی بە تەنیا گەورەترە.

(من سن في الإسلام سنة حسنة فله أجرها وأجر من عمل بها بعده من غير أن ينقص من أجورهم شيء، ومن سن في الإسلام سنة سيئة كان عليه وزرها ووزر من عمل بها من

---

(١) بوخاری و موسلیم لە سەحیحەكەیاندا هێناویانە. (وەرگێڕ).

بعده من غير أن ينقص من أوزارهم شيء)[١]، واتە: هەر کەسێك شتێکی چاك لە ئیسلامدا دابهێنێ، ئەوا پاداشتی داهێنانەکەی و ئەوەشی کە کاری پێدەکات بۆ هەیە، بێ ئەوەی لە پاداشتی هیچ یەکێکیان کەم ببێتەوە، هەر کەسێك شتێکی خراپ لە ئیسلامدا دابهێنێ، ئەوا گوناهی داهێنانەکەی و ئەوەشی کە کاری پێدەکات بۆ هەیە، بێ ئەوەی لە گوناهی هیچ یەکێکیان کەم ببێتەوە.

## ٩_ جیاوازی هەندێ لە پێشەوایان لە هەڵسوکەوتکردنیان لەگەڵ شوێنکەوتووانیان:

دەکرێ هۆکاری لەخۆبایی بوون بریتی بێ لە جیاوازی هەندێ لە پێشەوایان لە هەڵسوکەوتکردنیان لەگەڵ شوێنکەوتووانیان، چونکە هەندێ لە پێشەوایان، لەوانەیە لەبیریان بچێت کە بەچاکترین و ناوازەترین شێوە مامەڵە لەگەڵ شوێنکەوتووان بکەن، جا دەیانبینی هەندێك لە شوێنکەوتووانیان دێننە پێشەوە و باوەشیان بۆ واڵادەکەن، چاوپۆشی لە هەڵە و پەڵەکانیشان دەکەن، لە هەمان کاتدا پشت لە هەندێکی تر دەکەن، تەنگیان پێ هەڵدەچنن، چاوپۆشی ناکەن لە کەمترین هەڵەیان، دەکرێ کەسانی وا لە ناو کۆمەڵی یەکەم دابن کە لایەنی پەروەردەییان هێشتان تەواو کامڵ نەبوبێ، کەسایەتیان پێ نەگەیشتبێت، جا ئەم جیاوازییە لە هەڵسوکەوت کردندا دەبینێ، بۆیە وا بەبیری دادێ ئەو گرنگی پێدانەی پێشەوا بەو، هەڵقوڵاوی ئەو توانا و لێهاتووەیە کە خۆی هەیەتی و لەلای کەسانی تر بوونی نییە، جا بەردەوام ئەم بیرۆکەیە لە کەلەسەریدا دێت و دەچێت، تا تووشی بەخۆسەرسام بوون دێت، ئینجا لەخۆبایی بوون.

بەڕاستی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەو دەرگایەی داخست لە میانەی هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ هاوەڵانی بەیەکسانی، یەکێك لە ڕێنماییەکانی پێغەمبەر

---

([١]) موسلیم لە سەحیحەکەدا هێناویەتی: بەشی زەکات ٢/ ٧٠٤ – ٧٠٦ بە ژمارە ١٠١٧ لە جەریری کوڕی عەبدوڵای بجلی.

(صلی الله علیه وسلم) ئەوە بووە، هەروەك وەسفیان كردووە: (أن یعطی كل جلسائه نصیبه ولا یحسب جلیسه أن أحد أكرم علیه منه)[١]، واتە: هەموو كەسێكی ناو كۆڕ و مەجلیسەكەی مافی خۆی پێدراوە، بەشێوەیەك كە هیچ یەكێك لە مەجلیسەكەدا، هەستی نەدەكرد كەسێكی تر ڕێزی لەو زیاترە.

جا كاتێك كە پێویستیەك وای دەكرد پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) جیاواز هەڵسوكەوت بكات لە نێوان كەسەكاندا، ئەوەی لەلای دانیشتووە لە دانایيەكەی تێنەگەیشتووە، ئەوا بەڕاشكاوی ڕوونكردەنەوەی داوە، هەروەك سەعدی كوری ئەبی وەقاس (خوا لێی ڕازیبێ) دەگێڕێتەوە:

(أعطی رسول الله ﷺ رهطا وأنا جالس فترك رجلا هو أعجبهم إلی فقلت یا رسول الله مالك عن فلان فو الله إني لأراه مؤمنا؟ فقال علیه الصلاة والسلام: (أو مسلما) فسكتّ قلیلا ثم غلبني ما أعلم منه فعدت لمقالتي فقلت: مالك عن فلان فو الله إني لأراه مؤمنا وعاد ﷺ ثم قال: یا سعد إني لأعطی الرجل وغیره أحب إلي منه، خشیة أن یكبه الله في النار)[٢]، واتە: پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەندێ شتومەكیدا بە كۆمەڵە كەسێكدا، لەو كاتەدا من لەوێ دانیشت بووم، پیاوێكی پشت گوێخست كە لە هەموویان زیاتر سەرسام بووم پێی، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم): ئەی فڵانە كەس، سوێند بەخوا من بەباوەڕدار دەیبینم؟ ئەویش (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: یان بە موسڵمانی دەبینیت. كەمێك بێدەنگ بووم، پاشان ئەوەی لەبارەی كەسەكەوە دەمزانی، هانیدام بۆ ئەوەی قسەكەم دووبارە بكەمەوە و وتم: ئەی فڵانە كەس سوێند بەخوا بەباوەڕداری دەزانم، فەرمووی (صلی الله علیه وسلم): یان بەموسڵمانی دەزانیت. دواتر فەرمووی: ئەی سەعد بەڕاستی شت بە

---

(١) ئەمە بەشێكی فەرموودەیەكی درێژە كە ترمزی هێناویەتی، بەشی ڕەوشتی پێغەمبەر ١٨ – ٢٣، لاوازە بەڵام بەهۆی گەواهی ترەوە گەیشتۆتە پلەی پەسەندكراو.

(٢) بوخاری لە سەحیحەكەیدا هێ[illegible]امری كوڕی سەعدی كوڕی ئەبو وەقاس.

هەندێك كەس دەبەخشم، لەكاتێكدا كەسانێك هەن خۆشەویسترن لەلام لەو كەسانە، ئەمەش لەترسی ئەوەی نەوەك پەروەردگار تووشی ئاگریان بكات.

# دەردی حەوتەم

# خۆبەزلزانین (التّكبر)

دەردی حەوتەم؛ كە هەندێ لە بانگخوازان تووشی دەبن، مەترسیەكی زۆری هەیە لە ژیانیاندا، پێویستە لەسەریان كۆشش بكەن بۆ خۆپاك كردنەوە لێی، بەڵكو بەرگریان لەلا دروست ببێ بۆ خۆپارێزی لێی، ئەو نەخۆشیەش بریتییە لە: دەردی خۆبەزلزانین. بۆ ئەوەی قسەكەمان لەسەر ئەم دەردە نیشانە و مەشخەڵەكانی ڕۆشن بێت، ئەوا بەم شێوەیەی خوارەوە دەیخەینەڕوو:

## یەكەم: واتای خۆبەزلزانین:

**لە زمانەوانیدا:** خۆبەزلزانین لە زمانەوانیدا بریتییە لە بەگەورەدانان، واتە خۆ بەگەورە دەرخستن، خاوەنی (لسان العرب) وتویەتی: (والتكبر والاستكبار: واتە: خۆ بەگەورەگرتن، لەوەوە خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ سَأَصۡرِفُ عَنۡ ءَايَٰتِيَ ٱلَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ ﴾ الأعراف: ١٤٦. **واتە:** (ئەو كەسانەی بەناحەق فیز دەكەن لە زەویدا و خۆیان بەگەورەتر دەنوێنن _ لە خەڵك _، لەمەودوا ڕووی دڵیان وەردەچەرخێنم لەتێگەیشتنی ئایەت و فەرمانەكانم).

**مەبەستی ئەوەیە:** ئەوان پێیان وایە كە خۆیان گەورەترین بەدیهێنراون، ئەوان هەندێك خاوەنی هەندێك مافن، كە كەسانی تر ئەو مافانەیان نییە"[1].

**لە زاراوەدا:** لە زاراوەی بانگخوازاندا خۆبەزلزانین بریتییە لە: دەرخستنی سەرسام بوونی بەخۆی، بەشێوەیەك كە كردەوە و خودی كەسانی تر بە بچوك و كەم سەیر بكات لە ئاست خۆیدا، خۆی بە بەرزتر بزانێت لەوەی كە ڕاستی وەربگرێت لەوانی تر. لە فەرمایشتی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) هاتووە كە فەرموویەتی: (لا يدجل الجنة من كان في قلبه مثقال ذرة من كبر قال رجل: إن الرجل يحب أن يكون ثوبه حسنا ونعله حسنة قال: إن الله جميل يحب الجمال الكبر بطر الحق

---

(١) بڕوانە: لسان العرب ٥/ ١٢٩ مادە (كبر).

وغمط الناس)[1]، واتە: ناچێتە بەهەشتەوە ئەوەی بەئەندازەی گەردێك خۆبەزلزانینی لە دڵدابێت، یەكێك وتی: پیاو جار وایە پێی خۆشە جلی باش و پێڵاوەكەی چاك بێت، فەرمووی: بەڕاستی پەروەردگار جوانە و جوانیشی خۆش دەوێت، خۆبەزلزانین ڕەتكردنەوەی ڕاستییە، بەكەم زانینی خەڵكە.

## دووەم: جیاوازی نێوان خۆبەزلزانین (التكبر) و سەربەرزی (العزة):

جیاوازی نێوان خۆبەزلزانین و سەربەرزی ئاشكراو ڕۆشنە: خۆبەزلزانین خۆ بەگەورە گرتنە بەشتی پڕوپوچ و بە نا حەق، سەربەرزی خۆبەبەرزگرتنە بە ڕاست و ڕەوا، یان خۆبەزلزانین: نكۆڵی كردنە لە ڕزق و ڕۆزی و نیعمەت، سەربەرزی داننانە بە ڕزق و ڕۆزی و باس كردنیەتی، بەو شێوەی كە لە فەرموودەی پێشووتردا باسكراوە.

## سێیەم: هۆكارەكانی خۆبەزلزانین:

لەبەر ئەوەی خۆبەزلزانین بریتییە لەوپەڕی بەخۆسەرسام بوون، كە سەردەكێشێ بۆ بەكەم و سوك سەیركردنی خەڵك، ئەوا هۆكار و پاڵنەر و چاوگی سەرهەڵدانی هەمان ئەو هۆكار و پاڵنەرانەی بەخۆسەرسام بوون و لەخۆبایی بوونن، ئەگەر فەرامۆشكران و لە كاتێكدا كە بچوكن و سەرەتایین چارەسەری گونجاوی بۆ نەكرا، ئەمانەی خوارەوەش چەند هۆكارێكی ترن زیاد لەوان:

### ١ _ زیادەڕەوی كەسانی تر لە خاكی بوون و خۆدانەواندن:

دەكرێ هۆكار و پاڵنەری خۆبەزلزانین بریتی بێ لە زیادەڕەوی كەسانی تر لە خاكی بوون و خۆدانەواندن، چونكە هەندێ لە خەڵك بەهۆی زێدەڕەوی كردنیان لە خۆدانەواندن و خاكی بووندا، لەوانەیە وازبهێنن لە خۆجوانكردن و ڕێك و پێكی

---

([1]) موسلیم لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی باوەڕ ١/ ٩٣ بە ژمارە ١٤٧ لە عەبدوڵای كوڕی مەسعودەوە.

جل و بەرگ و شتەکانی تردا، هەروەها بەشدار نەبوون بە بیرۆکەیەك یان ڕاو بیرۆکەیەك لە هیچ کارێکدا، تەنانەت خۆدانەپاش لە چوونەپێش بۆ هەڵگرتنی ئەرك و بەرپرسیارێتی یان لە ئەستۆگرتنی سپاردە، لەوانەیە کەسێك ئەمە ببینێ کە پەیی بە ڕاستی شتەکان نەبات، جا شەیتانیش خەیاڵی بۆ دێنێ و کەسەکە لە پێش چاوی جوان دەکات، ئەم ڕازاندنەوەیە لە دەروون و مێشکیدا دێن و دەچن تا وای لێدێت کەسەکە بە کەم و سوك و بێ نرخەوە بڕوانێتە ئەوانی دیکە، بە چاوێکی مەزن و بەرزیش بڕوانێتە خۆی، لەوانەیە بەمەش نەوەستێت، بەڵکو لە هەموو هەلێکی ڕەخساودا، یان هەر بۆنەیەکدا خۆی نمایش و فش بکاتەوە، ئەمەش خۆبەزلزانینە.

قورئانی پیرۆز و سوننەتی بەپێزی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) سەرنجیان بۆ لای ئەم هۆکار و پاڵنەرە ڕاکێشاوە، لە میانەی بانگەوازیان بۆ باسکردنی بەهرە و ڕۆزی و نیعمەتەکانی خوای مەزن، هەروەك خوای تاك و پاك دەفەرمووێ: ﴿ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴾ الضحى: ١١. واتە: (دەربارەی نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارت هەمیشە بدوێ و باسیان بکە و لەجێی خۆیاندا بەکاریان بهێنە).

پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمووێت: (إن الله جميل، يحب الجمال)[1]، واتە: بەڕاستی پەروەردگار جوانە و جوانیشی خۆش دەوێت.

لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: (واجعلنا شاكرين لنعمتك، مثنين بها عليك قابليها وأتمها علينا)[2]، واتە: بمانگێڕە لەوانەی سوپاسگوزار ناز و بەهرەکانتن، ستایشی تۆی پێدەکەن، تۆش گیرای بکەیت، بە تەواوی بەسەرماندا دابارێنی.

لە مالیکی کوری نەزلەی جەیشەمیەوە هاتووە، دەڵێ: هاتمە لای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بەجلێکی لاواز و شڕ، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)

---

(١) موسلیم لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی باوەڕ ١/ ٩٣ بە ژمارە ١٤٧ لە عەبدوڵای کوڕی مەسعودەوە.

(٢) ئەبو داود هێناویەتی، زەهەبی بە سەحیحی داناوە. (وەرگێڕ).

فەرمووی: (ألك مال؟ قال: نعم قال: من أي المال؟ قال: قد أتاني الله من الإبل والغنم والخيل والرقيق قال: فإذا أتاك اله مالا فلير أثر نعمة الله عليك وكرامته)[١]، واتە: ئایا سامان و ماڵت هەیە؟ ئەویش وتی: بەڵێ، فەرمووی: چ ماڵ و سامانێك؟ وتی: خوای گەورە وشتر و مەڕ و ماڵات و ئەسپ و کۆیلەی پێبەخشیوم، فەرمووی: جا کە خوای گەورە ماڵ و سامانی پێبەخشی، هەوڵبدە شوێنەواری ناز و نیعمەتی خوا بەسەرتەوە دیاربێ.

پێشینەکان باش لەمە تێگەیشتبوون، بۆیە سوربوون لەسەر باسکردنی ئەو ناز و نیعمەتانەی کە پەروەردگار بەوانی بەخشیبوو، ڕەخنەیان لەو کەسانە گرتووە کە لەمە بێ ئاگان، حەسەنی کوڕی عەلی _ خوا لێی ڕازی بێت _ فەرموویەتی: ((ئەگەر خێر و خۆشیەکت دەستکەوت، یان خێر و چاکەیەکت کرد، ئەوا بۆ ئەو کەسانە باس بکە لە هاوڕێیانت کە متمانەت پێیان هەیە))[٢]، بیکری کوڕی عەبدوڵای موزنی وتویەتی: هەر کەسێك خێرێکی کرد و شوێنەواری لەسەر دیارنەبوو، بەوە ناودەبرێ کە خەشم لێگیراو و دژی نیعمەتەکانی خوای گەورەیە.

## ٢ _ تێکچوونی بەها و پێوەرەکانی چاکبوون لەلایەن خەڵک:

دەکرێ هۆکاری خۆبەزلزانین بریتی بێ لە: تێکچوونی بەها و پێوەرەکانی چاکبوون لەلایەن خەڵك، چونکە دەکرێ نەزانین لەناو خەڵکی بڵاوببێتەوە ئاستی تێکچوونی بەها و پێوەرەکانی چاك بوون لەلایان تیکچووبن، جا دەیان بێنی کە ڕێز لە کەسی دونیاویست دەگرن و بە چاکی دەزانن و پێشی دەخەن، ئەگەرچی سەرپێچی کار و دووربێ لە بەرنامەی خوا، لە هەمان کاتدا بە کەم سەیری هەژار و نەدار دەکەن، کە پشتیان لە دونیا کردووە، هەرچەندە گوێڕایەڵ و پابەند بێ بەرێنوێنی خواوە، جا کەسێك لەو کەش و هەوایەدا بژیت، بێگومان پێی کاریگەر

(١) ئەبو داود لە سونەنەکەیدا هێناویەتی، بەشی پۆشاك ٤/ ٥١ بە ژمارە ٤٠٦٣.

(٢) بڕوانە: الجامع لأحكام القرآن ٢٠/ ١٠٢، دانراوی قورتبی.

دەبێت_ مەگەر كەسێك كە خوا ڕەحمی پێبكات _ و ئەم پێ كاریگەربوونە ڕەنگ دەداتەوە لە بەكەمدانان و سوك سەیركردنی كەسانی تر، خۆ بەبەرزتر گرتن لەوان.

قورئانی پیرۆز و سوننەتی بەپێز ئاماژەیان بەم پاڵنەرە داوە، لەمیانەی ڕەتكردنەوەی ئەم پێوەرە، دانانی پێوەری ڕاست و دروست لە شوێنی ئەو، هەروەك خوای پاك و بەرز دەفەرموویت: ﴿ أَيَحْسَبُونَ أَنَّمَا نُمِدُّهُم بِهِۦ مِن مَّالٍ وَبَنِينَ ﴿٥٥﴾ نُسَارِعُ لَهُمْ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ ۚ بَل لَّا يَشْعُرُونَ ﴿٥٦﴾ ﴾ المؤمنون: ٥٥_٥٦. واتە: (ئایا وا دەزانن كە ئەو ماڵ و سامان و نەوەیەی پێمان بەخشیوون "هۆی ئەوەیە خۆشمان دەوێن"!. نەخێر" وا نییە، مەبەستمانە بەپەلە لەنازو نیعمەت بەهرەوەریان كەین؟ بەڵكو ئەوانە هەستی پێناكەن).

﴿ وَقَالُوا۟ نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَٰلًا وَأَوْلَٰدًا وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ ﴿٣٥﴾ قُلْ إِنَّ رَبِّى يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٦﴾ وَمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُم بِٱلَّتِى تُقَرِّبُكُمْ عِندَنَا زُلْفَىٰٓ إِلَّا مَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ جَزَآءُ ٱلضِّعْفِ بِمَا عَمِلُوا۟ وَهُمْ فِى ٱلْغُرُفَٰتِ ءَامِنُونَ ﴿٣٧﴾ ﴾ سبأ: ٣٥ - ٣٧. واتە: (دەشیان وت: ئێمە سامان نەوەی زۆرترمان هەیە، ئێمە لە قیامەتدا لە سزادراوان نین!! ئەی "محەممەد" پێیان بڵێ: بەڕاستی پەروەردگاری من ڕزق و ڕۆزی دەبەخشێت بەهەر كەسێك كە بیەوێت، یان كەمی دەكاتەوە و تەنگی دەكاتەوە "بێگومان هەردوو حاڵەتەكە بۆ تاقیكردنەوەیە" بەڵام زۆربەی خەڵكی بەنهێنی كارەكانمان نازانن و پەی پێنابەن. لە ڕاستیدا نەماڵتان و نە نەوەتان نابنە هۆی ئەوەی بەتەواوی نزكیتان بخەنەوە لە ئێمە، مەگەر كەسێك باوەڕی هێنابێت و كار و كردەوەی چاكی ئەنجام دابێت، جا ئا ئەوانە پاداشتی چەند بەرامبەریان هەیە بەهۆی ئەو كردەوانەی كە كردوویانە، هەر ئەوانیش لەكۆشك و تەلارەكانی بەهەشتدا بەئاسودەیی و ئارامی و خۆشی ژیان دەبەنەسەر).

**کاتێك پێغەمبەر** (صلى الله عليه وسلم) **بەهاوەڵانی فەرموو:** (وقد مرّ عليه رجل: ما تقولون في هذا الرجل؟ قالوا: رأيك في هذا، نقول هو من أشرف الناس، هذا حري إن خطب أن يخطب، وإن شفع أن يشفع، وإن قال أن يسمع لقوله، فسكت النبي ﷺ، ومرَّ رجل آخر فقال النبي ﷺ ما تقولون في هذا؟ قالوا: نقول والله يا رسول الله، هذا من فقراء المسلمين، هذا حري إن خطب لم ينكح، وإن شفع لا يشفع، وإن قال لا يسمع لقوله، فقال النبي ﷺ: لهذا خير من ملء الأرض مثل هذا)[1]، **واتە: کە پیاوێکی بەلادا تێدەپەڕێ: لەبارەی ئەو پیاوە چی دەڵێن؟ وتیان: تۆ چ ڕایەکت هەیە ئێمەش هەمان ڕامان هەیە، دەڵێن یەکێکە لە ڕێزدارترین کەسەکان، پێی دەکرێ ئەگەر ژن بخوازێت دەتوانێت بیهێنێت، ئەگەر تکای کرد تکاکەی گیرا دەبێت، کە قسان دەکات گوێی بۆ دەگیرێت، جا پێغەمبەر** (صلى الله عليه وسلم) **بێ دەنگ بوو، پیاوێکی تر بەلایدا هات، جا پێغەمبەر** (صلى الله عليه وسلم) **فەرمووی: ئایا لەبارەی ئەو پیاوە چی ئەڵێن؟ وتیان: سوێند بەخوا ئەی پێغەمبەر خوا دەڵێین: ئەو پیاوە لە هەژارو نەدارەکانی موسڵمانانە، دەکرێ خوازبێنی بکات و پێی نەدرێ، گەر تکای کرد وەرناگیرێ، و گەر قسە بکات گوێی بۆی ڕاناگیرێت، ئینجا پێغەمبەری خوا** (صلى الله عليه وسلم) **فەرمووی: جا سوێند بەخوا ئەو کەسە "مەبەستی پیاوی دووەمە[2]" چاکترە لەپڕ بەپێستی زەوی لە وێنەی ئەوەی دیکە "مەبەستی کەسی یەکەمە[3]".**

## ٣_ بەراوردکردنی بەخششەکانی بە نیعمەتی کەسانی تر، لەبیرکردنی ڕۆژیدەر:

**دەکرێ هۆکاری خۆبەزلزانین بریتی بێ لە: بەراوردکردنی نیعمەتی خۆی بە نیعمەتی کەسانی تر، لەهەمان کاتدا ڕۆزیدەر لەبیر بکات، چونکە هەندێ خەڵك**

---

(١) بوخاری هێناویەتی. (وەرگێڕ).

(٢) بۆ زیاتر بەرچاوڕۆشنی خۆم زیادم کردووە. (وەرگێڕ).

(٣) بۆ زیاتر بەرچاوڕۆشنی خۆم زیادم کردووە. (وەرگێڕ).

خوا خۆشی ئەوێن و بەهرەی وای پێی بەخشیون _ لەبەر حیکمەتێك کە خۆی پێی زانایە _ بە کەسانی تر نەداوە، وەك: تەندروستی چاك یان ژن یاخود مندالْ، یان مالْ و سامان یاخود پلەو پایە، یان زانست و زانیاری، یاخود زیرەکی لە قسەکردن یاخود نووسین، یان دانانی کتێب یاخود توانای کاریگەری دروستکردن، یان بوونی شوێنکەوتو و پیشتیوانانی زۆر... تاد، جا لە ژێر ڕۆشنایی و کاریگەری ئەو ناز و نیعمەتە، ڕۆزیدەر و بەخشەر لەبیر دەکات، جا بەو هۆیەوە هەڵدەستێت بەپێوان و بەراوردکردنی نیعمەتەکانی خۆی، لەگەڵ نیعمەتەکانی کەسانی تر، جا دەیانبینێت کە لەو ئاست نزمترن، ئینجا بەو شێوەیە بەکەم و سوکیان دەزانێ، لە کەسایەتیان کەم دەکاتەوە، بەڕاستی ئا ئەمە خۆبەزلزانینە.

قورئانی بەڕێز و پیرۆز سەرنجی بۆ ئەم هۆکار و پاڵنەرە ڕاکێشاوە، لە میانەی باسکردنی چیرۆکی خاوەن دوو باخەکە، جا لەو بارەوە فەرموویەتی: ﴿ وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلٗا رَّجُلَيۡنِ جَعَلۡنَا لِأَحَدِهِمَا جَنَّتَيۡنِ مِنۡ أَعۡنَٰبٖ وَحَفَفۡنَٰهُمَا بِنَخۡلٖ وَجَعَلۡنَا بَيۡنَهُمَا زَرۡعٗا ٣٢ كِلۡتَا ٱلۡجَنَّتَيۡنِ ءَاتَتۡ أُكُلَهَا وَلَمۡ تَظۡلِم مِّنۡهُ شَيۡـٔٗاۚ وَفَجَّرۡنَا خِلَٰلَهُمَا نَهَرٗا ٣٣ وَكَانَ لَهُۥ ثَمَرٞ فَقَالَ لِصَٰحِبِهِۦ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ أَنَا۠ أَكۡثَرُ مِنكَ مَالٗا وَأَعَزُّ نَفَرٗا ٣٤ ﴾ الكهف: ٣٢_٣٤. واتە: ("ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم)، نمونەیان بۆ بهێنەرەوە بە دوو پیاو کە یەکێکیانمان کردووە بە خاوەنی دوو باخی ڕەز، دەوری هەر دوو باخەکەمان بەدار خورما تەنیوە و لە نێوانیاندا باخ و بێستانمان فەراهەم هێناوە. هەر دوو باخەکەش میوەی چاکیان بەرهەم هێناوە و هیچیان لێ خەسار نەبووەو لە نێوان هەر دوو باخەکەشدا ڕووبارێکمان هەڵقوڵاندووە. جا ئەو خاوەن باخە، زۆر سەروەت و سامانی تری هەبوو، "کابرای خاوەن باخ لەخۆبایی بوو بەسامانەکەی" بۆیە بەهاوەڵە هەژارە ئیماندارەکەی وت کاتێك گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرد: من سامانی زۆر زیاترم هەیە لەتۆ، ماڵ و منداڵیشم بەهێزترە لەوانەی تۆ).

**٤_ گومان بردن بە بەردەوام بوونی ناز و نیعمەت یاخود نەمانی ئەو بەخشش و نیعمەتانە:**

دەكرێ هۆكاری خۆبەزلزانین بریتی بێ لە: گومان بردن بە بەردەوام بوونی ناز و نیعمەت، یاخود نەمانی ئەو بەخشش و نیعمەتانە، چونكە هەندێ لە خەڵكی ناز و نیعمەتی لە دونیا بۆ دێ و لەژێر كاریگەری و پڕ شنگداری و بریقەداری ئەو ناز و نیعمەتە، گومانی ئەوە دەبات كە بەردەوام دەبێت یان لەسەری لاناچێت، جا ئەم گومانە سەردەكیشێ بۆ تووشبوون بە خۆبەزلزانین و خۆ بەبەرزترگرتن لە بەندەكانی تری خوای مەزن، هەروەك خاوەنی دووباخەكە بە هاوەڵەكەی وت: ﴿ قَالَ مَآ أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَٰذِهِۦٓ أَبَدٗا ٣٥ وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةٗ وَلَئِن رُّدِدتُّ إِلَىٰ رَبِّي لَأَجِدَنَّ خَيۡرٗا مِّنۡهَا مُنقَلَبٗا ٣٦ ﴾ الكهف: ٣٥، ٣٦. **واتە:** ("لەبەر خۆیەوە" وتی: گومان نابەم كە ئەم باخ و باخاتە هەرگیز لەناو بچێت. واشنازانم قیامەت بەرپا دەبێت، سوێند بەخوا ئەگەر بمگێڕنەوە بۆ لای پەروەردگار دوای مردنم، ئەوە دڵنیام كە لای ئەویش جێگە و ڕێگە و چەندەها باخی ڕازاوەی لەمە باشتر بۆم ئامادەكراوە). هەروەك لەبارەی مرۆڤیشەوە فەرموویەتی: ﴿ وَلَئِنۡ أَذَقۡنَٰهُ رَحۡمَةٗ مِّنَّا مِنۢ بَعۡدِ ضَرَّآءَ مَسَّتۡهُ لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِي وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةٗ وَلَئِن رُّجِعۡتُ إِلَىٰ رَبِّيٓ إِنَّ لِي عِندَهُۥ لَلۡحُسۡنَىٰ ﴾ فصلت: ٥٠. **واتە:** (سوێند بەخوا ئەگەر ئادەمیزاد خێر و خۆشی بەسەردا بڕێژین و پێی بچێژین، لە دوای ئەو تەنگانەیەی كە تووشی هاتبوو، بە متمانەیەكی زۆرەوە دەڵێت: ئەمە بەرەنجی شانی خۆم پەیدام كردووە و خوا خۆشی دەوێم، وابزانم قیامەت زۆر دوورە و ڕەنگە هەر نەشبێت، خۆ ئەگەر بمگێڕنەوە بۆ لای پەروەردگارم، ئەوە دڵنیام كە خوشی و نازو نیعمەتم لای ئەو" بۆ ئامادەیە).

### ٥_ لە پێشتربوون بە خەسڵەتێک یان چەند خەسڵەتێکی باش:

دەکرێ هۆکاری خۆبەزلزانین بریتی بێ لە: لە پێشتربوون بە خەسڵەتێك یان چەند خەسڵەتێکی باش، وەك زانست یان بانگەواز یاخود تێکۆشان یان پەروەردە... شتی لەم وێنەیە.

لەبەر ئەوەی هەندێ خەڵك بە هۆی قەدەری خواوە، بە چەند خەسڵەتێکی باش پێشدەکەون، جا دەبینی تەماشای ئەوانەی دوای خۆیان دەکەن بەچاوێکی کەم و سوکەوە، زمانی حاڵ یان زمانی گوفتاریان بە خۆبەزلگرتنەوە دەدوێ: ئەوانە کێن کە ئێستا کار دەکەن؟ ئەوانە هەر نەبوون یان باس و خواسیان نەبووە، لەو ڕۆژەی ئێمە لەسەر درك و داڵەکاندا دەرۆیشتین، بەرگەی هەموو ناخۆشی و دەردەسەریەکانی ڕێگاکەمان دەگرت، تا ڕێگەمان خۆش کرد بۆ ئەوان و خەڵك.

خوای گەورە ئاماژەی بەو هۆکار و پاڵنەرە کردووە، کاتێك ڕوونی کردۆتەوە: کە لەپێشتربوون بە خەسڵەتێك پێوەر نییە و سەنگ یەکلاکەرەوە نییە، تەنانەت هیچ نرخ و بەهایەکیشی نییە، مەگەر ڕاستگۆیی لەگەڵدا بێت، جا فەرموویەتی:

﴿ وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى تَحْتَهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١٠٠﴾ ﴾ التوبة: ١٠٠. واتە: (خوای میهرەبان لەوانەی کە پێش کەوتن و یەکەم کەس بوون لە ئیسلام بوون و لە خزمەت کردنی ئیسلامدا لە کاروانی کۆچبەران و پشتیوانان و ئەوانەی کە بەرێك و پێکی شوێنیان کەوتوون، ڕازی بووەو ئەوانیش لەو ڕازی بوون، باخەکانی بەهەشتی بۆ ئامادەکردوون کە چەندەها ڕووبار بە بەردەم کۆشکەکانی و بەژێر درەختەکانی دا دەڕوات، هاوڕێ لەگەڵ نەمریدا، هەمیشەش تیایدا دەمێنێتەوە، ئەو سەرەنجامە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە). ﴿ لِلْفُقَرَآءِ ٱلْمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ﴿٨﴾... رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٠﴾ ﴾ الحشر: ٨ - ١٠. واتە: (هەروەها لەو

دەستکەوتانە، بەشی کۆچبەرانی هەژار دەبێت بدرێت، ئەوانەی لە شوێنەوارو سامانیان دوور خراونەتەوەو دەرکراون، ئەوانە بەتەمای بەخششی خواو ڕەزامەندی ئەون و بەبێ هیچ تەماعێك پشتیوانی لە خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن و هەوڵی سەرخستنی بەرنامەکەیان دەدەن، هەر ئا ئەوانە ڕاستگۆو ڕاستڕەون. تا دەگاتە: .... پەروەردگارا" بەڕاستی بەسۆزو بەخشندەو میهرەبانیت).

خوای پاك و بەرز سەرنجی لەپێشتربوون و پێشکەوتنی ئەو کەسانەی نەداوە، تەنها لەمیانەی ئەو بەڵگانەوە نەبێ کە پێشکەشی کردووە لەسەر ڕاستگۆیی دامەزراوی و خۆڕاگریان لەسەر حەق و ڕاستی، وەك: کۆچکردن، پشتگرتن، شوێنکەوتنی ڕێگەی باوەڕداران، بوونی پەیوەندیەکی چاك و بەهێز لەگەڵ خوا، ناسینی چاکەی خزم و خوێشەکانی.... بەم شێوە.

بەم جۆرە ڕێبازی ئیسلام ڕۆیشتووە: ((گەورەی بۆ ئەو کەسە نییە کە بە چەند خەسڵەتێك لە پێشە، بەڵکو گەورەیی بۆ ئەو کەسەیە کە ڕاستگۆیە)). خوای گەورە ڕاستی فەرمووە: ﴿ مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا۟ مَا عَٰهَدُوا۟ ٱللَّهَ عَلَيْهِ ۖ فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ نَحْبَهُۥ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ ۖ وَمَا بَدَّلُوا۟ تَبْدِيلًا ﴿٢٣﴾ ﴾ الأحزاب: ٢٣. واتە: (مەردانێکی زۆر هەن لە ئیمانداران ئەو پەیمانەی داویانە بەخوا، ڕاستیان کرد لەسەری ژیان و پابەند بوون پێوەی و لایان نەدا لێی، جا هەیانە پەیمانەکەی جێبەجێ کرد و مرد لەسەری، هەشیانە چاوەڕوانە، بەهیچ شێوەیەك گۆڕان و لاری ڕووی تێ نەکردوون).

## ٦_ بێ ئاگابوون لەو شوێنەوارانەی لە خۆبەزلزانینەوە پەیدا دەبن:

دەکرێ هۆکاری خۆبەزلزانین بریتی بێ لە: بێ ئاگابوون لەو شوێنەوارە تێکدەر و مەترسیدارانەی لە خۆبەزلزانینەوە بە ناڕەوا پەیدا دەبن، ئەگەر کەسێك لەو شوێنەوارە زیانگەیەنەرانە بێ ئاگابوو، بە هەر هۆیەك بێت لە هۆیەکان یان بە هەر دەردێکەوە بێ، ئەوا ئەو کەسەی تووش دەبێ، لە ناخ و دەروونیدا ڕەگ دادەکوتێ، هەستیشی پێناکات تەنها لە دوای کات بەسەرچوون و سەختی بنەبڕکردنی نەبێ.

**چوارەم: دیاردەكانی خۆبەزلزانین:**

**چـــەند دیاردەیـــەكی خۆبـــەزلزانین هـــەن، كـــە بەهۆیـــەوە دەناســـرێ و بەڵگەی پێ لەسەر دەهێنرێتەوە، لێرەدا هەندێكیان دەخەینەڕوو:**

**١_ بەفیز ڕۆیشتن لە ڕێگادا، لەگەڵ مل هەڵكێشان و ڕوو وەرگێڕان:** خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿ ثَانِيَ عِطْفِهِۦ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾ الحج: ٩. **واتە:** ("هەندێ لەو جۆرە كەسانە" ڕوو وەردەگێڕێت و شان هەڵدەتەكێنێت و فیز دەكات تا خۆی و خەڵكی لە ڕێبازی خوا وەربگێڕێت). ﴿ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخۡتَالٖ فَخُورٍ ﴾ الحديد: ٢٣. **واتە:** (خوا كەسانی خۆبەگەورەزان و فەخرفرۆشی خۆش ناوێت). ﴿ وَلَا تُصَعِّرۡ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمۡشِ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَرَحًاۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخۡتَالٖ فَخُورٖ ١٨ ﴾ **لقمان: ١٨. واتە:** (ڕووت وەرمەگێڕە لە خەڵك "لووت بەرز مەبە و بە چاوی سووك سەیریان مەكە"، بەسەر زەویدا بەناز و فیزەوە مەڕۆ، بەڕاستی خوا ئەو كەسانەی خۆش ناوێت كە خۆهەڵكێش و فەخر فرۆش و فیزاوین).

**٢_ بەرپاكردنی گەندەڵی و خراپەكاری لە زەویدا لە هەر فرسەتێكی ڕەخساودا، ڕەتكردنەوەی ئامۆژگاری، لادان لە حەق و ڕاستی:** خوای پاك و بەرز فەرموویەتی: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُعۡجِبُكَ قَوۡلُهُۥ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيُشۡهِدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا فِي قَلۡبِهِۦ وَهُوَ أَلَدُّ ٱلۡخِصَامِ ٢٠٤ وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيُفۡسِدَ فِيهَا وَيُهۡلِكَ ٱلۡحَرۡثَ وَٱلنَّسۡلَۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلۡفَسَادَ ٢٠٥ وَإِذَا قِيلَ لَهُ ٱتَّقِ ٱللَّهَ أَخَذَتۡهُ ٱلۡعِزَّةُ بِٱلۡإِثۡمِۚ فَحَسۡبُهُۥ جَهَنَّمُۖ وَلَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ ٢٠٦ ﴾ البقرة: ٢٠٤_ ٢٠٦. **واتە:** (هەندێ كەس هەن قسە و گوفتار و دەم پاراوییان لەبارەی ژیانی ئەم دونیایەوە سەرسامت دەكات، خوایش بەشایەت دەگرێت و دەڵێت: دڵ و زمانم یەكسانن، لەكاتێكدا ئەو سەرسەختترین كەسە لە هەموو جۆرە دوژمنایەتیەكدا. هەر كاتێك ئەو جۆرە كەسە پشتی هەڵكرد و دەسەڵاتی پەیداكرد" هەوڵ و كۆشش دەدات لە زەویدا تا ئاشوب بەرپا بكات و خراپە بڕوێنێت و

کشتوکاڵ لەناو ببات و پاکتاوکردنی ڕەگەزی ئەنجام بدات، بێ گومان خوا فەساد و خراپە و تاوانی ناوێت. خۆ ئەگەر پێی بوترێت: لەخوا بترسە، "هەروا بۆت نالوێت"، غەرِایی دەیگرێت و شانازی بەگوناهو تاوانەوە دەکات و سور دەبێت لەسەری).

**٣_ زیادەڕەوی کردن لە دەرخستنی ڕەوانبێژیدا:** پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (إن الله عز وجل يبغض البليغ من الرجال الذي يتخلل بلسانه تخلل الباقرة بلسانها)[١]، واتە: بەڕاستی خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ ڕقی لەو کەسەیە کە زمانی دێنێ و دەبات بۆ دەرخستنی ڕەوانبێژیەکەی، وەك چۆن مانگا زمانی دێنێ و دەبات لە کاتی خواردندا.

(ألا أنبئكم بشراركم؟ فقال: هم الثرثارون المتشدقون)[٢]، واتە: ئایا پێتان ڕانەگەیەنم کە خراپترینی خەڵکی کێیە؟ فەرمووی: ئەوانەن کە چەنەبازو قسە قەڵەون و خۆیان بە ڕەوانبێژ پیشان دەدەن.

**٤_ درێژکردنەوەو بەردانەوەی جل و بەرگ بە مەبەستی فیز لێدان خۆبەزلزانین،** پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێ: (من جرّ ثوبه خيلاء لم ينظر ﷺ إليه يوم القيامة، قال أبو بكر: إن أحد جانبي إزاري يسترخي، إني لأتعاهد ذلك منه، قال: لست ممن يفعله خيلاً)[٣]، واتە: هەر کەسێ دامەنی جلەکانی لە دوای بخشێ، ئەمەش بۆ فیز لێدان بکات، ئەوا خوای گەورە لە دوارۆژدا بۆی ناڕوانێت، ئەبو بەکر وتی: یەکێك لەلایەکانی جلەکانم دەخشێ و لەسەری ڕاهاتووم، فەرمووی: تۆ لەو کەسانە نیت کە بۆ فیز لێدان ئەمە بکەن.

---

(١) ئەبو داود لە سونەنەکەیدا هێناویەتی: بەشی هەڵسوکەوت ٤/ ٣٠١ – ٣٠٢ بە ژمارە ٥٠٠٥ لە محەممەدی کوڕی سنانی باهلی عەوفی، ترمزی لە سونەنەکەیدا بەشی مۆڵەت خواستن ٥/ ١٤١ بە ژمارە ٢٨٥٣ لە محەممەدی کوڕی عەبولئەعلا، ئەحمەد لە موسنەکەدەیدا (الفتح الربانی ١٩/ ٢٧١).

(٢) پێشەوا ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا (الفتح الربانی ١٩/ ٢٧١) لە ئەبو هوڕەیرەوە.

(٣) ئەبو دواود لە سونەنەکەیدا هێناویەتی: بەشی پۆشاك ٤/ ٥٦ – ٥٧ بە ژمارە ٤٠٨٥ لە سالی کوڕی عەبدوڵاوە، ئەویش لە باوکیەوە.

**٥_ حەزکردن بەوەی خەڵك بچێتە لای و خۆی نەچێتە لای ئەوان:**

حەزکردن بەوەی خەڵك بۆی هەڵسن کاتێك دەچێتە لایان یان بەلایاندا تێدەپەڕێ، لە فەرمایشتی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) هاتووە: (من أحب أن يمثل له الرجال قياماً فليتبوأ مقعده من النار)[١]. واتە: هەر کەسێك حەز بکات خەڵك بۆی بەپێوە بوەستێت ئەوا با جێگای خۆی لە ئاگردا خۆش بکات.

**٦_ حەز کردن بەوەی پێش ئەوانی دیکە بکەوێت لە ڕۆیشتن یان لە مەجلیسدا یاخود لە قسەکردن و هاوشێوەی ئەمانەدا.**

**پێنجەم: شوێنەوارەکانی خۆبەلزانین:**

**خۆبەزلزانین بە ناڕەوا لە زەویدا، چەندین شوێنەواری مەترسیداری هەیە، سەرەنجامی خراپ و لەناوبەری هەیە، چ لەسەر بانگخواز یان لەسەر کاری ئیسلامی:**

**لەسەر بانگخواز:**

**١_ بێ بەشبوون لە پەند و وانە وەرگرتن:** یەکەم شوێنەواری خۆبەزلزانین لەسەر بانگخوازان بریتییە لە: بێ بەشبوون لە پەند و وانە وەرگرتن، چونکە کەسی خۆبەزلزان "بەهۆی خۆبەگەورەتر دانانی لە بەندەکانی خوا" بزانێ یان نەزانێ دەستدرێژی کردۆتە سەر پێگەی خوایەتی، کارێکی لەم شێوەیەش دەبێ سزایەکی هەبێت، یەکەم سزاش: بێ بەشبوونە لە پەند و وانە وەرگرتن، دەبینی کەسی خۆبەزلزان بەسەر نیشانە و بەڵگە پەرش و بڵاوەکانی خوا لە گەردوون و دەروونداا تێدەپەڕێت و تەواو پشتی تێکردووە: ﴿وَكَأَيِّن مِّنْ ءَايَةٍ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ

---

(١) ئەبو داود لە سونەنەکەیدا هێناویەتی: بەشی هەڵسوکەوت ٤/ ٢٥٨ بە ژمارە ٥٥٢٢٩ لە معاویەی کوڕی ئەبو سوفیانەوە.

وَٱلْأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ ﴿١٠٥﴾ يوسف: ١٠٥. **واتە:** (چەندەها بەڵگە و نیشانە لە ئاسمانەكان و زەویدا هەن "لەسەر دەسەڵاتداریێتی و جوانكاری خوای پەروەردگار" كەچی زۆربەی خەڵكی بەلایدا تێدەپەڕن و تێنافكرن و پشتی تێدەكەن).

**ئەوەی بێ بەش بێ لە پەند و وانە وەرگرتن، ئەوا تیاچوون و زیانی ڕۆشن سەرەنجامی دەبێت، چونكە بەردەوام دەبێ لەسەر كەم و كورتی و هەڵەكانی، ڕۆدەچێ لە قوڕو لیتەكەی، تا كۆتایی ژیانی، كاتێك پێغەمبەر** (صلی الله علیه وسلم) **ئەم چەند ئایەتەی لە كۆتایی سوڕەتی ئالی عیمرانی خوێندەوە:** ﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ لَءَايَٰتٍ لِّأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩٠﴾ ﴾ آل عمران: ١٩٠. **واتە:** (بەڕاستی لە دروستكردنی ئاسمانەكان و زەویدا و لە ئاڵوگۆڕی شەو و ڕۆژدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ كەسانی ژیر و هۆشمەند) **تا ئەم فەرمایشتەی پەروەردگار:** ﴿ سُبْحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴾ آل عمران: ١٩١. **واتە:** (پاكیی و بێگەردیی شایستەی تۆیە، دە تۆش بمانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ) **ئەم سەرنجەی دەربڕی: (ئێش و ئاخ و داخ بۆ ئەو كەسەی ئەم ئایەتانە دەخوێنێتەوە و بیریان لێ ناكاتەوە)[1]، خوای پایەبەر بە ڕاشكاوی ئاماژەی بەم شوێنەوارە كردووە لەم فەرمایشتەیدا:** ﴿ سَأَصْرِفُ عَنْ ءَايَٰتِيَ ٱلَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ﴾ الأعراف: ١٤٦. **واتە:** (ئەو كەسانەی كە بەناحەق فیز دەكەن لە زەویدا و خۆیان بەگەورەتر دەنوێنن "لە خەڵكی"، لەمەودوا ڕووی دڵیان وەردەچەرخێنم لە تێگەیشتنی ئایەت و فەرمانەكانم).

**٢_ دوودڵی و شڵەژانی دەروونی:** **شوێنەواری دووەم كە خۆبەزلزانین لەسەر بانگخوازان بەجێی دەهێڵێت، بریتییە لە دوودڵی و شڵەژانی دەروونی، لەبەر ئەوەی خۆبەزلزان حەزی لە تێركردنی ئارەزووی خۆ بەگەورەگرتنیەتی، دەیەوێ خەڵك سەری بۆ دابنوێنێنن، هەردەم لە دواوەی بڕۆن، جا لەبەر ئەوەی سەربەرزی و**

---

(١) ئەمە بەشێكە لە فەرموودەیەكی درێژ كە ئیبن كەسیر لە تەفسیرەكەیدا هێناویەتی ١/ ٤٤٠ – ٤٤١.

شکۆمەندی خەڵك ئەمە ڕەتدەکەنەوە، تەنانەت لە بنەڕەتدا ئامادە نین بۆ کارێکی لەم جۆرە، ئەوا خۆبەزلزانەکە تووشی بێ ئومێدی دەبێت، بەمەش دووچاری دوودڵی و شڵەژانی دەروونی دەبێتەوە، سەرباری سەرقاڵبوونی ئەم خۆبەزلزانە بەخۆیەوە کە وا دەکات بێ ئاگابێ لە ناسین و یادی خوا، ئەمەش چەند سەرەنجام و ئاکامێکی هەیە، کەمترینی دوودڵی و شڵەژانی دەروونیە.

خوای مەزن ڕاستی فەرمووە: ﴿ وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا وَنَحۡشُرُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَعۡمَىٰ ﴿١٢٤﴾ ﴾ طه: ١٢٤. واتە: (ئەوەیش ڕوو وەربگێڕێت لە بەرنامە و یادی من و پشتی تێ بکات، بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە ژیانێکی ترش و تاڵ و ناخۆش پێش دێت، لە ڕۆژی قیامەتیشدا بە کوێری حەشری دەکەین). ﴿ وَمَن يُعۡرِضۡ عَن ذِكۡرِ رَبِّهِۦ يَسۡلُكۡهُ عَذَابٗا صَعَدٗا ﴾الجن: ١٧. واتە: (ئەوەی لە یاد و بەرنامەی پەروەردگاری لابدات، دەیخاتە ناو سزاو ئازارێکی بەردەوام).

**٣_ جیانەبوونەوەی کەم و کورتی لە کەسایەتیان:** شوێنەواری سێیەم کە خۆبەزلزانی لەسەر بانگخواز جێی دەهێڵێت، بریتییە لە جیانەبوونەوەی کەم و کورتی لە کەسایەتیان، کەسی خۆبەزلزان بەهۆی ئەو گومانەی سەبارەت بەوەی گەیشتۆتە کامڵ بوون لە هەموو شتێکدا، ئەوا خۆی ناپشکنێت، تا ڕەهەند و نیشانەکانی نەخۆشیەکەی بزانێت، ئەوەی پێویستی بە چاك کردنە چاکی بکاتەوە، تەنانەت هیچ ئامۆژگاری و ڕێنماییەك وەرناگرێت، نموونەی ئەم جۆرە کەسانە هەر لە ناو کەم و کورتیەکانییدا دەمێننەوە، لە کرچ و کاڵیەکانی جیا نابنەوە تا کۆتایی هاتنی ژیانیان، لەگەڵ دۆزەخیان دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە: ﴿ قُلۡ هَلۡ نُنَبِّئُكُم بِٱلۡأَخۡسَرِينَ أَعۡمَٰلًا ﴿١٠٣﴾ ٱلَّذِينَ ضَلَّ سَعۡيُهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ يَحۡسَبُونَ أَنَّهُمۡ يُحۡسِنُونَ صُنۡعًا ﴿١٠٤﴾ ﴾ الكهف: ١٠٣ _ ١٠٤. واتە: (ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: ئایا هەواڵی ئەو کەسانەتان بدەمێ کە لە کارو کردەوەیاندا زۆر زەرەرمەند و خەسارەتمەندن؟!. "ئەوانە" ئەو کەسانەن کە هەوڵ و کۆششیان لەژیانی دنیادا، بەزایە و بەهەدەر چووە بەمەرجێك

وایان دەزانی كە بەڕاستی كاری چاك دەكەن و كردەوەی ڕەوا ئەنجام دەدەن). ﴿ بَلَىٰ مَن كَسَبَ سَيِّئَةً وَأَحَٰطَتْ بِهِۦ خَطِيٓـَٔتُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٨١﴾ ﴾ البقرة: ٨١. **واتە:** (نەخێر وانییە، ئەو كەسەی گوناهو تاوان ئەنجام بدات و تاوانەكانی هەموولایەكی دابگرێت "ئاشكرا و نادیاری" ئەو جۆرە كەسانە نیشتەجێی ئاگری دۆزەخن و بۆ هەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە "لـە هەر نەتەوەو هۆزو تیرەو تایەفەیەك بن").

**٤ـ بێ بەشبوون لە بەهەشت:** شوێنەواری چوارەم كە خۆبەزلزانی جێی دەهێڵێت لەسەر بانگخوازان، بێ بەشبوونە لە بەهەشت، ئەمە شتێكی سروشتییە، ئەوەی دەستدرێژی بكاتە سەر پێگەی خواناسی، بەردەوام بمێنێتەوە لەگەڵ كەم و كورتی و كرچ و كاڵییەكانی، ئەوا ژیانی كۆتایی پێ دێت بێ ئەوەی خێرێكی وای كردبێ، كە بەهۆیەوە شایەنی پاداشت بێ، بەمەش بە شێوەیەكی كاتی یان هەمیشەیی بێ بەش دەبێت لە بەهەشت، خوای مەزن و پێغەمبەرەكەی ڕاستیان فەرمووە، هەروەك خوای پایەبەرز لە فەرموودەی قودسیدا فەرموویەتی: (الكبرياء ردائي و العظمة إزاري من نازعني واحداً منهما ألقيته في جهنم)[1]، واتە: خۆبەگەورەزانین و مەزنایەتی پۆشاكی منە و تایبەتە بە منەوە، هەر كەسێك ململانێم لەگەڵ بكات لەسەر یەكێك لەوانە، ئەوا فڕێی دەدەمە دۆزەخەوە.

پێغەمبەریش فەرموویەتی: (لا يدخل الجنة من كان في قلبه مثال ذرة من كبر)[2]، واتە: ناچێتە بەهەشتەوە ئەوەی بە ئەندازەی تۆزێك خۆبەزلزانی لە دڵیدا بێت.

---

(١) ئیبن ماجە لە سونەنەكەیدا هێناویەتی: بەشی دونیا بەكەمزانی ٢/ ١٣٩٧ بە ژمارە ٤١٧٢ لە ئەبو هورەیرەوە.

(٢) موسلیم لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی، بەشی باوەڕ ١/ ٩٣ بە ژمارە ١٤٩ لە ئیبن مەسعودەوە.

(ألا أخبركم بأهل النار كل عتل جواظ مستكبر)[١]، واتە: ئایا پێتان نەڵێم كێ دانیشتوانی دۆزەخە؟ هەر یەكێك خۆبەزلزان و بەناز و فیز بێ.

## لەسەر كاری موسڵمانان:

### شوێنەواری خۆبەزلزانین لەسەر كاری موسڵمانان:

### ١_ كەمی لایەنگر و پشتیوان یان پەرتەوازەیی و لەت و لەت بوون:

لەبەرئەوەی دڵەكان بەسروشت ڕاهێنراون لەسەر خۆشویستنی ئەو كەسەی باڵی بۆ دادەنوێنێ، نەرم و نیانە لەگەڵی، لە نزمەوە نەك لە بەرزاییەوە بۆی بڕوانێ، بەڵام ئەوەی خۆی بە بەرزتری دانا لێی و بە كەم سەیری كرد، یان بە چاوێكی سوكەوە سەرنجی دا، ئەوا ڕقی لێ دەبێتەوە و لەبەری ڕادەكات، بەڵكو هەوڵ دەدات خۆی لێ دووربگرێت، سەرەنجام دەستی بەتاڵ دەبێ لە پشتیوانان و لایەنگران لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە پەرتەوازەیی دەكەوێتە نێوان ئەوانەی بە كرداری پشتیوان و لایەنگرن.

كاتێك كاری ئیسلامی دەگات بەوەی پشتیوانی دەرەكی نەمێنێ و لە ناوخۆشدا پەرتەوازە بێت، ئەوا لێدانی ئاسان دەبێت، یان بەلایەنی كەمەوە لەباربردنی ئاسان دەبێ، بەرهەمی نابێ تەنها لە دوای ئەركێكی زۆر و كاتێكی درێژەوە نەبێ.

قورئانی پیرۆز سەرنجی بۆ ئەم شوێنەوارە ڕاكێشاوە، كاتێك لەبارەی دووڕووان دەدوێت: ﴿وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ﴾ المنافقون: ٥. واتە: (دەیانبینیت ڕوو وەردەگێڕن و بەرهەڵستی دەكەن، لەكاتێكدا ئەوانە خۆیان لا گەورە دەبێت و خۆ بەزلزانن).

هەروەها پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ئاماژەی بەمە داوە، كاتێك فەرموویەتی: (وإن الله أوحى إلى أن تواضعوا، حتى لا يفخر أحد على أحد، ولا يبغي

---

(١) پارچەیەكە لە فەرموودەیەك كە بوخاری لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی، بەشی هەڵسوكەوت، لە حارسی كوڕی وەهەبی خزاعی.

أحد على أحد)[1]، واتە: خوای مەزن نیگای بۆ كردووم بەوەی خۆتان بەكەم بزانن تا هیچ یەكێك نازو فیز بەسەر ئەوانی دیكەدا نەكات، كەس دەسدرێژی نەكاتە سەر ئەوەی دیكە.

**٢_ بێ بەشبوون لە یارمەتی و پاڵپشتی خوایی:** ڕێسا و یاسای خوا وایخواستووە، پشتیوانی و پاڵپشتی خۆی تەنها بەوانە ببەخشێت، كە ناخ و دەروونی خۆیان پاڵفتە كردووە، بەشی شەیتانیان لە ناخیاندا دەرهێناوە، تەنانەت بەشی پیسی دەروونیان لە دەروونیدا دەرهێناوە، خۆبەزلزانەكان كەسانێكن ناخ و دەروونیان بە خراپە گەورە بووە، كەسێكیش ئەمە سیفەتی بێ، ئەوا شایستەی یارمەتی و پشتیوانی خوایی نییە، لەوانەیە ئەمە مەبەستی ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن بێت: ﴿ وَلَقَدۡ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ بِبَدۡرٖ وَأَنتُمۡ أَذِلَّةٞ ﴾ آل عمران: ١٢٣. **واتە:** (بێگومان خوا لە غەزای بەدردا سەركەوتوی كردن، هەرچەندە ئێوە "لە ژمارە و چەكدا" لاواز و كەم بون). پشتیوانی و ئەو سەركەوتنەی بەوانی بەخشی، ئەوا بەستوویەتیەوە بەو دۆخەی ئەوان لەسەری بوون، لە ئارامی و خۆبەكەمزانی و پوختەكردنی ناخ و دەروون، ئەگەر ئەم دۆخە نەما ئەوا یارمەتی و پاڵپشتی خوایش نابێ.

## شەشەم: چارەسەری خۆبەزلزانین:

**چارەسەركردنی خۆبەزلزانین، بەشێوەیەك كە دەروونی لێ پاك بكرێتەوە، جارێكی دیكە ناخ بۆی نەگەڕێتەوە، بە گرتنەبەری ئەم شێواز و ئامرازانەی خوارەوە دەبێ:**

**١_ یادخستنەوەی ئەو شوێنەوار و ئاكامانەی بەهۆی خۆبەزلزانیەوە پەیدا دەبن:** ئەم شوێنەوار و ئاكامانە خودی بن یاخود پەیوەست بن بە كاری ئیسلامیەوە، یان پەیوەندیان بە دونیاوە هەبێ یاخود بە دوارۆژەوە بەم شێوەیەی

---

(١) موسلیم لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: بەشی بەهەشت ٤/ ٢١٩٨ – ٢١٩٩ بە ژمارە ٢٨٦٥ لە عیازلی كوڕی حمارەوە.

پێشتر خستمانەڕوو، بەڵکو ئەم یادخستنەوەیە دەروون لە ناخیدا بهەژێنێت و وای لێبکات تۆبە بکات، بە ڕزگاربوونی خۆی ڕابگات پێش بەفیڕۆچوونی تەمەن و بەسەر چوونی کات.

**٢_ بەسەرکردنەوەی نەخۆش، ئامادەبوون لەلای ئەوانەی لەسەرەمەرگدان، لە کاتی بەخاکسپاردنی مردوو، سەردانکردنی گۆڕستان:** ئەمە بەڵکو دەبێتە هۆی گەڕانەوەی دەروون بۆ لای خوای مەزن بە خاکی بوون و خۆبەکەمزانیەوە.

**٣_ وازهێنان لە هاوڕێیەتی کردنی خۆبەزلزانەکان، ڕۆیشتنە پاڵ خۆبەکەمزان و خاکییەکان:** لەوانەیە بە تێپەڕینی کات تیشکەکانی ئەم هاوڕێیەتیە لە ناخیدا بدرەوشێتەوە و بگەشێتەوە، بەمەش ڕووناکی و بەرچاوڕوونیە سروشتیەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، کە لەکاتی منداڵبوونیدا هەیبوو.

**٤_ دانیشتن لەگەڵ خەڵکی لاواز و هەژار و نەدار و دەردەدار، تەنانەت خواردن و خواردنەوە لەگەڵیان:** هەروەك پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵە بەڕێزەکان و زۆرێك لە پێشینان ئەمەیان پەیڕەو دەکرد، ئەمە ڕێگەیەکە بۆ پاك کردنەوەی دەروون، کە وای لێدەکات لە سەرکەشیەکەی بیگێڕێتەوە بۆ سەر ڕێگەی ڕاست.

**٥_ بیرکردنەوە لە دەروون و گەردوون، بەڵکو لە هەموو ئەو ناز و نیعمەتانەی دەوری ئەویان داوە لە خوارەوە تا سەرەوە:** کێ سەرچاوەی هەموو ئەمانەیە؟ کێ دەیگرێتەوە؟ بە چ شتێك بەندەکان شایستەی ئەم ناز و نیعمەتانەن؟ حاڵی چۆن دەبێ ئەگەر نیعمەتێکی لێوەرگیراوە؟ چ جای هەموو نیعمەتەکان؟ ئەگەر بە ڕاستی بیر بکاتەوە، ئەوا دەروونی دەهەژێنێت و وای لێدەکات هەست بە مەترسی ئەو دەردە بکات کە لە ناخیدایە، ئەگەر تۆبە نەکات و نەگەڕێتەوە لای پەروەردگاری.

**٦_ ڕوانینە ژیاننامە و بەسەرهاتی خۆبەزلزانەکان، کە چۆن بوونە؟ گەیشتوونەتە چ ئاکامێك؟** لە شەیتان و نەمرود و فیرعەون، تا دەگاتە هامان و

قاڕون و ئەبو جەهل و ئوبەی کوڕی خەلەف، تا سەرجەم تاغوت و زۆردار و خوێنڕێژەکان، لە تێکڕای سەردەم و ژینگەکاندا، ئەمە ناخ و دەروون دەترسێنێ و هانی دەدات بۆ تۆبەکردن و گەڕانەوە، لە ترسی ئەوەی هەمان سەرەنجامی هەبێت، پەرتوکی خوای مەزن و ژیاننامەی پێغەمبەر و کتێبەکانی بەسەرهات و مێژوو، چاکترین یارمەتیدەرن بۆ ئەم کارە.

**٧_ ئامادەبوون لە کۆڕی زانست، کە زانا متمانە پێکراو و هۆشیارەکان سەرپەرشتی دەکەن:** بەتایبەت کۆڕ و مەجلیسەکانی زیکر و یادی خوا و پاکسازی دەروون، ئەم کۆڕانە بەردەوام کار دەکەنە سەر دڵەکان، تا نەرمی دەکەن و دووبارە زیندوو دەبنەوە.

**٨_ پاڵنانی دەروون لەسەر ئەنجامدانی هەندێك کار، کە زۆرێك لە خەڵك بەخۆیان ئەنجامی نادەن، هەر چەندە کاری ڕەوان،** وەك ئەوەی ئەم خۆبەزلزانە هەڵسێت بە کڕینی خۆراك و خواردن و پێویستەکانی خۆی، سوربوون لەسەر هەڵگرتنی بە خودی خۆی و ڕۆیشتن بە ناو خەڵکدا، ئەگەر خزمەتکاریشی هەبێت، بەو شێوەیەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵان و پێشینان ئەنجامیان دەدا، ئەمە زۆر یارمەتیدەر دەبێ بۆ پەروەردە و پاککردنەوەی دەروون، گەڕاندنەوەی سەر ڕێگەی بەراییە سروشتیەکەی، دوور لە خوار و خێچی و لاری.

**٩_ داوای لێبوردن کردن لەوانەی خۆی بە مەزنتر لەوان گرتووە، بە چاوێکی سوك سەیری کردوون، یاخود گاڵتەی پێکردوون:** تەنانەت دانانی ڕوومەت لەسەر خۆڵ و خاك، بەشێوەیەك کە ئەوەی بەسوك سەیری کراوە بتوانێ تۆڵەی وەربگرێتەوە، وەك هەڵسوکەوتی ئەبو زەڕ لەگەڵ بیلال کاتێك پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ڕەخنەی لێگرت، لەسەر توانج گرتن لە بیلال بەوەی دایکی پێستی ڕەشە.

**١٠_ کەسانی تر ئەو نیعمەتانە دەربخەن، کە خوای مەزن پێی بەخشیون _ بەتایبەت لەبەرامبەر خۆبەزلزانەکان _:** قسەکردن لەسەر ئەو ناز و بەخششانە

بۆ ئەوەیە، بەڵكو خۆبەگەورەزانەكان بگەڕێنەوە سەر ڕێی ڕاست، تۆبە دەكەن بۆ لای خوا، بەر لەوەی سەرەمەرگ بەرۆكیان بگرێت.

**١١_ هەردەم یادخستنەوەی پێوەری چاكبوون و لەپێشتربوون لە ئیسلامدا:** ﴿إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ﴾ الحجرات: ١٣. **واتە:** (بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو كەسانەتانە كە زۆرتر لەخواترسە و فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خوا زانا و ئاگایە بەهەمووان).

(كلكم بنو آدم، وآدم خلق من تراب، ولينتهين قوم يفخرون بآبائهم، أو ليكونن أهون على الله – تعالى – من الجعلان)[١]، واتە: هەمووتان نەوەی ئادەمن، ئادەمیش لە گڵ و خۆڵ دروستكراوە، ئەوانەی شانازی بە باوباپیرانیان دەكەن یان وازدێنن، یاخود لەلای خوا لە قالۆچە سوكتر دەبن.

**١٢_ بەردەوام بوون لەسەر پەرستشەكان:** ئەگەر لەسەر پەرستشەكان بەردەوام بوو، بە جوانی و ڕێك و پێكی ئەنجامیدا، مەبەستیشی تەنها ڕەزامەندی خوا بوو، ئەوا ناخ و دەروونی لە هەموو پەستیەك پاك دەكاتەوە، تەنانەت گەشەی پێدەدات لەسەر خواپەرستی.

---

(١) ئیبن كەسیر لە تەفسیرەكەیدا هێناویەتی ٤/ ٢١٧، لە حوزەیفەوە، داویەتیە پاڵ ئەبو بەكری بەزار.

# بەشی دووەم

ڕووپامایی * شوێنکەوتنی ئارەزوو
هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پێشەوایەتی
کورتبینی* پابەندنەبوون * پشتڕاست نەکردنەوە
کەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەوو ڕۆژ

## پێشەكی بەشی دووەم

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

**درود و سـڵاو لەسـەر سـەروەرمان پەیامبـەری خـوا محەممـەد و لەسـەر خانـەوادە و یـاران و شـوێنكەوتووانی، ئەوانـەش بانگـەوازی بـۆ ڕێبازەكـەی ئـەو دەكەن تا ڕۆژی دوایی، پاشان...**

بەڕاستی ڕوون كردنەوەی مەشخەڵەكانی ڕێگاكە لەبەردەم ئەو تێكۆشەرانەی كە بەئایینی خۆیانەوە پەنایان بۆ لای پەروەردگاریان بردووە كارێكی پێویستیە كە لەبەر هەڵاتن و خۆ لێ دزینەوەی بۆ نییە. تاكو بۆ هەر كارێك كەرەستەی تەواو ئامادە بكەن و ئامادەكاری بۆ هەر پێشهاتێك بكەن، تاكو دانەبڕێن، سست نەبن، دوانەكەون لە كاروانی ڕزگاری، بانگەوازی كردن بۆ لای خوا و تێكۆشان ئەم كارە بەپێویست دادەنێ لە پێناو بەرپاكردنی ئایینی پەروەردگار لەسەر زەوی.

لەوانەیە یەكێك لەگرنگترین ئەو مەشخەڵانە ئەوە بێ: كە هەندێك دەرد هەن لەوانەیە هەندێك بانگخواز توشی ببن، بەڵكو بە دڵنیاییەوە لەوانەیە تووشی ببن، كە ئەمەش وایان لێدەكات دەست بەچۆكدا بێنن لە بەرامبەر گێڕانی ڕۆڵی خۆیان، و ڕاپەڕاندنی ئەركەكانیان.

لە بەشی یەكەمی ئەم كتێبەدا حەوت لەو دەردانەمان خستەڕوو، كە ئەمانە بوون:

خاوبوونەوە - زیادەڕەوی كردن - پەلەكردن - لەخۆبایی بوون - گۆشەگیری – بەخۆسەرسام بوون – خۆبەزلزانین.

لە بەشی دووەمی ئەم كتێبەشدا حەوت دەردی تر دەخەینەڕوو، كە ئەمانەن:

ڕووپامایی (ڕیابازی) – شوێنکەوتنی ئارەزوو – هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پێشەوایەتی - پابەند نەبوون - پشتڕاست نەکردنەوە – کەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی کارەکانی شەو و ڕۆژ.

ئینجا بە باشی دەزانین لێرەدا: هەندێك لەو دەردانە بەکەمێك شیکردنەوەو ڕوونکردنەوە بخەینەڕوو، تا بانگخوازان ئاگاداری بن و خۆیان لەو دەردانە پاك و دوور بگرن.

بێگومان ڕوونکردنەوەی ڕێبازی ڕاست لەسەر خوایە

**سەید محەممەد نوح**

# دەردی هەشتەم

# ڕووپامایی (ڕیابازی)

**دەردی هەشتەم؛** کە هەندێك لە بانگخوازان دووچاری دەبن، بە یەکێك لە مەترسیدارترین و کوشندەترین دەرد دادەنرێ سەبارەت بە بانگخواز، کە پێویستە لەسەری لەگەڵ دەروونیدا تێبکۆشێ تا دەستبەجێ خۆی دابماڵێ و پاك بکاتەوە لەم نەخۆشییە، ئەگەرنا بەرهەمی هەوڵ و کۆششیان لە دونیا و دوارۆژدا گومڕایی دەبێت، ئەم دەردەش بریتییە لە: ڕووپامایی (ڕیابازی).

**یەکەم: واتای ڕووپامایی (الرياء أو السمعة):**

**لە زمانەوانیدا:** (الرياء) لە (الرؤية)ەوە داتاشراوە، دەوترێ: رأى الرجل: واتە: ئەگەر کارێکی باشی دەرخست تا خەڵك بیبینێ. ئەم فەرمایشتانەی خوای مەزن لەوەوە هاتوون: ﴿ ٱلَّذِينَ هُمۡ يُرَآءُونَ ٦ وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ ٧ ﴾ الماعون: ٦، ٧. واتە: (ئەوانەی کە ڕیابازن و بە ڕووکەش نوێژ دەکەن و دەیانەوێت خۆیان دەربخەن و "ئیمانداران بخەڵەتێنن". "هەمیشەش هەوڵ دەدەن بۆ" قەدەغە کردنی هەموو چاکە و یارمەتی و کۆمەکی و هاوکاریەك). ﴿بَطَرٗا وَرِئَآءَ ٱلنَّاسِ ﴾ الأنفال: ٤٧. واتە: (لەبەر کەش و فش کردن و خۆ نواندن لەبەر چاوی خەڵك).

هەروەها (السمعة) بە (سمع) داتاشراوە، دەوترێ: کارەکەی خۆی خستە بەر گوێی خەڵك، واتە: کارەکەی خۆی ئاشکرا کرد دوای ئەوەی نهێنی بوو.

**ڕووپامایی (ڕیابازی) لە ڕووی زاراوەییەوە:** واتای ڕوپامایی لە زاراوەی بانگخوازان و زانایانی ڕەوشت و بەرەوخواچووندا بریتییە لەوەی: مرۆڤ موسڵمانان تێبگەیەنێ لەو کارە چاکانەی دەیکات، بە مەبەستی بەدەستهێنانی پلەو پایە و ڕێز لەلای ئەوان یان بەهۆی چاوبڕینە دونیای ئەوان، جا ئەگەر کارەکەی لە بەردەم خەڵکدا ئەنجامدا ئەوا بریتییە لە (ریاء: پیشاندان)، ئەگەر کارەکەی کردبوو، ئینجا

به خەڵکی ڕاگەیاند ئەوا بریتییە لە (السمعة: بەگوێچرپاندن). **زانای بلیمەت عیزەدینی کوڕی عەبدوسەلام جیاوازی لە نێوان ئەم دووانەدا کردووە و وتویەتی:**

**(ریابازی:** ئەنجامدانی کاری چاکەیە لە پێناو غەیری خوای گەورە)، (السمعە: بەگوێچرپاندن: کاری چاکە بکات لە پێناوی خوا و بیشارێتەوە، ئینجا دواتر بۆ خەڵك باسی بکات)، وەك ئەوەی ناوبراو پێی وابێ ڕیابازی هەموو ڕەتکراوەیە، بەڵام (السمعە: بەگوێچرپاندن و باسکردن) دەکرێ خراپ بێ ئەگەر مەبەستی لە باسکردنی کارەکەی ڕەزامەندی خەڵك بێت، لەوانەشە باش بێت ئەگەر مەبەستی ڕەزامەندی خوای مەزن بێت، ئەم وتەیەی عیزی کوڕی عەبدوسەلام دەقە شەرعییەکان پشتی دەگرن، خوای پایەبەرز دەفەرموویت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُبْطِلُواْ صَدَقَـٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ كَٱلَّذِى يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ ﴾ البقرة: ٢٦٤. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، نەکەن خێرو پاداشتی چاکەکانتان پووچ بکەنەوە بە منەت نان و دڵ ئازاردانی "هەژاران"، وەکو ئەو کەسەی ماڵ و سامانی خۆی لەبەر چاوی خەڵکی ببەخشێت بۆ ڕیاکاریی و خۆنواندن). پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموویت: (هەر کەسێك کارە باشەکانی خۆی بۆ خەڵك باس بکات و خۆی پێ بنوێنێت تا ڕێزی بگرن، ئەوا خوای مەزن ئابڕووی دەبات لە ڕۆژی دوایی). (یەکێك لەو شتانەی دەترسم کە دووچاری ببن، هاوبەشدانانی بچوکە، وتیان: هاوبەشدانانی بچوك چییە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ڕووپامایییە، خوای مەزن لە ڕۆژی دواییدا کاتێك پاداشتی بەندەکان دەداتەوە لەسەر کردەوەکانیان پێیان دەفەرموویت: بڕۆن بۆ لای ئەوانەی لە دونیادا ڕوپامایيتان بۆ دەکردن و بڕوانن: پاداشتیان لێ بەدەستدەهێنن؟) جارێکیان پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) گوێی لە کەسێك بوو یادی خوای دەکرد و دەنگی بەرز دەکردەوەو دەیوت: (بێگومان خوا بەخشەرە)، سەیری کرد بینی میقدادی کوڕی ئەسوەدە.

## دووەم: هۆكارو پاڵنەرەكانی:

**ڕوپامایی چەند هۆكارو پاڵنەرێكی هەیە كە مرۆڤ دووچاری ئەم دەردە دەكات، لێرەدا ئاماژە بە هەندێكیان دەكەین:**

### ١_ قوناغی سەرەتای تەمەن:

لەوانەیە منداڵ لە باوەشی خانەوادە و ماڵێكدا پێبگات كە داب و نەریتی ڕووپامایی و خۆنواندن بێت، بۆیە ئەویش لاسایی دەكاتەوەو بە تێپەڕینی كات ئەم دەردە ڕەگ دادەكوتێ لە ناخیدا و دەبێتە بەشێكی جیا نەبووەوە لە كەسایەتیەكەیدا، لەوانەیە ئەمە نهێنی ئامۆژگاری ئیسلام بێت سەبارەت بەوەی دینداری بناغەی هاوسەرگیری بێت، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموویێت:

(ئەوەی دیندارەكە هەڵبژێرە، دەستت پڕ دەبێت لە بەرەكەت).

(ئەگەر یەكێك هات بۆ خوازبێنی، لە ڕەوشت و ئایینەكەی ڕازی بوون، كچەكەتانی بدەنێ).

### ٢_ هاوڕێیەتی كەسی خراپ:

لەوانەیە هاوڕیەكی هەبێ تەنها خولیا و ئاواتی خۆنواندن و ڕووپامایی بێت، بەمەش لاسایی هاوڕێیەكەی دەكاتەوە، بەتایبەت ئەگەر بەخۆی كەسایەتیەكی لاوازی هەبێت و زوو كاریگەر ببێت بە جگەلە خۆی، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ئەم دەردە ڕەگ و ڕیشەكانی جێگیر دەكات لە دەروونیدا و لەسەری ڕادێت.

ئەمە نهێنی ئەو ڕاسپاردەیە كە بەپێویستی دادەنێ مرۆڤ هاوەڵی باش هەڵبژێرێت، كە ڕێز لە بەرنامەی خوا بگرێت و كاری پێ بكات.

## ٣_ نەناسینی خوای گەورە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە:

لەوانەیە نەناسینی خوای مەزن بەشێوەیەکی ڕاستەقینە هۆکار یان پاڵنەری ڕووپامایی و خۆنواندن بێت، چونکە نەناسینی خوا یاخود ناسینی خوای گەورە بەشێوەیەکی کرچ و کاڵ سەردەکێشێ بۆ ڕێز لێنەگرتنی بەوشێوەیەی کە شایستەیەتی، دواتر ئەم کەسە نەزان و نەشارەزایە لە ناسینی خوا کە بە شێوەیەکی شایستە نەیناسیوەو ڕێزو حورمەتی نەزانیوە پێی وایە بەندەکان خاوەنی کەمێك سوود یان زیانن، بۆیە سوردەبێ لەوەی خۆی بۆیان بنوێنێ و کارە باشەکانی بە گوێیاندا بچرپێنێ، تا شتێکی پێ ببەخشن لەوەی ڕیابازەکە گومانی وایە ئەوان هەیانە.

لەوانەیە ئەمەبێ نهێنی بانگەوازی ئیسلام لە سەرەتا بۆ ناسینی خوای مەزن: ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ ﴾ محمد: ١٩. واتە: (ئەی ئینسان!! دەی کەواتە چاك بزانە و دڵنیابە جگە لە خوا، هیچ خوایەکی تر نییە). ئینجا بەرپاکردنی ئەم خواناسییە.

ئەو بەشە قورئانەی کە لە شاری مەککەدا دابەزی و تەواوی کاری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە قۆناغی مەککەدا بە دەوری بنەماکانی بیروباوەڕ و ڕەگ داکوتان و جێگیر کردنی لە ناخ و دەروونداا دەخولایەوە.

## ٤_ حەزکردن لە سەرکردایەتی یان پلەو پۆست:

لەوانەیە حەز کردن لە سەرکردایەتی یان پلە و پایە و پۆست پاڵ بە مرۆڤەوە بنێ بەرەو ڕووپامایی و خۆنواندن، بۆ متمانە بەدەستهێنانی ئەوانەی ئەم پۆست دابەشکردنیان بەدەستە، تا دایبنێنە پۆستێکی سەرکردایەتیەوە یان پلەیەکی پێ بدەن.

دەکرێ ئەمەبێ نهێنی جەختکردنەوەی ئیسلام لەسەر تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی خەڵك بەرلە متمانە پێکردنیان و پشت پێ بەستنیان، بەتایبەت ئەگەر لەسەر دۆخێك بوون پویستی بە پشکنین و تاقیکردنەوە بوو، خوای مەزن دەفەرموویێت: ﴿ وَٱبۡتَلُواْ ٱلۡيَتَٰمَىٰ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغُواْ ٱلنِّكَاحَ فَإِنۡ ءَانَسۡتُم مِّنۡهُمۡ رُشۡدٗا فَٱدۡفَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ أَمۡوَٰلَهُمۡ ﴾ النساء: ٦. واتە: (هەتیوان تاقی بکەنەوە "بەوەی کە هەندێك پارەیان بدەنێ و خۆتان سەرپەرشتییان بکەن" هەتا ئەو کاتەی کە وەختی ئەوەیان دێت هاوسەر بگرن، ئەوسا ئەگەر هەستتان کرد ژیرو سەلارن، پارە و سامانەکەیان پێ بدەنەوە). ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٖ فَٱمۡتَحِنُوهُنَّ ﴾ الممتحنة: ١٠. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك ئافرەتە ئیماندارەکان کۆچ دەکەن و دێن بۆ لاتان تاقیان بکەنەوەو بەوردیی پرسیاریان لێ بکەن سەبارەت بەکۆچ و هۆی هاتنەکەیان).

## ٥_ چاوبڕینە ئەوەی لە دەستی خەڵکدایە:

دەکرێ چاوبڕینە ئەوەی لە دەستی خەڵکدایە، سوربوون لەسەر دونیا پاڵنەری ئەنجامدانی ڕووپامایی یان خۆنواندن بێ، تا خەڵك متمانەی پێ بکات و دڵیان بۆی نەرم بێت، ئەوەی پێ بدەن کە گیرفانی پڕ دەکات و سکی تێر دەکات.

جا لە پرسیاری عەرەبێکی دەشتەکی کە لە پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) کرد: (کەسێك بۆ دەستکەوت دەجەنگێت)، هەروەها لە فەرموودەیەکی تری پێغەمبەردا کە هاتووە: (هەر کەسێك بجەنگێ مەبەستی تەنها بەدەستهێنانی بەچکە وشترەك بێ ئەوا بەگوێرەی مەبەستەکەی پاداشت دەکرێتەوە) ئاماژە بەم هۆکارە کراوە.

## ٦_ حەزکردن لەوەی سوپاسی بکرێ یان حەزی لە ستایشکردنی خەڵکە:

لەوانەیە حەزکردن لە ستایشکران و پێداهەڵدان لەلایەن خەڵکەوە پاڵنەری ڕووپامایی کردن بێ، تا ببێتە قسەی سەر هەموو زمانێك و باسی هەموو کۆڕو

مەجلیسێك، بەمەش دەروونی بە هەواو ئارەزوو فراوان دەبێت، بەشەکەی تری فەرموودەی پێشوو ئاماژە بەم هۆکارە دەکات:

(کەسی وا هەیە دەجەنگێت تەنها لە پێناوی ئەوەی باسی بکرێ، هەشیانە دەجەنگێت تەنها لە پێناو ناوبانگ)

### ٧_ توندی بەرپرسان لە لێپرسینەوەدا:

لەوانەیە توندی کاربەدەستان لە لێپێچینەوەدا هۆکاری خۆنواندن بێت، بەتایبەت ئەگەر کەسانی لاوازو خاوو بێ ورە هەبوون، وەك ئەوەی بەم ڕوپامابییە هەوڵ دەدات لاوازی و خاوی و سستیەکەی بشارێتەوە، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) کە لە ئارەزووی خۆیەوە قسە ناکات ڕاستی فەرمووە کاتێك بە عائیشەی وتوە:

(نەرم و نیانی لە هەر کارێکدا بێ ئەوا جوانی دەکات، لە هەر کارێکدا دابماڵرێ ئەوا ناشرینی دەکات).

### ٨_ کەسانی دیکە واپیشانی بدەن بەخۆی و کارەکانی سەرسامن:

کەسانی دیکە کە واپیشانی دەدەن بەخۆی و کارەکانی سەرسامن لەوانەیە ئەمە ببێتە هۆی ڕووپامایی و خۆنواندن، تا زیاتر پێی سەرسام بن.

ئیسلام بۆ ئەوەی مرۆڤ لەم دەردە بپارێزێت ئەوا ڕێگەی گرتووە لە دەرخستنی ئەم پێ سەرسام بوونە، ئەگەر سەرسامیەکە هەر خرایەڕوو ئەوا با هۆشیاری و دووربینی لەگەڵ پەیڕەو بکرێ بەوەی بڵێت:

(وا بزانم فڵانە کەس ئاوایە، لێپێچینەوەشی لای خوای گەورەیە، لە جیاتی خوای مەزن پاکانە بۆ هیچ کەسێ ناکەم).

### ٩_ ترسان قسە و قسەلۆکی خەڵک، بەتایبەت خزمە نزیکەکان:

لەوانەیە ترسان لە قسە و قسەلۆکی خەڵك بەتایبەت خزمە نزیکەکان پاڵنەری ڕووپامایی یان خۆنواندن بێ تا خۆی لەبەردەمیان بەو وێنەیە دەربخات کە ڕازیان بکات و زمان و زاریان دابخات، هەر کاتێك بەتەنیابوو ئەوا سنوورە قەدەغەکراوەکانی خوا دەشکێنێت: ﴿ يَسۡتَخۡفُونَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَلَا يَسۡتَخۡفُونَ مِنَ ٱللَّهِ وَهُوَ مَعَهُمۡ إِذۡ يُبَيِّتُونَ مَا لَا يَرۡضَىٰ مِنَ ٱلۡقَوۡلِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطًا ﴾ النساء: ١٠٨.

واتە: (ئەوانە دەیانەوێت خیانەت و تاوانەکانیان لە خەڵکی بشارنەوە، لەکاتێکدا ناتوانن لە خوای بشارنەوە کە لەگەڵیاندایە و چاودێریانە، بەشەودا قسەی واهەڵدەبەستن خوا پێی ڕازی نییە و خوا بەردەوام گەمارۆدەری ئەو کارو کردەوانەیە کە ئەنجامی دەدەن).

**١٠_ شارەزانەبوون و بێ ئاگابوون لەو ئاکام و شوێنەوارانەی لە ڕووپامایی و خۆنواندنەوە پەیدادەبن:**

لە کۆتاییدا؛ لەوانەیە شارەزانەبوون و بێ ئاگابوون لەو ئاکام و شوێنەوارانەی لە ڕووپامایی و خۆنواندنەوە پەیدادەبن هۆکاری ڕووپامایی کردن بێ لەبەردەم خەڵك یان باسکردنی کارە چاکەکان بێ بۆیان.

ئەو کەسەی شارەزانەبێ یان بێ ئاگابێ لە ئاکامی هەر کارێکی، بەتایبەت ئەگەر هاتوو کارەکە ئاکامەکەی زیانبەخش بوو ئەوا ئاڵودەی کارەکە دەبێ و لەگەڵی بەردەوام دەبێ تا دەبێتە یەکێك لە خوو ڕەوشتەکانی.

## سێیەم: نیشانەکانی ڕووپامایی و خۆنواندن:

**بۆ ئەوەی موسڵمان شوێنی خۆی بزانێت لە ئاست ڕووپامایی و خواندن، ئەوا چەند نیشانەیەك هەن ئەم دەردەی پێ دەناسێت، ئەم نیشانانەش لە خوارەوەدا دەیخەینەڕوو:**

١_ چاڵاك بوون لە کارکرندا، زیاد هەوڵ و کۆششکردن ئەگەر ستایش کرا و پێیدا هەڵگۆترا، تەمبەڵ و کەمتەرخەمبوون ئەگەر کرچ و کاڵی و سەرزەنشتی کرا.

٢_ چاڵاك بوون و هەوڵدانی زۆر ئەگەر لەگەڵ خەڵکدابوو، تەمبەڵی و کەمتەرخەمی نواندن لە کاتی بەتەنیابوون یان دوای ڕۆیشتنی خەڵك. سەروەرمان عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) ئاماژە بەم دوو نیشانەیە دەکات و دەڵێت: ((ئەوەی کە ڕووپامایی دەکات و خۆی دەنوێنێ چەند نیشانەیەکی هەیە: ئەگەر بە تەنیابوو تەمبەڵە، ئەگەر لەگەڵ کەسی تردابوو چاڵاکە، ئەگەر ستایشی کرا زیاتر کار دەکات، ئەگەر سەرزەنشتی کرا کار کەم دەکاتەوە)).

٣_ پاراستنی سنوورە قەدەغەکراوەکانی خواو ڕەچاوکردنی ئەم سنوورانە ئەگەر لەگەڵ خەڵکدا بوو، پێشێلکردنی ئەم سنوورە قەدەغەکراوانە و شکاندنیان ئەگەر بە تەنیا بوو و دوور بوو لە خەڵك، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئاماژە بەم نیشانەیە دەکات و دەفەرموویت: ((کەسانێك لە ئوممەتەکەم؛ چاکەی سپی دەکەن وەك چیاکانی توهامە، بەڵام خوای مەزن وەك تەپ و تۆزێکی پەرش و بڵاوی لێدەکات، ئەوانە برای ئێوەن لە خوێن و گۆشتی ئێوەن، وەك ئێوە شەونوێژ دەکەن، بەڵام هەر کاتێك بە تەنیا بوون سنوورە قەدەغەکراوەکانی خوا دەشکێنن)).

## چوارەم: شوێنەوارەکانی ڕووپامایی و خۆنواندن:

**ڕووپامایی و خۆنواندن ئاکام و شوێنەواری لەناوبەری هەیە چ لەسەر بانگخوازان یان لەسەر کاری موسڵمانان، ئەمەی خوارەوە لایەنێکە لەم شوێنەوارو ئاکامانە:**

### أ_ شوێنەوارەکانی ڕووپامایی لەسەر بانگخوازان:

**١_ بێ بەشبوون لە ڕێنوێنی و پشتیوانی خوایی:** لەبەر ئەوەی خوای مەزن تەنها خۆی ڕێنوێنی و سەرخستنی بەدەستە، هەر خۆیشی دەیدات بەوەی بیەوێت و دەیگرێتەوە لەوەی نەیەوێ، هیچ پەکخەرێك نییە بۆ بڕیارو کارەکانی، بەدواداچوون و تێهەڵچوونەوە بۆ فەرمانەکانی نییە، یاسای خوایی وایخواستووە کە

ڕێنوێنی و سەرکەوتن بەکەسێك بدرێ کە دڵسۆزی لێ ببینرێ و بە دڵساغی ڕوو لە پەروەردگار بکات: ﴿ وَيَهۡدِيٓ إِلَيۡهِ مَنۡ أَنَابَ ﴾ الرعد: ٢٧. واتە: (هیدایەتی ئەو کەسانە دەدات کە ڕوو لە پەیامەکەی دەکەن و بەندایەتی دەکەن و گەڕاونەتەوە بۆ لای). ﴿ وَيَهۡدِيٓ إِلَيۡهِ مَن يُنِيبُ ﴾ الشورى: ١٣. واتە: (ڕێنوێنی ئەو کەسەش دەکات کە بە دڵسۆزانە دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەو).

ئەو کەسەی ڕووپامایی کارو پیشەیەتی و بەردەوام کارە چاکەکانی بۆ خەڵك باس دەکات ئەم دڵسۆزیەی ورد و خاش کردووە، ئەم ڕاستگۆییەی ون کردووە، جا چۆن ڕێنوێنی و پشتیوانی خوایی پێ دەدرێ؟ خوای مەزن ڕاستی فەرمووە: ﴿ فَلَمَّا زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴾ الصف: ٥. واتە: (جا کاتێك ئەوان گوێیان بۆ ڕاستی نەگرت و لە حەق لایاندا، خوایش دڵەکانیانی لە خشتە برد و مۆری پێدا نا، چونکە خوا ڕێنموویی قەوم و هۆزی تاوانکار و تاوانبار و لە سنوور دەرچوو ناکات).

٢ـ **دڵتەنگی و شڵەژانی دەروونی:** لەبەر ئەوەی ڕووپامایی دەکات و خۆی دەنوێنێت لە پێناو ڕەزامەندی خەڵك و چاوبڕینە ئەوەی لە دەستیاندایە، لەوانەیە بڕیاری خوای مەزن ڕێگر بێ لەوەی بە مەبەستی خۆی بگات، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی شتەکان لەلای خوای پەروەردگار بە ئەندازەگیریەوە دەچنەڕێ: ﴿ وَكُلُّ شَيۡءٍ عِندَهُۥ بِمِقۡدَارٍ ﴾ الرعد: ٨. واتە: (هەموو شتێك لای ئەو زاتە بەئەندازە و پێوانەیە).

لەم کاتەدا دڵتەنگی و شڵەژانی دەروونی بەرۆکی دەگرێت، نە ڕەزامەندی خوای مەزنی بەدەستهێنا، نە ئەوەشی بەدەستهێنا کە لە دەستی خەڵکدایە و چاوی تێبڕی بوو: ﴿ وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا ﴾ طه: ١٢٤. واتە: (ئەوەیش ڕوو وەربگێڕێت لە بەرنامە و یادی من و پشتی تێ بکات، بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە ژیانێکی ترش و تاڵ و ناخۆش پێش دێت). ﴿ وَمَن يُعۡرِضۡ عَن ذِكۡرِ رَبِّهِۦ يَسۡلُكۡهُ عَذَابٗا

صَعَدًا ﴾ الجن: ١٧. واته: (جا ئه‌وه‌ی له یاد و به‌رنامه‌ی په‌روه‌ردگاری لا بدات، ده‌یخاته ناو سزاو ئازارێكی به‌رده‌وام).

**٣_ سوك و بێ ڕێز بوون له دڵی خه‌ڵكدا:** له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ته‌نها خوای باڵاده‌سته كه خاوه‌نی چاندنی ئه‌م ڕێزو حورمه‌ته‌یه له ناخی هه‌ر به‌نده‌یه‌كیدا كه بیه‌وێت، له كاتێكدا ئه‌مه وابه‌سته‌یه به دڵسۆزی نواندن له هه‌ر كار و هه‌ڵسوكه‌وتێكدا، به‌ڵام ڕووپامایكار و خۆنوێن ئه‌م ڕێز و حورمه‌ته‌ی ونكردووه، له ناخ و ده‌روونی خه‌ڵكدا ده‌ریهێناوه، بۆیه سوك و بێ نرخ و به‌ها بووه له‌لایان: ﴿ وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكْرِمٍ ﴾ الحج: ١٨. واته: (جا ئه‌وه‌ی خوا قه‌در و ڕێزی بشكێنێت و ڕیسوای بكات ئه‌وه هیچ ڕێز لێنه‌رێكی نییه).

پێشینان باش له‌مه تێگه‌یشتبوون، بۆیه له هه‌موو كه‌سێك سورتربوون له‌سه‌ر دڵسۆزی نواندن بۆ خوا له كاره‌كانیاندا، تا ڕێزو شكۆیان له سینه و دڵه‌كاندا هه‌ر به جێگیری بمێنێته‌وه، ئه‌و هه‌واڵانه‌ی له‌وباره‌وه له‌وانه‌وه هاتوون زۆرترن له‌وه‌ی كه سنووردار بكرێن، ئه‌و ئامۆژگاریه‌ی عومه‌ری كوڕی خه‌تاب (ڕه‌زای خوای لێبێت) ئاڕاسته‌ی ئه‌بو موسای ئه‌شعه‌ری (ڕه‌زای خوای لێبێت) كرد به‌سه بۆمان، كاتێك له میانه‌ی ئامۆژگاریه‌كه‌یدا وتی: (هه‌ر كه‌سێك مه‌به‌ست و نیازی پاك و دڵسۆز بێ، ئه‌وا خوا بێ نیازی ده‌كات له‌وه‌ی كه نێوان ئه‌و و خه‌ڵكیدایه).

ئه‌و تێكۆشانه زۆره‌ی حه‌سه‌نی به‌سڕی (ڕه‌حمه‌تی خوای لێبێ) له‌گه‌ڵ خۆی، به شه‌و له‌كاتێكدا كه خه‌ڵك خه‌وتبوو، دواتر هه‌وڵدانی بۆ شاردنه‌وه‌ی ئه‌م كۆشش و هه‌وڵانه‌ی به گوێره‌ی توانا وایكرد خاوه‌ن پله‌و پایه و كاربه‌ده‌سته‌كان لێی بترسن.

ناوبراو جارێكیان به‌ده‌ستی حه‌جاج گیرۆده‌بووه، به‌هۆی زۆردار و لاسارییه‌كه‌ی، حه‌جاج فه‌رمانی به هه‌ندێك له پاسه‌وانه‌كان كرد تا حه‌سه‌ن بێننه لای بۆ ئه‌وه‌ی بیكوژێت، هه‌ر كه ئه‌مه وترا، ئه‌وا حه‌سه‌ن هات، چاوه‌كان له ئاستیدا واق ورمان، دڵه‌كان له‌به‌ری له‌رزین، به شكۆمه‌ندی باوه‌ڕدارێتی و سه‌ربه‌رزی موسڵمانێتی و

پایەداری بانگخوازەوە ڕووی کردە حەجاج، کاتێك حەجاج ئەوی بەم شێوەیە بینی وتی: لێرەوە ئەی باوکی سەعید، فەرموو وەرە ئێرە، حەجاج هەر فەرموو فەرمووی بۆ دەکرد و جێگاکەی بۆ فراوان دەکرد و خەڵکیش بە سەرسامیەوە بۆی دەڕوانی تا لە شوێنی خۆی داینیشاند، کاتێك حەسەن دانیشت، حەجاج ڕووی تێکرد و پرسیاری لەبارەی هەندێك باسی چاکە و ئاینەوە لێکرد، حەسەنیش بە دڵ و دەروونێکی چەسپاوەوە و ڕوونبێژیەکی سەرنجڕاکێشەوە و زانستێکی فراوانەوە وەڵامی دەدایەوە.

حەجاج وتی: ئەی باوکی سەعید، بەڕاستی تۆ سەروەری شوێنکەوتووانی، ئینجا مۆڵەتی پێدا بە ڕێزو حورمەت و سەربەرزیەوە بگەڕێتەوە بۆماڵەوە.

**٤ــ پشتهەڵکردنی خەڵك و بێ کاریگەربوون:** لەبەر ئەوەی دڵ شوێنی کارتێکردنە لە مرۆڤ، دڵەکانیش بەدەستی خوای میهرەبانن، بە ویستی خۆی سەراوژێیریان دەکات، ئەو کەسەی ڕووپامایی دەکات، ئەوا ئەو پەیوەندیەی بڕیوە کە لە نێوان خۆی و خوای مەزندا هەیە، ئەمەش هەرگیز وای لێناکات خوای مەزن ئەوەی پێبدات کە خەڵك ڕووی تێبکەن یان کاریگەری لەسەر خەڵك هەبێت، بۆیە دەبینی ئەگەر قسەی کرد گوێی بۆ ناگیرێت و بە قسەی ناکرێت، کە کاریش دەکات ناجولێت، ئەم گفتوگۆیەی خوارەوە زۆر بە ڕۆشنی ڕاستیەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە: عومەری کوڕی هبیرەی فەزاری کاربەدەستی عێراق بوو لە سەردەمی خەلیفەی ئەمەوی (یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك). یەزید نامە دوای نامەی بۆ ڕەوانە دەکرد، داوای لێدەکرد ناوەڕۆکی نامەکان جێبەجێ بکات، ئەگەر هەندێ جار نا ڕەوایشی تێدابێ، عومەری کوڕی هبیرە هەڵسا بە بانگێشتکردنی هەر یەکە لە حەسەنی بەسری و عامری کوڕی شراحبیل کە ناسراوە بە شعبی، داوای ڕوونکردنەوەی لەوان کرد لەم بارەوە، کە ئایا چارەیەکی تر هەیە لە ئاینی خوادا بۆ ئەم پرسە؟ شعبی بەشێوەیەك وەڵامی دایەوە کە نەرمی و خاترانەی تێدابوو بۆ کاربەدەستەکە و

یەزید، حەسەن ئەو کات بێ دەنگ بوو، عومەری کوڕی هبیرە سەیری حەسەنی کرد و وتی: ئەی باوکی سەعید تۆ چی دەڵێی؟.

حەسەنی وتی: ئەی عومەری کوڕی هبیرە لە خوابترسێ نەك لە یەزید، لە پێناو یەزید لە خوا مەترسە، بزانە خوا لە یەزید دەتپارێزێت، ئەی کوڕی هبیرە خەریکە فریشتەیەك بەسەرتدا دابەزێت، کە توونـد و بێ بەزەییە، سەرپێچی فەرمانی خوا ناکات، لەسەر ئەم پێخەفەت لادەبات و لە فراوانی ئەم کۆشکەت دەتگوازێتەوە بۆ بەرتەسکی گۆڕستانەکەت، لەوێش یەزید و دەستکەوت بەدی ناکەیت، بەڵکو ئەو کردەوانەت بەدی دەکەیت کە تیایدا سەرپێچی پەروەردگاری یەزیدت کرد... ئەی کوڕی هبیرە ئەگەر لەگەڵ خوای پایەبەرزدا بیت و لە گوێڕایەڵی ئەودا بیت، ئەوا لە دونیا و دواڕۆژدا بێ بەهایی یەزیدی کوڕی عەبدولەلیك لە کۆڵت دەکاتەوە، ئەگەر لە سەرپێچی کردنی خوای پایەبەرزدا هاودەمی یەزید بیت ئەوا پەروەردگار بە یەزید دەتسپێرێت.

بزانەی ئەی کوڕی هبیرە گوێرپەڵی بۆ هیچ کەسێك نییە، جا ئەو کەسەیە هەر یەکێك بێ لە سەرپێچی کردنی فەرمانی خوای بەدیهێنەردا.

عومەری کوڕی هبیرە ئەوەندە گریا تا فرمێسکەکانی ڕیشەکەیان تەڕ کرد. پشتی لە شعبی کرد و ڕووی کردە حەسەن و زۆر پێیدا هەڵگوت و ڕێزی زۆر لێنا.

کاتێك حەسەن و شعبی لەلای کوڕی هبیرە هەڵسان و هاتنە دەرەوە، ڕوویان کردە مزگەوت، خەڵك بە دەوریاندا کۆبوونەوە، پرسیاریان لەوان کرد لەبارەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کاربەدەستی عێراقیەکان. لەو کاتەدا شعبی ڕووی کردە خەڵکەکە و وتی:

هۆ خەڵکینە هەر کەسێك دەتوانێ خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ لە هەموو دۆخێکدا پێش بەدیهێنراوانی بخات و لە هەمووانی خۆشتر بوێت، ئەوا با ئەمە بکات، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە؛ حەسەن شتێکی بە عومەری کوڕی هبیرەی نەوت کە من نەیزانم، بەڵام من ڕەزامەندی کوڕی هبیرەم مەبەست بوو،

حەسەنیش لەوەی وتی مەبەستی ڕەزامەندی خوای مەزن بوو، بەمەش خوای مەزن منی كەم كردەوە لە بەرچاوی كوڕی هبیرە و حەسەنی لەو نزیك كردەوەو لەبەرچاوی خۆشەویست كرد.

**٥_ ناڕێكی لە كاركردندا:** لەبەر ئەوەی ئەو كەسەی ڕووپامایی دەكات لە كارەكانیدا ڕەچاوی خەڵك دەكات نەوەك خوای مەزن، خەڵكیش هەر چەندە بە توانا و بەهێز بن، ئەوا دەستەوەسانن لەوەی لە هەموو ژینگە و دۆخ و كاتێكدا بەدواداچوون بكەن، ئەم دەستەوەسانیەی خەڵك وا لە كەسی ڕووپامایيكار دەكات كارەكانی بە ناڕێكی بكات، ئەمەش وای لێ دەكات متمانەی خەڵك لە دەستبدات، بەمەش خۆی ماندوو كردووە بەبێ هودە لە شتێكدا كە دەیەویست سوودی لێ ببینێ یان بەرژەوەندی خۆی لەوێوە دابین بكات، خوای پایەبەرز و مەزن ڕاستی فەرمووە: ﴿وَلَا يَحِيقُ ٱلْمَكْرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِۦ﴾ فاطر: ٤٣. واتە: (پیلانی شەڕ و تاوان تەنها بەسەر ئەوانەدا دەشكێتەوە كە نەخشەی بۆ دەكێشن).

خوای پەروەردگار لە میانەی قسەكردن لەسەر دووڕووان ئاماژەی بەم شوێنەوارە كردووە: ﴿وَإِذَا قَامُوٓاْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ قَامُواْ كُسَالَىٰ يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ وَلَا يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ النساء: ١٤٣. واتە: (هەر كاتێكیش "بۆ ڕووپامایی" هەڵدەستن بۆ نوێژ، زۆر بەلەش گرانیی و تەمبەڵیی هەڵدەستن، ئەوانە ڕیایی و ڕوپامایی بۆ خەڵكی دەكەن، زۆر كەم یادی خوا دەكەن).

**٦_ ئابڕوچوون لە دونیادا، لە دواڕۆژیشدا لەبەردەم مرۆڤایەتی:** لەبەر ئەوەی كەسی ڕووپامایيكار و خۆنوێن، بەم كارەی مەبەستی هەڵخەڵەتاندنی كەسانی دیكەیە، تا ئەوان عەقڵی خۆیان ڕادەستی بكەن و بیكەنە سەركردەی خۆیان، خوای مەزن ئەمە پەسەند ناكات، بەلەبەرچاوگرتنی ئەم خراپەكاریەی ئەو ڕیابازە لە زەویدا بەرپای دەكات و كشتوكاڵ و ڕەچەڵەك لەناودەبات: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُۥ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيُشْهِدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا فِى قَلْبِهِۦ وَهُوَ أَلَدُّ ٱلْخِصَامِ ﴿٢٠٤﴾

وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِى ٱلْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ ٱلْحَرْثَ وَٱلنَّسْلَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْفَسَادَ ﴿٢٠٥﴾ البقرة: ٢٠٤ ـ ٢٠٥. **واتە:** (هەندێ کەس هەن قسە و گوفتار و دەم پاراوییان لە بارەی ژیانی ئەم دنیایەوە سەرسامت دەکات، خوایش بە شایەت دەگریت و دەڵێت: دڵ و زمانم یەکسانن، لە کاتێکدا ئەو سەرسەختترین کەسە لە هەموو جۆرە دوژمنایەتیەکدا. هەر کاتێك ئەو جۆرە کەسە پشتی هەڵکرد و دەسەڵاتی پەیداکرد" هەوڵ و کۆشش دەدات لە زەویدا تا ئاشوب بەرپا بکات و خراپە بڕوێنێت و کشتوکاڵ لەناو ببات و پاکتاوکردنی ڕەگەزی ئەنجام بدات، بێگومان خوا فەساد و خراپە و تاوانی ناوێت).

**بۆیە ئەگەر پاش ماوەیەکیش بێ، ئەوا لە دونیادا ئابڕوی دەبات، تا خەڵکی لێ ئاگادار بکەنەوە و پێی هەڵنەخەڵەتێن، لە دوارۆژیشدا ئابڕوچوونەکە سزا و تۆڵەشی لەگەڵدا دەبێت.**

**پێشتر ڕاشکاوانە ئاماژە بەم هۆکارە دراوە لە فەرمایشتەکەی پێغەمبەر** (صلی الله علیە وسلم) **بۆ عەمری کوڕی عاس، کاتێك ناوبراو پرسیاری لەبارەی تێکۆشان لە پێغەمبەر** (صلی الله علیە وسلم) **کرد: (ئەی عەبدوڵای کوڕی عەمر، ئەگەر بە ئارامگری و دڵسۆزی بۆ خوا جەنگایت، ئەوا خوای مەزن زیندوت دەکاتەوە بە ئارامگری و دڵسۆزیەوە، ئەگەر بە ڕووپامایی و بۆ ناوبانگ جەنگایت، ئەوا خوای مەزن بەوشێوەیە زیندووت دەکاتەوە، ئەی عەبدوڵای کوڕی عەمر لەسەر چ حاڵ و دۆخێك بجەنگیت یان بکوژرێیت ئەوا لەسەر هەمان دۆخ زیندوو دەکرێیەوە).**

**٧ـ کەوتنە ناو داوی بەخۆسەرسام بوون، ئینجا لەخۆبایی بوون، پاشان خۆبەزلزانین:** **لەبەر ئەوەی کەسی ڕیاباز لە ماوەیەکی دیاریکراودا زۆر هەڵدەخەڵەتێت، لە میانەی ئەو ماوەیەدا زمانەکان دەگەڕێن بە ستایشکردن و پێداهەڵدانی ڕیابازەکە، لەوانەیە ئەمەش وای لێبکات بەخۆی سەرسام بێ، پاشان لەخۆی بایی ببێت، ئینجا لوتبەرزی بیگرێ، دواتر خراپەکاری لە زەویدا بڵاو بکاتەوە، ئەوەی ئێستا دەیبینین جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی زۆرێك لە**

سەرکردەکان لە ناو ئومەتەکەماندا ڕێچکەی ڕیابازی و خۆنواندنیان گرتۆتەبەر تا ئاستێك کەسانی سادە و نەزان و گێل پێیان هەڵخەڵەتاون، ستایشی ئەو سەرکردانەیان کردووە تا وایلێهاتووە سەرکردەکان بەخۆیان سەرسام بوونە، ئینجا لەخۆیان بایی بووینە، لوتبەرزی لە ناخیاندا ڕەگی داکوتاوە، دواتر ئەو کەسانەی هەوڵی تێگەیاندن و ڕاستکردنەوەی ئەوان دەدەن بە دەستی سەرکردەکان تووشی خراپترین سزا بووینە، پاشان شوێنکەوتووە گێل و سادەکانیان بەسەر ئەو کەسانەدا زاڵدەکەن کە دڵسۆزن و تەفرو تونایان دەکەن، خوای مەزن ڕاستی فەرمووە: ﴿ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ بَدَّلُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ كُفۡرٗا وَأَحَلُّواْ قَوۡمَهُمۡ دَارَ ٱلۡبَوَارِ ۝٢٨ جَهَنَّمَ يَصۡلَوۡنَهَاۖ وَبِئۡسَ ٱلۡقَرَارُ ۝٢٩ ﴾ إبراهيم: ٢٨ – ٢٩. واتە: (ئایا سەرنجی ئەوانە نادەیت کە ناز و نیعمەتەکانی خوایان بە حەرام گێڕاوە "بۆ گوناهو خراپە بەکاری دەهێنن" و بوونەتە هۆی سەرگەردانی و تیاچوونی قەومەکەی خۆیان. "ئەوانە" سەرئەنجام دەچنە ناو دۆزەخ، کە جێگەیەکی زۆر ناخۆشە بۆ نیشتەجێ بوون).

٨_ **پوچەڵبوونی کردەوە:** یاسای خوای پاك و بەرز لە بەدیهێنراوانیدا وایخواستووە تەنها کردەوەیەك پەسەند بێت کە دڵسۆزانە بۆ پەروەردگار بێ و تەنها مەبەستی ڕەزامەندی خوای مەزن بێ: ﴿ فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا ﴾ الكهف: ١١٠. واتە: (ئەوەی دەیەوێت بەدیداری پەروەردگاری شادبێت، بەخۆشنودیەوە با کار و کردەوەی چاك و دروست ئەنجام بدات و بەهیچ شێوەیەك لە پەرستنیدا هیچ کەسێك نەکاتە هاوەڵ و هاوبەش بۆی).

ئەوەی ڕیابازی دەکات بەشێکی کارەکەی بۆ خۆی و خەڵك داناوە، خوای گەورە بەم جۆرە چۆن کارەکەی لێ وەردەگرێت یان چۆن پاداشتی دەداتەوە، خوای مەزن ڕاستی فەرمووە: ﴿ وَعَنَتِ ٱلۡوُجُوهُ لِلۡحَيِّ ٱلۡقَيُّومِۖ وَقَدۡ خَابَ مَنۡ حَمَلَ ظُلۡمٗا ﴾ طه: ١١١. واتە: (هەرچی ڕووخسارە "لە ڕۆژی قیامەتدا" ملکەچ و فەرمانبەردارن، بۆ ئەو زاتەی

کە هەمیشە زیندووە و دەسەڵاتی بێ سنووری هەیە، بێگومان ئەوەی ستەمی کردووە" ڕەنج بەخەسار و نا ئومێد و بێ هیوایە). ﴿ وَقَدِمْنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُوا۟ مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَـٰهُ هَبَآءً مَّنثُورًا ﴿٢٣﴾ ﴾ الفرقان: ٢٣. واتە: (کاتێك هاتین و تەماشای ئەوەمان کرد کە کردوویانە "هەمووی تاوان بوو" بەربامانداو کردمانە تەپ و تۆزێکی پەرش و بڵاو).

**پێغەمبەری خوا** (صلى الله عليه وسلم) **ڕاستی فەرمووە: (یەکێك لەو شتانەی دەترسم دووچاری ببن، هاوبەشدانانی بچوکە، وتیان: هاوبەشدانانی بچوك چییە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ڕووپامایییە، خوای مەزن لە ڕۆژی دواییدا کاتێك پاداشتی بەندەکان دەداتەوە لەسەر کردەوەکانیان پێیان دەفەرمووێت: بڕۆن بۆ لای ئەوانەی لە دونیادا ڕوپامایيتان بۆ دەکردن و بڕوانن: پاداشتیان لێ بەدەستدەهێنن؟).**

**خوای مەزن لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرمووێت: (من لە هەموو هاوبەشەکان بێ نیازترم لە هاوبەشدانان، هەر کەسێك کارێك لە پێناوی من بکات و جگەلە منی تێدا بکاتە هاوبەش، ئەوا من لێ بەریم، کارەکەی بۆ هاوبەشەکەیە).**

**بەم شێوەیە ڕیابازی و خۆنواندن دەبنە هۆی پوچەڵ بوونی کار و وەرنەگیرانی چاکەی ڕیابازەکە.**

**٩_ سزای سەخت لە دواڕۆژدا: لە کۆتاییدا... هەر کەسێك بەوشێوەیەی خستمانەڕوو کارەکەی پوچەڵ بووەوە، ئەوا هیچ پاداشتێکی لە ڕۆژی دواییدا نییە جگەلە سزای پڕ ئێش، ئەم سزایەش چەند وێنە و شێوەیەکی هەیە، دیارترینیان دوو وێنەن:**

**یەکەم:** دەبێتە یەکەم کەس کە ئاگری دۆزەخی پێ خۆشدەکرێ؛ **سوتەمەنی دۆزەخ خەڵك و بەردە، هەروەك خوای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێداوە:** ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ ﴾ التحريم: ٦. **واتە:** (ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە خۆتان و کەس و کارتان بپارێزن لە ئاگرێك کە

سووتەمەنیەکەی خەڵك و بەردە). پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموویێت: (یەکەم کەس کە لە ڕۆژی دوایدا دادگایی دەکرێ، کەسێکە شەهید بووە، دەهێنرێتە بەردەم بارەگای دادگای خوای مەزن، خوای گەورە ناز و نیعمەتەکانی پێ دەناسێنێ، ئەویش دانی پێدادەنێ و دەزانێ، پێی دەفەرمووێ: بەم ناز و نیعمەتانە چیت کرد؟ شەهیدەکە دەڵێت: لە پێناو تۆدا جەنگام تا شەهید بووم، دەفەرموویێت: درۆت کرد، بەڵکو بۆیە جەنگایت تا بوترێ: بەڕاستی کەسێکی چاونەترسە، خەڵکیش ئەوەیان وت، دواتر فەرمان دەکرێ و شەهیدەکە لەسەر ڕووخساری بۆ ناو ئاگری دۆزەخ کێش دەکرێت.

کەسێکی دیکەش فێری زانست بووەو زانستیش دەڵێتەوەو قورئانیش دەخوێنێت، دەهێنرێت و نیعمەتەکانی خوای بیردەهێنرێتەوە و ئەویش دەزانێ، خوای مەزن پێی دەفەرمووێ: بەم نیعمەتانە چیت کرد؟ زاناکە دەڵێت: فێری زانست بووم، خەڵکیشم فێرکرد، لە پێناوی تۆدا قورئانم دەخوێندەوە، دەفەرمووێ: درۆت کرد، بەڵکو فێری زانست بوویت تا پێت بوترێ: کەسێکی زانایە، قورئانت دەخوێند تا بوترێ: خوێنەری قورئانە، ئەمەش وترا، ئینجا فەرمان دەکرێ کە لەسەر ڕووخساری ببرێ بەرەو دۆزەخ.

کەسێکی دیکە مرۆڤێکە خوای مەزن لە هەموو جۆرەکانی ماڵ و سامانێکی پێ بەخشیوە، دەهێنرێ و نیعمەتەکانی خوای بیردەهێنرێتەوە و ئەویش دەزانێ، خوای پەروەردگار پێی دەفەرمووێ: چ کارێکت بەم نیعمەتانە کرد؟ دەڵێت: هیچ ڕێگەیەکم فەرامۆش نەکردووە بەخشینم تێدا نەکردبێ کە تۆ پێتخۆش بووە، خوای گەورە دەفەرمووێ: درۆت کرد، بۆیە ئەمەت کرد تا بوترێ: کەسێکی بەخشندەیە، خەڵکیش وایان وت، دواتر فەرمان دەکرێ و لەسەر ڕووخساری ڕادەکێشرێ و فڕێدەدرێتە ناو دۆزەخ).

**دووەم:** فڕێدرانە ناو ئاگری دۆزەخ، بەوەی ورگ و هەناوەکەی دێنە دەرەوە، ڕیخۆڵەکانی دەکەونە خوارەوە، بە دەوری ڕیخۆڵەکەیدا دەخولێتەوە لەبەر چاوی

دۆزەخیان، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموویێت: ((پیاوێك دێنن له ڕۆژی دواییدا فڕێیدەدەنه ناو ئاگری دۆزەخ، جا بەدەوری ڕیخۆڵەکانیدا دەسوڕێتەوە وەك چۆن گوێدرێژ بەدەوری پەتەکەی دەسوڕێتەوە، خەڵکی ناو ئاگری دۆزەخ لەلای کۆدەبنەوە، دەڵێن: کابرا ئەوە چیتە، ئەوە تۆ نەبووی کە فەرمانت پێدەکردین بەچاکە و ڕێگریت لێدەکردین لە خراپە؟ وتی: من فەرمانم پێدەکرن بەچاکە و بەخۆشم نەم دەکرد، ڕێگریم لێدەکردن لە خراپە و بەخۆشم دەمکرد و ئەنجامم دەدا))[1].

**ب_ شوێنەواری ڕووپامایی لەسەر کاری موسڵمانان:**

ئەگەر ڕوپامایی و خۆنواندن ئەو شوێنەوارانەی لەسەر بانگخوازان هەبێ، وەك خستمانەڕوو، ئەوا ئەم کاریگەرییە لەسەر کاری موسڵمانانیش ڕەنگ دەداتەوە، ئەم شوێنەوارانەی ڕووپامایی لەسەر کاری موسڵمانان دروستی دەکات لەمەی خوارەوەدا پوخت دەبنەوە:

*** درێژبوونەوەی ڕێگاکە و زۆری تێچوو و خەرجی:** لەبەر ئەوەی کەسانێك کە ڕەوشتیان ڕوپامایی بێ، خەسڵەتەکانیان خۆنواندن بێ، ئەوا سەرکەوتنیان پێ نابەخشرێ مەگەر دوای تاقیکردنەوەیەکی دوورو درێژ و پاڵفتە و بژارکردنێکی زۆر نەبێ: ﴿ مَّا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَىٰ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ ﴾ آل عمران: ١٧٩. **واتە:** (خوا ئیمانداران واز لێناهێنێت هەر وەکو ئەوەی کە ئێستا ئێوە لەسەری هەن "دڵسۆز و نادڵسۆز، خەمخۆرو بێ باك تێکەڵن"، هەتا پیس و پاك لە یەك جیانەکاتەوە "بەهۆی جۆرەها تاقی کردنەوە"). ﴿ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتْرَكُوٓا۟ أَن يَقُولُوٓا۟ ءَامَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ﴿٢﴾ وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَـٰذِبِينَ

(١) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: بەشی سەرەتای بەدیهێنانی دروستکراوان ٤/ ١٤٧، موسلیم لە سەحیحەکەیدا بەشی دونیا بەکەمزانی ٤/ ٢٢٩٠ – ٢٢٨٩ لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە.

(٣) ﴾ العنكبوت: ٢ - ٣. **واته:** (ئایا خەڵكی وایان زانیوە" وازیان لێدەهێنرێت و پشتگوێ دەخرێن، كە بڵێن: ئیمان و باوەڕمان هێناوە، لەكاتێكدا ئەوان تاقی نەكرێنەوە و توشی سزاو ئازار نەكرێن؟. سوێند بەخوا بێگومان ئێمە ئەوانەی پێش ئەوانمان تاقیكردۆتەوە بە جۆرەها شێوە، تا خوای گەورە _ لە جیهانی واقیعدا _ ئەوانەی ڕاستیان كردووە بیانناسێنێت و دەركەون، هەروەها درۆزنەكانیش دەبێت بناسێنێت و دەركەون). ﴿ أَمۡ حَسِبۡتُمۡ أَن تُتۡرَكُواْ وَلَمَّا يَعۡلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ مِنكُمۡ وَلَمۡ يَتَّخِذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَا رَسُولِهِۦ وَلَا ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَلِيجَةٗۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ (١٦) ﴾ التوبة: ١٦. **واته:** ("ئەی ئیمانداران" ئایا پێتان وابوو و واتان دەزانی هەروا وازتان لێدەهێنرێت "بێ تاقیكردنەوە" لەكاتێكدا هێشتا خوا دەری نەخستووە ئەوانەی جیهادیان كردووە و تێكۆشاون لە ئێوە و جگەلە خوا و پێغەمبەرەكەی و ئیمانداران كەسانی تریان نەكردووە بەجێی متمانە و ڕاز و نهێنی خۆیان، خوایش هەمیشە ئاگادارە بە هەموو ئەو كار و كردەوانەی كە ئەنجامی دەدەن "بەڵام دەیەوێت هەموو ڕاستییەكان دەركەون و بێنەڕوو").

## پێنجەم: ڕێگەچارەی ڕووپامایی و خۆنواندن

### ڕێگەچارەی ڕووپامایی یان خۆنواندن لەمانەدا خۆی دەبینێتەوە:

**١- بەبیرهاتنەوەی ئاكامە دونیایی و دواڕۆژییەكانی ڕووپامایی یان خۆنواندن:** تۆزێك پێشتر خستمانەڕوو، ئەمە كاریگەریەكی زۆری هەیە لە جوڵاندنی دڵ و دەروونی ئەوانەی دڵێكی زیندوویان هەیە یان شت دەبینن و گوێ دەگرن، دواتر دەبێتە هۆی ئەوەی ڕیابازەكە خۆی بگرێتەوە لەم دەردە، ئەم نەخۆشییە مەترسیدارە بنبڕ بكات.

**٢- دووركەوتنەوە لەو هاوەڵانەی بە ڕووپامایی و خۆنواندن ناسراون، دواتر هاوڕێیەتی كردنی كەسانی دڵسۆز و دڵساغ و ڕاستگۆ:** ئەمە ڕۆڵی هەیە لە ڕیشەكێش كردنی ئەم دەردە، و گرتنەوەی دەروون بە تەواوی لە ڕیاكاری.

**٣- بە تەواوی ناسینی خوای پەروەردگار، بەو شێوەیەی کە شایستەیەتی:** ئەم ناسینە یارمەتیدەرە بۆ ڕێز و حورمەتگرتنی خوای مەزن بەوشێوەیەی شیاوی ئەو زاتەیە، ئەمە دەبێتە هۆی خۆدارنین لە ڕیاکاری و خۆنواندن، ئینجا خۆڕازاندنەوە بە دڵسۆزی، ڕێگەی ئەم کارەش ژیان گوزەراندنە لەگەڵ قورئانی پیرۆز و سوننەتی بەپێز.

**٤- کۆششکردن لەگەڵ دەروون، تا ئەو ئارەزووانە پاك و پوختە دەبنەوە کە مرۆڤ دووچاری ڕیاکاری و خۆنواندن دەکەن:** لەو ئارەزووانەش حەزکردن لە پلە و پۆست، چاوبڕینە ئەوەی لە دەستی خەڵکدایە، حەزکردن لە پێداهەڵدان و ستایشکران لەلایەن خەڵکەوە.

**٥- نەرم و نیانی کاربەدەست و بەرپرسان لە لێپرسینەوەدا؛** چونکە نەرم و نیانی لە هەر کارێکدا بێ جوانی دەکات، لە هەر کارێکدا دابماڵرێ ئەوا ناشرینی دەکات.

**٦- پابەندبوون بە ڕەوشتی ئیسلام لە هەڵسوکەوتدا:** نە زیادەڕەوی کردن لە ڕێزگرتندا، نە کەمتەرخی نواندن و پشتگوێ خستن، بەڵکو مام ناوەندی پەیڕەو بکرێ، چاکترین هەڵسوکەوت مام ناوەندی پەیڕەو کردنە لە کاردا.

**٧- هەڵوەستەکردن لەسەر بەسەرهاتی ڕیاکاران:** ئەمە یارمەتیدەرە بۆ خۆدوورگرتن لەم دەردە، هەروەها بۆ ئەوەی ئاکامی وەك سەرەنجامی ڕیاکاران نەبێ.

**٨- بەردەوام ڕامان یان گوێگرتن لەو دەقانەی هانی مرۆڤ دەدەن لەسەر دڵسۆزی، هۆشداری دەدەن لەهەمبەر تووشبوون بە ڕیاکاری:** بێگومان سەرەتای خۆگرتنەوە و وازهێنان لە هەڵە و پابەندبوون بە ڕێگەی ڕاستەوە بە ورد و ڕۆشن بوونی دید و تێڕوانینەوە دەبێ، چونکە ئەوەی لە شتێك نەزانێ ئەوا دژایەتی دەکات، هەروەك خوای مەزن فەرمووویەتی: ﴿ بَلْ كَذَّبُوا۟ بِمَا لَمْ يُحِيطُوا۟ بِعِلْمِهِۦ وَلَمَّا يَأْتِهِمْ

تَأۡوِيلُهُۥ﴾ يونس: ٣٩. **واته:** (بەڵکو سەرەڕای ئەو هەموو بەڵگانە ئەوانە بڕوایان بە قورئان نەکردووە کە هیچ شتێکیان نەزانیووە دەربارەی، هێشتا بۆیان نەهاتووە).

**٩- لێپرسینەوەکردن لەگەڵ دەروون خاڵ بە خاڵ و هەنگاو بە هەنگاو:** دەستنیشان کردنی کەم و کورتییەکانی، ئینجا چارەسەرکردنی ئەم دەردانە.

**١٠- پەنابرن بۆ لای خوای مەزن بە تەواوی**؛ چونکە ئەوەی پەنا بۆ لای خوا ببات و پشتی پێ ببەستێت، ڕاستگۆش بێ لەم کارەیدا، خوای مەزن پشتگیری دەکات و یارمەتیشی دەدات، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ڕاستی فەرمووە کاتێك لە یەکێك لە وتارەکانیدا فەرمووی: (هۆ خەڵکینە خۆتان بپارێزن لەم جۆرە هاوبەشدانانە، لە دەنگی پێی مێروولە شاراوەترە، یەکێك وتی چۆن خۆمانی لێ بپارێزین، لە کاتێکدا لە دەنگی پێی مێروولە شاراوەترە؟ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: بڵێن: خوایەگیان؛ خۆمان دەپارێزین بە تۆ لەوەی لە شتێکدا هاوبەشت بۆ بڕیار بدەین کە دەیزانین، داوای لێخۆشبوونت لێدەکەین لەوەی کە نایزانین).

**١١- هاتنەوە یادی ئەوەی کە هەموو شتێك لە گەردووندا بە قەزا و قەدەری خوا دەچێتەڕێ:** ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمۡ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مِّن قَبۡلِ أَن نَّبۡرَأَهَآۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ٢٢﴾ الحديد: ٢٢. **واته:** (هیچ بەڵاو ڕووداوێك لە زەویدا، بۆتان پێش نەهاتووە کە لە تۆماری پارێزراودا تۆمارمان نەکردبێت، پێش ئەوەی ڕووداوەکە پێش بێت، ئەو کارەش بۆ خوا زۆر ئاسانە). **مرۆڤەکان هەر چەندە بەهێز بن و توانادار بن ئەوا دەستەوەسانن لەوەی سوودێك بهێنن بۆ خۆیان یان زیانێك لابەن لەسەر خۆیان، چ جای ئەوەی بۆ جگەلە خۆیان شتێکیان پێ بکرێت.** ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ عِبَادٌ أَمۡثَالُكُمۡۖ فَٱدۡعُوهُمۡ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لَكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ﴾ الأعراف: ١٩٤. **واته:** (بەڕاستی ئەوانەی ئێوە هاواریان لێدەکەن جگەلە خواو لێیان دەپاڕێنەوە، چەند بەندەیەکی وەك ئێوەن "هیچیان

بەدەست نییە" دە هاواریان لیّ بکەن، بابێن بەدەمتانەوە، ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن "لەو داوایەتاندا"). ﴿ إِنَّهُمْ لَن يُغْنُواْ عَنكَ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ﴾ الجاثية: ١٩. **واتە:** (ئەوانە هیچ کات فریات ناکەون و لەدەستی خوا ڕزگارت ناکەن "ئەگەر خوا لەخۆت بڕەنجێنیت و نافەرمانی بکەیت").

# دەردی نۆیەم

## شوێنکەوتنی ئارەزوو

دەردی نۆیەم کە هەندێ لە بانگخوازان تووشی دەبن، بەهۆیەوە کاری موسڵمانان داغدەبێ و زیانی پێ دەگات، بریتییە لە: شوێنکەوتنی ئارەزوو. تا تووشبووانی ئەم دەردە لێی پاك ببنەوە و ڕزگاریان ببێ لە مەترسیەکەی، مەگەر یەکێك خوا خۆی لوتفی لەگەڵ کردبێ ئەوا پێویستە هەڵوەستە بکرێ لەسەر ڕەهەند و نیشانەکانی ئەم دەردە و وێنەیەکی ڕۆشنی بۆ بخرێتەڕوو. جا بۆ ئەوەی هەڵوەستە لەسەر ئەم ڕەهەندانە بکەین، پەنجە بخەینە سەر نیشانەکانی، ووێنەیەکی ڕۆشن یان نزیکمان هەبێ سەبارەت بەم نەخۆشییە، ئەوا بەم شێوەیەی خوارەوە دەیخەینەبەر توێژینەوە:

## یەکەم: چەمکی شوێنکەوتنی ئارەزوو (إتباع الهوى):

**لە زمانەوانیدا:** مەبەست لە شوێنکەوتنی ئارەزوو ڕۆشن و ئاشکرا نابێ لە ڕووی زمانەوانیەوە مەگەر مەبەست لە وشەی (الهوى) ڕوون نەکرێتەوە، کەواتە مەبەست لەم وشەیە چییە؟، ئەم وشەیە بەم واتایانە بەکاردەبرێت، هەندێك لەو واتایانە باس دەکەین:

أ- لاربوونەوەی دەروون بۆ لای ئەو شتەی حەزی لێیەتی.

ب- ویستی دەروون لەسەر ئەو شتەی خۆشی دەوێ.

ت- خۆشویستنی شت، لە دڵدا جێگیربوونی.

لە ڕاستیدا ئەم مانایانە لە یەکتر نزیکن، ئەگەرچی گوزارشتەکان جیاواز بن، واتای یەکەم و دووەم وێنەی واتای (الهوى) دەکەن بەوەی سەرەتا تەنها حەز لێبوونێکی دڵ و دەروونیە بێ ئەوەی ئەم حەزە ببێتە شتێکی چەسپاو لە ناخدا، بەڵام واتای سێیەم لە بەشی یەکەمدا وێنەی دەکات بەوەی زاڵبوونی دڵ و حەزکردنیەتی لە شتێك دەکرێ بە کەمێك کۆشش لابچێت، بەڵام بەشی دووەم

وێنەی دەكات بەوەی بریتییە لە خۆشویستن و ئەوینێك كە زاڵبووە بەسەر دڵدا و بە ئاسانی لاناچێت مەگەر لە دوای تێكۆشانێكی زۆر و ماوەیەكی دوورو درێژ نەبێ.

لەبەر ئەوەی هەر واتایەك لە واتایەكانی (الهوى) كە باسكران دەگونجێ لە باشە یان خراپەدا بێ، ئەوا زماناسان وتویانە: ئەگەر وشەی (الهوى) بەكارهات ئەوا دیوە خراپ و سەرزەنشتكراوەكەی لێ دەردەكەوێ، دەوترێ: ئارەزوویێكی باشە، ئارەزوویێكە لەگەڵ ڕاستی یەكدەگرێ. جا ئەگەر ئێستا كە زانیمان مەبەست لە وشەی (الهوى) لە ڕووی زمانەوانیەوە چییە، ئەوا دەڵێین: **شوێنكەوتنی ئارەزوو بریتییە لە: شوێنكەوتنی ئەوەی دەروون دەیەوێ و حەزی لێیەتی.**

**لە زاراوەدا:** مەبەست لە شوێكەوتنی ئارەزوو لە زاراوەی شەرع و بانگەوازدا بریتییە لە: شوێنكەوتنی ئەوەی دەروون دەیەوێ و حەزی لێیەتی یان ملكەچبوون بۆ بڕیاری هەست و سۆز، بێ گەڕانەوە بۆ عەقڵ یان بەرنامەی خوا یاخود هەڵسەنگاندنی ئاكامەكە.

## دووەم: حەقیقەتی شوێنكەوتنی ئارەزوو لە تەرازووی ئیسلامدا:

شوێنكەوتنی ئارەزوو بە گشتی لە تێڕوانینی ئیسلامدا سەرزەنشتكراو نییە، بەڵكو بەشێكی سەرزەنشتكراوە، هەر ئەو بەشە سەرزەنشتكراوەشە لە پێناسەی زاراوەییەكەدا باسكراوە، قورئانی پیرۆزیش لەم ئایەتانەی خوارەوەدا ئاماژەی بەم بەشە كردووە: ﴿فَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلْهَوَىٰٓ أَن تَعْدِلُواْ﴾ النساء: ١٣٥. واتە: (نەكەن شوێن ئارەزووی نەفس بكەون لە دادپەروەری لابدەن). ﴿وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ ص: ٢٦. واتە: (هەرگیز شوێنی ئارەزوو مەكەوە، تا نەبێتە هۆی گومڕاكردن و لادانت لە ڕێبازی خوا). ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ ۝٣ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ ۝٤﴾ النجم: ٣، ٤. واتە: (قسەو گوفتاریشی "ئەوەی كە قورئانە" لە ئارەزوو بازی و هەواو هەوەسەوە نییە. ئەمەی كە ڕای دەگەیەنێت تەنها نیگاو وەحی خواییە). ﴿وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى

ٱلنَّفۡسَ عَنِ ٱلۡهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلۡجَنَّةَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ ﴿٤١﴾ ﴾ النازعات: ٤٠، ٤١. **واتە:** (بەڵام ئەوەی لە پایە و شکۆی پەروەردگاری ترسابێت و حسابی بۆ کردبێت و جڵەوی نەفسی گرتبێتەوە لە هەموو هەواو هەوەس و ئارەزوویەکی نادروست. بێگومان هەر بەهەشت جێگەی مانەوە و حەوانەوە و گوزەرانیەتی). ﴿ وَلَوۡ شِئۡنَا لَرَفَعۡنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخۡلَدَ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ ﴾ الأعراف: ١٧٦. **واتە:** (خۆ ئەگەر بمانویستایە ئەوە بەو ئایەت و فەرمانانە بەرزمان دەکردەوە، بەڵام ئەو خۆی چەسپان بەزەویەوە و "دەستی کرد بەدنیاپەرستی و" شوێنی ئارەزووی خۆی کەوت). ﴿ وَمَنۡ أَضَلُّ مِمَّنِ ٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ بِغَيۡرِ هُدٗى مِّنَ ٱللَّهِ ﴾ القصص: ٥٠. **واتە:** (کێ هەیە لەوە گومڕاترە کە شوێن ئارەزووەکانی خۆی کەوتبێت، دوور لە هیدایەت و ڕێنموویی خوا).

**چەندین ئایەتی دیکەش.**

**لەم فەرموودانەی پێغەمبەریشدا** (صلى الله عليه وسلم) **ئاماژەی پێدراوە: (زیرەك ئەو کەسەیە دەروونی جڵەوگیر دەکات و کار بۆ دوای مردن دەکات، دۆڕاویش ئەو کەسەیە دەروونی بداتە دەست ئارەزووەکانی و هیواشی بەخوا ببەستێتەوە).**

**(فەرمان بکەن بە چاکە و ڕێگری بکەن لە خراپە تا چڵێسیەکی زاڵبوو و ئارەزوویکی شوێن پێ هەڵگیراو و ئاینێکی کارتێکراو دەبینیت، هەروەها ئەوە دەبینین کە هەر یەکێك بە بۆچوونی خۆی سەرسامە، ئەو کاتە واز لە خەڵك بهێنە و خۆت ڕزگار بکە).**

**(کەسێکی دیکە خۆڵەمێشیە وەك گۆزە وایە فەرمان بەهیچ چاکەیەك ناکات و ڕێگری لە هیچ خراپەیەك ناکات تەنها ئەوە دەکات کە لەگەڵ ئارەزووەکەی دەگونجێ).**

**(لە ناو گەلەکەم کەسانێك دەردەکەون کە شوێن ئارەزووەکانیان دەکەون وەك چۆن سەگ شوێن خاوەنەکەی دەکەوێت).**

هەندێك بەم شێوەیە گوزارشتیان لێكردووە:

إني بليت بأربع يـــــرمينـــني     بالنيل من قوس لها توتـــــــير

إبليس والدنيا ونفسي و الهوى     يارب أنت على الخلاص قدير

واتە: من تەنگم خواردووە بە چوار شت كە لە یەك كەوانەوە بە دوای یەكدا بۆم دێن، شەیتان و دونیا و دەروونم و ئارەزوو، خوایەگیان؛ هەر تۆ توانای ڕزگاركردنی منت هەیە.

بەشێكی دیكەی شوێنكەوتنی ئارەزوو ستایشكراوە، ئەویش پەیڕەوكردنی بەرنامەی خوا و ڕێنماییەكانیەتی، ئەمەش ئەوەیە كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) مەبەستیەتی لەم فەرمایشتەیەیدا: (هیچ باوەڕدارێك ئیمانی كامڵ نابێ تا حەزو ئارەزووەكەی شوێن ئەو پەیامە نەكەوێ كە من هێناومە). هەروەها ئەمە مەبەستی عائیشە بوو (ڕەزای خوای لێبێ) كاتێك ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿ تُرۡجِي مَن تَشَآءُ مِنۡهُنَّ وَتُـٔۡوِيٓ إِلَيۡكَ مَن تَشَآءُۖ وَمَنِ ٱبۡتَغَيۡتَ مِمَّنۡ عَزَلۡتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكَ ﴾ الأحزاب: ٥١.

واتە: (هەر كامێكیان كە بتەوێت دوای بخەیت "لە هاوسەرانت" یان هەر كامێكیان نزیك بكەیتەوە، ئەوەش كە داوای ئەكەیت لەوانەی كە وازت لێ هێناون، ئەوە هیچ گوناهێكت لەسەر نییە). بە پێغەمبەری وت: ((دەبینم خوای مەزن هەردەم باری سەرشانت سوك دەكات)).

## سێیەم: هۆكارەكانی شوێنكەوتنی ئارەزوو:

### ١- ڕانەهاتن لەسەر ڕێكخستنی ئارەزووەكان لە تەمەنی منداڵیەوە:

هۆكاری یەكەمی شوێنكەوتنی ئارەزوو ڕانەهاتنە لەسەر ڕێكخستنی ئارەزووەكان لە تەمەنی منداڵیەوە، چونكە لەوانەیە مرۆڤ لە تەمەنی منداڵیەوە لەلایەن باوانیەوە هەست و سۆز و خۆشەویستییەكی زیاد لە پێویستی پێبدرێ،

بەشێوەیەك كە ئەم خۆشەویستییە كاریگەری بكاتە لەسەر گەشەپێدانی ڕێكخەرە سروشتی و شەرعییەكان، كە پێویستن بۆ ڕێكخستنی ئارەزووەكان یان پاڵنەرەكان، جا كاتێك مرۆڤ گەورە دەبێت ئەوا شوێنكەوتنی ئارەزوو و حەزەكانیشی لەگەڵیدا مەزن دەبن ئەگەر پێچەوانەی یاسا خواییەكانیش بن، چونكە هەر كەسێك لەسەر شتێك پێگەیشت ئەوا لەسەری پیر دەبێت، مەگەر كەسێك خوا ڕەحمی پێبكات.

نووسەری كتێبی (پەیڕەوی پەروەردەی ئیسلامی) وتویەتی: ئەو دایكەی هەر كاتێك منداڵەكەی گریا و ئەویش شیری پێدا، لەبەر ئەوەی بەرگەی دەنگی گریانەكەی ناگرێت یان بۆ ئەوەی بێ دەنگ بێت، ئەوا ئەم جۆرە شیر پێدانە زیان بە منداڵەكە دەگەیەنێ و یارمەتی نادات لەسەر ڕێكخستنی حەزەكانی، لە منداڵیەوە لەسەر خۆڕێكخستن ڕای ناهێنێت، بۆیە منداڵەكە كە گەورەش دەبێ فێری ڕێكخستنی ئارەزووەكانی نابێ، چەند كەس لە ئێمە بارودۆخی ژیان وای لێ كردووە بەردەوام سەرقاڵی تێكردنی حەزەكانی بێ؟ سەرباری ئەوەی موسڵمان دەبێ فێری ڕێككاری بێ لە تەمەنێكی زۆر زووەوە، لەبەر ئەوەی تێكۆشان لە پێناوی خوادا لە دەروونێكدا جێگیر نابێ كە نەتوانێ حەزو ئارەزووەكانی ڕێكبخات و بەدوایاندا دەكەوێت، جا چۆن تێكۆشان ئەنجام دەدرێ بە ڕێكخستنی دەروون، تەنانەت كاتێكی سەرقاڵ و بێ ئاگا دەبێ لە تێكۆشان لە پێناوی خوادا ئەوا ئەم ناڕێكی و شوێنكەوتنی ئارەزووە دەبێتە تاوان: ﴿ قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴾ التوبة: ٢٤. واتە: ("ئەی محەممەد (صلی الله علیه وسلم)" پێیان بڵێ: ئەگەر باوو باپیرتان و ڕۆڵە و نەوەكانتان و براكانتان و هاوسەرانتان و عەشرەت و هۆزتان و ماڵ و سامانێك كە بەدەستان هێناوە، یاخود بازرگانیەك دەترسن كە شكان و بێ بازاڕی ڕووی تێبكات و خانووبەرە و كۆشك و تەلارێك كە حەز

دەکەن لێتان تێك نەچێت و دڵخۆشن پێی، لاتان خۆشەویستترو نازدارتر بێت لە خواو پێغەمبەرەکەی و جیهاد و تێکۆشان لە پێناو ڕێبازی ئەو زاتەدا، دە ئەوە چاوەڕوان بن، هەتا خوای گەورە دێت بە فەرمانەکانیەوە و "تۆڵەتان لێ دەسێنێت"، خوای پەروەردگاریش هیدایەت و ڕێنموویی قەومی یاخی و لە سنوور دەرچوو نادات).

هەموو ئەو شتانەی ئایەتەکە باسی لێوەکردووە، ئەوا لە خودی خۆیاندا قەدەغە نین، بەڵکو کاتێك بوونەتە تاوان و گوناه کە بوونەتە هۆکاری تێنەکۆشان لە پێناوی خوادا و زاڵبوونی تای تەرازووەکەی لە دڵدا بەسەر خۆشەویستی خواو پێغەمبەر و کۆششکردن لە پێناویدا.

ڕێگەی جێگیربوون لەسەر تەرازووی خوای مەزن تەنها ڕێکخستنی ئەم ئارەزووانەیە، هەروەها پشتکردنە لە حەز و ئارەزووەکان کاتێك دەبنە ڕێگر لە نێوان مرۆڤ و ڕێگەی خوای مەزن.

ڕێکخستن توانایەکە مرۆڤ مەشقی لەسەر دەکات، نەریتێکە فێری دەبێ، هەر چەندە لە تەمەنێکی بچوکدا مەشقی لەسەر بکات ئەوا زیاتر توانای بەسەردا دەشکێت، زۆرتر لە ناخ و دەروونیدا ئامادەیی دەبێ کاتێك پێشهاتەکان ڕووبەڕووی ئەو دەبنەوە.

### ٢- دانیشتن و هاوڕێیەتی کردنی ئەوانەی شوێنی ئارەزووەکانیان کەوتوون:

لەوانەیە هۆکاری دووەمی شوێنکەوتنی ئارەزوو، بریتی بێ لە: دانیشتن و هاوڕێیەتی کردنی ئەوانەی شوێنی ئارەزووەکانیان کەوتوون، لەبەر ئەوەی هەست و سۆز یان پاڵنەرەکان بە دانیشتن و هاوڕێیەتی ماوە درێژ گەشە دەکات، بەم پێیە هەر کەسێك زۆر دابنیشێ و بەردەوام هاوڕێیەتی ئەو کەسانە بکات کە شوێنی ئارەزووەکانیان کەوتوون، ئەوا بێگومان کاریگەر دەبێ بە حاڵ و دۆخی ئەوان، بەتایبەت ئەگەر کەسایەتیەکەی لاواز بوو و ئامادەیی کاریگەربوونی هەبوو بەو کەسانە.

پێشینان (ڕەزای خوایان لێبێ) چاك لەم هۆكارە گەیشتوون، بۆیە زۆر هۆشداریان داوە لە دانیشتن لەگەڵ ئەوانەی شوێن ئارەزووەكانیان كەوتوون و تەنانەت هەڵسوكەوت كردن لەگەڵیان، لە ئەبو قلابەوە هاتووە كە وتویەتی: (... لەگەڵ ئەوانە دامەنیشن كە شوێن ئارەزووەكانیان كەوتوون، مشتومڕیشیان لەگەڵ مەكەن، من دڵنیانیم لەوانەیە بتانخەنە ناو گومڕایی خۆیان یان ئەوەی دەزانن لێتان بشێوێنن).

لە حەسەن و ئیبن سیریەوە هاتووە كە وتویانە: (لەگەڵ ئەوانەی شوێنی ئارەزووەكانیان كەوتوون دامەنیشن و مشتومڕ نەكەن و گوێیان بۆ نەگرن).

## ٣- لاوازی ناسینی خوا و دوارۆژ بەشێوەیەكی ڕاستەقینە:

هۆكاری سێیەمی شوێنكەوتنی ئارەزوو لاوازی ناسینی خوا و دوارۆژە بەشێوەیەكی ڕاستەقینە، چونكە ئەوەی لاواز بێ لە ناسینی خوادا، لەوەی كە تەنها پەروەردگار خاوەن بڕیارە، گەڕانەوە هەر بۆ لای ئەوە، خێراترینە لە لێپرسینەوەدا، هەروەك خوای مەزن لەبارەی خۆی دەفەرموویێت: ﴿أَلَا لَهُ ٱلۡحُكۡمُ وَهُوَ أَسۡرَعُ ٱلۡحَٰسِبِينَ﴾ الأنعام: ٦٢. واتە: (ئاگاداربن كە حوكم و فەرمانڕەوایی هەر بەدەست ئەوە و ئەو زاتە خێراو لەماوەیەكی كەمدا لە هەمووان دەپرسێتەوە). جا كەسێك ئاوا بێ ئەوا ڕێزی خوای پەروەردگاری بەوشێوەیە ناگرێ كە شایستەیە، دواتر هەرچی بیەوێت دەیكات بێ گوێدانە ئەوەی كە ئایا خوا توڕە دەكات یان ڕازی دەكات، دەبێتە هۆی ڕزگاربوون یاخود لە ناوچوونی خۆی.

خوای مەزن سەرنجی بۆ ئەم پاڵنەرە ڕاكێشاوە، كاتێك قسە دەكات لەبارەی گومڕایان و بەدرۆخەرەوانی پەیامی خوا، ئەوەش ڕوون دەكاتەوە كە هۆكاری گومڕایی ئەوانە و باوەڕ نەهێنانیان دەگەڕێتەوە بۆ نەناسینی خوا بەشێوەیەكی ڕاستەقینە و شایستە، دواتر ڕێزو حورمەت نەگرتنی پەروەردگار بەوشێوەیەی پێویستە، خوای پاك و بەرز دەفەرموویێت:

﴿ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ إِذْ قَالُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٍ مِّن شَىْءٍ ﴾ الأنعام: ٩١. **واتە:** (وەكو پێویست قەدری خوایان نەگرت، ڕێزیان بۆ دانەنا، چونكە وتیان: خوا هیچ كتێبێكی بۆ هیچ كەس دانەبەزاندووە). ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسْتَمِعُواْ لَهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخْلُقُواْ ذُبَابًا وَلَوِ ٱجْتَمَعُواْ لَهُۥ ۖ وَإِن يَسْلُبْهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيْـًٔا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ ﴾ الحج: ٧٣. **واتە:** (ئەی خەڵكینە: نموونەیەك هێنراوەتەوە چاك گوێی بۆ بگرن" بەڕاستی ئەوانەی كە هاناو هاواریان لێدەكەن لەجیاتی خوا، هەرگیز ناتوانن تاكە مێشێك دروست بكەن، هەرچەندە بۆ ئەو كارە كۆببنەوە و "یارمەتی یەكتریش بدەن" و ئەگەر مێشەكە شتێكیان لێ بفڕێنێت، ناتوانن لێی بسەننەوە، داواكار و داوالێكراو هەر دووكیان لاواز و بێ دەسەڵاتن). ﴿ قُلْ أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ تَأْمُرُوٓنِّىٓ أَعْبُدُ أَيُّهَا ٱلْجَٰهِلُونَ ﴿٦٤﴾ وَلَقَدْ أُوحِىَ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٦٥﴾ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعْبُدْ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٦٦﴾ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطْوِيَّٰتٌۢ بِيَمِينِهِۦ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾ الزمر: ٦٤ - ٦٧. **واتە:** (ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بڵێ: ئەی نەفامان، دەتانەوێت و فەرمانم پێدەكەن كەجگە لە خوا شتی تر بپەرستم؟!. سوێند بەخوا با دڵنیابن كە وەحی و نیگا نێردراوە بۆ تۆ و بۆ ئەوانەی پێش تۆش: ئەگەر هاوەڵگەر بیت و شەریك بۆ خوا بڕیار بدەیت كار و كردەوە چاكەكانیشت پووچە و دەچیتە ڕیزی خەسارەتمەند و زەرەرمەندانەوە. نەخێر بەگوێیان مەكە، كەواتە هەر تەنها خوا بپەرستە و لە دەستەی سوپاسگوزاران بە. خوانەناسان" قەدری خوایان وەك پێویست نەگرت، ڕێزیان بۆ دانەنا، بەمەرجێك هەر هەموو گۆی زەوی پڕ مشتێكی قودرەتی ئەو زاتەیە لە ڕۆژی قیامەتدا، ئاسمانەكانیش بەدەستی قودرەتی ڕاست و دروستی خوا پێچراوەن "ئاماژەیە بۆ دەسەڵاتی بێ سنووری ئەو زاتە"، پاكی و

بێگەردی و بڵندی بۆ ئەو پەروەردگارە مەزنەی شایستەی ئەوە نییە نەفامان هاوەڵی بۆ بڕیار بدەن و قەدری نەزانن).

## ٤- کەمتەرخەمی ئەوانی تر لە ئامۆژگاری کردنی ئەوەی شوێنی ئارەزووەکانی کەوتووە:

هۆکاری چوارەمی شوێنکەوتنی ئارەزوو، بریتییە لە کەمتەرخەمی ئەوانی تر لە ئامۆژگاری کردنی ئەو کەسەی شوێنی ئارەزووەکانی کەوتووە، لەبەر ئەوەی ئارەزووبازەکە کاتێك دەبینێ دەوروبەری دۆخەکەی ئەو بە باشدادەنێن یان بەهیچ شێوەیەك نکۆڵی لێ ناکەن و بێ دەنگن، ئەوا بەردەوام دەبێ لە ئارەزووبازیەکەیدا، تا ئارەزووەکان بە تەواوی زاڵدەبن بەسەر دڵ و دەروون و هەڵسوکەوت و ڕەوشتەکانی.

لەوانەیە ئەمەبێ نهێنی جەختکردنەوەی ئیسلام لەسەر ڕێگەگرتن لە شتە خراپەکان و بێ دەنگ نەبوون لە ئاستیدا، بەڵام بەشێوازێکی گونجاو، بەردەوام جار دوای جار هەوڵی قەدەغەکردنی بدرێ، چونکە کردنی خراپە زۆربەی لە شوێنکەوتنی ئارەزوو سەرچاوەی گرتووە، جا خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ آل عمران: ١٠٤. **واتە:** (پێویستە لە ئێوە ئومەتێك پێك بێت، یاخود با هەمووتان ئومەتێك بن كە بانگەواز بكەن بۆ خێر و چاكە، فەرمان بدەن بەهەموو كارێكی باوو دروست، قەدەغەی هەموو نادروستییەك بكەن، ئا ئەوانە هەر سەرفرازن).

﴿ ادْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ ۖ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ﴾ النحل: ١٢٥. **واتە:** ("ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، ئەی ئیماندار" بانگەواز بكە بۆ لای بەرنامە و ڕێبازی پەروەردگارت بەحیكمەت و دانایی "بۆ هەندێك" و ئامۆژگاری جوان و بەجێ "بۆ هەندێكی تر" و گفتوگۆ و موجادەلە بەجوانترین شێوە "لەگەڵ هەندێكی

تردا بە تایبەتی خاوەن كتێبەكان"). ﴿ وَعِظْهُمْ وَقُل لَّهُمْ فِىٓ أَنفُسِهِمْ قَوْلًۢا بَلِيغًا ﴾ النساء: ٦٣. واتە: (ئامۆژگاریان بكە و قسەی بەپێزی وایان پێ بڵێ كە بەقوڵایی دەروونیاندا بچێتە خوارەوە و بیانهەژێنێت).

تەنانەت لەوانەیە ئەمەبێ نهێنی سوربوونی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەسەر خۆدوورگرتن لەوانەی ئارەزووبازیان تێدا بەدی دەكرێ، زۆر هەڵسوكەوت نەكردن لەگەڵیان، بەڵكو تۆبە بكەن یان یادی خوایان بیربێتەوە.

لە عەبدوڵای كوڕی كەعبەوە هاتووە كە وتویەتی: گوێبیستی كەعبی كوڕی مالیك بووم، باسی بەسەرهاتی دواكەوتنی خۆیانی دەكرد لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە جەنگی تەبوك و وتی: پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ڕێگری لە موسڵمانان كرد قسە لەگەڵ هەر یەكێك لەو سێیانەمان بكەن، تا ماوەیەكی زۆری پێچوو، ڕۆیشتمە لای دیواریماڵی ئیبن قەتادە، كە ئامۆزامە، سڵاوم لێكرد، سوێند بەخوا وەڵامی سڵاوەكەی منی نەدایەوە. ئینجا بەسەرهاتی تۆبەكەی گێڕایەوە.

هەروەها لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێبێت) هاتووە: كە وشتری سەفیەی كچی حیی نەخۆش كەوت، زەینەب وشترێكی زیادەی هەبوو، پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) پێی فەرموو: وشترێك بدە بە سەفیە، زەینەب وتی: بدەمە ئەم جولەكەیە؟ بەهۆی ئەم قسەیە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) توڕەبوو و بە درێژایی ماوەی مانگی (زولحیجە و موحەڕەم و بەشێك لە مانگی سەفەر) نەڕۆیشتە لای زەینەب.

لە عەمماری كوڕی یاسرەوە هاتووە، وتویەتی: ڕۆیشتمە لای خانەوادەكەم، دەستەكانم شەق ببوون، بە زەعفەران منیان داپۆشی، بەیانی ڕۆیشتمە لای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و سڵاوم لێكرد، ئەویش وەڵامی دامەوەو وتی: (بڕۆ خۆت بشۆ و ئەمە لەسەرت لابدە).

## ٥- خۆشویستنی دونیا و لەبیركردنی دواڕۆژ:

هۆكاری پێنجەمی شوێنكەوتنی ئارەزوو بریتییە لە خۆشویستنی دونیا و لەبیركردنی دواڕۆژ، چونكە هەر كەسێك دونیای خۆشویست، ڕۆژی دوایی لەبیركرد، ئەوا لەناخیدا هەستێكی وای لەلا دروست دەبێت كە بە پەلە پەل بەدوای جێبەجێكردنی ئەوەدا بڕوات كە ئەم خۆشەویستیە دەیسەپێنێت، ئەگەر پێچەوانەی پەیڕەوی خوای مەزنیش بێت، ئەمەش خودی شوێنكەوتنی ئارەزووە، خوای پایەبەرز سەرنجی بۆ ئەم هۆكارە ڕاكێشاوە لەم فەرمایشتەیدا: ﴿إِنَّ الَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا وَرَضُوا بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاطْمَأَنُّوا بِهَا وَالَّذِينَ هُمْ عَنْ آيَاتِنَا غَافِلُونَ﴾ يونس: ٧، ٨.

واتە: (بەڕاستی ئەوانەی كە بەتەمای ئامادەبوونی بەر بارەگای ئێمە نین و "باوەڕیان پێی نییە" و ڕازی بوون بەژیانی ئەم دنیایە و دڵنیا بوون پێی و دڵیان پێی خۆشبوو و ئەوانەش كە خۆیان غافڵ و بێ ئاگان لە ئایەت و نهێنی دروست كراوەكانی ئێمە، "سەرنجی نادەن و بیری لێناكەنەوە").

هەروەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئاماژەی پێداوە: (زیرەك ئەو كەسەیە دەروونی جڵەوگیر دەكات و كار بۆ دوای مردن دەكات، دۆڕاویش ئەو كەسەیە دەروونی بداتە دەست ئارەزووەكانی و هیواشی بەخوا ببەستێتەوە).

## ٦- شارەزانەبوون لەو ئاكامانەی بەهۆی شوێنكەوتنی ئارەزووەوە پەیدا دەبن:

هۆكاری شەشەم بۆ شوێنكەوتنی ئارەزوو بریتییە لە شارەزانەبوون لەو ئاكامانەی لەسەر شوێنكەوتنی ئارەزوو پەیدادەبن، لەبەر ئەوەی هەر كەسێك بێ ئاگابێ لە قەدەغەیەك لە قەدەغەكراوەكان ئەوا دەكەوێتە ناویەوە بێ ئەوەی بزانێ یان باكی پێ هەبێ.

لەوانەیە ئەمەبێ نهێنی بایەخدانی خوای یاسادانەر و دانا بە یادخستنەوەی ئاكامی قەدەغەكراوەكان، هەروەك زیاد لە جارێك ئاماژەمان پێكردووە.

## چوارەم: جێكەوتەكانی شوێنكەوتنی ئارەزوو:

**شـوێنکەوتنی ئـارەزوو جێکـەوتی زیانبـەخش و ئاکـامی لەناوبـەری هەیـە، چ لەسەر بانگخوازان یان کاری موسڵمانان، ئەمەش ئەو شوێنەوارانەن:**

**أ- جێكەوتەكانی شوێنكەوتنی ئارەزوو لەسەر بانگخوازان:**

١ **–گوێڕایەڵ نەبوون لە ناخ و دەروونـدا:** لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی شوێنی ئارەزووەکەی کەوتووە، لە ناخ و دەروونیدا خۆی پێ لەوە گەورەترە کە گوێڕایەڵی جگەلەخۆی بکات، جا بەدیهێنەربێ یان بەدیهێنراو، ئەمەش بەهۆی چەسپان و جێگیربوونی ئارەزوو لە ناخدا، زاڵبوونیەتی بەسەر دەروونیدا، بۆیە بووەتە دیلی حەزەکان، ئەمەش هانیداوە بۆ لەخۆبایی بوون و لوتبەرزی، خوای گەورە دوو "دڵ"ی بە هیچ کەسێك نەبەخشیوە، یان گوێڕایەڵی پەروەردگاری دەبێ یاخود ملکەچی ئارەزووەکانی و شەیتان دەبێ، ئارەزووبازەکە گوێڕایەڵی خوا نییە، کەواتە تەنها ئەوە ماوەتەوە کە شوێنکەوتووی ئارەزووەکانی بێت.

٢- **نەخۆشکەوتنی دڵ، ئینجا ڕەقبوون و مردنی:** لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی شوێنی ئارەزووەکەی دەکەوێت لە تۆقی سەرەوە تا بەری پێی لە تاوان و گوناهدا ڕۆچووە، ئەمەش کاریگەری زۆر مەترسیداری لەسەر دڵ هەیە، کە دەبێتە هۆی نەخۆشکەوتنی دڵ، دواتر ڕەقبوون یان مردنی دڵ، هەروەك پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: (ئیماندار کاتێك گوناهێکی کرد ئەوا نوختەیەکی ڕەشی لەسەر دڵی دروست دەبێت، جا کە تۆبەی کرد و خۆی داماڵی لە گوناه و داوای لێبوردنی لە خوا کرد ئەوا پاك دەبێتەوە، بەڵام گەر گوناهی زیاد کرد، خاڵە ڕەشەکە زیاد دەبێت تاکو هەموو دڵی دادەگرێت و دادەپۆشێت، ئەمەیە ئەو ژەنگەی خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ باسی کردووە:﴿ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴾ واتە: (بەڵكو دڵیان ژەنگی هێناوە وچڵكی گوناه دای پۆشیوە لەسەرەنجامی ئەو كاروكردەوانەی دەیان كرد)[١]. ئەگەر دڵ مرد کە ناواخن و کرۆکی مرۆڤە، ئەی ئەو

(١) ئەحمەد و خاوەن سونەنەکان هێناویانە.

مرۆڤە چی بۆ دەمێنێتەوە؟! بێگومان تەنها بەز و گۆشتی بۆ دەمێنێتەوە، یان جوانتر بڵێین تەنها لایەنە گڵ و قوڕینەکەی بۆ دەمێنێتەوە کە لایەنێکی نزم و بێ قیمەتە لە تەرازووی خوادا، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ڕاستی فەرمووە: (خوای گەورە نا ڕوانێتە وێنە و سامانتان، بەڵکو دەڕوانێتە دڵ و کردەوەکانتان).

٣- **بەچاوێکی کەم ڕوانینە گوناه و تاوان:** لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی شوێنی ئارەزووەکانی کەوتووە دڵی ڕەق بووە و مردووە، هەروەك خستمانەڕوو، کاتێکیش دڵ وایلێدێت ئەوا بە چاوێکی کەم دەڕوانێتە گوناه و تاوان، هەروەك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: (باوەڕدار گوناهەکانی دەبینێ وەك ئەوەی لە ژێر چیایەك دانیشتووەو دەترسێ بەسەریدا بکەوێت، گوناهباریش گوناه و تاوانەکانی دەبینێ وەك ئەوەی مێشولەیەك بێ و لە بەردەم لوتیدا تێپەڕبێ). بەکەم سەیرکردنی گوناه و سەرپێچیەکان خود تیاچوون و زیانێکی ڕوون و ئاشکرایە.

٤- **بێ کەڵکی ئامۆژگاری کردن:** لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی شوێن ئارەزووەکانی کەوتووە سواری کەللەسەری خۆی بووە و بووەتە بەندەی ئارەزووەکانی، کەسی وا چۆن وەڵامی ئامۆژگاری دەداتەوە یان سوودی لێوەردەگرێ؟! خێر لە گەلێکدا نییە ئامۆژگاری یەکتر نەکەن و ئامۆژگاری قبوڵ نەکەن: ﴿ فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَكَ فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَآءَهُمْ ﴾ القصص: ٥٠. واتە: (خۆ ئەگەر بەدەم بانگەوازی تۆوە نەهاتن "واتە نەیانتوانی کتێبی تر بهێنن"، ئەوە چاك بزانە کە ئەوانە هەر شوێنی ئارەزووی خۆیان دەکەون).

٥- **داهێنانکردن لە ئاینی خوادا:** کەسی ئارەزووباز وەك هەر کەسێکی دیکە حەز دەکات خۆی و بوونی خۆی بسەلمێنێت، ڕازیش نابێ پەیڕەوی خوا ڕێگەیەك بێ بۆ بەرپاکردنی ئەم حەزەی، تەنها ئەوەی لەبەردەم دەمێنێ کە پەیڕەوێکی تازە دابهێنێ کە بگونجێ لەگەڵ هەواو هەوەسەکەی، حەمادی کوڕی سەلەمە دەڵێت: (شێخێکی شیعە کە تۆبەی کردبوو بۆی باسکردم و وتی: ئێمە کۆدەبووینەوە ئەگەر

شتێکمان بە باش زانیبا ئەوا دەمانکردە فەرمووده). داهێنان لە ئایندا گومڕاییە، هەموو گومڕاییەکیش لە ئاگردایە، هەروەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێت: (خۆتان بپارێزین لە شتە داهێنراوەکان لە ئایندا، چونکە هەر داهێنراوێك لە ئایندا گومڕاییە). (پاشان؛ بێگومان چاکترین قسە کتێبی خوایە، باشترین ڕێنوێنی ڕێنمایی پێغەمبەرە، خراپترین شت، ئەوەیە کە لە ئایین داهێنراوە، هەموو داهێنراوێکیش لە ئایندا گومڕاییە).

٦- **سەرگەردانبوون و ڕێنوێنی نەکران بۆ سەرڕێی ڕاست:** لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی شوێنی ئارەزووەکانی کەوتووە بەهۆی حەز و ئارەزووەکانی پشتی هەڵکردووە لە سەرچاوەی هیدایەت و ڕێنوێنی خوا، جا لە کوێوە پشتیوانی خوایی بۆی دێت، ڕێنوێنی دەکرێ بۆ سەر ڕێی ڕاست؟ خوای مەزن ڕاستی فەرمووە: ﴿ أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴾ الجاثية: ٢٣. **واتە:** (ئایا مەگەر نەتبینیوە ئەو کەسەی کە ئارەزوو هەوەسی خۆی دەکاتە خوای خۆی و شوێنی دەکەوێت؟! هەرچەندە زانست و زانیاریشی هەبێت، هەر خوا گومڕای کردووە لە ئەنجامی بەدهەڵوێستی خۆیدا وە مۆری ناوە بە دەزگای بیستن و دڵ و دەرونیدا، پەردەی هێناوە بەسەر چاو و دەزگای بینینیدا، جا ئیتر کێ هەیە جگە لە خوا هیدایەت و ڕێنمویی بکات، ئایا بیر ناکەنەوە و یاداوەری وەرناگرن و هۆش ناکەنەوە "بۆ ئەوەی شوێن بەرنامەی خوا بکەون؟").

٧- **گومڕاکردنی کەسانی دیکە و دوورخستنەوەیان لە ڕێگەی ڕاست:** ئەم شوێنەوارە خراپانە تەنها زیانیان بۆ ئەو کەسە نابێ کە شوێن ئارەزووەکەی کەوتووە، بەڵکو زۆر جار زیانەکەی دەپەڕێتەوە بۆ سنووری ئەوانی دیکەش، بەتایبەت کە دوورکەوتنەوە لە ڕێگەی ڕاست ئاسان و حەزلێکراوە، خوای پایەبەرز ئاماژەی بۆ ئەم شوێنەوارە کردووە: ﴿ وَإِنَّ كَثِيرًا لَّيُضِلُّونَ بِأَهْوَآئِهِم بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾ الأنعام:

١١٩. **واتە:** (بەڕاستی زۆربەیان خەڵکی سەرگەردان و گومڕا دەکەن بەهۆی ئارەزووەکانیانەوە نەك بەهۆی زانستەوە).

٨- **ڕۆیشتن بەرەو دۆزەخ و خراپترین چارەنووس:** لە کۆتاییدا هەر کەسێك سزادرا بە هەموو شوێنەوارەکانی پێشووتر کە خسمانەڕوو، ئەوا جێگاکەی دۆزەخ دەبێت، خوای مەزنیش ڕاستی فەرمووە: ﴿ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ﴿٣٧﴾ وَءَاثَرَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ﴿٣٨﴾ فَإِنَّ ٱلۡجَحِيمَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ ﴿٣٩﴾ ﴾ النازعات: ٣٧ - ٣٩. **واتە:** (جا ئەوەی خوانەناس و یاخی و لە سنوور دەرچوو بێت. ژیانی دنیای زیاتر لە قیامەت مەبەست بووبێت. ئەوە بێگومان ئەو دۆزەخە جێگەی مانەوە و حەوانەوەیەتی!!).

**ب- جێکەوتەکانی شوێنکەوتنی ئارەزوو لەسەر کاری موسڵمانان:**

**جێکەوتـــەکانی شـــوێنکەوتنی ئـــارەزوو لەســـەر کـــاری موســـڵمانان گەلێك زۆرن، چەند شوێنەوارێکی لێ باس دەکەین:**

١- **لاوازی بەدەستهێنانی پشتیوانان:** کاری موسڵمانان ئەگەر لەسەر شانی کەسانی ئارەزووباز بەڕێوەچوو، یان کەسانێك لە ناویدابوون کە شوێنی هەواو هەوەسان کەوتبوون، ئەوا بەمە دەرگا دادەخات بەڕووی هاتنی لایەنگرو پشتیوانی تازە، چونکە هیچ ڕێبەرو پێشەنگێکی تێدا بەدی ناکات کە پێی سەرسام ببێ و وایلێ بکات بهێتە ناویەوە، گیان و سامانی خۆی ببەخشێت لە پێناو سەرخستنی ئەم کارە و بەرەوپێشبردنی، ئەمەش وادەکات ڕێگاکە درێژتر ببێتەوەو تێچووەکان زیاتر ببن.

٢- **پەرتکردنی یەکڕیزی:** ئەگەر کەسانی شوێنکەوتووی ئارەزوو لە ناو ڕیزی کاری موسڵماناندا بوون، ئەوا دەبنە هۆی پەرتکردنی ڕیزەکان، بەهۆی لاوازی پابەندیان یاخود گوێڕایەڵ نەبوونیان، کاتێك ئەم ڕیزپەرتبوونە ڕوودەدات، ئەوا کاری موسڵمانان دەبێتە پارویێکی چەور لە ناو دەمی دوژمناندا.

سوێند بەخوا ڕیزپەرت بوون گرنگترین شتە کە ئەمانە هەوڵی بۆ دەدەن، تا دەبێتە ڕاستیەکی بەرجەستەکراو لە زەویدا، ئەو کات بەهۆی ئەمەوە دەتوانن گورزی خۆیان لە کاری موسڵمانان بوەشێنن یان بەلایەنی کەمەوە لەباری ببەن و بۆ ماوەی دەیان ساڵ بیگێڕنەوە دواوە.

٣- **بێبەشبوون لە یارمەتی و پشتیوانی خوایی:** لەبەر ئەوەی یاسای خوا لە بەدیهێنراوانیدا وادەخوازێ یارمەتی و پشتیوانی نەدا بە هیچ یەکێك مەگەر کەسەکە شایستەبێ، کە شایستەبوو پایەدار دەکرێن، هەروەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ﴾ الحج: ٤١. واتە: (ئەوانەی کە ئەگەر پایەدارمان کردن لە زەویدا نوێژ و دروشمەکانی بەچاکی ڕادەگرن، زەکاتیش بەتەواوی دەدەن، فەرمان بەچاکە دەکەن، ڕێگری لە خراپە دەکەن).

بەڕاستی ئامۆژگاریەکانی عومەر بۆ سەرکردە سەربازیەکانی موسڵمانان و جەنگاوەرکان لە سەروبەندی کرداری ڕزگاریخوازی ئیسلامی لە گوێچکەکاندا دەزرنگێتەوە، هەروەك بە سەعدی کوڕی ئەبو وەقاسی وت کاتێك کردیە کاربەدەستی عێراق:

ئەی سەعدی کوڕی وەهیب نەکەی بێ ئاگابی لەخوای پەروەردگار، ئەگەر وترا خاڵ و هاوەڵی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم)، خوا خراپە بە خراپە ناسڕێتەوە، بەڵکو خراپە بە چاکە دەسڕێتەوە، پەیوەندی لە نێوان خوا و هیچ بەندەیەکدا نییە مەگەر بە گوێڕایەڵی کردنی ئەو نەبێت، کەسی دەوڵەمەند و بەهێز و هەژار و لاواز لای خوا وەك یەکن، خوا پەروەردگاری ئەوانە، ئەوانیش بەندەی خوان، بە لە خواترسان پلەیان جیاوازە، چاو لە ژیاننامەی پێغەمبەری خوا بکە کە بینیوتە هەر لە سەرەتای ڕەوانەکرانی تا کۆچی دوایی کردنی و پێیەوە پابەندبە، ئەمە فەرمان و ئامۆژگاری منە بۆ تۆ، ئەگەر پشتی تێبکەیت کردەوەکانت پوچەڵ دەبنەوە و لە زیانمەندان دەبیت.

هەروەك نامەیەکی بۆ سەعد و سەربازەکانی نووسی: پاشان؛ فەرمان بە تۆ و سەربازەکانت دەکەم لە هەموو دۆخێکدا لە خوابترسن، چونکە لەخواترسان چاکترین تێشووە لە دژی دوژمن، بەهێزترین پلانە لە جەنگدا. فەرمان بە تۆ و جەنگاوەرەکانت دەکەم چەند خۆتان لە دوژمن دەپارێزن، ئەوا زیاتر لەوە خۆتان لە گوناه و تاوان بپارێزن، چونکە تاوانی لەشکر مەترسیدارترە لە دوژمنەکەی لەسەر لەشکرەکە، موسڵمانان بە تاوانی دوژمنانی خوا بەسەر دوژمنەکانیان سەردەکەون، ئەگەر وانەبووبا ئەوا توانامان بەسەر ئەواندا نەدەشکا، چونکە ژمارە و زەخیرەمان وەك ئەوان نییە، ئەگەر لە تاوانکاریدا وەك ئەوان بووین، ئەوا لە هێزدا ئەوان بەسەرماندا زاڵ دەبن، ئەگەر بەسەریشیاندا سەربکەوین بەهۆی هێز نییە بەڵکو بەهۆی چاکەکاریمانە، بزانن لە ڕێی ڕۆیشتنتاندا چەند نووسەرێك دانراون لەسەرتان لەلایەن خواوە، ئەوە دەنووسن کە ئێوە دەیکەن، جا شەرمیان لێ بکەن، سەرپێچی خوا نەکەن لە کاتێکدا لە پێناوی ئەودا تێدەکۆشن، مەشڵێن دوژمنمان لە ئێمە خراپترە و بەسەر ئێمەدا زاڵ نابێ، لەوانەیە گەلێك دوژمنێکی خراپتر لەو بەسەریدا زاڵببێ، هەروەك بێ باوەڕە ئاگرپەرستەکان بەسەر جولەکەکان زاڵبوون، کاتێك سەرپێچی خوایان کرد، ئەمە بەڵێنی خوایە و جێبەجێ دەبێ، داوای یارمەتی خوا بکەن بۆ زاڵبوون بەسەر ناختاندا، هەروەك داوای سەرکەوتنی لێدەکەن بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمنتاندا، دوای ئەمە لە خوا بکەن بۆ ئێمە و بۆ خۆتان.

## پێنجەم: ڕێگەچارەی شوێنکەوتنی ئارەزوو:

**تا شوێنکەوتووانی ئارەزوو ناخی خۆیان تیمار بکەن و بیخەنەسەر ڕێگای ڕاست، ئەوا دەبێ ئەم هەنگاوانەی خوارەوە پیادە بکات:**

١- **یادخستنەوەی ئاکام و شوێنەوارەکانی شوێنکەوتنی ئارەزوو لەسەر بانگخوازان و کاری موسڵمانان:** ئەمە ڕۆڵێکی مەزنی هەیە لە پاك

کردنەوەی دەروون لە ئارەزووە سەرکەشەکان و ئەو حەزانەی سەرپێچی بەرنامەی خوا و پێغەمبەرەکەی دەکەن.

٢- **وازهێنان لە دانیشتن و هاوڕێیەتی کردنی ئەوانەی شوێنی ئارەزوو کەوتوون، لەگەڵ ڕۆیشتنە باوەشی کەسانی چەسپاو لەسەر ڕێی ڕاست و پیاوچاکان:** ئەمە یارمەتیدەر دەبێ لەسەر ئازادکردنی دەروون لەوەی بکەوێتە داوی حەز و ئارەزووەکانی.

٣- **ناسینی خوای باڵادەست و پایەبەرز بەو شێوەیەی شایستەی ئەوە:** ئەمە خۆشەویستی و شکۆداری خوا لە ناخدا جێگیر دەکات، وادەکات دەروون ملکەچی فەرمان و بڕیارەکانی بێ و پەیڕەویان بکات، خۆیشی بگرێتەوە لە هەر شتێك کە ڕێگری لێکردووە، تەنانەت هەستکردن بە چاودێری کردنی خوا بۆ ئەو و ترسان لە خوا و حەزکردن لە بەهەشت و ڕەزامەندی خوا و ترسان لە سزاو ئاگری دۆزەخ گەشەپێدەدات لە مرۆڤدا.

٤- **کەسانی تر دەوری ئەو کەسە بدەن کە ئارەزووبازە و چاودێری بکەن:** جارێکیان بە ئامۆژگاری کردنی بەپێی ڕێوشوێنی گونجاو، جارێکی تریان بە ئەنجامدانی هەڵسوکەوتی هەرە جوان لە بەردەمیدا، کەڕەتێکی تر بە سەرزەنشتکردن و سەرکۆنەکردن، کەڕەتێکی دیکە بە دوورکەوتنەوە لێی و پەیوەندی لەگەڵ پچڕاندن، چەندین شێوازی دیکە لە شێوازەکانی چاودێری و ڕاستکردنەوە.

٥- **هەڵوەستەکردن لەسەر بەسەرهاتی ئەوانەی شوێنی ئارەزووەکانیان کەوتوون و ئاکامەکانیان:** جا موسڵمان بووبن یان نا. ئەمە وادەکات ناخ بێزی ببێتەوە لەوەی کە توخنی ئارەزووبازی بکەوێت، تا نەبێتە قسەی سەر هەموو زمانێك، تا ئەو سزایەی بەسەر پێشیناندا هاتووە بەسەر ئەویشدا نەهێت.

٦- **هەڵوەستەکردن لەسەر چیرۆکی ئەوانەی ناسراون بە کۆششکردن لەگەڵ ناخ و هەواو هەوەسیان و جڵەوگیرکردن و پابەندکردنی بە سنوورەکانی خوا:** وەك: (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، حەسنی بەسڕی، محەممەدی کوڕی سیرین، فوزەیلی کوڕی عیاز، عەبدوڵای کوڕی عیاز)، جگەلەوانیش، ئەمە مانای شوێن پێهەڵگرتنیانە یان بەلایەنی کەمەوە خۆچواندن بەوان.

٧- **هۆشداریدان لە پاڵدانەوە بە دونیا و ئاسوودەبوون پێی لەگەڵ بەسترانەوەی توونده بە دواڕۆژەوە:** بەشێوەیەك کە موسڵمان هەوڵی بەدەستهێنانی ئەوە بدات کە خوای بۆی داناوە لە دواڕۆژدا، بەشی خۆشی لە دونیادا لە بیر نەکات، ئەگەرنا دواڕۆژ بەسەر دونیادا پێش بخات.

٨- **تەواو پشت بەستن بە خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ** چونکە پەروەردگار یارمەتی ئەو کەسە دەدات کە پەنای بۆ ببات و داوای یارمەتی و ڕێڕوونی لێ بکات، خوای مەزن ڕاستی فەرمووە لە فەرموودەی قودسیدا: (ئەی بەندەکانم هەمووتان گومڕان، تەنها ئەوە نەبێ ڕێنوێنیم کردووە، کەواتە داوای ڕێنوێنیم لێ بکەن، منیش ڕێنوێنیتان دەکەم).

٩- **کۆششکردن لەگەڵ دەروون:** زۆرلێکردنی لەسەر ڕزگاربوون لە هەواو هەوەس و ئارەزووەکانی بەر لەوەی ڕۆژێك بێت کە هیچ کەسێك هیچی بەدەست نییە، ئەو کات فەرمان و بڕیار تەنها هی پەروەردگارە.

١٠- **یادخستنەوە بەوەی بەختەوەری و حەسانەوەو سەرکەوتن، لە شوێنکەوتنی بەرنامەی خوادایە، نەك لە شوێنکەوتنی ئارەزووەکانی دەروون:** خوای پەروەردگار ڕاستی فەرمووە: ﴿ فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَایَ فَلَا یَضِلُّ وَلَا یَشۡقَىٰ ﴿١٢٣﴾ ﴾ طه: ١٢٣. واتە: (ئەوەی شوێنی بەرنامەکەم بکەوێت، نەگومڕا دەبێت، نە ناخۆشی و نارەحەتی و ناسۆر دێتە ڕێی). ﴿ فَمَن تَبِعَ هُدَایَ فَلَا

خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴾ البقرة: ٣٨. **واتە:** (هەرکەس شوێن ڕێنوومایی من بکەوێت، ئەوە نە ترس و بیمیان لەسەر دەبێت، نە غەمگین و دڵتەنگ دەبن).

**واعلم بأن الفضل في إيحائه لا في الذي يوحي إليه هواكا**

**واتە: بزانە، چاکە لە نیگابەخشی خواوەیە، نەوەك لەوەی ئارەزووی تۆ دەیەوێت.**

# دەردی دەیـــــــەم

# هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پێشەوایەتیو

# پلەو پۆست

**دەردی دەیەم؛** کە بەشێك لە بانگخوازان دووچاری دەبن و خەریکە کاری موسڵمانان لە زیان و خراپەکەی دوورنەبێ، بریتییە لە دەردی: هەوڵدان بۆ پێشەوایەتی و پلەوپایە. جا بۆ ئەوەی ئەوانەی تووشی ئەم دەردەبوونە پاك ببنەوە و ئەوانەش کە تووشی نەبووینە خۆیان لێبپارێزن و ڕێگەش لەبەردەم کاری ئیسلامی پاك ببێتەوە، ئەوا پێویستە تێڕوانین و وێنایەکی ڕۆشن لەبارەی ئەم نەخۆشییە بخەینەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## یەکەم: واتای هەوڵدان بۆ پێشەوایەتی و پلە و پایە:

**لە زمانەوانیدا:** ناتوانین مەبەست لە هەوڵدان بۆ پێشەوایەتی و بەدەستهێنانی پلەو پایە تێبگەین لە ڕووی زمانەوانیەوە تا تیشك نەخەینە سەر مەبەست لە وشەی (الصدارە) و (الریادە)، کە ئایا مەبەستی ئەم دوو وشەیە چییە؟

لە زمانەوانیدا (الصدارە) بۆ مەبەستی پێشکەوتن و سەرپەرشتی کردن بەکاردێت، کە لە (الصدر)ەوە وەرگیراوە، کە سەرەتا بەرزترین و پێشەوەی هەر شتێکە، دەوترێ: (صدر النهار واللیل، و صدر الشتاء والصیف) واتە: سەرەتای ڕۆژوو شەو، سەرەتای زستان و هاوین، هاوێنەی ئەمانە. ئەمەش مەبەست لێی سەرەتای ئەو شتانەیە کە ناویانهێنرا. دەوترێ: (تصدر الفرس) واتە: ئەسپەکان پێشەنگیان گرت.

هەروەها (الریادە) لە زمانەوانیدا بەکاردێ بۆ پێشڕەوی کردن یان پێشەنگبوون بۆ ئامادەکاری، لە (الرود)ەوە وەرگیراوە، کە ئامادەکاریی کردنە، دەوترێ: کەسێکمان پێشتر نارد تا خانوو و کەل و پەلمان بۆ ئامادە بکات، (یرتاد) واتە: دەڕوانێ و داوادەکات و باشترین هەڵدەبژێرێ.

کە ئێستاش تەواوبووین لە دیاریکردنی مەبەستی وشەی (الصدارە و الریادە)، ئەوا دەڵێین: هەوڵدان بۆ پێشەوایەتی و داواکردنی پلەوپایە لە زمانەوانیدا

بریتییە لە حەزکردن لە پێشەنگایەتی و پێش ئەوانی دیکە کەوتن، بەڵکو ڕاشکاوانە داواکردنی ئەوەی بکرێتە سەرکردە.

**لە زاراوەشدا:** مەبەست لەم چەمکە لە زاراوەی شەرعی و بانگخوازیدا بریتییە لە وابەستەکردنی دڵ بە پێشەوایەتی یان سەرکردایەتی کردنەوە، هەروەها داواکردنی پلە و پۆست بە ڕاشکاوانە یان دانیشتن و هەڵنەستان لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەرك و پەیام.

## دووەم: حەقیقەتی هەوڵدان بۆ پێشەوایەتی و داواکردنی پلە و پایە لە تەرازووی ئیسلامدا:

هەوڵدان بۆ پێشەوایەتی و داواکردنی پلە و پایە لە تەرازووی ئیسلامدا شتێکی سەرزەنشتکراوەو ڕێگری لێکراوە، تەنانەت هەڕەشەی توندی لەسەرە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموویت: (سوێند بەخوا کەسێك ناکەینە بەرپرسی ئەم کاروبارە، کە خۆی داوای بکات و پێداگیری لەسەر بکات). هەروەها پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە عەبدولڕەحمانی کوڕی سەمرەی وت: (ئەی عەبدولڕەحمان داوای بەرپرسیارێتی مەکە، ئەگەر لەسەر داواکاری خۆت پێتدرا ئەوا دەبێت خۆت لێی بەرپرس بیت و پشتگیریت ناکرێ، ئەگەر بەبێ داواکاری خۆت پێتدرا ئەوا یارمەتیت دەدرێ لەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەت)[1]. ئەبو زەڕ (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا کارێکم پێناسپێری؟ دەستی لەسەر شانی دام و فەرمووی: (ئەی ئەبو زەڕ؛ تۆ لاوازی، ئەم کارە سپاردەیە، لە ڕۆژی دواییدا شەرمەزاری و پەسیمان بوونەوەیە، مەگەر کەسێك بە شایستەیی وەری بگرێت و ئەرکەکەی بەتەواوی ڕاپەڕێنێت)[2]. مقدامی کوڕی معد یکرب وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەستی لەسەر شانی ئەو داوەو وتویەتی:

---

([1]) بوخاری و موسلیم هاوبەشن لە گێڕانەوەیدا. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

([2]) موسلیم گێڕاویەتیەوە. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

(ئەی میقدام سەرکەوتوویت ئەگەر مردیت کاربەدەست و نووسەری کاربەدەست و بەرپرس نەبوویتە)[1].

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمووێت: (هاوار بۆ کاربەدەستان و ئەمینداران و بەرپرسان، کەسانێك لە ڕۆژی دواییدا هیوای ئەوە دەخوازن بە ئەستێرەکانەوە هەڵواسرابان و لە نێوان ئاسمان و زەوی هاتبان و ڕۆیشتبان بەس نەبووبانە کاربەدەست لە دونیادا).

جا ئەگەر ئەمە هەڵوێستی ئیسلام بێ لە بەرامبەر هەوڵدان بۆ پێشەوایەتی و داواکردنی پلە و پۆست، ئەی بۆچی پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرانی خوا داوای پۆستێکی کرد و پاکانەی خۆشی کرد تا پێی بدرێ؟ ئەویش یوسفە (سڵاوی خوای لێبێت)، هەروەك خوای مەزن ئەم وتەیەی ناوبراومان بۆ دەگێڕێتەوە: ﴿ قَالَ ٱجْعَلْنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلْأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ ﴾ یوسف: ٥٥. واتە: (پێم باشە بمکەیت بەلێپرسراو بەسەر گەنجینەکان و سامانی سەر زەوی ئەم وڵاتە، "میسر" بەراستی من پارێزەرێکی زانام "لە خۆم ڕادەبینم کە شت بپارێزم و زاناشم کە چۆن دەیپارێزم"). ئەی ئەوە نییە موسڵمان ئەوەندە پێداگیری دەکات لەسەر نزاکانی تا دەبێتە خەسڵەتێکی لە ناو خەڵکیدا و پێی دەناسرێتەوە؟ خوای مەزن لەبارەی سیفەتەکانی بەندەی خوای میهرەبان دەڵێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَٱجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴿٧٤﴾ ﴾ الفرقان: ٧٤. واتە: (ئەوانەشن کە دەڵێن: پەروەردگارا لە هاوسەران و نەوەکانمان کەسانێکمان پێ ببەخشە کە ببنە مایەی ڕووناکی دیدەمان و شادمانی دڵمان و بمان کە بە پێشەوا بۆ پارێزکاران و خواناسان).

**دەڵێین:** تێکگیران بوونی نییە، لەبەر ئەوەی یوسف (سڵاوی خوای لێبێت) داوای پۆستی کرد و پاکانەی بۆ خۆی کرد، چونکە وای بینی کە شوێنەکە چۆڵە لە کەسێکی شیاو، بینی خۆی شایستەیە بۆ ئەو شوێنە، جا یوسف ناسراو نەبوو، بۆیە

---

([1]) ئەبو داود گێڕاویەتیەوە، ئەلبانی وتویەتی لاوازە. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

دەبێ خۆی داوای کردبا و پاکانەی بکات: ﴿وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ ٱلْأَرْضُ﴾ البقرة: ٢٥١. واتە: (خۆ ئەگەر خوا هەندێك خەڵكی بە هەندێکی تر لەناو نەبات، هەر هەموو زەوی پڕ دەبێت لە تاوان و خراپە). موسڵمان کە داوای پێشەوایەتی و کاربەدەستایەتی دەکات لە پێناوی خوادا ئەمە دەکات نەوەك لە پێناوی مرۆڤ، ئەوەی قەدەغەیە ئەوەیە موسڵمان داوای بەرپرسیارێتی بکات لە مرۆڤ، جیاوازیش هەیە لە نێوان ئەوەی موسڵمان ئەم داوایە لە پەروەردگاری بکات تا ئامادەبێ بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە لە کاتی پێویست، لەگەڵ ئەوەی هەر خەوتووەو دواتر داوای سەرکردایەتی و بەرپرسیارێتی بکات بێ ئەوەی هیچ هۆکارێکی گرتبێتەبەر و ئامادەسازی کردبێ.

## سێیەم: هۆکارەکانی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بەرپرسیارێتی و پۆست و پلە:

**هەوڵـــدان بـــۆ بەدەســـتهێنانی بەرپرســـیارێتی و پلـــە و پۆســـت، هۆکـــار و پاڵنەری خۆی هەیە، کە بەهۆیانەوە مرۆڤ تووشی دەبێت:**

**١- حەزکردن لە ڕزگاربوون لە زاڵبوونی ئەوانی دیکە بەسەریدا:**

لەوانەیە هۆکاری هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بەرپرسارێتی و داواکردنی پۆست حەزکردن بێ لە ڕزگاربوون لە دەسەڵات و زاڵبوونی ئەوانی دیکە بەسەریدا، لەوانەیە هەندێك کەس پێبگەن بێ ئەوەی تامی گوێڕایەڵی کردنی هیچ کەسێك بۆ یەك جاریش بچێژن، نموونە ئەم جۆرە کەسە ئەگەر دانرایە ناو چوارچێوەی کۆمەڵدا ئەوا لە ناخیدا خۆی بە گەورە دەزانێ و ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە یەکێك لە سەرووی ئەوەوە بێت، هەر بۆیە دەبینیت خۆی دەبەستێتەوە بە پێشەوایەتی و پێشەنگایەتی، بەردەوام تێدەکۆشێت لە پێناو داواکردنی کاربەدەستایەتی بۆ ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی ئەوانی تر.

### ٢- حەزکردن لە بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی دونیایی:

دەکرێ هۆکاری ئەم نەخۆشی و دەردە بریتی بێ لە حەزکردن لە بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی دونیایی، چونکە هەندێك کەس وا پەیوەستبوونە بە دونیاوە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دەستکەوتی دونیایی دەدەن، جا لە هەر ڕێیەکەوە بێ، حەڵاڵ یان حەڕام بێ، جا هاووێنەی ئەم کەسانە پێیان وایە ئەگەر سەرکردە و بەرپرس بن ئەوا هەموو خەڵك لە خزمەتی ئەودا دەبن، جا لە پێناو دەستکەوتنی چەند شتێکی دونیایی ئەوا خۆی بە بەرپرسیارێتیەوە دەبەستێتەوەو زۆر بایەخی پێدەدات.

### ٣- بێ ئاگابوون لە ئەرك و دەرهاویشتەکانی بەرپرسیارێتی:

لەوانەیە هۆکاری هەوڵدان بۆ پێشەوایەتی و بوون بە بەرپرس بێ ئاگابوون بێ لە ئەرك و دەرهاویشتەکانی کاربەدەستایەتی و پێشەنگایەتی، چونکە ئەرکەکانی بەرپرسیارێتی گەلێك مەزنن، بەرپرس دەبێ تێنوبێ لە کاتێکدا خەڵکانی تر تێرئاو بکات، برسی بێ لە کاتێکدا کەسانی دیکە تێرنان بدات، شەونخونی بکات لەو کاتەی ئەوانی تر دەخەون، ماندووببێ لەکاتێکدا ئەوانی تر دەحەسێنەوە، بە پوختی ئەرکەکانی ئەم بەرپرسیارێتیە ئەوەیە کە خاوەنەکە لە کاتە بەر تەنگ و ناخۆشەکان خۆی بکاتە قوربانی ئەوانی تر و لە کاتی خۆشیشدا خەڵك پێش خۆی بخات، هەروەك چۆن پێغەمبەر وای دەکرد لەگەڵ هاوەڵانی، هەروەك بەڕائی کوڕی عازب (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێت: (کاتێك دۆخەکە ناخۆش دەبوو خۆمان بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەپاراست، بوێر ئەوەبوو کە خۆی بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەپاراست).

عەلی (ڕەزای خوای لێبێ) وتویەتی: (کاتێك دۆخەکە زۆر ناخۆش دەبوو و بەیەکدادان ڕوویدەدا، ئەوا ئێمە خۆمان بە پێغەمبەر دەپاراست، هیچ یەکێك نەبوو لە کاتی تەنگانەدا خۆی لێ نزیك نەکاتەوە و خۆی پێ نەپارێزێ).

شەوێکیان خەڵکی مەدینە ترسان، خەڵك بە دوای دەنگەکەدا ڕۆیشتن، لە ڕێگەدا گەیشتنە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە پیش خەڵکەکە بەرەو دەنگەکە ڕۆیشتبوو، دەیفەرموو: (مەترسن هیچی وا نییە)، لەسەر پشتی ئەسپێکی ئەبو تەڵحە بوو کە زینی لەسەر پشت نەبوو، شمشێرێکی بە ملەوە بوو. ئەبو هوڕەیرە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت: سوێند بەو خوایەی کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لەو نەبێ، لە برسان سکم دادەنایە سەر زەوی، بەردم بە سکی خۆمەوە دەبەست، ڕۆژێکیان لەسەر ڕێگەی هاتنە دەرەوە لە مزگەوت دانیشتم، ئەبو بەکر هاتە دەرەوە، منیش پرسیارێکم لێکرد لەبارەی ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز، تەنها بۆ ئەوەم بوو بمباتەماڵەوەو نانم پێبدات، بەڵام وای نەکرد و لە مەبەستم تێنەگەیشت، دواتر عومەر هات و پرسیارم لێکرد لەبارەی ئایەتێك لە کتێبی خوا، ئەوەم تەنها بۆ ئەوە کرد تێر نانم بداتێ، بەڵام تێپەڕی و لە مەبەستم تێنەگەیشت، ئینجا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) تێپەڕی و زەردەخەنەیەکی کرد کاتێك منی بینی و لە مەبەستم تێگەیشت، بۆیە وتی: ئەی ئەبو هوڕەیرە، منیش وتم: گوێڕایەڵتم ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: وەرە لەگەڵم، ڕۆیشتە ماڵەوەو داوای مۆڵەتی کرد و ڕێگەی پێدام بچمە ژوورەوەو بینی هەندێك شیر لە دەفرێکدایە، بۆیە وتی: ئەم شیرە لە کوێوە هاتووە؟ وتیان فڵان کەس بۆ تۆی بە دیاری ناردووە، فەرمووی: ئەبو هوڕەیرە بڕۆ لای ئەهلی سوفە و بانگهێشتیان بکە بۆ لام، فەرمووی: ئەهلی سوفە میوانی ئیسلامن و خێزان و ماڵیان نییە بۆی بچن، جا کاتێك دیاریەك بۆ پێغەمبەر دەهات بەدوای ئەهلی سوفەی دەنارد، بەشی ئەوانیشی لێدەدا، بانگهێشتکردنی ئەوان لەسەر دڵم گران بوو و وتم: ئەم شیرە زۆر کەمە بەراورد بە ژمارەی ئەهلی سوفە، من لەپێشتربووم لەم شیرە بخۆم و خۆم پێ ڕابگرم، کاتێك هاتن فەرمانی پێکردم شیرەکەیانی پێ بدەم، پێم وابوو شیرەکەم بۆ نامێنێتەوە، بەڵام دەبێ فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا پەیڕەو بکرێ، ئەوانم هێنا و داوای هاتنە ژوورەوەیان کرد و مۆڵەتیان پێدرا و شوێنی خۆیان گرت لە مەجلیسەکەدا، لە

فەرمووی: ئەبو هوڕەیرە، وتم: فەرمانبەرداریتم ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: شیرەکە بگرە و پێیان بدە، منیش دەفەرەکەم هەڵگرت و دەمدایە یەکە یەکەیان تا تێریان لێ دەخواردەوە، دەفەرەکەیان بەمن دەدایەوە تا گەیشتمە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)، هەمووان تێربوون، زەردەخەیەکی بە ڕووی مندا کرد و فەرمووی: ئەبو هوڕەیرە تەنها من و تۆ ماوین؟ وتم: ڕاست دەکەی ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: دانیشە شیرەکە بخۆوە، منیش خواردمەوە، هەر دەیفەرموو بخۆوە تا وتم: سوێند بەوەی تۆی بە ڕاست ناردووە هیچ شوێنێك نەما لو تەواو تێربووم، فەرمووی: دەفرەکەم پێبدەوە، منیش دامە دەستی و سوپاسی خوای کرد و ناوی پەروەردگاری هێنا و ئەوەی کە مابووەوە خواردیەوە.

ئەمە ئەرك و دەرهاویشتەکانی پێشەوایەتی و بەرپرسیارێتیە، هەر کەسێك لەمانە بێ ئاگابێ ئەوا بێ گومان دەکەوتە ناو هەوڵدان بۆ بوون بە کاربەدەست و بەرپرس.

### ٤- بێ ئاگابوون لە ئاکامەکانی بەرپرسیارێتی و کاربەدەستی:

لەوانەیە هۆکاری هەوڵدان بۆ سەرکردایەتی کردن و بەدەستهێنانی پلە و پۆست بێ ئاگابوون بیچ لە ئاکامەکانی کەمتەرخەمی کردن لە ئەرکەکانی بەرپرسیارێتی و کاربەدەستیدا، لەبەر ئەوەی ئاکامەکانی کەمتەرخەمی لەم کارەدا لە دونیادا فراوانکردنی ماوەیە لەبەردەم پوچەڵی و ناڕەوایی و جەنگاوەرەکانی تا زەوی تێکبدەن و خراپ بکەن و کشتوکاڵ و نەوە و ڕەچەڵەك لەناو ببەن، لە دواڕۆژیشدا بەستراونەوە بە کۆت و بەندەکان و بێ بەشبوون لە بەهەشت و کەوتنە ناو ئاگری دۆزەخ، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمووێت: (خوای مەزن هەر بەندەیەك بکاتە کاربەدەست، بمرێت لە کاتێکدا ناپاکی کردبێ لەگەڵ ژێردەستەکانی، ئەوا بێگومان خوا بەهەشتی لێ قەدەغە دەکات). (هیچ کاربەدەستێك نییە لە ڕۆژی دواییدا نەهێنرێ بە دەست و پێ بەستراوی، تەنها

دادگەریەکەی کۆت و بەندەکەی دەکاتەوە، یان ستەمکاریەکەی دەیفەوتێنێت). (ئەوەی داوای ئەوە دەکات ببێتە کاربەدەست و دادوەری موسڵمانان، دواتر دادگەریەکەی بەسەر ستەمکاریەکەیدا زاڵبوو، ئەوا بەهەشت بۆ ئەوە، ئەوەش کە ستەمکاریەکەی بەسەر دادوەریەکەیدا زاڵبوو، ئەوا دۆزەخ بۆ ئەوە). ئەوەی بێ ئاگابێ لەم ئاکامانە ئەوا ناخی هەڵپە دەکات بۆ پێشەنگایەتی و کاربەدەستایەتی.

**٥- حەزکردن لە زاڵبوون و چاوشۆڕکردنی ئەوانی دیکە:**

لە کۆتایدا لەوانەی هۆکاری هەوڵدان بۆ دەستخستنی کاربەدەستایەتی و بوون بە بەرپرس حەزکردن بێ لە زاڵبوون و دەستڕۆیشتن و چاوشۆڕو سوککردنی ئەوانی تر، لەوانەیە هەندێك منداڵ فشارو توندی بەدی بکەن لە پەروەردەکردن یان ناپاکیان لەگەڵ بکرێ تا ئاستێك وایان لێبێ حەز لە زاڵبوون و چاوشۆڕکردن بکەن، نموونەی ئەم جۆرە کەسانە بەهۆی پەروەردەکردنی خراپەوە هەوڵی بوون بە بەرپرس دەدەن... هەر بۆیە خولیایان کاربەدەستایەتییە.

**چوارەم: شوێنەوارەکانی هەوڵدان بۆ پێشەوایەتی و پلە و پۆست:**

**هەوڵدان بۆ کاربەدەستایەتی و پلە و پۆست شوێنەواری زۆر خراپی هەیە چ لەسەر بانگخواز چ لەسەر کاری موسڵمانان، ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو شوێنەوارانە:**

**أ- شوێنەواری هەوڵدان بۆ پێشەوایەتی لەسەر بانگخوازان:**

ئەمانەش چەند شوێنەوارێکن:

**١- بێ بەشبوون لە سەرکەوتن و پشتیوانی خوایی:** لەبەر ئەوەی هەوڵدان بۆ پێشەوایەتی و پلە و پۆست، واتە متمانەبوون و پشتبەستن بە دەروون و بەو وزە و توانایانەی کە هەیەتی بێ پێویست بوون بە یارمەتی و پشتیوانی خوایی.

یاسای خوای مەزن لە بوونەوەردا وایخواستووە کە خوای مەزن ئەوانە پشتگوێ بخات کە پشتیان بە توانا و وزەی خۆیان بەستووەو نەگەڕاونەتەوە بۆ پشتبەستن بە توانا و هێزی پەروەردگاری پاك و بەرز... ئایا بۆچوونت چییە لەبارەی کەسێك کە خوای پەروەردگاری پشتی تێکردووە، ئایا سەرکەوتنی پێدەبەخشرێ یان پشتیوانی لێدەکرا، بێ گومان شتی وا ڕوونادات؟!. پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) سەرنجی بۆ ئەم شوێنەوارە ڕاکێشاوە لەم فەرموودەیەی کە ئاڕاستەی عەبدولڕەحمانی کوڕی سەمرەی کردووە: (ئەی عەبدولڕەحمان داوای بەرپرسیارێتی مەکە، ئەگەر لەسەر داواکاری خۆت پێتدرا ئەوا دەبێت خۆت لێی بەرپرس بیت و پشتگیریت ناکرێ، بەڵام ئەگەر بەبێ داواکاری خۆت پێتدرا ئەوا یارمەتیت دەدرێ لەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەت)[1].

٢- **تووشکردنی دەروون بە ئاشوب و توڕەیی خوای مەزن:** ئەو کەسەی هەوڵی بوون بە کاربەدەست و بەرپرس دەدات، ئەوا خۆی خستۆتە ناو گێژەلوکی ئاشوب، لەوانەیە بەم هەوڵدانە و داواکردنە چاودێری و لێپێچینەوەی خوا لە دواڕۆژدا لەبیر بکات، بەمەش پاڵ بەدونیادا دەداتەوە و پێی ڕازی دەبێت یان ئەرك و سەختیەکانی بەرپرسیارێتی لەبیر دەکات، بەڵکو لەوانەیە ستەم و زۆرداری بکات، هەموو ئەمە وای لێ دەکات شایستەی توڕەیی و سزایی خوایی بێ، کە خۆی دەبینێتەوە لەو سزایەی کە خستمانەڕوو.

ئای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) چەندە جوان وێنەی ئەم دۆخەی کردووە، جا وتویەتی: (ئێوە سووردەبن لەسەر بەدەستهێنانی بەرپرسیارێتی و پێشەوایەتی، لە ڕۆژی دوایشدا دەبێتە سەرشۆڕی، سەرەتاکەی خۆشی و دەستکەوت هێنە، سەرەنجامەکەی چارەڕشی و ناخۆشییە)[2].

---

([1]) بوخاری و موسلیم هاوبەشن لە گێڕانەوەیدا. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).
([2]) بوخاری گێڕاویەتیەوە: ٩/ ٦٣، بە ژمارە ٧١٤٨. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

٣- **زیادبوونی گوناه و باری سەرشان:** لەبەر ئەوەی هەر یەکێك بگاتە پلە و پۆست و پێشەوایەتی، لە دوای هەوڵدان و داواکردن، لەوانەیە تووشی ئاشوب ببێ و ژێر دەستەکانیشی شوێن پێی هەڵبگرن، بەمەش ژێر دەستەکانی وەك کاربەدەستەکەیان خۆیان تووشی ئاشوب دەکەن، بەم هۆیەوە گوناه و باری سەرشانی کاربەدەستەکە زیاد دەبێ، گوناهی خۆی و شوێنکەوتووانی هەڵدەگرێ، ئەم فەرمایشتەی خوای مەزنی تێدا بەرجەستە دەبێ: ﴿ لِيَحۡمِلُوٓاْ أَوۡزَارَهُمۡ كَامِلَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَمِنۡ أَوۡزَارِ ٱلَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيۡرِ عِلۡمٍ ﴾ النحل: ٣٥. **واتە:** (ئەوانە دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا کوڵی گوناهو تاوانی خۆیان بەتەواوی هەڵگرن، هەروەها لەگوناهی ئەوانەش هەڵدەگرن کە گومڕایان کردوون بێ زانست و زانیاری "بێ ئەوەی لە کوڵ و باری ئەوان کەم بێتەوە").

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ڕاستی فەرمووە: (هەر کەسێك ڕێ و شوێنێکی خراپ لە ئیسلامدا دابهێنێ، ئەوا توانبارە، تاوانی ئەوانەش هەڵدەگرێ کە کاری پێدەکەن بێ ئەوەی هیچ لە گوناهەکەیان کەم ببێتەوە)[1]. (هەر کەسێك کار بۆ گومڕایی بکات، ئەوا گوناهی شوێنکەوتووانیشی هەڵدەگرێ، بێ ئەوەی هیچ لە گوناهەکانیان کەم ببێتەوە)[2].

٤- **کوشتن یان دوورخستنەوە یان ڕاوەدوونان لەسەر زەوی:** لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی هەوڵی بەدەستهێنانی پێشەوایەتی و پلە و پایە دەدات، لەوانەیە هەوڵەکانی سەربکێشن بۆ مشتومڕ یان بەیەکدادان، دواتریش ڕوودانی کوشتار یان ڕاوەدوونان یاخود دەربەدەربوون لە زەویدا، مێژووی مرۆڤایەتی پڕیەتی لە هەزاران نموونەی هەوڵدان بۆ پێشەوایەتی و پۆست و پلە و پێشی نەگەیشتوون، بەڵکو گەیشتوونەتە کوشتن یان دوورخرانەوە یاخود ڕاوەدوونان لە زەویدا.

---

(١) موسلیم گێڕاویەتیەوە: ٢/ ٧٠٤، بە ژمارە ١٠١٧. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

(٢) کۆکردنەوەی دوو سەحیحەکە: ٢/ ٢٣٧، بە ژمارە ٢٧٣٩. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

**ب- شوێنەوارەكانی هەوڵدان بۆ پێشەوایەتی و پۆست لەسەر كاری موسڵمانان:**

لە شوێنەوارەكانی لەسەر كاری موسڵمانان، زۆری تێچوو و خەرجی و درێژی ڕێگا، چونكە ڕیز و پۆلێك كەسانێك لەخۆی بگرێ كە هەوڵبدەن بۆ پێشەنگایەتی و پلە و پۆست هەرگیز ڕاست و دروست نابێ، جا چۆن ئەم ڕیزە ڕاست و ڕێك دەبێ لە كاتێكدا كەسانێكی تێدابێ كە دونیا ئەوانی هەڵخەڵەتاندبێ بە ڕازاوەیی و قەشەنگی خۆی، كە خۆی دەبینێتەوە لە هەوڵدان بۆ بوون بە كاربەدەست و پەیوەست بوون پێیەوە.

ئەگەر ڕیزەكە خوار و خێچ بوو، ئەوا سەركەوتنی خوا لێی دوورە، مەگەر سەركەوتنێك لێی نزیك بێ بۆ هەڵخەڵەتاندن و زیاتر هێشتنەوە لە ناو گومڕایی، خوای مەزن ڕاستی فەرمووە: ﴿ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ ﴾ الحج: ٤٠. واتە: (سوێند بێت بێگومان خوا ئەو كەسە سەردەخات كە پشتگیری ئایین و بەرنامەكەی دەكات و هەوڵی سەرخستنی دەدات). ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ ﴿٧﴾ ﴾ محمد: ٥. واتە: (ئەی ئەو كەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، ئەگەر ئێوە پشتیوانی لە ئاینی خوا بكەن و هەوڵی سەركەوتنی بدەن، ئەوە خوایش پشتیوانی لە ئێوە دەكات و سەرتان دەخات و پایەدارو جێگیرتان دەكات).

پێشینانی ئەم ئوممەتە (ڕەزای خوایان لێبێت) دركیان بەمە كردووە، كاتێك سەركەوتنیان دوادەكەوت، ئەوا ئەمەیان دەگێڕایەوە بۆ خۆشویستن و پەیوەست بوون بە دونیا، بۆیە دەستپێشخەریان دەكرد بە تۆبەكردن و گەڕانەوە بۆ لای خوای مەزن، بەمەش پشتیوانی و سەركەوتنی خواییان پێدەبەخشرا.

ئەم بەسەرهاتەی خوارەوە، وێنەكێشانێكی زۆر جوانە بۆ پەیی پێبردنی پێشینان بەمە: كاتێك ڕزگاركردنی میسر لەسەر دەستی عەمری كوڕی عاس دواكەوت، نامەی بۆ عومەری كوڕی خەتاب نووسی و داوای چوار هەزار سەربازی لێكرد بۆ پشتیوانی، كەسێك سەركردایەتی هەر هەزار كەسێكی دەكرد، عومەر بۆی

نووسی: چوار هەزار کەسم بۆ ناردی، هەر هەزارێك کەسێك سەرپەرشتی دەکات، هەر یەك لەم سەرپەرشتیارانە بە هەزار کەس هەن، کە ئەمانەن: زوبەیری کوڕی عەوام، میقدادی کوڕی عەمر، عوبادەی کوڕی سامت، مەسلەمەی کوڕی مخلد، بزانە دوازدە هەزار کەست لەگەڵدایە، ژمارەشت کەم نییە تا تێکبشکێی.

کاتێك ئەم پشتیوانیە گەیشت و ڕزگارکردنەکە دواکەوت، عومەر بۆ عەمری نووسی: سەرم سوورماوە لە دواکەوتنتان لە ڕزگارکردی میسر، کە چەند ساڵێکە لەگەڵیان دەجەنگن، ئەمەش تەنها لەبەر تاوانکاری و خۆشویستنی دونیایە، وەك چۆن دوژمنتان وایە، خوای مەزن گەلێك کە سەردەخات تەنها بەهۆی ڕاستی مەبەستەکانیانەوەیە، من چوار کەسم بۆ ڕەوانەکردی، بزانە هەر یەکێکیان لە جیاتی هەزارە، مەگەر ئەوەی خەڵکی گۆڕیوە ئەوانیش بگۆڕێت، ئەگەر نامەکەی منت پێگەیشت ئەوا خەڵك هانبدە لەسەر جەنگان لەگەڵ دوژمن و ئارامگری و مەبەست پاکی، ئەم چوار کەسە بخەرە ڕیزی پێشەوە، خەڵکی وا ڕابهێنە کە وەك یەك کەس وابن، با ئەمەش لە ئێوارەی ڕۆژی هەینی بێ، چونکە ڕەحمەت دادەبەزێ و نزا گیرادەبێ، با خەڵکی پەنا بۆ بەردەم دەرگانەی خوا ببەن و داوای سەرکەوتنی لێ بکەن بەسەر دوژمنەکەیاندا.

## پێنجەم: چارەسەری هەوڵدان بۆ پێشەوایەتی و پلە و پۆست:

**دەکـرێ مـرۆڤ خـۆی لـەم دەردە پـاك بکاتـەوە و خـۆی تۆکمـە بکـات دژی ئەم نەخۆشییە، بەگرتنەبەری ئەم شێواز و ڕێ و شوێنانەی خوارەوە:**

**١- وردبوونەوەی بەردەوام لە سوننەتی پێغەمبەر:**

لەبەر ئەوەی لە سوننەتی پێغەمبەردا زۆر بە توندی هۆشداری دراوە لەبارەی داواکردنی پێشەوایەتی و کاربەدەستی و دڵ پێوە پەیوەستکردنی، تەنانەت زۆر بە جوانی تیایدا وێنای ئەرك و دەرهاویشتە و ئاکامەکانی کەمتەرخەمی کردن لە بەرپرسیاێتیدا کراوە، وەك چۆن لە چوارچێوەی هۆکارەکاندا باسمان کردن.

**٢- بەردەوام یادخستنەوەی پاشکۆ و ئەرک و ئاکامە دونیایی و دواڕۆژیەکانی ئەم کارە:**

مرۆڤ بە سروشتی خۆی لەبیری دەچێتەوە، تاکە چارەسەری لەبیرچوونەوەش تەنها بە یادهێنانەوەیە، یادهێنانەوەی بەردەوام بەپێی پەیڕەوی قورئانی پیرۆز: ﴿ فَذَكِّرۡ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكۡرَىٰ ٩ ﴾ الأعلى: ٩. واتە: (کەواتە تۆ ئیتر لەسەر یادخستنەوە و یاداوەری ئەو کەسانە بەردەوام بە کە سوودیان وەرگرتووە و ئامادەن زیاتر تێبگەن).
﴿ وَذَكِّرۡ فَإِنَّ ٱلذِّكۡرَىٰ تَنفَعُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٥٥ ﴾ الذاريات: ٥٥. واتە: (بەڵکو تۆ هەمیشە ئامۆژگاریان بکە، چونکە بەڕاستی ئامۆژگاری سوود بەئیمانداران دەگەیەنێت).

**٣- ڕاهێنان لەسەر گوێڕایەڵی و دەروون ڕێکخستن لە سەرەتای تەمەنەوە:**

ئەمە کاریگەری خۆی هەیە، دواتر ئەم نەخۆشیانە لە دڵدا دادەماڵێت، ناخ ڕازی دەکات بەو دۆخەی موسڵمان دەچێتە ناویەوە، هەروەك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموویێت: (خۆشبەختی بۆ بەندەیەك جڵەوی ئەسپەکەی گرتبێ لە پێناوی خوادا، پرچی ئاڵۆزو پێیەکانی بە تۆز بێ، ئەگەر لە پاسەوانیدا بوو، پاسەوانیەکەی بە جوانی دەکات، ئەگەر لە دواوەشبوو بە شوێنەکەی ڕازیە)[1].

**٤- نەرم و نیانی لە هەڵسوکەوتدا:**

لەبەر ئەوەی نەم و نیانی لە هەر کارێکدابێ ئەوا جوانی دەکات، لە هەر کارێکیشدا دابماڵرێ ئەوا ناشرینی دەکات، بەم پێیە ئەم نەرم و نیانیە یارمەتیدەر دەبێ لەسەر پوختەکردنی دەروون لە هەوڵدان و چاوبڕینە پێشەنگایەتی، تەنانەت سوپاسکردنی خوا لەسەر پاکبوونەوە لەم دەردە.

---

(١) بوخاری گێڕاویەتیەوە: ٤/ ٣٤، بە ژمارە: ٢٨٨٦. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

**٥- خستنەوەیادی ژیاننامەی پێشینان و هەڵوێستیان لەبەرامبەر پێشەنگایەتی و ڕووپامایی:**

ژیاننامەی ئەوان پڕیەتی لە ڕقبوونەوە لەم کارە و هۆشداریدانی توونند لەبارەیەوە بە لەبەرچاوگرتنی پاشکۆ و ئەرك و دەرهاویشتە و ئاکامەکانی، ئا ئەمە ئەبو بەکرە (ڕەزای خوای لێبێت) دوای ئەوەی جێنشینایەتی وەرگرت وتاری بۆ موسڵماناندا و وتی: (ئەی خەڵکینە؛ ئەگەر گومانتان وایە من جێنشینایەتیم وەرگرتووە بە حەز و ئارەزوو یان ویستوومە پێشتان بکەوم و ببمە پێشەنگی موسڵمانان، نا وانییە، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە بە حەزی خۆم و بۆ ئەوەی پێش ئێوە و موسڵمانان بکەوم وەرم نەگرتووە، هیچ شەو و ڕۆژێك سور نەبوومە لەسەری، بە نهێنی و ئاشکراش داوام لە خوای مەزن نەکردووە پێم ببەخشێ، بێگومان ئەرکێکی گەورەم خراوەتە سەر شان، کە توانای ڕاپەڕاندنیم نییە مەگەر خوای گەورە یارمەتیم بدات لەسەری، پێم خۆشبوو بە هەر هاوەڵێکی تری پێەمبەر بدرێ بەو مەرجەی دادگەری تێدا بکات، ئەم ئەرکە بۆتان دەگێڕمەوە، هیچ بەڵێنتان پێم نەداوە، بەڵێنی خۆتان بدەنە هەر کەسێك لە خۆتان کە دەتانەوێت).

کاتێك عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) لە سەرەمەرگدابوو، پێشەوایەتی کردە ڕاوێژ لە نێوان شەش کەس لە موسڵمانان، موغەیرەی کوڕی شوعبە پێشنیاری بۆ عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) کرد کە عەبدوڵای کوڕی لە شوێنی خۆیدابنێ، تا ببێتە جێنشینی ئەو، عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) بە توڕەیی بەرپەرچی دایەوەو وتی: "خوا بتکوژێ، خوا گەواهیدەرە ئەمە مەبەستی من نەبووە، هیچ بەشێکمان لە کاری ئێوە نییە، ستایشی ئەم کارەم نەکردووە تا یەکێك لە خانەوادەکەم هان بدەم بۆ وەرگرتنی، ئەگەر خێری تێدابێ ئەوا پێمان دەبەخشرێ، ئەگەر خرپیش بێ ئەوا ئەوەندە بەسە هەر یەك کەس لە خانەوادەی عومەر لێپێچینەوەی لەگەڵ

بکرێ لەم بارەوە، لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێ لەبارەی کاروباری ئوممەتی محەممەد (صلى الله عليه وسلم)، بەخوا خۆم لەم کارمدا ماندووکرد، خانەوادەکەم فەرامۆش کرد، ئەگەر بە دەستبەتاڵی ڕزگارم ببێ ئەوا من بەختەوەرم".

کاتێك عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (ڕەزای خوای لێبێت) کرایە پێشەوا، سەرۆکی پۆلیسەکان هات تا لە بەردەمی نمایشی شمشێر بکات وەك چۆن ئەم نەریتە لەلایەن جێنشینەکانی پێشوو پەیڕەو دەکرا، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (ڕەزای خوای لێبێت) پێی وت: چیت دەوێ لەمن لێم دووربکەوە، من هەر یەکێك لە موسڵمانان و لەگەڵ سەرۆك پۆلیسەکە ڕۆیشتن تا چوونە ناو مزگەوت، ڕۆیشتە سەر دوانگە و خەڵك لە دەوری خڕبوونەوە و وتی: ئەی خەڵکینە؛ ئەم ئەرکەم خراوەتەسەر شان بێ ئەوەی حەزم لێبێ و داوای بکەم، هەروەها بێ ڕاوێژی موسڵمانان، ئەو بەڵێنەی پێمدراوە بۆتان دەگێڕمەوە، بۆ خۆتان یەکێك هەڵبژێرن، ئەو کەسە دەکەینە حوکمڕان کە دەتانەوێ، هەموو موسڵمانان بە یەکدەنگ هاواریان کرد: بۆ خۆمان و کاروبارمان تۆمان هەڵبژارد و پێشی ڕازی بووین...."، چەندین هەواڵ و خەبەری دیکەی جگەلەمانە کە کتێبەکانی مێژوو پڕن لێ.

### ٦- بیرهێنانەوە سەبارەت بە پێگەی دونیا لەبەرامبەر دواڕۆژ:

بەو شێوەیەی لە کتێبی خوای باڵادەست و خاوەن شکۆدا هاتووە، لەسەر زمانی پێغەمبەری نازدار (صلى الله عليه وسلم) ئاماژەی پێدراوە: خوای پایەبەرز و خاوەن شکۆ لەم بارەوە دەفەرموویت: ﴿ قُلۡ مَتَـٰعُ ٱلدُّنۡيَا قَلِيلٞ وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ ﴾ النساء: ٧٧.

واتە: (ئەوانە بڵێ: ڕابواردنی ژیانی دنیا زۆر کەم و کورتە، ژیانی قیامەت چاکترو خۆشترو نەبڕاوەیە بۆ ئەو کەسەی لە خوا دەترسێت و پارێزکارە). ﴿ فَمَا مَتَـٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ﴾ التوبة: ٣٨. واتە: (بێگومان ژیانی دنیا بە بەراورد لەگەڵ ژیانی پڕ لە شادیی قیامەتدا زۆر زۆر کەم تەمەن و کەم خۆشییە). ﴿

يَٰقَوۡمِ إِنَّمَا هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا مَتَٰعٞ وَإِنَّ ٱلۡأٓخِرَةَ هِيَ دَارُ ٱلۡقَرَارِ ﴾ غافر: ٣٩. **واتە:** (ئەی قەوم و هۆزم بێگومان ژیانی ئەم دنیایە تەنها بریتییە لە ڕابواردنێکی کەم، بەڕاستی ژیانی پاشەڕۆژ و داهاتوو، هەر ئەو شوێنی ئومێد و ئارام گرتن و حەسانەوەیە بۆ ئیمانداران). ﴿ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلۡبَنِينَ وَٱلۡقَنَٰطِيرِ ٱلۡمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلۡفِضَّةِ وَٱلۡخَيۡلِ ٱلۡمُسَوَّمَةِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ وَٱلۡحَرۡثِۗ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسۡنُ ٱلۡمَـَٔابِ ﴾ آل عمران: ١٤. **واتە:** (ئارەزووی ئافرەت و بوونی نەوەی نێرینە و خاوەنێتی ئاڵتون و زێڕ و زیووی زۆر و زەبەندە و ئەسپی چاك و ڕەسەن و "هۆکانی هاتووچۆ" هەروەهاماڵات و زەوی و زاری کشتوکاڵ بۆ خەڵکی ڕازێنراوەتەوە، ئەوانە هەمووی ناز و نیعمەتی ژیانی دنیان، خوایش "بۆ چاکان" شوێنی گەڕانەوەی ڕازاوە و خۆشی لای خۆی ئامادە کردووە "کە بەهەشتە").

**پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێت: (دونیا بەراورد بە دواڕۆژ وەك ئەوەیە یەکێکتان پەنجەی بخاتە ناو دەریاوە و هەڵیبکێشێتەوە، چەند ئاوی پێوە ماوەتەوە هەر ئەوەندەیە لە چاو دواڕۆژ)[1]. (ئەگەر دونیا نرخی یەك باڵە مێشولەی هەبووبا لای خوای پەروەردگار، ئەوا یەك چنگە ئاوی نەدەدایە هیچ بێ باوەڕێك). ئەم بیرهێنانەوەیە لەوانەیە وا لە ژیرو عاقڵمەندان بکات خۆیان دووربگرن لە هەر بەرپرسیارێتی و کاربەدەستییەك، تا لە دونیادا دەربچن بە سەلامەت و دەستکەوتەوە، بەیانی لە دواڕۆژدا ڕەزامەندی پەروەردگار و بەهەشتەکەی بەدەست بخەن.**

(١) موسلیم گێڕاویەتیەوە: ٤/ ٢١٩٣، بە ژمارە: ٢٨٥٨. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

# دەردی یازدەم

# کورتبینی

دەردی یازدەم كە زۆرێك لە بانگخوازان تووشی دەبن، كاری موسڵمانان زۆر بەدەستیەوە دەناڵێنێ، بریتییە لە: كورتبینی یان بەرچاوتەنگی. جا بۆ ئەوەی بەشداربین لە ڕیشەكێش كردنی ئەم نەخۆشییە لە ناخی ئەو كەسانەی دووچاری بووینە و تۆكمەیان بكەین لە دژی ئەم دەردە، كاری موسڵمانانیش سەلامەت بێت لە دەستی، ئەوا دەبێ وێنەیەكی ورد و ڕۆشن لەم بارەوە پێشكەش بكەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## یەكەم: واتای كورتبینی (ضيق الأفق أو قصر النظر):

**لە زمانەوانیدا:** (الأفق) تاكە، كۆیەكەی (آفاق)ە، بریتییە لە ئاڕاستە و لایەكان، خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ ﴾ فصلت: ٥٣. واتە: (ئێمە لە ئایندەدا بەڵگە و نیشانەی سەرسوڕێنەریان نیشان دەدەین لە ئاسۆكانی بوونەوەردا و لە خودی خۆیشیاندا).

(النظر) بریتییە لە ڕوانین و وردبوونەوە بە چاو، خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ ﴾ الغاشية: ١٧. واتە: (ئایا ئەوە سەرنجی وشتر نادەن چۆن دروستكراوە؟!). هەروەها بە مانای چاو هەڵگێڕان دێ بۆ پەیی بردن و بینینی شت، خوای پایەبەرز دەفەرموێت: ﴿ أَوَلَمْ يَنظُرُوا۟ فِى مَلَكُوتِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَىْءٍ ﴾ الأعراف: ١٨٥. واتە: (ئایا بۆ سەرنجیان نەداوە لەو هەموو دەسەڵاتە گەورەیەی خوا لە ئاسمانەكان و زەویدا و ئەو هەموو شتانەی كە خوا بەدی هێناون؟). بەپێی ئەوەی باسمانكرد لە ڕووی زمانەوانیەوە: ئەوا كورتبینی بە واتای تەنها بینینی لایەك دێت یان لاوازی بینین و ڕوانین بەیەكەوە.

**لە ڕووی زاراوەییەوە:** چەمكی كورتبینی لە زاراوەی شەرعی و بانگەوازیدا بریتییە لە لاوازی و كرچ و كاڵی لە بینیندا، كە سەردەكێشێ بۆ سنوورداركردنی

بیرکردنەوە یان بینین لە چوارچێوەی بەرتەسك كە شوێن و كات تێپەڕ ناكات، یان بە گوزارشتێكی دیكە لاوازی یان كەم و كورتییە لە بینیندا كە دەبێتە هۆی تەنها بینینی شتی نزیك و بەرپێ، بێ ڕوانینە شتی دوور، هەروەها بێ ئەندازەكردن و ڕەچاوكردنی شوێنەوار و ئاكامەكان، خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَتَكُونَ لَهُمۡ قُلُوبٞ يَعۡقِلُونَ بِهَآ أَوۡ ءَاذَانٞ يَسۡمَعُونَ بِهَاۖ فَإِنَّهَا لَا تَعۡمَى ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَلَٰكِن تَعۡمَى ٱلۡقُلُوبُ ٱلَّتِي فِي ٱلصُّدُورِ ﴾ الحج: ٤٦. واتە: (ئایا ئەوانە بەسەر زەویدا نەڕۆیشتوون بەدڵ و دەروونێكی هوشیارەوە تا بیرێك بكەنەوە... "كوان: خەڵكانی ڕابوردوو؟ ئەو شارانە بۆ كاوڵكران؟ كێ ئێمەی دروست كردووە؟ ئامانج لە ژیان چییە؟؟) یان خاوەنی گوێ و دەزگای بیستن نەبوون بەسەرهاتەكانیان ببیستن و لێكی بدەنەوە، جا وەنەبێت چاوان كوێر بووبێت، بەڵكو ئەو دڵانە كوێر دەبن كە وان لە سینەكاندا).

## دووەم: هۆكارەكانی كورتبینی:

**كـورتبینی هۆكـاری خـۆی هەیـە، كـە بـە هۆیـەوە مـرۆڤ تووشـی دەبـێ، باسی هەندێكیان دەكەین:**

### ١- پێگەیشتنی سەرەتا:

لەوانەیە مرۆڤ لە ناو ژینگەیەكدا پێبگات، كە زۆر گرنگی نەدات بە گەشەپێدانی زیرەكی سروشتی یان توانای تاكەكان، بەمەش لە ئاكامدا بیركردنەوە و ڕوانین و ڕامانی كورت و بەرتەسك دەبێت، مەگەر یەكێك خوا ڕەحمی پێ بكات.

### ٢- هاوڕێیەتی كردنی كەسانی كورتبین:

دەكرێ مرۆڤ دەورە بدرێ بە برادەری كورتبین و بەرچاوتەنگ، شوێنەواری ئەمە بۆ مرۆڤەكەش بگوازرێتەوە، جا دەبینرێ كابرا وەك برادەرەكانی و بە

شێوازی ئەوان ڕووبەڕووی پێشهاتەكان دەبێتەوە، مرۆڤیش لەسەر ئاینی هاوڕێیەكەیەتی.

## ٣- گۆشەگیری:

لەوانەیە مرۆڤ گۆشەگیری و تەنیایی هەڵبژێرێت، بەهۆی ئەوەی ناتوانێ هەماهەنگی لە نێوان تاكایەتی و كۆمەڵداریدا دروست بكات، یاخود سەلامەتی و خۆشی هەڵدەبژێرێت، نموونەی ئەم جۆرە كەسە ئەگەر زۆر بەرهەمی گۆشەگیری بدورێتەوە، ئەوا ئەزموون دەدۆڕێنێ، ئەزموونیش لە هاوڕێیەتی كردنی كۆمەڵ وەردەگیرێ، كە یارمەتیدەرە بۆ فراوانبینی و دووربینی، كاتێك مرۆڤ ئەزموون لەدەست دەدات، ئەوا كورتبین و بەرچاو تەنگ دەبێ.

## ٤- تێنەگەیشتن لە ڕۆڵ و پەیامی مرۆڤ لەسەر زەوی:

دەكرێ مرۆڤ لە ڕۆڵ و پەیامی خۆی تێنەگات لەسەر زەوی، لەوەی ئەو جێنیشنە تێیدا: ﴿ هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ وَٱسۡتَعۡمَرَكُمۡ فِيهَا ﴾ هود: ٦١. واتە: (ئەو بەرپای كردوون لە زەویدا و داوای لێكردوون كە ئاوەدانی بكەنەوە). ڕۆڵی ئەو بەندایەتییە: ﴿ وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ﴾ الذاريات: ٥٦. واتە: (بێگومان من پەری و ئادەمیزادم دروست نەكردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت كە من بپەرستن و فەرمانبەردارم بن). بەرپاكردنی ئەم ڕۆڵ و پەیامدارییە پێویستی بە ڕامان و وردبوونەوەیە: ﴿ وَفِى ٱلۡأَرۡضِ ءَايَٰتٌ لِّلۡمُوقِنِينَ ﴿٢٠﴾ وَفِىٓ أَنفُسِكُمۡۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ الذاريات: ٢٠، ٢١. واتە: (بێگومان لەسەر گۆی زەویدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەیە "لەسەر دەسەڵات و زانیاری خوا" بۆ كەسانێك كە بە شوێن دڵنیاییدا دەگەڕێن. هەروەها لە خودی خۆشتاندا "لە هەموو خانەیەكی لەشدا، لە هەموو ئەندامێكدا، لە هەموو كۆئەندامێكدا، لە ڕۆح و نەفس و عەقڵدا.. هتد، بەڵگەی بێ سنوور هەیە لەسەر زانایی و بەتوانایی و جوانكاری زاتی

بەدیهێنەر" ئایا ئەوە بۆ بینایتان ناخەنەكار). **كاركردنی بەردەوام بە شەو و ڕۆژ:** ﴿ وَقُلِ ٱعۡمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمۡ وَرَسُولُهُۥ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴾ التوبة: ١٠٥. **واتە:** (بەو خەڵكە بڵێ: ئێوە هەرچی دەتوانن لە كار و كردەوە ئەنجامی بدەن، چونكە خوا كار و كردەوەتان دەبینێت و "ئاگادارە بە نهێنی و ئاشكرای"، هەروەها پێغەمبەرەكەشی "ئاگادار دەكات كاتێك لە ژیاندایە، دوای وەفاتیشی بۆ خوای گەورە ئاسانە كە نیشانی بدات"، هەروەها ئیماندارانیش "شوێنەوار و دەرئەنجامی دەبینن").

**لەوانەیە مرۆڤ لە هەموو ئەوانە تێنەگات، دادەنیشێ و دەخەوێ یان هەنگاو دەنێ بەبێ بەرچاوڕوونی، جا چۆن كەسی وا دووربین دەبێ؟.**

### ٥- تێنەگەیشتن لە حەقیقەت و ناوڕۆكی ئیسلام:

**لەوانەیە موسڵمان لە حەقیقەت و ناوەڕۆكی ئیسلام تێنەگات، لەوەی ئاینێكی گشتگیرە بۆ هەموو لایەنەكانی ژیان، تا بەرپابوونی دوارۆژ:** ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا ﴾ المائدة: ٣. **واتە:** (ئەمڕۆ ئاینەكەتانم بۆ تەواو كردن، نیعمەتی خۆمم بەسەردا ڕژاندن بە تەواوی، ڕازیم بەوەی ئیسلام ئایین و بەرنامەتان بێت). **بانگەوازی كردن بۆ لای خوا، بەرپاكردنی بەرنامەكەی لە زەویدا پێویستی بە داناییە، یەكێك لە بنچینەكانی داناییش فراوانبینی و دووربینیە، هەروەك خوای مەزن دەفەرموێت:** ﴿ قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِي ﴾ یوسف: ١٠٨. **واتە:** ("ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)! تۆ" بڵێ: ئا ئەمە ڕێگە و ڕێبازمە: من و شوێنكەوتوانم بانگ دەكەین بۆ لای خوای پەروەردگار لەسەر بنچینە و بناغەیەكی ڕوون و ئاشكرا). ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِ ﴾ النحل: ١٢٥. **واتە:** ("ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه

وسلم)، ئەی ئیماندار" بانگەواز بکە بۆ لای بەرنامە و ڕێبازی پەروەردگارت بەحیکمەت و دانایی و ئامۆژگاری جوان و بەجێ).

لەوانەیە موسڵمان لەمە تێنەگات، بانگەواز بۆ ئیسلام بکات، کار بۆ پایەدارکردنی بکات بێ ئەوەی خۆی ماندوو بکات لە بەدەستهێنان دانایی و کارزانی، جا کابرای بێ بەشبوو لە دانایی چۆن دووربین و فراوان بین دەبێ؟.

**٦- شارەزانەبوون لە بارودۆخی دوژمنان و شێوازیان لە کارکردندا:**

دەکرێ موسڵمان نەشارەزابێ لە بارودۆخی دوژمناندا، پەیی نەبردبێ بە شێوازی کارکردنیان، لەگەڵ زۆری ژمارەیان، نەزانێ کە زەخیرە و ژمارەیان گەلەکە، شێوازیان لە کارکردندا لەسەر فێڵ و تەڵەکە وەستاوە، لەوانەیە موسڵمان درك بەم هەموو شتانە نەکات، هەلی بەدەستهێنانی شارەزایی و ئەزموونداری لەدەست دەدات، جا چۆن کەسێك دووربین و فراوانبین دەبێ کە هیچ شارەزایی و ئەزموونێکی بەدەست نەهێنابێ.

**٧- بەخۆسەرسام بوون، بەڵکو لەخۆبایی بوون و خۆبەزلزانین:**

لەوانەیە مرۆڤ بەخۆی سەرسام بێ، لەخۆبایی و خۆبەزلزان بێ، ئەم خۆبەگەورە دانانەی وای لێبکات ئەزموون و بەهرە و شارەزایی لە کەسانی دیکە وەرنەگرێت، بەمەش بە درێژایی تەمەنی کورتبین و ئاسو تەسك دەبێ.

**٨- بێ ئاگابوون لەو شوێنەوارو ئەنجامانەی بەهۆی کورتبینیەوە پەیدادەبن:**

لەوانەیە موسڵمان بێ ئاگابێ لەو شوێنەوار و ئەنجامانەی بەهۆی کورتبینیەوە دروست دەبن، بەمەش ڕازی دەبێ بەوەی هەیەتی بێ ئەوەی کۆشش بکات یان بیر و هۆشی بەگەربخات بۆ نەهێشتنی ئەم دەرەنجام و شوێنەوارانە، وێنەی ئەم جۆرە کەسە بە درێژایی ژیانی بە کورتبینی دەمێنێتەوە.

### ٩- نەشارەزایی و بێ ئاگابوون لە هەواڵ و بەسەرهاتی گەلانی ڕابردوو:

دەکرێ موسڵمان نەشارەزا و بێ ئاگابێ لە هەواڵ و بەسەرهاتی گەلانی ڕابردوو، کە چۆن هەڵسوکەوتیان کردووە لە هەمبەر پێشهاتە لەناکاوەکان، نموونەی ئەم جۆرە کەسە نەشارەزا و بێ ئاگایە بەبێ بەشی لە ئەزموون و شارەزایی ژیان بەسەر دەبات، کە بناغەی فراوانبینی و دووربینیە، خوای مەزن ڕاستی فەرمووە کە لە بارەی هەواڵ و سەرهاتەکانی پێشوو فەرموویەتی: ﴿ لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ ﴾ يوسف: ١١١. واتە: (سوێند بێت بەخوا بەڕاستی لە سەرگوزەشتە و بەسەرهاتی پێغەمبەراندا پەند و ئامۆژگاری هەیە بۆ کەسانی ژیر و هۆشمەند). ﴿فَٱقْصُصِ ٱلْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ الأعراف: ١٧٦. واتە: (کەوابوو ئەم جۆرە بەسەرهاتانە بگێڕەرەوە بۆ ئەوەی "دابچڵەکێن و" بیربکەنەوە).

### ١٠- لاوازی پەیوەندی لەگەڵ خوای مەزن:

لەوانەیە موسڵمان پەیوەندیەکەی لاواز بێ لەگەڵ خوای پەروەردگاری و خۆی نەپارێزێ لە گوناه و تاوان، بەتایبەت گوناهە بچوکەکان یان کەمتەرخەمی بنوێنێ لە پەرستشەکانی شەو و ڕۆژدا یاخود لایەنێکی چاکەکاری فەرامۆش بکات، لەسەر ئەمە سزا دەدرێ بەبێ بەشکران لە دانایی و حیکمەت کە بناغەی فراوانبینی و دووربینیە.

لەوانەیە ئەمەبێ واتای ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن لە پەرتووکە پیرۆزەکەیدا: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّكُمْ فُرْقَانًا ﴾ الأنفال: ٢٩. واتە: (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە: ئەگەر تەقوای خوا بکەن و پارێزکاری بکەن، ئەوە خوا بەرچاو ڕۆشنییەکی تەواوتان بۆ فەراهەم دەهێنێت "کە بتوانن حەق و ناحەقی بەئاسانی لە یەك پێ جیا بکەنەوە"). هەروەها ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن کە لەم فەرمووده قودسیەدا هاتووە: (هەر کەسێك دژایەتی

خۆشەویستێکم بکات، ئەوا جەنگی لە دژ ڕائەگەیەنم، بەندەکانم بەهیچ شتێك لێم نزیك نابنەوە کە من حەزم لێیە وەك ئەنجامدانی ئەو شتانەی لەسەریانم پێویست کردووە، بەندەی من بەردەوام بەهۆی ئەنجامدانی سوننەتەکانەوە لێم نزیك دەکەوێتەوە تاکو خۆشمدەوێت، جا ئەگەر خۆشم ویست، دەبمە ئەو گوێیەی کە پێی دەبیستێ و ئەوو چاوەی کە پێی دەبینێ و ئەو دەستەی کە شتی پێ دەگرێت و ئەو لاقەی کە پێی دەڕوات و هاتوچۆی پێ دەکات، ئەگەر داوام لێ بکات پێی دەبەخشم، کە پەنام پێبگرێ پەنای دەدەم، لە هیچ کارێکدا دوودڵ نەبوومە کە بیکەم وەك دوودڵیم لە هەمبەر کەسی باوەڕدار کە حەز لە مردن ناکات و منیش نامەوێ ئازاری بدەم)[١].

**سێیەم: نیشانەکانی کورتبینی:**

**کــورتبینی نیشــانەی خــۆی هەیــە، کــە پێــی دەناســرێتەوە، باســی چەند نیشانەیەك دەکەین لەوانە:**

١- بێزار و بێ ئومێد بوون لە بەرنامەی کاری بانگەواز یان بزوتنەوە، کە بزوتنەوە هاوچەرخەکانی موسڵمانان پەسەندیان کردووە لە پێناو بەرپاکردنی ئاینی خوا لە زەویدا، هەروەها وەسفکردنی ئەم پەیڕەوە بە دواکەوتوو، کە توانای نییە لەگەڵ بارودۆخ و پێشهاتەکانی چەرخ بڕوات، تەنانەت وەسفکردنی ئەوانەی کاری بانگەواز دەکەن بەوەی پاڵیان بە دونیاوە داوەتەوەو سەلامەتیان هەڵبژاردووە.

٢- کورتکردنەوەی هەوڵدان لە چەند لایەنێکدا، ئەگەر سوودبەخشیش بێ بەڵام لاوەکی بێ، وزەیەکی زۆر خەرج دەکات، کاتێکی زۆر دەبات، وەك کارکردن لەسەر دروستکردنی مزگەوت یان بنیاتنانی کۆمەڵەیەکی خێرخوازی یان دانی وتاری ئامۆژگاریکار، یاخود نووسین یان خوێندنەوە

---

([١]) بوخاری گێڕاویەتیەوە. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

یاخود سەردانکردنی نەخۆش یان هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی خەڵك لەسەر یەك بۆچوون لە بابەتە لاوەکییەکاندا یاخود لەو مەسەلانەی ڕاجیاییان تێدایە، هاوشێوەیەی ئەم کارە لابەلایانە.

٣- توونـد و تیژبوون لە کاتی کەمتەرخەمی نواندن لە سوننەتێکدا یان خێرێکی لاوەکیدا، دڵتەنگ نەبوون و ڕووخسار تێکنەچوون لە کاتی بەفیڕۆدانی فەرزێك و واجبێك، بۆ نموونە دەبینیت دونیا دەهەژێنێ لەسەر ئەو کەسەی جلەکەی کورت ناکاتەوە یان بەردەوام سیواك ناکات یاخود کاتژمێر ناکاتە دەستی ڕاستی، لە بەرامبەردا یەك موی جەستەی ناجوڵێ کاتێك دەبینێ حوکمێکی خوا کاری پێناکرێ لەسەر زەوی، ئەوانەی لەسەر ڕێی هەڵە و پوچەڵن و بەربەست دروست دەکەن لەسەر ڕێگەی ڕاست، خراپترین شێوە ئێش و ئازار بەوانە دەچێژن کە خۆشەویستی خوان.

٤- چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە موسڵمانان بەدەستییەوە دەیناڵێنن، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێورکەرەوەکان بێ لێکۆڵینەوە لە ڕەگ و ڕیشەی نەخۆشیەکە، هۆکاری دەردەکە، ئینجا ڕیشەکێشکردنی، یاخود دیاریکردنی ئەوەی ئەم هۆکارە یەکێکە لە ڕەگەکانی ئەم دەردە، بۆ نموونە دەبینین یان دەبیستین کە چارەسەری کێشەی بوونی شوێنەکانی مەیی خۆری و فیدیۆی ڕووت و قوت بە شکاندن و ئاگر تێبەردان دەبێ، لە ڕاستیدا چارەسەرەکە بریتییە لە دروستکردنی دەسەڵاتێك کە بەرنامەی خوا لەسەر زەوی بەرپا بکات، خوای گەورە بە دەسەڵات ئەو شتانە لەق دەکات کە بە قورئان لەق ناکرێ، دواتر دروستکردنی هۆشیاری لە ناو ئوممەتدا بەشێوەیەك کە نەریتی گشتی بگۆڕێ و وای لێبکات بەرپرسیارێتی هەڵبگرێ یان سپاردەی جێبەجێکردنی شەرعی خوا بخاتە ئەستۆی خۆی.

## چوارەم: شوێنەوارەكانی كورتبینی:

**كورتبینی شوێنەواری نالەبار و ئاكامی خراپی هەیە لەسەر بانگخوازان و كاری موسڵمانان، ئەمەش چەند شوێنەوارێكن:**

**لە شوێنەوارەكانی كورتبینی لەسەر بانگخوازان:**

**١- بەفیڕۆدانی هەوڵ و تواناكان:** شوێنەواری یەكەم: بەفیڕۆدانی هەوڵ و تواناكان لە كاری سوودبەخشدا بەكەڵكە، بەڵام ئەم كارانە لاوەكی و بنەڕەتی نین، جا ئەگەر وزە و هەوڵەكان لەم جۆرە كارانەدا خەرج كران، ئەوا موسڵمانی بانگخواز لە دوای ئەمە دەستەوەسان دەبێ و ئەو توانایە لە دەستدەدات كە بتوانێ بەهۆیەوە ڕووبەڕووی ئەركە بەرجەستە و پاشكۆیە مەزنەكانی ببێتەوە.

لەوانەیە ئەمە مەبەستی ئەو ڕێنوێنیەی قورئان بێ بۆ موسڵمانان، لە یەكەم جاردا: كە نوێژ لە ناخیشیدا بە جوانی ئەنجام بدەن و پەیوەندی نێوانیان باش بكەن: ﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾ وَذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِ فَصَلَّىٰ ﴿١٥﴾ ﴾ الأعلى: ١٤، ١٥. واتە: (بێگومان ئەو كەسە سەرفرازە كە دەروونی خۆی پاك ڕاگرتووە. ناوی پەروەردگاری دەبات و نوێژی بۆ دەكات و كڕنووش و سوژدەی بۆ بردووە). ﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا ﴿٩﴾ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا ﴿١٠﴾ ﴾ الشمس: ٩_١٠. واتە: (بە ڕاستی ئەو كەسە سەرفرازە كە نەفسی پاك و پوختە كردووە و ئیمان و ترسی خوای تێدا ڕواندووە. بێگومان نائومێد بووە ئەو كەسەی نەفسی ناپوخت كردووەو ئاڵوودەی تاوان گوناه و خراپەی كردووە). بێ ئەوەی وەڵامی هیچ جوڵەیەك بدەنەوە یان بەرپەرچی هیچ چەوساندنەوەیەك بدەنەوە كە دوژمنەكانیان بەسەریاندا دەسەپێنن: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوا أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ ﴾ النساء: ٧٧. واتە: (ئایا نەتڕوانیووەتە ئەوانەی كە پێیان وترا: دەست بپارێزن كاتی جەنگ نییە! بەڵكو هەر نوێژ بكەن و زەكات بدەن).

﴿ وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ ﴿٩٧﴾ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ

﴿٩٨﴾ الحجر: ٩٧، ٩٨. واتە: (سوێند بە خوا ئێمە چاك دەزانین کە بەراستی دڵی تۆ تەنگ دەبێت بەو گوفتارە نابەجێیەی کە خوانەناسان دەیڵێن. "جا لە هەموو کاتێکدا، بەتایبەت لەکاتی دڵ تەنگیدا" تەسبیحات و سوپاس و ستایشی پەروەردگارت بکە و لە ڕیزی سوژدە بەراندابە).

هەموو ئەمە لە پێناو گەشەکردنی وزەکانیانە، زیادبوونی کۆششەکانیانە، تەنانەت ئەم وزە و هەوڵانەیان دەپارێزرێ بە مەبەستی ئاڕاستەکران بەرەو شتی سوودبەخش و بە کەڵك، لە شوێن و کاتی شیاودا، ئەمەش ڕوویدا، ئەوانەی کۆششیان لەگەڵ دەروونیان کردووە، پەیوەندیان بەهێز بووە لە نێو خۆیاندا، ئێش و ئازاریان چەشت و ئارامیان گرت، بە درێژایی قۆناغی بەدر، سەرباری هاوسەنگ نەبوونی دوو کۆمەڵەکە، نە لە زەخیرە و نە لە ژمارەدا، چەندین دیمەنیان لێ تۆمار کراوە کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی چەندە تێرو پڕن لە ناخ و دەرووندا دژی دوژمنانی خوا و موسڵمانان، لەوانەیە یەکێك لە بەهێزترین ئەو دیمەنانە ئەوەبووبێ کە بیلالی کوڕی ڕەباح لەگەڵ ئومەیەی کوڕی خەلەف کردی، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف دەڵێت: "نامەم بۆ ئومەیەی کوڕی خەلەف نووسی، تا لە مەککە لە پەنای خۆیدا بمپارێزێ، منیش لە مەدینەدا لە پەنای خۆمدا بیپارێزم، کاتێك ناوی (ڕەحمان)م هێنا، ئومەیە وتی: من ڕەحمان ناناسم، بەو ناوە نامەم بۆ بنوسە کە لە سەردەمی نەفامیدا هەتبووە، منیش بۆم نووسی: بەندەی عەمر، کاتێك جەنگی بەدر داهات، لە سەروبەندی خەوتن خەڵکدا دەرچوو بۆ لای چیایەك تا بیپارێزم، بیلال ئەوی بینی، پیشانی کۆمەڵێك لە پشتیوانەکانی دا، ئینجا وتی: عەبدولڕەحمان ڕزگارت نابێ ئەگەر ئومەیە ڕزگاری ببێ، کۆمەڵێك لە پشتیوانان لەگەڵی دەرچوون و بە شوێن پێی ئێمەدا هاتن، کاتێك ترسام پێم بگەن، کوڕی ئومەیەم بۆ ئەوان جێهێشت تا سەرقاڵیان بکات، کوڕەکەیان کوشت، بەردەوام بوون لە شوێنکەوتنمان، ئومەیەش پیاوێك بوو کێشێکی گرانی هەبوو، کاتێك پێمان

گەیشتن، پێم وت: دانیشە و خۆت بەیەكەوە بنوسێنە، منیش خۆم بەسەر ئومەیەدا درێژ كرد، بەڵام ئەوان بە شمشێر لێیاندا تا كوشتیان، یەكێك لاقی بریندار كردم".

٢- **بێ هیوابوون:** شوێنەواری دووەم بێ هیوابوونە، چونكە كورتبینی لە ڕێگادا تووشی زۆر كۆسپ و تەگەرە دێت، بەهۆی تەسك بینیەكەی ناتوانێ ئەم كۆسپانە لەخۆی بگرێت و بەسەریاندا سەربكەوێت، بەمەش لە دەرەنجامدا: بێ ئومێد دەبێت، تەنانەت پاڵدەداتەوەو بە ئەركی خۆی هەڵناستێت، بەخوا ئەمە گرنگترین شتە كە دوژمنانی خوا هەوڵی بۆ دەدەن، تا بەردەمیان چۆڵ بێت: "بەردەمت چۆڵ بوو، جا سپی و زەردبە".

٣- **كەمی بەدەستهێنانی لایەنگر:** شوێنەواری سێیەم بریتییە لە كەمی بەدەستهێنانی لایەنگر یان هەر بەدەست نەهێنانی، چونكە كورتبینی زۆر بەدەگمەن دەگاتە سەركەوتن، ئەو كەسەش سەركەوتن لە دەست بدات، ئەوا شتێكی بەدەست نامێنێ كە خەڵكی پێ هەڵخەڵەتێنێ، پشتیوانێكیان لێ دەستبخات، بارودۆخیش پشتی ئەمە دەگرێ، چەندین كەسی كورتبین ژیاوە و مردوون و تەنها كەسانێكی لە دەورن كە بە پەنجە دەژمێردرێ، سەرباری ئەوەی زۆرێك لە خەڵك لەبەری هەڵدێت و پشتی لێدەكەن.

٤- **بێ بەشبوون لە پاڵپشتی خوایی:** شوێنەواری كۆتایی بریتییە لە: بێ بەشبوون لە پاڵپشتی خوایی، چونكە كورتبینی لە هەموو خەڵكی دەیەوێ ژیان بگوزەرێنن بەگوێرەی دید و تێڕوانینە سنووردارەكەی، خەڵكیش وەڵامی ناداتەوە، ئەو كاتە بە زمانێكی توند و تیژ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، گۆشتی ئەوان وەك خواردنێكی بەتام دەخوات، خوا مەزن هەرگیز سەركەوتنی پێ نابەخشێ كە گۆشتی خەڵك خواردنی ئەو بێ.

## شوێنەوارەکانی کورتبینی لەسەر کاری موسڵمانان:

**لە شوێنەوارەکانی کورتبینی لەسەر کاری موسڵمانان، ئەمانەن:**

١- **شێواندن:** کورتبینی وا لە کاری موسڵمانان دەکات چارەسەری کێشەکان بکات لە ڕێگەی هێورکەرەوەکان، بێ ڕوانینە هۆکارەکان و بنەبڕ کردنیان لە ڕەگ و ڕیشەوە، بەو شێوەیەی پێشتر خستمانەڕوو، جا وێنەی ئەم شێوازە لە کاردا سوودبەخش نییە، سەرباری ئەوەی تێچووەکان زیاد دەکات و ڕێگاکە درێژ دەکاتەوە، ئەو کاتەش دوژمنانی خوا ئەمە وەك هەلێك دەقۆزنەوە بۆ شێواندنی وێنای ئیسلام و کاری موسڵمانان، بەوەی ئیسلام توانای ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان و دانانی چارەسەری گونجاوی نییە.

٢- **بەرەوپێش نەچوون:** لەبەر ئەوەی کاری موسڵمانان ڕووبەڕووی زۆر کۆسپ و لەمپەڕ دەبێتەوە، ئەو کۆسپانەی کە دوژمنانی خوا دایدەنێن، کورتبینی وا دەکات موسڵمان خۆی بەم کۆسپانەدا بکێشێ و توانی نەبێ بەسەریاندا سەربکەوێت، ئەو کاتە بەرەوپێش ناچێت و ڕێگەی بەردەوام بوونی لێ دەگیرێت.

٣- **لێدان یان لەباربردنی بەرهەمی کار:** لەبەر ئەوەی کورتبینی کاری موسڵمانان بێ بەش دەکات لە پشتیوان و لایەنگران، تەنانەت بێ بەشی دەکات لە پاڵپشتی خوایی، ئەو کاتەی کاری موسڵمانان لەمە بێ بەش دەبێت و بۆ دوژمنانی ئاسان دەبێ گورزی لێبوەشێنن یان بەلایەنی کەمەوە بەرهەمەکەی لەبار ببەن و بۆ دەیان ساڵ بیگەڕێننەوە دواوە.

## پێنجەم: چارەسەری کورتبینی:

**لەگـەڵ ئەمەشـدا دەکـرێ چارەسـەری کـورتبینی بکـرێ و دەروون لـە دژی تۆکمە بکرێ بە گرتنەبەری ئەم ڕێ و شوێنانەی خوارەوە:**

١- ڕاهێنـــان لەســـەر هـــەڵگرتنی بەرپرســـیارێتی لـــە تەمـــەنی منداڵیـــەوە، هـــەر لەگـــەڵ پێگەیشـــتنی نینۆکـــەکانی، ئەمـــە وا لـــە مـــرۆڤ دەکـــات زۆر ئـــەزموون

و شـــــارەزایی بەدەســـــتبهێنێ و تواناكــــانی یـــان زیرەكییـــە سروشــــتییەكەی گەشـــەپێبدات، ئەگـــەر دوای ئەمـــە پیریـــش بـــوو ئـــەوا تێروانینـــی فـــراوان و دووربین دەبێ.

لە پێغەمبەرانی خوادا و بە تایبەت پێغەمبەر محەممەد (صلى الله عليه وسلم) پێشەنگی هەرە چاكمان هەیە، ئەوان لە منداڵیەوە بەرپرسیارێتی ژیانیان خستۆتە ئەستۆی خۆیان، ئەمەش یارمەتی ئەوانیدا توانا و لێهاتوویيەكانیان گەشەپێ بدەن لە بواری سەرپەرشتی كردنی ناخ و دەروونەكان و چاكسازی كردن تێیدا لە دوای ڕەوانەكرانیان وەك پەیامبەر، پێغەمبەر سەرنجی بۆ ئەم شێوازە پەروەردەییە ڕاكێشاوە كاتێك فەرمووی: (خوای مەزن هیچ پێغەمبەرێكی ڕەوانە نەكردووە كە شوانێتی مەڕو ماڵاتی نەكردبێ) هاوەڵان وتیان: تەنانەت تۆش ئەم كارەت كردووە، فەرمووی: (بەڵێ منیش كردوومە، لە بەرامبەر نرخێكی كەم ئەم كارەم بۆ خەڵكی مەككە دەكرد).

٢- هێنانە دەرەوەی ناخ و دەروون لە ناو ڕیزی ئەوانەی تێڕوانینیان تەسك و كورتبینن، خۆخستنە ناو باوەشی خاوەن ئەزموون و شارەزاكان، كە خەسڵەتی تێڕوانینی فراوان و دووربینی تێیاندا ڕەنگی داوەتەوە، هەردەم هاموشۆ كردن لەگەڵ ئەوانەدا و ملكەچ كردن بۆیان، چونكە بە تێپەڕینی كات ئەمە سەردەكێشێت بۆ گەشەپێدانی توانا سروشتییەكان و فێربوونی دانایی، كە فراوانبینی و دووربینی بە تایبەتمەندیەكی ئەو دادەنرێ.

٣- تێگەیشتن بە شێوەیەكی ورد لە پەیامی مرۆڤ و ڕۆڵی لەسەر زەوی، ڕێگەی پیادەكردنی ئەم ڕۆڵە و چۆنیەتی گەیاندنی ئەم پەیامە.

٤- تێگەیشتن لە حەقیقەت و ناوەڕۆكی ئیسلام بە تێروتەسەلی و ڕێگەی بەرپاكردن و كارپێكردنی لە زەویدا، ئەم تێگەیشتنە هیمەت و خولیاكان كۆ دەكاتەوە لە پێناو جێبەجێكردنی ئەوەی یارمەتی دووربینی و فراوانبینی مرۆڤ دەدات.

٥- تەواو شارەزابوون لە بارودۆخی دوژمنان و ڕێگە و پەیڕەو و شێوازیان لە کاردا، چونکە ئەمە وا لە خاوەنەکەی دەکات زیرەکی خۆی بەگەڕ بخات لە پێناو پوچەڵکردنەوەی ئەم ڕێچکانە یان ئەو ڕێبازانەیان، ئەمەیە کە بە فراوانینی ناوی دەنێین.

٦- ژیان لەگەڵ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە میانەی ژیاننامەکەی، چونکە پڕیەتی لە زۆرێك لەو هەڵوێستانەی یارمەتیدەرن لەسەر ڕوانینی فراوان و دووربینی، ئەو هەڵوێستەی بەسە بۆمان کە بت و پەیکەرەکانی ناوەو دەرەوەی کەعبەی نەشکاند لە ساڵی هەشتی کۆچی نەبێ، کە ڕۆژی ڕزگارکردنی مەککە بوو، چونکە پێی وابوو کە شکاندنی بتەکان پێش شکاندنی بتی ناو ناخەکان کە هاندەری هاوبەشدانان و کاری خراپە بوو یارمەتیدەر دەبێ بۆ بنیاتنانەوە و دروستکردنی ئەم بتانە لە زێر لە جیاتی بەرد، تەنانەت ژمارەیان زیاد دەبێت، بۆیە کاری کرد بۆ چاککردنی دەروون لە ناوەوە، وەك جیێبەجێکردنی ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ لَهُۥ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ ﴾ الرعد: ١١. واتە: (بێگومان خوا بارودۆخی هیچ قەوم و گەلێك ناگۆڕێت "لە خۆشیەوە بۆ ناخۆشی، یان لە زەلیلیەوە بۆ سەربەرزی، یان لە گرانیەوە بۆ هەرزانی" هەتا ئەوان ئەوەی بە خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن). تا ئەم دەروونانە چاك بوون و لەسەر پەیڕەو و بەرنامەی خوا جێگیربوون، پەیوەندی نێوانیان بەهێزبوو، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێشەوایەتی و جڵەوگیری کرد و مەککەی پێ ڕزگارکرد و ئەم بتانەی پێ شکاند.

هەروەها ئەوەی لەبارەی هەڵوێستی پێغەمبەرەوە هاتووە لە پەیماننامەی حودەیبییە، سەرباری توندی مەرجەکانی ئەم پەیماننامەیە لەسەر هاوەڵان و لە سەروشیانەوە عومەر (ڕەزای خوای لێبێت)، چونکە پێغەمبەر بە چاوی پێغەمبەرایەتیەوە دەیڕوانی، ئەو دەیبیی ئەگەر ئەم مەرجانەش توند و ڕەق دەربکەون ئەوا خێری زۆریان بۆ موسڵمانان لێ دەپشکوێتەوە، بارودۆخ جەختی

لەسەر ئەمە کردووە، دوای پەیماننامەی حودەیبیە ژمارەی موسڵمانان زۆر زیادی کرد، ئەوەندە بەسە کە بزانین ژمارە جەنگاوەرەکان لە جەنگی خەندەق لە ساڵی پێنجی کۆچی ٣ هەزار جەنگاوەر بوو، لە ڕۆژی مەککە ژمارەیان گەیشتە ١٠ هەزار جەنگاوەر، ئەمە تەنها بەهۆی ئەوەوە ڕوویدا کە تێکەڵاوی و سەردان لە نێوان موسڵمانان و هاوبەشدانەران ئەنجامدرا و بەمەش هاوبەشدانەران شارەزای ڕەوشتی موسڵمانان بوون لە دەرەنجامی پەیماننامەی حودەیبیە و ئاشتەوایی و وەلانانی شەڕ، دوای گرێدانی پەیماننامەکە هاوبەشدانەران هاتن داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم مەرجەیان دەکرد: (هەر کەسێك هاتە لای پێغەمبەر و بووە موسڵمان، دەبێت بیگێڕێتەوە بۆ لای هاوبەشدانەران)، ئەمەش دوای ئەوەی ئەبو بەسیر و هاوڕێکانی تاڵاویان بەوان چەشت و ڕێگەی بازرگانی ئەوانیان پچڕاند و ئەوانیان ناچارکرد لە برسان مردار بوو و گەڵای درەخت بخۆن.

٧- بوونی پەیوەندیەکی باش لەگەڵ خوای گەورە، نەکردنی گوناھ بە گەورە و بچوکەوە، بەردەوام بوون لەسەر کار و ئەرکەکانی شەوو ڕۆژ، هەمیشە سەرگەرم بوون لەسەر ئەنجامدانی کاری چاکە، چونکە ئەمە دانایی پەیدا دەکات، کە ناونیشانەکەی: فراوان بینی و دووربینیە.

٨- بەردەوام ڕوانین و ئاگاداربوون لە ئەزموون و شارەزایی خەڵکی پێشوو، چونکە پڕیەتی لە ئەزموون، کە تواناکان گەشە پێدەدات، وزەکان زیاد دەکات، شارەزایی بە مرۆڤ دەبەخشێت، ئەوە بەسە کە لە حافیزی باوکی فەرەجەوە هاتووە، کە بە ئیبن جەوزی ناسراوە (٥٩٧ مردووە) پیاوێکی شیعە لە کۆڕێکی وتاردانی گشتیدا پرسیاری لێکرد: (گەورەم: وشەیەکمان لێت دەوێت، ئەبو بەکر باشترە یان عەلی؟ ئیبن جەوزی درکی بە پیسی و مەترسیداری پرسیارەکە کرد، بۆیە یەکسەر وەڵامی دایەوە و وتی: (ئەوەی کچەکەی لە ژێریەوە بێ).

ئەم گوزارشتە دوو ڕووی هەیە، هەر دوو كۆمەڵەكە (شیعە و پەیڕەوانی سوننە) ڕازی دەكات، ئەم وەڵامە تەنها لە فراوانبینی و دووربینی ئیبن جەوزیەوە سەرچاوەی گرتووە.

هەروەها ئەم وتەیەی حەسەن بەننا بەسە بۆمان كە لەسەر وتارێكی خاوەنی كتێبی (چەند ڕووداوێك مێژوویان دروستكرد) دەری بڕیوە، خاوەنەی ئەم كتێبە ئەم وتارەی نووسیبوو لە وەڵامی وتارێكی سەید قوتبدا كە لە هەفتەنامەی ئەهرامدا بڵاوی كردبووەوە لە كۆتایی سییەكاندا، لەم وتارەیدا سەید قوتب بە ڕاشكاوانە داوای ڕووت و قوتی تەواوی كردبوو، هەروەها داوای كردبوو خەڵك ژیان بگوزەرێنێ بە ڕووتی وەك چۆن لە دایكیان بوونە، حەسەن بەننا وەڵامەكەی خوێندنەوە بە پێچەوانەی نەریتی خۆی، ئینجا سەرنجی دایە نووسەری وتارە بەرپەرچ دەرەوەكە، كە ناوی (مەحمود) بوو، پێی وت: مەحمود بەڕاستی وتارەكە شێوە داڕشتنێكی بەهێزی هەیە، بەڵگەی تۆكمەیە، شایستەی بڵاوكردنەوەیە، پێشتر ستایشی هەندێك لە بڵاوكراوەكانتم كردبوو لە ڕۆژنامەكاندا، بەڵام ئەم جارەیان چەند ڕازێكم بە خەیاڵدا هاتن و دەمەوێ بۆت بخەمەڕوو:

**یەكەم**: گومان لەوەدا نییە بیرۆكەی وتارەكە وروژێنەرە، دڵی باوەڕدار بریندار دەكات.

**دووەم**: نووسەری ئەم وتارە؛ گەنجێكە كاریگەرە بەو ژینگەیەی ئاشنایەتی و ئێمەش شارەزای ئەم ژینگەیەین، كە ئەم جۆرە بیرۆكانەی پێدەدات.

**سێیەم**: ئامانجی ئەم گەنجە لە نووسینی ئەم وتارە تەنها گۆڕینی ئەوە نییە كە باوەڕی پێی هەیە، بەڵكو هەوڵێكە بۆ ڕاكێشانی سەرنجەكان لەسەر بنچینەی نەریتی خۆیان كە ئامانج ڕەوایی بە هۆكارو ئامرازەكان دەدات.

**چوارەم**: خوێنەرانی هەفتەنامەی ئەهرام ژمارەیان سنووردارە، بە بەراورد بە دانیشتوانی میسر، هەموو خوێنەرانی هەفتەنامەی ئەهرام ئەم وتارەیان نەخوێندۆتەوە، بەڵكو زۆربەیان تەنها هەواڵەكانی لێ دەخوێننەوە، زۆربەی

ئەوانەی ئەم وتارەشیان خوێندۆتەوە ئەوا وەریان نەگرتووە، چونکە ڕاهاتوون وتارە نا سەرەکییەکان بە سەرپێی بخوێننەوە.

**پێنجەم**: ئەگەر بەرپەرچێکی ئەم وتارەمان لە هەفتەنامەی ئەهرام بڵاوکردەوە ئەوا ئەم دەرەنجامانەی دەبێت:

أ- وەڵامەکە سەرەنجی ئەو کەسانە ڕادەکێشێت کە وتارەکەیان نەخوێندۆتەوە، وایان لێدەکات بەدوایدا بگەڕێن و بیخوێننەوە، هەروەك وا دەکات ئەوانەی بە سەرپێی خوێندوویانەتەوە جارێکی تر بە وردی بیخوێننەوە، بەمەش بیرۆکەی وتارەکە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت، دەبێتە مایەی تاوتوێکردن و خاڵی بایەخ پێدان، بەمەش بەبێ ئەوەی مەبەستمان بێ کار دەکەین لەسەر جێبەجێکردنی مەبەستی خاوەن وتارەکە، لە ڕاکێشەکانی سەرەنجەکان بەلایدا و دانانی ناوی لەسەر زمانەکان.

ت- بەبێ مەبەست دەبینە هۆکاری ڕاکێشانی سەرنجەکان بۆ ڕەنگ و جۆرێك لە پەستی و نزمیەکان، لەوانەیە دەروونە چەپەڵ و لاوازەکان پێیەوە پەیوەست ببن، ئەگەر وەڵامی نەدەینەوە ئەوا بانگەوازی خەڵك ناکرێ بۆ ئەم شتە پەست و نزمانە و دەچێتە ناو دۆخی لەبیرچوونەوە.

پ- وەڵامدانەوە و بەرپەرچدانەوە جۆرێکە لە تەحەدا کردن، ئەمەش جۆرێك لە ڕق و کەللە ڕەقی لە دڵی ئەو کەسەدا دروست دەکات کە وەڵامی دراوەتەوە، ئەم کەللەڕەقی و ڕق و کینەیە وادەکات دەمارگیری بۆ بیرو بۆچوونەکانی هەبێ، هەرچەندە دڵنیاش بێ کە هەڵەیە، بەم کارەمان ڕێگەی پەشیمان بوونەوەمان لێگرتووە، ئەمەش لە دەستدانێکە پێویستمان پێی نییە.

ئەم نووسەرە هێشتا گەنجە، هێشتنەوەی هەل و فرسەت لەبەردەمیدا بۆ گەڕانەوە بۆ سەر حەق و ڕاستی باشترە لە سەغڵەت کردنی، جا تۆ چوزانی لەوانەیە ئەم گەنجە لە بێ ئاگاییەکەی هەڵبستێتەوە و دەست بگرێ بە ڕێی ڕاستەوە، ببێتە

یەکێك لەوانەی سوودیان بۆ بانگەواز دەبێت ڕۆژێك لە ڕۆژان، ئینجا بەننا وتی: ڕات چییە لەبارەی ئەم ڕازو نیازانە؟ وتم "واتە: نووسەری بەرپەرچەکە" زۆر قەناعەت پێکەرە، لەبەردەم شێخ حەسەن بەننا وەڵامەکەم لەت و پەت کرد و دڕاند.

ڕۆژگار تێدەپەڕێت و سەید قوتب ڕەحمەتی خوای لێبێ دەبێتە یەکێك لە مەشخەڵ بەدەستان، تەنانەت یەکێك لە شەهیدانی بانگەوازی ئیسلامی.

لەوانەیە نهێنی ئەمە یەکەم پاڵپشتی و یارمەتی خوایی بێ، ئینجا ئەم تێڕوانینە دووربین و بۆچوونە نیگا بەخشە بێ، کە شێخ حەسەن بەننا ڕەحمەتی خوای لێبێت هەیبوو.

با ئەم وتەیەی بانگخوازێکمان بۆ ببێتە پێشەنگ کە بە دوو گەنجی پابەند بە ئیسلامەوە لەم سەردەمەدا لەبارەی کورتبینی ڕاگەیاندووە لە کاتێکدا بینیویەتی ئەوان ڕاجیاوازن لەبارەی ئەو ئەندازەیەی دەستی تەڕی پێدا دەهێنرێ لەسەر، ئایا چەند تاڵە موێکە یاخود چواریەکە یان نیوەیە یاخود هەمووە؟ ئەم ڕاجیاییە گەیشتە شەڕە قسە و لەیەکتردان، ئەم بانگخوازە بەوانی وت: ئەم کەللەسەرە بپارێز لە بڕین و پەلدران، چونکە لە دڵ و دەروونی دوژمنانی خوادا پیلانگێڕیەك هەیە لەسەر بڕینی ئەم دوو سەرە، ئینجا ڕاجیاییان هەیە لەبارەی ئەو ئەندازەیەی دەستی تەڕی پێدا دەهێنرێ؟!.

٩- ڕوانینە ئاکامەکانی کورتبینی چ لەسەر بانگخوازان چ لەسەر کاری ئیسلامی، بەوشێوەیەی خستمانەڕوو، بەڵکو ئەمە هیمەتەکان زیندوو دەکاتەوە یان ورەکان دەجوڵێنێ بەمەش هەوڵ دەدات بۆ ئاسۆبینی فراوان و دووربینی.

# دەردی دوازدەم

## پابەند نەبوون

دەردی دوازدەم کە بەشێك لە بانگخوازان تووشی دەبن، مەترسییەکی زۆری لەسەر ئەوان و کاری موسڵمانان دەبێت، بریتییە لە: پابەند نەبوون، جا تا بەشداربین لە ڕیشەکێش کردنی ئەم نەخۆشییە لەو ناخانەی دووچاری هاتوون و تا دەروونی کەسانی تر لە تووشبوون پێی بپارێزین، کە خوای مەزن ئەوانی پاراستووە، ئەوا دەبێ وێنەیەکی ڕۆشن یان نیمچە ڕۆشن لەو بارەوە بخەینەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## یەکەم: واتای پابەندنەبوون (تلاشي الإلتزام):

**لە زمانەوانیدا:** وشەی (إلتزام) زمانەوانیدا بە چەند مانایەك بەکاردێ، لەوانە:

أ- دەستگرتن و لەباوەشگرتن و نووسان بە شتێکەوە، دەوترێ: (التزم شيء بالشيء) واتە: شتێك بە شتێکەوە نووسا و پێیەوە پەیوەست بوو، لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا هاتووە: (الإلتزام: واتە: لەباوەش گرتن)، ئەم فەرموودەیەش لەوەوە هاتووە: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە ڕۆژی جەنگی بەدردا لە خوای پەروەردگاری دەپاڕایەوە ڕووەو ڕووگە (قیبلە) و دەستی هەر زیاتر بەرز دەکردەوە تا عەبای سەر شانی بەربووەوە، ئەبو بەکر هات و عەبایەکەی دانایەوە سەر شانی، لە پشتەوە پێغەمبەری گرت و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوەندە بەسە، پەروەردگار پاڕانەوەکەت گیرا دەکات). هەروەها وتەی عەبدوڵای کوڕی موغەفەلیش لەوەوە هاتووە لەم فەرموودەیەدا: (کیسێك لە گۆشتی بە بەزم بە بەرکەوت، لە ڕۆژی جەنگی خەیبەردا، توووند لە باوەشم گرت و وتم: هیچ بەشێك لەمە نادەمە هیچ کەسێك، ئاوڕم دایەوە بینیم پێغەمبەری خوا زەردەخەنەی لەسەر لێوانە).

ب- پێویست بوون و لەسەر ئەستۆگرتنە، دەوترێ: پابەندی شتەکە بوو، واتە: لەسەر خۆی پێویست کرد، فڵانە پابەندی بۆ دەوڵەت دەربڕی، واتە:

بەڵێنیدا بەشێك لە سامان بدات، لە بەرامبەر بەكارهێنانی زەویەك لە موڵكی دەوڵەت، كەواتە پابەندە.

بەم پێیە پابەندنەبوون لە زمانەوانیدا بریتییە لە: كەمتەرخەمبوون لە دەستگرتن یان لە باوەشگرتنی شتێك، یان بە یەك جار نەگرتنی شتەكە، هەروەها واتە كەمتەرخەمی یان بە وەفانەبوون لە بەرامبەر ئەوەی لەسەر خۆی پێویستی دەكات.

**لە زاراوەدا:** پابەندنەبوون یان لاوازی پابەندی لە زاراوەی زانا و بانگخوازاندا بریتییە لە كەمتەرخەم بوون یان بەوەفا نەبوون بەوەی موسڵمان بەڵێنی جێبەجێكردنی دەدات یان ئەو كارە چاكەی دەیخاتە ئەستۆی خۆی، لە كاتێكدا ڕازی دەبێ بەوەی خوا پەروەردگاری بێ و ئیسلام ئاینی بێ و محەممەد (صلى الله عليه وسلم) پێغەمبەری بێ، بەڵكو كاتێك ڕازی دەبێ لە ڕیزی بانگخوازاندا بێ، لە ناو كاروانی ئەوانەدا بێ كە كار دەكەن لە پێناو پایەداركردنی بەرنامەی خوا لە زەویدا.

### دووەم: نیشانەكانی پابەندنەبوون:

**پابەندنەبوون یان لاوازی پابەندبوون چەند نیشانەیەكی هەیە، كە پێی دەناسرێتەوە، چەند خەسڵەتێكی هەیە بەهۆیەوە دەردەكەوێ، لەوانە:**

١- ورد نەبوون یان ڕێك و پێك نەبوون لە قسەكردن و بەڵێندا.

٢- دەركردنی بڕیار و حوكم بێ لێكۆڵینەوەو پشتڕاستكردنەوە.

٣- ڕەچاونەكردنی ڕەوشتی ڕاجیایی.

٤- گوێگرتن لە پڕوپاگەندە.

٥- گوێڕایەڵ نەبوون تەنها لەو شتانەدا نەبێ كە لەگەڵ هەواو هەوەس دەگونجێ.

٦- نەگەیاندنی خانەوادە و منداڵەكانی بەو ئاستەی كە پەسەندە لای خەڵك.

٧- ڕەچاونەكردنی ڕەوشتە كۆمەڵایەتیەكان.

٨- قوربانی نەدان بە ناخ یان بە سەروەت و سامان یاخود بە هەر دووکیان.

٩- ورد و ڕێك نەبوون لە جوڵەدا.

١٠- فەرامۆشکردنی ناخ و دەروون لە پاکسازی کردنی.

١١- پەلەکردن لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن بێ ئارامگرتن یان ئامادەسازی.

١٢- کۆششکردن لەو بابەتانەی کە کۆششکردنیان تێدا دروست نییە.

١٣- خۆ ڕانەگرتن لە بەردەم ئارەزووەکانی دونیا و تەنگ و چەڵەمەکانی.

١٤- پێشێلکردنی مافی برایەتی.

١٥- قسەکردن و خۆخستنە ناو ئەو شتانەی کە پەیوەندی بەوەوە نییە.

هاووێنەی ئەمانە.

## سێیەم: هۆکارەکانی پابەند نەبوون:

**لێرەدا چەند و هۆکار و پاڵنەرێك هەن، کە وا دەکەن پابەندبوون نەبێ یان لاواز بێت، لەوانە:**

### ١- تێنەگەیشتن یان پەیی نەبردن بە ڕەهەند و مەشخەڵەکانی پابەندبوون:

لەبەر ئەوەی تێنەگەیشتن یان پەیی نەبردن بە ڕەهەند و مەشخەڵەکانی پابەندبوون لە هەر کارو بارێکدا دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی پابەندبوون پێیەوە، تەنانەت دژایەتی کردنیشی، هەروەك خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ فەرموویەتی: ﴿بَلۡ كَذَّبُواْ بِمَا لَمۡ يُحِيطُواْ بِعِلۡمِهِۦ وَلَمَّا يَأۡتِهِمۡ تَأۡوِيلُهُۥ﴾ یونس: ٣٩. واتە: (بەڵکو سەرەڕای ئەو هەموو بەڵگانە ئەوانە بڕوایان بە قورئان نەکردووە کە هیچ شتێکیان نەزانیووە دەربارەی، هێشتا بۆیان نەهاتووە).

بەم پێیە تێنەگەیشتن یان تێگەیشتن بەڵام بە دڵ پەیی نەبردن بە ڕەهەند و مەشخەڵەکانی پابەندبوون، خاوەنەکەی دەبات بەرەو بێ وەفایی و کەمتەرخەمی

نواندن لە ئاست ئەو شتەی دێتە ناو ڕیزی موسڵمانانەوە، تەنانەت ئەو شتەی دێتە ناو ڕیزی بانگخوازانەوە.

لەوانەیە ئەمەبێ نهێنی دەستپێکردنی هەر ئایەتێك بە بانگەوازی کردن بۆ تێگەیشتن، تێگەیشتنێکی هۆشیارانە: ﴿ ٱقْرَأْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ ﴿١﴾ خَلَقَ ٱلْإِنسَٰنَ مِنْ عَلَقٍ ﴿٢﴾ ٱقْرَأْ وَرَبُّكَ ٱلْأَكْرَمُ ﴿٣﴾ ٱلَّذِى عَلَّمَ بِٱلْقَلَمِ ﴿٤﴾ عَلَّمَ ٱلْإِنسَٰنَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴿٥﴾ ﴾ علق. واتە: ("ئەی محەممەد (صلى الله عليه وسلم)" بخوێنە بەناوی ئەو پەروەردگارەتەوە کە هەموو شتێکی دروست کردووە. ئادەمیزادی لە چەند خانەیەکی هەڵواسراو "لەناو منداڵداندا" دروست کردووە. بخوێنە، لەکاتێکدا هەر پەروەردگاری تۆ بەخشندەیە. ئەو زاتەیە کە بەهۆی قەڵەمەوە زانست و زانیاری فێر کردووە. ئادەمیزادی فێری ئەو شتانە کردووە کە نەیزانیوون).

### ٢- ناوەندێکی ناپابەند:

لەوانەیە قەدەر موسڵمان بخاتە ناو ناوەندێکی نا پابەند، یان ناوەندێك کە پابەندبوونی لاوازە، ئەو موسڵمانەش شوێن پێی ئەوانەی دەوروبەری هەڵدەگرێت یاخود بەلایەنی کەمەوە چاو لەوان دەکات، بەتایبەت ئەگەر ئەو ناوەندە شوێن پێ هەڵگیراو بێ، بەمەش دەرەنجامەکەی بریتی دەبێ لە لاوازی پابەندبوون یان هەر نەمانی پابەند بوون.

لەوانەیە ئەم هۆکارە نهێنی جەختکردنەوەی ئیسلاممان بۆ ئاشکرا بکات لەسەر ستایشکردنی پێشەنگی چاك و باش، سەرزەنشتکردنی پێشەوا و ڕابەری خراپ و نالەبار، خوای پاك و بەرز دەفەرموویت: ﴿ يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِىِّ مَن يَأْتِ مِنكُنَّ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ يُضَٰعَفْ لَهَا ٱلْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا ﴿٣٠﴾ وَمَن يَقْنُتْ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتَعْمَلْ صَٰلِحًا نُّؤْتِهَآ أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ وَأَعْتَدْنَا لَهَا رِزْقًا كَرِيمًا ﴿٣١﴾ ﴾

الاحزاب: ٣٠، ٣١. واتە: (ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر: هەر کەس لە ئێوە بەگوناهێکی گەورەی ئاشکرا هەستێت، ئەوە با بزانێت کە دوو بەرابەر سزا دەدرێت، ئەوەش لای خوا زۆر ئاسانە چونکە ئێوە قەدر و ڕێزی تایبەتیتان هەیە. ئەوەشتان فەرمانبەردار و ملکەچی خواو پێغەمبەرەکەی بێت، کردەوەی چاکیش ئەنجام بدات ئەوە دووجار پاداشتی دەدەینەوە، هەروەها ڕزق و ڕۆزیەکی بەنرخ و پیرۆزمان لە بەهەشتدا بۆ ئامادە کردووە). خوای مەزن سزای خێزانەکانی پێغەمبەر لەسەر کاری خراپە زیاد دەکات، پاداشتیان زیاد دەکات بەهۆی ئەو کەش و ژینگە و داوێن پاکییەی تێیدا دەژیەن، کە یارمەتیدەر دەبێ لەسەر گوێڕایەڵی و لەخواترسان، جا بەهۆی ئەوەی ئافرەتانی دیکە شوێن پێی ئەوان هەڵدەگرن ئەوا سزای تاوانی ئافرەتانی دیکەشیان بۆ دەچێ، سزای ئەو کەسانەی شوێن پێی ئەوان هەڵدەگرن لە خراپەدا، بەهەمان شێوە پاداشتی چاکەی خۆیان و ئەوانەش کە شوێن پێی ئەوان هەڵدەگرن پێیان دەدرێ، لە پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم) هاتووە: "هەر کەسێك بانگەوازی بکات بۆ ڕێنوێنی و ڕێگەی ڕاست، ئەوا پاداشتی وەك شوێنکەوتووانی دەبێ، بێ ئەوەی هیچ لە پاداشتەکەیان کەم ببێتەوە، هەر کەسێکیش بانگەوازی بکات بۆ ڕێگەی گومڕایی، ئەوا تاوانی وەك تاوانی شوێنکەوتووانی دەبێ، بێ ئەوەی هیچ لە گوناهی شوێنکەوتووانی کەم ببێتەوە".

هەروەك بانگەواز چۆن بە گوفتار دەکرێ، ئەوا بە ڕەفتاریش دەکرێ: ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِ ﴾ النحل: ١٢٥. واتە: ("ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، ئەی ئیماندار" بانگەواز بکە بۆ لای بەرنامە و ڕێبازی پەروەردگارت بەحیکمەت و دانایی "بۆ هەندێك" و ئامۆژگاری جوان و بەجێ).

لە عومەرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) هاتووە، کراسێکی بۆیاخکراوی بینی کە تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵا لەبەریدابوو، ناوبراو لە ئیحرام دابوو، عومەر وتی: ئەم کراسە بۆیاخکراوە چییە ئەی تەڵحە؟ وتی: ئەی میری باوەڕداران ئەمە قوڕە پێیەوە نووساوە، عومەر وتی: بەڕێزان ئێوە کەسانێکی خەڵك شوێن پێتان

هەڵدەگرێت، ئەگەر کەسێکی نەزان ئەم جل و کراسە ببینێ، دەڵێت: تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵا کراسی بۆیاخکراوی لە ئیحرامدا لە بەردابوو، بۆیە بەڕێزان هیچ جلێکی بۆیاخ کراو لەبەر مەکەن.

## ٣- لاوازی ئیمان:

لەوانەیە لاوازی ئیمان و دابەزینی ئاست و پلەکەی لە ناخی موسڵماندا، هۆکاری نا پابەندبوون یان لاوازی پابەند بوون بێ، لەبەر ئەوەی ئیمان سەرچاوەی وزە و توانا نوێبووەوەکانە، تەنانەت پاسەوان و پارێزەری خاوەنەکەیەتی لەوەی کەمتەرخەم یان بێ باك بێ یاخود سوربێ لەسەر هەڵەکردن، هەروەك یەکێك بە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) وت: ئەی پێغەمبەری خوا تۆ ڕۆژووەکانت بە یەکدەگەیەنی، لە وەڵامدا فەرمووی: "جا کێ لە ئێوە وەك منە، پەروەردگارم خواردن و خواردنەوەم پێدەدات"[1]، زۆربەی زانایان ڕوونیان کردۆتەوە کە مەبەست لەم فەرمایشتە: "خواردن و خواردنەوەم پێدەدات" خوازراو (مەجاز)ە، واتە: ئەو شتەی پەیوەستە بە خواردن و خواردنەوەوە، کە وزە و توانایە، وەك ئەوەی پێغەمبەر بفەرمووێ: هێز و وزەی کەسێکم پێدەدات کە دەخوات و دەخواتەوە، شتانێکم بەسەردا دەڕژێنێ کە شوێنی خواردن و خواردنەوەم بۆ پڕ دەکەنەوە، بەهێزم دەکات بۆ ئەنجامدانی جۆرەها خواپەرستی بێ ئەوەی لاوازبم یان هەستم ماندوو بێ.

ئیبن حەجەڕ دەفەرموویێت: (دەکرێ مەبەست لە فەرمایشتەکەی پێغەمبەر: "خواردن و خواردنەوەم پێدەدات" ئەوەبێ کە سەرقاڵم دەکات بە بیرکردنەوە لە گەورەیی خۆی و تێربوون بە بینینی، وزە وەرگرتن لە زانیاریەکانی و چاوتێربوون

---

(١) بوخاری گێڕاویەتیەوە، ٨/ ١٧٤، بە ژمارە: ٦٨٥١، خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

بە خۆشویستنی، ڕۆچوون لە پاڕانەوە لێی و ڕووتێکردنی و پشت کردن لە خواردن و خواردنەوە)[1].

ئیبن قەییم وتویەتی: (مەبەست لەمە ئەو شتانەیە کە خوای مەزن پێی دەبەخشێت لە زانیاری و زانست ڕژاندن بەسەر دڵ و دەروونیدا و چێژ بینین لە پاڕانەوە لێی و چاوتێربوون لە خزمەتیدا و لەززەت چەشتن لە خۆشەویستییەکەی و بە خولیابوون بۆی، لەگەڵ پاشکۆکانی ئەمانە لەو دۆخ و حاڵانەی کە خۆراکی دڵن، چێژی ڕۆحن، بیلبیلە و خۆشی چاوەکان، گەشانەوەی ناخن، هەروەها درەوشانەوەی ڕۆح و دڵن بەهۆی ئەو شتانەی کە مەزنترین و باشترین و بەسوودترین خۆراکن، لەوانەیە ئەم خۆراکە مەعنەویانە ئەوەندە بەندە بەهێز بکەن کە بۆ ماوەیەك جەستەکان پێویستیان بە خۆراك نەبێ، هەروەك وتراوە:

لَــــهَا أَحَادِيثُ مِنْ ذِكْرَاكَ تَشْغَلُهَا     عَنِ الشَّرَابِ وَتُلْهِيهَا عَنِ الزَّادِ
لَهــــــَا بِوَجْهِكَ نُورٌ تَسْتَضِيءُ بِهِ     وَمِنْ حَدِيثِكَ فِي أَعْقَابِهَا حَادِ
إِذَا شَكَتْ مِنْ كَلَالِ السَّيْرِ أَوْعَدَهَا     رُوحُ الْقُدُومِ فَتَحْيَا عِنْدَ مِيعَـادِ

واتە: هەندێك فەرموودەی هەن لەبارەی یادی تۆ کە بێ ئاگای دەکات لە خواردن و خواردنەوە و تێشوو. بە نوورێك لە خودی تۆوە خۆی ڕووناك دەکاتەوە، لە پاش دوان لەگەڵت ئاوێتەبوون دروست دەبێت، ئەگەر سکاڵای کرد لە ماندوبوون لە ڕێگەدا، ئەو گیانەی بەرەو لای تۆ دێ دەگەشێتەوە.

هەر کەسێك کەمترین ئەزموونی و خولیای هەبێت، دەزانێ جەستەکان بەهۆی خۆراکی ڕۆح و دڵ پێویستیان بە زۆرێك لە خۆراکی زیندەیی نییە)[2]. هەروەها پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێت: (زیناکەر؛ لەو کاتەی زینا دەکات باوەڕدار نییە، دزیکەر؛ لەو کاتەی دزی دەکات باوەڕدار نییە، مەیخۆر؛ لەو

---

([1]) فتح الباري، ابن حجر: ٢/ ٣٣٧. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

([2]) زاد المعاد، ابن القيم الجوزية: ٢/ ٣١. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

کاتەی مەیی دەخواتەوە باوەڕدار نییە)[1]، واتە: لەو کاتەی ئەم تاوانانە دەکات باوەڕی کامڵ نییە.

بەم پێیە ئەگەر موسڵمان ئەم ئیمانەی فەرامۆش کرد بێ نوێکردنەوە، ئەوا مۆمەکەی کپ دەبێ یان لە دەروووندا لاواز دەبێ، ئاکام و دەرەنجامیشی دەبێتە نەمان یان لاوازی پابەند بوون.

لەوانەیە ئەمەبێ ئەو هۆکارەی دەستمان دەخاتە سەر حیکمەتی پاڵ بانگەوازی ئیسلام بۆ پێویستی نوێکردنەوەی ئیمان لە دڵدا، پشتگوێ نەخستنی بۆ یەك ساتیش لە شەو و ڕۆژدا، هەروەك پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموویت: (ئیمان لە سینەی هەر یەکێکتاندا کۆن دەبێ وەك چۆن جل کۆن دەبێ، لە خوا داوا بکەن ئیمان لە دڵانتاندا نوێ بکاتەوە)[2]. هەروەها فەرموویەتی: (ئیمانتان نوێ بکەنەوە، وترا: ئەی پێغەمبەری خوا چۆن ئیمانمان نوێ بکەینەوە، فەرمووی: زۆر بڵێن: هیچ خوایەك نییە بە حەق جگەلە خوای مەزن)[3].

## ٤- ڕووکردنە دونیا و دەست پێوەگرتنی:

لەوانەیە ڕووکردنە دونیا و دەستگرتن بە جوانی و ڕازاوەییەکەی لە سامان و ماڵ و منداڵ بڕوانامە و ئیش و پیشە و پێگە و پایە هۆکاری لاوازی یان نەمانی پابەند بوون بێ، چونکە (خوا دوو دڵی بە هیچ کەسێك نەبەخشیوە)، بەم پێیە ئەگەر ڕووی لە دونیا کرد، پێیەوە سەرقاڵ بوو و دەستی پێوەگرت، ئەوا هیچ کات

---

(١) بوخاری گێڕاویەتیەوە: ٦/ ٢٤٩٧، بە ژمارە ٦٤٢٥، هەروەها موسلیم لە سەحیحەکەیدا، بەشی بلوەڕ، بە ژمارە: ٥٧. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

(٢) صحیح کنوز السنة النبویة، بارع عرفان توفیق، ١/ ١١٣. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

(٣) ئەحمەد گێڕاویەتیەوە: ٢/ ٣٥٩، بە ژمارە ٨٦٩٥، شوعەیب ئەرنائوت وتویەتی: لاوازە. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

و خواپەرستی و بیرکردنەوەیەك نامێنێ، کە یارمەتیدەربێ بۆ پابەندبوون بە وردی، ئەو کاتە پابەندبوون نامێنێ یان لاواز دەبێ.

لەوانەیە ئەمە نهێنی هۆشداری دانی توندی ئیسلام بێت لە ڕووکردنە دونیا و پەیوەستبوون پێیەوە، خوای پاك و بەرز دەفەرموویت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡ وَٱخۡشَوۡاْ يَوۡمٗا لَّا يَجۡزِي وَالِدٌ عَن وَلَدِهِۦ وَلَا مَوۡلُودٌ هُوَ جَازٍ عَن وَالِدِهِۦ شَيۡـًٔاۚ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ ﴾ لقمان: ٣٣. **واتە:** (ئەی خەڵکینە لە پەروەردگارتان بترسن "خۆتان لە خەشم و قینی بپارێزن" و لە ڕۆژێك بترسن کە باوك فریای ڕۆڵەی خۆی ناکەوێت، ڕۆڵەیش هیچی لە دەست نایەت کە بۆ باوکی ئەنجامی بدات، بەڕاستی بەڵێنی خوا بە بەرپابوونی قیامەت، حەقیقەت و ڕاستەقینەیە، کەوابوو وریا بن ژیانی دنیا لە خشتەتان نەبات، "نەفسی بەدکار و شەیتانی بەدڕەفتار" سەرگەردانتان نەکات و غەڕاتان نەکات لە ڕێبازی خوا). ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ ﴾ فاطر: ٥. **واتە:** (ئەی خەڵکینە: دڵنیابن بەڵێنی خوا ڕاست و دروستە، _ قیامەت بەرپا دەکات و لە هەموو کەس دەپرسێتەوە _ کەوابوو ژیانی ئەم دونیایە سەرتان نەشێوێنێت و شەیتان نەتانخەڵەتێنێ بەناو بەزەیی خواوە _ کە گوایە هەرچی بکەن خوا هەر بە بەزەییە و لێتان خۆش دەبێ _).

هەروەها پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموویت: (بە خوا من لە هەژاریتان ناترسم، بەڵکو لەوە دەترسم کە دونیا ڕووتان تێبکات وەك چۆن ڕووی کردە ئەوانەی پێش ئێوە، ئێوەش کێبڕکێی لەسەر بکەن وەك چۆن ئەوان کردیان، ئینجا لەناوتان بەرێت، وەك چۆن ئەوانی لەناوبرد)[1]. (بڕواننە کەسانی خوار خۆتان، نەوەك سەرووی خۆتان، ئەمە زیاتر واتان لێدەکات بە کەم سەیری نازو

---

([1]) بوخاری گێڕاویەتیەوە ٨/ ١١٢، موسلیم: ٤/٢٢٧٣_٢٢٧٤ بە ژمارە ٢٩٦١، خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

نیعمەتەکانی خوا نەکەن بەسەر خۆتانەوە)[1]. لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: (ئەگەر یەکێکتان کەسێکی بینی لە بواری دارایی و جەستەدا لەو باشتربوو، ئەوا با بڕوانێتە یەکێکی خوار خۆی)[2]. (لەڕاستیدا دونیا سەوزو شیرینە، خواش ئێوەی کردۆتە جێنیشین تێدا تەماشادەکات داخۆ چی دەکەن، خۆتان لەدونیا بپارێزن وخۆیشتان لەژنان بپارێزن، چونکە لەڕاستیدا یەکەم فیتنەی نەوەی ئیسرایل بەهۆی ئافرەتانەوە بوو)[3]. (بەدبەختە ئەو کەسەی دەبێتە بەندەی دینار، ئەو کەسەی دەبێتە بەندەی درهەم، ئەو کەسەی دەبێتە بەندەی قەتیحە و خەمیسە"دوو جۆرە قوماشی بەنرخ بوون")[4].

### ٥- ناخۆشی و دەردەسەریەکان:

لەوانەیە ناخۆشی و دەردەسەریەکان لە ناوەوە یان لە دەرەوەی ڕیزەکانی موسڵمانان هۆکاری لاوازی یان نەمانی پابەندبوون بێ، چونکە چەرمەسەرییەکان کاتێك دەوری مرۆڤ دەدەن دەیهەژێنن، نزیك دەبێ ڕایبماڵن، مەگەر خوا ڕەحمی پێ بکات، بەتایبەت ئەگەر هاتنی ئەم ناخۆشییە بێ ئامادەیی و چاودێری پێشوەخت بێ، نەشزانێ ڕێگەی ڕزگاربوون چییە، شێوازی ڕووبەڕوو بوونەوە چۆنە، ئەو کاتە ناخۆشییەکە وای لێدەکات بێ ئاگا بێ لە گێڕانی ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی و گەیاندنی پەیامە بەرزەکەی، بەمەش لاوازی یان نەمانی پابەندبوونی لێدەکەوێتەوە.

لەوانەیە ئەمەبێ نهێنی زۆر دووانی ئیسلام بێت لەبارەی تەنگ و چەڵەمەکان و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵیاندا، خوای مەزن دەفەرموویێت: ﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ

---

([1]) موسلیم گێڕاویەتیەوە: ٤/٢٢٧٥ ژمارە ٢٩٦٣، خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

([2]) جامع الاصول في أحاديث الرسول: ١٠/ ١٤٢، ٧٦٢٢. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

([3]) موسلیم گێڕاویەتیەوە: ٤/٢٠٩٨ ژمارە ٢٧٤٢، خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

([4]) بوخاری گێڕاویەتیەوە: ٤/ ٤١ – ٤٢، ئیبن ماجە لە سونەنەکەیدا ٢/ ١٣٨٥ – ١٣٨٦ بە ژمارە ٤١٣٥ – ٤١٣٦. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

مِّنَ ٱلْخَوْفِ وَٱلْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٥﴾ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوٓا۟ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴿١٥٦﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَٰتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُهْتَدُونَ ﴿١٥٧﴾ ﴾ البقرة: ١٥٥ - ١٥٧. **واته:** (سوێند بەخوا تاقیتان دەكەینەوە بە كەمێك لە ترس و بیم و برسێتی و كەم بوونی ماڵ و سامان و مردنی كەس و كارو تیاچوونی بەرو بوومی كشتوكاڵ. جا مژدە بدە بەو كەسانەی خۆگر و ئارامگرن. كە ئەوانەن هەر كاتێك تووشی بەڵا و ناخۆشییەك دەبن دەڵێن: ئێمە موڵكی خواین و هەرچی هەمانە بەخششی خوایە، سەر ئەنجامیش تەنها هەر بۆ لای ئەو زاتەیە گەڕانەوەمان. ئا ئەوانە چەندەها ستایش و ڕەحمەت و میهرەبانی هەر بەسەر ئەواندا دەبارێت لەلایەن پەروەردگاریانەوە و ئەوانە ئەو كەسانەن ڕێبازی هیدایەتیان وەرگرتووە). ﴿ إِن تَمْسَسْكُمْ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ وَإِن تُصِبْكُمْ سَيِّئَةٌ يَفْرَحُوا۟ بِهَا ۖ وَإِن تَصْبِرُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْـًٔا ۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ ﴾ آل عمران: ١٢٠. **واته:** (ئەگەر چاكەیەكتان تووش بوو، یان خێرێك ڕووی تێكردن، ئەوان پێی غەمبار دەبن و پێیان ناخۆشە، خۆ ئەگەر بەڵا و ناخۆشییەكتان بۆ پێش بێت، ئەوان پێی دڵخۆش دەبن، جا ئەگەر خۆگر بن و پارێزكار بن، پیلان و تەڵەكەی ئەوانە هیچ زیانێكتان پێناگەیەنێت، چونكە بەڕاستی خوا دەوری پیلان و پلانیانی داوە و ئاگایە بە هەموو كار و كردەوە و نەخشەیەكیان). ﴿ لَتُبْلَوُنَّ فِىٓ أَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ وَلَتَسْمَعُنَّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكُمْ وَمِنَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ أَذًى كَثِيرًا ۚ وَإِن تَصْبِرُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَإِنَّ ذَٰلِكَ مِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ ﴾ آل عمران: ١٨٦. **واته:** (سوێند بێت بێگومان تاقی دەكرێنەوە لە ماڵ و دارایی و خۆێشتاندا "زیان لە ساماندا دەكەن، خۆتان توشی ناخۆشی و ئازار دەبن" هەروەها سوێند بێت لە خاوەنانی كتێبی پێش خۆتان و لە هاوبەش و هاوەڵگەرانەوە ئازارێكی زۆر دەبیسن "ئەوەندە بوختان و قسەی نابەجێتان بۆ هەڵدەبەستن، وەك ئازار بەرگوێتان بكەوێت وایە"، بەڵام ئەگەر خۆڕاگر بن و پارێزكار

بن و لە خوا بترسن "لە سنوور دەرنەچن"، بەڕاستی ئەو هەڵوێستە لەکارە پەسەند و کردەوە پایەدارەکانە). ﴿فَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ وَأُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِمۡ وَأُوذُواْ فِي سَبِيلِي وَقَٰتَلُواْ وَقُتِلُواْ لَأُكَفِّرَنَّ عَنۡهُمۡ سَيِّـَٔاتِهِمۡ وَلَأُدۡخِلَنَّهُمۡ جَنَّٰتٍ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ ثَوَابًا مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسۡنُ ٱلثَّوَابِ﴾ آل عمران: ١٩٥. **واتە:** (ئەوانەی کۆچیان کرد و لە شوێنەواری خۆیان دەربەدەرکران و ئازار و ئەشکەنجەدران لە پێناوی مندا و جەنگان و شەهیدکران، بەڕاستی سوێند بێت چاوپۆشی دەکەم لە هەڵە و گوناهەکانیان و دەیانخەمە باخەکانی بەهەشتەوە کە چەندەها ڕووبار بەژێر درەختەکانیدا و بەردەم کۆشکەکانیدا دەڕوات، ئەمەش پاداشتێکە لە لایەن خواوە "پێشکەشیان دەکرێت" خوا پاداشتی چاك و جوانی لایە "بۆ تێکۆشەران").

**پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمووێت: (خوای مەزن پاڵفتەتان دەکات بە ناخۆشی و بەڵا، هەر چەندە خۆی زاناترە پێتان، وەك چۆن یەکێکتان کانزا بە ئاگر پاڵفتە دەکات، جا هەیانە وەك زێڕی درەوشاوەی پوختەی لێدێت، ئەوە ئەو کەسەیە خوا لە گوناه و تاوان ڕزگاری کردووە، هەشیانە وەك زێڕی ڕەشی لێدێت، ئەمە ئەو کەسەیە کە دەرنەچووە لە تاقیکردنەوە)[1]. (لە دوای من ستەم و نا دادگەری دەبێ، ئارام بگرن تا لەسەر حەوز پێم دەگەن)[2]. (موسڵمان تووشی هەر ماندوبوون و نەخۆشی و ستەم و خەم و خەفەت و ئێش و ئازرێك ببێت، تەنانەت کە دڕکێك لە قاچی ڕابچێت، ئەوا خوای مەزن بەمە گوناهەکانی دەسڕێتەوە)[3].**

---

(١) معجم الكبير: ٨/ ١٦٦، ٧٧١٤، خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

(٢) سنن النسائی الكبرى: ٣/ ٤٦٤. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

(٣) بوخاری گێڕاویەتیەوە: ٧/ ١١٤، بە ژمارە: ٥٦٤١، خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

### ٦- زۆری ئەرك لەگەڵ دووری ڕێگاكە:

لەوانەیە زۆری ئەركەكان لەگەڵ درێژی ڕێگاكە هۆكاری لاوازی یان نەمانی پابەندبوون بێ، چونكە مرۆڤ خاوەن وزەیە، ئەگەر ئەرێكی قورستر لە توانای خۆی هەڵگرت، ئەوا كاتێكی بەسەردا دێت كە هەندێك لەم ئەركە لەسەر شانی دەكەوێت یان هەمووی فڕێدەدات و دەكەوێت، بەتایبەت ئەگەر ڕێگاكە دووربوو و كۆسپەكانیش زۆربوون.

دەكرێ ئەمەبێ نهێنی بانگەوازی ئیسلام بۆ برایەتی یان كاری بەكۆمەڵ و هەروەزی، كە بە بەشداری هەمووان ئەركەكان هەڵدەگیرێن و ڕێگەی دوورو سەختییەكانی تێپەڕ دەكەن.

خوای پاك و بەرز دەفەرموویت: ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ﴾ الحجرات: ١٠. واتە: (لە ڕاستیدا هەر ئیمانداران برای یەكن). ﴿ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ ﴾ الفتح: ٢٩. واتە: (بەبەزەیی و میهرەبانن لە نێوان خۆیاندا). ﴿أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾ المائدة: ٥٤. واتە: (هەروەها ملكەچ و فەرمانبەردار و بەسۆزن بۆ ئیمانداران). ﴿ وَٱجْعَل لِّي وَزِيرًا مِّنْ أَهْلِي ﴿٢٩﴾ هَٰرُونَ أَخِي ﴿٣٠﴾ ٱشْدُدْ بِهِۦٓ أَزْرِي ﴿٣١﴾ وَأَشْرِكْهُ فِيٓ أَمْرِي ﴿٣٢﴾ ﴾ طه: ٢٩ - ٣٢. واتە: (لە كەس و كاریشم هاوكار و یارمەتیدەرێكم بۆ بڕیار بدە. "حەز دەكەم" هاروونی برام بێت. خوایە پشتمی پێ بەهێز بكە. بیكە هاوبەش و یاریدەدەرم، لەگەیاندنی "پەیامەكەتدا"). ﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ﴾ المائدة: ٢. واتە: (یارمەتی و كۆمەكی یەكتر بكەن لەسەر چاكە و خواناسی).

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموویت: (مَثَلُ المؤمنينَ في تَوادِّهِمْ وتَراحُمِهِمْ وتَعاطُفِهِمْ مَثَلُ الجَسَدِ الواحد، إذا اشْتَكَى مِنْهُ عُضْوٌ تَداعَى لَهُ سائرُ الجَسَدِ بالسَّهَرِ

والحُمَّى)(١) واتە: نموونەی باوەڕدار لە خۆشەویستی و هاوسۆزی و بەزەیی بۆ یەكتر وەك یەك جەستە وان، ئەگەر ئەندامێكی ئازاری هەبوو ئەوا تەواوی جەستەی دەناڵێنێ لە تاو بێ خەوی و گەرمە تا. (المُؤْمِنُ لِلْمُؤمِنِ كالبُنْيانِ يَشدُّ بعضُهُ بَعْضاً)(٢) واتە: باوەڕدار بۆ باوەڕدار وەك بینا و تەلار وایە، هەندێكی هەندێكی تر بە یەكەوە دەبەستێتەوە.

## ٧- دایک و باوک:

لەوانەیە دایك و باوك هۆكاری لاوازی یان نەمانی پابەند بوون بن، لەبەر ئەوەی دەكرێ هەندێك لە دایك و باوكان بەهۆی پاڵنەری سۆز و خۆشەویستی بۆ كوڕەكەی وا بكات كوڕەكەی دووربخاتەوە لە پابەند بوون، بەتایبەت لەم سەردەمەدا، كە پابەندبوون بە ئیسلام و بانگخوازانەوە بووەتە تۆمەت، تۆمەتێكی مەترسیداریش كە خاوەنەكەی بەرەو بەندیخانە و گرتووخانە دەبات یان ڕاوەدوونان و دەربەدەری، تەنانەت كوشتن یان مردن، لەبیریان چووەتەوە یاخود لەبیر خۆیان بردۆتەوە كە گیان كێشان بەدەست خوایە، نەوەك بە دەستی مرۆڤ: ﴿ وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ كِتَٰبًا مُّؤَجَّلًا ﴾ آل عمران: ١٤٥. واتە: (هیچ كەسێكیش نامرێت مەگەر بەویستی خوا نەبێت، لە كات و وەختی دیاری كراودا).

تەنها خوا دەزانی كۆتایی ژیانی مرۆڤ چ كاتێكە: ﴿وَمَا تَدْرِى نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا ۖ وَمَا تَدْرِى نَفْسٌۢ بِأَىِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌۢ ﴾ لقمان: ٣٤. واتە: (هیچ كەس نازانێت سبەی چی بەسەردێت و چی دەست دەكەوێت "لە بەرهەمی ماددی دنیایی یان لە زەخیرە و توێشووی قیامەت"، هیچ كەسیش نازانێت لەسەر چ زەویەك

---

(١) بوخاری و موسلیم هاوبەشن لە گێڕانەوەیدا. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەكەی كردووە (وەرگێڕ).

(٢) بوخاری و موسلیم هاوبەشن لە گێڕانەوەیدا. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەكەی كردووە (وەرگێڕ).

دەمرێت و کۆتایی بەژیانی دێت "هەروەها کاتی مردن و چۆنیەتیەکەیشی شاراوەیە" بەڕاستی خوا بە هەموو شتێك زانایە و ئاگادارە).

**کاتێك ئەو کاتە دیاری کراوە هات کە خوا دایناوە ئەوا دواناکەوێت:** ﴿ وَلَن يُؤَخِّرَ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِذَا جَآءَ أَجَلُهَا ﴾ المنافقون: ١١. **واتە:** (جا ئەو داخوازیە بەجێ نییە، چونکە ڕۆژی هەر کەسێك تەواو بوو، کاتی مەرگی هەر کەسێك هات، هەرگیز خوا دوای ناخات و مۆڵەتی بۆ تازە ناکاتەوە). ﴿ إِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ إِذَا جَآءَ لَا يُؤَخَّرُۚ لَوۡ كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴾ نوح: ٤. **واتە:** (بێگومان کاتی دیاری کراوی خوا وەختێك پێش دێت، بەهیچ شێوەیەك دواناکەوێت ئەگەر بتانزانیایە). ﴿ قُل لَّوۡ كُنتُمۡ فِي بُيُوتِكُمۡ لَبَرَزَ ٱلَّذِينَ كُتِبَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقَتۡلُ إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمۡ ﴾ آل عمرا: ١٥٤. **واتە:** (پێیان بڵێ: ئەگەر لە ماڵی خۆشتاندا بوونایە، ئەوانەی کە بڕیارە بکوژرانایە، دەبوا هەروایان بەسەر بهاتایە و لە شوێنی کوژرانیاندا ڕاکشانایە). ﴿ أَيۡنَمَا تَكُونُواْ يُدۡرِككُّمُ ٱلۡمَوۡتُ وَلَوۡ كُنتُمۡ فِي بُرُوجٖ مُّشَيَّدَةٖ ﴾ النساء: ٧٨. **واتە:** (لە هەر کوێ بن مردن یەختەتان پێ دەگرێت، با لەناو چەندەها قەڵا و شوێنی سەخت و قایمیشدا بن).

**لە بیریان چووەتەوە یان لەبیریان براوەتەوە کە موسا (سڵاوی خوای لێبێ) کە کۆرپەلە بوو فڕێدرایە ناو ڕووبار، بێ ئەوەی هیچ هێزو توانایەکی هەبێ، خوای مەزن ڕزگاری کرد، لەناوچوونی فرعەونی ستەمکاری میسر لەسەر دەستی ئەوبوو:** ﴿ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَرۡضِعِيهِۖ فَإِذَا خِفۡتِ عَلَيۡهِ فَأَلۡقِيهِ فِي ٱلۡيَمِّ وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحۡزَنِيٓۖ إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيۡكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ٧ فَٱلۡتَقَطَهُۥٓ ءَالُ فِرۡعَوۡنَ لِيَكُونَ لَهُمۡ عَدُوّٗا وَحَزَنًا ﴾ القصص: ٧، ٨. **واتە:** (ئێمە دایکی موسامان ئاگادارکرد، کە شیری بداتێ و "پێمان وت" جا کاتێك مەترسیت پەیدا کرد لەوەی کە پێی بزانرێت فڕێی بدەرە ڕووباری "نیلەوە"، نە بترسە "لەوەی تووشی بەڵا ببێت" نە خەفەتیشی بۆ بخۆ، چونکە ئێمە بەڕاستی دەیگێڕینەوە بۆ لات و لە ئایندەشدا دەیکەین بەیەکێك لە

پێغەمبەرە پەیامدارەکان. ئەوسا ئیتر دار و دەستەی فیرعەون هەڵیان گرتەوە، تا سەرەنجام ببێتە دوژمن و خەفەت بۆیان).

هەروەها یوسف (سڵاوی خوای لێبێ) فڕێدرایە ناو بیرەوە، خوای گەورە ڕزگاری کرد و دەسەڵاتی لە زەویدا پێ بەخشی، بە کەیفی خۆی بەسەریدا هاموشۆی دەکرد، لە کۆتاییدا بە براکانی وت: ﴿ قَالَ أَنَا۠ يُوسُفُ وَهَٰذَآ أَخِيۖ قَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَآۖ إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصۡبِرۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾ یوسف: ٩٠. واتە: (من یوسفم و ئەمەش "بنیامین"ی برامە، بەڕاستی خوای میهرەبان ڕێزی لێناوین و بەهرەمەندی کردووین، بێگومان ئەوەی خۆپارێز بێت لە گوناهو خۆگر بێت "لە بەرامبەر پێشهاتەکانەوە، خوای گەورە دەرووی لێ دەکاتەوە" ئەوە بەڕاستی خوا پاداشتی چاکەکاران و چاکەخوازان بەزایە نادات).

## ٨- ملکەچبوون بۆ وەسوەسە و گومانەکانی شەیتان:

لەوانەیە ملکەچبوون بۆ وەسوەسە و گومانەکانی شەیتان هۆکاری لاوازی یان نەمانی پابەندی بێت، چونکە شەیتان بۆ مرۆڤ لە بۆسەدایە، بەتایبەت بۆ موسڵمانان، گومان و شتی پوچ دەخاتە خەیاڵیەوە تا ڕووی وەرچەرخێنێ لە ڕێگەی خوا یان بەلایەنی کەمتەرخەمی و گوێپێ نەدان بەم ڕێگەیەدا بڕوات، کاتێك موسڵمان وەڵامی ئەم گومانانە دەداتەوە ئەوا تووشی پابەند نەبوون دەبێت.

لەوانەیە ئەمە نهێنی هۆشداریدانی بەردەوامی ئیسلام بێت بەوەی کە لە هەمبەر شەیتان و وەسوەسەکانی ئاگاداربین و گوێی پێ نەدەین و ملکەچی وەسوەسەکانی نەبین، خوای پاك و بەرز دەفەرموویت: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفۡتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ كَمَآ أَخۡرَجَ أَبَوَيۡكُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ يَنزِعُ عَنۡهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوۡءَٰتِهِمَآ ﴾ الاعراف: ٢٧. واتە: (ئەی نەوەی ئادەم: شەیتان، ئێوەش لە خشتە نەبات، هەروەك باوك و دایکتانی لە خشتە برد و لە بەهەشتدا بە دەرکردنی دان، لەکاتێکدا دەستی کرد

بەداماڵینی پۆشاكەكانیان تا عەورەتیان پیشانی یەكتر بدات). ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةٗ وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴾ البقرة: ٢٠٨. **واتە:** (ئەی ئەوانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە هەر هەمووتان خۆتان بخەنە ژێر سایەی ئیسلامەوە و بە تەواوی پەیڕەوی بكەن و شوێنی هەنگاوەكانی شەیتان مەكەون، چونكە بەڕاستی ئەو دوژمنی ئاشكراتانە "هەمیشە دەیەوێت شەڕو جەنگ لە نێوان خەڵكیدا بەرپا بكات و لە ئیسلام دووریان بخاتەوە"). ﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ٣ مِن شَرِّ ٱلۡوَسۡوَاسِ ٱلۡخَنَّاسِ ٤ ٱلَّذِي يُوَسۡوِسُ فِي صُدُورِ ٱلنَّاسِ ٥ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ٦ ﴾ الناس. **واتە:** ("ئەی محەمەد (صلى الله عليه وسلم)، ئەی ئیماندار" بڵێ: پەنادەگرم بە پەروەردگاری خەڵكی، بە خوای خەڵكی، لە شەڕو خراپەی ئەوەی كە وەسەسە و خەتەرە و خەیاڵ دەخاتە دڵەوە كە "خەنناسە". بریتییە لەوەی كە وەسوەسە فڕێ دەداتە سینە و دڵ و دەروونی خەڵكیەوە. لە پەری و خەڵكی، لە جنۆكە و ئادەمیزاد "ئەوانەیان كە شەیتان سیفەتن").

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموویێت: (شەیتان لەسەر هەموو ڕێگەیەك بۆ ئادەمیزاد دانیشتووە، لەسەر ڕێگەی ئیسلام بۆی دانیشتووە و پێی دەڵێت: موسڵمان دەبیت و ئایینی باوو باپیرانت پشتگوێ دەخەیت، ئادەمیزادەكە بە قسەی ناكات و موسڵمان دەبێت، لەسەر ڕێگەی كۆچ بۆی دانیشتووە، پێی دەڵێ: كۆچ دەكەیت و خاك و هەوا و ئاسمانەكەت پشتگوێ دەخەیت، نموونەی كۆچبەر وەك ئەسپی بەڕەڵایە، ئادەمیزادەكە بە قسەی ناكات و كۆچ دەكات، دواتر لەسەر ڕێگەی تێكۆشان بۆی دادەنیشێ و پێی دەڵێت: تێدەكۆشیت، تێكۆشان لەگەڵ دەروون و سامانە، جا لە تێكۆشاندا دەجەنگیت و دەكوژرێیت، ژنەكانت مارە دەكرێن و سسامانەكەت دابەش دەكرێ، ئادەمیزادەكە بە قسەی ناكات و تێدەكۆشێت، جا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێ: هەر كەسێك ئاوا بكات ئەوا لەسەر

خوایە بیباتە بەهەشتەوە، هەر کەسێك بکوژرێ لەسەر خوایە بیخاتە بەهەشتەوە، ئەگەر خنکا ئەوا هەر لەسەر خوایە بیباتە بەهەشتەوە یان لەسەر ئاژەڵەکەی کەوتە خوارەوە و مرد ئەوا لەسەر خوایە بیباتە بە هەشتەوە)[١].

## ٩- چاودێری نەکران لەلایەن کەسانی دیکەوە:

لەوانەیە هۆکاری لاوازی یان نەمانی پابەندی بریتی بێ لە چاودێری نەکران لەلایەن کەسانی دیکەوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ ئەگەر زانی کەمتەرخەمی یان چاودێری و بەدواداچوون لەلایەن ئەوانی دیکەوە نییە، ئەوا هیمەتی خاودەبێتەوە، ورەی لاواز دەبێت، بەڵام ئەگەر چاودێری و بەدواداچوون خۆی بینیەوە لە لێپرسینەوە و پاداشتکردندا، ئەوا هیمەت بەرز دەبێتەوە، ورەی پڕ هێز دەبێ، ویستی تۆکمە دەبێ.

لەوانەیە ئەمەبێ نهێنی بەدواداچوونی توندی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بێت بۆ هاوەڵانی لە هەموو هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانیاندا، ئەم بەدواداچوونە وەك نموونە بەسە بۆمان: ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێبێت) وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: (کێتان ئەمڕۆ بە ڕۆژووە؟ ئەبو بەکر "ڕەزای خوای لێبێ" وتی: من، فەرمووی: کامەتان ئەمڕۆ شوێن بەخاك سپاردنی تەرمێك کەوتوون؟ ئەبو بەکر "ڕەزای خوای لێبێ" وتی: من، فەرمووی: کامەتان ئەمڕۆ نانی داوەتە هەژارێك؟ ئەبو بەکر "ڕەزای خوای لێبێ" وتی: من، فەرمووی: کامەتان ئەمڕۆ سەردانی نەخۆشێکی کردووە؟ ئەبو بەکر "ڕەزای خوای لێبێ" وتی: من، فەرمووی: ئەم کارانە لە هەر کەسێکدا کۆببنەوە ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە)[٢].

---

(١) جامع الأحادیث ٧/ ٣٤٣، پێشەوا سیوتی. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

(٢) موسلیم گێڕاویەتیەوە ٧/ ١١٠، بە ژمارە: ٦٣٣٣. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

**١٠- بێ ئاگابوون لە ئاکامی لاوازی یان نەمانی پابەندی:**

لە کۆتاییدا؛ دەکرێ بێ ئاگابوون لە ئاکامی لاوازی یان نەمانی پابەندی ببێتە هۆکاری پابەندنەبوون، چونکە بێ ئاگابوون لە ئاکامەکانی هەر شتێك مەترسیدارە، وا دەکات مرۆڤ ئالودەی کارەکە بێ و کەمتەرخەمی تێدا بکات، یان بە تەواوی لە مێشکی خۆیدا بیسڕێتەوە، بە هۆش خۆی نایەتەوە تا ئاکامەکان پەیدادەبن و لادەچن، ئەو کاتە پەشیمانی و هیواخواستن کەڵکی نابێت.

**چوارەم: شوێنەوارەکانی لاوازی یان نەمانی پابەندبوون:**

**لاوازی یــان نــەمانی پابەنــدبوون ئاکــامی خــراپ و شــوێنەواری ناهــەمواری لەســـەر بـــانگخوازان و کـــاری موســـڵمانان هەیـــە، ئەمانـــەی خـــوارەوە چـــەند شوێنەوارێکن:**

**أ- شوێنەوارەکانی لاوازی یان نەمانی پابەندبوون لەسەر بانگخوازان:**

**لەوانەیە ئەمانەی خوارەوە دیارترین ئەو شوێنەوارانە بن:**

**١- دوورکەوتنەوە لە خواپەرستی ڕاست و دروست:** لەبەر ئەوەی هەر کەسێك پابەندبوونی لاواز بوو یان نەما، ئەوا ماوە دەکاتەوە لەبەردەم خراپە و پوچەڵیدا تا بڵاوببێتەوە، بگاتە خۆی و کەسانی دەوروبەری، ئەو کاتەش بۆشایی دروست دەبێ لە نێوان ئەو و سادەترین بنەماکانی پابەندبوونی ئیسلامی وەك دروشمەکانی خواپەرستی، دۆخی موسڵمانان لە ناو ئەو کۆمارانەی کە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمە سۆفیەتییە سوورەکاندان لە یەکێتی سۆفیەتی باشترین ڕوونکەرەوەی ئەمەیە، بارودۆخێك بەسەر ئەواندا هات، هەر یەکێکیان تەنها پابەندی بەشێکی لە ئاینی خوا دەبوو، کە تایبەت بە خۆی بوو، ئەوەی تری پشتگوێ دەخست، دەیوت: پێویستە تەنها خۆم بپارێزم، لەو کاتەی نا حەق و پوچەڵی بەردەوام شەوو ڕۆژی بەیەکەوە دەبەستەوە لە جێبەجێکردنی پیلانەکەی

تا دەستی خستە سەر گەرووی ئەمانە، ئەو کاتە کەلێن لە نێوان ئەوان و ناو و نەریتە ئیسلامیەکاندا دروستکرا، لەو نەریتانەی تایبەت بوون بە کاروباری هاوسەرگیری و جیابوونەوەو دایەنگا و خەرجی کێشان و جگەلەوانە. هەروەها لەمەش دوورتر هەوڵدان بۆ گۆڕینی مزگەوتەکان بۆ تەویلەی ئەسپ، لەسەر هەر تاکێك قەدەغەکرا یەك پەڕاوی قورئانیشی لابێت، هۆکاری ڕاستەوخۆی ئەمەش لاوازی یان نەمانی پابەندبوون بوو.

**٢- لە دەستدانی متمانەی خەڵك:** ئەمە شتێکی سروشتییە، خەڵك ئەوەندە کاریگەر نابن بە وشە ئەوەندەی بە ڕەوشت و هەڵسوکەوتەکان کاریگەر دەبن، وتراوە: (کردەوەی یەك کەس لەبارەی هەزار کەس، باشترە لە قسەی هەزار کەس لەبارەی یەك کەس). بەم پێیە ئەگەر پابەندبوونەکەی لاواز یان نەمابوو خەڵك متمانەی خۆیان لێ دەسەننەوە، ئەو کاتە زۆر شت دەدۆڕێنێ، ئەم دۆڕاندنەش لە دونیا دەبێ پێش دوارۆژ، چەند بینیومانە و بیستوومانە و خوێندوومانەتەوە کەسانێك بە سوك سەیری پابەندبوویان کردووە، خوای مەزن سزای ئەوانی داوە بە لەدەستدانی متمانە، ئەمەش زیانێکی زۆری بەسەر ئەواندا هێناوە، لە کارو بەرژەوەندییە کەسی و دونیاییەکانیاندا.

**٣- شڵەژانی دەروونی:** لەبەر ئەوەی کەسێك پابەندییەکەی لاواز یان نەمابێ، سەرپێچی خوای مەزنی کردووە، تاوان و سەرپێچیش شوێنەواری زیانبەخشی هەیە، لە هەموویان خراپتر شڵەژانی دەروونیە، لەوانەیە ئەمەبێ مەبەست لەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز: ﴿وَمَن يُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ يَهۡدِ قَلۡبَهُۥ﴾ التغابن: ١١. واتە: (ئەوەی باوەڕی تەواو بهێنێت، خوا دڵی ڕێنمویی دەکات بۆ لای خۆی). ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطۡمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكۡرِ ٱللَّهِۗ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ٢٨﴾ الرعد: ٢٨. واتە: (ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو دڵ و دەروونیان ئارام دەبێت بە قورئان و پەیامەکەی خوای پەروەردگار، ئاگاداربن دڵەکان: هەر بە قورئان و یادی خواو "پابەندبوون بە

ئاینەکەیەوە" خۆشنوود دەبن و دەحەوێنەوە). ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾ الأنعام: ٨٢. **واتە:** (ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە و ستەم و هاوەڵگەریان تێکەڵ بە ئیمانەکەیان نەکردووە، ئاسوودەیی و هێمنی هەر بۆ ئەوانەیە، هەر ئەوانەش ڕێنموویی کراون). **هەروەها ڕاشکاوانە لەم فەرمایشتانەی خوای مەزن ئاماژەیان پێدراوە:** ﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا ﴾ طه: ١٢٤. **واتە:** (ئەوەیش ڕوو وەربگێڕێت لە بەرنامە و یادی من و پشتی تێ بکات، بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە ژیانێکی ترش و تاڵ و ناخۆش پێش دێت). ﴿ وَمَن يُعْرِضْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِۦ يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا ﴾ الجن: ١٧. **واتە:** (جا ئەوەی لە یاد و بەرنامەی پەروەردگاری لا بدات، دەیخاتە ناو سزاو ئازارێکی بەردەوام).

**٤- بێ بەشبوون لە پاداشت و لە ئەستۆگرتنی تاوان: کەسێك پابەندبوونی لاواز بێ یان نەمابێ، پاداشتی پابەندبوون لە دەستخۆی دەدات، تەنانەت وادەکات گوناهی ئەوانە هەڵبگرێت کە شوێن پێی ئەویان هەڵگرتووە، لە پابەندنەبوون، بەمەش ڕێگایان ونکردووە:** ﴿ لِيَحْمِلُوٓاْ أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَمِنْ أَوْزَارِ ٱلَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ ﴾ النحل: ٣٥. **واتە:** (ئەوانە دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا کوڵی گوناهو تاوانی خۆیان بەتەواوی هەڵگرن، هەروەها لەگوناهی ئەوانەش هەڵدەگرن کە گومڕایان کردوون بێ زانست و زانیاری "بێ ئەوەی لە کوڵ و باری ئەوان کەم بێتەوە"، ئاگاداربن! چەند خراپ و ناشرینە ئەوبارە گرانەی کە هەڵی دەگرن "چ گیرێکیان خواردوە").

## ب- شوێنەوارەكانی لەسەر كاری موسڵمانان:

**لـــە شـــوێنەوارەكانی لاوازی یـــان نـــەمانی پابەنـــدبوون لەســـەر كـــاری موسڵمانان، ئەمانەی خوارەوەن:**

**١- بۆشایی دروستكردن بۆ گورز وەشاندن لەم كارە یان بەلایەنی كەمەوە ئابلوقەدان و لەباربردنی، بەرهەمەكەی تەنها لە دوای ئەركی زۆر و كاتێكی زۆر بەدەستدێ.**

**٢- كەمی یان بەدەستنەهێنانی لایەنگران، چونكە بەدەستهێنانیان سەرەتا بە بەدەستهێنانی متمانەیان دەبێ، لاوازی و نەمانی پابەندی ئەم متمانەیە ناهێڵێت، بەمەش لایەنگران لە دەست دەچن.**

**٣- پێدانی هەل بە دوژمنانی خوا بۆ ناشرینكردنی كاری موسڵمانان لەبەر چاوی خەڵك بەگشتی، بەتایبەت خەڵكی سادە، وەك ئامادەسازیەك بۆ گورز لێدان یان پەكخستنی.**

**٤- بێ بەشبوون لە یارمەتی و پشتیوانی خوایی، لەبەر ئەوەی هەر كەسێك پابەندبوونێكی لاوازی هەبێ، ئەوا كەمتەرخەمە لە سەرخستنی ئاینی خوادا، كەسێكیش پشت لە ئاینی خوا بكات چۆن خوای پەروەردگار یارمەتی و پشتیوانی لێ دەكات؟ خوای مەزن ڕاستی فەرمووە:** ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ أَقۡدَامَكُمۡ ﴾ محمد: ٥. **واتە:** (ئەی ئەو كەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، ئەگەر ئێوە پشتیوانی لە ئاینی خوا بكەن و هەوڵی سەركەوتنی بدەن، ئەوە خوایش پشتیوانی لە ئێوە دەكات و سەرتان دەخات و پایەدارو جێگیرتان دەكات).

**پێنجەم: چارەسەری لاوازی یان نەمانی پابەندبوون:**

**مادەم هەڵوەستەمان کرد لەسەر پاڵنەر و هۆکارەکانی لاوازی یان نەمانی پابەندبوون، ئەوا ڕێگاچارەی بە پیادەکردنی ئەم شتانەی خوارەوە دەبێت:**

١- بەهۆش و دڵ و دەروون پەیی بردن بە ڕەهەند و نیشانەکانی پابەندبوون، بەشێوەیەك کە ئەم پەیی پێبردنە ببێتە هەست و خولیا و ڕەوشتی دەروون، کە ئاسودە و بحەسێتەوە کاتێك لە ناخ و لەسەر شانۆی ژیان پیادەی دەکات، خەفەتبارو دڵتەنگ دەبێ کاتێك جێبەجێی ناکات.

٢- جەختکردنەوەی لەسەر ئەوەی پێشەوایان بە وردی پابەند بن، تا ئەمە ببێتە پاڵنەر بۆ ئەوانی دیکە شوێن پێیان هەڵبگرن یان بەلایەنی کەمەوە خۆیان بەوان بچوێنن

٣- سوربوون لەسەر نوێکردنەوە و بەهێزکردنی باوەڕ لە دەرووندا، ئەمە هێز و توانا پەیدا دەکات لەسەر پابەند بوون، لەوەش دوورتر دەبێتە پاسەوان و ئەمینداری تا کەمتەرخەم و بێ باك نەبێ.

٤- بە وردی و هۆشیارانە تێگەیشتن لە حەقیقەتی دونیا و دواڕۆژ، پەیوەندی هەر یەکێکیان بە ئەوەی ترەوە، لەگەڵ ڕێگەکانی هاوسەنگی نواندن لە نێوانیاندا: ﴿ وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَا ﴾ القصص: ٧٧. واتە: (هەوڵ بدە بەو ماڵ و سامانەی خوا پێی بەخشیووی ماڵی قیامەت و بەهەشتی بەرین بکڕە و بەشی خۆیشت لە دنیادا بەحەلاڵی فەراموش مەکە).

٥- پەیی بردن بەوەی ڕێگەی بەرەو خواچوون پڕیەتی لە سەختی و دڕك و داڵ، بەڵام هەر دەگاتە خۆشی نەبڕاوە لە پاڵ پەروەردگاری جیهانیان، دەبێ دەروون وا لێبکرێ ئامادەیی خۆی وەربگرێ: ﴿ وَٱسۡتَعِينُواْ بِٱلصَّبۡرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ

وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلْخَٰشِعِينَ ﴾ البقرة: ٤٥. واته: ("ئێوه هەوڵ بدەن" پشت بەستن بە ئارامگرتن و نوێژکردن "بۆ گەیشتن بەئامانج" بەڕاستی نوێژ ئەرکێکی گەوره و گرانه، مەگەر لەسەر ئەو کەسانەی کە بەخۆشەویستی و سۆزەوه خواپەرستی ئەنجام دەدەن و "باوەڕی دامەزراویان هەیه").

٦-کردنی کار بە دەروون، ئەو کارانەی لە توانایدا هەیە بیانکات، تا لاواز نەبێت یان دوانەکەوێ و دانەبڕێ لە کاروانی بانگخوازان: ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴾ البقرة: ٢٨٦. واته: (خوای گەوره ئەرك ناخاتە سەر هیچ کەسێك مەگەر بە ئەندازەی توانای خۆی نەبێت). ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَآ ءَاتَىٰهَا ﴾ الطلاق: ٧. واته: (خوا بەگوێرەی دارایی هەر کەسێك داوای بەخشین دەكات).

٧- بەردەوام ئاگاداریدان لەهەمبەر فێڵ و تەڵەکەکانی شەیتان، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ڕێگەکانی ڕزگاربوون لەم حیله و پیلانانه.

٨- هەڵوەستەکردن لەسەر ژیاننامە و هەواڵی ئەوانەی ناسراون بەوەی بە وردی پابەندیان نواندووه، مێژوویی موسڵمانان پڕیەتی لە نموونەی بەسوود:

لە حوزەیفەی کوڕی یەمانەوه (ڕەزای خوای لێبێت) بۆمان هاتووه، لەگەڵ پێغەمبەردا بووین لە شەوێکی جەنگی ئەحزابدا، باوو زریان و سەرما و سۆڵێکی زۆر دایگرتین، پێغەمبەر فەرمووی: (کەسێك نییه بڕوات هەواڵی دوژمنانمان بۆ بهێنێت، خوای گەوره لە بەهەشتدا دەیکاتە یاوەری من)، ئێمە بێدەنگ بووین، هیچ یەکێکمان وەڵامی نەدایەوه، دواتر فەرمووی: (کەسێك نییه بڕوات هەواڵی دوژمنانمان بۆ بهێنێت، خوای گەوره لە بەهەشتدا دەیکاتە یاوەری من)، دووباره بێ دەنگ بووین و کەسمان وەڵامی نەدایەوه، سێیەم جار فەرمووی: (کەسێك نییه

بڕوات هەواڵی دوژمنانمان بۆ بهێنێت، خوای گەورە لە بەهەشتدا دەیکاتە یاوەری من) کەسمان وەڵامی نەدایەوەو بێ دەنگ بوین، ئینجا فەرمووی: (حوزەیفە تۆ هەستە هەواڵی دوژمنەکانمان بۆ بێنە)، منیش هیچم لەدەست نەما کاتێك بەناوی خۆم بانگی کردم، ناچاربووم بڕۆم، پێغەمبەر فەرمووی: (بڕۆ هەواڵی ئەوانم بۆ بێنە و مەیانوروژێنە لە دژم)، کاتێك لەلای پێغەمبەر هاتمە دەرەوە وەك ئەوە وابوو لە گەرماودا بڕۆم تا گەیشتمە لای دوژمنەکان، بینیم ئەبو سوفیان پشتی بە ئاگر گەرم دەکاتەوە، تیرێکم خستە ناو کەوانەکە ویستم لێی بدەم، بەڵام فەرموودەکەی پێغەمبەرم بیر کەوتەوە کە پێی وتبووم: (مەیانوروژێنە لە دژم)، ئەگەر تیرەکەم هاوێشتبا ئەوا دەمپێکا، گەڕامەوە وەك ئەوەی لە گەرماودا بڕۆم، کاتێك گەیشتمە لای پێغەمبەر و هەواڵەکەم پێدا و تەواو بووم، ئەو کاتە سەرمام بوو، پێغەمبەر عەبای خۆی کە لەلای خۆشەویست بوو و نوێژی پێدەکرد بەبەر منی پۆشی، بەم شێوەیە خەوم لێکەوت تا بەیانی، بەیانی پێی وتم: (هەستە هەی خەوخۆش).

لە بارەی دایکی جەمیلی کچی خەتابەوە هاتووە، لە عائیشەوە کە دەربارەی سەرەتاکانی بانگەوازی ئیسلامی، دەڵێت:

کاتێك ٣٨ هاوەڵی پێغەمبەر بوونە موسڵمان و کۆبوونەوە، ئەبو بەکر جەختی لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەکردەوە لەوەی کە خۆیان ئاشکرا بکەن، فەرمووی: (ئەی ئەبو بەکر، ئێمە کەمین)، ئەبو بەکر بەردەوام جەختی لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەکردەوە تا خۆیان ئاشکرا کرد، موسڵمانان لە لایەکانی مزگەوت دەرکەوتن، هەر کەسێك لە ناو هۆزەکەیدا، ئەبو بەکر لە ناو خەڵکدا ڕاوەستا و وتاریدا، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) دانیشتبوو، بەمەش ئەبو بەکر یەکەم وتاربێژ بوو کە بانگەوازی کرد بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی، هاوبەشدانەران بەمە وروژان دژی ئەبو بەکر و موسڵمانان، زۆر بە توندی لە ئەبو بەکریاندا، تاوانکار عوتبەی کوڕی ڕەبیع لێی نزیك بووەوە، بە دوو تاکە نەعلەی

سوفی لە ڕووخساریدا تا سەر سکی، تا وایلێهات لوتی لە ڕووخساری جیانەدەکرایەوە، هۆزی تەمیم هاتن، بەمەش هاوبەشدانەران بڵاوەیان کرد، هۆزی تەمیم ئەبو بەکریان هەڵگرت و بردیانەوە بۆ ماڵی خۆی، گومانیان لە مردنی نەبوو، بۆیە هۆزی تەمیم گەڕانەوە بۆ مزگەوت و وتیان: سوێند بە خوا ئەگەر ئەبو بەکر بمرێ ئەوا عوتبەی کوڕی ڕەبیعە دەکوژین، گەڕانەوە بۆ لای ئەبو بەکر، ئەبو قەحافە و هۆزی تەمیم لەگەڵ ئەبو بەکر قسەیان دەکرد، تا لە کۆتایی ڕۆژدا ئەبو بەکر هاتە قسە و وتی: پێغەمبەری خوای چی کرد و چی بەسەر هات، ئەوانیش سەرزەنشتیان کرد و پێیان وت واز لەمە بێنە، بە ئومی خەیریان وت: نان و ئاوی پێبدە، کاتێك بەتەنیا لەگەڵ ناوبراو مایەوە هەر دووبارە پرسیاری دەکرد: (پێغەمبەری خوا چی کرد؟) ئومی خەیر وتی: خوا گەواهی دەدات ئاگام لە هاوەڵەکەت نییە، ئەبو بەکر وتی: بڕۆ لای ئوم جەمیلی کچی خەتتاب، ئومی خەیر ڕۆیشتە لای ئوم جەمیل و پێی وت: ئەبو بەکر پرسیارت لێ دەکات لەبارەی محەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا، ئومی جەمیل وتی: من نە ئەبو بەکر نە محەممەدی کوڕی عەبدوڵا ناناسم، دەتەوێت بچیتە لای کێ با لەگەڵت بێم، وتی با بچینە لای کوڕەکەم، ئومی جەمیل دەڵێ، منیش وتم: باشە، لەگەڵی ڕۆیشتم، بینیم ئەبو بەکر پاڵکەوتووە و خراپ لێی دراوە، لێی نزیك بوومەوە، ئەبو بەکر بە دەنگی بەرز وتی: ئومی جەمیل، منیش وتم: بە خوا ئەو کەسانەی وایان لە تۆ کردووە دووڕوو و بێ باوەڕن، هیوادارم لە پێناوی خوا تۆڵەی تۆ لەوان بسەنرێتەوە، ئەبو بەکر وتی: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) چی کرد؟ ئومی جەمیل وتی: دایکت لێرەیە و گوێی لێدەبێ، ئەبو بەکر وتی: لێی مەترسە، ئومی جەمیل وتی: ساغ و سەلامەتە، ئەبو بەکر وتی: لە کوێیە؟ ئومی جەمیل وتی: لە ماڵی کوڕی ئەرقەمە؟ ئەبو بەکر وتی: سوێند بەخوا هیچ خواردن و خواردنەوەیەك ناخۆم تا نەچمە خزمەت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، چاوەڕێیان کرد تا ئەبو بەکر ئارام بووە و خەڵك ڕۆیشتنە ماڵی خۆیان، لەو کاتەدا ئەبو بەکر خۆی بەسەر ملی

ئەواندادا و ڕۆیشتە لای پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)، موسڵمانان بەرەو ڕووی ڕۆیشتن و ماچیان کرد، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) زۆر دڵی پێی سوتاوە، ئەبو بەکر وتی: بە دایك و باوك بە قوربانت بم ئەی پێغەمبەری خوا، هیچ سەغڵەت نیم، تەنها ئەوە نەبێ کە ئەم تاوانکارە لە ڕووخساریدام، ئەمەش دایکمە بڕوای بە کوڕەکەی نییە، تۆش پیرۆزی و نزای بۆ بکە، بەڵکو خوای مەزن بەهۆی نزاکەتەوە لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری دەکات، جا پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) نزای بۆ کرد و داوای لێکرد موسڵمان بێت، ئەویش موسڵمان بوو.

هەروەها لە ئەنەسی کوڕی مالیکی خزمەتکاری پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) هاتووە، وتویەتی:

(پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) هاتە لام، من ئەو کاتە لەگەڵ منداڵەکان یاریم دەکرد، بۆ کارێك منی ڕەوانە کرد، لە ڕێگەدا بە لای دایکمدا ڕۆیشتم، وتی: کوڕم بۆ کوێ دەچی؟ وتم: پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بۆ کارێك منی ناردووە، وتی: چ کارێك؟ وتم: نهێنیە، وتی: کەواتە نهێنی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بۆ کەس مەدرکێنە).

ئەم هەواڵانە و چەندانی دیکەش گەلێك زۆرن لە ناو مێژووی کۆن و تازەی موسڵماناندا، لەسەر ئەوەی گوێبیستی دەبێ پێویستە شوێن پێی هەڵبگرێ یان بەلایەنی کەمەوە خۆی پێ بچوێنێ.

٩- سوربوون لەسەر پابەندبوون بە کۆمەڵ و لێ دوورنەکەوتنەوەی بۆ یەك ساتیش، چونکە ئامۆژگاری یەکتر کردن بە ڕاستڕەوی و ئارامگرتن و یارمەتی یەکتردان و تازەکردنەوەی چالاکی و بەرزکردنەوەی هیمەتی تێدا دەبێ، کە بە گەوهەری پابەند بوون دادەنرێت.

١٠- پشتبەستنی تەواو بە خوای مەزن، چونکە ئەوەی پەنا و هانا و هاوار بۆ لای خوای مەزن ببات ئەوا خوای مەزن پەنای دەدات و پشتی دەگرێت.

١١- بەردەوام لێپرسینەوە لە دەروون، بۆ پەنجە خستنەسەر لایەنە لاواز و کەم و کورتەکان، ئینجا تۆبە کردن و خۆگرتنەوە لە تاوانکاری و ناچارکردنی دەروون لەسەر ماڵ بەخشین و زۆر سوننەت کردن.

١٢- چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك لە هەڵسوکەوتدا، لەگەڵ ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ ئەوەی مەرگ بەدەستی خوایە، ئەوەی خوا بیەوێت ئەوە دەبێت، ئەوەش کە ویستی لەسەر نەبێ، ئەوا نابێت، هیچ کەسێك نامرێت تا ئەو ماوەیە و ئەو ڕزق و ڕۆزیەی بۆی دانراوە تەواوی نەکات.

١٣- بەردەوام بیرهێناوە بە سوود و بەرهەمەکانی پابەند بوون، هەروەها ئاکام و سەرەنجام و زیانەکانی پابەند نەبوون، ئەم بیرهێنانەوەیە ڕۆڵێکی مەزنی هەیە لە گێڕانەوەی ناخ و دەروون بۆ سەر ڕێگەی ڕاست و دووبارە هەستانەوە سەرپێ.

١٤- بەردەوام ژیان گوزەراندن لەگەڵ کتێبی خوای مەزن، ڕوونکردنەوەیەکی وردە بۆ حەقیقەتی ناوەڕۆکی پابەندبوون، جا بۆچی وا نابێ لە کاتێکدا حوکم و بڕیاری خوایە: ﴿وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكۡمٗا لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ﴾ التوبة: ٥٠. واتە: (کێ هەیە بەقەدەر خوا حوکمی جوان و چاك و بەجێ بێت، "بەتایبەت" لای ئەو کەسانەی کە بەوردیی سەرنج دەدەن و ویژدان و هەستی زیندوویان هەیە).

١٥- پێشبڕکێ کردن لەسەر سوود وەرگرتن لە نازو نیعمەتە هەنووکەییەکان لە کات و تەندروستی باش و زانست و لاوێتی و هاووێنەی ئەمانە، بەر لەوەی لەدەست بچن، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێت: (دەستپێشخەری بکەن بە کردنی کردەوەی چاك پێش ڕوودانی ئاشوب، ئایا چاوەڕێی ڕوودانی هەژارییەکەی لەبیربەرەوە دەکەن یان دەوڵەمەندیەکی لاسار ئامێز یاخود نەخۆشییەکی هەست تێکدەر یان پیریەکی خەڵەفاو

یاخود مردنێکی لە ناکاو یان دەرکەوتنی دەجال، ئاشوب نادیارە و پێشدێت، یان هاتنی دوارۆژ و لێپرسینەوە، کە سەخت و تاڵترە لەوانەی تر)[١].

١٦- بەردەوام ژیان لەگەڵ سوننەت و ژیاننامەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، چونکە تیایدا وێنەیەکی ورد و زیندووی تێدایە بۆ ئەو دۆخەی کە پێویستە موسڵمان لەسەری بێت.

ئەوەندە بەسە کە بزانین پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نەیویست کۆچ بکات، لە کاتێکدا ماڵ و سامانی خەڵکی لەلا بوو، بەڵکو عەلی لە شوێنی خۆی دانا، تا ئەم سپاردانە بداتەوە دەست خاوەنەکانی، هەروەها تا لە دوژمنەکانیش بشێوێنێ. هەرگیز پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەڵێنی نەشکاندووە، چ لەگەڵ دوژمنان یان لەگەڵ ئەوانی تر.

ئەم چیرۆکەی دەیخەینەڕوو مشتێکە لە خەرواڵێك و دڵۆپێکە لە دەریایەك: حوزەیفەی کوڕی یەمەنان (ڕەزای خوای لێبێت) دەگێڕێتەوە: نەدەبوو ئامادەی جەنگی بەدر بم، بەڵام من و ئەبو حسیل ڕۆیشتین، لە ڕێگەدا هاوبەشدانەران ئێمەیان گرت، وتیان: ئێوە دەتانەوێ بچنە لای محەممەد؟ وتم: تەنها دەمانەوێ بچینە مەدینە، ئەوانیش بەڵێنیان لێوەرگرتین لەسەر ئەوەی بچینە ئەوێ و لەگەڵیان نەجەنگین، دواتر گەیشتنە لای پێغەمبەری خوا و هەواڵەکەمان پێڕاگەیاند و فەرمووی: (بڕۆن ئێوە مەیەن، بەڵێنەکەیان بۆ جێبەجێ دەکەین، پشت بەخوا دەبەستین لە دژیان).

---

(١) فيض القدير، للمناوي: ٣/ ١٩٥، بە ژمارە: ٣١٢١. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

# دەردی سێزدەم

# پشتڕاست نەکردنەوە

دەردی سێزدەم کە خەریکە هیچ کەسێك لێی سەلامەت نەبێ مەگەر پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ پەروەردگاری هەبێ، دانا و کارزان بێ، ئەویش: پشتڕاست نەکردنەوە و لێنەکۆڵینەوەیە، تا ئەوانەی تووشی بوونە خۆیان لێی پاك بکەنەوە و خۆیان تۆکمە بکەن لە دژی، ئەوا دەبێ وێنەیەکی ورد بیر بخرێتەوە لەبارەی ڕەهەند و نیشانەکانی، لە میانەی ئەم لایەنانەی خوارەوە:

## یەکەم: واتای پشتڕاست نەکردنەوە (عدم التثبیت أو التبین):

**لە زمانەوانیدا**: بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی (عدم التثبیت أو التبین) لە لایەنی زمانەوانیدا، ئەوا دەپرسین لە ڕووی زمانەوانیەوە چ واتایەکیان هەیە؟. (التثبیت) لە زمانەوانیدا بۆ چەند مەبەستێك بەکاردێت، لەوانە:

أ- داواکردنی ئەو شتەی کارەکەی پێ دەچەسپێ، واتە بوونی شتەکە پێویست دەکات بێ تێپەڕین بۆ شتێکی تر. بە گوزارشتێکی تر: داواکردنی ئەو بەڵگەیەی سەردەکێشێ بۆ وەستان لەسەر شتەکە.

ب- دڵنیابوون لە حەقیقەتی ئەو شتەی یارمەتیدەرە لەسەر سەلماندنی بوونی شتەکە، بە گوزارشتێکی تر پشکنینی ئەو بەڵگەیەی دەبێتە هۆی سەرکێشان بۆ چەسپانی شتەکە، دەوترێ: (إثبت الأمر)؛ واتە: لێیکۆڵیەوە و پشتڕاستی کردەوە، (إثبت الکتاب) واتە: تۆماری کرد، (إثبت الحق) واتە: بەڵگەی لەسەر بەرپاکرد، (إثبت الشيء) واتە: شتەکەی ناسی بەو شێوەیەی کە شایستەیە.

ت- لە سەرخۆیی و پەلە نەکردن، دەڵێیت: (تثبیت في الأمر والرأي) واتە: لە کارو بۆچوونەکەیدا لە سەرخۆ و هێمنە. (إستثبت في الأمر) واتە: ئەگەر ڕاوێژی کرد و لێکۆڵیەوە.

هەروەها (التبین) لە زمانەوانیدا بەکاردێت بۆ هەمان ئەو واتایەی کە (التثبیت) بۆ بەکاردەهات:

أ- داواکردنی ئەوەی شتەکەی پێ ڕوون دەبێتەوە دۆخەکەی پێ ئاشکرا دەبێت، دەوترێ: (تبين الشیء؛ واتە: لێی وردبووەوە تا ڕۆشن بووەوە).

ب- دڵنیابوونە لە حەقیقەتی ئەوەی شتەکەی پێ ڕوون دەبێتەوەو دەردەکەوێت، دەوترێ: (تبين الشیء؛ دەرکەوت و ڕوون بووەوە). (استبنت الشیء؛ ئەگەر لێی وردبوویەوە بۆت ڕوون دەبێتەوە).

ت- پەلەنەکردن و لەسەر خۆبوون لە کاردا، دەوترێ: (تبين القوم؛ واتە: بە هێمنی و بێ پەلە لێی وردبوونەوە تا بەڕۆشنی بۆیان دەرکەوت).

ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی (التثبت و التبين) لە ڕووی زمانەوانیەوە یەك واتایان هەیە، بەکارهێنانەکەی قورئانی پیرۆزە، تیایدا هاتووە: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبۡتُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ ﴾ النساء: ٩٤. واتە: (ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، کاتێك دەرئەچن بۆ گەیاندنی ئیسلام و جیهاد لە پێناوی خوادا، وردبین بن و هەموو شتێك ڕوون بکەنەوە "دوورە پەرێزبن لە پەلە و هەڵەشەیی")، ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ ﴾ الحجرات: ٦. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر کەسێکی متمانە پێ نەکراو هەواڵێکی گرنگی بۆ هێنان" خێرا بڕوای پێ مەکەن، بەڵکو سەرنج بدەن، لێی بکۆڵنەوە تا بۆتان ڕوون دەبێتەوە). تێکڕای کوفییەکان ئایەتی یەکەم و خەڵکی مەدینە ئایەتی دووەم بە (فتثبتوا) دەخوێننەوە لە جیاتی (فتبینوا)، پێشەوا ئیبن جەریری تەبەڕی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: (بۆچوونی ئێمە لە بارەی ئەمەوە ئەوەیە کە ئەمانە دوو خوێندنەوەی ناسراو و بەربڵاون لە جۆرەکانی خوێندنەوەی موسڵمانان، بە یەك واتا دێن، ئەگەر بێژەکەشیان جیاواز بێت، "متثبت" هەر "متبین"، بە پێچەوانەشەوە، خوێنەری قورئان بە هەر جۆرێك بەم دوو جۆرە بیخوێنێتەوە ئەوا خوێندنەوەکەی ڕاستە)، لە شوێنێکی تردا ئیبن جەڕیر وتویەتی: (بۆچوونی ڕاست ئەوەیە کە ئەمانە دوو جۆرە خوێندنەوەی لەیەك نزیکن لە واتادا، خوێنەر

بە هەر یەکێك لەم دوو جۆرە بخوێنێتەوە، ئەوا خوێندنەوەکەی ڕاستە)، دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە بەکارهێنانە بە یەك واتا دێن، ئەویش هێدی و لەسەرخۆبوونە لە کاردا و پەلە نەکردنە تێیدا و لێوردبوونەوەو داواکردنی بەڵگە و پشکنینیەتی. جا کە لەمە تەواو بووین ئەوا دەڵێین: (عدم التثبت أو التبین) واتە: (پەلەکردن لە بڕیاردان لەسەر شت بێ داواکردنی بەڵگەکەی و وردبوونەوە لەم بەڵگەیە).

**لە ڕووی زاراوەییەوە:** (عدم التثبت) لە زاراوەی بانگخوازان و موسڵماناندا، بریتییە لە: پەلەکردن یان لەسەرخۆ نەبوون لە هەر شتێك سەبارەت بە موسڵمانان و تێکڕای خەڵك، لە حوکم و یاسا و بڕیار یان تێڕوانین، هەروەها لە گواستنەوەی ئەم حوکم و یاسا و تێڕوانینانە بێ تێگەیشتنێکی ورد لە واقیع و پێشهات و دۆخی دەوروبەری.

قورئانی پیرۆز ئاماژەی بەمە کردووە لە کاتی ڕووکردنەوەو سەرنجدانی لەسەر ڕووداوی (ئیفك) کاتێك فەرموویەتی: ﴿إِذۡ تَلَقَّوۡنَهُۥ بِأَلۡسِنَتِكُمۡ وَتَقُولُونَ بِأَفۡوَاهِكُم مَّا لَيۡسَ لَكُم بِهِۦ﴾ النور: ١٥. واتە: (ئەوە بۆ هەر دەماودەم قسە لە زمانی یەکتر وەردەگرن "بێ لێکدانەوە"، کاتێك بە زارتان شتێك دەڵێن کە هیچ ئاگاییتان دەربارەی نییە).

لەبەر ئەوەی بە سرروشتی بەڵگە نەویست زانراوە، وەرگێران لە ڕێی نەقڵ و گواستنەوە دەبێ، ئینجا دەخرێتە بەردەم عەقڵ و دڵ، ئینجا قسەی لەبارەوە دەکرێ. ئەم ئایەتە سەرنجی ڕاکێشاوە بۆ پەلەنەکردن و هێدی بوون لە سوربوون لەسەر حوکم و بڕیار، تەنانەت لە جوڵاندن و گواستنەوەی، وەك ئەوەی کاتێك کوڕی سەلول ڕووداوی ئیفکی دروستکرد گوێچکەکان کەڕ و عەقڵەکان داپۆشران و دڵەکان داخران، تەنها ئەوەما کە لێو و زمان بێ تێگەیشتن لە بارودۆخ و واقیعی دەوروبەر دەمیان تێئاڵاند، لەوانەیە ئەمە بگێڕدرێتەوەو لاسایی بکرێتەوە بەتایبەت ئەگەر لاساییکەرەوە خاوەنی کەسایەتیەکی لاواز بێ، متمانەی بە خۆی و هەڵسوکەوتەکانی نەبێ، ئا لێرەوە بەپێویست دانراوە کە هاوەڵان بڕۆنە ناو باوەشی

هاوەڵی چاك و پابەند بە پەیڕەوی ئیسلامی، ئەگەر ئەمە كرا ئەوا عەقڵ و دەمارەكان هێور دەبنەوەو هەستەكان هۆشیار دەبنەوەو ئەندامەكان سەلامەت دەبن.

## دووەم: هۆكارەكانی پشتڕاست نەكردنەوە:

### ١-بێ ئاگایی یان لەبیرچوونەوە:

لەوانەیە بێ ئاگایی یان لەبیرچوونەوە وا لە مرۆڤ بكات لێكۆڵینەوە نەكات و شتەكان پشتڕاست نەكاتەوە، ئەو كاتەش پێویستە لەوەوە فێری وانەیەك بێت كە بەدرێژایی كات لەبیری نەكات و ئەم هەڵەیەش دووبارە نەكاتەوە، پێغەمبەری خواش ڕاستی فەرمووە: (هیچ ئادەمیزادێك نییە هەڵە نەكات، چاكترینی هەڵەكارانیش تۆبەكارانن)[١].

### ٢-هەڵخەڵەتان بە وشەی بریقەدار و پڕشنگدار:

لەوانەیە پۆلێك لە وشەی هەنگوینی و گوزارشتی دڵڕفێن لە دەرگای گوێچكە بدەن، جا دەبینی گوێچكە هەڵدەخەڵەتێ بە پڕشنگ و ڕازاوەیی ئەم وشانە، ئەو كاتەش لێكۆڵینەوە ناكات و هەواڵدانەكە پشتڕاست ناكاتەوە، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) سەرنجی بۆ ئەم هۆكارە ڕاكێشاوە كاتێك فەرموویەتی: (ئێوە دێنە لام بۆ یەكلاكردنەوەی كێشەكەتان، لەوانەیە هەندێكتان بەڵگەكەی زیاتر بڕازێنێتەوە لەوەی تر، جا بڕیارم لە بەرژەوەندی هەر یەكێكتاندا و مافی براكەیم پێدا كە هی خۆی نییە، ئەوا من پارچەیەك ئاگری بۆ دەبڕمەوە و پێی دەدەم، جا با نەیبات)[٢].

---

(١) ئیبن ماجە گێڕاویەتیەوە: ٢/ ١٤٢٠، بە ژمارە ٤٢٥١. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەكەی كردووە (وەرگێڕ).

(٢) ئەبو داود گێڕاویەتیەوە: ٢/ ٣٢٨، بە ژمارە ٣٥٨٥. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەكەی كردووە (وەرگێڕ).

**٣-بێ ئاگابوون یان نەشارەزابوون لە شێواز یان ڕێگەكانی پشتڕاستكردنەوە:**

لەوانەیە شارەزانەبوون لە ڕێ و شوێنەكانی پشتڕاست كردنەوە سەربكێشێ بۆ خێرا بڕیاردان و كار پێكردنی لێرەو لەوێ، چونكە پشتڕاستكردنەوە ڕێگە و شێوازی هەیە كە بەهۆیەوە ئەنجام بەدەست دەخرێ، لەوانە:

- گێڕانەوە بۆ خوا و پێغەمبەر و ژیرمەند و هۆشمەندەكان، هەروەك خوای پایەبەرز دەفەرموویێت: ﴿وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡ﴾ النساء: ٨٣. **واتە:** (خۆ ئەگەر ئەو هەواڵەیان بڵاو نەكردایەتەوە و بیانگێڕایەتەوە بۆ لای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) یان بۆ لای كاربەدەستانێك كە لە خۆیانن، ئەوە ئەوانەی كە لە نهێنی هەواڵەكان تێدەگەن و دەكۆڵنەوە، نهێنی و ڕازەكانیان لێ دەردەهێنا).

- لێپرسینەوە كردن لەگەڵ ئەوەی كارەكەی ئەنجامداوە، باشترین شت كە بەرچاو ڕۆشنی بدات لەم بارەوە هەڵوێستی پێغەمبەر (**صلی الله علیه وسلم**) بووە لە ئاست كارەكەی حاتەمی كوڕی ئەبو بەلتەعە، كاتێك نامەی ڕەوانەكرد بۆ خەڵكی مەككە، تیایدا بەوانی ڕاگەیاندبوو كە پێغەمبەر (**صلی الله علیه وسلم**) هێرش دەكات، خوای مەزن پێغەمبەر (**صلی الله علیه وسلم**) ئاگادار كردەوە لەم نامەكارییە، نامەكە دەستی بەسەرداگیرا و حاتەم هێنرایە بەردەم پێغەمبەر (**صلی الله علیه وسلم**)، پێش ئەوەی بڕیار لەسەر كارەكەی بدات و حوكمی لەبارەوە دەربكات، لێیپرسی: (ئەی حاتەب ئەمە چییە؟ حاتەب وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بە پەلە بڕیارم لەسەر مەدە، من كەسێكم لە كۆچبەران، بەڵام كۆچبەرانی دیكە جگەلە من پەیوەندی خزمایەتیان هەیە لە مەككە، كە بەهۆیەوە خێزان و سامانیان دەپارێزن، جا ئەگەر من ئەمەم نەبێ ئەوا با دەستپێشخەریەك بكەم بۆیان، بەڵكو خزم و خێزانەكەم بپارێزن، ئەمەم نەكردووە بەوەی لە ئایین هەڵگەڕاومەتەوە و بە كافربوون ڕازی بووبم لە دوای موسڵمان بوون، پێغەمبەر

فەرمووی: ڕاستگۆ بوو لەگەڵتان، کاتێك عومەر "ڕەزای خوای لێبێت" داوای مۆڵەتی کرد تا لە گەردەنی بدات، پێغەمبەر فەرمووی: (جا تۆ چووزانی لەوانەیە خوای مەزن لە بەشداربووانی جەنگی بەدر خۆشبووبێ و بەوانی فەرمووبێ: چیتان دەوێ ئەمە بکەن من لە ئێوە خۆشبووم)[1].

- چاك گوێگرتن و پێداچوونەوە، ئەگەر پێویستی کرد، ئا ئەمە عەلییە (ڕەزای خوای لێبێت)، پێغەمبەر (**صلى الله عليه وسلم**) ئاڵای پێدەدا و پێی دەفەرمووێ: "برۆ تا خوا سەرکەوتن پێ دەبەخشێ و ئاوڕ نەدەیەوە"، عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) دوای دەستکردنی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەی وا هەست دەکات ئەرکەکەی ڕۆشن نییە لە هۆشیدا، بۆیە پشتاو پشت دەگەڕێتەوە لای پێغەمبەر و پێی دەڵێت: لەسەر چی لەگەڵ خەڵکدا بجەنگین، پێغەمبەر (**صلى الله عليه وسلم**) فەرمووی: بجەنگێ لەگەڵیان تا گەواهی دەدەن کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگەلە خوای مەزن، محەممەدیش بەندە و نێردراوی خوایە، ئەگەر ئەمەیان کرد ئەوا خوێن و سامانیان قەدەغەیە مەگەر بە مافی خۆیان و لێپرسینەوەشیان لەسەر خوایە.

- تاقیکردنەوە و سەرنجدان لە میانەی لەگەڵ ژیان و هاوڕێیەتی کردن، عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێبێت) ئامادەی مەجلیسێك بوو، کەسێك ستایشی یەکێکی تری دەکرد، عومەر بە کابرا ستایشکەرەکەی وت: ئایا هیچ سەفەرتێکت لەگەڵ کردووە، ستایشکەرەکە وتی: نەخێر، عومەر پێی وت: هیچ مامەڵەیەکی ڕاست و دروست لە نێوانتاندا هەبووە؟ کابرا وتی: نا، عومەر پێی وت: بێ دەنگ بە، نابینم هیچ زانیاریت لەبارەیەوە هەبێت، سوێند بە خوا پێم وایە تەنها بینیوتە لە مزگەوت سەری بەرزو نزم دەکاتەوە.

- کۆکردنەوە و ڕووبەڕوو کردنەوەی لاینەکان، بەتایبەت لەو کاروبارانەی بێ دەنگ بوون لە ئاستیدا دروست نییە، ئا ئەمە پێغەمبەری خوایە کاتێك عەلی وەك دادوەر ڕەوانەی لای خەڵکی یەمەن دەکات فێری شێوازی دادوەری کردنی دەکات و

---

[1] ئەبو داود گێڕاویەتیەوە: ٣/١، بە ژمارە ٢٦٥٢. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

پێی دەفەرمووێ: "خوای مەزن دڵەکەت ڕێنوێنی دەکات، زمانت چەسپاو دەکات، ئەگەر دوو کەسە دژ یەکە لەبەردەمت دانیشتن، بڕیار مەدە تا گوێبیستی هەر دوو لایەکە نەبیت وەك یەك، ئەمە چاکترە بۆ ئەوەی بەرچاوڕونیت پێبدات لە دادوەریەکەتدا".

- گوێگرتن لە خاوەن کارەکە زیاد لە جارێك، لە کاتی جیاوازدا، هەروەها هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی، ئا ئەمە دایکی باوەڕدارانە عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) پێی ڕادەگەینرێ کە عەبدوڵای کوڕی عەمر لە میسرەوە دێت بۆ حەج کردن، عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) بە خوشکەزای خۆی عروەی کوڕی زوبەیری وت: هەواڵم پێ گەیشتووە کە عەبدوڵای کوڕی عەمر بەلاماندا تێپەڕ دەبێ بۆ حەج، پێی بگە و هەندێك پرسیاری لێبکە، زاستێکی زۆری لە پێغەمبەرەوە وەرگرتووەو هەڵگرتووە، عڕوە دەڵێت: پێی گەیشتم و لەبارەی چەندین پرس و بابەتێکەوە پرسیارم لێکرد کە لە پێغەمبەرەوە بیستبووی، پێم وابێ یەکێك لەو شتانەی لە پێغەمبەرەوە گێڕایەوە ئەوەبوو کە وتی: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (خوای گەورە زانست لە ناو خەڵکدا هەڵناگرێت بە یەکجار، بەڵکو زانایان دەمرێنێ و گیانیان دەکێشێ، جا زانستیشیان لەگەڵ هەڵدەگیرێ، لە ناو خەڵکدا سەرکردەی نەزان دەمێننەوە، فەتوایان بۆ دەدەن بەبێ زانست، بەمەش خۆیان و خەڵکەکەش گومڕا دەکەن)، عڕوە دەڵێت کاتێك ئەمەم بۆ عائیشە گێڕایەوە زۆر پێی مەزن بوو و واق ورما و نکوڵی لێکرد و وتی: ئایا وای بۆ باسکردی کە ئەمەی لە پێغەمبەرەوە بیستووە کە وایفەرمووە؟ عروە وتی: کە عەبدوڵای کوڕی عەمر گەڕایەوە عائیشە پێی وتم: کوڕی عەمر گەڕایەوە و لەسەرەتادا قسەی تری لەگەڵ بکە و ئینجا پرسیاری لێبکەوە لەبارەی ئەو فەرموودەیەی باسی کردووە لەبارەی زانست، عەبدوڵای کوڕی عەمر بەوشێوەیە بۆی باس کردمەوە وەك جاری یەکەم بۆ باسکردمەوە، عڕوە دەڵێت: کاتێك ئەمەم

بە عائیشە وت، ئەوا وتی: گومانم تەنها بۆ ئەوە دەچێ کە ڕاستی وتوە، نەمبینی هیچ شتێکی لێ زیاد و کەم بکات.

لەوانەیە زۆرێك لە خەڵك بێ ئاگا و نەشارەزابن لەم شێواز و ڕێ و شوێنانە، ئەو کاتەش شتەکە وەردەگرن بێ پشت ڕاستکردنەوە.

## ٤-سۆزی بە جۆش و خرۆشی ئیسلامی:

لەوانەیە سۆزی بە جۆش و خرۆشی ئیسلامی ببێتە هۆی پشتڕاست نەکردنەوە، چونکە ئەم جۆش و خرۆشە و سۆزە ئەگەر بە تەرازووی شەرع هاوسەنگ نەکرابێ و جڵەوگیر نەکرابێ بە ئەوساری عەقڵ، ئەوا پەیی پێبردن لە خاوەنەکەی دەستێنێتەوە، دەبینین زۆر هەڵە دەکات و لە قۆناغەکانی سەرەتای ژیاندا زۆر شت لە دەستدەدات.

دەتوانین ئەم هۆکارە بەدی بکەین لە فەرموودەکەی ئوسامەی کوڕی زەید، ناوبراو دەڵێت: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئێمەی نارده ناوچەی (حیرقە)، بەیانی زوو بەسەر خەڵکی ئەوێمان دادا، تێکمان شکاندن، من و کەسێکی ئەنساڕی گەیشتینە پیاوێکی ئەوان، کاتێك زاڵبووین بەسەریدا، وتی: هیچ خوایەك نییە بە حەق جگەلە خوای مەزن نەبێ، کابرای ئەنساڕی وازی لێهێنا، منیش بە ڕمی خۆم لێمدا تا کوشتم، کاتێك گەڕاینەوە، هەواڵی ئەمە گەیشتە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، جا فەرمووی: "ئەی ئوسامە ئەو کابرایەت کوشت دوای ئەوەی وتی: هیچ خوایەك نییە بە حەق جگەلە خوای مەزن نەبێ؟" منیش وتم: دەیویست خۆی بەمە بپارێزێ و لە ترسان وتی، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەر ئەمەی دووبارە دەکردەوە تا وام لێهات هیوای ئەوەم دەخواست پێش ئەو ڕۆژە موسڵمان نەبووبام.

ئەوەی وای لە ئوسامە کرد ئەو کەسە بکوژێ کە وتی (هیچ خوایەك نییە بە حەق جگەلە خوای مەزن نەبێ) بەمەش خوێنی پارێزراو دەبێ، بریتی بوو لە

جۆش و خرۆشی ئیسلامی کە پڕاو پڕی دڵی ئوسامە بوو، بەوەی بووە ڕێگر لەبەردەم قەناعەتکردنی ئوسامە بە موسڵمان بوونی کابرایەکە بەهۆی ئەم ڕستەیە و دەربڕینی شایەتمان و تۆمەتبارکردنی بەوەی دەروونی پێچەوانەی ئەوەیە کە لێی دەرکەوتووە، لە کاتێکدا هەر خوا زانایە بەوەی لە دڵ و دەروونەکاندایە: ﴿ قُلْ إِن تُخْفُوا۟ مَا فِى صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ ٱللَّهُ ﴾ آل عمران: ٢٩. واتە: (پێیان بڵێ: ئەگەر ئەوەی لە سینەتاندا جێگیرە بیشارنەوە یاخود ئاشکرای بکەن، ئەوە خوا پێی دەزانێت).

﴿ وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَعْلَمُ مَا تُكِنُّ صُدُورُهُمْ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴾ النمل: ٧٤. واتە: (بێگومان پەروەردگارت چاك دەزانێت چی لە سینەیاندا حەشاردەدەن و چیش ئاشکرا دەکەن).

﴿ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِى قُلُوبِكُمْ ﴾ الأحزاب: ٥١. واتە: (خوا خۆی دەزانێت چی لە دڵەکانتاندا حەشاردراوە). ﴿يَعْلَمُ خَائِنَةَ الْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ﴾ الغافر: ١٩. واتە: (ئەو خوایە هەمیشە چاوە خیانەتکار و ناپاکەکان دەناسێت و دەزانێت چی لە دڵ و دەروون و سینەکاندا حەشاردراوە).

## ٥-وابەستەبوونی بە خۆشییە کاتییەکانی دونیا:

لەوانەیە وابەستەبوون بە خۆشییە کاتییەکانی ئەم دونیایەوە هۆکارو پاڵنەری پشتڕاست نەکردنەوەو لێنەکۆڵینەوە بێ، چونکە خۆشویستی هەر شتێك وا دەکات مرۆڤ لە ئاستیدا کەڕ و کوێر بێت، دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی مرۆڤ لێکۆڵینەوە لە هەڵوێستەکەدا بکات و ڕاستی ڕۆشن بکاتەوە.

دەکرێ ئەمەبێ ئەو هۆکارەی لەم فەرمایشتەی خوای پاك و بێگەردا ئاماژەی پێکراوە: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا ضَرَبْتُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُوا۟ وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَنْ أَلْقَىٰٓ إِلَيْكُمُ ٱلسَّلَـٰمَ لَسْتَ مُؤْمِنًا تَبْتَغُونَ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا فَعِندَ ٱللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٌ ﴾ النساء: ٩٤. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، کاتێك دەرئەچن بۆ

گەیاندنی ئیسلام و جیهاد لە پێناوی خوادا، وردبین بن و هەموو شتێك ڕوون بکەنەوە "دوورە پەرێزبن لە پەلە و هەڵەشەیی" و بەو کەسانە مەڵێن کە سەلامتان لێدەکەن: "ڕاست ناکەیت" تۆ ئیماندارنیت!! "بەو هەڵوێستە" مەبەستتان دەسکەوتی ژیانی دنیابێت، لای خوا دەستکەوتی زۆر هەیە).

٦-بێ ئاگابوون لەو شوێنەوار و دەرەنجامانەی پەیدادەبن لە دەرەنجامی پابەند نەبوون بەم ڕەوشتییە ئیسلامییە و پەنابردنەبەر خێرابوون یان پەلەکردن لە کارەکەدا، بێگومان ئەو کەسەی بێ ئاگابێ لە ئاکامی هەر کارێك ئەوا دەکەوێتە ناویەوە، مەگەر خوای پاك و بەرز بە ڕەحمی خۆی بیپارێزرێ.

## سێیەم: نیشانەکانی پشتڕاست نەکردنەوە:

**پشتڕاست نەکردنەوە چەند نیشانەیەکی هەیە پێی دەناسرێتەوە، باسی هەندێك لەو نیشانانە دەکەین:**

١- زۆرێك لە تاك و دەستە بانگخوازەکانی ئیسلام دژایەتیان دەکرێ، لە دەرەنجامی ناشرین کرانی وێنەیان و پڕوپاگەندەی ئامانجدار، بێ تێکەڵبوون لەگەڵیان و شارەزابوونی لە بارودۆخیان لە نزیکەوە.

٢- جەختکردنەوە لەسەر ڕووکەش، لەگەڵ فەرامۆشکردنی ناوەڕۆك، زۆرێك لەو دەستە و کۆمەڵانەی کار بۆ ئیسلام دەکەن، زۆر بایەخ دەدەن بە ڕیش هێشتنەوەو سیواککردن و کورتکردنەوەی پۆشاك و بەردانەوەی ڕیشو و هەڵگرتنی گۆچان و لەسەرنانی جامانە، لەگەڵ فەرامۆشکردنی تەواوی ناوەڕۆکی شتەکە، کە وایان لێدەدات جیاوازی نەکەن لە نێوان پیاوچاك و پیاوخراپ و ڕاستگۆ و درۆزن.

ئەمەش بە مانای سوك سەیرکردنی ئەو شتانە نایەت، فەرمووده لەوبارەوە هاتوون و پلەیان جیاوازە لە بەهێزی و لاوازیدا، لێرەدا ماوە نییە بۆ لێکۆڵینەوەی،

ئێمە ئەوەمان لە موسڵمان دەوێت كە ڕیزبەندی بكات بۆ شتە گرنگ و لە پێشترەكان و هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆك و ناواخنی مرۆڤ، ئەگەر لە چەند شتێكی ڕووكەشیدا كەمتەرخیش بوو ئەوا زیانی بۆی نابێ.

٣- پاساو نەهێنانەوە و گوێ نەگرتن بۆ بەڵگە و بۆچوونەكان، سەرباری ئەوەی كۆسپ و لەمپەڕ لە ژیانی خەڵكدا نییە.

٤- دەستپێشخەری كردن بە دەربڕینی بۆچوون بە تەنها بیستن یان بینینی دیمەنەكە.

٥- دەستپێشخەری كردن بە جێبەجێكردن، هەر كە بە شتێك ڕاسپێردرا، بێ تەواو تێگەیشتن لە بارودۆخ و پێشهاتەكان، هەروەها بێ ئەوەی ئەو كەسانە بە وردی بناسێ كە مافی ڕاسپێردران و پابەندبوونیان هەیە.

## چوارەم: شوێنەوارەكانی پشتڕاست نەكردنەوە:

**پشتڕاست نەكردنەوە شوێنەوار و ئاكامی خراپی هەیە چ لەسەر بانگخوازان چ لەسەر كاری موسڵمانان، ئەمانەش بەشێكن لەم شوێنەوارانە.**

### شوێنەوارەكانی پشتڕاست نەكردنەوە لەسەر بانگخوازان:

ئەمانەش هەندێكن لەو شوێنەوارانە لەسەر بانگخوازان:

١- **تۆمەتباركردنی خەڵك بە ناڕەوا:** دایكی باوەڕداران عائیشە بە ناڕەوا تۆمەتبار كرا بە تاوانێك، كە لە نەفامیشدا نەیكردووە، جا چۆن دەیكات دوای ئەوەی خوای مەزن بە ئیسلام سەربەرزی كرد و بووەتە هاوسەری پێشەوای موسڵمانان و باشترینی پێغەمبەران و نێردراوی خوا بۆ جیهانیان، ئەم تۆمەتە بووە هۆی دوودڵ كردنی خودی عائیشە و باوانی و پێغەمبەری خوا (**صلى الله عليه وسلم**) كە هاوسەری بوو، تەنانەت بووە هۆی شڵەژانی موسڵمانانیش بۆ ماوەی یەك مانگی تەواو، تا لە سەرووی حەوت ئاسمانەوە پاكانەی بۆ دابەزی.

هۆکاری ئەم تۆمەتبار کردنەش پشتڕاست نەکردنەوە بوو، تا خوای مەزن بەوانی فەرموو: ﴿ لَّوْلَآ إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ ٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْرًا وَقَالُوا۟ هَٰذَآ إِفْكٌ مُّبِينٌ ﴿١٢﴾ لَّوْلَا جَآءُو عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَآءَ ۚ فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا۟ بِٱلشُّهَدَآءِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ عِندَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْكَٰذِبُونَ ﴿١٣﴾ ﴾ النور: ١٢، ١٣. واتە: (دەبوا هەر کە ئەو بوختانەتان بیست ئیمانداران لە پیاوان و لە ئافرەتان گومانی چاکیان بەخۆیان ببوایە و دڵنیا بوونایە لە پاکی خۆیان و بیانوتایە ئەمە بوختانێکی ئاشکرایە و "کاری نارەوای وا لە دایکی موسڵمانان و لە هاوەڵانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ناوەشێتەو". دەبوا بوختانچییەکان چوار شایەتیان بۆ سەلماندنی بوختانەکەیان بهێنایە، کاتێك چوار شایەتیان نەهێنا، ئەوە ئیتر دیارە ئەوانە لای خوایش لە ڕیزی درۆزنەکاندان).

تەنها ئەم شوێنەوارە بەسە بۆ بانگخواز، چونکە هێنەری خراپە و تاوانە _ پەنا بەخوا _، هەروەك پێغەمبەر (**صلی الله علیه وسلم**) دەفەرموویێت: (خِيَارُ عِبَادِ اللَّهِ الَّذِينَ إِذَا رُءُوا ذُكِرَ اللَّهُ وَشِرَارُ عِبَادِ اللَّهِ الْمَشَّاءُونَ بِالنَّمِيمَةِ الْمُفَرِّقُونَ بَيْنَ الْأَحِبَّةِ الْبَاغُونَ الْبُرَآءَ الْعَنَتَ)(١) واتە: چاکترین بەندەکانی خوا ئەوانەن، بە بینرانیان یادی خوا دەکرێتەوە، خراپترین بەندەکانی خواش ئەوانەن، ئەوانەی دوو زمانی دەکەن و قسە دێنن و دەبەن، خۆشەویستان لە یەکتر دەکەن، سورن لەسەر ئەوەی بێ تاوانان تامی تیاچوون و ئاشوب بچێژن.

**٢-خوێن ڕشتن و تاڵانکردنی سامان:** ئوسامەی کوڕی زەید (ڕەزای خوای لێبێت) یان جگەلەو کەسێکی کوشت و سامانەکەی لێبرد، بێ پشتڕاست کردنەوە و لێکۆڵینەوە، ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن لەبارەی نموونەی ئەو کەسانە دابەزیوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا ضَرَبْتُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُوا۟ وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَنْ أَلْقَىٰٓ إِلَيْكُمُ ٱلسَّلَٰمَ لَسْتَ مُؤْمِنًا تَبْتَغُونَ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا فَعِندَ ٱللَّهِ مَغَانِمُ

(١) ئەحمەد گێڕاویەتیەوە: ٢٩/ ٥٢١، بە ژمارە ١٧٩٩٨. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

كَثِيرَةٌ ﴾ النساء: ٩٤. **واتە:** (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، کاتێك دەرئەچن بۆ گەیاندنی ئیسلام و جیهاد لە پێناوی خوادا، وردبین بن و هەموو شتێك ڕوون بکەنەوە "دوورە پەرێزبن لە پەلە و هەڵەشەیی" و بەو کەسانە مەڵێن کە سەلامتان لێدەکەن: "ڕاست ناکەیت" تۆ ئیماندارنیت!! "بەو هەڵوێستە" مەبەستتان دەسکەوتی ژیانی دنیابێت، لای خوا دەستکەوتی زۆر هەیە).

**هەندێك لە هاوەڵان کە بەشداربوون لە قسەکردن لە پرسی ئیفکدا، بێ پشتڕاست کردنەوە و لێکۆڵینەوە، وەك: حەسانی کوڕی سابت و موسەتەحی کوڕی ئەساسە و جگەلەمانەش، هەروەها وەك ئەوانەی کابرایەکەیان کوشت دوای ئەوەی شایەتمانی هێنا، وەك ئوسامەی کوڕی زەید (ڕەزای خوای لێبێت)، هەموو ئەو هاوەڵانە خەمباری و پەشیمانیان تووش بوو، کاتێك سروش لە ئاسمانەوە دابەزی و هەڵوێستەکەی ئاشکرا کرد و خاڵی خستە سەر پیتەکان، ئەوا هیوایان خواست کە پێش ئەو ڕۆژە موسڵمان نەبووبان، تەنانەت پەشیمانی و خەمباری بووە تارماییەکی ترسێنەر کە بەدوای ئەوانەوە بوو تا کۆچی دوایی کردنیان.**

**دەکرێ ئەم شوێنەوارە ئەوە بێ کە فەرمایشتی خوای مەزن ئاماژەی پێداوە لە چیرۆکی وەلیدی کوڕی عەقەبەی کوڕی ئەبو موعیتی لەگەڵ هۆزی موستەلەق،** ﴿ فَتُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَا فَعَلۡتُمۡ نَٰدِمِينَ ﴾ الحجرات: ٦. **واتە:** (جا دوای پەشیمان بنەوە لەو کارەی کە پێی هەستاون).

**٣-لە دەستدانی متمانەی خەڵك و هەڵاتنیان لەبەری:** هەر کەسێك بناسرێ بەوەی خێرایە لە بڕیاردان و شتەکان پشتڕاست ناکاتەوە، ئەوا خەڵك وەك گێل و بێ ئامانج سەیری دەکەن، نموونەی ئەم جۆرە کەسانەش خەڵك متمانەیان لێ دەسەننەوە، تەنانەت ڕقیان لێ دەبێتەوەو لەبەری هەڵدێن.

ئەگەر متمانە لەدەستچوو، ڕق لێبوونەوە جێگەی دەگرێتەوە، بەمەش هیچ ئامرازێك لە دەستی تاکی موسڵماندا نامێنێت کە بەهۆیەوە پشتیوانان بەدەست بخات.

٤-**تووشبوون بە سزای خوایی:** هەر کەسێك لێکۆڵینەوەی نەبوو، شتەکانی پشتڕاست نەکردەوە، ئەوا هەڵەکانی زۆر دەبێ، بەمەش دووچاری سزای خوا دەبێ، ئەوەی سزای خوای مەزنی تووش بێ، ئەوا دونیا و دوارۆژی لە دەستچووە، زۆر بەڕۆشنی دۆڕاوە، خوای پەروەردگار ڕاستی فەرمووە: ﴿ وَمَن يَحۡلِلۡ عَلَيۡهِ غَضَبِي فَقَدۡ هَوَىٰ ﴾ طه: ٨١. **واتە:** (بێگومان ئەوەی خەشم و قینی من دایبگرێت، ئەوە ئیتر کەوتووە و تیاچووە).

## شوێنەوارەکانی پشتڕاست نەکردنەوە لەسەر کاری موسڵمانان:

**لە شوێنەوارەکانی پشتڕاست نەکردنەوە لەسەر کاری موسڵمانان:**

١-**تێکچوون و شڵەژانی ڕیز:** پشتڕاست نەکردنەوە و لێکۆڵینەوە نەکردن دەکرێ ببێتە هۆی تێکچوونی ڕیز، بەو شێوەیەی خاوەنی کتێبی (لە سایەی سێبەری قورئاندا) سەید قوتب (ڕەحمەتی خوای لێبێت) وێنەی کردووە: "وەك بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ترسناك لە ناو سەربازگەیەك کە دڵنیابێ لە هێز و توانای خۆی، پێیەکانی چەسپاو بێ بەهۆی ئەم دڵنیاییە، لەوانەیە بەهۆی ئەن دڵنیابوونە پڕوپاگەندەی ترسناك دروست ببێ و کەم و کورتی و شڵەژان و جوڵەی وا بخاتە ناو ڕیزی لەشکرەکە، کە پێویست نەبێ بۆ خۆدوورگرتن لە سەرچاوەی ترسەکە، لەوانەشە ئەمە ببێتە هۆی تۆقین".

وەك چۆن ئەمە لە نێوان پشتیوانان لە ئەوس و خەزرەج ڕوویدا کاتێك نێوانیان پاك و تەواو بوو و یەکتریان خۆشدەویست لە پێناوی خوا، یەکێك لە

جولەکەکان ڕۆژی (بوعاس)ی خستەوە یادی ئەوان، بەمەش کێشە کۆنەکەیان نوێبووەوە، هەر یەکێکیان هاواریان کرد:

چەك چەك، ژوانتان گۆڕەپانی پاش مەدینەیە، دواتر ڕۆیشتنە دەرەوە بۆ شوێنەکە، هۆزی ئەوس لەگەڵ یەك خڕبوونەوە، هۆزی خەزرەجیش ڕۆیشتنە پاڵ یەك، بەو شێوەیە بانگیان دەکرد کە لە سەردەمی نەفامیدا دەیانکرد، ئەگەر بەزەیی و لوتفی خوا نەبووبا لەگەڵیان، هەروەها پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) دەرنەچووبا و بەخششەکانی خوای بیری ئەوان نەخستباوە و دەرینەهێنابان لە کوفر و گومڕایی بۆ ناو بازنەی ڕێنوێنی بەم قسانەی: "تخوا تخوا! لە کاتێکدا من لە ناوتاندام کەچی ئێوە بە بانگەشەی سەردەمی نەفامی بانگ دەکەن، دوای ئەوەی خوای مەزن ئێوەی ڕێنمایی کرد بەرەو ئیسلام، ئێوەی پێ ڕێزدار کردووە، ئێوەی لە نەفامی هێنایە دەرەوە و لە بێ باوەڕی ڕزگاری کردن، خۆشەویستی خستنە نێوانتانەوە، کەچی دەگەڕێنەوە بۆ کوفر کردن، ئەگەر ئەم لوتفەی خوای مەزن نەبووبا ئەوا وەك سەردەمی نەفامی دەبوونە چەندین دەستە و تاقم".

هەروەك چۆن ئەمە بەسەر بزوتنەوەی ئیسلامیدا هات لە پەنجاکاندا، کاتێك هەندێك لە ئەندامانی دەستیان کرد بەگوێ گرتن لە پڕوپاگەندەی قین لە دڵدان بێ پشتڕاست کردنەوە، ئەمەش وایکرد کەم و کورتی بکەوێتە ناو ڕیزی بزوتنەوەکە بۆ ماوەیەك، خەریك بوو ئەم بزوتنەوەیە بەر ڕەشەبا بکەوێت، ئەگەر لوتف و ڕەحمی خوا نەبووبا کە هەندێك ئەندامی دڵسۆزی بزوتنەوەکەی چەسپاو کرد.

**٢-ساردبوونەوە یان دواکەوتن لە کارکردندا:** پابەند نەبوون بە پشتڕاست کردنەوەو لێکۆڵینەوە سەردەکێشێ بۆ ساردبوونەوە یان دواکەوتن لە ئەنجامدانی کاردا، یان کارەکە دەکات بەڵام لە دوای زنجیرەیەك هەڵسوکەوتی تێکدەرانە، وەك چۆن خاوەنی کتێبی (لە سایەی سێبەری قورئاندا) ئاماژەی پێکردووە و وتویەتی: "بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ئارامی لە ناو سەربازگەیەکی ئامادە، کە

چاوکراوەیە و پێشبینی جوڵەی دوژمن دەکات، جۆرێك لە دواکەوتن و کەمتەرخەمی دروست دەکات، هەر چەندە ئەو فەرمانانەی دەردەچن سەبارەت بە چاو کراوەیی لە ئامادەسازی بۆ ڕووبوبەڕوو بوونەوەی مەترسی سەرچاوەی گرتبێت، جگەلەو هۆشیاربوونەی تەنها لە فەرمانەکانەوە هەڵقوڵاوە، لەمەشدا کەمتەرخەمی و ئینجا تیاچوون دێتە کایە".

٣-**شوێن کردنەوە لەبەردەم بانگەشەکارو سیخوڕەکان:** پابەند نەبوون بەم ڕەوشتییە ئیسلامییە وای کردووە زۆربەی ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵانەی کار بۆ ئیسلام دەکەن دزە پێکراوبن و نهێنیەکانیان ئاشکرا کراو بێ لەلایەن بانگەشەکار و سیخوڕەکانەوە، ئەمەش مەترسییەکی زۆر مەزنی تێدایە، ئەوەندە بەسە بزانین کە ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراوانە خەریکە بە هۆی ئەم سیخوڕانەوە پیلانیان بۆ داڕێژراوە، دامەزرێنەرە ڕاستەقینەکانی ئەم کۆمەڵانەش خەوتوون و بێ ئاگان لەمە.

٤-**لە دەستدانی هەندێك لایەنگر:** لەوانەیە کاری موسڵمانان هەندێك لە لایەنگران لە دەست بدەن بەهۆی لێنەکۆڵینەوە لە هەندێك لایەنگر و پشتیوان، تەنانەت دەکرێ ببنە سەرە ڕم لە دژی کاری موسڵمانان و ئەوانەش کە کار بۆ ئاینی خوا دەکەن، دوای ئەوەی پێشتر پشتیوانی بوون.

٥-**هەنگاونان لە خەیاڵەوە، نەوەك لە واقیع:** ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوە ناکەن و شتەکان پشتڕاست ناکەنەوە ئەوا شتەکان وەك خۆیان ناگوازنەوە، بەڵکو وێنەی ڕاستەقینەیان دەشێوێنن، بەم پێیە ئەگەر پلان یان پەیڕەو و یاخود بۆچوونێکی هەبوو ئەوا لە خەیاڵەوە دایڕشتەوە نەوەك لەسەر واقیع، ئەمەش هۆکاری هەرە بەرایی شکست و دۆڕانە.

٦-**بێ بەشبوون لە یارمەتی و پشتیوانی خوایی:** پابەند نەبوون بەم ڕەوشتە... مەبەستم پشتڕاستکردنەوە و لێکۆڵینەوەیە... دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی ڕق و کینە لە سینە و دڵەکاندا، سەربارى ئەو شوێنەوارانەی تر کە پێشتر باسمان کردن، ئەمەش دەبێتە هۆی بێ بەشبوون لە پاڵپشتی خوایی، چونکە یارمەتی

خوایی و ڕێنوێنیەکەی بۆ ئێمە بەندە بە چەسپاوی و بەردەوامیمان لەسەر ڕێگەی ڕاست: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ أَقۡدَامَكُمۡ ﴾ محمد: ٧. واتە: (ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، ئەگەر ئێوە پشتیوانی لە ئاینی خوا بکەن و هەوڵی سەرکەوتنی بدەن، ئەوە خوایش پشتیوانی لە ئێوە دەکات و سەرتان دەخات و پایەدارو جێگیرتان دەکات). ﴿ وَلَقَدۡ سَبَقَتۡ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿١٧١﴾ إِنَّهُمۡ لَهُمُ ٱلۡمَنصُورُونَ ﴿١٧٢﴾ وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ ﴿١٧٣﴾ ﴾ الصافات: ١٧١ - ١٧٣. واتە: (سوێند بەخوا بێگومان بڕیاری ئێمە بۆ بەندە فرستادە و پێغەمبەرەکانمان "هەر زوو دەرچووە". کە: بە دڵنیایی، هەر ئەوان سەرکەوتوو سەرفەراز دەبن. سەربازە ئیماندارەکانیشمان هەر دەسەڵات دەگرنە دەست و زاڵ دەبن)

## پێنجەم: چارەسەری پشتڕاست نەکردنەوە و لێنەکۆڵینەوە:

مادەم هەڵوەستەمان کرد لەسەر ڕەهەند و نیشانەکانی پشتڕاست نەکردنەوە و لێنەکۆڵینەوە، بەو شێوەیەی کە خستمانەڕوو، بەم پێیە دەزانین ڕێگە چارەی خۆ ڕزگارکردن لەم دەردە خۆی دەبینێتەوە لەم ئامراز و ڕێ و شوێنانەی خوارەوە:

**١-بەهێزکردنی خەسڵەتی لەخواترسان و هەستکردن بە چاودێری کردنی خوا:** ئەگەر ئەمە لە ناخدا چەسپا، ئەوا خاوەنەکەی هاندەدات لەسەر بەویژدان بوون و لەسەرخۆ بوون، هەروەها گواستنەوەی ڕاستی وەك خۆی بێ زیاد و کەم، تەنانەت دەبێتە هۆکارێکی دڵ ڕووناك بوون، بەرچاوڕوونی وەك خوای پاك و بەرز دەفەرمووێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانًا ﴾ الأنفال: ٢٩. واتە: (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە: ئەگەر تەقوای خوا بکەن و پارێزکاری بکەن، ئەوە خوا بەرچاو ڕۆشنییەکی تەواوتان بۆ فەراهەم دەهێنێت "کە بتوانن حەق و ناحەقی بەئاسانی لە یەك پێ جیا بکەنەوە"). ئەم شێوازی چارەسەرکردنە لەم فەرمایشتەی

پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) هەستی پێدەکرێ: (لەسەرخۆیی لە خوای بە بەزەییەوەیە، پەلەش لە شەیتانەوەیە)[1].

**٢-خستنەوەیادی لێپرسینەوە لەبەردەم خوای مەزن بۆ سزا و پاداشت:**

﴿ وَقِفُوهُمْ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴾ الصافات: ٢٤. **واتە:** (لەکاتی ڕاپێچ کردنیاندا فەرمان دەدرێت: ئادەی بیانوەستێنن، بێگومان ئەوان پرسیار لێکراون). ﴿ فَوَرَبِّكَ لَنَسْـَٔلَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٩٢﴾ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٣﴾ ﴾ الحجر: ٩٢، ٩٣. **واتە:** (بێگومان ئەوان پرسیار لێکراون، لەو کار و کردەوانەی کە دەیانکرد). ﴿ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۚ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُو۟لَـٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا ﴾ الإسراء: ٣٦. **واتە:** ("ئەی ئینسان" لە شتێك مەدوێ و شوێنی شتێك مەکەوە کە زانست و زانیاریت دەربارەی نییە، چونکە بەڕاستی دەزگاکانی بیستن و بینین و تێگەیشتن هەر هەمووی، بەرپرسیارە لە بەرامبەریەوە). ﴿ إِنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٌ أَكَادُ أُخْفِيهَا لِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا تَسْعَىٰ ﴾ طه: ١٥. **واتە:** (بێگومان ڕۆژی قیامەت بەڕێوەیە و هەر دێت، نزیکە بیشارمەوە، بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بە گوێرەی کار و کردەوە و هەوڵ و کۆششی پاداشت بدرێتەوە).

**ئەگەر ئەمە لە ناخدا ڕەگی داکوتا و لەگەڵ دڵ ئاوێتە بوو، ئەوا بێگومان خاوەنەکەی بەرەو لەسەر خۆیی و ئارامی دەبات.**

**٣-ژیان لەگەڵ قورئان و سوننەت، لە میانەی ئەو دەقانەی پەیوەستن بە پرسی پشتڕاست کردنەوە و لێکۆڵینەوە، هەروەك لە ئایەتەکانی سوڕەتی نیسائدا هاتووە:** ﴿ وَإِذَا جَآءَهُمْ أَمْرٌ مِّنَ ٱلْأَمْنِ أَوِ ٱلْخَوْفِ أَذَاعُوا۟ بِهِۦ ﴾ النساء: ٨٣. **واتە:** ("لێرەدا خوا ڕەخنە دەگرێت لە هەندێك ئیمانداران": هەر کاتێك هەواڵێکیان بۆ بێت دەربارەی ئاسایش و هێمنایەتی، یاخود ترس و بیم، بڵاوی دەکەنەوە). **هەروەها**

---

(١) بەیهەقی گێڕاویەتیەوە: شعب الايمان ٤/ ٨٩، بە ژمارە ٤٣٦٧. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

**ئایەتەكانی ئیفك لە سوڕەتی نووردا، هەروەها ئایەتەكانی سوڕەتی حوجوڕات:**
﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ ﴾ الحجرات: ٦. **واتە:** (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر كەسێكی متمانە پێ نەكراو هەواڵێكی گرنگی بۆ هێنان" خێرا بڕوای پێ مەكەن، بەڵكو سەرنج بدەن، لێی بكوڵنەوە تا بۆتان ڕوون دەبێتەوە).

**هەروەها ئایەتەكانی سوڕەتی (ساد) كە باسی داود و دوو دژەكە دەكات:** ﴿ وَهَلۡ أَتَىٰكَ نَبَؤُاْ ٱلۡخَصۡمِ إِذۡ تَسَوَّرُواْ ٱلۡمِحۡرَابَ ﴾ ص: ٢١. **واتە:** (ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئایا هەواڵی ئەوانەت پێنەگەیشتووە كە كێشەیەكیان هەبوو، بە دیوارا سەركەوتن و خۆیان گەیاندە میحرابەكەی!). **هەروەها ئایەتەكانی سوڕەتی "نەمل" بەسەرهاتی سولەیمان لەگەڵ پەپوسولەیمان، كە سولەیمان پێی فەرمووو:** ﴿ قَالَ سَنَنظُرُ أَصَدَقۡتَ أَمۡ كُنتَ مِنَ ٱلۡكَـٰذِبِينَ ﴾ النمل: ٢٧. **واتە:** (سولەیمان وتی بە پەپوو: ئێمە لەمەودوا لەو گوفتارەی تۆ دەكۆڵینەوە، تا بزانین ڕاست دەكەیت یان لە ڕیزی درۆزنانیت).

**هەموو ئەم دەقانە بانگەوازی دەكەن بۆ پەروەردە و گەشەپێدانی خەسڵەتی پشتڕاست كردنەوەو لێكۆڵینەوە لە دەروونداا.**

**٤-بەردەوام خوێندنەوە و وردبوونەوە لە ژیاننامە و هەواڵی پێشینان"**

**چونكە پڕیەتی لە نموونەی زیندوو، كە ئەم پشتڕاستكردنەوەیەی بەرجەستە كردووە و وەك دیمەنێك دەیخاتە بەرچاومان، بۆ نموونە چیرۆكی عومەری كوڕی خەتتاب لەگەڵ سەعیدی كوڕی عامری جەمحی كە كاربەدەستی حیمس بوو، خوای گەورە وای ڕێكخست عومەر بڕواتە ئەم شارۆچكەیە و لەبارەی كاربەدەستەكەیانەوە پرسیار لە خەڵكەكەی بكات؟ ئەوانیش سكاڵایان لێكرد، ئەو كات بە خەڵكی حیمسیان دەوت: كوفەی بچوك، بەهۆی سكاڵاكردنیان لە كاربەدەستانیان، جا خەڵكەكە وتیان:**

**لە چوار شتدا ڕەخنەمان لێی هەیە، تا خۆر تەواو بەرز نەبێتەوە دەرناكەوێت بۆ لامان، عومەر وتی: باشە ئەمە گەورەیە، چیتر؟ وتیان: وەڵامی هیچ كەسێك**

ناداتەوە بە شەو، عومەر وتی: بەڕاستی ئەمەش کارێکی مەزنە، چیتر؟ ڕۆژێك لە مانگدا هەیە نایەتە دەرەوە بۆ لامان، عومەر وتی: بەڕاستی ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە، چیتر؟ وتیان: لە ناو خەڵکدا لە هۆش خۆی دەچێت.

عومەر مەسەلەکەی یەکلا نەکردەوە تا کاربەدەستەکەی لەگەڵ ئەوان بەیەکەوە کۆنەکردەوە و نزاشی کرد و وتی: (خوایەگیان؛ ڕاو بۆچوونەکەم بە هەلەدا نەچێ لە بارەیەوە)، عومەر گومانی باشی پێدەبرد.

دادگایی کردنەکە دەستی پێکرد، لەبەردەم کاربەدەستەکە عومەر بە خەڵکەکەی وت: چ ڕەخنەیەکتان لەوە هەیە؟ وتیان: تا خۆر تەواو بەرز نەبێتەوە نایەتە دەرەوە بۆ لامان، عومەر وتی: تۆ چی دەڵێی؟ کاربەدەستەکە وتی: سوێند بە خوا پێم ناخۆشە کە باسی بکەم، بەڵام ناچارم، من خزمەتکارم نییە، بۆیە بەخۆم هەویر دەکەم و دادەنیشم تا ترش دەبێت، ئینجا نان دەپێژم، پاشان دەستنوێژ دەشۆمەوە و دەچمە دەرەوە بۆ لایان.

عومەر وتی: چ ڕەخنەیەکی ترتان لێ هەیە؟ وتیان: بە شەو وەڵامی هیچ کەسێك ناداتەوە، عومەر وتی: تۆ چی دەڵێی لەم بارەوە، کاردەبەستەکە وتی: هەرچەندە پێم ناخۆشە ئەمەش باس بکەم، من ڕۆژم بۆ ئەوان داناوە و شەویشم بۆ خوای مەزن تەرخان کردووە.

عومەر وتی: چ ڕەخنەیەکی ترتان لێ هەیە؟ وتیان: ڕۆژێك لە مانگێکدا لە ماڵەوە نایەتە دەرەوە؟ عومەر وتی: لە وەڵامدا چی دەڵێی؟ کاربەدەستەکە وتی: من خزمەتکارم نییە تا جلەکانم بۆ بشوات، هەروەها جلی تریشم نییە لە جیاتی ئەو لەبەری بکەم، بۆیە ناچارم ڕابوەستم تا جلەکانم لە کۆتایی ڕۆژدا وشك دەبنەوە.

عومەر وتی: چ ڕەخنەیەکی ترتان لێ هەیە؟ وتیان: لە ناکاو لە نێو خەڵکدا لە هۆش خۆی دەچێت؟ عومەر وتی: تۆ چی دەڵێی لەم بارەوە؟ کاربەدەستەکە وتی: من ئامادەبووم کاتێك خوبەیبی ئەنساڕی لە مەککە کوژرا، قوڕیش هەندێك گۆشتیان لە لاشەی ئەو کردبووەوە، دواتر بە قەدی دارێکیان هەڵواسی، پێیان وت:

پێت خۆشە محەممەد لە شوێنی خۆت بێت؟ خوبەیب وتی: سوێند بەخوا پێم خۆش نییە من لە ناو ماڵ و منداڵی خۆمدا بم و محەممەدیش (صلی الله علیه وسلم) یەك درکی بە جەستەیدا بچێت، ئینجا هاواری کرد و وتی: ئەی محەممەد، جا کاتێك ئەم ڕۆژەم بیر دەکەوێتەوە کە سەرم نەخست، چونکە هێشتا بێ باوەڕ بووم و بڕوام بە خوای مەزن نەبوو، بەهۆی ئەمەوە گومانم وایە خوای گەورە لە تاوانی من خۆش نابێت بەهۆی ئەم گوناهەوە کە پشتگیریم نەکرد، بەم هۆیەوە تووشی لە هۆش خۆچوون دەبم.

دوای ئەوەی بێ تاوانی ئەو دەرکەوت لەبەردەم خەڵکەکە، عومەر وتی: سوپاس بۆ خوا کە بۆچوونی منی بە هەڵە دانەنا لەبارەیەوە، ئینجا هەزار دیناری بۆ نارد و پێی وت: پشتی پێ ببەستە لە کارو بارەکەتدا، کاربەدەستەکە پارەکەی دابەشکرد.

هەروەها بەسەرهاتی باوکی قاسمی کوڕی مەسلمە، کە یەکێك بوو لە وەزیرەکانی نەوەی عەبباس، لەگەڵ جولەکە خەیبەرییەکان لە سەدەی پێنجەمی کۆچی، ئەم جولەکانە نووسراوێکیان بۆ وەزیری ناوبراو بەرز کردەوە، بەو گومانەی ئەم نووسراوە سەرانەیان لەسەر لادەبات، وەزیر ڕاستەوخۆ بڕیاری نەدا بەپەلە و بێ لێکۆڵینەوە، بەڵکو باسەکەی گێڕاندەوە بۆ پسپۆڕەکان، نووسراوەکەی ڕادەستی حافزی خەتیبی بەغدادی کرد، کە لە ساڵی ٤٦٣ کۆچی مردووە، شێخی زانایانی بەغداد بووە، مێژوونووس و فەرموودەناسی ئەو شارە بووە لەو سەردەمدا، ناوبراو سەیری نووسراوەکەی کرد و وتی: ئەمە درۆیە، وەزیر لێی پرسی بەڵگە چییە لەسەر ئەوەی ئەمە درۆیە؟ خەتیبی بەغدادی وتی: لەبەر ئەوەی شایەتیدانی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیانی تێدایە، کەچی معاویە لە جەنگی خەیبەردا موسڵمان نەببوو، جەنگی خەیبەر لە ساڵی ٧ کۆچی بوو، معاویەش لە ڕۆژی ڕزگارکردنی مەککەدا موسڵمان بوو، هەروەها شایەتیدانی سەعدی کوڕی موعازی تێدایە کە پێش جەنگی خەیبەر و لە ساڵی جەنگی خەندەقدا کۆچی

دوایی کرد، لە ساڵی ٥ کۆچی، خەڵکەکە سەریان سوڕما، بەمەش وەزیری ناوبراو چیتر کاری بەو نووسراوەی جولەکەکان نەکرد.

پێت وایە ئەگەر وەزیرەکە پەلەی کردبا و ئەوەی لە نووسراوەکەدایە زوو جێبەجێی بکردبا بێ گەڕانەوە بۆ کەسانی پسپۆر دەرەنجامەکە چی دەبوو؟ دەرەنجامەکە پەکخستنی دەقێکی ڕاشکاوی قورئانی پیرۆز دەبوو بەبێ بەڵگە و پاساو، خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿ قَـٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَـٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَـٰغِرُونَ ﴾ التوبة: ٢٩. **واتە:** ("ئەی ئیمانداران" دژی ئەوانەی کە باوەڕی "ڕاست و دروستیان" بەخوا و بەڕۆژی قیامەت نییە و ئەو شتانەی خوا و پێغەمبەرەکەی بەحەرامیان داناوە بەحەرامی نازانن و پەیڕەوی دینی حەق نابن، لەوانەی کە کتێبیان پێدراوە لە "گاور و جوو" بجەنگن، هەتا ئەو کاتەی بەناچاری باج پێشکەش بەدەوڵەتی ئیسلام دەکەن، "لە جیاتی ئەوەی کە گیان و ماڵ و سامانیان پارێزراوە و بەشداری جەنگ ناکەن").

٥-پەروەردەکردن لەسەر ئەمە، لە میانەی ڕووداو و پێشهاتەکان، هەروەك چۆن لە چیرۆکی ئوسامەی کوڕی زەیدا هاتووە لەگەڵ "جهنی" لە سوڕەتی (النساء)، هەروەها لەم ڕووداوانەش: ڕووداوی "ئیفك" لە سوڕەتی نووردا، بەسەرهاتی داود لەگەڵ دوو دژەکە لە سوڕەتی نەملدا، بەسەرهاتی وەلیدی کوڕی عەقەبە لەگەڵ هۆزی موستەڵەق لە سوڕەتی "حجرات". ئەم جۆرە لە پەروەردە لە ناخدا دەچەسپێ و لە بیر ناکرێ بەهۆی بەسترانەوەی بە ڕووداو یان چیرۆکەکە.

٦-هێنانەوە یادی یاسا و مەشخەڵ و ڕێگەکانی پشتڕاست کردنەوە، چونکە مرۆڤ لەسەر لەبیرکردن ڕاهاتووە، چارەسەری ئەم لە بیرچوونەش بەردەوام یادخستنەوەیە: ﴿ وَذَكِّرۡ فَإِنَّ ٱلذِّكۡرَىٰ تَنفَعُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾ الذاريات: ٥٥. **واتە:** (بەڵکو تۆ هەمیشە ئامۆژگاریان بکە، چونکە بەڕاستی ئامۆژگاری سوود بەئیمانداران دەگەیەنێت).

﴿ فَذَكِّرۡ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكۡرَىٰ ﴾ الأعلى: ٩. واتە: (کەواتە تۆ ئیتر لەسەر یادخستنەوە و یاداوەری ئەو کەسانە بەردەوام بە کە سوودیان وەرگرتووە و ئامادەن زیاتر تێبگەن).

٧-پێشبینی و ئەندازەگیری کردن بۆ ئەو ئاکامانەی پەیدادەبن بەهۆی فەرامۆشکردنی پشتڕاست کردنەوە لە دونیا و دوارۆژدا، ئەمە وا دەکات مرۆڤ لە ناخیدا زیندوو ببێتەوە و هێمن و لەسەرخۆ بێ.

٨-ژیان بەسەربردن لەگەڵ ئەو کەسانەی ناوبانگیان دەرکردووە بە ڕەوشتی لێکۆڵینەوە و پشتڕاست کردنەوە، ئەمە زۆر سوود بە مرۆڤ دەگەیەنێ و وادەکات چاو لەوان بکاتەوە و لەسەر ڕێگەی ئەوان بڕوات، بەمەش هەنگاوەکان سەلامەت و هەڵەکان کەم دەبن.

٩-دانایی لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ خەڵکدا، با ڕووکەش و ڕووخسار و وێنە هەڵمان نەخەڵەتێنێ، زۆریش زیادەڕەوی نەکەین لە لێکۆڵینەوە لە ناخ و لایەنە شاراوەکانی سینە، با لێبگەڕێین واقیع چۆنیەتی و شێوازی هەڵسوکەوت کردن دیاری بکات.

١٠-هەوڵدان بۆ سوود وەرگرتن لە پەیڕەوەکانی خەڵکی سەر زەوی سەبارەت بەم ڕەوشتە... مەبەستم پشتڕاست کردنەوە و لێکۆڵینەوەیە، بەو مەرجەی تێکنەگیرێ لەگەڵ ئیسلام، ئەوانە زەخیرەی وایان لایە ئەگەر بتوانرێ بقۆزرێتەوە و بە ئاڕاستەیەکی سەلامەت ئاڕاستە بکرێ ئەوا بە چاکە بەسەر ئیسلام و موسڵماناندا دەگەڕێتەوە.

١١-موسڵمان خۆی دابنێتە شوێنی ئەو کەسەی ڕێ و شوێنی پشتڕاست کردنەوە و لێکۆڵینەوە ناگرێتەبەر، ئەمە وا دەکات هەنگاوەکانی هەموار بکاتەوە و ڕاستەڕێیان بکات، چونکە ئەوەی بۆ خۆی نەیەوێ ئەوا بۆ جگەلە خۆشی نایەوێ.

١٢-خۆ ڕاهێنان لەسەر گومانی باشبردن بە موسڵمانان، مەگەر شتێکیان لێ ببینرێ کە جگەلەمە پێویست بکات: ﴿ لَّوۡلَآ إِذۡ سَمِعۡتُمُوهُ ظَنَّ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بِأَنفُسِهِمۡ

خَيۡرٗا ﴾ النور: ١٢. واتە: (دەبوا هەر كە ئەو بوختانەتان بیست ئیمانداران لە پیاوان و لە ئافرەتان گومانی چاكیان بە خۆیان ببوایە).

# دەردی چــــواردەم

## کەم تەرخەم بوون

## لەبەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەوو ڕۆژ

دەردی چواردەم کە زۆرێك بانگخوازان تووشی دێن، بریتییە لە (کەمتەرخەمبوون لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ). جا بۆ ئەوەی تووشبووان لێی ڕزگاربن، ئەوانەش کە خودای مەزن پاراستوونی خۆیان لێی دووربگرن، ئەوا دەبێ تێڕوانینێك بخەینەڕوو کە ڕەهەند و مەشخەڵەکانی ئەم دەردە دەربخات، ئەمەش بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

## یەکەم: واتای کەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ:

**لە زمانەوانیدا:** "التفریط" لە زمانەوانیدا: بریتییە لە کەمتەرخەمی نواندن لە کاردا و فەرامۆشکردنی تا لەدەست دەچێت، لە فەرهەنگی "لسان العرب"دا هاتووە: (وفرط في الامر یفرط فرطا، کەمتەرخەم بوو لە کارەکەدا و فەرامۆشی کرد تا لە دەستیچوو)[1]، (فرط في الشئ) بەفیڕۆی دا و لەکیسی چوو و بە دەستەوەسانی تێیدا دەستپێشخەری کرد، لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە: ﴿ أَن تَقُولَ نَفۡسٞ يَٰحَسۡرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنۢبِ ٱللَّهِ ﴾ الزمر: ٥٦. واتە: بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگارتان و خۆتان ڕادەستی فەرمانەکانی ئەو بکەن، نەوەك پەشیمان ببنەوە لە دەرەنجامی کەمتەرخەمی نواندن لە بەجێگەیاندنی فەرمانەکانی خوای مەزن.

کارەکانی شەو و ڕۆژ لە زمانەوانیدا: واتە: ئەو ئەرکانەی لەسەر بەندە پێویستە بەجێیان بگەیەنێت، گشتگیرترە لەوەی تەنها دونیایی یان دواڕۆژی بێت. کەواتە کەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژلە زمانەوانیدا بریتییە لە: کەمتەرخەمی یان فەرامۆشکردنی ئەرك و کارەکانی سەر شان، کە پێویستە

---

(١) لسان العرب: ٧/ ٣٦٨، خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

لەسەر مرۆڤ بەجێیان بگەیەنێت و بەردەوام بێت لەسەریان، حا چ دونیایی یان دوارۆژی بن، تا کارەکە لە دەستدەچێت و تێدەپەڕێت.

**کەمتەرخەم بوون لە ئەرکەکانی شەو و ڕۆژدا لە زاراوەدا:** واتای ئەمە لە زاراوەی زانایان و بانگخوازاندا بریتییە لە: کەمتەرخەمی یان لە دەستدان و بەفیڕۆدانی ئەرکە پەرستشییەکان، کە پێویستە موسڵمان بەردەوام بێت لەسەریان و بیانپارێزێ لە شەو و ڕۆژدا تا کاتەکەی تێپەڕ دەبێت، وەك: نووستن لە جیاتی ئەنجامدانی نوێژی پێویستکراو، فەرامۆش کردنی نوێژە سوننەتەکانی پێش و پاش نوێژە پێویستەکان، فەرامۆشکردنی شەونوێژ، نوێژی تەراویح، نوێژی چێشتەنگاو، نەخوێندنی نزای قورئانی، زیکرەکان، پاڕانەوە، لێپێچینەوە نەکردن لەگەڵ دەروون، تۆبە نەکردن، داوای لێخۆشبوون نەکردن لە خوا، دواکەوتن لە ڕۆیشتن بۆ مزگەوت، ئامادەنەبوون لە نوێژی بە کۆمەڵ بێ پاساو و بیانو، ئەنجام نەدانی کارە چاکەکانی دیکە، پشتگوێخستنی هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان لە: سەردانکردنی نەخۆش، بەخاك سپاردنی مردوو، باس و خواس پرسین لەوەی لە ناو خەڵکدا هەیە، بەشدار نەبوون لەگەڵیان لە خۆشی و ناخۆشیدا.... جگەلەمانەش لە کارە چاك و خواپەرستییەکان.

## دووەم: هۆکارەکانی کەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ:

**کەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ چەند هۆکار و پاڵنەرێکی هەیە، کە بەهۆیەوە مرۆڤ تووشی دێت، لەوانە:**

**١-خۆپیسکردن بە گوناه و تاوان:**

بەوەی موسڵمان خۆی دوور نەگرێ و بە پارێز نەبێ لە گوناه، بەتایبەت گوناهە بچوکەکان، کە زۆرێك لە خەڵك بە بچوك و سوك بۆیان دەڕوانن و

بایەخیان پێنادەن، ئەو کاتەش دەبێ سزایەك هەبێ، سزاش بە چەندین شێوە دەبێ، یەکێکیان بە کەمتەرخەم بوون دەبێ لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ، خوای مەزن ڕاستی فەرمووە: ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٍ ﴿٣٠﴾ ﴾ الشورى: ٣٠. واتە: (هەر بەڵاو نەهامەتیەکتان بەسەر بێت، ئەوە دەرئەنجامی کار و کردەوەی خۆتانە بەڵام "ئەوەندە خوایەکی میهرەبانە" لە زۆربەی زۆری گوناهو هەڵەکانتان خۆش دەبێت).

لە حەسەنی بەسرییەوە بە زنجیرەیەکی پچڕاو هاتووە، وتویەتی: کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٍ ﴿٣٠﴾ ﴾ الشورى: ٣٠. پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (سوێند بەوەی گیانی محەممەدی بەدەستە، هەر ڕوشانێکی برین یان سڕبوونی دەمارێك یاخود بەرپێ کەوتنی بەردێك و پێ هەڵنگوتنێك بەهۆی تاوانەوەیە، ئەوەش کە خوای مەزن لێی خۆش دەبێت زۆر زیاترە)، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (بەندە تووشی هەر ناخۆشیەك زیاتر یان کەمتر ببێ، ئەوا بەهۆی گوناهێکەوەیە، ئەوەش کە خوای مەزن لێی خۆشدەبێ، زۆر زیاترە، ئینجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە:﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ ﴾)[1].

پێشینان چاك لەم هۆکارە گەیشتوون، زانیویانە چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ، زۆریش هۆشداریان لەم بارەیەوە داوە: ئەمە زوحاکە دەڵێت: نەمانزایوە کەسێك قورئانی لەبەرکردبێ و لەبیری چووبێتەوە، مەگەر بە گوناه نەبێ، دواتر ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٍ ﴾، ئینجا زوحاك وتی: جا چ کارەساتێك گەورەترە لە لەبیرچوونەوەی قورئان.

---

([1]) سنن الترمذی: ٥/ ٣٧٧، ٣٢٥٢، خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

پیاوێك پرسیار لە حەسەن دەكات و پێی دەڵێت: (ئەی باوكی سەعید تەندروستیم باشە، حەزم لە شەونوێژە، دەستنوێژیش دەگرمەوە، بەڵام بۆچی لە خەو هەڵناستەوە؟ حەسەن وتی: گوناهەكانت تۆیان بەستوەتەوە).

سەوری دەڵێت: (بەهۆی یەك گوناهەوە پێنج مانگ بێ بەشبووم لە شەونوێژ، وترا: ئەو گوناهە چ بوو؟ سەوری وتی: بینیم پیاوێك دەگریت، لە ناخمدا وتم ئەمە: ڕووپامایی و خۆنواندنە).

كرزی كوڕی وەبرە دەگریا، لەو كاتەدا هەندێك كەس هاتنە لای و پێیان وت: هەواڵی مردنی یەكێك لە خێزانەكەتت پێگەیشتووە، كرزی وتی: خراپتر لەوە، پێیان وت: بەهۆی ئازارێكەوەیە، وتی: سەختتر لەوە، پێیان وت: جا ئەمە چییە؟ وتی: دەرگام داخراوە، پەردەم دادراوەتەوە، دوێنێ بەشە قورئانەكەی خۆم نەخوێندووە، ئەمەش هەر بەهۆی گوناهێكەوەیە كە كردوومە.

باوكی سولەیمانی دارانی دەڵێت: (هەر كەسێك نوێژی بە كۆمەڵ بدۆڕێنێ ئەوا بەهۆی گوناهێكەوەیە كە كردوویەتی)، ئا ئەمە پیاوچاكێكە دەڵێت: (ئای چەند زۆر خۆراردن هەیە شەونوێژی قەدەغە كردووە، چەند ڕوانینێك ڕێگربووە لە خوێندنەوەی سوڕەتێك، بەندە خواردن دەخوات یان كارێك دەكات بەهۆیەوە یەك ساڵ لە شەونوێژكردن بێ بەش دەبێ، هەروەك چۆن نوێژ ڕێگرە لەوەی مرۆڤ تووشی داوێن پیسی و كاری خراپە ببێ، ئەوا كاری خراپە و تاوان ڕێگرن لە نوێژو سەرجەم چاكەكان).

زانای لەبەركار ئیبن قەییم ڕوونی كردۆتەوە كە چۆن ئەم هۆكارە دەبێتە هۆی كەمتەرخەمی، جا وتویەتی: (یەكێك لە شوێنەوارەكانی گوناه بێ بەشبوونە لە خواپەرستی، ئەگەر گوناه هیچ سزایەكی نەبووبا جگەلەوەی ڕێگر بێ لە خواپەرستی و ببێتە جێگرەوەی پەرستش و ڕێگەی پەرستشێكی تر بپچڕێنێ، ئینجا ڕێگەی خێری سێیەم و چوارەم و تا كۆتایی دەگرێت، بەمەش بە گوناه بێ بەش دەبێ لە چەندین پەرستشی زۆر كە هەر یەكێكیان بۆی باشترە لە دونیا،

ئەمە وەك كەسێكە زۆری خواردبێ و بەهۆیەوە تووشی نەخۆشییەكی درێژ خایەن بووە و بەمەش بێ بەش بووە لە چەندین پاروی چاك و باش، خوای مەزن یارمەتیدەرە).

## ٢-فراوانكاری لە ڕێپێدراوەكاندا:

لەوانەیە فراوانكاری لە ڕێپێدراوەكاندا، وەك خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ و پێڕۆ و جگەلەمانەش، هۆكارە بۆ كەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەركەكانی شەو و ڕۆژ، چونكە فراوانكاری دەبێتە هۆی پاڵدانەوە و خەوتن و زۆر حەسانەوە، ئەمەش دەكرێ ببێتە هۆی ئەم كەمتەرخەم بوونە، پێشتر ئەوەمان ڕوون كردۆتەوە بە تێروتەسەلی لە كاتی قسەكردن لەسەر دەردی زیادەڕەوی، ئەم وتەیەی غەزالی بەسە بۆمان، كە دەڵێت: (نەكەن زۆر بخۆن و بخۆنەوە، زۆر پاڵبدنەوە، ئینجا لە كاتی سەرمەرگدا زۆر ئاخ بكێشن).

## ٣-پەیی نەبردن بە بەهای نازو نیعمەتەكان و ڕێگەی بەردەوام بوونی:

لەوانەیە پەیی نەبردن بە بەها و نرخی نازو نیعمەت و ڕێگەكانی بەردەوام بوونی هۆكارێك بێت لە كەمتەرخەم بوون لە ئەركەكانی شەو و ڕۆژدا، چونكە ئەوەی پەیی نەبات بە نازو نیعمەتە شاراوە و دیار و زانراو و نەزانراوەكانی خوا لەسەر بەندەكانی كە نایەنە ژمار: ﴿وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآ﴾ ابراهیم: ٣٤. واتە: (خۆ ئەگەر نازو نیعمەت و بەخششەكانی خوا ژمار بكەن، ناتوانن بژمێرن). ﴿وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗ﴾ لقمان: ٢٠. واتە: (بە فراوانی نازو نیعمەتی ئاشكرا و ڕوونی بەسەردا ڕژاندوون). هەروەها ئەوەی بی ئاگابێ لەوەی بەردەوام بوونی ئەم نازو نیعمەتانە بە سوپاسگوزاری دەبێ: ﴿لَئِن شَكَرۡتُمۡ لَأَزِيدَنَّكُمۡ﴾ إبراهیم: ٧. واتە: (ئەگەر سوپاسگوزار و شوكرانەبژێر بن، ڕزق و ڕۆزی و ناز و نیعمەتتان بەسەردا

دەڕژێنم و زیادی دەکەم). لە سوپاسگوزاریەوە بەردەوام بوونە لەسەر بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ لە خواپەرستی، جا ئەوەی پەیی بە هەموو ئەمانەدا نەبات و لێ بێ ئاگابێ، ئەوا بێگومان دەکەوێتە ناو کەمتەرخەم بوون لە ئەرکەکانیدا، خوای مەزن ڕاستی فەرمووە: ﴿ فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ وَٱشۡكُرُواْ لِي وَلَا تَكۡفُرُونِ ١٥٢ ﴾ البقرة: ١٥٢. واتە: (ئەی ئیمانداران ئەگەر یادی من بکەن، منیش یادی ئێوە دەکەم و سوپاسگوزاری من بن و بەدنمەك مەبن و سپڵەیی بەرامبەرم مەکەن).

حەسەنی بەسرِی و ئەبو عالیە و سودی و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس وتویانە: (خوای مەزن یادی ئەو کەسە دەکات، کە یادی خوای گەورە دەکاتەوە، زیادە چاکەی لەگەڵدا دەکات کاتێك سوپاسگوزاری پەروەردگاری دەکات، ئەوەش سزا دەدات کە سپڵە و بەدنمەکە).

حەسەنی بەسرِی لەبارەی ئەم فەرمایشتەوە: ﴿ فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ ﴾ دەڵێت: واتە: (یادی ئەوە بکەنەوە کە بۆ ئێوە لەسەر خۆم پێویست کردووە).

سەعیدی کوڕی جوبەیر وتویەتی: مەبەست لەم ئایەتە ئەوەیە: خوای مەزن دەفەرمووێك (بە گوێڕایەڵی کردن بۆ من یادم بکەنەوە، بە لێخۆشبوونی خۆم یادتان دەکەمەوە) لە گێڕانەوەیەکی تردا: (بە ڕەحمەتی خۆم یادتان دەکەمەوە).

## ٤ -بێ ئاگابوون لە پێداویستییەکانی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ:

لەوانەیە بێ ئاگابوون لە پێداویستییەکانی ئەنجامدانی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ هۆکاری کەمتەرخەمی بێ، چونکە ئەوەی بێ ئاگابێ لەوەی بە توانا و هێزی خۆی لاوازە و بە توانا و وزەی خوا بەهێزە، پشتیوانی خوا پێویستە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێ لە گێڕانی ڕۆڵی خۆی و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەی لەسەر ئەم زەویە، هەروەها بەردەوام بوون لەسەر خواپەرستییەکانی شەو و ڕۆژ ئەم یارمەتی و پشتیوانییە فەراهەم دەکات: ﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ

ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٦٩﴾ ﴾ العنكبوت: ٦٩. **واتە:** (ئەوانەش لە پێناوی ئێمەدا بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی ئێمە، هەوڵ و کۆششیان کردووە و خۆیان ماندوو کردووە، سوێند بەخوا بەڕاستی ئەوانە ڕێنموویی دەکەین بۆ ڕێگەیەکی چاك و دروستی خۆمان، بێگومان خوای پەروەردگار هەمیشە لەگەڵ چاکەکارانە).

﴿ وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيۡرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقۡوَىٰ ﴾ البقرة: ١٩٧. **واتە:** (بەردەوام هەوڵ بدەن کە زەخیرە و توێشوو ئامادە بکەن، بێگومان چاکترین زەخیرەش تەقوا و پارێزکارییە). ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُزَّمِّلُ ﴿١﴾ قُمِ ٱلَّيۡلَ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٢﴾ نِّصۡفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصۡ مِنۡهُ قَلِيلًا ﴿٣﴾ أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا ﴿٤﴾ إِنَّا سَنُلۡقِي عَلَيۡكَ قَوۡلٗا ثَقِيلًا ﴿٥﴾ إِنَّ نَاشِئَةَ ٱلَّيۡلِ هِيَ أَشَدُّ وَطۡـٔٗا وَأَقۡوَمُ قِيلًا ﴿٦﴾ إِنَّ لَكَ فِي ٱلنَّهَارِ سَبۡحٗا طَوِيلٗا ﴿٧﴾ ﴾ المزمل: ١ – ٧. **واتە:** (ئەی ئەو کەسەی خۆت داپۆشیووە، ئەی **محەممەد** (صلى الله عليه وسلم)، شەو هەستە نوێژ بکە مەگەر کەمێکی نەبێت. نیوەی یان کەمتر لە نیوەی لێ کەم بکەرەوە. یاخود زیاتری بکە و دەوری قورئان بکەرەوە بە وردی و لەسەرخۆ. چونکە بەڕاستی ئێمەن فەرمووده و گوفتارێکی سەنگین دادەبەزێنینە سەرت. بەڕاستی خۆ پێگەیاندن لە شەودا قورسترە لە ڕووی کردار و باشترە لە ڕووی گوفتارەوە. تۆ بوّت هەیە لە ڕۆژدا هەوڵ بدەیت "بانگەواز بکەیت" و بگەڕێیت، کۆششی زۆر بکەیت).

**(بەندەی من بەردەوام بەهۆی ئەنجامدانی سوننەتەکانەوە لێم نزیك دەکەوێتەوە تاکو خۆشمدەوێت، جا ئەگەر خۆشم ویست، دەبمە ئەو گوێیەی کە پێی دەبیستێ و ئەو چاوەی کە پێی دەبینێ و ئەو دەستەی کە شتی پێ دەگرێت و ئەو لاقەی کە پێی دەڕوات و هاتوچۆی پێ دەکات، ئەگەر داوام لێ بکات پێی دەبەخشم، کە پەنام پێبگرێ پەنای دەدەم)**[1].

---

([1]) بوخاری گێڕاویەتیەوە. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

تەنانەت خواپەرستی هۆکاری ئارامی دڵ و ئاسودەیی دەروونە: ﴿ لَّقَدْ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ﴾ الفتح: ١٨. واتە: (سوێند بەخوا بەڕاستی خوا ڕازیی بووە لەو باوەڕدارانەی کاتێك پەیمانیان لەگەڵدا بەستیت لە ژێر درەختەکەدا خوا خۆیشی ئاگادار بوو بەوەی لە دڵەکانیاندا هەیە "لە نیاز پاکی و دڵسۆزی" هەر بۆیە ئارامی و هێمنی و ئاسودەیی دابەزاندە سەریان و پاداشتی بەمژدەی سەرکەوتنێکی نزیك دانەوە).

﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ ٱللَّهِ ۗ أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴾ الرعد: ٢٨. واتە: (ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو دڵ و دەروونیان ئارام دەبێت بە قورئان و پەیامەکەی خوای پەروەردگار، ئاگاداربن دڵەکان: هەر بە قورئان و یادی خواو "پابەندبوون بە ئاینەکەیەوە" خۆشنوود دەبن و دەحەوێنەوە). ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴾ الأنفال: ٢. واتە: (بێگومان ئیماندارانی ڕاستەقینە تەنها ئەوانەن: "یەکەم" کە کاتێك ناوی خوا برا، ئەوە دڵەکانیان دەترسێت و دەهەژێت، "دووهەم" کاتێکیش ئایەت و فەرمانەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنرێتەوە، ئەوە ئیمان و باوەڕیان زیاد دەکات).

## ٥- لاوازی یان نەبوونی تێڕوانینێکی دروست بۆ ڕاستی پاداشتی بەردەوام بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ:

لەوانەیە لاوازی یان نەبوونی تێڕوانینێکی دروست بۆ ڕاستی پاداشتی بەردەوام بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ هۆکاری کەمتەرخەم بوون بێ، چونکە دەستگرتن بەشتێکەوە بە توندی بەستراوەتەوە بە تێڕوانینێکی ڕاست بۆ ئەو شتە و سوود و کەڵکەکەی. بەم پێیە ئەو کەسەی تێڕوانینی دروستی لەلا تەواو نەبووبێ بۆ حەقیقەتی ئەو پاداشتەی پەیوەستە بە بەجێگەیاندنی

ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ، بەوەی ڕزگاربوونە لە ناخۆشییەکانی دواڕۆژ: ﴿ وَيُنَجِّي ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ بِمَفَازَتِهِمۡ لَا يَمَسُّهُمُ ٱلسُّوٓءُ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦١ ﴾ الزمر: ٦١. **واتە:** (لەولاشەوە خوای گەورە ئەوانە رزگار دەكات كە دینداری و پارێزكارییان دەكرد" بەهۆی سەركەوتن و دەرچوونیان لە تاقیگەی دنیادا، ئیتر هیچ جۆرە ناخۆشییەكیان تووش نایەت و دڵگرانیش نابن). ﴿ وَإِن مِّنكُمۡ إِلَّا وَارِدُهَاۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتۡمٗا مَّقۡضِيّٗا ٧١ ثُمَّ نُنَجِّي ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّنَذَرُ ٱلظَّٰلِمِينَ فِيهَا جِثِيّٗا ٧٢ ﴾ مريم: ٧١ – ٧٢. **واتە:** (ئێوە "خەڵكینە" كەستان نییە تێپەڕ نەكات بەسەر دۆزەخدا، "ئیمانداران بۆ ئەوەی زیاتر قەدری بەهەشت و ڕەحمەتی خوا بزانن، كافران بۆ ئەوەی بكەونە ناوی" ئەم پێشهاتە شتێكی بڕیاردراوە هەر جێبەجێ دەكرێت. لەوەو دوا ئەوانە ڕزگار دەكەین كە پارێزكار و خواناس بوون، ستەمكارانیش لە ناو دۆزەخدا بەچۆكدا دەهێنین).

ئەم پاداشتە بریتییە لە بەهەشتانێك كە چاو نەیبینیوە، گوێ نەیبیستووە، بە دڵ و خەیاڵدا نەهاتووە، لەسەرووی ئەمەشەوە بینینی خوا و چێژ بینین لە تەماشاكردنی: ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖۚ وَرِضۡوَٰنٞ مِّنَ ٱللَّهِ أَكۡبَرُۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ٧٢ ﴾ التوبة: ٧٢. **واتە:** (خوای گەورە بەڵێنی داوە بە ئیمانداران لە پیاوان و لە ئافرەتان، بەوەی كە باخەكانی بەهەشتیان پێ دەبەخشێت كە چەندەها ڕووبار بەژێر درەختەكانیدا دەڕوات و جاریە بە بەردەم كۆشكەكانیاندا، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوە تیایدا، هەروەها چەندها جێگە و ڕێگە و كۆشك و تەلاری خۆش و ڕازاوەی تایبەتی لە بەهەشتدا و لە ناو باخی چڕوپڕی "عەدن"دا، لەگەڵ ڕەزامەندی خوای گەورەدا، كە لە هەموو ناز و نیعمەتەكان بەنرختر و گرنگترە، ئەوە خۆی سەرفرازیەكی زۆر گەورە و بێ ئەندازەیە). ﴿ لِّلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ ٱلۡحُسۡنَىٰ وَزِيَادَةٞۖ وَلَا يَرۡهَقُ وُجُوهَهُمۡ قَتَرٞ وَلَا ذِلَّةٌۚ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴾ یونس: ٢٦. **واتە:** (بۆ

ئەوانەی چاکەیان کردووە، پاداشتی چاکتر و بەهەشتی بەرین و زیاتریش ئامادەیە بە چەندەها قات، "لە ڕیوایەتێکدا کە پێشەوایان ئەحمەد و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە، ئەو زیادەیە، تەماشا کردنی ڕوخساری پڕ لە نوور و قەشەنگی زاتی پەروەردگارە" ڕووخساریشیان ڕەشی و تالی و ڕیسوایی و زەلیلی و ماندوێتی پێوە دیار نییە، ئا ئەوانە نیشتەجێی بەهەشتن و بۆ هەمیشە ژیانی تیادا دەبەنەسەر). ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ (٢٢) إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ (٢٣) ﴾ القيامة: ٢٢، ٢٣. واتە: (بەمەرجێك ئەو ڕۆژە، ڕووخسارانێك گەشاوە و ناسك و ئاسوودەن، چونكە "هەریەكە بۆ خۆی" تەماشای پەروەردگاری دەكات "لە تەماشاكردنی تێر نابێت"). ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءً بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ (١٧) ﴾ السجدة: ١٧. واتە: (جا هیچ كەس لەو بەختەوەرانە نازانێت چی بۆ هەڵگیراوە و شاراوەتەوە لە ناز و نیعمەتی جۆرا و جۆر لای پەروەردگاری، كە چاوان پێی گەش دەبنەوە و بەدیتنی شاد دەبن، لە پاداشتی كار و كردەوەی چاك و پاكیاندا كە ئەنجامیان دەدا).

هەر کەسێك ئەم تێڕوانینەی لەلا کامڵ نەبێ ئەوا چێژ وەردەگرێ لە خەوتن و حەسانەوە و بێزار دەبێ لە ماندووبوون و کۆشش لە پێناوی خوا، بەمەش کەمتەرخەم دەبێ لە کارەکانی شەو و ڕۆژدا.

زانای بلیمەت ئیبن جەوزی ڕاستی وتوە: "هەر کەسێك ڕووناکی پاداشت ببینێ، ئەوا تاریکایی ئەرکداری لەسەر سوك دەبێت".

## ٦-لەبیرکردنی مردن و ناخۆشییەکانی دواتری:

دەکرێ لەبیرکردنی مردن و ناخۆشییەکانی دوای ئەو، هۆکاری کەمتەرخەمی بێ لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژدا، چونکە هەر کەسێك لەبیر بکات کە دەمرێت، هەر چەندە تەمەنی درێژ بێت: ﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ﴾ الأنبياء: ٣٥. واتە: (هەموو کەسێك دەبێت مردن بچێژێت و شەرابی مەرگ بنۆشێت). ﴿ وَمَا جَعَلْنَا

لِبَشَرٍ مِّن قَبْلِكَ ٱلْخُلْدَ أَفَإِيْن مِّتَّ فَهُمُ ٱلْخَٰلِدُونَ ﴾ الأنبياء: ٣٤. **واتە:** (ئێمە پێش تۆ ژیانی هەمیشەیی و نەمریمان بەهیچ کەسێك نەبەخشیوە، جا ئایا ئەگەر تۆ بمریت، "دوای مەرگی تۆ" ئەوە ئەو خەڵکە ژیانی هەمیشەیی دەبەنەسەر و نامرن؟!).

**لەبیری بچێتەوە کە مردن لە قەیتانی پێڵاوەکانی لێی نزیکترە:** ﴿ مَا يَنظُرُونَ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً تَأْخُذُهُمْ وَهُمْ يَخِصِّمُونَ ﴿٤٩﴾ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ تَوْصِيَةً وَلَآ إِلَىٰٓ أَهْلِهِمْ يَرْجِعُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾ یس: ٤٩، ٥٠. **واتە:** (ئەوانە تەنها چاوەڕێی یەك شریخە و دەنگێکی زۆر گەورەی سامناك نەبێت چاوەڕێی هیچی تر ناکەن، کە هەموویان دەپێچێتەوە "کۆتایی بە ژیانیان دەهێنێت" لەکاتێکدا کە سەرگەرمی کاروباری دنیای خۆیانن، سەرگەرمی کێشە و بەربەرەکانێی ناحەقن. ئەوسا ئیتر نە دەتوانن راسپاردەیەك بگەیەنن، نە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵیان "چونکە هەموویان لەناوچوون، هەموویان خامۆش بوون").

**لەبیری بچێتەوە کە لە دوای ئەم مردنە ناخۆشی و دەردەسەری هەیە، بەهۆیەوە منداڵان لەبەری پیر دەبن، دڵەکان دادەماڵرێن، ڕزگاربوونی لێ نییە مەگەر بە بەردەوام بوون نەبێ لەسەر کارەکانی ڕۆژ و شەو:** ﴿ فَكَيْفَ تَتَّقُونَ إِن كَفَرْتُمْ يَوْمًا يَجْعَلُ ٱلْوِلْدَٰنَ شِيبًا ﴿١٧﴾ ٱلسَّمَآءُ مُنفَطِرٌۢ بِهِۦ كَانَ وَعْدُهُۥ مَفْعُولًا ﴿١٨﴾ ﴾ المزمل: ١٧، ١٨. **واتە:** ("ئەگەر ئێوە لەسەر یاخی بوونتان بەردەوام بن"" جا چۆن خۆتان دەپارێزن لە ڕۆژێك کە منداڵ پیر دەکات و سەری سپی دەبێت. ئەو ڕۆژە ئاسمان بەهەموو ئەستێرە و هەسارەکانیەوە لەت و پەت دەبێت، بێگومان ئەو بەڵێنە هەر دێتە دی). ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمْ ۚ إِنَّ زَلْزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَىْءٌ عَظِيمٌ ﴿١﴾ يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّآ أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى ٱلنَّاسَ سُكَٰرَىٰ وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ وَلَٰكِنَّ عَذَابَ ٱللَّهِ شَدِيدٌ ﴿٢﴾ ﴾ الحج: ١، ٢. **واتە:** (ئەی خەڵکینە لە

پەروەردگارتان بترسن و خۆتان لە خەشمی بپارێزن چونکە بەڕاستی زەوی لەرزەی قیامەت و کاول بوونی بوونەوەر کارەساتێکی زۆر گەورەیە و ڕووداوێکی سامناکە. لەو ڕۆژەدا کە کارەساتەکە دەبینن، هەموو شیردەرێك لە شیرە خۆرەکەی بێئاگا دەبێت و فەرامۆشی دەکات، هەموو سك پڕو دوو گیانێکش کۆرپەلەکەی دادەنێت، خەڵکی دەبینیت، وەکو سەرخۆشن، لە ڕاستیدا سەرخۆشیش نین، بەڵکو سزای خوایی زۆر سەخت و سامناکە و سەری لێ شێواندوون). ﴿ مَا كَانَ لِلَّهِ أَن يَتَّخِذَ مِن وَلَدٍ سُبْحَانَهُ إِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٣٥﴾ ﴾ مريم: ٣٩. **واتە:** (ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، ستەمکاران ئاگادار بکە لە ڕۆژی ئاهو ناڵە و پەشیمانی کاتێك کار لە کار ترازاوە، لەکاتێکدا ئەوانە لە غەفڵەتدان و باوەڕ ناهێنن). **هەر کەسێك هەموو ئەو شتانەی لەبیر کرد ئەوا بێگومان کەمتەرخەم دەبێ.**

**پێغەمبەر** (صلى الله عليه وسلم) **ئاماژەی بەمە کردووە، جارێکیان هاتە شوێنی نوێژکردنی خۆی، کەسانێکی بینی وەك ئەوەی بە قاقا پێبکەنن، جا فەرمووی: "باشتربوو زیاتر یادی لەناوبەری خۆشییەکان بکەن، لەوەی ئێستا دەبینم پێیەوە سەرقاڵن، ئەویش مردنە، زۆری یادی لەناوبەری خۆشییەکان بکەنەوە کە مردنە، هیچ ڕۆژێك بەسەر گۆڕدا تێپەڕ نابێ کە گۆڕ نەڵێت: من خانەی نامۆییم، من ماڵی تەنهاییم، من خانەی گڵ و خۆڵم، من لانەی کرمەکانم...."**.

## ٧-گۆمانبردن بە گەیشتنە پلەی کامڵ بوون:

**لەوانەیەگومانبردن بە گەیشتنە پلەی کامڵ بوون هۆکارێك بێ لە کەمتەرخەمی نواندن لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ، دەکرێ مرۆڤ خۆی لەبیر بکات و ئەوەشی لەبیر بچێتەوە کە هەر چەندە کار و خوارپەرستی بکات بە شەو و ڕۆژ، ئەوا ناتوانێ سوپاسگوزاری یەك ناز و نیعمەتی خوای مەزن بکات، ئەم لەبیرچوونەوەیەش لەگەڵ هۆکارەکانی دیکەی گومانبردن بە گەیشتنە پلەی کامڵ بوون، دەبنە هۆی کەمتەرخەمی لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ.**

لەوانەیە ئەمە ئەو واتایە بێت کە لە فەرموودەی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) دەیبیستین: (زیرەك ئەو کەسەیە دەروونی جڵەوگیر دەکات و کار بۆ دوای مردن دەکات، دۆڕاویش ئەو کەسەیە دەروونی بداتە دەست ئارەزووەکانی و هیواشی بەخوا ببەستێتەوە).

لە عومەری کوڕی خەتابەوە (ڕەزای خوای لێبێت) هاتووە، کە دەڵێت: "لەخۆتان بپرسنەوە پێش ئەوەی لێپرسینەوەتان لەگەڵ بکرێت، خۆتان بڕازێننەوە بۆ نمایشە مەزنەکە، لێپێچینەوەی کەسێك سوکە لە ڕۆژی دواییدا کە لە دونیادا لێپێچینەوەی لەگەڵ خۆدا کردبێت".

### ٨-زۆری بەرپرسارێ و ئەرکەکان:

لەوانەیە زۆری ئەرك و ئیشەکان سەربکێشێ بۆ کەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژدا، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە سایەی جەنجاڵی ئیش و کار و دووبارە بوونەوەی ئەرکەکان لەوانەیە هەندێك خواپەرستی لە شەو و ڕۆژدا فەرامۆش بکات، بە پاساوی کەمی کات و پێویستی هەبوونی هەل بۆ ئەم خواپەرستی و ئەرکانە، لەبیری چووەتەوە یان لەبیری خۆی بردۆتەوە کە تێشووی ڕێگاکە بۆ دەربازبوون لە هەموو ئەو شتانەی لێی داواکراوە بە بەردەوام بوون دەبێ لەسەر بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ، چونکە کات و وزە و لێهاتووییەکان هەموویان موڵکی خوان، بەدەستی ئەون، کاتێك پەروەردگار دەبینێ بەندە بەرەو ڕووی ئەو دێت و چێژ لە پەرستش و گوێڕایەڵی کردنی دەبینێت، ئەوا فەر و بەرەکەتی بەسەردا دەڕژێنێ لە هێز و کات و ویست و سەربەرزی و ڕاستپێکان لە بۆچووندا: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱهْتَدَوْا۟ زَادَهُمْ هُدًى وَءَاتَىٰهُمْ تَقْوَىٰهُمْ ﴾ محمد: ١٧. واتە: (ئەوانەش ڕێبازی هیدایەت و ئیمانداریيان گرتوتە بەر بەگوفتاری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هیدایەت و دینداریيان گەشە دەکات و پەرە دەسێنێت، خوایش شارەزایی و پارێزکاریی و دڵنیایی زیاتری پێبەخشین). ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ﴿٢﴾ وَيَرْزُقْهُ

مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُۚ وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦۚ قَدۡ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَيۡءٖ قَدۡرٗا ﴿٣﴾ ﴾ الطلاق: ٢، ٣. **واتە:** (ئەوەی لە خوا بترسێت و پارێزکار بێت، ئەوە خوا دەرووی لێ دەکاتەوە. لە شوێنێکەوە ڕزق و ڕۆزی پێ دەبەخشێت کە حسابی بۆ نەکردبێت و خۆی پێی نازانێت، جا ئەوەی پشت بە خوا ببەستێت، ئەو زاتەی بەسە، بۆ ئەوەی یاریدەدەری بێت، چونکە بەڕاستی خوا کار و فەرمانی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت، بێگومان خوا بۆ هەموو شتێك نەخشەیەکی دیاریکراوی بڕیارداوە "کە دەبێت پەیڕەوی بکرێت").

## ٩-دواخستنی ئەنجامدانی کار:

**لەوانەیە دواخستنی ئەنجامدانی کار، هۆکاری کەمتەرخەم بوون بێ لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ، چونکە ئەوەی ڕاهاتبێت لە دواخستنی ئەنجامدانی ئیش و کار، ئەرکەکانی لەسەر کۆدەبێتەوە، کاتێکیش دەیەوێت لێی ڕزگار ببێ و ئەنجامیان بدات بە یەك جار لە کۆڵە خۆیان بکاتەوە، زۆر لەسەری سەخت و گران دەبێ، ئەو کاتەش جگەلە بەفیڕۆدان و کەمتەرخەمی هیچی تری لێ ناپشکوێتەوە، دەکرێ ئەمە ئەوە بێ کە لەم فەرمایشتەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەردەگیرێت: (دەستپێشخەری بکەن بە کردنی کردەوەی چاك پێش ڕوودانی ئاشوب، ئایا چاوەڕێی ڕوودانی هەژارییەکی لەبیربەرەوە دەکەن یان دەوڵەمەندیەکی لاسار ئامێز یاخود نەخۆشییەکی هەست تێکدەر یان پیریەکی خەڵەفاو یاخود مردنێکی لە ناکاو یان دەرکەوتنی دەجال، ئاشوب نادیارە و پێشدێت، یان هاتنی دواڕۆژ و لێپرسینەوە، کە سەخت و تاڵترە لەوانەی تر)[١].**

(١) فيض القدير، للمناوي: ٣/ ١٩٥، بە ژمارە: ٣١٢١. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

پێشینانی ئوممەت چاك لەمە تێگەیشتوون، بۆیە سوربوون لەسەر قۆستنەوەی هەل و فرسەتەکان و سوود و کەڵك وەرگرتن لە تەمەن پێش ئەوەی بەفیڕۆ بچێت، ئەم وتەیەی عومەر (ڕەزای وای لێبێت) بەسە بۆمان کە دەڵێت: "هێز ئەوەیە کە کاری ئەمڕۆ بۆ بەیانی دوانەخەیت".

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئامۆژگاری یەکێکی کرد بەم شێوەیە: (پێنج شت بقۆزەوە و سوودی لێ ببینە بەرلە پێنج شت: گەنجیت بەر لە پیریت، تەندروستیت پێش نەخۆشبوونت، دەوڵەمەندیت پێش هەژار بوونت، بوونی کات پێش سەرقاڵ بوونت، ژیانت پێش مردنت).

## ١٠-بینینی هەندێک پێشەوا کە لە دۆخی کەمتەرخەمیدان:

**دوایین هۆکار**؛ بریتییە لە بینینی هەندێك پێشەوا و بەرپرس کە لە دۆخی کەمتەرخەمیدان، ئەگەرێ ئەمەش هۆکارێکی پابەندنەبوون بێ لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ، لەبەر ئەوەی هەندێك جار موسڵمان تەماشای پێشەوا و ڕابەرەکان دەکەن بەو شێوەیەی کە ئەوان چەشن و جۆرێکی دەگمەنن لە خەڵك، ناکرێ کەمتەرخەمی و کەم و کوریان لێ بپشکوێتەوە، کاتێك کەمتەرخەمی لەوان یان لە هەندێکیان بەدی دەکات، ئەوا لەوانەیە بەهۆی ئەم تێڕوانینەیەوە لاسایی ئەوان بکاتەوە، لەبیری چووەتەوە کە گوێڕایەڵی لە تاواندا نییە، بەڵکو تەنها لە چاکەدایە.

لەوانەیە ئەم هۆکارە مەبەست بێ لە جەختکردنەوەی ئیسلام لەسەر تاوان نەکردن بە ئاشکرایی، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێت: (هەر کەسێکی ئوممەتەکەم لێخۆشبوونی بەردەکەوێ، تەنها ئەوانە نەبن کە بە ئاشکرا تاوان دەکەن، یەکێك لەو جۆرانە تاوان کردن بە ئاشکرایی ئەوەیە مرۆڤ بە شەو کارێك بکات و خوای گەورەش لێی دابپۆشێت، بەیانی هەستێتەوە بڵێت: فڵان کەس، دوێنێ

ئاوا و ئاوام كرد، بەشەو خوای گەورە تاوانەكانی دادەپۆشێ، بە ڕۆژ ئەوە ئاشكرا دەكات كە خوای گەورە تاوانەكانی ئەوی داپۆشیوە)[1].

## سێیەم: شوێنەوارەكانی كەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەركەكانی شەو و ڕۆژدا:

**كەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەركەكانی شەو و ڕۆژدا شوێنەواری خراپ و دەرەنجامی لەناوبەری هەیە، چ لەسەر بانگخوازان، چ لەسەر كاری موسڵمانان، ئەمانەش هەندێك لەو شوێنەوارانەن:**

### أ-شوێنەوارەكانی كەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەركەكانی شەو و ڕۆژدا لەسەر بانگخوازان:

١-**شڵەژانی دەروون:** لەبەر ئەوەی خۆراكی دڵ و حەسانەوەی دەروون و بەرزبوونەوەی ڕۆح بە بەردەوام بوون دەبێ لەسەر بەجێگەیاندنی ئەركەكانی شەو و ڕۆژ، بەم پێیە ئەوەی كەمتەرخەم بێ لە كار و خواپەرستییەكانی شەو و ڕۆژدا ئەوا خۆراكی لەسەر دڵی خۆی بڕیوە، سەرچاوەی دەرمانەكانی پچڕاندووە، چاوگی بەختەوەری و ئاسوودەییەكەی تێكداوە، لە دەرەنجامیشدا تووشی شڵەژان و دوودڵی دەروونی دەبێت، خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا ﴾ طه: ١٢٤. واتە: (ئەوەیش روو وەربگێڕێت لە بەرنامە و یادی من و پشتی تێ بكات، بێگومان بۆ ئەو جۆرە كەسانە ژیانێكی ترش و تاڵ و ناخۆش پێش دێت). ﴿ وَمَن يُعْرِضْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِۦ يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا ﴾ الجن: ١٧. واتە: (جا ئەوەی لە یاد و بەرنامەی پەروەردگاری لا بدات، دەیخاتە ناو سزاو ئازارێكی بەردەوام).

---

([1]) بوخاری و موسلیم هێناویانە. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەكەی كردووە (وەرگێڕ).

**٢-بەجێ نەگەیاندنی ئەرك یان خاوبوونەوە:** لەبەر ئەوەی تێشووی موسڵمان لە ڕێگاكەدا بریتییە لە بەردەوام بوون لە بەجێگەیاندنی ئەركەكانی شەو و ڕۆژ، بەم پێیە ئەوەی كەمتەرخەم بێ لە بەجێگەیاندنی ئەركەكانی شەو و ڕۆژدا ئەوا بەبێ زەخیرە و تێشوو دەمێنێتەوە، هاووێنەی ئەم كەسانە ئەركەكانیان بەجێ ناگەیەنن یان بەلایەنی كەمەوە خاودەبنەوە، ئەمەش مەترسی و زیانی زۆری تێدایە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕاستی فەرمووە: (لە پاش سەری هەر یەكێكتان كە دەخەون شەیتان سێ گرێ دەكات، لەگەڵ هەر گرێیەكدا دەڵێت شەوێكی درێژ بۆ تۆ بخەوە و پاڵكەوە، ئەگەر كەسەكە هەڵسایەوە و یادی خوای كرد گرێیەك هەڵدەوەشێتەوە، ئەگەر دەستنوێژی شوشت ئەوا گرێی دووەمیش هەڵدەوەشێتەوە، ئەگەر نوێژی كرد گرێی سێیەمیش هەڵدەوەشێتەوە، بەمەش چالاك و دەروون پاراو دەبێت، ئەگەر وای نەكرد ئەوا دەروونی پیس و تەمبەڵ دەبێت)[١].

**٣-بوێری لەسەر ئەنجامدانی گوناه و تاوان:** لەبەر ئەوەی خواپەرستی ڕاست و دروست وەك دیوار و بەربەستێكە لە نێوان مرۆڤ و گوناه و تاوان: ﴿ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِۗ وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ﴾ العنكبوت: ٤٥. **واتە:** (نوێژیش بەچاكی ئەنجام بدە، چونكە بەڕاستی نوێژ بەرهەڵستی لە گوناهو تاوان و نادروستی دەكات، بێگومان یادی خوا لە هەموو شت گەورەتر و بە نرخترە). كەسێك هاتە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و پێی وت: ئەی پێغەمبەری خوا، فڵانە كەس بە شەو نوێژ دەكات و كە بووە ڕۆژیش دزی دەكات، فەرمووی: "ئەوەی تۆ دەیلێی ڕێگری لە كارەكەی دەكات"[٢].

---

(١) بوخاری و موسلیم و ئیبن خوزەیمە و ئیبن حەببان و نەسائی هێناویانە. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەكەی كردووە (وەرگێڕ).

(٢) ئیبن حەببان لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی: ٦/ ٣٠٠، بە ژمارە: ٢٥٦٠. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەكەی كردووە (وەرگێڕ).

بەم پێیە ئەگەر کەمتەرخەم بوو و نوێژ و خواپەرستییەکانی بە ڕووکەشی ئەنجامدا نەوەك بە ناوەڕۆکەکەی، ئەوا ئەم بەربەستەی شکاندووە و ڕێگەی لەبەردەم کراوەیە بۆ کەوتنە ناو گوناه و تاوانەوە، بەشێوەیەکی چاونەترسانە و بێ باکانە، لەوانەیە ئەمە ئەو شتە بێ کە وتەکەی ئیبن عەبباس ئاماژەی پێکردووە: "هەر کەسێك نوێژەکەی فەرمانی پێ نەکات بە چاکە و ڕێگری لێی نەکات لە خراپە، ئەوا ئەم نوێژەی تەنها زیاتر لە خوای مەزنی دوور دەخاتەوە".

**٤-لاوازی یان داڕووخانی جەستەیی:** لەبەر ئەوەی بەردەوام بوون لەسەر ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ بەرگری و هێزی بەرگە گرتن دەبەخشێتە جەستە، هەروەك خوای پاك و بێگەرد لەسەر زمانی هود (سڵاوی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: ﴿ وَيَٰقَوۡمِ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِ يُرۡسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡكُم مِّدۡرَارٗا وَيَزِدۡكُمۡ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمۡ ﴾ هود: ٥٢. واتە: (ئەی خزمەکانم داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەن، پاشان بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو، ئەوە لە ئاسمانەوە بارانی زۆری پڕ بەرەکەتتان بۆ دەبارێنێت، هێز و دەسەڵاتتان بۆ زیاد دەکات، زیاد لە هێز و دەسەڵاتی ئاسایی خۆتان).

هەروەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئامۆژگاری عەلی و فاتیمەی کرد: "کاتێك عەلی وتی: فاتیمە هاتە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و دەیویست سکاڵای زۆری کارەکانی بکات، پێشی گەیشتبوو کە کۆیلە و کەنیزەکی بۆ هاتوون، بەڵام چاوی بە پێغەمبەر نەکەوت، بۆیە فاتیمە دۆخی خۆی بۆ عائیشە باس کرد، کاتێك عائیشە ئەمەی بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وت، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هاتە لامان، ئەو کات ئێمە لەسەر شوێنی خەوتنمان بووین، ویستمان هەڵبیستین، فەرمووی: لە شوێنی خۆتان بن، لە نێوان من و فاتیمەدا دانیشت، فێنکی پێیەکانی پێغەمبەرم لەسەر سکی خۆم هەست پێکرد، فەرمووی: ئایا شتێکتان پیشان نەدەم باشتر لەوەی داواتان کردووە؟ کاتێك هاتنە سەر شوێنی خەوتنتان، یان ویستتان بخەون، ئەوا سی و سێ جار بڵێن سبحان الله، سی و سێ جار بڵێن: الحمد لله، سی و چوار جار بڵێن: الله أكبر، ئەوە باشترە بۆتان لە

خزمەتکار"[١]. بەم پێیە ئەو کەسەی کەمتەرخەم بێ لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژدا، ئەوا لەسەر پاڵدانەوە و خەوتن ڕادێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دارمان و لاوازی جەستە.

**٥-بێ بەشبوون لە پاڵپشتی خوایی:** لەبەر ئەوەی بەندە پاڵپشتی و پشتیوانی خوایی بەدەست ناخات، مەگەر پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ پەروەردگاری هەبێت، کە ڕەنگ بداتەوە لە بەردەوام بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ﴾ النحل: ١٢٨. واتە: (چونکە بەڕاستی خوا لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە خۆیان پاراستووە لە گوناە و هەروەها ئەوانەش کە چاکەکارو چاکەخوازن). ﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾ العنكبوت: ٦٩. واتە: (ئەوانەش لە پێناوی ئێمەدا بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی ئێمە، هەوڵ و کۆششیان کردووە و خۆیان ماندوو کردووە، سوێند بەخوا بەڕاستی ئەوانە ڕێنمویی دەکەین بۆ ڕێگەیەکی چاك و دروستی خۆمان، بێگومان خوای پەروەردگار هەمیشە لەگەڵ چاکەکارانە). ئەگەر وا ڕوویدا موسڵمان لە ئەرکەکانیدا کەمتەرخەمی نواند، ئەوا پەیوەندی خۆی لەگەڵ پەروەردگاری پچڕاندووە، ئەو کاتەش بێ بەش دەبێت لە یارمەتی و پاڵپشتی خوایی، لەوانەیە ئەمە ئەوەبێ کە لەم فەرمایشتەی خوای مەزن هەستی پێ دەکرێ: ﴿ وَمَن يَعۡشُ عَن ذِكۡرِ ٱلرَّحۡمَٰنِ نُقَيِّضۡ لَهُۥ شَيۡطَٰنٗا فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٞ ٣٦ وَإِنَّهُمۡ لَيَصُدُّونَهُمۡ عَنِ ٱلسَّبِيلِ وَيَحۡسَبُونَ أَنَّهُم مُّهۡتَدُونَ ٣٧ ﴾ الزخرف: ٣٦، ٣٧. واتە: (ئەوەی لە یاد و ناسینی خوای میهرەبان چاو داخات، ئێمە شەیتانێك دەکەینە هاوڕێی و دەبێتە یار و یاوەری و هەمیشە لەگەڵیدا

---

(١) بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی: ٤/ ٨٤، بە ژمارە: ٣١١٣، هەروەها موسلیمیش: ٤/ ٢٠٩١، بە ژمارە: ٢٧٢٧. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

دەبێت. ئەو شەیتانانە" ڕێگەی ڕاستیان لێ دەگرن و وایان لێدەکەن کە وا بزانن لەسەر ڕێبازێکی چاك و ڕاستن).

**٦-لە دەستدانی ڕێز و حورمەت یان کاریگەری کردنە سەر خەڵك:** ئەوەی کەمتەرخەم بێ لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ، ئەوا گەورەترین چەکی کاریگەری کردنەسەر خەڵك لە دەستدەدات و هۆکاری ڕاکێشانی دڵیان فەرامۆش دەکات، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە بەم کەمتەرخەمییە پێگەی خۆی لای پەروەردگاری لە دەستداوە، هەر کەسێکیش پێگەی خۆی لەلای پەروەردگاری لە دەستبدات، ئەوا ڕێزو حورمەتی خۆی لەلای خەڵکیش لە دەستدەدات.

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئاماژەی بەمە داوە، کاتێك فەرموویەتی: (يوشِك الأممُ أن تَدَاعي عليكم، كما تَدَاعى الأكلة اِلى قصعتها، فقال قائل ومن قِلَّة نحنُ يومئذ؟ قال: بل أنتم كثير، ولكنكم غُثَاءٌ كغُثَاء السيل، ولَيَنْزِعَنَّ الله من صدور عدوكم المَهابةَ منكم، ولَيَقْذِفَنَّ الله في قلوبكم الوهن، قال قائل: يارسول الله وما الوهن؟ قال: حب الدنيا وكراهية الموت)[١] واتە: نزیکە ڕۆژێك بێ کە کۆمەڵانی کافر لێتان کۆ ببنەوەو دەستتان بۆ درێژ بکەن، وەك چۆن کە کۆمەڵە خەڵکێك لەسەر سفرەی خواردنەکەیان دادەنیشن و هەر یەکەیان دەستی بۆ درێژ دەکات و بەشی خۆی دەپچڕێنێت. یەکێك وتی: ئایا لەم ڕۆژەدا ئێمە کەمین، لەبەر کەمی ژێرە وامان لێدێت؟ فەرمووی: نەخێر ئێوە زۆرن، بەڵام وەك کەفی سەر ئاو وان، خوا ترسی ئێوەی لە دڵی دوژمنانتاندا دەردێنێ و بێهێزی دەخاتە دڵی ئێوەوە، یەکێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بێ هێزی (وهن) چیە؟ فەرمووی: خۆشویستنی دونیاو ڕق لێ بوونەوە لە مردن.

---

(١) ئەبو داود گێڕاویەتیەوە، بە ژمارە: ٤٢٩٧. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

- **شوێنەوارەكانی كەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەركەكانی شەو و ڕۆژ لەسەر كاری موسڵمانان:**

**١-درێژبوونەوەی ڕێگاكە، لەگەڵ زۆربوونی تێچووەكان:** كارێك كە خاوەنەكانی بەهۆیەوە مافی خوا پێشێل بكات، ئەوا دەبێتە هۆی درێژبوونەوەی ڕێگاكە و زۆربوونی تێچوو و ئەركەكان و كۆبوونەوەی تەنگوچەڵەمەكان لە هەموو لایەكەوە، بەتایبەت كە دوژمنانی خوا بەردەوامن لە جێبەجێكردنی شێواز و پیلانەكانیان، هیچ ساتێك لە شەو و ڕۆژدا لەم كارەیان سارد نابنەوە، خوای مەزن ڕاستی فەرمووە، كاتێك لەسەر زمانی پێغەمبەری خوا ساڵح (سڵاوی خوای لێبێت) فەرمووی: ﴿ فَمَن يَنصُرُنِي مِنَ ٱللَّهِ إِنۡ عَصَيۡتُهُۥ ﴾ هود: ٦٣. **واتە:** (باشە كێ یارمەتیم دەدات و لە سزای خوا ڕزگارم دەكات ئەگەر لە فەرمانی لابدەم و پەیامەكەیم بە ڕێك و تەواوی نەگەیاند).

**٢-خۆڕاگر نەبوون لە ساتەكانی تەنگانە:** لەبەر ئەوەی ناخۆشی و تەنگانەكان سەختن، مرۆڤ بە وزە و توانای خۆی بەرگەیان ناگرێ، بەڵكو دەبێ یارمەتی و پشتیوانی خوایی هەبێ، ئەوانەش كە كەمتەرخەم بوون لە هەمبەر مافەكانی خوای گەورە، ئەوا هەرگیز پەروەردگار خۆڕاگریان پێ نابەخشێ، لەوانەیە ئەمە ئەو واتایەبێ كە لەم فەرمایشتەی خوای مەزنەوە وەرگیرابێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴾ الأحقاف: ١٣. **واتە:** (بەڕاستی ئەوانەی كە دەڵێن: پەروەردگارمان الله یەو، پاشان پابەندی ئەو ئیمانە دەبن و ڕاست و ڕەوان پەیڕەوی دەكەن و لەسەری بەردەوامن، ئەوانە هیچ جۆرە ترس و بیمێكیان لەسەر نییە و دڵتەنگ نابن). ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ أَقۡدَامَكُمۡ ﴾ محمد: ٧. **واتە:** (ئەی ئەو كەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، ئەگەر ئێوە پشتیوانی لە ئاینی خوا بكەن و هەوڵی سەركەوتنی بدەن، ئەوە خوایش پشتیوانی لە ئێوە دەكات و سەرتان دەخات و پایەدارو جێگیرتان دەكات). **هەروەها لەم فەرمایشتەی**

پێغەمبەر بۆ ئیبن عەبباس: (ئەی گەنج چەند وشەیەکت فێر دەکەم، سنووری خوا بپارێزە، خواش دەتپارێزێت، سنووری خوا بپارێزە، لەبەردەم خۆتدا دەیبینیەوە، ئەگەر داوات کرد، ئەوا لە خوا داوا بکە، ئەگەر پشتت بەست، ئەوا پشت بە خوا ببەستە، بزانە ئەگەر هەموو ئوممەت کۆ ببێتەوە لەسەر ئەوەی سودێکت پێ بگەیەنن، ئەوا ناتوانن سوودت پێ بگەیەنن مەگەر خوا بۆی نووسیبی، ئەگەر کۆببنەوە لەسەر ئەوەی زیانت پێ بگەیەنن بە شتێك، ئەوا ناتوانن زیانت پێ بگەیەنن، مەگەر خوا لەسەرتی نووسیبێ، پێنووسەکان هەڵگیران، مەرەکەبەکەی سەر تێنووس وشك بووە)[1].

## چوارەم: چارەسەری کەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو ڕۆژدا:

**دوای ئەمە دەتوانین چارەسەری کەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو ڕۆژدا بکەین بە جێبەجێ کردنی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:**

١- ژیان لەگەڵ قورئان و سوننەت، چونکە وێنەیەکی ڕاست و دروستی تێدایە بۆ پاداشتی گوێڕایەڵان و سزای سەرپێچی کاران، هەروەها ناوەڕۆکی ئەم سزا و پاداشتە، تەنانەت هاندانیان تێدایە لەسەر پێویستی پابەندبوون بە گوێڕایەڵی کردن و تەرك کردنی گوناه و تاوان، لە میانەی بیرخستنەوەی ئەوەی خوای گەورە چاودێرە و زانایە بە هەموو شتێك، گەڕانەوە بۆ لای ئەو و تۆبە کردن پێویستە، لێپرسینەوە و پاداشت و سزا هەیە، بۆ موسڵمان بەسە ئەم چەند ئایەتانە بخوێنێتەوە: ﴿ وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ وَأَسۡلِمُواْ لَهُۥ مِن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَكُمُ ٱلۡعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿٥٤﴾ وَٱتَّبِعُوٓاْ أَحۡسَنَ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَكُمُ ٱلۡعَذَابُ بَغۡتَةٗ وَأَنتُمۡ لَا تَشۡعُرُونَ ﴿٥٥﴾ أَن تَقُولَ نَفۡسٞ يَٰحَسۡرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنۢبِ

---

([1]) ئەحمەد و ترمزی و حاکم گێڕاویانەتەوە. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

ٱللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّٰخِرِينَ ﴿٥٦﴾ أَوْ تَقُولَ لَوْ أَنَّ ٱللَّهَ هَدَىٰنِى لَكُنتُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ
﴿٥٧﴾ أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى ٱلْعَذَابَ لَوْ أَنَّ لِى كَرَّةً فَأَكُونَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٨﴾ بَلَىٰ
قَدْ جَآءَتْكَ ءَايَٰتِى فَكَذَّبْتَ بِهَا وَٱسْتَكْبَرْتَ وَكُنتَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٥٩﴾ ﴾ الزمر: ٥٤ - ٥٩. **واتە: (هەوڵ بدەن هەمیشە و بەردەوام دڵتان لای خوا بێت و بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگارتان و تەسلیمی ئەوبن، پێش ئەوەی کە سزای خوا یەختان بگرێت لەوەو دواش سەرکەوتوو نابن و کەس نابێت بەرگریتان لێ بکات. کۆشش بکەن" بەردەوام شوێنی چاکترینی ئەو فەرمانانە بکەون کە لەلایەن خواوە ڕەوانەکراوە بۆتان، پێش ئەوەی سزا و ئازاری کتوپڕ یەختان پێبگرێت و لەکاتێکدا ئێوە هەست بە نزیکی سزاکە نەکەن. نەوەکو یەکێك بڵێت: ئاخ و داخ و پەشیمانی بۆ ئەو هەموو لادان و نادروستیانەی کە کردم، لە فەرمان و بەرنامەی خوادا، بێگومان لەو کەسانەش بووم کە گاڵتەیان بە دین و بەرنامەی خوا دەکرد و "ئیماندارانم بە دواکەوتوو کۆنەپەرست دەزانی". یاخود بڵێت: ئەگەر بەڕاستی خوا هیدایەت و ڕێنموویی بکردمایە، ئەوە من لە ڕیزی پارێزکاران و چاکاندا دەبووم!!. یاخود کاتێك کە سزا و ئازار دەبینێت بڵێت: خۆ ئەگەر بێگومان مۆڵەتێك ببێت و جارێکی تر بگەڕێمەوە بۆ دنیا، ئەوە مەرج بێت لە چاکەکاران بم. نەخێر وانییە، مۆڵەت بەسەرچوو، چونکە بەڕاستی کاتی خۆی ئایەت و فەرمانی منت بۆ هات، کەچی تۆ ئەو کاتە بڕوات پێ نەدەکرد و بەدرۆت دەزانی، فیز و دەمارگیریت دەکرد و لوتت هەڵدەبڕی لە ئاستیدا، تۆ هەر لە ڕیزی بێ بڕواکاندا بوویت "ئیتر ئێستا بۆچی بێ شەرمانە داوای گەڕانەوە بۆ دنیا دەکەیت؟!").**

**٢- خۆ داماڵین لە گوناه و تاوانەکان، بەتایبەت تاوانە بچوکەکان، چونکە ژەهری کوشندەن، ئاگرێکی سوتێنەرن، پێغەمبەری خوای (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: (خۆتان دووربگرن لە گوناهە بچوکەکان، چونکە لەسەر مرۆڤ کۆدەبنەوە تا لەناوی دەبەن، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نموونەیەکی لەم بارەوە هێناوە بە کۆمەڵێك کەس کە لەسەر خاکێکی ڕووت دابەزی بن، کاتی نان**

خواردن بێ، هەر یەكێك بڕوا و چیلكە دارێك بهێنێت تا پۆلە چیلكە دارێك كۆدەكەنەوە و بەمەش ئاگر دابگیرسێنن و ئەوەی تیایەتی بیسوتێنن)[١].

٣- میانڕەو بوون لە ئالۆدەبوون بە ڕێپێدراوان، بەتایبەت خواردن و خواردنەوە، چونكە زیادەڕەوی كردن لەمانەدا بناغەی هەموو ئاشوب و فیتنەیەكە، پێغەمبەری خوا ڕاستی فەرمووە: ((ما ملأ آدمي وعاء شرا من بطنه، بحسب ابن آدم أكلات يقمن صلبه، فإن كان لا محالة، فثلث لطعامه، وثلث لشرابه، وثلث لنفسه))[٢] واتە: ئادەمیزاد هیچ شتێكی پڕنەكردووە لە سكی خراپتر، بەسیەتی چەند پارویەك كە پشتی پێ ڕاگیر بكات، ئەگەر هەر نەكرا با سێیەكی بۆ خواردن، سێیەكی بۆ خواردنەوە، سێیەكی بۆ هەناسدان بێت.

٤- پەیی بردن بە ڕۆڵی بەردەوام بوون لەسەر بەجێگەیاندنی ئەركەكانی شەو و ڕۆژ و توانا هەبوون لەسەر هەڵسان بە ئەركەكان، ئەمە دەروون دادەماڵێ لە كەمتەرخەمی و فێری پابەند بوونی دەكات.

٥- ڕێزگرتن لە ناز و نیعمەتەكان، زانینی ئەوەی كە ئەم بەخششانە تەنها بە پەرستشەكانەوە بەردەوام دەبن، ئەمەش دەروونە وەستاو و جێگیرەكان دەجوڵێنێت بەرەو پابەندبوون بە ئەركەكانی شەو و ڕۆژ، وەك وەفادارییەك لە هەمبەر مافی خوا و حەز كردن لە بەردەوام بوون و نیعمەتی زیاتر.

٦- هەوڵی هاوسەنگی و هەماهەنگی دروست كردن لە نێوان بەردەوام بوون لە بەجێگەیاندنی ئەركەكانی شەو و ڕۆژ لەگەڵ ڕاپەڕاندنی ئەركەكانی تر: ((إن لربك عليك حقا، وإن لنفسك عليك حقا، ولأهلك عليك حقا، فأعط كل ذي حق حقه))[٣] واتە: بەڕاستی خوا مافی بەسەر تۆدا هەیە، بەهەمان شێوە جەستەی تۆش مافی

---

(١) ئەحمەد گێڕاویەتیەوە: ٦/ ٣٦٧، بە ژمارە: ٣٨١٨. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەكەی كردووە (وەرگێڕ).

(٢) ترمزی لە سونەنەكەیدا هێناویەتی: ٤/ ٥٩٠، بە ژمارە ١٣٨٠. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەكەی كردووە (وەرگێڕ).

(٣) بوخاری گێڕاویەتیەوە. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەكەی كردووە (وەرگێڕ).

بەسەرتدا هەیە، خاوخێزانیشت مافی بەسەرتدا هەیە، دەجا مافی هەموو خاوەن مافێك بدە.

٧- کۆشش کردن لەگەڵ دەروون و جڵەوگیر کردنی بە توند و تۆڵی، لەگەڵ تۆمەتبارکردنی بە کەمتەرخەم بوون، دەبێ حەز کردن لە کار دواخستن تەرك بکات، لەگەڵ ئومێدی ئەوە کردن کە ئەگەر ئەمڕۆش ماندووبێ، ئەوا بەیانی بە خۆشی نەبڕاوە چێژ دەکات، تام لە ڕوانینە خوای پەروەردگار دەکات.

٨- نرخ دانان و ئەندازەگیری کردن بۆ ئاکام و شوێنەوارە پەیدابووەکان، لە دەرەنجامی کەمتەرمی نواندن لە ئەرکەکانی شەو و ڕۆژدا، لەوانەیە ئەمە دڵەکان بجوڵێنێت، ئەم جوڵەش درەوشانەوەی هەبێ لەسەر ئەندامەکان، بەمەش بەردەوام بوون لەسەر بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ بێتە کایە.

٩- پابەندبوون بە کۆمەڵەوە، ژیان گوزەراندن لە ناو ناوەندێکی چاك و چەسپاودا، ئەمە خوا دێنێتەوە یاد، ورە و هیمەتەکان گەرم دەکاتەوە، پێغەمبەریش (**صلى الله عليه وسلم**) دەفەرموویێت: (ألا أنبئكم بخياركم؟ قالوا: بلى يا رسول الله، قال: خِيَارُ عِبَادِ اللَّهِ الَّذِينَ إِذَا رُءُوا ذُكِرَ اللَّهُ عز وجل)[١] واتە: پێتان ڕانەگەیەنم چاکترینتان کامەیە، وتیان: بەڵێ پێمان بڵێ، فەرمووی: چاکترین بەندەکانی خوا ئەوانەن، بە بینرانیان یادی خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ دەکرێتەوە.

١٠- تەواو پشت بەستن بە خوای مەزن، پەروەردگار پەنای ئەوە دەدات، کە پەنای پێ دەگرێت، یارمەتی ئەوەش دەدات، کە پشتی پێ دەبەستێت، بەتایبەت لە ساتەکانی ناچاری و تەنگانەدا: ﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴾ النمل: ٦٢. واتە: (ئایا کێیە جگە لە زاتی پەروەرگار کە بێت بە هانا و هاواری لێقەوماو و بێدەرەتان و

(١) ئەحمەد گێڕاویەتیەوە: ٢٩/ ٥٢١، بە ژمارە ١٧٩٩٨. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

بێدالدەوە، کاتێك نزا دەکات و لێی دەپاڕێتەوە، ئەوسا بەلاّ و ناخۆشییەکان لادەبات و دەتانکاتە نیشتەجێ و جێنشین لە زەویدا، ئایا ڕەوایە لەگەڵ ئەو زاتەدا خوای تر هەبێت؟! کەمێك یادەوەری وەربگرن و تێفکرن و بیربکەنەوە). ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡ ﴾ غافر: ٦٠. **واتە:** (ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان فەرموویەتی: ئێوە هاناو هاوار بۆمن بهێنن" ئەوە من دوعا و نزاتان گیرا دەکەم).

**١١- درك کردن بەوەی دونیا خانەی کارو کێڵگەی چاندنە، بەیانی ڕۆژی دروێنە و زانینی دەرەنجامەکانە، ئەگەر دونیا بەبێ گوێڕایەڵی لە دەستچوو، ئەوا دەبێتە گەورەترین دۆڕان کە لە دوای ئەوە دۆڕانی دیکە نییە:** ﴿ إِنَّ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَأَهۡلِيهِمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ أَلَا ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ ﴾ الزمر: ١٥. **واتە:** (بێگومان خەسارەتمەندان ئەو کەسانەن خۆیان و خاو و خێزانیان لە دەستچووە لە ڕۆژی قیامەتدا، ئاگادار بن: کە بەڕاستی هەر ئەوەیە خەسارەتمەندی ئاشکرا و زیانی دیار و ڕوون). ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَأَهۡلِيهِمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ أَلَآ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ فِي عَذَابٖ مُّقِيمٖ ﴾ الشورى: ٤٥. **واتە:** (ئیمانداران دەڵێن: خەسارەتمەند و زەرەرمەندان ئەمڕۆ ئەوانەن کە خۆیان و کەس و کار و ماڵ و منداڵیان لەدەستداوە، ئینجا ڕادەگەیەنرێت کە: ئاگاداربن ستەمکاران لە ئازار و ئەشکەنجەی بەردەوامدا دەژین).

**١٢- بەردەوام بوون و پابەندبوونی پێشەوا و بەرپرسان لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکان شەو و ڕۆژ، تا بەهۆی پابەند نەبوونیانەوە نەبنە هۆی وێڵ و سەرگەردان بوونی کەسانی دیکە، بەمەش تاوانی خۆیان و ئەوانەش شوێنیان دەکەون هەڵبگرن: "هەر کەسێکیش بانگەوازی بکات بۆ ڕێگەی گومڕایی، ئەوا**

تاوانی وەك تاوانی شوێنکەوتووانی دەبێ، بێ ئەوەی هیچ لە گوناهی شوێنکەوتووانی کەم ببێتەوە"[١].

١٣- ژیان لەگەڵ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە میانەی تێکەڵ بوون لەگەڵ ژیاننامەکەی، بەوەی چۆن ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبوو، تا دەوترا ڕۆژووی نەدەشکاند، چۆن شەوی بێدار دەکردەوە، تا دەوترا ناخەوێ، لە هەموو پەرستشەکانی دیکەشدا هەمان شتی دەکرد، لەگەڵ ئەوەی خوای گەورە لە گوناهی پێش و پاشی خۆشبووە، ئەم لەگەڵ ژیانە وا دەکات هەموو کەمتەرخەمێك پابەندی ئەرکەکانی بێت، لەو دیدگایەی کە پێغەمبەر وای دەکرد، لە کاتێکدا خوای گەورە بەڵێنی پێدانی پلەی سوپاسکراوی پێداوە، ئەی کەسێك دەبێ چۆن بێ کە ئاکامەکەی نازانێ، بەوەی لە بەهەشت یان لە ئاگری دۆزەخدا دەبێ.

١٤- بەردەوام وردبوونەوە لە بەسەرهاتی پێشینان، کە پڕیەتی لە وێنەی زیندوو و درەوشاوە لە بارەی بەردەوام بوون لەسەر ئەرکەکان شەو و ڕۆژ، ئەمە هەر کەسێك هان دەدات کە دڵی هەبێ یان گوێی شل کردبێ یاخود ئامادەی لاساییکردنەوە بێ یان بەلایەنی کەمەوە ئامادەیی خۆچواندنی تێدابێ.

١٥- یادخستنەوەی گوناهەکانی ڕابردوو، ئەمەش یارمەتیدەری پابەندبوونە، بەهۆی خەم خواردن لەسەر ئەوەی ڕابردوو، حەز کردن لە سڕینەوەی ئەم تاوانانە، جوانترین و باشترین شت کە ڕاستی ئەمە دەسەلمێنێ هەڵوێستی جادووگەرەکان بوو لە هەمبەر هەڕەشەکانی فیرعەون: ﴿ قَالُوا۟ لَن نُّؤْثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلَّذِى فَطَرَنَا ۖ فَٱقْضِ مَآ أَنتَ قَاضٍ ۖ إِنَّمَا تَقْضِى هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَآ ﴿٧٢﴾ إِنَّآ ءَامَنَّا بِرَبِّنَا لِيَغْفِرَ لَنَا خَطَٰيَٰنَا وَمَآ أَكْرَهْتَنَا عَلَيْهِ مِنَ ٱلسِّحْرِ ۗ وَٱللَّهُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ﴿٧٣﴾ ﴾ طه: ٧٢، ٧٣. واتە: (وتیان: هەرگیز تازە باوی تۆ نادەین بەسەر ئەم بەڵگە و نیشانانەدا کە بۆمان هاتووە سوێند بەو کەسەی کە دروستی کردووین، چیت لەدەست دێت ئەنجامی بدە و درێغی مەکە، بەڕاستی تۆ هەر

---

(١) ئەبو داود گێڕاویەتیەوە: ٤/ ٣٣١، بە ژمارە ٤٦١١. خۆم ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە (وەرگێڕ).

دەتوانیت ژیانی ئەم دنیایەمان لیٚ زەوت بکەیت. ئێمە ئیتر بەڕاستی باوەڕمان هێناوە بە پەروەردگارمان، تا لە گوناهەکانمان خۆش ببێت و لەو جادووگەریەش کە بە زۆر پێت کردین، هەمیشە خوای گەورە لە هەموو کەس چاکترە و لە هەموو کەس پایەدارتر و بەردەوامترە).

**١٦- بیرکردنەوە لەوەی مردن لە ناکاو دێت، ئەگەر لە ناکاویش نەبوو ئەوا نەخۆشی لە پێشیدا دێت، ئینجا مردن بەدوایدا دێت، ئەو کاتە پەشمان بوونەوە باڵ دەکێشێت، بەڵام لە دوای لە کیسچوونی کات و هەل و فرسەت.**

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕ | ٥ |
| پێشەکی نووسەر | ٧ |
| **بەشی یەکەم** | |
| **دەردی یەکەم: خاوبوونەوە (الفتور)** | ٨ |
| واتای خاوبوونەوە | ٩ |
| هۆکارەکانی خاوبوونەوە | ٩ |
| شوێنەوارەکانی | ٢٧ |
| چارەسەرەکەی | ٣٠ |
| **دەردی دووەم: زیادەڕەوی کردن** | ٤١ |
| یەکەم: واتایی زیادەڕەوی کردن | ٤٢ |
| دووەم: هۆکارەکانی زیادەڕەوی کردن | ٤٢ |
| سێیەم: شوێنەوارەکانی زیادەڕەوی کردن | ٥٢ |
| **دەردی سێیەم: پەلەکردن** | ٦٣ |
| یەکەم: واتای پەلەکردن | ٦٤ |
| دووەم: تێڕوانینی ئیسلام بۆ پەلەکردن | ٦٥ |
| سێیەم: دەرکەوتەکانی پەلەکردن | ٦٧ |
| چوارەم: شوێنەوارەکانی پەلەکردن | ٦٧ |
| پێنجەم: هۆکارەکانی پەلەکردن | ٧٢ |
| شەشەم: ڕێگا چارەی پەلەکردن | ٨٨ |
| حەوتەم: دیاردەی پەلەکردن و پەیڕەو و بەرنامەی بزوتنەوەی ئیسلامی هاوچەرخ | ٩٢ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| هەشتەم: بانگخواز لە نێوان دیاردەی خاوبوونەوە و پەلەکردن | ٩٤ |
| **دەردی چوارەم: گۆشەگیری** | ٩٧ |
| یەکەم: واتای گۆشەگیری | ٩٨ |
| دووەم : هۆکارەکانی گۆشەگیری | ٩٩ |
| سێیەم: شوێنەوارەکانی گۆشەگیری | ١١٦ |
| چوارەم: ڕێگەری خۆپاراستن و ڕزگاربوون لە گۆشەگیری | ١٢٦ |
| **دەردی پێنجەم: بەخۆ سەرسام بوون** | ١٣١ |
| یەکەم : واتای بەخۆ سەرسام بوون | ١٣٢ |
| دووەم: هۆکارەکانی بەخۆ سەرسام بوون | ١٣٣ |
| سێیەم: شوێنەوارەکانی بەخۆ سەرسام بوون | ١٤٤ |
| چوارەم: ڕوخسارو دیاردەکانی بەخۆ سەرسام بوون | ١٤٩ |
| پێنجەم: ڕێگا چارەی بەخۆ سەرسام بوون | ١٥٠ |
| **دەردی شەشەم: لەخۆبایی بوون** | ١٥٧ |
| یەکەم: واتای لەخۆ بایی بوون | ١٥٦ |
| دووەم: هۆکارەکانی لەخۆبایی بوون | ١٥٧ |
| **دەردی حەوتەم: خۆبەزلزانین** | ١٧٧ |
| یەکەم: واتای خۆبەزلزانین | ١٧٨ |
| دووەم: جیاوازی نێوان خۆبەزلزانین (التكبر) و سەربەرزی (العزة) | ١٧٩ |
| سێیەم: هۆکارەکانی خۆبەزلزانین | ١٧٩ |
| چوارەم: دیاردەکانی خۆبەزلزانین | ١٨٨ |
| پێنجەم: شوێنەوارەکانی خۆبەلزانین چارەسەری خۆبەزلزانین | ١٩٠ |
| **بەشی دووەم** | |
| پێشەکی بەشی دووەم | ٢٠٠ |

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **دەردی هەشتەم: ڕووپامایی (ڕیابازی)** | ٢٠٣ |
| یەکەم: واتای ڕووپامایی | ٢٠٤ |
| دووەم: هۆکارو پاڵنەرەکانی | ٢٠٦ |
| سێیەم: نیشانەکانی ڕووپامایی و خۆنواندن | ٢١٠ |
| چوارەم: شوێنەوارەکانی ڕووپامایی و خۆنواندن | ٢١١ |
| پێنجەم: ڕێگەچارەی ڕووپامایی و خۆنواندن | ٢٢٢ |
| **دەردی نۆیەم: شوێنکەوتنی ئارەزوو** | ٢٢٥ |
| یەکەم: چەمکی شوێنکەوتنی ئارەزوو | ٢٢٦ |
| دووەم: حەقیقەتی شوێنکەوتنی ئارەزوو لە تەرازووی ئیسلامدا: | ٢٢٧ |
| سێیەم: هۆکارەکانی شوێنکەوتنی ئارەزوو | ٢٢٩ |
| چوارەم: جێکەوتەکانی شوێنکەوتنی ئارەزوو | ٢٣٧ |
| پێنجەم: ڕێگەچارەی شوێنکەوتنی ئارەزوو | ٢٤٣ |
| **دەردی دەیەم: هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پێشەوایەتی و پلە و پۆست** | ٢٤٧ |
| یەکەم: واتای هەوڵدان بۆ پێشەوایەتی و پلە و پایە | ٢٤٨ |
| دووەم: حەقیقەتی هەوڵدان بۆ پێشەوایەتی و داواکردنی پلە و پایە لە تەرازووی ئیسلامدا | ٢٤٩ |
| سێیەم: هۆکارەکانی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بەرپرسیارێتی و پۆست و پلە | ٢٥١ |
| چوارەم: شوێنەوارەکانی هەوڵدان بۆ پێشەوایەتی و پلە و پۆست | ٢٥٥ |
| پێنجەم: چارەسەری هەوڵدان بۆ پێشەوایەتی و پلە و پۆست | ٢٥٩ |
| **دەردی یازدەم: کورتبینی** | ٢٦٥ |
| یەکەم: واتای کورتبینی | ٢٦٦ |
| دووەم: هۆکارەکانی کورتبینی | ٢٦٧ |
| سێیەم: نیشانەکانی کورتبینی | ٢٧٢ |

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٢٧٤ | چوارەم: شوێنەوارەکانی کورتبینی شوێنەوارەکانی کورتبینی لەسەر کاری موسڵمانان |
| ٢٧٧ | پێنجەم: چارەسەری کورتبینی |
| ٢٨٥ | **دەردی دوازدەم: پـابـــەندنەبـــوون** |
| ٢٨٦ | یەکەم: واتای پابەندبوون |
| ٢٨٧ | دووەم: نیشانەکانی پابەندنەبوون |
| ٢٨٨ | سێیەم: هۆکارەکانی پابەند نەبوون |
| ٣٠٤ | چوارەم: شوێنەوارەکانی لاوازی یان نەمانی پابەندبوون |
| ٣٠٨ | پێنجەم: چارەسەری لاوازی یان نەمانی پابەندبوون |
| ٣١٥ | **دەردی سێزدەم: پشتڕاست نەکردنەوە** |
| ٣١٦ | یەکەم: واتای پشتڕاست نەکردنەوە |
| ٣١٩ | دووەم: هۆکارەکانی پشتڕاست نەکردنەوە |
| ٣٢٥ | سێیەم: نیشانەکانی پشتڕاست نەکردنەوە |
| ٣٢٦ | چوارەم: شوێنەوارەکانی پشتڕاست نەکردنەوە |
| ٣٣٢ | پێنجەم: چارەسەری پشتڕاست نەکردنەوە و لێنەکۆڵینەوە |
| ٣٤١ | **دەردی چواردەم: کەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ** |
| ٣٤٢ | یەکەم: واتای کەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ |
| ٣٤٣ | دووەم: هۆکارەکانی کەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژ |
| ٣٥٧ | سێیەم: شوێنەوارەکانی کەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو و ڕۆژدا |
| ٣٦٤ | چوارەم: چارەسەری کەمتەرخەم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شەو ڕۆژدا |
| ٣٣٧ | ناوەڕۆك |



بەرگ: بەرەکات قورتاس

کاروان
ARWAN
بۆ وەرگێڕان و چاپ و بڵاوکردنەوە

چاپی یەکەم
کوردستان - سوران